# سوخمە و سنجاخ

عەباس موحەممەدی

بەشی چووارەم

ئەم نووسینە لە گرتووخانەیەکی وڵاتی ئینگلیسدا نووسراوە.

ئـەم نووسینـە کتێب نیـە، دۆعا و نوشتـەیـەکە.

# بە ناوی ناوی گەورە

سپاس و ستایش بۆ پەروەردگارێک کە ئەستێرە و وشەی لە ئاسمان و زەوی بۆ لێدان و پێدان دامەزراند. بە ناوی ناوی مەزن توانیم کە بەشی چووارەمی نووسینەکانی گرتووخانەی وڵاتی ئینگلیس تەواو بکەم. بەشی چووارەم ئەم ناونیشانانە لە خۆی دەگرێت:

خاک و خوەرک

خاڵ لەسەر پێست

میزی ترس

نێرینە و مێیینە بوون لە نووسەر و نووسیندا

ڕەگ و شاخە

شیرین و فەرهاد

گوڵی گوڵەبەڕۆژە لە تەڕی و پڕیدا

حوشتر و بزن لە ژیانی ناوەوە و دەرەوەی لەشدا

دەست و وشە لە وەشاندندا

ڕێگە و گاڕێگە

نوورگیر

تەم لە لووتکە و دۆڵدا

هاوەکان و ڕێکان

ئاژە

مێخوسکە و کۆڵەکە بۆ بەستنەوە و ژەندن

بەرگن و نەوگن

کۆشکی پاشا لە سەردەمی قەیراندا

ئاوارە و سواڵکەر و کۆچەر لە چوون و ڕێگەدا

دەست و دەهۆ

کڵاو و جامانە و بۆین باخ لە سەروملدا

سامیەکان و سامریەکان

کۆشکنشینەکان و بەندنشینەکان

کەلاوەکان و کەلاکەکان

هەڵچوون و داچوون

ئەدەبی تاج و گۆچان

سوخمە و سنجاخ

زێڕ لە ملی ژن و دەستی دزدا

شێخ و ژن

# خاک و خوەرک

ڕۆژێکی بەهاری من و باوام و چەند پیاوی پیری تری خزممان لەسەر یاڵی کەژەکەی نزیک بە ئاوایی دانیشتبووین. تازەماڵی باوام و ماڵی خاڵەکانم چووبوونەوە بۆ دەشتی زەهاو. مامەکانم خەریکی دروست کردنی خانوو بوون. خانووەکان گەیشتبوونە دارەڕا[1]، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە داری دارەڕایان بۆ بێت. باوام بە گاڵۆکەکەی هەڵسا و منیش وەتەکی هەڵسام. لە کەژەکە چووینە خوارەوە و چووینەوە بۆ لای مامەکانم. باوام چووە ناو خانووەکە و سەیری بن دیوارەکەی کرد. گاڵۆکی دا بە بن دیوارەکە و وتی: سەیرکەن خوەرک لێی داوە!!.

منیش چووم و سەیرم کرد، جۆرە حەشەرەیەکی سەیر و سوور، کونی وردیان دروست کردبوو و وەک سەرباز لە سەربازگە بە کۆ و ڕێک و پێک بە دەستە دەستە و گلە گلە[2] هات و چۆیان دەکرد. سەرم دابەزاند و سەیرم کرد، قیزم کرد، پێم تێیان خست و گسکێکم هێنا و هەرهەموویانم لەسەر دیوارەکە پاک کردەوە. باوام وتی: ئەم خوەرکانە بە گسک ئەم دیوارە بەجێ ناهێڵن.

مامم وتی: ئەم دیوارە تازەیە، چۆن خوەرک لێی داوە، سەیرە!؟.

باوام بە بێ ئەوەی کە بیەوێت وەڵام و قسەیەکی ڕێک و بە مەبەست سەبارەت بە خوەرک بکات، وتی: خاکیش خوەرکی هەیە، دەبێت کە ڕووی ئەم دیوارە بە گەچ و سیمان بپۆشێنین.

منیش بە سەیر و پرسەوە وتم: ئەی بۆ ماڵەکانی شار کە دروست دەکرێن، خوەرک نایگرێت!؟.

باوام وتی: ئەگەر خانوو و بونیاد لە ئاو و خاکی خۆی بێت، ئەوە خوەرک بۆی ئەچێت. خانووەکانی شار شتی دەستکرد و مەسنەوی(مصنوعی) زۆر تێدا بە کار دەچێت.

---

[1] _ دارەڕا بە قۆناغێکی دروست کردنی خانوو لە ئاواییەکان ئێژن کە دیوار بەرز کراوەتەوە و ئامادە کراوە کە داری لەسەر دابنرێت و دوای دارەکان تەیمانی نەیجە و سرووت لەسەری دادەنرێت و بە قوڕ دادەپۆشرێت.

[٢] _ گلە گلە، دانە بە دانە، یەک بە یەک.

ئەو بیرەوەریە لە بیرم مایەوە، بەڵام هیچ هەوڵم نەدا بۆ ئەوەی کە بزانم خوەرک یان خوەرە چ پەیوەندیەکی بە خاکەوە هەیە؟.

ڕۆژێک سوتفە لەگەڵ کوڕێک بووە دەمە قسەم و بە تووڕەیی ماڵی ئەو کوڕەم بەجێهێشت. لە ڕێی گەڕانەوەی ماڵدا، هەست و خوێنم تێکەڵی یەکدی بوون، پێکەوە وەک با دەهاتنە سەرسەرم و پێکەوە دەچوونە خوارەوە. منیش خۆم و ئێسکی خۆمم دەخواردەوە. ئەو شەوە لەو ڕێ کردنە بیرم گەڕایەوە بۆ بەسەرهاتەکەی ڕۆژە بەهاریەکە و خوەرکەکان.

خاک و خوەرک، گوڵ و دڕک، گەنج و مار، کوڕی گەنج و زەوق، شێخ و شێت، پەیامهێنەر و شەیاتینی جنۆکە و مرۆڤ[3]، ئەم دووانانە بۆ من بووە قسە کە هەر ناوێک کە ویستی بڵند و بەرز بێتەوە، خوەرک یان ناوێک وەک خوەرک بە شێوەیەکی سروشتی بۆی دەچێت، بۆ ئەوەی کە بزانێت ئایا دەستێک لەسەر سەری هەیە کە خزمەتی بکات و بیپارێزێت یان نە!؟. بۆ نموونە ئەو کاتە کە من و ئیبراهیم لەو تەمەنە ڕوومان لە دونیا و زەوی کرد بۆ ئەوەی کە بناسین و بزانین، هەڵسان (قیام) و بەرزبوونەوە بوو. ئەو هەڵسانە لە دەروونی ئێمەوە بوو. کێشەکان و دەردەکان و گرفتەکانی ڕێگە، خوەرکەکانی ئەو هەڵسانە بوو. کەنیشک کە منداڵە کەس لۆمەی ناکات کە لە کۆڵان هات و چۆ و گەمە و پێکەنین دەکات، بەڵام کاتێک کە مەمکەکانی سینگی هەڵسا ئیتر دەبێت خۆی بپارێزێت، دەس و چاوی لێدەر وەک خوەرک زۆر لە دەوری دروست دەبێت، بۆ ئەوەی کە بیرمێنێت و بیڕووخێنێت.

## ژن و ژەندن

ژن چاوی وەک چاوی ئەسپ ببەستە، خۆی دەستی دەکاتەوە و بە ڕێدا دەچێت. چاوی ژن سەرچاوەی شەیدایی و پەریشانیە. ژن لە ئەوین و نەفرەت بەرز و نزمی و هەڵچوون و داچوونی فرەی هەیە. ژن گەر بیەوێت پیاوێک گەورە بکات و ڕێزداری بکات، دەتوانێت، گەر بیەوێت کە پیاوێک بڕمێنێت و هەڵبوەشێنێتەوە، وەک خوەرک دەیخواتەوە و وردە وردە شل و شی و شیتەڵی دەکاتەوە.

---

[3] _ و کذلک جعلنا لکل نبی عدوا شیطین الانس و الجن یوحی بعضهم الی بعض زخرف القول غرورا و لو شاء ربک ما فعلوه فذرهم و ما یفترون(الانعام ١١٢)

ژن هێز و وزەی زۆری هەیە بۆ ئەوەی کە بژەنێت و بکوتێت و بڕێسێت و بگرێتەوە و بگێڕێتەوە. ژەندن، وەک ژەندنی شیر. کوتان، وەک کوتانی گیاکان. ڕێسان، وەک ڕێسانی خوری. گرتنەوە، وەک گرتنەوەی بەروبۆمی مەڕومالاَت و گرتنەوەی پیاویەتی پیاو و گرتنەوەی هەویر. گێڕانەوە، وەک گێڕانەوەی ئەوەی کە نەیدیوە و ئەوەی کە دیویەتی. هیچ یەک لە ژەندن و کوتان و ڕێسین و گرتنەوە و گێڕانەوە، ژیر و بیری تێناچێت، بەڵکو دەست وە دەم لە پێگەی دەستدا، تێدا کار دەکات. دەست بۆ ژن وەک دەم بۆ پیاوە. ژن وەک هەویرە، دەبێت کە دەست بەسەریەوە بێت، ژن وەک شیرە دەبێت هەردەم بژەنرێت و بگیرێتەوە، ژن وەک خوریە و دەبێت کە بڕێسێت و کۆ بکرێتەوە و دەستی خاوەنی لەسەر بێت، بۆ ئەوەی کە شل و شی و شۆڕ نەبێتەوە و شوورەیی دروست نەکات.

## ژن و ژاک

وشەی ژاک لە ژنەوە نزیکە تا لە پیاوەوە. ژاک وەک ژاکدان، مەبەست کەسێکە کە زۆر ئێژێت و دەمی زۆر دەکاتەوە. ژاکدان و فرەبێژی ژن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سروشت توانای ئەوەی بە ژن بەخشیوە، بۆ ئەوەی کە بتوانێت وڕێنە و وڕاوەکانی منداڵ بناسێت و بتوانێت کە هاودەمی منداڵ بێت. دەمی ژن بۆ پیاو هیچی تێدا نیە، بەڵکو دەمی ژن بۆ منداڵ سەرچاوە و کانی بەخشندەیی و گرتنەوەی دەروونی ئەو منداڵەیە.

ژاکدانی ژن بۆ پیاو، جۆرێک خواردنەوە و دەروونخۆری پیاوە. زۆر پیاو هەیە کە بە هۆی ژاکە ژاک و دەروونخۆریەکانی ژنەوە ژیانیان هەرەسی هێناوە. پرسیار ئەوەیە کە بۆ دەمی ژن، ژاکی زۆر دەدات و دەروونی ژن زۆر خۆی دەخواتەوە **!؟**. ژن خاکێکی بەهێز و بە توانایە، هەرکات کە سینگ و لەشی بەرز و بڵند بووەوە، زەوینە و زەمینەی خوەرکی تێ دەکەوێت، ئیتر دەرد و خوێنی مانگانە و خەم و تەنیایی و دووری و بێکەسی، کانگە و ژینگەی زاییینی خوەرکەکانی ژنە.

## ژن و ژیر

گێڕانەوە و گرتنەوە و ڕێسان و ژەندن و کوتان، ژیری ناوێت، بەڵکو دەمێکی دەوێت کە لە پێگەی دەست بگێڕێتەوە و دەستێکی دەوێت کە بگرێتەوە و بڕێسێت و

بژەنێت و بکوتێت. ژن بوونێک نیە کە ژێرمەند و ژێروان بێت، بەڵکو هۆی هەست و هەسان و هەڵسانێکی بەهێز و بە توانایە. ئەو پیاوانەی کە تامی لەش و دەروونی ژنێکی جوان و گەورەیان کردبێت، بیر و ژیری بە توانایان لێ دەکەوێتەوە. ژن هەست و گڕە بۆ پیاو، هەسان و هەڵسان و دامرکانێکی لە ناکاوەیە کە هەڵچوون و داچوون بە پیاو دەبەخشێت. ژن زەمینەی ژیری تێدا نیە، مەگەر ئەوە کە لە لەشی بێتە دەرەوە و بیەوێت کە سروشت و دەروونی بگۆڕێت. هەبوونی کەسانی دوو جنسە یان نێرەمووک دەیەوێت کە ئەوە بگەیەنێت پیاو و ژن دوو بوونی جیا و جودا نین کە نەتوانرێت، پەیوەند بدرێت.

## ژن و زێڕ

ژن بیدە بە دەستیەوە پێی خۆشتر تا ئەوەی کە بیدەی بە گوێیدا. ژن بە لەشیەوە هەڵیواسێت، پێی خۆشترە تا ئەوەی کە بە دەروونیەوە هەڵیواسێت. ژن بە چاو و دەست دەژێت تا بە دڵیەوە. ژن بوونێکە کە دەبێت خاوەنی هەبێت و دەست یان قوشقانە لەسەر سەر و دەروونی بێت. بۆ ژنەکان دەچن بۆ لای شێخ و جادووگەر؟ لەبەر ئەوەی کە ترس و خواستەکانیان زۆر فرەیە و بە هەر کەسێک و پیاوێک نایەتە دی!.

ژن قورئان ناخوێنێتەوە، بەڵکو ئەوە قورئانە کە ژنی خوێندوەتەوە. ژن کتێب بۆ پاسەوانی و پارێزگاری لە خۆی بەکار دەبات، لە کاتێک کە پیاو کتێب بۆ چوون و کرانەوە بەکار دەبات و تەنیا بۆ پاسەوانی و پارێزگاری نیە.

زێڕ بە لەشی ژندا هەڵواسە و جوانی بکە، ئەوە ئەو ژنەت بەستووەتەوە. بەستنەوەیەکی زۆر سیحرینە. هەروەها قسە و وتە و وشە و ڕستە بۆ ژن، دۆعا و ناڵەی تێکەڵە. ژن هەست و هەناسە بە چیرۆک و گێڕانەوەی خۆی تێکەڵ دەکات. ژن قسە بۆ کردن و نەکردن یان ئەمر و نەهی دەکات. ژن بە بێ دۆست و دوژن ناتوانێت کە بژێت. ژن وەک خوری گوریسە، هەتا سەرەکەی گرێیەکی توند نەدەیت، تاڵەکانی خوری پێکەوە ناهەسێنەوە و پێکەوە ئارام ناگرن.

## خانەکانی خاک و شێرپەنجە

زەمینە و ژینگەی سەرەکی گەشە و کارا بوونی خانەکانی شێرپەنجە لە لەشەوەیە. گەر بێت و پرسیاری هۆکاری گەشەی زیادەی ئەو خانانە بکەین، ئەوە ئیتر باسی هۆکارەکان و ئەسباب دەکەین. من دەمەوێت کە بێژم خانەکانی شێرپەنجە لە لەش هەیە. خانەکانی شێرپەنجە لە دەرەوە نازێت و نایەت. هەروەها خوەرک بەشێکی خانەکانی خاکە. باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و کارا بوونی زیادی ئەو خوەرکانە یان خانانە باسێکی ترە.

هەروەک لەش و خاک کە خانەکان وەک خانەکانی شێرپەنجە و خوەرک گەشە دەکەن و بونیاد بۆ لاوازی دەبەن، هەروەها زمان وەک دەریایەکی پڕ لە ئاژەڵی دەریایی، کۆیەک وشەی تێدایە کە ڕادەی کارکردن و گەردش و بادانەوە و سووڕان و یەکدی خواردنیان تێدایە. دەستەیەک لە وشەکان و ناوەکان لە هەر زمانێک وەک خانەکانی شێرپەنجە و خوەرک، تەوانی ئەوەیان هەیە کە کۆی لەش و بونیاد تووشی لێدان بکەن. بۆ نموونە کاتێک کە فردەوسی کتێبی شاهنامەی نووسی، ئەو کاتە بوو کە خانەکانی زمانی فارسی بەرەو دەرد برد. قسە کردن و نووسینی فەرهاد پیربال، گەشەی ناڕاستی خوەرک و خانەکانی زمانی کوردیە.

## خاڵ لەسەر پێست

هەر مرۆڤێک چەند خاڵ و نیشانێک بە لەشیەوەیە. کەسانی کەم ئەزانن چەن خاڵیان پێوەیە؟. خاڵەکانی لەش نیشانە و ئاماژەی شاراوەی ژیانی ئەو مرۆڤەیە و خۆیشی حیسابی بۆ ناکات. هیچ مرۆڤێک ئەوە نازانێت کە خاڵەکانی لەشی چ بەها و دەورێکی هەیە؟ نازانن کە شوێن و شێوەی خاڵەکان چەندە کاریگەری لەسەر ژیان و گیانی هەیە!؟.

خاڵەکان مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دروستی ناکات، بەڵکو بۆی دروست دەکرێت و بۆی دادەنرێت. زۆربەی خاڵەکان وەک نوقتەیە و ورد و چکۆلەیە. لە ناو خەڵکی کورددا وشەی نیشانەی بۆ بەکار دەچێت. کەسێک کە وردە خاڵی ڕەشی چکۆلە لەسەر لەشی بێت، ئێژن نیشانەی زۆری پێوەیە. هەر دەورەیەک کە لە ژیانی مرۆڤ دەگوزەرێت، لە ناکاوە خاڵێک لەسەر لەشی دەردەکەوێت و خۆیشی هەستی

پێناکات کە ئەوە خاڵێکی نوێیە. لەبەر ئەوەی کە نیشان و خاڵی سەر پێستی لەشی بۆ گرنگ نیە.

هەر مرۆڤێک خاڵی دیار و نادیاری هەیە. ئەو خاڵانە یان لە خودی مرۆڤ دیارە یان نادیارە. بۆ کەسانی تر دیارە یان نادیارە. خاڵەکان ڕەشن!. هەر خاڵێک ئاماژە و نیشانەی مانا و بەهای زۆرە کە مرۆڤ ئاگای لێ نیە. هەر خاڵێکی چکۆلە دونیایەکی گەورەی لە پشتەوەیە.

بەشی چووارەمی نووسینەکانی گرتووخانە دەیەوێت کە بە شێوەیەکی وردتر و ڕوونتر ئاماژە بەو دەستە لە هزر و هەست و بیر و ژیرانەی دەروون بکات کە وەک خاڵ و نیشان لەسەر یەک پێستن، بەڵام کەس نازانێت کە ئەمانە چۆن پەیوەندیان پێکەوە هەیە. مرۆڤ لە زینەتی خاڵەکانی لەشی خۆی نازانێت، لە زینەت و کاری ئەستێرەکان نازانێت، لە زینەت و کاری وشەکان نازانێت. ئەم بەشە بە ناوی سوخمە و سنجاخ ئاماژە بە شاراوەکان و ئەو خەت و خاڵانە دەکات کە هەن بەڵام نابینرێن، یان دەبینرێن بەڵام بەها و دەوری نازانرێت، یان مانا و دەوری بۆ دادەنێن، بەڵام زۆر دوور و پەرتە لە ڕاستی و دروستی.

مرۆڤ هەموو خاڵەکانی سەر پێستی بە خۆی کۆ نابێت و نابینرێت. گەر بینرا ئەوە هیچ دەور و بەهای بۆ دانانێت. ئیتر ئەم مرۆڤە چۆن دەتوانێت کە خەت و خاڵەکانی دەروونی خۆی لێک و پێک بداتەوە!؟. ئایا ئەزانن کە بۆ نیشان و خاڵەکانی سەر پێست و ئاسمان وەک نوقتەیە!؟. بۆ خاڵەکانی پێستی مانگا گەورەیە!؟.

## میزی ترس

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای گەورە دەست و گیان پێ دەکەم.

### خەو و خاک

لە بیرم دێت کە جارێک لەسەر جێگەی خەوی حوجرە لە خەوێکی نیوەوناتەواو هەڵسام و ڕۆیشتم بۆ حەوشەکەی حوجرە. یەکێک لە فەقێکان بە منی وت: تۆ بۆ ئەوەندە دەخەوی!؟. حەزم لە ڕوومەتی پرسیارکەری ئەو فەقێیە نەکرد. بە گرژی و

تاڵیەکەوە وتم: دەخەم بۆ ئەوەی کە نەزانم کێم و لە کوێم!؟ دەخەوم بۆ ئەوەی کە ئارام بم، کە دەخەوم ئیتر من نیم، من مردووم!.

کاتێک کە لەم سەردەمە تاڵەی ژیانی ئینگلیس دەورەیەکی سەخت و نیگەرانم لەگەڵ نەخۆشی خەمۆکی بەسەر برد، خەوتن و پەنا بردن بۆ خەو زۆر لە کاتی منی بە خۆیەوە خەریک کرد. ئەمە نیشانەیەکی دیار و ڕوونی نەخۆشی و دەرد و برینێکی کۆنە کە وەک لەپاری[4] سەر پێست، ژیانی منی گرتووەتەوە.

ڕاڤە کردنی هۆکار و بنەڕەتی ئەم نەخۆشی و دەردە، من دەگەڕێنێتەوە بۆ دەورانی کەمپی ئاڵتاش، ئەو کاتە کە من نەمتوانی بە ئاسوودەیی بە دەمی بە خواردنی شیرەوە بخەوم. منداڵی کۆرپە دەبێت کە دەرفەت و کاتی خەوی ئارام و هێمن بێت. منداڵ کاتی زۆری سەرەتای ژیانی بە خەوەوە دەگوزەرێت. منداڵ وردە وردە چاوی بۆ دونیا دەکرێتەوە. بەڵام من زوو چاوم بۆ دونیا کرایەوە، نە خواردن وە نە خەوی باشم هەبوو. کاتێک کە منداڵ ئاوەها بە پەلە و بە خێرایی چاوی بۆ دونیا دەکرێتەوە، دواڕۆژ و دەرئەنجامی ئەو زایینە تایبەت دەبێت.

پەنا بردن بۆ خەو هۆکاری هەیە. ئاماژە بە هیلاکەتی لەش و دەروون دەکات. بە تایبەت پەنا بردنی من بۆ خەو لە دەورانی حوجرە و زانکۆ و ئاوارەیی، نیشانەی هەست و هزری شاراوەی دەروونیە.

خەو یانی کەوتن لەسەر خاکدا، کەوتنێک کە لەش و بوونی مرۆڤ شلی سەر خاک دەبێت. هەر ماوەیەک لە ژیانی بیر و گەڕانی لەش و دەروونم، بە هۆی ڕێگر و بەربەستێکەوە ڕێگەم لێ دەگیرا و دادەچووم و دەکەوتم و ماندوو و هیلاک گۆشەگیر دەبووم و خوسە و خەم و خەو و خەیاڵ منی دەگرتەوە. ئەو کاتە کە من لە چوون و خۆڕاگری و ڕەوەندەیی دەکەوتمە مەترسی و هەڕەشەوە، لە دڵەوە بە خۆمم دەوت کە ئاخر ئەمە ژیان و بوونە!؟ ئەم زایین و هاتنەی من و مرۆڤ چ بایەخی هەیە کە ئەوەندە منی هیلاک و خەمناک و خەمبار کردووە!؟. لە هەست و هەناومەوە ئاهی ئەوەم هەڵدەکێشا کە بۆ من هاتووم!؟. من حەز و ئاواتی مەرگم نەدەکرد، بەڵکو ئەوەم بۆ ئاخ و داخ بوو کە بۆ من هاتووم!؟ من تازە هاتووم، نامەوێت کە بمرم تا ئەوە کە کۆتاییەکی ڕاست و دروست بە ئەم دڵەڕاوکێیە دەهێنم.

---

4 _ لەپار، کاتێک کە مرۆڤ خواردنێک دەخوات و لێی نایەت و لەشی دەخاتە خوریان و شوێنە شوێنەی لەشی هەڵدەسێت و گل گل وەک نۆک و فاسۆلیا بە هۆی خوریان دەردەکەوێت، ئەوە پێی ئێژن لەپار.

## میز و زاور

جگە لەوەی کە خەو نیشانە و هێمایەکی هەردەم و بەردەمی ژیانی تاک و تەنیای من بووە، میزی لەشی من هەردەم گرفت و ترس و هات و نەهاتی پێوە بووە. میزی ترس، جۆرێکی میز کردنە کە مرۆڤ لە هەندێک کاتی ترس و پەلە و ڕاکردن و گوشار بە خۆیەوە بینیوە. زۆربەی مرۆڤەکان میزی ترسیان کردووە. میز پەیوەندی بە زاوری مرۆڤەوە هەیە. لە ئەدەبی کوردی بیستوومانە کە کەسێک هەرئەوەی مابوو زاوری بتەقێت. کەسانێک لە کاتی ترسدا بە بێ ئەوەی کە بتوانن خۆیان ڕاگرن، میزیان بە خۆیان کردووە. لە بڕێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەسێک کە بترسێت، ئێژێت زاورم ئەچێت، یان بە کەسێک کە ترسنۆک بێت، ئێژن زاورچووە. مرۆڤ کە کەوتە خاڵ و ویستگەی ترسی زۆرەوە، یان لەش و زاوری شل دەبێت و دەیکاتە خۆیدا، یان لەش و زاوری خۆی دەگرێتەوە.

لە دەورانی کەمپی ئاڵتاش نەخۆشیەک کە لە نێو منداڵەکان باو بوو، میز بەخۆدا کردن بوو. بۆ ماوەی چەند ساڵ من و زۆرێک منداڵی تر لەوە ڕەنجمان دەبرد. هۆکاری میز بەخۆدا کردنی منداڵ پەیوەند بە هۆکار و قسەی زۆرە، بەڵام ئەوەی کە من بمەوێت لەسەری باس بکەم، نائارامی و شڵەژاوی و جۆری خواردن و خەوی ناتەواوی کەمپ و ئاوارەیی بوو.

لە بیرمە کاتێک کە لە ئیدارەی ئیتلاعات منیان گرتبوو، چووم میز بکەم، ترسم زۆر بوو، هەرئەمە وای کرد کە بە ئاسان و بە خێرایی میز نەکەم، دەستم دەلەرزی و میز چۆڕکە چۆڕکە دەهاتە دەرەوە. لە دڵی خۆم وتم: بەشکە ئەمە لە ئاخر میزەکانی سەرزەوی من بێت، بەشکە من لە دونیا چەند میزی تر بکەم! ئەو قسانەی دەروونی منە، ترس و هەراسێکی فرەی لە پشتەوە بوو.

لە ئینگلیس و پاش ئەوەی کە نائارامیەکانی ژیانم بەردەوامی هەبوو، میز و میزە چۆڕکە و هات و نەهاتی میز لێم بووە بەڵا و هەر بۆ ئەوە زۆر سەردان و هات و چۆی دکتۆر و نەخۆشخانەم کردووە.

خەوی زۆر و چوون و خۆ شل کردن بۆ خاک، لەگەڵ میزی ترس یان جۆرەکانی تری میز کردن کە ئاماژە بە نەخۆشیە و پەیوەند بە زاورەوەیە، دەتوانێت کە ئاماژە بە پرسی ترس و لە مەترسی بوونی دەروونی لە ئەزموون و کارەساتێکی گەورە بێت.

من هەست بە ترس و نیگەرانی لەم دونیا دەکەم، هەست دەکەم کە مرۆڤ و زایین و ژیانی مرۆڤ شتانێکی زۆر گەورە و گرنگ لە خۆی دەگرێت.

کەسانێکم بینیوە کە نیشانەی وەک میز و خەوی کەم یان زۆر، یان دەستە نیشانەیەکی تریان هەبووە، ئەو جۆرە کەسانە کە نائارامی و پەژارەییان لە ژیانیان بە تایبەتی لە لەشیان هەبووە، ئاماژە بە شتانێک دەکات کە چاوی هەر زانایەکیش نایبینێت!. کەسانێک لە مرۆڤەکان هەردەم مندالّی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەهێنن، دەرد و سەختیەکانی مندالّیشیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن. ئەو جۆرە کەسانە وەک کانیەکن کە لە کەن و ئەشکەوت و تەنگانەیەکی ترسناک و لە ژێر سێبەری تاریک تەقاون، دەچن و بەرزی و نزمی زۆر دەبینن، بەڵام بە دنکە و دەگمەنیان دەگەڕێنەوە بۆ شوێن و سەرەتای لەژێر ترس و سێبەری خۆیان.

چەند نیشانەیەک هەردەم لەگەڵ مرۆڤە و ژیانی لەگەڵ دەکات، ئەو نیشانانە وەک خاڵەکانی سەر لەش هەرگیز قسە ناکەن و بەردەوام بوونیان هەیە. ژیرەکان و خاوەن تواناکان دەتوانن کە بیانناسن و گلێریان[5] بکەنەوە. ئەو نیشانانە کە لە سەرەتا و بەرەتای مرۆڤەوە هاوڕێی لەش و دەروونی مرۆڤ دەبێت، دەتوانێت کە بە ناوی خوای مەزن ئاماژە بە چۆنیەتی دوارۆژی ئەو مرۆڤە بکات. ئەو جۆرە کەسانە مرۆڤی ئاسایی نین و دوارۆژێکی نائاساییان هەیە. ئەو جۆرە کەسانە لەبەر ئەوەی کە ترس و لەرزیان هەیە و ئۆقرە و ئارامیان نیە، لەش و شێوەی گەشەی دەروونی و لەشیان ئاسایی نیە، نەخۆشی و لێقەومان و مەرگ و گرژی زۆر ڕوو لە ژیانیان دەکات. ئەو جۆرە کەسانە یان گەورە دەبن یان دەئاوسێن، یان لە دەروونی خۆیان و بەسەر دەروونی خۆیان دادەمرکێنەوە، یان دەتەقنەوە بەسەر ئەوەکانی تردا!.

بۆ نموونە کەسێکی وەک سادقی هیدایەت کەسێک بووە کە هەر لە بەرەتاوە ڕۆژنامە دیواری بە ناونیشانی دەنگی مردووەکان دەردەکات. هەروەها نەخۆشی چاو و خەمۆکی بەردەوام و دوورەپەرێزی سادق، لە نیشانەکانی دەروونێکە کە هەردەم خواستی خاک و مەرگی هەیە. ئەم نیشانانە خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە گەشە و گەرای بەرەتای سادق ئاسایی نەبووە. سادق پاش ئەوەی کە گەورە دەبێت و دەرفەت بە دەست دەهێنێت، زۆر بیر لە زایین و هۆکاری زایین و هاتنی بۆ ئەم

[5] _ گلێر کردن، کۆ کردن، خڕ کردنەوە. لە زمانی کوردی وشەیەکی ترمان هەیە، گلارە، بۆ نموونە ژنێک بە منالّەکەی ئووشوویت: گلارەی چاوەگەم. ئەم وشەیە لە ناوچەکانی کەلهوڕی بێژ بەکار دەچێت. گلێر و گلارە ئاماژە بە خڕی دەکەن، گلارە بۆ چاو و گلێر بۆ کۆ کردن و خڕکردنی شت بەکار دەچێت.

دونیا دەکاتەوە. خۆکوژی سادق نیشانەی ئەوەیە کە سادق نەیتوانیوە کە بە دەرئەنجام و ناسینی هۆکارەکانی زایینی بگات. نەک تەنیا مانای ئەوەیە کە نەیتوانیوە بە ناسینی هۆکارەکان بگات، بەڵکو ئاماژە بەوەیە کە نائومێد بووە لەوە کە هۆکار و ناسینێک بە دەست بهێنێت. کاتێک کە سادق پەنا بۆ مەی و عومەری خەیام و دەرمان و دووکەڵ دەبات، نیشانەی ئەوەیە کە لەشی خۆی بووە بە قوڕێک و تێدا چەقیوە!!.

سادق لە دەستنووسەکانی باسی زایین و بەهای خۆی دەکات، تێکەڵێک قسە دەنووسێت، باسی ئەستێرە ناسەکان و لێکدانەکانی ئەوان دەکات، سقەیان پێ ناکات، باسی خۆی دەکات کە هەردەم وەک کەسێکی ون و نامۆ بووە. ئەمانە ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە سادق ڕەنج و دەردی لە نەزانی هۆکاری زایینی خۆی بردووە، تا ئەوەی کە لە کۆتاییدا لە پاریس خۆی دەکوژێت.

سادق لە ناوەوە بەسەر دەروونی خۆیدا دامرکا و خۆی بەسەر خۆیدا تاساندەوە. لە نووسینی ( بوف کور) باسی خوەرک دەکات، ئاماژە بەوەیە کە سادق زۆر خۆی و ئەوانی تر دەخواتەوە. ژن نەهێنانی سادق نیشانەیەکی ترە لە خۆخواردن و تەقانەوە بەسەر لەشی خۆدا.

بە پێچەوانەوە فردریک نیچە خۆی تەقاند بەسەر ئەوەکانی تردا. نیچە زۆر کەیفی بە ژن دەهات و ڕایدەبوارد. خوێنەرێکی نێر کە کەیفی بە نووسینەکانی نیچە بێت و خاوەن دەروون بێت، بەرەو لای ڕەگەزی مێ دەچێت و هەردەم هەوڵی ئەوە دەدات کە نێر بوون و زاڵیەتی خۆی دەرببڕێت، بەرگری لە نێربوونی خۆی دەکات. بەڵام کەسانێک کە سادق بخوێنن خۆیان بەسەر خۆیان دادەمرکێن و هەستێکی لە خۆدان لە دەروونیان دروست دەکات.

خۆکوژی وەک خۆسووتاندنی ژن، مان گرتنی زیندانی، دەست لە خواردن هەڵگرتنەکانی گاندی، تۆرانی ژن، قین و پیق کردنی منداڵ، ئەمانە لێدان و لە خۆدانە. لەسەردەمی منداڵی جاری وا هەبووە کە خواردنم نەدەخوارد، بەس لەبەر ئەوەی کە دایک و باوکم گرنگی بە خواستی من بدەن. یان زۆرجار ژنێک بە هۆی کێشەیەکی خێزانیەوە تووشی نەخۆشی دەبێت. مانەوە و تێمان و ڕامانەوە وا دەکات کە مرۆڤ هەستی لەخۆدان و خۆئازاری لە لایدا دروست بێت. خۆکوژی بۆ کەسانێک ئازارێکی بە چێژە، لە خۆدانێکە کە مرۆڤ تێدا دونیا و سروشت و خوا

بێبەها دەکات. کاتێک کە سادق ژن ناهێنێت، دژایەتی و تۆران و تووڕەیی لە سروشت و یاسا و ڕێساکانی ئەم بوونەیە. لە جیاتی ئەوەی کە وەک نیچە خەریکی باوەشی ژن بێت، لە باوەشی ژن کە خۆشی دونیایە دووری دەکات. خوێنەرانی سادق بۆی هەیە کە هەستی مێینە بوون و ئاندرۆجین یان دیۆزئوسیان تێدا گەشە بکات. مەبەستم ئەوەیە کە لە جیاتی ئەوەی بە گورزی دەستی خۆیان شەڕ بکەن، پێیان خۆشە کە ئازاری گورزی دەستی ئەوانی تر بچێژن!.

ناوەکان یان وەک نیچە دەتەقنەوە بەسەر نەوەکاندا، یان وەک سادق لە خۆیان دادەمرکێن و کوژانەوەیەکی بەپەلە و پەتی دروست دەکەن. لە ڕاستیدا سادق و نیچە نموونەی باشن بۆ باسی هەڵچوون و داچوون، خوێنەری خۆیان تووشی هەڵچوون و داچوون دەکەن.

ناسین و گرنگیدان بە نیشانەکان و خاڵە وردەکانی ژیان، وەک خاڵەکانی سەر پێست، زۆر لەیەکدی دوور و دیار و نادیارە و کەم کەس دەتوانێت کە بەها و دەوری بناسێت و بەهەند وەریبگرێت و ڕەهەندی لێ دروست بکات.

## نێرینە و مێیینە بوون لە نووسەر و نووسیندا

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نووسەری تەوانا ئەوەیە کە ئاگاداری نێرینە و مێیینە بوونی نووسین بێت. یەکەم وشەکان کە لەگەڵ نێرینە و مێیینە بوونی نووسین و نووسەر دروست دەبێت، باسی بێشکە و باوەش و پشت و لاواندن و ڕاگری و ڕاچەڵەکاندنی خوێنەر و بیسەر یان پێدراو و وەرگرە.

کتێبە گەورەکان هەردەم دەبێت بە دەستەوە بێت و بە دەمەوە بەخششی خۆی بکات. بەو مانا کە نابێت کتێب هەروەها بە بێ خاوەن بە دەستی خوێنەرەوە بگات و بدرێت. کتێبە گەورەکانی وەک قورئان و ئینجیل و دەستە کتێبێکی تری بەهادار لە نێو مرۆڤ هەردەم و بەردەوام بە هاوکاری دەستە وەرگێڕ و شیکار و کەسانێک کە کاری کردنەوەی وشەکان و ڕستەکان دەکەن، بە خوێنەری خۆی دەگات.

نووسەرەکان و نووسینەکان چەند دەستەن، دەستەیەک نووسەر بە هەستی نێرینەوە، ژینگەیەکی نێرینە بۆ خوێنەری خۆیان دروست دەکەن. کار کردن لەگەڵ

ئەو جۆرە نووسینانە و کردنەوە و خوێندنیان کاری هەرکەسێک نیە. کەسێک کە خۆی لەو نووسینانە دەدات، دەبێت کە پشتی قورس و دنگەکانی سینگی قایم بێت. بە مانای ئەوە کە سەبری هەبێت و خۆڕاگر بێت. هەر کتێبێک کە پێویستی بە بکەرەوە و شیکار و ڕاڤەکەر بێت، ئەوە لە جۆری نێرەکانە. بۆ نموونە کتێبی قورئان کتێبێکی نێرینەیە. چۆن؟ کەسێک کە قورئان دەخوێنێت، دەبێت لەشی پاک بێت و دەستنوێژی هەبێت و سەروچاوی لە خەو نەبێت و بە شێوەیەکی بە ئەدەبەوە دانیشتبێت. کەسێک کە بە لادا کەوتووە و دەستی لە بناگون و بناگوێی دانیاوە، بۆی نیە کە قورئان تەلاوەت بکات.

دەستەیەک لە نووسەرەکان و قسەکەرەکان و نووسینەکان بە پێچەوانەوە هەست و ژینگەیەکی ژنانە و بێشکەیان هەیە. لە بیرمە کاتێک کە منداڵ بووم، من و دەستە منداڵێکی تر لە دەوری داپیرم دادەنیشتین و سەرمان لەسەر چۆک و داوێنی دادەنیا و ئەویش شیعر و چیرۆکی بۆ ئێمە دەوت. ئێمە سەروچاومان نیوە خەو دەبوو. زۆرجار بە دەمی وتنی ئەو چیرۆکانەوە خەومان لێ دەکەوت. لە ژیانی خەڵکی ڕۆژئاوا دەستە کتێب و نووسینێک لە گەردش و سووڕانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەور و کارایی هەیە، وەک  وێنەی ئەو کەسانەی کە لە کەناری دەریاکان یان لە پارکەیان یان لە قیتارەکان و سەفەرەکان و جێگەی خەوەکانیان چیرۆک و کتێب دەخوێننەوە. ئەو جۆرە خوێندنانە جۆری مێیینە و بێشکە و لاوێنگەیە تا ئەو کاتەی کە خوێنەر خەو دەیباتەوە. زۆربەری نووسەرانی فارسی و فەرەنسی لە جۆری ژنانەن و ژینگەی نووسین دەکەنە باوەش و داوێن و بێشکە. دەستەیەکی کتێبە لاوێنەرەکان بەس بۆ سەرگەرمیە، وەک کەسێک لە قیتارێک تا دەگاتە شوێنی مەبەستی خەریکی خوێندنی کتێبێک دەبێت. دەستەیەکی تری نووسینەکان وەک شیری دایکی منداڵە کە لە باوەشی بە منداڵی خۆی دەیبەخشێت. ئەو دایکە یان نووسەرە شیر و چیرۆک بە دەم و مەمک بە منداڵی خۆی دەبەخشێت. ئەو کاتە کە چیرۆک و شیری پێ دەبەخشێت منداڵ بۆ خەو دەچێت، بەڵام بە شێوەیەکی ناخودئاگاە ئەو شیر و چیرۆکە کاریگەری لە گەشە و گەرای دەروونی ئەو منداڵە دەکات.

دەستەیەکی تر لە دانەران و نووسەران و نووسینەکان هەردوو تایبەتمەندی نێرینە و مێیینەی بۆ خوێنەر تێدایە. بۆ نموونە قورئان چیرۆکی یوسف باس دەکات.

بەشێکی هەرە زۆری قورئان بە چیرۆک و نموونە و وێنە دروست بووە. ئەو چیرۆک و نموونە و وێنانە بە تەواوی ژینگە و داوێن دروست کردن بۆ خوێنەرە. لە قورئان ئاماژەش بەوە دەکات کە بە مەبەست ئەو شێوەمان بۆ مرۆڤ هەڵبژاردووە. لە لایەکی ترەوە و لە زۆر شوێنی تری قورئان دەستە پیت و وشە و ڕستەیەکی تێدایە کە بەس خوا ئەزانێت کە مەبەست و مانا لەو ئایەت و وشە و پیتانە چیە!؟.

کاتێک کە لەم گرتووخانەیە دەست و هەستم بۆ نووسین کردەوە، ئەوەم زانی کە دەبێت ڕەچاوی هەردوو نێرینە و مێیینە بوونی نووسینەکانم بکەم. هەردوو جۆری جیاوازی نێرینە و مێیینەی نووسین پێویستی بەوە هەیە کە ئەو نووسەرە یان قسەکەرە، هەست و نەستی نێر و مێ لە گیانی بێت. بۆ نموونە وەک ژن سەبر و لێبووردنی هەبێت، تا سەر خەو بیبات، وە جاربەجار لە ناکاوە چنگووری لێ بگرێت، وە لە لایەکی ترەوە وەک نێر و پیاوێک، قسەکان و هەستەکانی بە پێوە و بە شێوەیەکی وەرزوا ببەخشێت.

لە درێژی ئەم ماوەیە و ئەو کاتانەی کە شەو و ڕۆژ خەریک بە نووسین و کردنەوە بووم، زۆر وێنە و هەستی جۆراوجۆرم هەبووە. گەر دەکرێت ئێوە لە دەروونتان وێنەی ئەو کەسانە بکێشن کە لە خوارەوە باسیان دەکەم:

## لە شۆڕشگێڕێک تا شێخێک:

ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ لەوپەڕی هەست و هەناسەی گەرەمەوە بە پێوە و بە تووڕەیی و شەوقی شەڕەوە شۆڕشیەکان و سەربازەکان و گەنجەکان بۆ گۆڕەپانی شەڕ و لێدان ئامادە دەکات. بە شێوەیەکی بە تین و گڕەوە دەست و دەم و چاوی دەسووڕێنێت و دەنگی بەرز و نزم دەکات.

بە پێچەوانەوە شێخێکی پیر و نەرم و نیان پاش ئەوەی کە ساڵەها لە تەکیە و خانەقا، تەنیا و گۆشەگیر، خەڵوەت و هەناسەی کێشاوە، لە کۆڕی بێدەنگی دەروێشەکانی دانیشتووە و بە نەرمی و وردی قسە دەکات. ئەو شێخە لە کاتی قسە کردن، هەناسەی سارد زۆر هەڵدەکێشێت و ملی زۆر بە یەواشی دەسووڕێنێت و گت و مانەوە زۆر لە دەم و قسەی دەبێت. ئەوەندە ئەو ماڵ و تەکیە بێدەنگە وا دەکات کە دەنگی پەلەوەرەکانی نێو داری حەوشەکە لەگەڵ وتە نەرمەکانی شێخ تێکەڵ بێت و ببیسرێت.

## لە کەنیشکێک تا پیرەژنێک:

کچێکی گەنج و جوان هیچ قسەی بۆ وتن نیە جگەوە لەوە نەبێت کە لەش و لاریەکی جوانی پێوەیە. ئەو کچە حەز لە نواندن و دەرخستنی لەشی دەکات و دەمی دەبەستێت. ئەو کەنیشکە حەزی لە دانیشتن نیە و پێی خۆشە کە سەما بکات و بگەرێت و سەیر بکرێت.

بە پێچەوانەوە پیرەژنێک کە تەمەنی ساڵ و ڕۆژگاری پیر کردووە، حەزی لێیە کە دانیشێت و قسە بکات و باس و خواسی ئەم و ئەو و کەسانی دەوروبەری بکات. پیرەژن، دەمە و هیچی لە لەش پێوە نەماوە کە دەریبخات. بۆیە مێخەک بە سوخمەی دەبەستێت بۆ ئەوەی کە بۆنی دەم و ڕوومەت و دانیشتن خۆش بکات. پیرەژن ورد و نەرم باسی زۆر شت دەکات. هەرچۆن کە پیرەژن دەست و دەمی ئەوەی هەیە کە خوری کۆن و نوێ تێکەڵ بکات و بیگرێتەوە و گلۆڵەی بکات، هەروەها پیرەژن تەوان و شارەزایی ئەوەی هەیە کە باس و خواسی کۆن و نوێ بگرێتەوە و تێکەڵی بکات و تازە و ئامادەی بنوێنێت.

## کەسێک لە مزگەوت و زیندان دان بە گوناە و تاوانەکانی دەنێت:

کەسێک گوناهی زۆر کردووە، دەچێت بۆ مزگەوت و لە پێش خوا دان بە گوناهەکانی دەنێت و دەگری و دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ببەخشرێت. ئەو کەسە لە کاتی قسە کردن وێنەی کاتی گوناە و گریان و گت و شەرم و لێبووردن لە دەروون و ڕوومەتی یەک دەگرێت و تێکەڵ دەبێت. ئەو کەسە دەبێت دیسان وێنەکانی گوناهەکەی لە سەرودڵی بکێشێتەوە و بیڵێتەوە.

لە لایەکی ترەوە کەسێک تاوانی کردووە و لە زیندان گیراوە و لە پێش لێکۆڵەرێک دان بە تاوانەکانی دەنێت. ناچارە بۆ ئەوەی کە یارمەتی لێکۆڵەر بدات، باسی وردەکاریەکانی تاوانەکە بکات و وێنە بکێشێت. دەبێت خۆی لە درۆ و شاردنەوە دوور بکات، ئەگەرنە لەئەنجامدا تووشی سزای گەورەتر دەبێت. ئەو کەسە بە نەرمی قسە دەکات، هەندێک شت دەشارێتەوە و باسی هەندێک لایەن دەکات، تووڕە دەبێت، دەگری و سەرکێشی دەکات. ئەو کەسە لە کاتی لێکۆڵینەوە بۆی هەیە هەر هەست و نەستێکی هەبێت کە تێکەڵ بە داچوون و هەڵچوون بێت.

## لە نەخۆشێک تا دکتۆرێک

کەسێک کە نەخۆشی دەروونی هەیە دەچێت بۆ لای دکتۆری دەروونی و باسی کێشەی خۆی دەکات. ناچارە کە سقە بە دکتۆر بکات و سەرجەم هەست و نەستەکانی دەروونی ژیانی بۆ دکتۆر باس بکات. دکتۆر بێدەنگ دەبێت و گوێ دەگرێت. کات بە نەخۆش دەدات و سەبری پێوە دەکات و لە سەرجەم قسەکان و هەستەکانی ورد دەبێت و جار بە جار پرسیاری کورتی لێ دەکات. دکتۆر خۆی سفت و ئامادە کردووە کە ڕەگ و ڕیشەی نەخۆشی بزانێت و یارمەتی بدات. دکتۆر خۆی بە بەرپرس دەزانێت. بە پێچەوانەوە نەخۆش خۆی شل کردووە و بە بێ هیچ شەرمێک دڵ و دەروونی خۆی دەکاتەوە. نەخۆش لە کاتی قسەکانی بۆی هەیە بیر و خەیاڵ بیبات و بگری و هەست بە گرژی و دەرد لە ڕوومەتی دیار بێت. بۆی هەیە کە نەخۆش لەبەر گوشار و تێکەڵی دەروونی لە شوێنی خۆی هەڵسێت و ڕێ بکات و بوەستێت و قسە بکات.

## لە تازەنووسەرێک تا پیرەنووسەرێک

نووسەرێکی تازەکار هەوڵ دەدات کە تەوانایی و لێهاتوویی بۆ نووسین بە دەست بهێنێت. هەر بۆ ئەمەش لە هەست و شێوەکانی نووسەرەکانی ترەوە دەست پێ دەکات و لەسەر کوان و خوانی ئەوەکانی تر هەست و قسە دروست دەکات. ئەم تازە نووسەرە ڕووبەڕووی کێشە سەرەتاییەکان وەک هەڵەی نووسیاری، وە کێشە بنەڕەتیەکان وەک شێوە یان ستایلی نووسین دەبێتەوە. لە بارهێنان و ڕاهێنانی خۆیەوە بۆ داهێنان دەچێت.

لە بەرانبەرەوە پیرەنووسەرێک پاش ئەوەی کە تەمەنێکی زۆری بە نووسین و لە خۆبوون بەسەر بردووە، هەوڵ دەدات کە قسەکان و وتەکانی کورت و پوخت و مانادار بێت. ئەم پیرنووسەرە ئەزموون و دەورەی زۆری بەدەست هێناوە و ئەزانێت کە جەوهەری پێنووسەکەی چ بەهایەکی هەیە!؟. ئەزانێت چۆن پوو بە وشەکاندا بکات و چۆن بیڕازێنێتەوە.

لە درێژی ئەم ماوەیە کە لەم زیندانە بووم هەریەک لەو ناوانە لە دەروونی من هەبووە، جارێک وەک شۆڕشگێڕێک بە پێوە و نائارام قسەم کردووە و جارێکی تر وەک شێخێک کە لە تەکیەیە و پشتی بە دیواری تەکیەکەی داوە، وە جارێک وەک

کەنیشکێک بەس ئەوەی کە بینیومە گێڕاومەتەوە، وە جاری واش وەک پیرەژن کۆن و نوێم تیکەڵ کردووە، وە جاری واش وەک کەسێک کە دان بە تاوانی دەنێت، وە جاری واش وەک نەخۆشێک بووم، جاری وا وەک تازەنووسەرێک هەست و هەناسەی ئەوەکانی تر و خۆمم تێکەڵ کردووە، وە جاری واش وەک پیرەنووسەرێک هەست و هەناسەی قورس و خەسم بە وشەکاندا دەمیوە. هەمواری و ناهەمواری، پەستی و بڵندی، هەڵچوون و داچوون، وە گەلێکی تری هەستی جۆرواجۆر لە دەروونم هەیە کە لە باس و وتن نیە. ئەو هەست و نەستانە سەر سەرودڵی من دەگرن و هەرتاوێک یەکێکیان خاوەنداری پێنووس و لاپەڕەکان دەکات.

من لەم نووسینە زۆرجار قسە و هەستێکی خۆمم لە ڕستەیەک کردووە، کە خوێنەر بە بیر کردن و هەوڵی کردنەوەش تەوانی ئەوەی نیە کە مانا و هەستی پشت ئەو ڕستەیە بکاتەوە. وەک مریشکێک کە لە خاوەنی تووڕەیە، هێلکە لە شوێنێک دەکات کە دەستی خاوەنی پێی ناگات. لە کۆتایی ئەو هێلکە سەگ دەیخوات. هەروەها منیش بە هەست و نەست و هەڵچوون و داچوون و بەرز و نزمی دەروونم نووسیومە و لاپەڕەکانم پڕ کردووە. هەندێک پاراگرافی ئەم نووسینە بە تووڕەیی و پەلە و بێزاری و قیزەوە نووسراوە. وەک لافاوێک بەس کوێر دەکاتەوە، هەروەها ئەگەر خوێنەر مەلێش باش بزانێت، ناتوانێت کە لە بێزاری و لافاوی لاپەڕەکان دەرچێت. هەرچۆن مەلەوان لە لافاو دەرناچێت، هەروەها خوێنەر لە هەندێک لاپەڕە کە بە ڕقەوە نووسیوومە دەرناچێت. لەبەر ئەوەی کە بۆ تێگەیشتن و لێگەیشتن نیە و نابێت!.

خۆشەویستی و ئومێدم بە نەوەکانی کورد وای کرد کە هزر و هەستی نێر و مێ بە وردی و ژیری تێکەڵ بکەم. ئەگەرنە بە هیچ شێوەیەک خۆم و سەروچاوم بۆ نەوەکانی کورد ماندووە نەدەکرد. ئەو کەسەی کە نایەوێت سەیری ئاسمان بکات و سقە بە ئەستێرەکان ناکات، دەبێت پێی خۆی لە مەترسی ڕێگەکان و گاڕێگەکان بخات. کەر بۆ کوێستان نیە، هەروەها خوێنەر بە یەک دەستە هەستی بنەماڵەیی و خۆماڵی و دەرماڵی هاوڕێی ئێمە نەبێت باشە. گەر هەنگاو لەگەڵ من دەنێت وریا بە و بزانە کە من شێخم یان شێت، نەخۆشم یان دکتۆر، کۆنەپەرەستم یان شۆڕشگێڕ، کەنیشکم یان پیرەژن، تاوانبارم یان گوناهکار، تازەنووسەرم یان پیرەنووسەر، یان هەر پێگە و دەورێکی تر کە لە بەشەکانی تری ئەم نووسینە و

ئەم نووسینە دەور و ڕۆڵم گێڕاوە. ئەو پێگە و ناوانە بەس نموونە بوون بۆ ئەوەی کە بگەیەنم هەر پێگە و ناوێک هەست و گەردشی هەست و هەناسەی تایبەتی خۆی هەیە. ویستم بڵێم کە ئێمەش لەم نووسینە کۆیەک هەست و نەست و هەناسەی دژ و دۆست و یار و نەیار و دیار و نادیار... تێکەڵ دەکەین. ئیتر ئەوە خوێنەرە کە دەبێت بۆ خۆی بگرێتەوە و ڕاو و داوی بکات.

# ڕەگ و شاخە

## لەسەر ڕەگ و ڕیشە

ئایا ئێوە ئەو دارەتان بینیوە کە لە کەمەری کەژێک بە خواری و لاری خۆی ڕاگرتووە و ڕەگ و ڕیشەکەشی بەدەرکەوتووە !؟.

ڕۆژێک چێوێکم بە دەستەوە بوو و هەرلەبەر خۆمەوە چێوەکەم دەگرتە زەوی و لە بن کۆمەڵێک دار ڕێم دەکرد. هەوا خۆش بوو و شنەی با و دەنگی پەلەوەرەکان ئاسوودەییان دەبەخشی. تیشکی خۆریش لە لابەلای گەڵای دارەکان خۆی دەردەخست و ون دەبوو. سێبەر و با و خۆر و گەڵا و دڵی منداڵی من لەگەڵ یەکدی وەک دۆست و هاوڕێی بێدەنگ بوون.

دارێکی چەماوم دۆزیەوە و زۆر بە ئاسانی دەمتوانی کە بڕۆمەسەری و شوێنانی لێوە ببینم، دارەکە لار و خوار گەشەی کردبوو. لەسەر دارەکە دانیشتم و سەیری چەم و ڕێگە و خەڵوەتی ڕێگەم کرد. ئیتر پاش ماوەیەک ئەو دارە خوارە بۆ من بووە شوێنێک بۆ دانیشتن و بیر کردن و مانەوە لەگەڵ سروشت و خۆمدا.

جاربەجار کە لەگەڵ دۆست و هاوڕێیەک دەبووم، ئەو هاوڕێیەم دەبرد بۆ لای دارەکە و بۆ خۆمان کاتمان دەبردەسەر. خێگە و مۆڵگە و پێگەیەکی لاوێنەر و ئارامکەری هەستەکان و هەناسەکانی من بوو.

پاش ئەوەی ساڵ و گوزەی کات منی برد بۆ شاری ڕوانسەر، ئیتر لە دارەکە دوور کەوتم، بەڵام هەر لە بیر و هەستم مابووەوە. جاربەجار کە سەردانی ماڵی خۆمانم دەکرد، دەچوومەوە بۆ لای دارەکە و یاد و بیری جارانم زیندوو دەکردەوە. دارەکە

گەورەتر و قایمتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک خۆی لار و خوار مابووەوە. ئەو لاری و خواریەش ببووە هۆی ئەوە کە سێبەر و ژینگە بۆ منداڵان و ڕێبواران خۆش بکات.

لە دەورانی ژیانی هەولێر بۆ سەردان دەگەڕامەوە بۆ کرماشان و دەچوومەوە بۆ لای دارەکە، هەستم بۆ ئەو دارە وەک کەسێکی خۆم بوو. لە بیرمە جارێک باوەشم پێدا کرد و گریام. وتم: بۆ قسە ناکەیت!؟. بێوەڵامی منی لە وەڵام نزیک کردەوە. بە خۆم وت: ئاخر ئەبێت مرۆڤ پرسیارێک بکات و وەڵامی بۆ نەبێت!!؟. مەبەستم ئەوە بوو کە دەبێت دارەکە قسە بکات.

لە دارەکە دوور کەوتم و لە دوورەوە سەیرم کرد. سەیری باڵای دارەکەم کرد. چی وای کردووە کە ئەم دارە ئاوەها بەو لاریە نەڕمێت و بمێنێتەوە!؟. ڕەگ و ڕیشەی دارەکە!.

کە ئەو قسەمە کرد، یەکسەر وەک کانیەک تەقا و ئاماژەی بەوە کرد کە قسە و بەر و خۆشی پێوەیە. ئەو قسە منی برد بۆ ئەوەی کە وەڵامی زۆر پرس و ترسی خۆمی پێ بدەمەوە. ئەو قسە یەخەی ئەو پرسیارەی منی دەگرتەوە کە ماوەیەک پێشتر لە خۆمم کردبوو. ماوەیەک پێشتر لە خۆمم پرسیار کرد: بۆ هەر لادان و خواری و لاری و تاوان و فتنە و چوون و بەرەڵاییەک من دەگرێت، یەکسەر دەگەڕێمەوە بۆ سەر قورئان!؟. من گوناهم کردووە، تاوانم کردووە، لە بیر و هەست و خەیاڵ بە خواستی خۆم چووم و زۆر کێشە و فتنە و ترس و پرسی دروست کردووە، هەرچیم کە دەکرد، یەکەسەر دەگەڕامەوە بۆسەر قورئان!.

ڕەگ و ڕیشەی دەروونی من لەسەر قورئان دامەزراوە، بۆیە هەرچی دەکەم یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ قورئان. من و ژیانی من هەرچی لاری و خواری و گرژی و ناڕێکی و ترس و پرس و هەراسی تێدا هەبێت بۆ خۆم و ئەوانی تر، ئەوە لەسەر ڕیشەیەک دامەزراوە و ئەو ڕیشە وادەکات کە نەڕمێت و لەهەر دۆخێک ڕایدەگرێت.

لە دەورانی منداڵی ڕەگ و ڕیشە و شێوەی گەشەی دارەکەم بۆ گرنگ نەبوو. چاو و دەروونم ئەوەی نەدەبینی، بەڵام پاش ئەو ساڵانە چاو و دەروونم ئەوەی بۆ کرایەوە کە پرسیار بکەم بۆ دارەکە بە خواری و لاریەوە هێشتا قورس و قایمە و خۆڕاگرە؟. لە لاتە بەڵام نە دەیبینی وە نە پرسیاری لێ دەکەیت!؟. زۆرجار کەوتوومە بارودۆخێکەوە وا هەستم دەکرد کە من ئیتر لە وشەکان و نووسین و بیرکردنەوە

دوور کەوتوومەوە، بەڵام بە خواستی خوا ئەو دەورەیەم تێدەپەڕاند و دەکەوتمەسەر بیر و باری وشەکانەوە. لە چیرۆکی ئەو دارە خوار و لارەوە هەستم بەوە کرد کە ئەگەر ژیانی مرۆڤ پڕ بێت لە تۆفان و لافاو و بیانەوێت کە بیشکێنن و بیڕووخێنن، بەڵام لەسەر ڕیشەیەکی پیر و پتەو قایم بێت، ئەوە بۆی هەیە خوار و لار بێت، بەڵام ناشکێت و ناڕووخێت. من ڕیشە و ڕەگم لەسەر قورئان دامەزراوە، بە هەر با و لافاو و گەردەلوولێک بۆی هەیە خوار و لارم بکات، بەڵام بە خواستی خوا ناشکێمەوە. دیارە ڕەگ و ڕیشەی سەرەتا زۆر چووەتە خوارەوە!.

## لەسەر شان و شاخە

پاش ماوەیەک بیرم چوو بۆ لای ئەوە کە بۆچی منداڵەکان و ڕێبوارەکان هەردەم لە دارە خوار و لارەکان نزیک دەبن و دەچنە سەرەوەی و دەیکەن بە مۆڵگە و شوێنی دانیشتن و گەمە!؟. داری چنار بەرزە و مرۆڤ دەتوانێت کە پێیەوە سەیری دوورەوە بکات، بەڵام بە گەڵا و بەرگی دەرفەتی بینین نادات. داری چنار چایخانەی پەلەوەرەکانە. مەزاتی لەسەر دەروونی خۆی دەوێت. هەروەها داری گوێز، ئەم دارە تاڵە پێی خۆشە لە دۆڵ و چەم و تەنگە و تاریکی و بەستراوەیی بڕوێت و گەشە بکات، لەبەر ئەوەی کە نایەوێت لە بڵندیەک بێت و ببێتە هۆی ئەوە کە کەسێک بچێتەسەری و سەیری شوێنانی پێیەوە و لێوە بکات، هەروەها نایەوێت کە کەس مەزات لەسەر و بنی دروست بکات!.

لە درێژی ژیانم لە دەروونی خۆمەوە سرنجم لەوە داوە کە من پێم خۆشە لەو ناوانەوە نزیکی و دۆستی بکەم کە خواری و لاریان بێت و بە هۆی ژین و ژینگەوە لق و پۆیان لار و خوار بووبێت. ئەو کەسانەی کە لە ژیانیان شکست و سەختی و شکانەوەی زۆریان چێشتبێت و بە جوانی و بە پیتی پەندیان وەرگرتبێت، زۆر خۆشن کە پەندەکان و قسەکانیان بێژنەوە و نەوەکان بە گوێیان قسەکانیان لێ وەربگرن. شکست و ڕمانەکانی ژیانی ناوەکان بۆ ئێسکی تەرچکی نەوەکان دەبێتە وانە و وێنە و ئەوانیش خۆیانی بۆ ئامادە و چەور دەکەن.

من لەسەر شاخەکان و لقەکانی دارەکە دادەنیشتم و سەیری دونیام دەکرد، نەمدەزانی کە چ ڕیشەیەک ئەو شاخ و لقە خوارەی ڕاگرتووە. زۆرجار لە منداڵی لە

قەڵاودووشانی باوکم سەیری دونیام دەکرد، بەڵام نەمدەزانی ئەو دوو شانە لە چ گوزەرێک گەورە بووە و لەسەر چ ڕیشەیەک دامەزراوە!؟.

زۆربەی زۆری نەوەکان و قوتابیەکان و فەقێکان لە سەرەتا و بەرەتای ژیانیان دەچنەسەر سەر و شانی ئەوانی تر و دەیانەوێت کە سەیری دونیا بکەن و دونیا ببینن و دونیا بناسن، ئەوان پێیان وایە کە دەبێت لەسەر سەر و شان و قەڵاودووشانی ئەوانی تر دونیا ببینن. ئەو کاتە مرۆڤ بەرەتا و سەرەتا بۆ خۆی دروست دەکات کە لەسەر سەر و شانی ئەوانی تر بێتە خوارەوە و لەسەر پێ و چوونی خۆی ناسین دامەزرێنێت.

هیچ ڕیشەیەک ڕێکی و ڕاستی تێدا نیە. هیچ ڕیشەیەک وەک ڕیشەکانی تر نیە. هیچ ڕیشەیەک حەز لەوە ناکات کە دەرکەوێت!.

و الله خیر الماکرین

## شیرین و فەرهاد

پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای گەورە دەست و گیان پێ دەکەم.

### اسم و مسمی

کەسانێک لە مرۆڤەکان لە ژیانیاندا زۆر ڕاڤە و باس و بیر لە ناوی خۆیان دەکەنەوە. پرسیاری ئەوە دەکەن کە بۆ ئەو ناوەیان لەسەرە و دەبێت کە هۆکاری ئەو ناونانە چی بێت!؟. بۆ نموونە فردریک نیچە ناوی لە فردریک ویلهڵمی چووارەمەوە هاتووە. لە کاتی لە دایکبوونی فردریکی چووارەم، نیچە لە دایک دەبێت و باوکی نیچە ناوی فردریکی بۆ هەڵدەبژێرێت. نیچە خۆی ئەزانێت کە ناوی لەبەر فردریکی چووارەمەوە نراوە. ئەمە بۆ نیچە ئەوەندە جێگەی خۆشی نیە، لەبەر ئەوەی کە بۆنەیەک ناوی ئەوی دیاری کردووە. زایینی نیچە و زایینی فردریکی چووارەم سوتفەیەک بوو!.

بڕێک لە مرۆڤەکان لەسەر ناوی خۆیان گلەییان هەیە و دەستەیەکی تر لەسەر ناوی خۆیان شادمانن. لە بیرمە کە لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری ئەو ناوانەی کە بە

ناوەکانی خوای گەورەوە دەست پێ دەکات، جێگەی بەهای زۆرتر بوو. کەسانێکمان تێدا هەبوو، بۆ نموونە ناوی حەمید بوو، لە ماڵی خۆیان بە ناوی حەمید دەهات، کە دەگەیشتە حوجرە ناوی دەبووە عبدالحمید. کەسانێک هەبوون کە زۆریان پێ خۆش بوو کە ناویان بگۆڕن بە ناوێکی ئیسلامی.

لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین ناو و نازناو بووە باس و بابەتێک کە قوتابییەکان لەسەری بۆ خۆیان ناو و نازناویان هەڵدەبژارد. چەند قوتابییەکی خەڵکی سەنگەسەر دەیانەویست کە ناوێکی تر بۆ من هەڵبژێرن، لەبەر ئەوەی کە دەیانەوت ئەو ناوەی تۆ بەس بۆ کەربەلا و نەجەف باشە!.

قوتابییەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایی کوردستان بە هۆی ئەوەی کە لە باشووری ئازادی کوردستان بوون، ناوی خۆیان دەگۆڕی. قوتابییەک ناوی عمر بوو ناوی خۆی کردە ئاسۆ، قوتابییەک ناوی حسین بوو ناوی خۆی کردە شێروان، قوتابییەک ناوی رحیم بوو ناوی خۆی کردە هەژار. زۆرێکی تریان بە هۆی کەش و هەوای سیاسی و کوردانەی باشووری کوردستان ناوی خۆیان بۆ ناوە کوردیەکان گۆڕیەوە.

ئەم گۆڕین و گۆڕانە بەس بۆ پارچە و بەشەکانی تری کوردستان نەبوو، بەڵکو خودی خەڵکی باشووری کوردستان دەستیان کرد بە گۆڕینی ناوەکانی خۆیان. کەسێک ناوی موحەممەد بوو، ناوی خۆی کردە هەژار. کەسێکی تر ناوی موحەممەدئەمین بوو، ناوی خۆی کردە بێکەس. ئیتر بەزم و باو، ناوی کوردی و هەست و هەوای کوردی بوو. قوتابی هەبوو ناوی عبدالواحد بوو، لە شوێنی پیاسەی زانکۆ کاتێک کە قوتابییەکی تر بە دەنگی بەرز بانگی تێبەردەدا، لە خۆیەوە شەرمی دەکرد و لە دەروونی خۆی دەشکایەوە!. کەش و هەوای نوێ کوردستان لەبەر ئەوەی کە فەرهەنگی ڕۆژئاوا تێدا ناوەند و مەڵبەندی زۆری کردووەتەوە، ئیتر ناوەکان دەبوو تۆزێک نەرم و یەواش بایە و دەمی لە وتن هەراسان نەکردبایەت. بۆ نموونە ئەو ناوانەی کە بە پیتی (عین ع) دەستی پێدەکرد، لە دەمی تازەی کوردی خۆش نەدەهاتە دەرەوە. ناوی من عەباسە، ئەم ناوە لە دەمی نەوەی نوێ زۆر شیرین نیە!. زمانناسەکان و لێکۆڵەرانی بواری زمان ئەو قسە و باسەیان باو کرد کە پیتی عین پیتێکی عەرەبیە و کوردی نیە. چەند قوتابیەکی ناوچەی مەهاباد و ورمێ کاتێک کە ناوی منیان دەهێنا، دەیانەوت هەباس!. گۆرانیبێژی دەنگ خۆش هۆمەر دزەیی، ناوی عومەر دزەییە. پیتی عین بووە بە ە.

ناوی هۆمەر لە ناوی هومر شاعیری یۆنانی نزیک دەبێتەوە و لە ناوی عومەری فاروق دوور دەبێتەوە! زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد کاتێک کە نازناوێک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، نالی، هەژار، هێمن... کەڵک لە نەرمی و هەستی کوردی وەردەگرن و لە (عین و غین) ی عەرەبی دوور دەکەونەوە.

## شیرین و فەرهاد

لە کرماشان دوو برای دراوسێمان هەبوو، خاوەن ماڵ و منداڵ، خاوەن ڕێز و حورمەت. برای گەورە کوڕێکی بوو و ناوی کوڕەکەی کردە فەرهاد و دڵیان بە ناوی فەرهاد خۆش بوو. پاش چەند ساڵ برای چکۆلە کەنیشکێکی بوو و ناوی کردە شیرین. ئەم دوو برا بە قەسد و مەبەست ناوی ئەو منداڵانەی خۆیان کردە شیرین و فەرهاد، بۆ ئەوەی کە بە یادی چیرۆکی فەرهادی کێوکەنەوە لەگەڵ شیرین، ئەم دوو ئامۆزایەش یەک بگرن و ببن بە ژن و مێرد و خوێن و خاکیان بۆ یەکدی بێت و یەکدی بگرنەوە.

فەرهاد و شیرین گەورە بوون و کاتی ئەوە هات کە لەیەکدیان نزیک بکەنەوە و بیانکەن بە ژن و مێرد. بە خواستی پەروەردگاری مەزن شیرین کەیفی بە فەرهاد نەدەهات. شیرین لەبەر باڵا و جوانیەک کە هەیبوو، خۆی بە لایقی پیاوێکی هاوشان و هاوباڵای خۆی دەزانی. فەرهاد کوڕێکی جووتیار و داماو بوو، نە چاری[6] شیرینی پێدەکردا وە نە چارەی شیرینی بۆ بڕابوو. لەگەڵ ئەوەی کە شیرین و فەرهاد لەیەک ماڵ و لەیەک ژینگە دەژیان، ددان و دەستیان بۆ یەکدی چیڕ و تیڕ دەکرد. ئەو دوو برا هیچ ئەوەیان نەدەزانی کە ئەو دووانە بۆ یەکدی نابن، وەک ئەوەی کە ئەو دوو برا هیچ سرنج و بینین و نواڕین و بیرکردنێکیان سەبارەت بەو دووانە نەبووبێت. پاش ماوەیەک دەرودراوسێ ئاگاداری نێوانی شیرین و فەرهاد بوون. ئیتر لای ئێمە کە ناوی شیرین و فەرهاد بێت، بیر و یادی عەشق و ئەوینی فەرهادی کۆکەن[7] بە بیر و خەیاڵ نایەت، بەڵکو نەفرەت و قینی شیرین و داماوی فەرهادی دراوسێمان دێتە خەیاڵمان!

---

[6] _ لە کرماشان خەڵک بۆ ئەوەی کە بێژین فڵان کەس لە زۆرانبازی دەرەقەدی فڵان کەس نایەت، ئێژن چاری ناکات. بۆ نموونە من چاری براکەی خۆم ناکەم، مەبەستم ئەوەیە کە ناتوانم بەسەریدا زاڵ بم.

[7] _ کۆکەن، کێوکەن.

ناونان و بڕینەوەی ناوی شیرین و فەرهاد بۆ ئەو دوو کوڕ و کەنیشکە لە سەرەتاوە هەڵە و نەزانی بووە. ئەو هەڵەیە قسە و پەندی پێیە، بۆ ئەوانەی کە خاوەن ژیر و بیر بن. زۆر کەس کە منی ناسیوە وتوویە ناوی تۆ نەدەبوو کە عەباس بایەت، ناوێکی وەک ئارام و هێمن و ئەو جۆرە ناوانە شایستەی تۆیە. لێرە دوو پێگەمان بۆ دەردەکەوێت، ناو و ناونراو یان بە عەرەبی (اسم و مسمی). باپیری من ناوی عەباسی بۆم بڕیەوە. گەورەی بنەماڵەی ئێمە ئەو ناوەی بۆ من بڕیەوە، مەبەست لە گەورەی بنەماڵە ئەوەیە کە ئەو توخم و تۆ لەوەوە دروست بووە. ناوی من عەباسە، بەڵام زۆری خەڵک عەباس بە عەینی خەستی عەرەبی بە ناوی شایستەی من نازانن. ناوی عەباسیان پێ وەک ناوێکی ناشیرین و گەن مانا دەناسنەوە.

دایکان و باوکان و زۆرینە و زۆربەی خەڵک و خەلق لەوە بە تەواوی نەزان و نائاگاهن کە ناو و ناونراو بە ڕاستی بناسن و پێکەوەی بلکێنن. لە ئەدەبی قورئان شێوەیەکمان هەیە کە زۆر تایبەت و دروست و گەورەیە. خوای مەزن خاوەنی ناوەکان و چیرۆکەکانە. شێوەی داڕشتن و ناوەکانی چیرۆکەکانی خوای مەزن، هەریەکەیان تایبەت بە خۆیەتی. چیرۆکی ئیبراهیم و یوسف و عیسا و موحەممەد هەریەکەیان ناو و ناونراوی تایبەتی خۆی هەیە. لە قورئان کاتێک کە پەیامهێنەر زەکەریا داوای نەوە و نەوەچە لە خوای مەزن دەکات: یا زکریا انا نبشرک بغلام اسمه یحیی لم نجعل لە من قبل سمیا(مریم ٧) خوای مەزن ناوی یحیی بۆ کوڕەکە هەڵدەبژێرێت و ئەفەرمێت کە هیچ کەس بەو ناوە ناو نەنراوە. هەروەها کاتێک کە خوای مەزن موژدە بۆ مریەم دەنێرێت، ئەفەرمێت: ان اللە یبشرک بکلمة منه اسمه المسیح عیسی ابن مریم( آل عمران ٤٥) خوای گەورە ناوی عیسی وەک وشەیەک لە لایەن خۆیەوە بە مریەم موژدە دەدات. هەروەها عیسی ناوی ئەحمەد لە ناوەکانی دوای خۆی دیاری دەکات: و اذ قال عیسی ابن مریم یا بنی اسرائیل انی رسول اللە الیکم مصدقا لما بین یدی من التوراة و مبشرا برسول یاتی من بعدی اسمه احمد فلما جاءهم بالبینات قالوا هذا سحر مبین(صف ٦) دیارە کە ناوی موحەممەد یەکەم جار بە ناونراو پەیامهێنەری خواوە نەنراوە، بەڵکو خەڵکی تر هەبووە کە ناوی موحەممەد بێت. هەروەها ناوی عیسی یەکەمجار بە عیسی کوڕی مریەم نەنراوە، بەڵکو ناوێک لە ناوەکانی ئەو سەردەمە بووە. خوای مەزن تەنیا ئاماژە بە یەحیا دەکات کە ناو و ناونراو، (اسم و مسمی) هەردووکی تازەیە!.

کاتێک کە خوای گەورە لە ڕێگەی نێردراوێکی خۆی موژدەی عیسی بە مریەم دەبەخشێت: قال انما انا رسول ربک لاهب لک غلاما زکیا(مریم ١٩) دوو وشەی (غلام و زکی) بەکار دەبات. خوای مەزن تایبەت وشەی غولام بەکار دەبات بۆ ئەوەی کە بگەیەنێت ئەمە خزمەتکار و خۆشەویستێکی بەردەستە. لە ئایەتێکی قورئان خوای مەزن دەفەرمێت: و یطوف علیهم غلمان لهم کانهم لوءلوء مکنون(طور ٢٤) باسی غولام و خزمەتکارەکانی بەهەشت دەکات. غولام مەبەست خزمەتکارێکی بەردەستە کە زاڵی بەسەریدا. خوای گەورە کاتێک کە یەکەمجار موژدە دەبەخشێت، ناوی عیسی نابات، بەڵکو باسی ناونراو دەکات کە چۆن مرۆڤێکە، دوایی بە بێ ئەوەی کە بهێڵێت دایکی ناوی بنێت، لە لایەن خۆیەوە ناوی عیسای بۆ دیاری دەکات. کەوایە یەکەم ئەوەیە کە ئەو ناوانە خوا دیاری دەکات، ئەگەرچی ئەو ناوانە پێشتریش لەو فەرهەنگانە هەبووبێت، دووهەم ئەوەیە کە خوای گەورە ناونراو یان (مسمی) دروست دەکات.

هەر ناوێک لە ئەدەبی قورئان وەک ئەستێرە پێگەی خۆی هەیە و هیچ ناوێک دووبارە نابێتەوە. خوای مەزن خۆی مرۆڤ دروست دەکات، خۆیەتی کە سەرەتا و کۆتایی ئەو مرۆڤە دەزانێت، خۆیەتی کە ژیان و مەرگی بۆ دیاری دەکات، ئەو خوایە ناو و ناونراو بە باشی دیاری دەکات، (اسم و مسمی) ی ڕاست و دروست بۆ ناوەکان دیاری دەکات. بەڵام باوک و دایکی شیرین و فەرهاد لەبەر ئەوەی کە خاوەن ناونراو نین، کۆتاییەکی بە کێشەیان لێ دەکەوێتەوە. فەرهادی کۆکەن بە شیرین ناگات و ڕێی کەژ دەگرێتەبەر، فەرهادی دراوسێی ئێمەش دەگاتە شیرین بەڵام لە باوەشی ئۆخەی ناکات! ئەمەیە جیاوازی کاری خوای مەزن و کاری نەزانکارانەی مرۆڤی لووتبەرز!.

خێزانەکان بە ناونیانی کوڕەکان یان کەنیشکەکانیان بەخت و بەدبەختی بۆ نەوەکانیان دروست دەکەن. چەند کوڕێکم بینیوە ناویان زانا و دانا بووە، بەڵام ناونراو یان (مسمی) بە پێچەوانەوە گێل و لارەمل و نەزان و نادان بووە. کەسانێکیش هەبوون کە ناویان زۆر پەرت و دوور بووە لە تایبەتمەندی، بەڵام توانیویانە کە ناونراو یان (مسمی) بە پێگە و دەورێکی کارا و گەورە بگەیەنن. ناو و ناونراو، دۆستی و دوژمنی یان جۆرە پەیوەندیەکی گژ و دژی یەکدیان هەیە. ناو و ناونراو دژی یەک وزە کۆ دەکەنەوە. بۆ نموونە کەسێک کە ناوی دەنرێت فردریک،

زۆر گوشار لە خۆی دەکات کە بۆ ئەو هەڵەیە یان ناوە کەمە بە من نراوە، ئیتر هەوڵی ئەوە دەدات کە لە نازناو یان ناونراو تۆڵەی خۆی بکاتەوە. کەسانێکیش ناویان لای خۆیان جوان و ڕێکە، وەک دارێک کە هەردەم هەورێکی ڕەشی بەسەرە و پێی خۆشە کە ئاوی لەو دارە وەردەگرێت، ئیتر ڕەگ و ڕیشەی لە خاک ناچێنێت و نایباتە خوارەوە. نە هەورەکە دەبارێنێت وە نە خۆیشی ڕیشەی دەباتە خوارەوە. ناوەکان بە شێوەی سروشتی بە شێوەیەک کە خوای مەزن دەستی لە پشتی هەبێت، لە ناکاوە دەردەکەون، ئیتر یان وەک دانراوەکان یان نێردراوەکان بێت، یان وەک هەڵهاتووەکان یان وەک هەڵکەوتووەکان. ناوێک کە لە ناوچەیەک بزێت ئیتر وزەی ئەو ناوچە بۆ خۆی دەمژێت، هیتلر و سەدام نەک تەنیا وزە و هێزی بنەماڵەی خۆیان بۆ ناوی خۆیان مژی، بەڵکو کانی وزەی شوێنی لە دایک بوونی خۆیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەمژن. عەرەب و عەرەبستان یەک ناوە، ئەویش ناوی بەرزی موحەممەدە. لە دوریسانی نزیک بە شاری پاوە یەک مرۆڤ هەڵهات، ئەویش ناسری سوبحانی بوو. ئیتر سەخت و ئەستەمە کە ناوێک لە دوریسان و لە منداڵەکانی ناسری سوبحانی بەرز و پایەدار بن. ناو وەک توخمێکە تەقاوە، ئەو توخمە تا ڕادەیەک دەچێت. بۆ نموونە بنەماڵەی موفتی زادە لە شاری سنە، توخمێک بوو کە تەقا، کاکە ئەحمەی موفتی زادە ئەوپەڕی چوونی ئەو توخمە بوو. هەر توخمێک وەک تیرێک کە تەقاوە، تا ڕادەیەک و شوێنێک دەچێت. بەس خوای گەورە ناو بە ڕاستی و دروستی بە مرۆڤەوە دەنێت.

من هەستم دەکرد ئەو ناوانەی کە لە سەرەتاوە تایبەت بن، ئەو ناوانە دەبنە مرۆڤی خاوەن پلە و پێگە لە زەوی و ئاسمان، بەڵام پاش ماوەیەک هەستم بەوە کرد ئەو دانەی کە ئاو لەگەڵ جۆگە بیبات، ئەوە تایبەت گەورەی دەکات! ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هەر ناوێک لە ناونراوێک ئاماژە و نیشانەیەکە. هیچ ناوێک لە خۆڕا بە ناونراو نانرێت، ئەگەریش مرۆڤ پێیوابێت کە کەسێک هەر لە خۆیەوە ناوی ناوە. ناوی من عەباسە. ناو، یان ناونراو دروست دەکات، یان ناونراو، ناو دروست دەکات. عەباس لە زمانی عەرەبی لە (عبس) وە هاتووە، بە چەند مانایەک دێت، ئەو مانا کە هەیە و باوە، ڕوویەکی ناخۆشە، کەسێک بە ڕوویەکی ناخۆشەوە. زۆر جار لە ئەدەبی خەڵکی کورد بە کەسێکیان وتووە کابرایەکی عەبووسە. عەبووس بە کەسێک ئێژن کە ناوچاوی داوە بەیەکدا و ڕوومەتی لە ئاستی شتێک یان کەسێک گرژە.

کاتێک کە لە قوتابخانە بووم منداڵەکان زۆر گاڵتە و گەمەیان بە ناوی من دەکرد. هەر لە خوسەی ئەوەوە چووم و لە فەرهەنگی ناوەکان و کتێبەکان بە دوای ئەوە دەگەڕام کە مانایەکی تر بۆ ناوی عەباس بدۆزمەوە. کتێبێکی فەرهەنگی ناوەکان و وشەکانی عەرەبیم دۆزیەوە. چەند مانای بۆ ناوی عەباس دانابوو، یەکێک لەوانە مانای ئەوە بوو کە عەباس مانای شێرێکە کە شێرەکانی تر لێی دەترسێن. ئەمە بۆ من دڵخۆشی بوو، ئیتر بە هاوڕێکانی قوتابخانە دەمەوت عەباس مانای شێرێکە لە دارستانێک و دەشتێکی گەورە کە شێرەکانی تر لێی دەترسێن!.

هەندێک ناو وەک حەجەر ئەلئەسوەدە، یەکدانەیە بەڵام دەست و دەمی عالەمی پێکەوتووە. زۆر مرۆڤ هەوڵ ئەدات ناوێک بێت وەک حەجەر ئەلئەسوەد، یەکدانە بێت و عالەم بە دەوری خڕ بخۆات و دەست و دەمی پێوە بدرێت. بەڵام بە پێچەوانەیە، زۆربەی ناوەکان و نەوەکان وەک دەست و لەشی دەوری حەجەر ئەلئەسوەدن و لە دەوری یەکدانە دەسووڕێنەوە. ئەمە بۆ زۆر کەس ناڕەحەتکەرە کە ناوێکی هەبێت کە پەرت بێت و لە دەوری ئەوانی تر یان یەکێکی تر بسووڕێتەوە. من هەوڵی ئەوەمدا کە مانای زیاتر بۆ ناوی خۆم بدۆزمەوە. دەوروبەریەکان زۆر منیان تووڕە دەکرد. دەیانەوت ئەگەر بەختت هەبایەت ناوت عەباس نەدەبوو، یان دەیانەوت کە ناوی تۆ ڕوومەتی تۆی ترش و تووڕە و نیگەران کردووە. مەبەستیان ئەوە بوو کە عەباس بە مانای کەسێکی ڕوو گرژ، ناونراوی دروست کردووە. ئەدەبی ئێرانی بە تایبەتی سینەمای ئێرانی ناوەکان زۆر دەکاتە قوربانی، ناوی من یەکێک لە قوربانیەکانی سینەما و ئەدەبی تەلەفیزیۆنی ئێرانی بوو، هەرکەس ناوی عەباس بایەت، کابرایەک بوو کە لەسەر کۆڵان خەریکی سەوزە فرۆشتن و ماست و دۆ فرۆشتن و نوقڵ و نەبات و شتانێک کە پێویستی ڕۆژانەی ماڵ و منداڵەکانە. هەردەم بەو کابرایەش دەیانەوت عەباس ئاغا. ئیتر هەرکەس بانگی منی دەکرد، دەیەوت عەباس ئاغا. یەکسەر دەکەوتمە بیری سەوزە فرۆش و ماست فرۆشەکانی سەرکۆڵانەکانی فیلمەکانی ئێرانی. هەر ئەمە ترسێک بوو، ترس لەوە کە منیش ببمە سەوزە فرۆش و ماست فرۆشی سەر کۆڵانەکان.

من لە ژیانم سرنجم لەوە داوە کە گرژی و تووڕەییم بەرانبەر بە کەسانی دەوروبەری خۆم هەبووە. هەڵبەت لە جۆری گوێزی، بەو مانا کە هۆیەکی باش و دروستی لەپشتەوە هەبووە. ناو مرۆڤ هیدایەت یان ڕێنوێنی زۆرەملی دەکات. ناوی

من عەباسە و ڕوومەتم جۆری گوێز بووە، بەڵام ناونراوی من هەردەم بۆ نەرمی و جۆری هەنجیری چووە.

## ئیبراهیمی کوڕی خاڵم و ئیبراهیمی پەیامهێنەری خوا

هەر ناوێک دەتوانێت کە بە پێی ناو وە یان ناونراوی کۆن، کاریگەری هەبێت. مەبەستم لەوەیە کە ناوی هەر مرۆڤێک لە ناونراوێکەوە بەرز و بڵند دەبێت. بۆ نموونە ناوی دایکی من مریەمە، ئەم ناوە لە ناوی ناونراو، مریەمی دایکی عیساوە گیراوە. ئیبراهیمی کوڕی خاڵم کە لە بەشی یەکەمی نووسینەکان باسی ناویم کرد، توانی کە بیر و هزری هەڵهاتن و هەڵاتن لە لای من و خۆی دروست بکات. ئیبراهیمی پەیامهێنەری خوای گەورە لەو کەسانە بووە کە ناوی بە هەڵهاتن و هاڵاتن ناوبانگی هەیە. دیارە کاتێک کە باوکی ئیبراهیمی کوڕی خاڵم ناوی ئیبراهیمی بۆ دیاری دەکات، بە خۆشەویستی ناوی ئیبراهیمی پەیامهێنەر بووە. ئەو خۆشەویستیە و ئەو ناوە، کاریگەری لە ژیان و ناو و ناونراوی ئیبراهیمی کوڕی خاڵم کرد. خواست و مەبەست و شیلەی قسەم ئەوەیە کە هەر ناوێک دەتوانێت بۆ کاتێکی دیاریکراو یان کردەیەک یان هات و نەهاتێک ناونراو بخاتە ژێر کاریگەری خۆی. هیچ ناوێک بە هەڵە نەنراوە و بەها و دەوری ئەبێت لە ژیانی ئەو مرۆڤە.

بۆ ئەوەی کە ناو بە کەسێکەوە بنرێت دەتوانین کە ڕێ و شوێن بگرینە بەر، بۆ نموونە ناوێک بێت کە بەکەسەوە نەنرابێت، ناوێکی هاوردە نەبێت، ناوێکی مانادار بێت. ئەم ڕێ و شوێنانە لاسایی کاری خوای گەورەیە. من بایی ئەوە نیم کە لاسایی کاری خوای گەورە بکەمەوە، بۆم نیە کە لاسایی کاری خوای گەورە بکەمەوە. هەروەها گرنگ ئەوەیە کە من بەسەر سەرەتا و کۆتایی ئەو مرۆڤە نەزان و نادانم، ئیتر بۆ بێم کە ناوی بۆ دابنێم!؟.

کەنیشکێک لە دایک بوو و باوکی ناوی فریشتەی بۆ هەڵبژارد. ئەو باوکە ناوی بۆ لەش و دەروونی ئەو کچە هەڵبژارد. وەک فریشتە لەش و دەروونی پاک بێت. باوکێک ناوی نێرگزی بۆ کەنیشکەکەی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی کە وەک نێرگز بۆن و جوانی هەبێت، وە وەک نێرگز بۆ لەش و دەروون کاریگەری هەبێت. باوکێک ناوی مریەمی هەڵبژارد، وێنەی پاکی دەروونە. ناوی مریەم باسی پاکی و خاوێنی دەروونی ناونراو دەکات. ناوی مریەم ئاماژە بە جوانی و ڕەنگینی لەش نیە. ناو

دەبێت بە لەشی ژنەوە بنرێت. دەروونی ژن تێکەڵ بە لەشیەوەیە. فریشتە و نێرگز و مریەم ناوی تێکەڵ بە ناونراوە.

اذ قالت امرات عمران رب انی نذرت لک ما فی بطنی محررا فتقبل منی انک انت السمیع العلیم(آل عمران ٣٥)

خوای گەورە ناوی دایکی مریەم کە دەبێتە ژنی عیمران ناهێنێت. ئەفەرمێت کاتێک کە ژنەکەی عیمران وتی. دایکی مریەم پێش ئەوەی کە منداڵەکەی بزێت، نەزر و نیازی کردووە. کاتێک کە کەسێک نیاز دەکات گوشار لەسەر نیازەکەی دەکات و جۆرە بەها و بایەخێک لە دەوری ئەو نیازە دروست دەبێت. کاتێک کە دەفەرمێت انی نذرت ما فی بطنی محررا، گوشار و بایەخ و وزە لە دەوری ئەو نەزر و نیازە دروست دەکات. دایکی مریەم کوڕی دەوێت، بەڵام خوا دەیکاتە کەنیشک!. دایکی مریەم دۆعا دەکات و دیاری دەکات کە بۆچی دەوێت؟.

فلما وضعتها قالت ربی انی وضعتها انثی و الله اعلم بما وضعت و لیس الذکر کالانثی و انی سمیتها مریم و انی اعیذها بک و ذریتها من الشیطان الرجیم( آل عمران ٣٦)

دایکی مریم ژنێکی پاک بووە. چەند خاڵ و نیشان لەم ئایەتە دەردەکەوێت: یەکەم ئەوەیە کە دایکی مریەم چاوەڕوانی کوڕێکی دەکرد. دووهەم ئەوەیە کە ناوێکی بۆ دیاری کردووە. سێهەم ئەوەیە کە دۆعای بۆ کردووە کە خوای مەزن لە شەڕی شەیتان بیپارێزێت. مانای خاڵی یەکەم ئەوەیە کە دایکی مریەم کوڕێکی دەویست کە بۆ کارێک پەروەردەی بکات. بە پێی ڕۆح و دەروونی ئەو ئایەتە دایکی مریەم منداڵەکەی بۆ کارێک دەویست. مانای خاڵی دووهەم ئەوەیە کە دایکی مریەم، منداڵەکەی بۆ خزمەتکاری پەرەستگەی (بیت المقدس) ویستووە. مریەم مانای خزمەتکار و بەندە و پەرەستشگەر دەدات. مانای خاڵی سێهەم ئەوەیە کە دایکی مریەم بەو دۆعایەی کە کردوویە، ئاگاە و لە هەراس بووە لە بوون و هەڕەشەی شەیاتین.

دایکی مریەم پێش زایین و دوای زایین دۆعا بۆ منداڵەکەی دەکات و هەردەم منەتی بە خوای گەورەیە. دایکی مریەم دەفەرمێت: و الله اعلم، بەو مانا کە من نازانم ئەمە چ چیرۆکێکی پێوەیە!؟. دایکی مریەم خۆی ناو بۆ کچەکەی دیاری دەکات،

لەبەر ئەوەی کە باوکی مریەم لە ژیان نەمابوو. ئەو کاتە باوک دەوری فرەی هەبووە بۆ دیاری کردنی ناو. دیارە ئەو کەسەی کە ناو بۆ نەوە دیاری دەکات، ئەو نەوەیە بۆ خۆی دەوێت. کاتێک کە ناوی مریەمی بۆ هەڵبژاردووە، هەست و هەناسەی بۆ ئەو منداڵە تەرخان کردووە. ئەو کەسە کە ناو دیاری دەکات، دەبێت دەوری هەبێت لە گەورە کردن و بەخێو کردنی ئەو منداڵە. بۆ نموونە مامی من ناوی ناسری بۆ براکەم هەڵبژارد، هەست و هەناسەی گەرمی پشت ئەو ناونانە لە خۆشەویستی مامم بۆ ناسری ڕەزازیەوە بوو. مام زۆر کەیفی بە ناسر دەهات، هەربۆیە ئەو ناوەی بۆ هەڵبژارد، بەڵام لە دوایی مامەم هەر هیچ بەها و گرنگی بەو برایەم کە دەبێتە ناونراو نەدا!. دایکی مریەم پێش ئەوەی بزێت و دوای زایین دۆعای بۆ دەکات و خەمی ئەو منداڵە دەخوات، لە کاتێک کە مامم لە هەوای دەروونی خۆیەوە ناوێکی داناوە، وەک کەسێک کە لە ڕۆژێکی بەهاری فیشەکێک بۆ خۆشی خۆی دەتەقێنێت، نە بۆ نیشانێکە وە نە بە مەبەستێکە!!.

لە عێراق أب یان أم بۆ باوک و دایکی منداڵ بەکار دەچێت. زۆر بە کەمی مەگەر ناچاری ناوی باوک یان دایک ئاشکرا بکرێت. ژنی خزممان هەبوو کاتێک کە بانگی دایکی منی کردووە، وتوویە: دایکی عەباس. ناوی دایکی منی نەهێناوە. لە ڕەگ و ڕیشەوە ناو نابێت کە بە ڕووتی بوترێت و زۆر بوترێت. ناوێک کە بە ڕووتی وترا وەک لەشێکە کە ڕووتی بکەیتەوە. دەبێت کە وشەی وەک ناو و نازناوی تر لە دەوری هەبێت. لە ئەدەبی کۆندا ناوەکان بە ڕێز و حورمەتەوە وتراوە. بۆ نموونە پێشناو یان بەرەناوی وەک حاجی، غوێخا، بەگ، میرزا، خەلیفە، دەروێش، شێخ، مەلا، مامۆستا، کاکە، گەورەم، سەید، ئیمام، حەزرەت، سەرۆک، پاشا... هەبووە. لە ئەدەبی ئیسلامی ناو بە ڕووتی بە کۆمەڵگە نابەخشێت. بۆ نموونە کەسێک کە چووە حوجرە ناوی فەقێ و مەلا و موفتی و شێخ و ئەو جۆرە ناوانەی بۆ دیاری دەکرێت. ناوی مرۆڤ وەک ڕوومەتێکی تری ئەو مرۆڤەیە. ناوی مرۆڤ، جۆرێکی تری ناوچاوانی ئەو مرۆڤەیە.

دوو شت بۆ منداڵ لە ئەدەبی کوردی زۆر گرنگ بووە، یەکەم ناو نیان و دووهەم ناوک بڕینی ئەو منداڵە بووە. کێ ناوی ناوە و کێ ناوکی بڕیوە!؟. زۆر خەڵک ڕاڤە و شیکاری ئەو دوو خاڵە دەکەن و بۆیان گرنگە کە کێ ناویانی ناوە و کێ ناوکیانی بڕیوەتەوە؟. دایک لە کاتی زێنەری سەختە بۆی کە ناوکی منداڵی خۆیی ببڕێت.

ژنەکان ناوکی منداڵەکان دەبڕن و پیاوەکان ناوی منداڵەکان دەنێن. ئەمە سەرەتای ئەدەب و دەستپێکی ژیانی ئەو منداڵەیە. خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە، ئەوە کێیە کە ئەو منداڵە گەورە دەکات و لە کوێ گەورە بێت!؟. منداڵ هەیە کە نە لە ناو بەختی هەیە وە نە لە ناوک بڕین، بەڵام لە مامۆستا بەخت بە دەست دەهێنێت. من لە ناو و ناوک بڕین بەختم نەبوو، لە مامۆستا و شوێنی خوێندن بەختم نەبوو!. بە ڕاستی بەختی من لە کوێیە!؟. ئارد گەر لە گەنمێکی لەڕ و لاواز بێت زۆر گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە کێ دەیکاتە هەویر و پانی دەکاتەوە؟ کێ دەستی گرتنەوەی هەیە؟ پیاو هەیە کە ژنێکی جوان هەڵدەبژێرێت بۆ منداڵێکی جوان، ژیانی ڕەنگین دروست دەکات بۆ ئەوەی کە منداڵەکەی ڕەنگین بێت، بەڵام بە پێچەوانەی جوانی ژنەکەی و ڕەنگینی ماڵەکەی دەردەچێت.

و اذ قال لقمان لابنه و هو يعظه يا بنی لا تشرک بالله ان الشرک لظلم عظيم (لقمان ١٣)

من باوکم مامۆستایی منی نەکرد، یەک ڕستەی خەس و ئاودار و مانادار و تامداری بە من ئاشنا نەکرد، هەردەم منی برد بۆ بەردەستی ئەم و ئەو و منی کردە شاگردی کەسانی تر. خوای گەورە ئاماژە بە لوقمان دەکات و باسی دەکات کە چۆن پەند و ئامۆژگاری منداڵەکەی کردووە. لە چیرۆکی مریەم ناوی دایکی ناهێنێت، بەس ئاماژە بە دۆعا و نیەتی دەروونی دایکی دەکات. بەڵام کاتێک کە باسی لوقمان دەکات، ناوی باوک دەهێنێت، کەچی ناوی کوڕەکەی ناهێنێت. دایکی مریەم لای خوا دۆعای کردووە، وە کوڕەکەی لوقمان باوکێکی هەبووە کە ئامۆژگاری و پەندی بە کوڕەکەی فێر کردووە. بۆیە منداڵ هەیە کە دایکێکی نیە دۆعایەکی بۆ بکات، بەڵام خوا باوکێکی پێ دەدات کە ئامۆژگاری بکات.

لەم ئایەتەدا: و ضرب الله مثلا رجلين(نحل ٧٦) خوای گەورە باسی نموونەیەک دەکات، باسی دوو پیاو دەکات و ناویان ناهێنێت. لێرە ئیتر ناو نیە، بەڵکو ناونراو یان (مسمی) دەور و بەهای هەیە. کەسانێک نەک تەنیا باوک و دایکی باشیان نیە، بەڵکو کەسی خراپیش دەوریان دەگرێت، ئەوانە دەروونی خۆیان سەرچاوەی گۆڕانەکانیانە.

مەڕ و مێی جوان و خۆشەویست ئەوەیە کە گۆشتی زۆری لە بن پێست هەبێت، کەس وێنەی دەم و چاوی مەڕی بۆ گرنگ نیە!.

مرۆڤە بیرمەند یان خاوەن هەست و هزرەکان، سەبارەت بە ناو و ناونراوی خۆیان ورد و کردی زۆر دەکەن و زۆر هەڵچوون و داچوون دەیانگرێت، کەسێکی وەک نیچە لە شوێنێک باسی ئەوە دەکات کە نەوەکانی داهاتوو باسی بە گەورەیی دەکەن، لە شوێنێکی تر ئێژێت ئایا من خوا نیم!؟. لێرە ئەوەی کە گرنگە و بەهای هەیە، ئەوەیە کە نیچە دەیەوێت کە تۆ و توخمی وەک تیرێک بێت کە زۆر تایبەت و دیار بچێت. کەسێکیش ئێژێت من عەبد و بەندەی خوای مەزنم و هیچی تر نیم. کەسێکی تر ئێژێت من شوێنکەوتووی پەیامهێنەرێکم و هەر ئەوە!.

زۆر کەس ئەوەندە بە دوای ناو و پێگەی ناوی خۆیان دەگەڕێن، ئیتر بەها بە ناونراو یان (مسمی) نادەن. بۆ لە دەورانی منداڵی منداڵ حەزی لێیە کە ببێتە یاریچیەکی گەورە یان ببێتە سەرکردە و فەرماندەیەکی گەورە کە بتوانێت شەڕەکان بباتەوە!؟ یاریچیەتی بە پێ دەکرێت و شەڕ و کوشتن بە دەست دەکرێت، لەو دوو پێگەدا ناو و ناونراو یان (اسم و مسمی) یەک شتن!!. منداڵ ناوێکی دەوێت کە لە لەشدا بێت، هەروەها بەندەکانی ڕاستینی خوای مەزن ناوێکیان دەوێت کە لە لەش بێت. لەش و دەروون، ناو و ناونراو(اسم و مسمی) هەردەم لە لای ڕاستیخوازەکان لەیەکدایە. نیچە و زۆربەی نووسەران، ناونراو یا موسەمای خۆیان دەخەنە نێو بەرهەمەکانیان. ئیتر لەشی ئەو نووسەرە یان بیرمەندە ئەوەندە بەهای نیە!.

ناو وەک ڕوومەتە کە لە دەرەوە دەرێت و دەبەخشرێت. نابێت کە دەستکاری ئەو بەخشندەییە بکرێت و زۆر لەسەری ورد بیتەوە و دیاری بکەیت و نەخشەی بۆ بکێشیت. پیاوێک قسەی لەگەڵم دەکرد، کوڕە چکۆلەکەی لە باوەشی بوو، دەستی بەسەر سەری کوڕەکەی هێنا و پێکەنی و وتی: ناوم ناوە موحەممەد، دەینێرم بۆ حوجرە بۆ ئەوەی کە ببێتە کەسێکی وەک ئیمام موحەممەدی شافیعی!.

خوای گەورە بە نیەت و دڵی باوکی ئەو کوڕە ئەنواڕێت. ئەو باوکە بە شێوەیەکی پاک و بێگەرد دیاری کردووە کە چی لەو منداڵە دەوێت. ئەو باوکە ژیانی بۆ منداڵەکەی کردووە بە گۆڕەپانێک لە دەوری ناوی موحەممەد و ئیمام شافیعی و دۆست و دژەکانی ئەو دوو ناوە.

هەر ناوێک زەوج و دووانەی فراوانی لە دەورە. مارێک کە پەپکەی داوە و نوستووە، گەر بێداری بکەیت، یان دەبێت لێی هەڵێت یان دەبێت لێت هەڵێت. سەگ ئەگەر

بەردی تێبگریت گەفەت لێ دەکات و ئەگەر فیکە و ماچی بۆ بنێریت، بۆی هەیە کلک و دووی بلەقێنێت. نە بەردی تیبگرە و نە فیکە و ماچی بۆ بنێرە، بزانە کە خۆی لە دەروونیەوە چی دەکات؟!. منداڵیش هات و بوونێکە کە نە دەبێت زۆر بەردی تێبگریت وە نە دەبێت زۆریش ماچی بکەیت. وەک دایکی مریەم لای خوا دۆعایەکی بۆ بکەیت یان وەک لوقمان ئامۆژگاری بکەیت. ئیتر نابێت لەوە زیاتر دەست لە کاری خوای گەورە بەر بدەیت. چوونکە خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت:
هو الذی یصورکم فی الارحام کیف یشاء لا الە الا هو العزیز الحکیم ( آل عمران ٦)

و اللە خیر الماکرین

# گوڵی گوڵەبەڕۆژە لە تەڕی و پڕیدا

پێشتر لە نووسینی گۆزەکان لە گەنجەدا ئاماژەم بەوە کرد خوای گەورە کۆیەک ناو و وێنە بۆ هەمیشە و هەردەم وشک دەکاتەوە و بۆ پەند و وانە دەیهێڵێتەوە، ئیتر مرۆڤی خاوەن ژیر و بیر دەبێت کە ئەو وێنە و ناوانە بدۆزێتەوە وە یان بۆی بکرێتەوە و پەندی لێوەربگرێت.

گوڵی گوڵەبەڕۆژە وەک ناو و وێنەی گیایەک، بە خواستی خوای گەورە وشک کراوە و بەستراوەتەوە. تۆی ئەم گوڵە گەرا و گەشەیەکی خێرای هەیە و سەروملی هەردەم بۆ تیشکی خۆر گەردانە. ئەم گوڵە ڕووی لە خۆر دەکات و بۆ ئەمەش گەردشێکی زۆر ئاسان و خێرای هەیە. سەر و ڕوومەتی هەردەم بۆ سەرەوە و ئاسمانە و لە گەشە و چوونیدا لا لە خاکی بنی خۆی ناکاتەوە. ئەوەندە بە توند و خێرا و بەپەلە و پەرۆشەوە گەشە دەکات و بەرەو ئاسمانەوە دەچێت، ئەو خاکەی کە گەورەی کردووە سەیری لێ دێت!.

ڕیشەی گوڵی گوڵەبەڕۆژە خاک بە خۆی دەگرێت و سەختی و وشکیەک بە گەشەی سەرەتای خۆی دەدات. خاک و ڕیشەی بنەوەی خۆی، بە خۆیەوە وشک دەکاتەوە. پەلە و پەرۆشی گەشە و گەردشی گوڵی گوڵەبەڕۆژە هۆی هەیە و کۆتایی هەیە. ئەم دانە بە پەلە و خێرا گەشە و گەردش دەکات، بۆ ئەوەی کە دان و بەری بگرێتەوە و خۆی پڕ بکاتەوە. کاتێک خۆی گرتەوە و دانی خۆی پڕ کردەوە، ئەو

کاتەیە کە ئیتر گەڵا و بەرگی دەوری سەری ئەم گوڵە، سەر دەم و چاوی دادەپۆشێت و دەیبەستێتەوە، ئەو کاتەیە کە ئیتر سەری لە گەردش و سووڕان بۆ خۆ و خوارەوە و خاکەوە خوار و شۆڕ دەبێتەوە!.

سەروملی گوڵی گوڵەبەڕۆژە کە لە گەنجی و جوانیدا لە سووڕان و گەردشە، لە پیری وشک دەبێت و شۆڕ بە یەک لاوە دەمێنێتەوە.

## پێگەیشتن و پێی گەیشتن

دانی ئەو گوڵە زۆر خێرا دەچێت و گەشە دەکات، سەروملی ئەم گوڵە لا لە دواوەی خۆی ناکات و هەردەم لە گەردش و سووڕان دەبێت، تا ئەوە کە وشک دەبێتەوە. خۆر کە خۆی خاوەنداری ئەو دانە دەکات، هەست بەوە دەکات کە ئەم گوڵە دەست و دەمی وەک دۆعا پان کردووە و داوای ئەوەی لێ دەکات کە پڕی بکاتەوە. خۆریش ڕێزی ئەوەی دەگرێت کە هەنا و پەنای بۆ (خۆر) بردووە، خۆر پێی ئەزانێت و قەدری دەگرێت و دەست و دەمی بۆ پڕ دەکاتەوە. بەڵام چەند شت لە لای خۆر وەک خاڵ دروست دەبێت کە وا دەکات وازی لێ بهێنێت و سەری بۆ خوارەوە شۆڕ بکاتەوە. یەکەم ئەوەیە کە دانی گوڵەبەڕۆژە خاک و خۆڵ کە ژینگەی ژیان و گەشەی سەرەتایەتی، بە خۆیەوە وشکیان دەکات و دەیبەستێتەوە و لە چوونیدا لای لێوە ناکات. دووهەم ئەوەیە کە دانی گوڵەبەڕۆژە دیاری دەکات کە چەندەی دەوێت و دەیکاتەوە و دەوری دەگرێت و بۆ ئەوە زۆر گەردش و سووڕان دەکات. گوڵی گوڵەبەڕۆژە دەیەوێت کە لە زەوی پێبگات.

خۆر هەوڵ و خواستی ئەو دان و توخمانە بەهادار دەزانێت کە بیانەوێت پێبگەن و پێی بگەن. خۆر ئەزانێت گوڵی گوڵەبەڕۆژە دەیەوێت پێبگات و لە زەوی بمێنێتەوە. خۆر ئەو توخم و تۆیانەی خۆش دەوێت، کە لە زەوی گەشە و گەردش دەکەن بۆ ئەوەی کە پێبگەن و پێیبگەن، نەک ئەوە کە پێبگەن و بیانەوێت لە زەوی بمێننەوە. خۆر کە ئەم خاڵ و سرنجانەی لە لادا دروست دەبێت، پڕی دەکات و سەری خوار دەکات. ئەوەی کە دەیەوێت پێی دەدات و بۆ ژینگەی سەرەتای خۆی بە وشکی و زەردی دەیچەمێنێتەوە.

کاتێک کە دانی گوڵەبەڕۆژە لە تەڕی پڕ بوو، ئەو کاتەیە کە ئەزانێت و تێدەگات. ئەو کاتەی کە تیشک و ڕووناکی خەست و پەتی زۆر سەر و بەری پێگەیاند، ئیتر

ئەو کاتە سەر بۆ خاک و سوجدە دەبات. خۆر کە ئەزانێت گوڵی گوڵەبەرۆژە لە کۆتایی و پڕی گەیشتووە بەو ڕادە کە چوون و گەردش و سووڕانی بۆ یەک ڕوو و خاک بەرێت، وشکی دەکات و چەماوە دەیبەستێتەوە.

کاتێک کە گوڵی گوڵەبەڕۆژە بێمنەت خاکی دەبەستەوە و خۆی و خاکی وشک دەکرد و ملی بەرز دەکرد و دەچوو، خۆر پێی ناخۆش بوو، بۆیە خۆر ئەو گوڵە پڕ دەکات و وشکی دەکات و سەروملی لەیەک حاڵەت خوار دەکات و هەروەها ڕایدەگرێت. لە کۆتایی گوڵی گوڵەبەڕۆژە دەیەوێت کە سەری پڕی بگەیەنێتە خاک، بەو مانا کە سوجدە ببات، بەڵام خۆر ناهێڵێت کە گوڵی گوڵەبەڕۆژە سوجدە بۆ خاک ببات و دەیچەمێنێت و وشکی دەکات، بۆ ئەوەی کە ببێتە پەند و عیبرەت بۆ ئەوانەی کە دەچن و لا لە دواوەی خۆیان ناکەن و خاک و خۆیان بۆ خواستی خۆیان وشک دەکەنەوە. نە دڵیان بە خاک خۆشە وە نە دەیانەوێت کە بگەن بە خۆر!.

کەسانێک وەک گوڵی گوڵەبەڕۆژە بۆ ئەوەی کە بگەن بە کان و سەرچاوەی ناسین و ڕووناکی، زۆر و زوو و فرە و فراوان پەلاماری هەر لایەک دەدەن و دەسووڕێن و گەدرش دەکەن و دەگەڕێن و لەبەر پڕ کردنی دەروونی خۆیان ئاگایان لە کەس نامێنێت و ڕوویان لە کەس ناکەن و ئەوەندە شەیدایی و پەرێشانی دەیانگرێت، خۆیان وەک خۆر و خوا دەنوێنن و پیشان دەدەن. خوای گەورە دەست و دەم و سینگی هەرکەس پڕ دەکات، لەگەڵ ئەوەدا سەری بۆ خاک و خۆڵ شۆڕ دەکاتەوە. وشکیان دەکاتەوە لە نیوەدا، لەبەر ئەوەی کە نایەوێت سەریان بە خاک و خۆڵ بگات. کاتێک کە ئاوەها توند و لە خۆدا و بۆ خۆ بڕۆیت، ئەوە شایستەی ئەوە دەبێت کە وشک بکرێت و ببەسترێتەوە، بە جۆرێک کە سەرەوخوار وشک ببێت و سەری بە سوجدەگا نەگات!.

## حوشتر و بزن لە ژیانی ناوەوە و دەرەوەی لەشدا

أفلا ينظرون الى الابل كيف خلقت(غاشيه١٧)

وشتر لە کوێ ئەژی؟ وشتر لە دەروونی خۆی ئەژی، لە بیابان ناژێت.

وشتر یان حوشتر ئاژەڵێکە کە وەک گەنم و قەزوان ڕۆحانیەتێکی تێدایە. سروشتی حوشتر بە پێچەوانەی بزن و هەڵۆ و مار کە لە دەرەوەی پێستی خۆیان دەژین، لە ناوەوەی خۆی دەژی. لێرە دەمەوێت باسی دوو شێوەی ژیان بە هاوکاری ئاژەڵەکان بکەم، بۆ ئەوەی کە ببێتە زەمینە بۆ باسێکی گرنگ سەبارەت بە ژیانی من.

حوشتر ئاژەڵێکە کۆیەک تایبەتمەندی هەیە کە لە ئاژەڵەکانی تر جیای دەکاتەوە. یەکەم باسی ئاکاری حوشتر دەکەم. هەروەک قەزوان کە لە بن دەستی مرۆڤ دەنگ و تەقە ناکات، هەروەها حوشتر لە بەردەستی مرۆڤ زۆر ئارام و خاوەن سەبر و لێبووردنە. سەختی و تاقەت و لێخۆشبوونی حوشتر جێگەی ستایشە. حوشتر وێنەی ئاژەڵێکی تێگەیشتوو و خاوەن هەستی دوای بیر کردنی زۆرە!.

حوشتر لەشێکی بەرگر و پتەو و خاوەن ڕەسەنایەتی هەیە. بە شیر و میز و پێست و گۆشت و ئێسکی، چاکە و خێری زۆری هەیە. حوشتر لە بیابان وەک کەشتیەک لە دەریایە. کەشتی لە دەریا گوزەر دەکات، هەروەها حوشتر لە دەروونی خۆی دەژی و لە بیابان گوزەر دەکات. حوشتر ئاژەڵێکە کە وەک بزن نیە هەردەم هەڵچوون و سەرەگرەی زۆری هەبێت و بە سروشتی خۆی مل بنێت و بچێت. حوشتر ئەزانێت کە خوای مەزن لە زەوی دەستی ناوی خۆی کردووە و کاری ئەوەیە کە نموونەیەکی خوایی بێت و هیچی تر نەبێت!!.

بیابان حوشتری دروست کرد یان حوشتر بیابانی دروست کرد!؟.

کاتێک کە لە دەرەوەی من ژیانێک نیە، ئەوە من لە ناوەوەی خۆم زەمینەی ژیان دروست دەکەم و هەوڵ دەدەم کە بەشەکانی لەشم بۆ گوزەرێکی سەخت و دژوار ڕابهێنم. لە بیرمە کە لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری وەک داڵەکەرخۆرەیەکی پیر و برسی کە لەسەر لاشەیەکی تۆپیوە، لەسەر کتێبێک بووم. هەروەک داڵەکەرخۆرە کە چەند دنووک لێدەدات و سەربەرز دەکاتەوە و بە ترس و پرسەوە سەیری دەوروبەری دەکات، هەروەها هەست و بیر منی دەگرت و منی برد بۆ ئەوە کە من ڕێگە و چوونێکی دژوارم لە پێشە و دەبێت کە خۆمی بۆ ڕابهێنم. ڕاهێنانی من هیچ نەخشە و ئەدەبێکی تایبەتی نەبوو. زۆرم پەلە هەبوو بۆ ئەوەی کە خۆم و دەروونم بۆ ڕاستی بگرمەوە و ئامادەی بکەم.

لە ئەدەبی ئیسلامی کۆیەک نەسیحەت و قسە هەیە بۆ ئەوەی کە موسوڵمان لە زەوی پارێز بکات و تووشی کێشە نەبێت، لەوانە رۆژووی دووشەمە و پێنج شەمەیە، هەروەها نوێژی شەو و خوێندنی قورئان لە خەڵوەت و دانیشتن. من لەوە زیاتر دەچووم و بیر و مێشکم دەچوو بۆ شتانێک کە سەروبەر و ڕەسەنایەتی نەبوو. چیرۆکێک دەگێڕمەوە کە بووە هۆی کاریگەری لە من:

ڕۆژێک لە ئاوایی لە ماڵی باپیرم بووم، میوانیان هاتبوو. شێخ ئسماعیل و دەروێشەکانی بوون. ماڵی باوام خەڵکی زۆری لێ بوو. ژن و پیاوی پیری زۆر لەوێ بوون. خەریکی قسە و باس بوون و زۆریان پێ خۆشبوو کە شێخ لەوێیە. من و داپیرم و میمکم و چەند ژنێک و چەند پیاوێکی تر لە هەیوانەکە دانیشتبووین. چەند دەروێشێکی گەنج و جوان بە تەسبیحەوە خەریکی زکر و یادی خوا بوون. تازە دەروێش بوون، بە ڕوومەت و شەرم و حەیای دەم و چاویان دیار بوو.

کاتی خواردنی نیوەڕۆ سفرە و چێشت و گۆشتی زۆریان ئامادە کرد. منیش خەریکی بەردەستی و هات و چۆ بووم. زۆرم پێخۆش بوو. شێخ و مەلا عەلی و دەستەیەک پیاو و ژن لە ژووری دانیشتن سفرەیان بۆ داخرا و خەریکی خواردن بوون. دەستەیەکی تر لە دەروێشەکان و ژنەکان و پیاوە پیرەکان لە هەیوانەکە سفرەیان بۆ داخرا. لە نێو ئەوانە کوڕێکی تازە دەروێش هەبوو کە گۆشت و برنجی نەدەخوارد. داپیرم و ژن و پیاوەکان کە ئەویان نەدەناسی پرسیاریان لێ کرد و بۆیان سەیر بوو، وتیان بۆ ناخۆی لە کیست دەچێت!؟. کوڕی گەنج باسی خۆی کرد کە شەوێک خەونی بینیوە و لەو خەونە کەسێک وتوویە کە ئیتر خواردن مەخۆ و بەس نان و چای شیرین بخۆ!.

کوڕە تازە دەروێشەکە نان و چای شیرینی دەخوارد. منیش زۆر سەیرم لێهات و لە خۆم پرسیارم دەکرد، کە ئەمە لە چ کەش و دونیایەک دەژی و ناوەوەی چ باس و خەبەرێکە کە ئاوەها دەستی لە ڕانە مریشکی سەر سفرە شەرم دەکات!؟.

لە دەورانی حوجرە کە بە دوای خاوێن کردن و پاک بوونی لەش و هۆشی خۆم دەگەڕام، بیری ئەو کوڕە تازە دەروێشە کەوتم و کردم بە نموونەیەک و منیش ئیتر نان و چایی شیرینم دەخوارد، بۆ ئەوەی کە لەشم و هۆشم بە برسیەتی و سەختی ڕابهێنم و نەفس و دەروونی زاڵم و دونیادۆستی خۆم بکوژم. بۆ ماوەی زیاتر لە

دوازده ڕۆژ نان و چاییم دەخوارد و دووریم دەکرد لە سەرسفرە و قسە و باسی فەقێکانی تر.

سەرەتا نە بیابان هەبوو وە نە حوشتر هەبوو، کە بیابان وردە وردە دروست دەبوو، حوشتریش وردە وردە دروست دەبوو و بۆ بیابان ئامادە دەکرا! حوشتر ئاژەڵێکی ئازاد و نەرم و سەبوور و خۆڕاگرە، خۆی دەستی مرۆڤ کرد بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە سەختی و دژواری گوزەر پێبدات. نە حوشتر بیابانی دروست کرد وە نە بیابان حوشتری دروست کرد، ناوەکان ناو لەگەڵ خۆیان دەهێننە بەر و بەرهەمەوە.

کاتێک کە من ژیانم دەست پێکرد، دەروونم وەک هومار و کانێک بۆ پێداویستیەکان بوونی نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە پێم گرت و چاوم کردەوە و لە کۆڵانەکانی کەمپی ئاڵتاش دەسووڕامەوە، وردە وردە زەمینەی ئەوەم تێکەوت کە وەک حوشتر دەروونی خۆم بکەم بە شوێن و ژینگەی ڕاگرتنی پێداویستیەکانی ژیانی سەختی سەرزوەی. کاتێک کە من لە شارەکانی ئێران بۆ ناسین گەڕام، گەیشتم بەوە ژیان لە ئێران و گەڕان بۆ زانست وەک گوزەر لە بیابانێکە نە زانای تێدایە وە نە ژینگەی زانست و ناسینە، بەس ستەم و هەژاری و سەختی و بێکەسی و مانەوە و داماویمان بۆ مایەوە. ئەو سەفەرە وای کرد کە ئێران بە بیابانێک بزانم، دەبوو کە ببم بە حوشتر لەو بیابانە. کاتێک کە چووم بۆ زانکۆی سەلاحەدین لە بیابان خراپتر بوو، دڕک و داڵی بۆ خواردن نەبوو، زۆر بە سەختی و دژواری لەو دەورە چوار ساڵە گوزەرم کرد. ئەو کاتە ئیتر وردە وردە خۆم لە دەروونی خۆمدا دەژیام و زەمینەی ئەوەم بۆ خۆم خۆش کرد کە نەک لە ئێران بەڵکو لە زەوی دەبێت وەک حوشتر لە دەروونی خۆمدا بژیم. لەبەر ئەوەی کە زەوی وەک بیابان وشک و ڕەقە و هیچ ئومێد بە ژیان و مانەوەی تێدا نابینم.

لە وڵاتی ئینگلیس کە بە ناوەندی دونیا نوێ و کەرامەت و ڕێز و خۆشەویستی و مافی مرۆڤ ناسیاوە، بە پێچەوانە بوو. ئەو دۆستانەش کە لە کوردستان هەمبوو لە ئینگلیس لە کیسم چوون. ژینگە و ژیانی ئینگلیس گوشار و سەختی دروست دەکات و دۆست و دوژمن لە یەکدی دوور دەکاتەوە. ئیتر وەک حوشتر کە گوێ و دەم و چاو و لووتی بۆ بیابان بە ئاسان ناکرێتەوە، ئاوەها منیش خۆم بە ڕووی ئەم بیابانانەوە بەستەوە و بە خواستی خوای گەورە زۆر بە سەختی چاوی جوانی خۆمیان لێدەکەمەوە. ئەزانم کە ئەم دونیا گەر چاوی لێبکەیتەوە خۆڵ و تۆز و تەم

و لێڵی دروست دەکات. وەک حوشتر لە دەروونی خۆم دەژیم تا ئەو ڕۆژەی کە دیاری کراوە. ئەو عەباسەی کە لە کەمپی ئاڵتاش بە جوانی و ناسکی هاتە دونیاوە، کەوتە ژێر گەمارۆی تۆز و خۆڵی بیابانەکانی عێراقەوە، بەیانان چاو و گوێم دەبەسترا و کپ بوو. لووتمان پڕ لە پیسی و دەرد بوو. ئەم دەورانە بە منیان وت کە زەوی چ عێراق و چ ئێران وە چ ئینگلیس بێت، وەک بیابانێکە و هی ئەوە نیە ژیانی تێدا بکرێت، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤی والاّ و بڵند و پیرۆزیان تێدا کەم و دنکەیە. دەبێت کە دەم و چاو و گوێی لێ دابخەیت و لە دەروون یاد و زکری خوا بکرێت.

کەسانێک لە ناوەکان لە ژیانیان وەک حوشتر ژیانیان کرد، بە بێ ئەوەی کە سقە و سەقامی خۆیام لەسەر ئەوانی تر دابنێن، لەسەر پێ و ئەژنۆی خۆیان ناوەڕۆکێکی پەتی و پتەویان دروست کرد کە هەردەم تەوانی ئەوەی هەیە لەگەڵ گەرما و گڕ و مەینەت و نەهامەتی دەرەوە سازگاری هەبێت و لەهەر کەشێکدا خۆڕاگری و خۆبەری هەبێت. ئەو ناوانە کە ئاوەها بوون هەرچیان لێبکەوێتەوە و لە هەرچی نزیک ببنەوە، خێر و خۆشی دەخەنەوە. ئەو کەسانە لەهەر وشکی و سەختیەک کە گوزەر دەکەن، خۆیانی پێ ئاوەدان و نەرم دەکەن.

بە پێچەوانەی حوشتری دەرووندار و خاوەن هومار و کانی ئاو و شیر و چەوری و سەبر و سقە و سەقام، بزن و مار و هەڵۆ هیچ هومار و کان و دەروونێکیان نیە. بۆیە ئاوەها هەردەم نیگەران و لە هەڵچوونن و بە دوای تەنیایی و سەرەڕەوی دەگەڕێن.

ئایا ئێوە سەیری دەمی بزنتان کردووە کاتێک کە دڕک و داڵ دەخوات!؟. بزن کاتێک کە بە دەمی دڕک دەخوات، وەک ئەوەیە کە دەیەوێت خۆی بۆ سەختی و وشکی ئامادە بکات، وەک ئەوە کە ئەو دەمە بۆ خواردنی دڕک و زەردەسیری[8] نیە. بە پێچەوانەی بزن، حوشتر مامۆستای سەختی و خواردنی گیای کۆن و دڕکی سەختی بیابانە. حوشتر دەم و دەروونی بۆ سەختی و وشکی و تەنیایی ڕاهاتووە. حوشتر مامۆستای ئەوەیە کە چۆن سەختی و دڕک و وشکی و تەنیایی بکاتە نەرمی و لێبوردن و تێکەڵ بوون. حوشتر و هەنجیر ناویان لە یەکدی نزیکە!.

حوشتر هەڵچوون و داچوونێکی هەیە کە خاوەن بیر و هەست و لێکدانی قورسە، دڕک و گژ و گیای وشک دەکاتە نەرمی و چەوری، بەڵام بزن بە پێچەوانەوە هەر بە

[8] _ زەردەسیری ناوی گیایەکی هاوینەیە کە لە ناوچەکانی گەرمەسێر گەشە دەکات. ئەم گیایە وشک و زەردە و دڕکێکی نەرمی پێوەیە.

دوای هەڵچوون و گرژیە، دڕک و داڵی وشک بۆ وشککردنی خۆی بەکار دەبات. بزن گەر بۆی بکرێت هەر هەموو گۆشتی لەشی دەکاتە ئێسک، لەبەر ئەوەی کە دەیەوێت سەخت و چیڕ بێت. بزن بە خوێ و گەڵای بەڕوو، گۆشتی چیڕ دەکات و چەوریەکانی لەشی دەتاوێنێتەوە و هەرهەموو وزەی دەخاتەسەر ئەوە کە پێست و مو و شاخی قایم بکات و ڕاییگرێت. بزن لەوە نەزانە کە نەرمی و گەرمی و بەری ناوەوەی حوشتر هاتوو لە سەختی و سفتیەکی گەورەترە!. حوشتر لە سەرەتاوە ئاژەڵێکی زۆر نەرم و جوان و ڕەنگین بوو، هیچ دەشت و دەرێکی نەبینی کە حورمەتی جوانی و ڕەنگی بگرێت و شنە بای لێنەکات بە تۆفان و تیشکی لێ نەکاتە ئاگر!. هەرچی لە زەوی دەچوو، دەگەڕا کە سەرما و گەرما و تەم و تەپ و تۆز لێی نەبێتە کێشە، نەیدۆزیەوە و نەیتوانی کەش و هەوایەک بۆ ژیان و ئاسایشی خۆی بدۆزێتەوە. هیچ کەش و هەوایەک نەبوو کە تەوانی باری هەست و هەناسەکانی حوشتری هەبێت، بۆیە گەیشت بەوە کە دونیا و زەوی، سەرما و گەرما و کەش و هەوای زۆر جیاوازی و جۆرواجۆری هەیە، شوێن نیە کە ئەو تێدا ئارام بگرێت، بۆیە بڕیاریدا کە دەروونی خۆی بۆ وشکی و گەرمی و برسیەتی و تینوویەتی و هەرچی سەختیە ئامادە بکات. خۆی لە بیابان دا و سەروچاو و گوێی خۆی بەست و چووە ناوەوەی خۆیەوە!.

من ئەو مرۆڤە جوان و ڕەنگینە بووم کە بە جوانی هاتمە دونیا و ڕوومەتم خۆشویسترا، بەڵام ستەمی بەعس و فارس و ئنگلیز وای کرد کە ڕوومەت و سەروچاوم توشی لێدان و ماندوویەتی بێت، ئەمە کارێکی کرد کە من لە جوانی دەرەوە و ڕەنگینی دەرەوەم زەمینەوەی ئەوەم تێدا دروست بێت کە بڕۆمە ناوەوەی خۆم، ئیتر باری دەروون و ڕازاندنی ناوەوەی خۆم جێگەی جوانی و ڕازانەوەی دەرەوەمی گرتەوە.

ئایا ئێوە ئەزانن کە بۆ فروغی فەڕوخزاد فیلمی ماڵی ڕەشی دروست کرد!؟. فروغ شاعیری نەیلەبەک و ماچ و تەنیایی بوو، هەستەکانی دونیایەکی دەویست کە هیچ ناشیرینی و گرژی و تاڵیەکی تێدا نەبێت، نەیزانی کە مرۆڤ هەیە کە نەخۆشی پیسی وای لێیان کردووە کە ڕوومەتیان ئیتر و هەرگیز بۆ ماچ و ناز کردن نابێت!!.

سەرەتای فروغ وەک سەرەتای حوشتر بوو، بۆ دونیایەک دەگەڕا کە هیچ شنە بایەک لێی توند نەبێت و هیچ تیشکی خۆرێک لێی گڕ هەڵنەسێنێت. فروغ ئەو

دونیایەی نەدۆزیەوە و بەدەستی نەکەوت، نەیتوانی کە وەک حوشتر بگات بە دەروونی خۆی.

لەوە دڵنیا بن کە ئەگەر لەم دونیا شنە بایەک نەبێت بۆ ڕوومەتی ئێوە، ئەوە دەتوانن کە شنەیەک لە دەروونی خۆتان دروست بکەن کە هەردەم لێی ڕازی و خۆشحاڵ بن.

کەس چیرۆکی حوشتری بۆ فروغ باس نەکردبوو، لە ڕاستیشدا شایستەی بوو کە نەیزانێت. نیچەش کە باسی حوشتر دەکات وەک نەزانێک باسی دەکات، نیچە وەک مار و بزن کە دەروونیان نیە و هەردەم بۆ ناو و دەروونێک دەگەڕێن کە خۆیانی تێدا بکەن، هەروەها نیچەش دەروونی نەبوو، گەر هەیبایەت بە گژی سالۆمە و عیسادا نەدەچووە و خۆی نەدەکردە باوەش و ناوەوەی ناوی زەردەشتەوە.

لەوە دڵنیا بن کە حوشتر ڕۆژێک لە دەروونی خۆی دێتە دەرەوە و سەرەتای جوانی خۆی بۆ هەموو دەردەخات و ئەبێتە هۆی ئەوە کە زۆر کەس و ناکەس زانست و ژیریان پێبگات کە ژیانی زەوی چ مانا و بەهایەکی هەیە!؟.

واللە خیر الماکرین

## دەست و وشە لە وەشاندندا

من دەست و وشەم لێوەشاوە:

وشەی دەست وەشاندن یان کەسێک کە دەستی لێوەشێنراوە، مەبەست ئەو کەسەیە کە بە هۆی جنۆکە و شەیاتین تووشی لێدان بووە. وردتر دەبم لەسەر ئەوەی کە لێدان و دەست وەشاندن چۆنە!؟.

زاناکان و حەکیمەکانی زانستی ئیسلامی لەسەر دەست و ڕادەی چوونی شەیتان بۆ دەروونی مرۆڤ یەک قسەیان نیە، بەڵکو قسەی هەر دەستەیەکیان وەک دەروێش کە لە دەوری شێخن، هەروەها ئەوانەش هەر یەکەیان لە دەوری دەستە ڕستەیەک دەف و دایرەیان پێ کردووە و لە دونیای خۆیانن. دەروێش کە حاڵی لێ هات ئیتر هی ئەوە نیە قسەی لەگەڵ بکرێت!.

چەند ئایەتی قورئانی پیرۆز دەهێنم بۆ ئەوەی کە بزانین دەستی جنۆکە و شەیتان تا کوێ دەچێتە نێو لەش و هۆشی مرۆڤیەوە.

ولقد خلقنا السماوات و الارض و ما بينهما فى ستة ايام و ما مسنا من لغوب( ق ٣٨)

اذا مسه الشر جزوعا و اذا مسه الخير منوعا(معارج ٢٠_٢١)

و ايوب اذ نادى ربه انى مسنى الضر و انت ارحم الرحمين(انبياء ٨٣)

و اذا مس الانسان الضر دعانا(يونس ١٢)

قال ابشرتمونى على ان مسنى الكبر فبم تبشرون(حجر ٥٤)

لا يمسه الا المطهرون(واقعه ٧٩)

و ان يمسسک الله بضر فلا کاشف له الا هو و ان يمسسک بخير فهو على كل شىء قدير(انعام ١٧)

يوم يسبحون فى النار على وجوههم ذوقوا مس سقر(قمر ٤٨)

قالت ربى انى يكون لى ولد و لم يمسسنى بشر(آل عمران ٤٧)

واذكر عبدنا أيوب اذ نادى ربه انى مسنى الشيطن بنصب و عذاب(ص ٤١)

الذين يأكلون الربا لا يقومون الا كما يقوم الذى يتخبطه الشيطان من المس(بقرة ٢٧٥)

ان الذين اتقوا اذا مسهم طائف من الشياطين تذكروا فاذا هم مبصرون( اعراف ٢٠١)

گەر سرنج لە ئەو ئایەتە پیرۆزانە بدەن وشەی (مس) لەهەر شوێنێک بە مانا و بەها و دەورێک دامەزراوە. کاتێک کە ئەیوب دەفەرمێت (مسنى الضر) مەبەستی ئەوەیە کە سەختی و دەرد و ناڕەحەتی منی گرتووەتەوە. کاتێک کە پەیامهێنەری خوا ئیبراهیم دەفەرمێت (مسنى الكبر) مەبەستی ئەوەیە کە پیری گرتوویە. کاتێک کە مریەمی دایکی عیسای پەیامهێنەر دەفەرمێت (لم یمسسنى بشر) مەبەستی ئەوەیە کە ئاوی هیچ پیاوێک تێمنەکراوە.

گەر سرنج بدەن وشەی (مس) لەهەر ئایەتێک و لە زوبانی هەرکام لەو خۆشەویستانە ئاماژە بە ڕادەیەک چوونی دەرد و پیری و تۆی پیاو دەکات. کاتێک کە ئیبراهیم دەفەرمێت پیری منی گرتووە، باس لە سەرجەم بونیادی دەکات، تەنیا باس لە هێز و وزەی جنسی نیە.

چوونی شەیتان تەنیا چوونە ناوەوەی لەش نیە، بەڵکو جاری وا کارێک دەکات کە تۆ دەچیتە ناوەوەی. مەبەستی من ئەوەیە کە بڵێم (مس) یەک شێوەی نیە. کەسانێک هیپنۆتیزم دەکرێن، مرۆڤ مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی، ئەمە لە کاتێکە کە چوونی ئەو کەسە بە لەش نیە، بەڵکو بە وشەکانە.

کێشە و پرس ئەوەیە کە ڕادەی چوون چەندەیە و چۆن بزانین کە چەندەی گرتووەتەوە !؟.

لە قورئانی پیرۆز هاتووە: و انا لمسنا السماء فوجدنها ملئت حرسا شدیدا و شهبا(الجن٨) هەروەها هاتووە: او لامستم النساء(النساء٤٣) لێرە باس لە وشەی (لمس) دەکات. لە ئایەتی ٨ ی سوورەتی (الجن) جنۆکەکان باسی خۆیان دەکەن کە چوونەتە ئاسمان و گەڕاون. جنۆکەکان هێزی چوون و گەڕانیان لە ئاسمان هەیە. بەڵام لە ئایەتی چل و سێی سوورەتی (النساء) باسی لەمسی ژن لە لایەن پیاوەوە دەکات. خوای گەورە شەرم و ئەدەب بە جێ دەگەیەنێت لە پەیوەندی ژن و پیاو. وشەی لەمس بە کار دەبات، وەک ئەوە کە ژن و پیاو دەست بە لەشی یەک بدەن، لە کاتێک کە لەو شوێنە مەبەست دەست نیە، بەڵکو باسی چێژ و پەیدەندی شەرمی پیاو و ژنە. بۆ نموونە کەسێک کە دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵ و کچی خەڵک، چەند وشەی بۆ بەکار دەبەن، باسی لاقە کردن و دەستدرێژی دەکەن. لاقە کردن مانای زۆر لە خۆی دەگرێت، هەر لە دەست پێوەدان بگرە تا بگاتە بڕین و کوشتن. کاتێک کە ئێژن فلان کەس لاقەی منداڵی خەڵکی کردووە، مەبەستیان ئەوەیە کە بگەیەنێت بە زۆر دەستدرێژی لەسەر لەشی کردووە. بەڵام شەرم و حەیا لە ئەدەبی خوا و مرۆڤ هەیە و باسی ئەو وشەیە ناکرێت و بە وشەیەکی تر باسی دەکەن، بۆیە دەڵێن فلان کەس لاقەی منداڵێکی کردووە.

لە ئایەتی ٦ سوورەتی مائیدە دەفەرمێت: و امسحوا برءوسکم و ارجلکم الی الکعبین. لێرە (مسح) بە مانای سڕین بۆ پاک کردن دێت، دەست بەسەر پێست و سەر دێت.

لم يطمثهن انس قبلهم و لا جان(الرحمان ٧٤) ئەم ئایەتە ئاماژە بە وشەی (طمث) دەکات کە بۆ ژن و خوێن لێبەربوونی ژن بەکار دەچێت. خودی وشەکان فروانی و ناوەڕۆکی خۆیان هەیە، وشەی (مس) لە وشەی (طمث) فروانتر و کاراترە.

وشەکانی (مس و لمس و مسح و طمث) لە قورئان شوێن و ڕێگە و چوونی خۆی هەیە. هەوڵی ئەوە دەدەم کە کار کردن لەسەر وشەکان من بە خۆیەوە خەریک نەکات. کەسێک کە ئەدەبی هەستی بن ڕستەکانی قورئان بزانێت، دەتوانێت کە بزانێت مەبەست چیە؟.

" من لە لایەن خاوەن دەستەکانەوە دەست و وشەم لێوەشاوە."

من لە لایەن خوا و شەیتانەوە دەست و وشەم لێوەشاوە. ڕادە و چۆنیەتی و چەندیەتی چوونی ئەو دەست و وشانە لە ژیانی من زۆر فرە و قووڵ و قایمە. هەرچۆن کە شەیتان مرۆڤ مەس دەکات، خوای گەورەش بە خواستی خۆی مرۆڤ مەس دەکات و دەستی پتەوی لێ دەوەشێنێت. کەسێک کە مەس کراوە یان دەست و وشەی لێ وەشاوە، پەیوەند بەوەیە کە ئەو کەسە کێیە کە دەست یان وشەی لێ وەشاندەووە !؟.

مەس یان دەست و وشە وەشاندن دەتوانێت کە بە کردەیەکی نەرم و شیرین یان بە کوت و پڕ و لە ناکاوە بێت. قورئان منی مەس کردووە. قورئان دەستی لە من وەشاندووە. ئەمە مانای ئەوەیە کە من لە شەڕ و کێشە و گرفتێکی گەورە و مەزندام.

وما أرسلنا من قبلك من رسول ولا نبي إلا إذا تمنى ألقى الشيطان في أمنيته فينسخ الله ما يلقي الشيطان ثم يحكم الله آياته والله عليم حكيم(الحديد ٥٢)

دڵی مرۆڤ وەک گۆمێک ئاوە، هەرکەس و هەرئاژەڵێک دەتوانێت خۆی تێبخزێنێت. جار بە جار لە ژووری دانیشتن بە خەیاڵێکی نەرمەوە خەریک دەبووم و هەستێکی زۆر ئارامم هەبوو. لە ناکاوە وشەیەک یان چەند وشە دەکەوتنە ناو دڵم و دەنگێکیان دروست دەکرد. ئایا ئێوە لەسەر ئەو پردانە گوزەرتان کردووە کە ڕووبارێک بە ئارامی لە بنەوەی گوزەر دەکات؟ ئێوەش حەزتان کردووە کە بەردێک بخەنە ناو ئاوی ڕووبارەکە. دەنگێکی زەق و دیار لە ئاوەکە دێت. یان بەردتان خستووە نێو چاڵێکی ئاو!؟ دەنگێکی لێوە دروست دەبێت. زۆرجار کە خەم و خەیاڵ

و بیر و ژیر منیان بە خۆیەوە خەریک دەکرد، وردە وشە و هزر و هەست وەک وردە بەرد دەکەوتنە ناو دڵی منەوە، بە دڵنیاییی ئەوە یەکێک ئەو وشانەی وەک بەردێک خستووە ناو گۆمی دڵی منەوە. لە ئەدەبی مرۆڤی و دینی، لە ئەدەبی فارسی و کوردی و عەرەبی چەند وشەیەک بۆ ئەو جۆرە وشانە کە وەک بەرد بە دەستێکەوە دەوەشێنرێن هەیە، وەک ( ئیلقا کردن، ئیلهام کردن، وەحی کردن) ئەم وشانە ڕیشەی عەرەبی ئیسلامی هەیە. لە قورئانی پیرۆز هاتووە: انا سنلقی علیک قولا ثقیلا(المزمل ٥) وشەی ئیلقا کردن وشەیەکی فراوانترە لە وشەی وەحی کرد. ئێمە لە هەر حاڵەتێک یەک شتمان دەوێت، ئەوەش ئەوەیە کە ئەو کەسە یان لایەنە کە ئیلقا یان ئیلهام یان وەحی دەکات، دەست و مەبەستی دیار بێت. بەو مانا کە بناسرێت و بزانرێت کە کێیە و چی دەوێت؟. شێوەی ئیلقا و وەحی و ئیلهام کردن ڕوویەکی دیاری نیە، تەنیا پەیامهێنەرەکان دەتوانن کە هەست و نەستی پشتەوەی وەحی و ئیلقا کردن بزانن و بناسن. لەبەر ئەوەی پرسیار دروست دەبێت: ئایا ئیلقا و وەحی دەنگی پێوەیە یان بە وێنەیە؟ ئایا بە دەنگ یان بینینێکی دەروونیە یان بیروونی؟.

لەگەڵ ئەوەدا لە قورئان ئاماژە بە شێوەیەک دەکات کە زاناکانی موسوڵمان نە هەستیان پێکردووە وە نە قبووڵیشی دەکەن، ئەویش بە کاربردنی وشەی (طائف) لە قورئانە. ان الذین اتقوا اذا مسهم طائف من الشیطان تذکروا فاذا هم مبصرون(الاعراف ٢٠١) ئەم وشەیە زۆر وشەی چالاک بە دوای خۆی دروست دەکات، وەک (طوفان، طواف، اطیاف). (طوفان) بە ئاو و بایەک دەڵێن کە قەسد و مەبەستی کوێرکەری هەبێت. (طواف) لە ئەدەبی ئیسلامی بە گەردش و سووڕان بە دەوری ماڵی خوادا دەڵێن. (اطیاف) یان (طیف) لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی بۆ ڕەنگەکان و بزووتنەوەکان و شەپۆلێک(موج) ێکی فراوانی بیر و هەستەکان بە کارچووە.

بۆ نموونە کەرێک لە ناکاوە دە کەمتار بۆی دەچێت، کەمتارەکان لە دەوروپلی دەسووڕێنەوە و هەردەمێک یەکێکیان چنگێکی بۆ دەبات. هەروەها کاتێک کە دەمەوێت وێنەیەکی دیار لە ئیلقا کردن و دەست وەشاندن دروست بکەم، ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کە وشەی (طائف) دەستەیەک لە دەوری کەسێک دەسووڕێنەوە و هەرتاوێک پەلاماری دەدەن.

لە قورئان هاتووە کە ئەگەر دەتانەوێت قورئان بخوێنن، پەنا بە خوای گەورە بەرن، نموونەی ئەم ئایەتە وەک ئەوەیە کە پاشایەک بە میوانەکەی ئێژێت: هەرکات هاتیتە ناو کۆشکەکەی من با خەنجەرت ئامادە بە دەستەوە بێت!. ئەمە بیر و هزری من دەگەزێت، پرسیارم بۆ دروست دەبێت: ئەو قسەی پاشایە چ مانایەکی هەیە؟ ئەگەر کۆشک هی خۆیە و پاسەوانی هەیە، ئیتر بۆ ئاوەها بە میوانەکانی ئێژێت!؟. نەک تەنیا بۆ خوێندنی قورئان بەڵکو زۆر لە قورئان و سوونەتی موحەممەدی خۆشەویست هاتووە کە پەنا بە ناوی خوای گەورە بەرن، بە کۆ بڕۆن، کۆمەڵ(الجماعة) بپارێزن، قسە کردن و ڕێ کردنتان کەم و کورت بێت، وە گەلێکی زۆری تر لەو جۆرە ئامۆژگاریانە.

سرنجتان لە ژنێک داوە کە منداڵی لە سکە، سرنجتان لەوە داوە کە ژن منداڵی دەبێت، کە منداڵەکەی بوو، ئیتر دەبێت ژنێک یان چەند ژن ئاگایان لەو منداڵە بێت!؟ مرۆڤ لای خوا و شەیتان وەک منداڵێکە کە دەبێت لە باوەش و ناودەست بگیردرێت. هەرچرکە و هەرسات و کات، وە لەهەر دەرفەتێک کە مرۆڤ خوای لە بیر کرد، شەیتان پەلاماری دەدات. شەیتان ئەتوانێت کە وەحی بکات. لەگەڵ ئەوەدا ئیلقا کردن وشەیەکی فراوانترە. وەحی کردن شێوەیەکی ئیلقا کردنە. شەیتان یان ئەو کەسانەی کە بیانەوێت پڕ و پتەو کاری خۆیان بکەن، دەم و وشە دەرناخەن، بەڵکو فڕێی دەدەن و دەیهاوێژێن.

ئایا ئێوە سرنجتان لە پرتەی چاوی خۆتان داوە!؟ شێوەی کاری هزر و هەست وەک پرتەی چاوە، هەر پرتەیەک سەربەخۆیە، کەوایە هەر هزر و هەستێک سەربەخۆیە و دەتوانرێت کە خاوەنداری بکرێت. جارێک بیرم لای سەید قوتب بوو، کە چاوم پرتان، بیرم چوو بۆ لای سادقی هیدایەت، کە بیرم لە سادق کرد، لە پرتەی چوارەم بیرم چوو بۆ لای کافکا، لە پرتەی پێنجەم وشەی (مسخ) خۆی لەسەر سەرم دەرخست، لە پرتەی شەشەم هەست و بیرم تووڕە و تێکەڵ ئەم قسەیانە دەرخست: ئەدیبان و خاوەن بیر و نووسینەکان لە بەها و دەوری وشەی (مسخ) ئاگادار نین.

کەسێک کە تیرێک دەهاوێژێت بەرەو ئاسمانەوە، تیرەکەی کەوانەیی دەچێت و لە خاڵێک دەداتە سەر زەویدا. ئاسمان یان کەشی ژیانی هەست و ئەندیشەی هەر مرۆڤێکی بیرمەند ئەوەندەی ئەو کەوانەیە کە تیر و کەوانەکەی دروستی دەکات.

هەروەها بیرمەندان و نووسەران لە کەوانەیەک دەژین کە تیر و کەوانی هزر و هەستیان دروستی دەکات.

گەر سرنجتان دابێت، لە یەکەم پرتە کە ناوی سەید قوتب بوو، جووڵەی کرد و گەیشتە تیر و کەوان. بۆیە ئێژم هەر ناوێک ناو دروست دەکات، ناو ناو دەبات، یەک پرتە کە وشەیەکی هەڵەی دروست کرد، هەست و هزر و دەستە وشەیەکی تر دروست دەکات.

لە نەخۆشیەکان چاو(بینین) ئەوەیە کە زوو شل دەبێت. کەسێک چاوی لەسەر نوقتەیەکە، لە ناکاوە هەست و هەوەس و هەوای دەروونی دەیجووڵێنێت بۆ نوقتەیەکی تر. بە شێوەیەکی ئاسایی پرتەکان و نوقتەکان بەدوای یەکدی دەڕۆن، مەگەر ئەوە کە کەسێک ئاگای لە خۆی بێت و بگەڕێتەوە بۆ نوقتە یان خاڵێک کە سەرەتا چاوی لەسەری بووە. چی وا دەکات کە مرۆڤ لەسەر خاڵ و نوقتەی سەرەتا بمێنێتەوە، یان ئەگەر جووڵەی کرد، خۆی ون نەکات و خۆی لەدەست نەدات و بگەڕێتەوە!؟ کەسێک کە نەخۆشی خەمۆکی هەیە، دید و دەستی لە جووڵە ئاسایی نیە، بە پێچەوانەوە، جووڵە و مانەوەی سەیری هەیە. بۆ نموونە لە دینی ئیسلام فرمان بە دەستنوێژ و نوێژ دەکات، بۆ ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە بە ڕوومەت و دەست و پێ شۆردن بگەڕێتەوە بۆسەر یەکتایی و قیبلەیەک کە دەبێت چاوی لەسەری بێت و قامەت لە بەرانبەر ئەو قیبلە ببەستێت!. کە وایە نوێژ نەخۆشی چاو و دەست و ڕوومەت و خەمۆکی لادەبات.

گەر سەیری دەستەیەک لە مرۆڤەکان بکەیت کە شەیتان مەسیانی کردووە، نموونەی سەیر و جیاوازیان تێدەبینیت. کەسانێک بێدەنگ و زۆر کپ دەکەن، وە کەسانێک بەدەنگ دەبن و هات و هەرا دەکەن، بە شێوەیەک کە دەبێت چەند کەس بیگرێت. هەروەها ئەگەر سرنجتان لە پشی و گوێرەکە دابێت، دەزانن کە ئەو دوو ئاژەڵە ئارامی و نەرمی لەگەڵ خاوی و گێلی و مانەوە لە دەروون و ڕوومەتیان تێکەڵ بووە. پشی زۆر نەرمی و ئارامی هەیە، بەڵام لە ناکاوە و لە پڕا یەک دەنگ و جووڵەیەکی لێ دروست دەبێت کە تەواو بە پێچەوانەی حاڵەتەکەی تریە. هەروەها جنۆکە هێزی چوون و جووڵەی جۆراوجۆر و فروانی هەیە. دەچێتە ئاسمانی پان و فراوانەوە، دەچێتە سینگی تەنگی ژنەوە و دەمێنێتەوە!. ئەمە ئاماژە و نیشانەی جۆری سەیر و سەمەری چوونی جنۆکەیە.

هەروەها کە یان بەدەنگ و بێ دەنگ دەکات، هەروەها من و ژیانی من پڕ بووە کە دەنگ و بێدەنگی، چوون بەرەوە ئاسمانەوە و چوون بەرەو تەنگانەییەوە. زۆرجار ئاوی چاوم ڕوومەتمی پۆشاوە و شۆردووە، زۆرجاریش ئاوی داوێنم منی پۆشاوە و شۆردووە!.

زۆرجار باسی کەسێکیان کردووە کە قورئان دەخوێنێت وە لەگەڵ ئەوەشدا مەشرووب دەخوات و جگەرە دەکێشێت. ئەو کەسانەی کە باسی ئەو جۆرە کەسانە دەکەن، دەیانەوێت بڵێن کە سەری لێشێواو و خۆی تووش کردووە و چەقیوە. کەسێک کە لە قوڕێک چەقی، دەبێت کە پێش ئەوەی وشک بێتەوە خۆی لێ ڕزگار بکات. بەڵام زۆربەی نەوەکان و ناوەکان هەست بەوە ناکەن کە دەروونیان بووە گۆڕەپانی شەڕ و ئاژاوەی دەستەکان و وشەکان و زۆرانبازی ناوەکان. بۆیە زۆربەی ئەوانە لە کۆتایی دەدۆڕێن و دەبنە نموونەی دژە خوا و ڕووناکی، وەک سادق و نیچە.

چارەسەری کەسێک کە مەس کراوە و دەست و وشەی لێوەشێنراوە، ئەوەیە کە بیبەن بۆ لای کەسێکی تر. خۆی ناتوانێت کە چارەی ئەو مەس و دەست وەشاندنەوە بکات. بۆیە خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت: و لو لا فضل الله علیکم و رحمته ما زکا منکم احدا ابدا(نور٢١) هەروەها هاتووە: و لو لا فضل الله علیکم و رحمته لاتبعتم الشیطان الا قلیلا(نساء٨٣) ئەمە ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەگەر خوای گەورە بە خواستی پیرۆزی نەیەوێت کە کەسێک دەرباز بکات، ئەوە هیچ بە خۆی ناکرێت. هەروەها ئەمە دەتوانێت کە ئاماژە و نیشانە بە هێز و وزە و لێدان و پەلاماری شەیاتین بێت.

ساڵەهای ساڵە کە ئەم شەڕ و کێشەیە لە دەروون و دەرەوەی من هەیە و کەس ئاگای لێ نیە. ئەو کاتەی کە من چووم بۆ حوجرە دەستی خوای مەزن منی برد، وە ئەو کاتەی کە چووم بۆ هەولێر دەست و خواست و هۆ و هەڵچوونی شەیتانی تێدا هەبوو. کاتێک کە لە حوجرە بووم، خەم و دەردی منماڵی خوا بوو، بەڵام لە هەولێر بوو کە ڕۆژئاوا خۆی وەک دەرمان لام دەرخست. کاتێک کە کتێبی چیرۆکم نووسی، پڕ لە هەست و نزیکی بۆ قورئان و ئیسلام بوو، بەڵام کە سادق و سارترم ناسی، باسی تەنیایی و بێزاری و خەمۆکی بوو، تا گەیشت بە کتێبی دووهەمم بە زمانی کوردی کە لە سەرەتاوەی بسم الله الرحمان الرحیم م نەنووسی، کە ئەمە ئاماژە بەوەیە خوایەک نیە کە بە ناوی دەست و گیان پێ بکرێت. ئەو دەورە

دەورەیەک بوو کە زەوی و ژیان و بوون خوایەک ناناسێت و نەک تەنیا نایناسێت، بەڵکو بە دژ و گژ و بژێدا دەچێتەوە. مەس و ئیلقا کردنی وشەکان و هەستەکان و هزرەکان لە لایەن خوا و شەیاتینەوە داپۆشراو و لە پۆشراوەییە. ئەو دەستانەی کە بە توندی و فرە و فراوان لێدەدەن یان پێدەدەن، نابینرێن. ئەو کەسانەی کە وشەکان و نووسینەکان لە پۆشراوەیی و تەنیایی دەگرنەوە و دەیکوتن و ئامادەی دەکەن، کاریگەری فرە و فراوان دەکەن، ئەو کاریگەریە تا ڕادەی جادوو و سیحر دەچێت. کەسانێکی نەخۆشی وەک سادق و نیچە، لە شێتی و تەنیایی خۆیان نووسیان، بۆیە ئاوەها بە توندی نەوەکانیان مەس کرد.

مەس و دەست و وشە وەشاندن لە لایەن زۆر کەسەوە دەکرێت. من باسی ئامراز و سەبەب ناکەم، باسی سەرچاوەی سەرەکی ئەو مەس و دەستانە دەکەم. مەس و دەست و وشە وەشاندن تەنیا لە مندا نیە، بەڵکو نەوەکان و ناوەکان و مرۆڤایەتی بە گشتی دەست و وشەی لێوەشاوە و لێی تەقاوە. کەسانێک هەن کە هیچ ڕستەیەکیان لە قورئان نەخوێندووە، دوژمنی قورئان دەکەن، ئەوانە وەک سەربازێکن کە لە شەڕێکدا نازانێت بۆ کێ شەڕ دەکات و خاوەن و فەرماندە و دەرئەنجام چی دەبێت؟. زۆرینەی نەوەکان و ناوەکان قوربانی دەبن و خوێن و دەروونیان لە کیس و قیس دەچێت.

کاتێک کە خوای مەزن کتێبی پەیامهێنەرانی وەک ئیبراهیم و موسا و عیسا دەنێرێت، لە ڕاستیدا ئەوە مەس و دەست لێ وەشاندن بە مێژووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بوو. کاتێک کە پەیامهێنەری خۆشەویستی ئیسلام هات، ئەوە مەس و دەست لێوەشاندنی گەورەی تری مرۆڤ و مێژوو و داهاتووی مرۆڤ بوو. کاتێک کە نەوەکان و ناوەکان مەس کران، ئیتر یان دەبن بە دۆستی ئیسلام یان دەبن بە دوژمنی ئیسلام. زۆربەی ناوەکانی کورد، یان دژی ئیسلام بوون یان دۆستی. ئەمە مەسێکی ڕوونە، کەسیش لێی قوتار نابێت، ئەمە خواستی خوای گەورەیە!.

لە ڕاستیدا من زۆرتر دەمەوێت کە لایەنە نهێنیەکانی دەروونی خۆم دەربڕم، لەبەر ئەوەی کە دەرد هەرگیز نایەوێت ناڵە دروست بکات. ناڵە بەشێکی سەربەخۆ و جیای لەشە. ناڵە هاواری لەشە بۆ ڕزگاری لە دەرد. دەردەکان وەک شەیتان هیچ ناڵەیەکیان پێوە نیە!.

ئەخل، ئەحۆل، حەمە، مامەد، محە، مەممەد، موحەممەد، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا، محمد رسول اللە، محمد رسول اللە صلی اللە علیە و علی آلە صلم، خاتم النبیین، سید الانبیاء و المرسلین، فەخری کائینات. مرۆڤێک ئەوەندە ناو و نازناوی لەسەر کەوتووە. کێ دەیکات بە ئەخل و کێ دەیکات بە فەخری کائینات!؟. خۆشەویستی و نەفەرت بۆ ناوی محمد دەستی لە پشتەوەیە. سوێند بە ناوی خوای گەورە کە ئیبلیس ناوی مرۆڤ کورت دەکات و دەیشکێنێتەوە و سووکی دەکات، وە خوای گەورە ناوی مرۆڤ بەرز و پیرۆز دەکات. محمد بەشی کەسی نەخواردووە، ئەوە شەیتانە کە ئاوەها سوێندی بۆ سووک کردنی مرۆڤ خواردووە.

ڕۆژێک لە کوڕێک پرسیارم کرد: بۆ ڕقت لە ناو و پێگەی موحەممەدە!؟.

وتی: هەردەم دەبێت کە سەڵەوات بە ناوی بدرێت، هەردەم دەست و زوبان و سینگ و دەروون و پەروەردە و هەرهەموو ڕاگەیاندی خەریکی ناو و کتێبی خۆی کردووە، من کەیفم بە ناوی ئەو نایەت، حەسوود نیم، لەگەڵ ئەوەدا نامەوێت کە ناوی مرۆڤێک ئاوەها دونیا داگیر بکات!.

کوڕەکە گتێکی کرد و پێکەنینێک گرتی و بە نەرمی وتی: خوا سۆسیالیست نیە!.

انا مکنا لە فی الارض و ءاتیناە من کل شیء سببا فاتبع سببا (کهف ٨٤_٨٥)

# ڕێگە و گاڕێگە

وشەی مکر لە قورئان:

و مکروا و مکر اللە و اللە الخیر الماکرین (آل عمران ٥٤)

و مکروا مکرا و مکرنا مکرا و هم لا یشعرون (٥٠ نمل)

و اذ یمکر بک الذین کفروا لیثبتوک او یقتلوک او یخرجوک و یمکرون و یمکر اللە و اللە خیر الماکرین (انفال ٣٠)

أفامنوا مکر اللە فلا یأمن مکر اللە الا القوم الخاسرون (أعراف ٩٩)

وشەی کید لە قورئان:

و املی لهم ان کیدی متین(أعراف ١٨٣)

انهم یکیدون کیدا و اکید کیدا(طارق ١٥_١٦)

ألم یجعل کیدهم فی تضلیل(فیل ٢)

و الق ما فی یمینک تلقف ما صنعوا انما صنعوا کید ساحر و لا یفلح کید ساحر حیث أتی(طه ٦٩)

ذلکم و ان الله موهن کیدا الکافرین(أنفال١٨)

ان کید الشیطان کان ضعیفا(نساء ٧٦)

## دەرولێدان و بەربەستنەوە

کاتێک کە لە بەشی یەکەمی نووسینەکان بە ناوی فێڵبازی مەزن دەستم پێ کردووە، بۆ کەسانێک بووە پرسیار کە بۆچی بە ناوی فێڵ و تەڵەکە و مەکرەوە دەستت پێ کردووە، ئەوانە پێیان وایە کە ئەمە وشەیەکی شەیتانیە!.

موسوڵمانەکان هەردەم کە قسە و باسیان بە دەست و دەم پێ دەکەن بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پێدەکات. وشەی ڕەحمان و ڕەحیم دوو وشەیە کە باس لە ناوەکان و سیفەتەکانی خوای مەزن دەکات. بەڵام موسوڵمانەکان هەرگیز لەسەر ئەوە نەچوون کە خوای مەزن (خیرالماکرین) ە و خاوەن سەیرترین و گەورەترین مەکر و فێڵەکانە. من بە ناوی ئەو وشانەوە دەستم پێ کرد، بۆ ئەوەی کە زیاتر لەو وشانەوە نزیک ببمەوە.

وشەی (مکر و کید) دوو وشەی قورئانیە. مکر و کید دوو وشەی ئاکاریە. ژن بوونێکی ئاکاریە. شەیتان بوونێکە کە لەسەر ئاکار کار دەکات. ژن کە دوژمنی ژنێکی تر دەکات، لەهەر دەرفەت و کات و کونێک کەڵک وەردەگرێت و ژەهر و زەهری خۆی دەڕێژێت و چالاک و کارایە. مەبەستم ئەوە کە خەو و خوەراس بۆ ژن نیە. ژن وێنەیەکی مەکر و کەیدی شەیتانە و پیاو وێنەیەکی مەکری خوایە.

شەیتان مەکر دەکات و دەیەوێت کە بەو فێڵ و مەکرە مرۆڤ بڕووخێنێت. لە لایەکی ترەوە خوای گەورە مەکری خۆی دەکات و دەوری لێ دەدات و بەری ئەو مەکرە دەبڕێتەوە. دەورلێدان و بەربەستنەوە شێوە و ڕەوشی هەیە.

لە ئەدەبی کوردی ئەو قسەمانە هەیە کە کەسێک بە کەسێک دەڵێت" بە دەور بۆی بچۆ." هەروەها ئەو قسەمانە هەیە کە بە قسە بەرم بەستەوە یان بەرم گرتەوە. دەورلێدان و بەربەستنەوە وێنە و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە کاتێک کە کەسێک دەیەوێت لە ئیسلامئابادەوە[9] بچێت بۆ بێستوون، دەبێت کە لە شاری کرماشان گوزەر بکات. کەسانێک کە دەگەنە سەرەتای شاری کرماشان ناچنە ناو شار، بەڵکو بە جادەی کەمەربەندیەوە دەور لێدەدەن. ئیتر ئەتوانن بە بێ ئەوەی کە خۆیان بخەنە ناو جادە شلووخەکانی ناو شاری کرماشانەوە، بە دەوری شاری کرماشانەوە خۆیان بگەیەنن بە بێستوون. ئەم شێوەی چوونە کە لە دەوری شارە گەورەکان هەیە، پێی دەڵێن کەمەربەندی.

بەردەوام کاری سەرەکی من ئەوەیە کە لە دەوری هەر باسێک ڕێگەیەک و جادەیەک دروست بکەم بۆ ئەوەی کە خوێنەر بە ژیری و بە بێ ئەوەی کە هیلاکی بکەم، دەورم لێ بدات و بە ئاسانی گوزەر بکات. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە قەسری شیرینەوە بڕۆن بۆ بێستوون، خۆیان لە نێو شارەکانی ئیسلامئاباد و کرماشان هیلاک ناکەن. هەروەها ئەو کەسانەی کە خاوەن بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەن، کاتێک کە دەیانەوێت هیلاک نەبن و مانا و بەها لە وشەکان و ڕستەکان وەربگرن، دەور لێدەدەن و کەوانەیی گوزەر دەکەن. دەور لێدان و بەربەستنەوەی خوای مەزن وێنەی کەوانەیی هەیە. ئاسمان وێنەیەکی کەوانەیی هەیە.

سەرجەم وشەکان و قسەکان و باسەکان و بەسەرهاتەکان وێنەیەکی کەوانەیی هەیە و هەردەم دەور لە خوێنەر دەدات. ئەوەندە دەوری لێدەدات، وا دەکات کە خوێنەر واز بهێنێت، یان ئەوە کە فێری دەورلێدان بێت. چاوی مرۆڤ وێنەیەکی کەوانەیی هەیە. بۆ نموونە کولە کە هەڵدەپەڕێت و دەیەوێت کە بنیشێتەوە، لەوە نیە کە ئەو شوێنەی دەوێت یان شتێکی تێدایە بۆی، بەڵکو لە ناچاری لەو شوێنانە دەنیشێتەوە. کولە ڕێ ناکات، بەڵکو کەوانەیەی گوزەر دەکات. دەستەیەک لە نووسەرەکان و بیرمەندەکان وەک کرم بیر دەکەن، زۆر یەواش و لەسەرخۆ دەچن، نەک لەبەر ئەوەی کە ورد و نەرم و ژیر بن و بیانەوێت کە بزانن و شتانێک بدۆزنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بوونیان تەوانی چوونی خێرا و بەرزی نیە.

---

[9] _ ئیسلامئاباد ناوی یەکێک لە شارەکانی پارێزگای کرماشانە.

ئەمە وادەکات کە خوێنەر هیلاک و ماندوو بێت. خوێنەرانی ئەمڕۆژی لە ڕاستیدا بیرمەند و نووسەرێکیان دەوێت کە بە نەرمی و ورد و ئازایی و خێرایی بە شێوەی کەوانەیی دەوریان لێبدات، ئەوەندە دەوریان لێبدات تا ئەوە کە خوێنەر کاس و مات بکات. ماس کە زۆر ما بۆ دۆ باشە، دۆش کە زۆر ما بۆ دۆینە باشە. هەروەک ماس و دۆ و دۆینە، نووسەر و بێژەر ئەم دەکاتە ئەو و ئەو دەکاتە شتێکی تر!. ئیتر خوێنەر دەبێت کە بزانێت چی لە چی گیراوەتەوە!.

گەورەترین دەورلێدان و بەربەستنەوە و پەلامارێکی گەورە کە شەیتان و هاودەستانی ویستیان لە ئاستی موسوڵمانەکان بیکەن، ئەوە بوو کە ویستیان قورئان ببەستنەوە. قورئان بەستنەوە یان بەستنەوەی نووسینەکان و شاردنەوەیان مەکرێکی کۆنی شەیاتینە.

ژنەکان کە دەچن بۆ لای شێخ و سەید، داوای ئەوەیان لێدەکەن کە دۆعایەکیان بۆ بکات و ئەوانیش بیبەستن بە سوخمە و کراس و جلەکانیانەوە. شێخ و سەید دۆعا دەنووسێت و دەیپێچێتەوە و بە بەستراوەیی دەیبەخشێت و هەڵیدەواسێت. شەیاتین ئەو کاتە کاری خۆیان دەکەن کە کتێب و نووسراوە ببەستنەوە.

دەور و فێڵیان گەیشتە ئەوێ کە قورئان لە پەڕۆی سەوز بخەن و لە ڕادەیەکی ناڕاست قورئان گەورەی بکەن و بیبەستنەوە. شەیاتینی ئنس و جن بۆ ئەوەی کە قورئان لە دەستی موسوڵمانەکان دوور بکەنەوە، هەوڵی ئەوەیاندا کە قورئان بە نووسینێک ئەوەندە گەورە بزانن کە مرۆڤ نابێت بە دەستی بگرێت. لە بیرمە کە لە مانگی ڕەمەزان مامم قورئانی بە دەست گرت بۆ ئەوەی کە بیخوێنێت. کە هاتە هۆڵەکە باپیرم لە شوێنی خۆی هەڵسا و بڕیسکاو و چووە گژی مامەوە و وتی: هەر کات کە قورئان بە دەستەوە دەگریت و دێتە هۆڵەکە بڵێ کە هەڵسین!!. ئەو هەڵسانەی باپیرم ڕێزی نەخت و پەتی نەبوو، بەڵکو ڕێز و ترس تێکەڵی یەکدی بوو!.

کاتێک کە شەیاتین ئاوەها قورئان لە پەڕۆی سەوز دەکەن و بە بیانۆی پیرۆزی دەیبەستنەوە، بە مەکر و کەید دەناسرێت کە شەیاتین دژی خوا و قورئان دەیکەن. موسوڵمانەکانیش گێژ و نەزان بوون لە کەید و مەکرەکانی شەیتان. پاش ئەوەی کە خوای گەورە کەیدی شەیتانی ئاوەها بینی و شەیاتین ئاوەها بە ڕق و کینەوە

بەرانبەر بە قورئان دەجووڵێنەوە و نەخشە دەکێشن، ئەوە خوایە کە دەورلێدەدات و بەریان دەبەستێتەوە. چۆن خوای گەورە بەریان دەبەستێتەوە؟.

نموونەیەک بۆ مەکر و فێڵی خوای گەورە: کاتێک کە نەخۆشێک دەچێت بۆ لای مەلا عەلی کەڵەک، یەکێک لە دەرمانەکان و چارەسەریەکان خوێندنی قورئان دەناسێنێت. خوای گەورە کەسانی وەک مەلا عەلی لەهەر ناوچەیەک وەک خزمەتکارانی قورئان دەخولقێنێت بۆ ئەوەی کە قورئان بکەوێتە نێو دەست و دەمی خەڵکەوە. زۆر خەڵک بۆ ئەوەی کە چارەسەری نەخۆشی و دەردیان بکرێت، ناچارن کە بەردەوام گوێ لە قورئان بگرن و قورئان بخوێننەوە. شەیتان ئاوەها قورئان دەبەستێت و خوایش ئاوەها قورئان لە دەستی خەڵک دەکاتەوە!. مەلا عەلی کەڵەک یەکێکە لە گەورەترین ترس و هەراسەکان بۆ شەیاتینی ئنس و جنە. کەسانی کەم هەست بەو هەرا و مەزاتە دەکەن کە مەلا عەلی بۆ شەیاتین دروستی کردووە. بە پێچەوانەی شەیاتین کە قورئان بە زینەت و بیانۆی جۆراوجۆر لە دەست و دەمی نەوەکانی موسوڵمان دوور دەکەنەوە، مەلا عەلی کەڵەک بە بیانۆ و زینەتی جۆراوجۆری وەک چارەسەری نەخۆشی و دەرمان، قورئان بە دەستی نەوەکانی موسوڵمانەوە دەدات. ئایا ئێوە هەست بەو زینەت و هەرا و مەزاتە ناکەن!؟.

هەر دەورە و دەم و کاتێک شەیاتین کار و مەکر و شەڕی خۆیان دژی ئیسلام و قورئان دەکەن و هەرگیز واز ناهێنن. فێڵ و مەکر و کەیدی نوێ شەیاتین و یاوەرانی شەیتان ئەوەیە کە بۆ ئەوەی قورئان ببەستێت، کۆیەک کتێبی تر دەکاتەوە. پێشتر باسی فارسەکان و فەرەنسیەکانم کرد کە بوونەتە هۆی ئەوە کە من و چەند دۆستم ئاوارەی وڵات و خاک و دین بین، هەروەها شەیاتین کارێک دەکەن کە دەستەیەک نووسەر و بیرمەند بنووسن و بەو نووسینانە ببنە هۆی ئەوە کە نەوەکان لە قورئان و ئیسلام دوور بن و لە گێژاو و دەردی هەمیشەیی خۆیان بیانهێڵن. زۆربەی نەوەکانی موسوڵمان بە هۆی هێز و مەکر و کەیدەکانی شەیتانەوە فریویان خواردووە و ڕێگە و گاڕێگەیان لێ تێکچووە!.

و اللـه خير الماكرين

# نوورگیر

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە گەنجە شوێنێک بۆ ڕاگرتن و پاراستنی گۆزە و بەروبۆمی دەستی خەڵک خۆی بووە. شوێنی گەنجە لە ناو خانووی خودی خەڵکە. باسی ئەوەمان کرد کە گەنجە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شوێنێک بۆ گیرانەوە و گرتنەوەی دەروونی هەیە. لێرە دەمەوێت کە باسی بەشێکی تری خانووەکانی ناوچەکانی کرماشان بکەم، کە وەک گەنجە ئاماژە و نیشانەی تایبەتی بە خۆیەوەیە. ئەو شوێنە پێی دەڵێن نوورگر یان نوورگیر.

لە ناوەڕاستی هەر ماڵێک شوێنێک هەیە کە سەرەوەی بە دار و بەرد نەپۆشراوە و دەرفەتی ئەوەی تێدا هەیە کە خۆر ڕاستەوخۆ بداتە ناو ماڵەکەوە. ئەو بەشەیان بە شیشە و شووشە و چینکۆ و چیخ دادەپۆشا و سەرەکەیان دەگرت، بە شێوەیەک کە بە ئاسان بکرێتەوە و بە ئاسانی ببەسترێت. لە ڕۆژانێک کە هەوا خۆش بایەت ئەو بەشەیان دەکردەوە بۆ ئەوەی کە نووری خۆر و ڕووناکی دەرەوە بە ئاسانی بداتە بەشەکانی ناوەڕاستی ماڵدا، بۆ ئەوەی کە بەو نوور و ڕووناکیە، ناوماڵ وشک و پاک و خاوێن و خۆش و ڕووناک بکاتەوە.

ڕەگ و ڕیشەی ئەو جۆرە خانوو دروست کردنانە کە گەنجە و نوورگیری تێدا دامەزراوە، لە چ ئەدەب و فەرهەنگێکەوە هاتووە؟ وەڵامەکەی قورس و نادیار و ون و دوورە. ئەو شێوە خانوو دروست کردنانە شتێکی تاکانە نیە و هی یەک خانوو و دوو خانوو نیە، بەڵکو خانووە کۆنەکانی ناوچەکانی کرماشان و شارەکانی تر بە ئەو شێوە دروست دەکران.

هێشتنی بەشێک لە خانوو بۆ ئەوەی کە خاوێنی و ڕووناکی بە نێو خانوو ببەخشێت، ئاماژە بەوەیە کە دەروون و ناوەوەی مرۆڤ دەبێت کە بەشێکی کراوە و دانەپۆشراوی هەمیشەیی هەبێت کە کەڵک لە ڕووناکی و تیشکی دەرەوە وەرگرێت، بۆ ئەوەی کە پاک و خاوێن و ڕووناکی بکاتەوە، ئەو نوورەش هەردەم لە دەرەوە و لە سەرەوە دێت!.

ئەو بەشە پێی ئێژن نوورگر یان نوورگیر، کە مانای ئەوە دەدات دەگیردرێت. شوێنێک هەیە کە زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە نوور و ڕووناکی لە خۆی بگرێت. گرتن

و وەرگری و زەمینەی هێشتنی شوێنێک بۆ گرتن و وەرگرتن، ئاماژە بەوەیە کە مرۆڤ پێویستی بە ڕووناکی و نووری دەرەوەیە.

ئەدەب و نەخشەی خانوو دروست کردن دەتوانێت کە ئاماژە بە فەرهەنگی داڕشتنی وشەکان و بیرکردنەوەکان و هەستەکانی ئەو ناوچەیە بێت بەرانبەر بە ناسینەوەی بەخشندەیی و وەرگری ڕووناکی و پاکی. بەڵام بە داخەوا کە ئەو شێوەی دروست کردنی خانوو و ئەدەبانە فەرامۆش کراون و مرۆڤ خۆی بە دەستی خۆی سەقف و سەرەوەی خۆی لە هەر تیشک و ڕووناکیەک دەبەستێت و لەو پۆشراوەییە دەمێنێتەوە.

بۆچی لە ئەدەبی کوردی چیرۆک و گێڕانەوەی ئەدەبی کەم و دنکەیە!؟. بۆچی لە ئەدەبی ئینگلیزی ئەدەبی چیرۆک و گێڕانەوەی ئەدەبی فرە و فراوانە!؟.

ڕۆژێک کابرایەکم بینی کە کێشەی سەرخەرمانی بە کەر دەکرد. لە سەرخەرمانان باری لەسەر کەرەکەی دەنیا و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە، کە بارەکەی لە ماڵ دادەنیا سواری کەرەکە دەبوو و دەیبرد بۆ سەرخەرمانان. گەیشتم پێی و وتم: تۆ کە دەیبەت باری لەسەر دادەنێت، ئێستەش کە بارەکەیت دانیاوە، خۆت سواری دەبیت!؟. کابرا پێکەنی و وتی: کەرە، بار ناناسێت، هەرچی باری قورستر بێت، لە خاوەنی خۆی ڕازی دەبێت!.

وشەکانی ئینگلیزی ئامادەیی ئەوەی تێدا هەیە کە کۆ بکرێت و ببێتە چیرۆک، زۆر بە ئارامش لەگەڵ یەکدی دەمێننەوە و خۆشن پێکەوە. وشەکانی ئینگلیزی وشەی دونیاییە و پێویستی بە خاوەنێک نیە کە ماڵەکەی نوورگیری تێدا هەبێت. بەڵام وشەکانی کوردی و عەرەبی تەوان و وزە و زەمینەی ئەوەی تێدایە کە بکرێتە دۆعا و ڕاز و نیاز.

شەیتان کاتێک کە دەسڵاتی بەسەر زمانێک گرت، زۆر هانی نەوەکانی دەدات کە شیعری پێ بڵێن. کاتێک کە زمانێک توانی هەست و هەناو لە دۆعا و ڕاز و نیاز و دانیشتن و خۆبوون و چۆک و فرمێسک نزیک بکاتەوە، ئەوە ئەو زمانە لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە. عەرەب و شرک و شەیتانی عەرەبی ئەوە بوو کە شیعریان بە وشەکانی عەرەب دەوت، عەرەبێک کە هەر وشەیەکی وەک حوشتر دەتوانێت مانا و بەها لە دەروونی خۆی بگرێت و بە تەنیا بژێت. کاتێک کە پەیامهێنەری خوای

گەورە موحەممەدی موستەفا وەک نێردراوەی خوای گەورە بە قسەوە دابەزی، شیعر و شرک و شەیتانی لە وشەکانی عەرەبی دوور کرد. و ما ینطق عن الهوی(نجم٣) و ما هو بقول شاعر قلیلا ما توءمنون(حاقه٤١) و ما علمناه الشعر و ما ینبغی له(یاسین٦٩) سێ وشەی (نطق، هوی، شعر) سێ وشەیە کە دەبێت خوێنەر لێیەوە ورد و وریا بێتەوە. وشەی (نطق) بۆ وشە و پەلەوەر و ئامێری ژەندنی مۆسیقا بەکار دەچێت. کەسێک کە عود لێدەدات بە هەوا و هەوەسی خۆی دەژەنێت، یان پەلەوەرێک کە دەچێت بە خواستی خۆی دەچێت، کەسیش نازانێت و ناتوانێت کە بێژێت بە کوێدا دەچێت و دەفڕێت!؟. (نطق) وتنی وشەیە بە هەست و خوێن. وشەی (هوی) یان (هوا) کە هاتووە نێو زمانی کوردی و فارسی، بۆ سروشت بەکار چووە، بۆ نموونە هەڵدەسەنگێنن کە هەوای ئەمڕۆ خۆرە یان بارانیە. خوای گەورە وشەی (نطق) لە (هوی و شعر) نزیک دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کە خوێنەر ئاگاە بێت کە شیعر وەک پەلەوەرە و بە خواستی خۆی دەچێت، یان وەک ژەنیاری عودە بە خواستی خۆی دەژەنێت. دەستی شاعیران وەک دەستی شێت لە هەوا دەجوولێت، بەڵام دەستی مەلا عەلی کەڵەک دەستی شێت نیە کە لەسەر سینگ و سەری کەسێک دایدەنێت. ئەم شێوەی نزیک کردنی وشانە لە لایەن خوای مەزنەوە بەگژداچوونەوەی ئەدەبی شیعرە. شیعر کارێک دەکات کە شاعیر و شیعر لە ڕادەی ناحەق لە بەرانبەری نزیک ببنەوە. شیعر شێوەی دژی دۆعایە. دۆعا یانی داوا کردن، مرۆڤ دەبێت داوا بکات. مرۆڤ بە شیعر سەر لە خۆی دەشەوێنێت. شیعر ئەدەبی دەست و دەم و دانیشتن و قسە کردن و ئەدەبی ناوخۆیی وشەکان تێک دەدات. زمانێک کە شاعیری تێکەوت ئەوە ڕوومەتی زیندووی تێدا نامێنێت. شیعر ڕوومەت دەکوژێت.

وشەکانی کوردی وەک وشەکانی عەرەبی وزە و هێزی ئەوەی تێدایە کە بە تەنیایی و لە خەڵوەتی بن ڕووناکی نوورگیردا ببەخشێت.

پرسیار دەکەم، بۆ دەق و زمان و سەرچاوەی سەرەکی ئنجیل لەسەر زمانی یۆنانی بە مرۆڤی ئەمڕۆژی گەیشتووە!؟. بۆ یۆنانیەکان ئنجیلیان بە وشەکانی خۆیان گەیاند بە مرۆڤی ئەمڕۆژ!؟. ئاوەها خوای گەورە تێکدەری دەکات.

# تەم لە لووتکە و دۆڵدا

پەنا بۆ ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

لە دەورانی منداڵی شوێنێک هەیە کە منداڵ تێدا زۆر خەیاڵ دەکات و زۆر کورتە چیرۆک و خەیاڵی لەسەر دروست دەکات و لەگەڵ ئەو چیرۆک و خەیاڵ و خەونانە، خەوی لێ دەکەوێت. ئەو شوێنە شوێنی خەوی منداڵە!.

باسی چەند شوێنی خەوی خۆم و چەند خەونی خۆم دەکەم، بۆ ئەوەی کە نەکراوەکانی ژیان کە هەردەم بەستراوە و خەڵک بەهای پێ نادات، هەڵیرێژم:

لە بیرمە کاتێک کە لەگەڵ منداڵەکانی تر یاری تۆپان و دووگۆڵیمان دەکرد، شەوان لەسەر جێگەی خەو، خەیاڵ و خەونی زۆر گەورە گەورەم دروست دەکرد و لەگەڵ ئەوانەدا خەوم لێ دەکەوت. بەرەتای خەیاڵی سەرجێگەی خەوی من لە دەورانی ناوەندی دەستی پێ کرد. کاتێک کە تەمەنم یازدە و دوازدە ساڵ بوو. پێش ئەو دەورە کە دەبووە دەورانی قۆناغی سەرەتایی، جێگەی خەوی من بۆ خەوی پەتی بوو. لە بیرمە کە ڕۆژانە لە تەلەفیزیۆن دەیەوت کە فلان فیلم کاتژمێر دەی شەو دەیکات، بۆ من سەخت بوو کە تا کاتژمێر دەی شەو خۆم ڕاگرم و نەخەوم. بۆیە بەرەتای خەونەکانی سەر جێگەی خۆم لە دەورەی ناوەندی دەزانم. هۆیەکی تری کە ئەو دەورە بە بەرەتای ئەو خەونانە دەناسمەوە، ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر شتێکی تایبەت خەونم و خەیاڵم دروست دەکرد.

تۆپێن کە لە کرماشان پێی دەڵێن تۆپان، دوو ساڵی ناوەندی منی بۆ خۆی داگیر کرد و زۆر وزەی خۆم لەسەری دانیا. یاری تۆپان ڕۆژان و شەوانی ئێمەی بە خۆیەوە خەریک دەکرد. دەمەویست کە ببم بە یەکێک لە یاریچیە گەورەکانی دونیا. وەک پلە و مارادۆنا و ڕۆماریۆ و باجیۆ... بوون بە یاریچی پێویستی بە خەم و خەون و خەیاڵی زۆر هەیە. هەر بۆیە بە وردی لە شەو و ڕۆژ هەست و خەیاڵم لەسەر ئەوە بوو کە خۆم لێک بدەمەوە کە من لە چ ڕەگ و چوونێک دەتوانم کە ببم بە یاریچی؟. لە کاتی پشووی قوتابخانە دەچووم بۆ ئاوایی و لەگەڵ منداڵەکانی تر دەچووین بۆ ئاواییەکانی تر بۆ ئەوەی کە یاری بکەین. ڕۆژانی زۆرمان لە دەروەدەشتی ئاواییەکان بە یاری دەگوزەراند.

یاری تۆپان و زۆربەی یاریە وەرزشیەکان پێویستی بە هێزی لەش هەیە، لە کاتێک کە هێزی لەشی من لەو ڕادە نەبوو کە هاوکاریم بکات. سوور دەمزانی کە من وەک یاریچی بۆ تیمی قوتابخانەکەشمان هەڵنابژێردرێم!. یاریەکانی من هەر بۆ ئاواییەکان و لەگەڵ منداڵەکانی ئاواییەکان باش بوو!.

لە شوێنی خەومدا لەسەر ئەو جێگەی کە دایکم دایدەخست بۆم، خەونم بەوەوە دەبینی کە من دەبم بە یاریچیەکی گەورەی دونیا و هەرهەموو خەڵکی دونیا باسی من دەکەن و چەپڵە بۆ من لێ دەدەن و منیش بە یاریەکانم دەبمە هۆی ئەوە کە خەڵک لە خۆیان پرسیار بکەن کە ئەو هەموو تکنیک و یاریە جوانەی لە کوێوە هێناوە!؟.

کارتۆن و فیلم و بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن و قوتابخانە و خەڵک، ئەوەندەی تر منیان لە سەر جێگە بە خەیاڵ خەریک دەکرد. کارتۆنێک هەبووە بە ناوی فوتباڵیستەکان، ئەو کارتۆنە بووە هەوێن و کانی زۆرێک لە خەونەکانی من. وێنە و یاریەکانی ئەو یاریچیانە بووە هەوێنی خەیاڵەکانی من. ئەو کارتۆنە بووە دڵگەرمی منداڵەکان.

هەندێک جار بیرم لەوە دەکرد کە ئەو خەیاڵانەی من بەس بۆ کەسێکی یاریچی نیە، ئەو بە گەورە زانین و چەپڵە لێدانە بەس بۆ یاریچیەک نیە کە من ئاوەها لە خەیاڵم دروستیان دەکەم. بۆ نموونە شەوێک بیرم لەوە دەکرد کە من لە سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بە سەرکەوتوویی دێمەوە و خەڵکی هەر هەموو ئێران لە شار و ئاواییەکان و دەرودەشتەکان چاوەڕوانی ئەوەن کە من لە فرۆکە دابەزم و چەپڵەم بۆ لێدەن و گەورەم بزانن، بە جۆرێک کە ئەو ژنانەی تازە منداڵیان بووە بە منداڵە کۆرپەکانیان دەستم بۆ هەڵدەدەن!!.

شوێنی خەوی من بووە لاوێنگە و داوێنگەیەک کە تێدا هەرجۆرە خەیاڵێکم دەکرد و کەسیش جگە لە خوا نەبێت ئاگای لەو خەیاڵانە نەبوو. بەو خەون و خەیاڵانەوە خەوی شیرینی دونیا منی دەبردەوە.

یەکێکی تر لە خەیاڵەکانی شاراوەی داپۆشراوی من کە خۆمیش بەس لە شوێنی خەو خەیاڵم پێیەوە دەکرد، کەنیشکێکی چاو سەوزی جوان بوو کە بەیانان لەسەر جادەی قوتابخانەی ناوەندی ئێمە دەچوو بۆ قوتابخانەکەی خۆی. ئەو کچە

بەیانیان کاتژمێر هەشت لە کۆڵانێکەوە دەهاتە سەر ئەو جادە سەرەکیە کە من و دۆستانم پێکەوە لەوێوە هات و چۆمان دەکرد. ئەو کەنیشکە لە من گەورەتر بوو، جوان و و داپۆشراو بوو و خۆش ڕێی دەکرد.

بوون بە یاریچی لەگەڵ بوون بە عاشق و کوشتەی کچێکی جوان لەگەڵ خەیاڵی شەوەکانی من تێکەڵ بوو. ئەو کاتە من بەو کەنیشکەوە خەیاڵی ڕۆمانتیکم دەکردەوە، وەک ئەو دەستە وێنە ڕۆمانتیکانە کە لە چیرۆکەکان و فیلمەکان بڵاو دەبێتەوە. ئەو کەنیشکە بووە هەوێنی خەیاڵی زۆر لە شەوانی تری من. ئەو کچە لە من گەورەتر بوو. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە پرسیار لەوە بکەم کە ئەو ڕۆحەی کە لە دەروونی منە، بۆ ئەوەندە خۆی بە گەورە دەزانێت کە دۆستی لەگەڵ کچێکی ئاوەها بکات**!؟**. هەروەک خەیاڵەکانی بوون بە یاریچیەکی گەورە، کە هەموو کەس چەپڵەی بۆ من لێدەدا، لە خەیاڵەکان لەگەڵ ئەو کەنیشکە چاو سەوزە کەڵکم لەو وێنە ڕۆمانتیکانە وەردەگرت کە من و ئەو کەنیشکە لە شوێنێکین کە هیچ مرۆڤێک نیە، جگە لە من و ئەو نەبێت**!**.

بوون بە یاریچی و دۆستی کەنیشکێکی چاو سەوز، دوو لاوێنگە بوون کە من لەسەر شوێنی خەوم خەیاڵم پێیانەوە دەکرد.

زۆری نەخایاند کە عارەقی گەمە و هات و هاوار لەسەر زەویەکانی تۆپان و یاری بە ناوی مامۆستا حەبیب و وانەکانی ئەو کۆتایی پێ هات. لە دەورانی ناوەندی، شوێنی دۆستی و قسە و باسی ئێمە ئیتر زەوی تۆپان نەما و چووە نێو مزگەوتەکانەوە. مزگەوت و قورئان و دین و مامۆستا حەبیب و نوێژ و جومعە و وانەکانی دین و وتارەکان و سی دیەکان و بەرنامەکانی دینی بوونە هۆی ئەوە کە ئیتر خەون و خەیاڵی من بەوەوە نەبێت کە ببم بە یاریچیەکی گەورە کە دونیا چەپڵەم بۆ لێبدات، یان دۆستی کەنیشکێکی چاو سەوز بکەم کە بەردەوام پێکەوە تەنیا بین، بەڵکو بووە سەرەتایەک بۆ ئەوەی کە شوێنی خەوی من ببێت بە خەیاڵ کردن بە باسەکانی دین و ناوەکانی دین و ئەوەی کە زەمینەی تێدایە کە خەون و خەیاڵی پێوە بکرێت.

لە بیرمە کە ڕۆژێک ئاغای لوڕستانی بە منی وت: ئەرزش و بەهاکانی مودرڕنیت، ئەرزش و بەهاکانی سوننەتی و دینی لە ژیانی نەوەکانی موسوڵمان دەخەنە مەترسیەوە و تێکیان دەدەن.

ئەو قسەی ئاغای لوڕستانی و باسی جیهانی ئیسلامی و جیهادی ئیسلامی و شەڕەکان و فەڵەستین و ئیسرائیل و زۆر باس و بابەتی ئاوەها، بوونە هەوێنی خەیاڵ و خەونی بەرگری لە پیرۆزیەکانی ئیسلام و دین و موسوڵمانەکان. ئیتر هەوڵی ئەوەم دەدا لە سەر شوێنی خەوەکانم خۆم وەک سەردار و سەرکردەیەکی موسوڵمانەکان پیشان بدەم کە زاڵ دەبێت بەسەر دوژمنانی ئیسلامدا. ئیتر بەردەوام خەم و خەیاڵ و ژیانی ڕۆژانەی من باسی ناوەکانی موسوڵمانەکان و دوژمنانی موسوڵمانەکان بوو.

شەوێکی مانگە شەو لە حەوشی ماڵەکەمان لەسەر جێگە بووم، هەوایەکی فێنک و خۆش دەیدا بەسەر سەروچاومەوە. سەیری ئەستێرەکانم دەکرد و خەیاڵم بە سەفەر و حەجی ماڵی خوا کرد. وێنەی ئەوەم هاتە پێش چاوم کە لەگەڵ کۆیەکی زۆری خەڵک لە دەوری ماڵی خوادا دەسووڕێمەوە. تۆزێک بەو وێنەوە خەیاڵم کرد و چەند جار خۆمم لەسەر جێگەی خەو ئەم دیو و ئەو دیو پێکرد، ئەو وێنەیە بە لای منەوە جوان نەبوو. گەڕامەوە بۆ دواوە و وێنەیەکی ترم دروست کرد:

پاش ئەوەی کە وەک فەرماندە و ڕێبەرێک بەسەر سەربازەکانی جوولەکە زاڵ دەبم، خۆم و لەشکرەکەم دەگەڕێنەوە بۆ کرماشان و لە دەشتی زەهاو بۆ ماوەیەک ئارامش و ئاسایش دەکەین. پاش ئەو ماوە نیازی ماڵ خوا دەکەم و لەگەڵ دەستەیەکی زۆر لە سەربازەکان و فەرماندەکان و ژیرەکان سەفەری ماڵی خوا دەکەین. پێش ئەوەی کە بگەینە حیجاز، نامە و هەواڵ دەنێرم بۆ دەسڵاتدارانی سعودی کە ماڵی خوا بۆ حەجی من چۆڵ و ئامادە بکەن!.

لە ڕاستیدا من پێم خۆش بوو کاتێک کە لە دەوری ماڵی خوا دەسووڕێمەوە کەس لەوێ نەبێت. من بم و خانووی خوا. پاش ئەوەی کە گەیشتم بە ماڵی خوا، فرمانم دەرکرد کە هیچ کەس لە دەوری ماڵی خوا نەبێت و کەس لەوێ دیار نەبێت. هەستێکی زۆر سەیر و قورسم بەرانبەر بە ماڵی خوا هەبوو. حەزم دەکرد کە یەک کەس لە دەوری ماڵی خوا بێت. هەستم بە ئاسوودەیی و ئارامش دەکرد لە دروست کردنی ئەو وێنەیە.

لە خەیاڵەکەم هاتمە دەرەوە و لە خۆم پرسیارم کرد، بۆ من پێم خۆشە کە کەس لە دەوری ماڵی خوا نەبێت!؟ بۆ من پێم خۆشە کە من و خوا بین!؟ چ پەیوەندیەکی بەوە هەیە کە دەمەویست لەگەڵ ئەو کچە چاو سەوزە تەنیا بم!؟.

لە لایەک بە خۆمم دەوت کە زۆرپەی ئەو خەڵکە بۆ شتی زۆر کەم و بێبەها دەسووڕێنەوە، بۆیە من دەبێت بە تاکی تەنیا لە دەوری ماڵی خوا بسووڕێمەوە، بۆ ئەوەی کە سەرجەم وزە و هێزەکانی ئەو تەواف و گەردشە بۆ من بێت و سرنج و چاوی خوا لەسەر من بێت. لە لایەکی تر بە خۆمم دەوت کە ئەو خەڵکە بەس هاتوون خۆیان خاوێن بکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ ژیانی کۆنی خۆیان، بەڵام من ناگەڕێمەوە بۆ ژیانی پێشووی خۆم.

لە لایەکی ترەوە هەستم بەوە دەکرد کە شتێک لە نێوان من و خوا هەیە کە خۆمیش ئاگام لێ نیە!.

لە خۆمم پرسیار کرد، بۆ لە نوێژی مزگەوت کاتێک کە خەڵک پێیان دەدەن بە پێتەوە پێت ناخۆشە؟ بۆ پێت خۆشە کە پێت بە پێی کەسەوە نەبێت؟ ئایا ئەم وێنەیە پەیوەندی لەگەڵ ئەوە هەیە کە بە تەنیا لە دەوری ماڵی خوا بسووڕێتەوە!؟. بە خۆم وت ئەگەر پەیوەندیان هەبێت، ئەوە ئەمە کێشە و خواستی تۆ نیە و کۆیەکی نەوەکان و ناوەکان پێیان خۆشە وە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە پێگە و بەهای تایبەتی خۆیان هەبێت.

" تەنیا ئیمامەکانن کە پێیان بە پێ کەسەوە نادەن."

شوێنی خەون و خەیاڵەکانی من لە دەروونم وەک زیخ و لمی زەوی کەناری دەریا بوو، هەر جار وێنەیەکم دروست دەکرد و لێی پەشیمان دەبوومەوە، شەپۆلی دەریا دەهات و دەیدا بەسەر ئەو وێنەدا و پاکی دەکردەوە. دەفتەری پاک دەکردەوە و دەرفەتی بۆ دروست کردنی وێنەیەکی تر خۆش دەکرد.

بە خۆمم وت: بۆ وێنەی دەریا و شەپۆل و زیخ و لم هات بە هرزمدا؟. یەک وەڵام هەبوو. من ناتوانم کە ببم بە سەرکردە و سەردارێک کە دەستە سەربازێکم هەبێت. من ناتوانم کە ببم بە نووسەرێک کە یەک دەستە خوێنەرم هەبێت. من نامەوێت کە ببم بە ناوێک و کەسێک و دەستەیەک خەڵک لە دەورم هەبێت. نەخشە و خەیاڵەکانی من ئەوەندە لەسەرم کاری دەکرد کە شەپۆلی ئاو دەچێتە ناوەوە و دێتە دەرەوە، پاشان ئەوە لەسەرم پاک دەبێتەوە.

خەم و خەیاڵ منی گرت: شتێک هەیە!.

پاش ئەوەی کە شوێنی خەوی من لە ماڵی باوکم چوو بۆ حوجرە و لە ژوورەکانی حوجرەدا دەخەوتم، شوێنی خەوی حوجرەش بۆ من بووە لاوێنگە و داوێنگەیەک کە خۆم وەک چیرۆکنووس و بەسەرهاتگێڕێک دەربخەمەوە. ئیتر بەردەوام بە نووسینەکان و ناوی چیرۆکنووسەکانەوە خەریک بووم. پاش ئەوەی کە لەگەڵ چیرۆکنووسە فارسەکان و فەرەنسەویەکان ئاشنا بووم. ئیتر ئەوە بووە هەوێنی ئەوە کە من دەبێت ببم بە چیرۆکنووسێکی گەورە کە جایزەی نۆبلم پێ بدەن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بانگ بکرێم و چەپڵەم بۆ لێ بدەن. هەندێک جار لە شوێنی خەوم بە خۆم دەوت کە ئەگەر منیان پاڵێوراوی جایزەی نۆبل کرد، وەک ژان پۆل سارتر ناچم وەری ناگرم!!.

لە دەورەی زانکۆی سەلاحەدین کە وردە وردە سمێڵم دەردەهات، شوێنی خەوی من ئاژەی تێبەربوو. کێشەی بەشە ناوخۆیی و دۆزینەوەی شوێنێک بۆ خەوی ئارام کە خەیاڵی تێدا بکەم، زۆر زەحمەت بوو. هەرماوەیەک لە شوێنێک بووم و لەگەڵ قوتابیەکانی خەڵکی باشووری کوردستان دادەنیشتین و قسەمان دەکرد و کتری چایان ئامادە دەکرد و بە قسەی خۆیان، قسانیان دەکرد!. قوتابیەکانی زانکۆی سەلاحەدین وەک فەقێکانی حوجرە نەبوون، قوتابیەکان بە لەشی کەنیشکەکان خەیاڵیان دەکرد و قسەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد. بەڵام فەقێکان بە وشەکان و ڕستەکانەوە خەیاڵیان دەکرد و لەگەڵیدا دەئالانەوە. فەقێکان و قوتابیەکان بە کۆ و لە دەرەوەی جێگەی خەودا خەیاڵیان دەکرد و خەونەکانیان بە دەم دروست دەکرد.

ئیتر هەرچی کە بۆ ساڵەکانی کۆتایی خوێندن دەچووین، شوێنی خەو ئەوەندەی تر دەکەوتە مەترسیەوە و من ئاوارەی وڵاتان بووم و بەردەوام خەیاڵ و بیری من تێکەڵ بوو، وە لەسەر ڕۆژەکانی ژیان لە ئاوارەیی هەوق و گرفتار ببووم!.

لە دەورانی ئاوارەییدا بیر جێگەی خەیاڵی گرتەوە و وشەکان شوێنی وێنەکانی گرتەوە. لە ئاوارەیی ئەوەم بۆ ڕوون بوو کە دەبێت وشە و وێنە و بیر و هزر و هەست و هەرچی کە لە ژیانی من هەیە، لە کاتی چوون و دەربەدەری و ئاوارەیی و برسیەتی و نەخۆشی و هەر حاڵێک، دەست بە دەستی یەک بدەن و یەکگیر و یەکانگیر ببن. ئیتر مێزێک بۆ خوێندن و نووسین و جێگەیەک بۆ خەو و خەیاڵ، پێگەیەک بە ناوی قوتانی و فەقێ بوون، نابێت کە من ببەستێتەوە. بۆم ڕوون

بووەوە کە خەیاڵ کردن، لە خەون و خەو نزیکە، بۆیە مرۆڤ لە هۆشیاری دوور دەکات. بیر و هزر و هەستەکان و وشەکان سەرچاوەیەکی گرنگ و بەهادارە کە دەبێت بایەخی پێبدەم و لەسەری سوور بم و لەدەوری سوورِ بخۆمەوە.

هزر و هەستی مرۆڤ ملەکان بەرز و دۆڵەکان قووڵ دەکات. ملە و دۆڵ هەرچی کە بەرزتر و قووڵتر بێت، تەمگیر دەبێت و ترس و پرسی کوشندە دروست دەکات. تەم بەرزی و نزمی دادەپۆشێت و بەس ناوک بەدەردەهێڵێتەوە! ئەم نووسینە وەک کێویێکی گەورەیە کە لووتکەیەکی بەرز و دۆڵێکی قووڵی هەیە، تەمگیرە، ئەم نووسینە تەمگیرە، تەم بەرزی و نزمی دەشارێتەوە. مرۆڤ تێدا ون دەبێت و نازانێت کە لە کوێیە؟. تەم دەتوانێت کە پێگەی مرۆڤ لە خۆیدا ون بکات. هەروەها دەستەیەک لە باسەکانی ئەم نووسینە وەک تەم، لووتکەکان و نێو قووڵاییەکانی هەست و هزرەکانی من لە خوێنەر دادەپۆشێت. بۆیە وریا بن و ناوی خوای مەزن بهێنن و ناوی خوا یاد بکەن، بۆ ئەوەی کە تیشکی هەتاو و خۆر تەمی تاریکتان لێ پاک بکاتەوە.

# هاوەکان و ڕێکان

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیانم پێ دەکەم.

هاوڕێ، هاوپێ، هاوسێ، هاودەم، هاوخەم، هاوزمان، هاونشین، هاوکار، هاویار، هاوبار، هاوبەش، هاوژین، هاوبیر، هاوشان، هاوپەیمان وە هەر وشەیەک کە هاوی بە مانای پێکەوەیی لە پێشەوە و پشتەوە بێت.

لە درێژی ئەم ساڵانە کە من بەسەرم برد، هاو یان هاوەکان دەوری نەبوو. دەبێت کە بەهای ئەوە بزانن کە هاوڕێ و هاونیشین و هاوبیر و هاوەکانی تر بۆ مرۆڤ پێویستیەکی گرنگە کە هەرکەس لە نەوەکان و ناوەکان بەردەوام هەوڵی بۆ دەدات. من بەردەوام هەوڵی ئەوەمدەدا کە هاوبیر و هاونشین بۆ دەروونی خۆم بدۆزمەوە. دەگەڕێمەوە بۆ بەرەتاکان و باسی هاوڕێکانی خۆم بۆ ئێوە هەڵدەتەکێنمەوە. لەو کاتەوە کە من پێم گرت تاوەکو ئێستە هیچ کەس نەبوو کە هاوڕێ و هادەمی بەردوامی من بێت. لە هەر کەمپ و کۆڵانێک کە من بەسەرم برد، دەستەیەک منداڵ یان کوڕ و کچ بوونەتە دۆستی من، بەڵام ئەو دۆستیە زۆری نەدەخایاند و بە زوویی

کۆتایی پێ دەهات. ئاوارەیی و کۆچ و ڕەوەندەیی من بەسەر خاکەکان و نەوەکان و ناوەکان و وشەکان و ئەدەبەکان و زمانەکان، دەبووە هۆی ئەوە کە هیچ هاوڕێ و هاونشینێکم نەبێت و هەردەم لە تەنیایی و تاکانەییەک بژیم. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە من لەسەر سینگی چەند ژن شیرم خواردووە وە ئەوەشم باس کرد منداڵ کە شیر دەخوات دەخەوێت، بەڵام کە لە باوەشی ژنەکانی تر شیرم دەخوارد و تێر دەبووم، دەدرامەوە دەستی دایکم و لە کەمپی ئاڵتاش خەوێکی ئاسوودەم نەبووە.

کاتێک کە لەسەر سینگی چەند ژن شیرم خواردووە و ئاسایشم نەبووە، نیشانە و ئاماژەی ئەوەیە کە ناوی من لەسەر چەند ئەدەب و زمانی جیاواز گەورە دەبێت و لەسەر هیچ یەک لەوانە نامێنێتەوە. هەر بۆیە من بەردەوام لەسەر ئەدەب و زمانی فارس و عەرەب و ئینگلیزی هەڵچوون و داچوونێکی تێکەڵ وەک نەخۆشی تەو و لەرزم[10] هەبووە، سەرما و گەرما بەرز دەبن و تێکەڵ دەبن و یەک دەگرن.

دۆزینەوەی هاوخەم و هاوبیر و هاوژیرێک لە سەردەمی هەوڵ و گەڕان بۆ ناسین، دەتوانێت کە ئاسایش و ئارامش بە مرۆڤ ببەخشێت. بە داخەوا کە لە دەورانی قوتابخانەی سەرەتایی هیچ کەس نەبووە هاوڕێییەک کە بۆ قوتابخانەی ناوەندی دۆستی من بمێنێتەوە، وە دۆستەکانی دەورەی ناوەندی لە دەورەی دەبیرستان لە من دوور و جیا بوونەوە.

هاوڕێیەتی من و ئیبراهیم لەبەر بنەماڵە و هەڵاتن بوو. هەر بۆیە بەردەوام دوور و نزیکیەکی سەیرمان لە نێوان هەبوو، چ لە قوتابخانەکان وە چ لە کتێبەکان و ناوەکان. من و ئیبراهیم لە یەک دەورە یەکمان گرتەوە، ئەویش ئەو کاتە بوو کە بۆ دونیاناسی کرماشانمان بەجێهێشت و ڕوومان لە شارەکانی تری ئێران کرد.

لە دەورانی حوجرەدا لەگەڵ دەستەیەکی زۆر لە فەقێکان و قوتابیەکان و ماملۆستاکان دۆستیمان هەبوو، بەڵام ئەوە بەس ناسینێکی کاتی بوو و هاونشینی و هاوڕێیەتی دەروونی و ئەدەبی نەبوو. لە دەروونی خۆم دەوارێکم هەڵدابوو و بەس خۆم تێدا دەژیام. مامۆستاکانی حوجرە زەمینەی ئەوەیان تێدا نەبووە کە هاوڕێیەتی و هاونشینی و هاودەمی تایبەتی لەگەڵ فەقێکان دروست بکەن. دەمی

[10] _ تەو و لەرز، لەرزەتا

مەلاکان بە جوانی دەکرایەوە، بەڵام دڵیان بۆ ئێمە نەدەکرایەوە. شێوەیەکی فەرمی و وشک لە نێوانمان هەبوو.

لە دەورانی زانکۆی سەڵاحەدین هەروەها بوو، هاوڕێ و هاونشین و هاوبیر دروست نەبوو. قوتابیان بۆ من دوو دەستە بوو، دەستەیەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تەوان و ژیری و زەمینەی دۆستی و هاوڕێیەتیان تێدا هەبوو. ئەوان دەست و دەمیان خەریک بە باسی ناوەکان و وشەکان و ئەدەبەکان بوو. ژیر و تەوانی ئەوان لەسەرەوەی منیش بوو. بەڵام کێشە و گرفتێتک کە هەبوو باسی حیزبایەتی و خێ گرتن بە وشەکانی حیزبی و هات و چۆکانی حیزبی بوو. خۆیان لە نێو یەکدیدا دوو بەرەکی و چەند بەرەکیان تێدا هەبوو. ئەو قوتابیانە بوتپەروەریان تێدا هەبوو، ناوەکانیان دەکرد شێخ و خۆیان دەروێشیان دەکرد.

قوتابیانی باشووری کوردستان لەبەر دەورەی سەختی نەوەدەکان و شەڕەکان و عەرەب و بەعس و شیوعیەت، هۆش و ژیریان هی ئەوە نەبوو کە هاودەمی و هاونشینیان لەگەڵ دروست بکەم. زۆر هەوڵی ئەوەمدا کە دۆستی و هاوڕێیەتی قوتابیەکانی باشووری کوردستان بکەم، نەدەکرا و هیچ کون و خاڵێک نەبوو کە لە ڕێگەی ئەوەوە تەشەنە بکەمە ناوەوەیان. چەندەها جار قسەم لەگەڵیان دەکرد و هانیانم دەدا کە خۆیان بە وشەکان و ناوەکان خەریک بکەن، بەڵام نەیاندەتوانی. جارێک سەردانی بەشی فەلسەفەی مامۆستا ڕێبوار سیوەیلیم کرد، لەسەر مێزی ژوورەکەی کتێبێک بە ناوی (تاریخ تحول اندیشەها) م بینی، ئەم کتێبە بە دەستی فارسەکان بۆ زمانی فارسی وەرگێڕا بوو. ئەو کتێبەم ساڵانی پێش لە ئێران خوێندبوو. چوار ساڵ پێش ئەوەی کە لە ژوورەکەی مامۆستا ڕێبوار ببینم، من خوێندبووم. گرنگی خوێندنی لە تەمەنی هەژدە ساڵی من ئەوەیە کە من ئەو کاتە خۆم بە دەستەیەک لە کتێب و ناوەکان خەریک دەکرد کە زۆر سەخت و دژوار بوون کە بزانم باسی چی دەکەن!؟. گرنگ ئەوە نیە کە چەند ڕستە لەو کتێبە فێر دەبم، بەڵکو بەهای لەوەیە کە من خۆم لەو دەستە لە باسانە دەدا.

ئەوەی کە من هاونشینی ناوەکانم کردبێت زۆر کەم بووە، لەگەڵ مامۆستا فەریبورزی لوڕستانی وەک شاگرد و مامۆستا نەبووم، بەڵکو وەک هاوڕێیەکی خۆی سەردانی ماڵەوەیانم دەکرد. ماوەیەکی کەم و کورت بوو. هاودەمی مامۆستا حەمید

بووم، جاربەجار قسە قسەی دەکرد کە بۆ من بەهای هەبوو. زۆری نەخایاند و کۆتایی پێ هات.

پرسی باوەش و ژیان لە باوەشێک لە باسی هاوەکان بەهای هەیە. هاودەمی و هاونشینی و هاوشانی و هاوڕێیەتی بۆ من وەک باوەشێک بوو کە دەیتوانی ئارامش و ئاسایشێک بە دەروونی من بدات. کەسانێک نەبوون کە دڵ و دەروونی من لە باوەش بکەن و ئاسایشێک بە من بدەن. کاتێک کە مرۆڤی زیندوو نیە کە ئاسایش بە دەروونی من بدات، مرۆڤە مردووەکان بە نووسینەکانیان باوەش دەکەنەوە. کتێبی حەجی عەلی شەریعەتی و کیمیاگەری پائۆلۆ کۆئیلۆ و بوفی کوری سادقی هیدایەت و بێگانەی ئالبر کامۆ بوونە باوەشێک کە دڵگەرمی و دڵنەوایی منیان دەدایەوە. ناوەکانی سەعدی و مەولەوی و حافز و سەید قوتب و سادقی هیدایەت و پائۆلۆ کۆئیلۆ و داستایوفسکی و چەند ناوێکی تر منیان دەلاواند. ماوەیەک بوو، هەرچی کە گەورەتر دەبووم هەستم بەوە دەکرد کە ئەو ناوانە ئەوەندەی تر منیان تەنیا و گۆشەگیر و ئاوارە کردووە.

کاتێک کە باسی ژان پۆل سارترم دەخوێند، شوێنی دیداری سارتر لەگەڵ دۆستەکانی لە کافەدا بەهایەکی گرنگی هەبووە. سادقی هیدایەت و دۆستەکانی لە کافەیەکی شاری تاران ڕۆژانە کۆ دەبوونەوە و دائەنیشتن و قسە و باس و بابەتیان بۆ یەکدی دەکردەوە و ڕۆژانە لە یەکدی نزیک دەبوونەوە و یەکدیان بە ئەوانی تر دەناساند و یەکدیان دەگرتەوە. کافەنشینی و هۆکاری ئەوە کە لەبەر دەرگی کافەکانی شارەکان دانیشی و قسە بکەیت و ژیان و هۆشی شاری دروست بکەیت، تەواو دژ بە گۆشەنشینی ئاڵمانەکانە. ناوەکانی ئاڵمان وەک کانت و هگڵ و شوپنهاور و نیچە و مارکس، تەنیا و گۆشەگیر و لە کەش و هەوایەکی تایبەتی خۆیان بوون. دەتوانم کە وەک پستە تۆزێکی تر ئەو باسە بکەمەوە و بڵێم کە لە پشتەوەی ئەوە کە فارسەکان و فەرەنسیەکان ئاوەها کافەدۆست بوون و ئاڵمانەکان ئاوەها گۆشەگیر بوون، شتانێک هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات کە فارسەکان و فەرەنسیەکان خۆش خەیاڵن و نازانن کە سروشت چ شەڕێکی گەورەی تێدایە و ئەوان نابینان لەو شەڕە.

مارکس و نەوەکانی مارکس لە ڕەسەنایەتی هگڵ و کانت و نیچە بێبەش بوون. مەکتەبی فرانکفۆرت و بازنەی ڤییەنا لە جۆرێکی تری کۆنشینی و هاوپەیمانی بیر

و ئەندیشەی نوێ بووە. زانکۆکانی کەمبریج و ئۆکسفۆرد لەو زانکۆیانەیە کە هەردەم وەک مەڵبەند و کۆگای ناوەکانی هاوبیر و هاوپەیمان دەناسرێت.

لە بیرمە کە شەوێک بەرەوماڵەوە دەچوومەوە، هەوا بارانی و تەم و لێڵ بوو. کەوتمە کۆڵانێکی تاریکەوە کە کەسی تێدا نەبوو. کچێک لە پشتەوەی من ڕێی دەکرد، کە کەوتینە تاریکیەکە کچەکە خۆی لە من نزیک کردەوە و وتی: ئەتوانم کە هەتاوەکو لەم تاریکیە دەرئەچین لەگەڵت ڕێ بکەم، ئەترسێم!؟ وتم باشە. کچەکە هاوڕێی من بوو. وتم: خەڵکی کوێی؟ وتی: لوبنان!. دەستم دابەسەر شانی و هەستم بە نزیکی کرد لەگەڵیدا، وتم: ئەی بۆ قسە ناکەیت کچی باش!. باسی خۆی بۆ من کرد کە لە تەلەفیزیۆنی بی بی سی کار دەکات. باران توندی کرد و چەتری کچەکە شکا و بە دەم ڕێگاوە خەریکی ئەوە بوو کە چاکی بکاتەوە. بە شۆخیەوە وتم: ئاخر کەسێک کە لە بی بی سی کار بکات چەتری دەشکێت!؟ کچەکە شەرمی کرد و هیچی نەوت. کە لە تاریکی دەرچووین کچەکە خوا حافیزی کرد و چوو.

تەنیایی و چۆڵەوانی و ترس و تاریکی کە یەک دەگرێتەوە، ئاوەها مرۆڤەکان لە یەکدی نزیک دەکاتەوە. بۆی هەیە کە مرۆڤ لەو کاتە پاڵ بە دوژمنی خۆی بدات. باسی ئەو کاتە دەکەم کە مرۆڤ و نەوەکان و ناوەکان لەسەر ڕێگە و چوونیان تەنیا و لە ترسدا هەنگاوەکانیان دەنێن و وشەکان و وێنەکان و هەستەکان و هزرەکان دەخولقێنن. سادقی هیدایەت ئەگەرچی کە پەیوەندی بە دەستەیەک لە دۆستانی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەروونی هەستی بە تەنیاییەک دەکرد کە ماندوو و هیلاکی دەکرد. کەسێک نەبوو کە دڵی پێ خۆش بکات. دڵی بە عومەری خەیام و ئەبولئەعلا موعری خۆش کرد، کە ئەوانەش کەسانێکی تەنیا و بێکەس بوون. کەسانێک لە نەوەکان و ناوەکان وەک ئەو کچە پاڵ بە کەسانی تر دەدەن و هەر ئەوە کە لە گرفت دەربازیان بوو، خۆیان ون دەکەن و وەک کەسی بێمنەت خۆیان دەردەخەن. نیچەش هەروەک سادقی هیدایەت، دڵی لە عیسا ناڕەحەت بوو و ڕووی لە زەردەشت کرد، نیچە بەو پشت کردن و ڕوو کردنە، ئاماژە بەوە دەکات کەس تەوانی ئەوەی نیە ڕێگە بە بێ دۆستی و دوژمنی ناوەکان ببڕێت. سادقی هیدایەت کە فشەی بە سادقی چووبەک دەکرد، لەو لاوەش لەسەر ژیان و شیعرەکانی خەیام دەینووسی. هەروەها نیچە کە فشەی بە واگنەری دۆستی دەکرد، ماستاوی بۆ زەردەشت دەکرد!.

ئەزموونی سەخت و دژواری من بووە هۆی ئەوە کە ئیتر سقە بە دەورەکان و قۆناغەکانی دەستکردی مرۆڤی نەکەم و لێیانەوە نزیک نەبمەوە. دەورەکانی مرۆڤی بۆ من پڕ لە ترس و درێژ و ماندووکەر بوون. نەوەکان و ناوەکان لەو دەورانە ئەوەندەی کە منیان ماندوو و هیلاک کرد، ئەوەندە خێریان بۆ من نەبوو.

لە پاش ئەو هەموو ساڵە و لەم گرتووخانەیە ناوی خوای مەزنم کردە ناوی هاوڕێ و هاونشینێک کە چرکە بە چرکە لەگەڵ مندایە و تەوان و هێز و دەسڵاتی فرە و فراوانی هەیە بۆ ئەوەی کە هاتەکانی ژیانی من خاوەنداری بکات. ئیتر ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە کەسەکان و ناوەکانی داهاتوو و سەرجەم بابەت و وشەکان و ناوەکان هەرهەموویان لە ڕووگەیەک دێن کە لە ژێر دەم و دەستدایە و بەردەوام ئاگام لێیان هەیە. ئیتر هاوڕێیەتی تاکانەی خوای مەزن بۆ من بەسە و پێویستیم بەوە نیە کە دڵەڕاوکێم هەبێت کە من چیم بەسەر دێت؟. ئەم خواویستی و ماستاو بۆ خوا کردنەوەی من بۆ شتێکی گرنگ دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەوەیە کە " تەنیا خوایەکی گەورە دەتوانێت من لەم قوڕە دەربهێنێت."

لە ئەدەبی ئیسلامیدا وشەیەک بە ناوی (أصحاب) هەیە کە ئاماژە بە یارەکانی پەیامهێنەری ئیسلام دەکات. پێش ئەوەی کە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا ببێتە نێردراوەی خوای مەزن، وشەی ئەسحاب جێگیر و دیارکراو نەبوو. پاش ئەوەی کە دەبێتە نێردراو، دوژمنە سەرسەختەکانی وەک عومەری کوڕی خەتاب و ئەوەکانی تر دەبنە موسوڵمان و دەبنە یارەکانی. وشەیەکی تر هەیە وشەی تابعین و تابعینی تابعین. موحەممەد هەر هەموویانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و دایانی مەزراند. یارەکانی موحەممەد حازری خۆرەکان بوون. بۆیە پێگەی ئەوان هەردەم لە خوارەوەی ناوی موحەممەدە.

## ڕێکان

ئەو ناوانەی کە هاودەم و هاونشین و هاوڕێیان نیە، بەرەو ڕێکان دەچن. وەک ڕابەر، ڕاهێنەر، ڕاگر، ڕاچەڵەکێن، ڕێنما، ڕێکار، ڕێبین، ڕێگا، ڕێواز، ڕێباز، ڕێگر، ڕاشکاو، ڕاپەڕێنەر، ڕێبوار، ڕاوەشێن. ناوەکان لەبەر ئەوەی کە هاوڕێ و هاوبیر و هاودەمیان نیە، بە خواستی خوای مەزن بەرەو ڕاگری و ڕێبەرایەتی دەچن.

نەبوونی هاوەکان زەمینە بۆ دروست بوونی سروشتی ڕێکان لە دەروونی نەوەکان و ناوەکان خۆش دەکات.

ناوەکان هیچ کات بە تەواوی بێ هاوەکان نەبوون و هیچ کات بە بێ ڕێکان نین. ڕێژەیەکی تایبەتی کەم لە هەردووکیان لە دەورە جیاوازەکانی ژیانیان تێیاندا هەیە، وەک خانەکانی شێرپەنجە و خوەرک لە لەش و خاکدا. گرنگ ئەوەیە کە ئەو خانانە یان ئەو خوەرکانە کەی گەشە دەکەن؟. بۆ نموونە فردریک نیچە لەو کەسانە بوو کە هاوڕێی هەبوو، بەڵام ئەو هاورێیەتیە بەردەوام نەبوو. نیچە هاودەمی سالۆمە و واگنەر، وە خوێنەری عیسا بوو، ئەو هاودەمی و خوێنەریە بە ناخۆشی تێکچوو. تەنیایی و گۆشەگیری و دەرد بەردەوام هاوڕێی بوو، ئەمە دەیبات بۆ ڕێکان. نیچە تەوانی ئەوەی هەبوو کە نەوەکانی مرۆڤ ڕێبەرایەتی بکات. مرۆڤی دنکە و تایبەتی بە دوای خۆی دروست دەکات. گەر سرنج لەو ناوانەی بدەن کە لە نیچەوە گیراونەتەوە دەزانن کە ئەدەبی ڕستەکانی نیچە، نەوەیەکی دنکە دروست دەکات.

گوزەر کردن لە هاوەکان بۆ ڕێکان کاری هەرکەس نیە. هەرچەند هەرکەسێک ڕێژەیەکی لە هاوەکان و ڕێکان لە گیان و ژیانی هەیە. ئەوەی کە من بە گرنگی باسی لێوە دەکەم، باسی چۆنیەتی دروست بوونی ئەو ناوانەیە کە ڕێبەرایەتی و ڕاگرایەتی نەوەکانی مرۆڤ لە ئەستۆ وەردەگرن. بەرپرسی قوتابخانەیەک دەتوانێت کە وەک ڕاگر بێت، باسی ئەوە ناکەم. باسی ئەو دەستە لە ناوانە دەکەم کە لە تەنیایی و گۆشەگیری خۆیان ڕێگە و ڕێبازیان بۆ نەوەکانی مرۆڤ دروست کرد و تاشی.

کەسانێک زۆر باسی منیان کردووە کە تۆ کەسێکی داخراوی و قسە کەم دەکەیت و دەم و ڕوومەتت پۆشراوە. ئەوانە ئاوەها لێکی نادەنەوە کە سروشتی من لەو کەسانە نیە کە بتوانێت لەگەڵ هەرکەسێک هاوڕێیەتی و هاودەمی بکات. ئەو کەسانە بۆی هەیە بە کەسێکی دڵ پڕ لە ڕق لێکم بدەنەوە، بەڵام بە ناوی خوای گەورە من بەرەو ڕێکانەوە هەنگاوم هەڵگرتووە. هەربۆیە وزە و هێز و دڵ و دەروونی خۆم بۆ هەر کەس ناکەمەوە و پانی ناکەمەوە. سروشتی من وەک داری گوێزە، ناهێڵم کە هەرکەس لە خۆیەوە بەر و بەرهەمم لێبکاتەوە، ناهێڵم کە کەس لە بن سێبەرم ئاسوودە خەوی لێبکەوێت، سێبەری من بۆ بێدارانە. سروشتی من

وەک داری گوێز سەختە و بە خزمەتە، بەر و قسەمیش وەک گوێز بۆ ئەوانە باشە کە دەیانەوێت پارێزەری مێشک و سەلامەتی مێشکیان بن. بۆ پرسیار ناکەن: بۆ خۆت وەک داری گوێز دەناسیت!؟ من کە سەکتەی مێشک لێمی داوە، زۆر بۆ ژیرەکان ڕوونە بۆ بەرەو گوێزەوە دەچم. سروشتی من جۆرێکە کە تەنیا لەگەڵ بەخشندەکان و دڵفراوانەکان دۆستی دەکەم، وەک داری هەنجیر. زۆر لە دۆستانی من کە هاونشین و هاوقسەی من دەبن، دەڵێن بۆ لار و تاڵ و گرژی!؟ ئەوانە نازانن کە لاری و تاڵی و گرژی لە گوێز فێر بووم!. تەنیا هەنجیرەکان دەتوانن کە هاونشینی و دۆستی من بکەن.

بە ڕوومەت و ڕواڵەت و قسە کردن دەتوانرێت کە نەوەکان بناسرێن و لێکبدرێنەوە کە سەربە هاوەکانن یان سەربە ڕێکانن؟ ژنەکان و کەنیشکەکان زۆربەیان لە هاوەکان دەردەکەون، دەستەیەک لەوان هەوڵ دەدەن کە چەشنی ڕێکان لە گیانی خۆیان بەرز و زۆر بنوێنن. پیاوەکان و کوڕەکان زۆرترینی ئەو کەسانە دەگرنەوە کە ڕێکانیان تێدا دەردەکەوێت.

قوتابخانەکان و حوجرەکان و زانکۆکان و کۆمەڵگاکان و دەورەکان و قۆناغەکان، دەستە دەستە لە هاوەکان و ڕێکان لە خۆیان دەگرن و تێکەڵی دەکەن. من قوتابیم بینیوە کە لە بواری هاوەکان تەوان و دەوری زۆری هەبووە، لە کاتێک کە لە بواری ڕێکان وزەی خۆی بەکار دەبات. ئەو کەسانە لەبەر ئەوەی کە تەوانی دووری و تەنیایی و گۆشەگری و خۆتێبەردان و نەترسی و بیر و چۆک و فرمێسکیان نیە، ناتوانن کە وەک ڕاگر و ڕێبەرێک خۆیان دەربخەن.

## ناوەکان لە دۆستی یەکدا

ناوەکان لە پێگەی ڕێبەرێک کەش و هەوایەکی تایبەت و تەنیای خۆیان هەیە و زۆر بە سەختی دەرفەت بە هەرکەس دەدەن کە هامشۆیی و هاونشینیان بکات. باسی نیچە وەک نموونە دەکەم. فردریک نیچە کەسێکی تەنیا بوو، دۆستی نەبوو، دەورەیەک دۆستی واگنەر و سالۆمە بوو، ئەو دۆستایەتیەش بە ناخۆشی کۆتایی پێ هات. نیچە هەرگیز نەیتوانی کە لەگەڵ کەسێک بیر بکات و هاوبیر و هاوڕێیەک بۆ هەست و هزرەکانی خۆی دروست بکات.

لە هەڵۆ دەپرس بۆ دنووکت لارە؟.

هەلۆ دەڵێت: ئەگەر دنووکم لار نەبێت، ئێسکم پێ هەڵناگیرێت.

فردریک نیچە هەردەم دنووکێکی لاری بە ڕوومەت هەبوو کە نەیدەتوانی بەو دنووکە لارە لەگەڵ کەسدا ژیان بکات.

باسی خاڵە حەیدەری خۆم دەکەم. حەیدەر تەنیا بوو، زۆر تەنیا و بێکەس، جۆرێک کە لەگەڵ کەس نەیدەتوانی ژیان بکات. دنووکێکی لار بە ڕوومەتیەوە هەبوو کە نەیدەهێشت جوانی و ئارامش بە خۆیەوە بگرێت. ماوەیەک لەگەڵ حەیدەر هاوقسە بووم، بەڵام لەبەر لاری و سرنج و ڕەخنە و هەڵچوونەکان نەماندەتوانی کە یەکدی قبووڵ بکەین. ماوەیەک قسەمان لەگەڵ یەکدی نەدەکرد و لەبەر بێکەسی ڕوومان لەیەکدی دەکرد.

کەسێکی وەک فەرهاد پیرباڵ لەو کەسە دنووک لارانەیە کە لەگەڵ کەم کەس دەتوانێت ئارام بێت. جارێک باسی مامۆستا ڕێبواری دەکرد، وتی: ڕێبوار کەسێکی بیرمەندە، باسی دەکەم، هەرچەند ناخۆشیمان لە نێوان هەبووە!.

ناوەکان لەگەڵ یەکدی دنووکە شەڕە و مەرافەیان دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کەسیان نیە، ڕوو لە یەکدی دەکەنەوە.

ناوەکان هەردەم دووانە یان سیانەیەکیان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە ناوی مارکس و نیچە هەرچەند کە هەردووکیان ئاڵمانین، لەگەڵ ئەوەدا هەرگیز پێکەوە ئارامیان نابێت و ناتوانن کە ڕوومەتی یەکدی قبووڵ بکەن. مارکس و نیچە وەک دوو کچن لە دایکێکەوە، دوژمنی یەکدین. بەڵام نیچە و واگنەر وەک خوشک و برایەک لە دایکێکن، لەسەر یەکدی قسە دەکەن و لەگەڵ یەکدی شەڕیش دەکەن، بەڵام پێکەوە دۆستیان فرەترە.

## پاڵەوانەکانی ناو شار

لە شاری کرماشان بەزمێک بە ناوی بەزمی پاڵەوانەکان باوە. دەستەیەک لە پاڵەوانەکان بەردەوام لە شاری کرماشان بەدەردەکەوتن و بە هونەری زنجیر بڕین و پیشاندانی ماری چل کیلۆیی و کاری سەیری تر، خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆ

دەکردەوە. ڕۆژێک لەبەر دەرگی گاراژی[11] شاری کرماشان تێدەپەڕیم، کۆیەک خەڵکم بینی کە لە دەوری پاڵەوانێک کۆ بوونەتەوە. منیش خۆم نزیک کردەوە و کابرایەکی پاڵەوان لە نێوان خەڵکدا هات و هاواری دەکرد و زنجیری دەبڕی و دەیەوت کە مارێکی چل کیلۆیی لە نێو سندوقەکەیە و دەیەوێت کە بە خەڵکی پیشان بدات. خەڵک زۆر لە دەوری کۆ بوونەوە و دەرفەت نەبوو کە بە ئاسانی سەیر بکەم. لە دەوری خەڵکەکە دەسووڕامەوە و سەیرم دەکرد. سەیری خوارەوەی جادەکەم کرد، پاڵەوانێکی تر لەو بەری جادەکەوە خەریک بوو کە کارەکانی خۆی پیشان دەدا، بەڵام چەند کەس لە دەوری بوو. ئەویش زنجیرەی دەبڕی و دەیەوت کە چل ماری پێیە و پیشانی خەڵکی دەدات. ئەو چەند کەسەش بە دەم ڕێ کردنەوە سەیریان دەکرد. کابراش زۆر تووڕە بوو کە کەس ڕوویەکی ڕاستی و دروستی پێ نادات.

ڕێکان وەک پاڵەوانەکانی شاری کرماشانن. لە ناکاوە و بۆ پیشاندانی تەوان و لێهاتوویی خۆیان، خۆیان بە خەڵک پیشان دەدەن. بۆی هەیە کە لە یەک کاتدا چەند پاڵەوان لە نێو خەڵک بازنەیەک دروست بکەن و هەر گۆشەیەکی شار بە خۆیانەوە خەریک بکەن. ئەوەی کە بەهای هەیە، ئەوەیە کە پاڵەوانەکان لە شاری کرماشان لە کاتێک کە ئامادەیی و تەوانایی خۆیان وەک پاڵەوان دەردەخەن و یەک جۆری تایبەت لە کاریان هەیە، مار و زنجیر و بەرد و ئاسنە، هەروەها پاڵەوانە ئەدبیەکان یان ڕێکان لە ناکاوە پاش دەورەیەکی نادیاری و لەخۆدا بوون لە ناکاوە بۆ پیشاندانی تەواناکان و لێهاتوویەکانیان خۆیان بەدەردەخەن. هەریەک لە ڕێکان گۆشەیەکی شار داگیر دەکەن و هەریەکیان وزە و تەوانی دەستەیەک لە نەوەکان بە خۆیانەوە خەریک دەکەن. بۆی هەیە کە لە سەردەمێکدا چەند ناوێک وەک ڕێکان نەوەیەک لە دەست و داوێنی خۆیان خەریک بکەن.

ناوەکانی کورد دەستە کەسانێکی وەک عەبدولڕەحمانی قاسملوو و ئەحمەدی موفتی زادە بوون کە وەک پاڵەوانەکانی شاری کرماشان هەریەکەیان گۆشەیەکی نەوەکانی کوردیان بە خۆیانەوە خەریک کرد. ئەوان گەشەیان بە ئەدەبێکدا کە فرەتر نەوەکانی کوردیان لەیەکدی جیا کردەوە و کردیان بە دوژمنی یەکدی. ئەو پاڵەوانانە نەوەکانی کورد و نەوەکانی نەوەکانی کوردیان وەک چاڵی نەوتیان لێ

[11] _ دەرگی گاراژ یان دەمی گاراژ بە ناوەندی شاری کرماشان دەڵێن. مەیدانی ئازادی ناوی فەرمی دەمی گاژارە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە.

کرد کە بەردەوام خۆیان لەسەری دانیشتوون و بۆ خۆیان قۆرخیان کردووە. دەبێت کە هەر پاڵەوانێک ئێوارەیەک و دەستەیەک لە دەوری کۆ ببنەوە، ئێوارەکانی تری شار بۆ پاڵەوەکانی تر و ناوەکانی تر بێت!.

دەستەیەک لە ناوەکان وەک موحەممەدی پەیامهێنەری خوا لە نێو پەیامهێنەرەکان و فردریک نیچە لە نێو ناوەکانی مرۆڤی و تۆڕی ناوەکان، نەوە بەسەر نەوە بەر و بەرهەمی ناوی خۆیان پیشانداوە و نەوەکان بە پەرۆشەوە دوایان کەوتوون و نەوەکانی دواکەوتووی ئەوان بەرهەم و داهێنان و زایینی زۆریان بەدەرخستووە. بەڵام نەوەکانی شوێنکەوتووی ئەحمەدی موفتی زادە و عەبدولڕەحمانی قاسملوو چ داهێنان و نەوەیەکی بەرز و پیرۆزیان لێ کەوتووەتەوە!؟. بۆیە بەسەرهاتی ئەم دوو برایە بزانن باشە:

دوو برام دەناسی کە لە سەدەمی شەڕی ئێران و عێراق، بە دەستی ڕژێمی بەعس ڕەوانەی کەمپی ئاڵتاش کران. ساڵی هەزار و نوسەد و نەوەد و یەک پاش شەڕەکە یەکێک لەو برایانە بە هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەڕایەوە بۆ دەشتی زەهاو و بووە خاوەنی ئەو زەویانە کە لە باوکی بۆیان مابووەوە. براکەی تری لە کەمپ مایەوە. لە کاتی شەڕەکەی دووهەزار و سێی عیراق و لە سەروبەندی شەڕەکە ئەویش گەڕایەوە بۆ ئێران و لە ئاوایی خانوویەکی دروست کرد.

کە لەسەر خاک و دەشتی خۆیان یەکیان گرت، کێشەکانیان دەستی پێ کرد. کێشەی ئەمانە لەسەر زەویەکان گەورە بوو. یەکێکیان زووتر هاتبووەوە زەویەکانی ئاوەدان کردبووە. ئەوەی تریان کە هاتەوە داوای بەشی خۆی کرد. سوتفە ئەو برایە کە پێشتر هاتبووەوە چاڵی ئاوێکی لە نێو زەویەک کەند کە هی براکەی تری بوو. هۆی کەندی ئەو چاڵە لە زەویەکەی ئەو ئەوە بوو کە زەویەکەی چاڵ بوو و بۆ چاڵئاو باش بوو و زوو دەکەوتە ئاو و ئاوەکەشی زۆر بوو. ئەو برایە کە پێشتر هاتبووەوە و چاڵی ئاوی لەسەر زەویەکە کەندبوو، وتی من ئەو چاڵی ئاوە کە لەسەر زەوی تۆ کەندوومە پڕی دەکەمەوە بۆ ئەوەی کە تۆ نەبیتە خاوەنی و زەویەکانی خۆتی پێ ئاوەدان نەکەیتەوە!. چاڵی ئاوەکەی بە بەردی گەور گەورە پڕ کردەوە بۆ ئەوەی کە ئیتر براکەی ئاوی لێ دەرنەهێنێت.

ناوەکان و خاوەندارەکان بە خواستە ئاکاریەکانیان زەویەکان و نەوەکان داگیر دەکەن و بۆ خۆیان بەکاریان دەبەن و خاوەنداری دەکەن و ئەگەریش بووە شەڕیان،

چاڵئاوەکان و نەوەکان پڕ دەکەنەوە و بە کوشتیان دەدەن و قوربانی ناوی خۆیانیان دەکەن.

"دەنگ و هەرای دەف و دایرەی ئێمە، سەروبەری نەیارانمان خۆش دەکات."

# ئاژە

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

وشەیەک کە لەم بابەتە کەڵکی لێ وەردەگرم و بە وشەکانی تر دەیگرمەوە، وشەی ئاژە و ئاژاوەیە کە لە ئەدەبی وشەکان و ناوەکان بەهایەکی فراوانی هەیە. ئاژاوە وشەیەکی کوردیە کە بۆ ئەو وێنەیە بەکار دەچێت کە وشەکان یان ناوەکان تووشی کێشە و گرفت و لێدان ببن. وەک ئاژاوە کۆمەڵایەتیەکان، ئاژاوە خێزانیەکان، ئاژاوە سیاسیەکان، ئاژاوە ئەدەبیەکان، ئاژاوە دەروونیەکان و...

سەرهەڵدانی ئەم وشەیە لە ئەدەبی من ئەو کاتە بوو کە وشەی ئاژاوە وەک وانەیەک ناسیمەوە. لە هەر دەورەیەکی ژیانی نەوەکان و ناوەکان ئاژاوە و ئاشەکڵەی جۆراوجۆر هەیە کە دەستە دەستەی ناوەکان و نەوەکان بە دوای خۆی دەفەوتێنێت.

هەر ناوێک لە ناوەکان بە دەستەیەک لە وشەکان و ناوەکانی تر خەریک دەبێت و پێداگری لەسەر بەکار بردنی ئەو وشانە دەکات. بۆ نموونە، شەتیان بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات کە نەوەکان و ناوەکان و پێکهاتەکان تووشی ئاژاوە بکات. هەروەک پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە شەیتان کەڵک لە وشەی هەڵوەشاندن و شکاندنەوە وەردەگرێت، ئاژاوەتێبەردان یەکێکی تر لەو وشانەیە کە شەیتان کەڵکی لێ وەردەگرێت و بەردەوام بە کار و باری دەبات.

وشەی ئاژاوە یەکێک لەو وشانەیە کە خۆی بە پێی خۆی هاتووە بۆ ئەم گرتووخانەیە و خۆی بە من ئاشنا کرد و خۆی ناساند، وە بە ناوی خوای مەزن هەوڵی ئەوە دەدەم کە لەم نووسینە ئەو وشە و دەوری ئەم وشە لە ژیانی ناوەکان

و نەوەکان باس بکەم. من کەڵک لە وێنەکانی ژیانی خۆم وەردەگرم، لەبەر ئەوەی کە وشەی ئاژە لەو وشانە بوو کە لە ژیانی من زۆر کاریگەری هەبووە.

هەر نەوەیەک کە بیەوێت ڕێگەی دۆستی ناوەکان و وشەکان بگرێتەبەر، چەندەها جۆری جیاوازی دەورەکان دەبینی و لەهەر دەورەیەک ئاژەیەکی تایبەتی کەلۆری پێ دەگرێت و کێشەی بۆ دروست دەکات. وشەکان و ناوەکان و ڕستەکانی ناوەکان بەردەوام لەگەڵ مرۆڤ دەمێنێت و دەبنە سەرچاوەی ئاگر نانەوە لە دڵ و دەروونی مرۆڤ. هەروەک دەزانن لە بەرەتاوە بە ناوی خوای مەزن کتێبم بە دەستەوە گرت و بە ناوەکان و وشەکان و ڕستەکانی ئیسلامەوە بوو. دیارە کەسێک کە بە وشەکان و ڕستەکانی ئیسلام ئاشنا و دۆست بێت، بنە لە ژیان و گیانی بۆ هەمیشە دادەنێت و دایدەکوتێت. وشەکان و ناوەکانی ئیسلام تەوانی ئەوەی هەیە کە بە خێرایی و بە فراوانی کاریگەریەکی هەمیشەیی لەسەر دەروونی مرۆڤ دابنێت. پاش ئەوەی کە دەستم بۆ کتێبەکانی چیرۆک و ڕۆمان و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ئەو دەستە لە ناوانە برد، ئیتر وردە وردە وشەکان و ڕستەکان لە دەروونی من بەرەو بەرە و بەربەرەکانێ و دژایەتی و گژایەتی یەکدی دەچوون و من ئاگاهیم لەسەرجەم ئەو شەڕە دەروونیانەی خۆم بوو. جگە لە خۆم نەبێت کەس ئاگای لەوە نەبوو کە لە دەروونی من چ هەرا و مەرافەیەکی گەورە و بێ دەنگ هەیە.

لە بیرمە کە لەسەر دوو ئایەتی قورئان تووشی ئاژاوەیەکی گەورە بووم:

و اذ قال موسی لقومە یا قوم انکم ظلمتم انفسکم باتخاذکم العجل فتوبوا الی بارئکم فقتلوا انفسکم ذلکم خیر لکم عند بارئکم فتاب علیکم انە هو التوان الرحیم(بقرة ٥٤) لە سوورەتی نیساء هاتووە: و لا تقتلوا انفسکم ان اللە کان بکم رحیما(نساء ٢٩) لە ڕاستیدا من دەمەوێت کە قورئان تەنیا سەرچاوەی من بێت، نامەوێت بۆ ئەوەی کە لە قورئان ئاشنا ببمەوە، کتێبی مرۆڤەکان بخوێنمەوە. لە ئایەتی ٥٤ ی سوورەتی بەقەرە موسا فرمان دەردەکات کە نەفسی خۆتان بکوژن. لە سەرەتا کە ئەم ئایەتەم خوێندەوە پێموابوو کە خوای گەورە فرمان دەکات کە قەومەکەی موسا نەفس و دەروونی خۆیان بۆ خوا بکوژن. من پێموابوو کە فرمان بۆ ئەوە دەردەکات کە دەروونتان بکوژن. من وشەی دەروون و نەفسم لەیەکدی نزیک کردەوە. بەو مانا کە نەفس مانای لەش نادات، بەڵکو مانای دەروونی نائارام و سەرەڕەو و پرسیارکەری قەومەکەی موسا دەدات. سەری خۆمم بەم قسە خۆش کرد

تا ئەوەی کە خوای مەزن لە سوورەتی نیساء فرمان دەدات کە نەفسی خۆتان مەکوژن. ئەمە بووە جێگەی بێزار کردنی من!. دەستم برد بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی زاناکانەوە چیرۆکی موسا و قەومەکەی بزانم. زاناکان باسی چیرۆکێک دەکەن کە تێدا موسا فرمان بە قەومەکەی دەدات کە یەکدی بکوژن، یان گوێرەکە پەرەستەکان بە دەستی یەکتا پەرەستەکان بکوژرێن.

ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئیتر دەست و دەمم بە قسە و چیرۆکگێڕانەوەکانی زاناکانی موسوڵمان خۆش نەکەم، وە هەتا ئەتوانم خۆمیان لێوە دوور بکەمەوە. من نامەوێت وە ناتوانم بۆ ئەوەی کە بەو ئایەتەی سوورەتی بەقەرە ئاشنا بم، دەبێت کە چیرۆکی ئەو قەومە لە زمانی چەندەها زاناوە وەربگرم. هیچ سقەیەکم بەو گێڕانەوانە نیە کە زاناکانی موسوڵمان هەرکامەیان قسەی تایبەتی خۆیان هەیە. لە خوا نەبێت کەس سەروبەری ئەو چیرۆکە بە جوانی نازانێت. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە دەدەمە لای هەندێک ئایەت و لێی گوزەر دەکەم، بە دەروونی خۆم بڵێم کارت بەو ئایەتە نەبێت و بڕۆ!.

چ چاوەڕوانیەک لە یەهوودێک دەکرێت کە گا و گوێرەکە دەکەنە خوای خۆیان!؟ هیچ، جگە لەوە نەبێت کە مێژوو و خاک و زمان و زەوی بشەوێنن و گێرەشێوێنی بکەن و ئاژە بەربدەنە زەویەوە!!.

هێلکەیەک کە دوو زەردێنەی تێکەوت، دوو جووجەڵە نادات، بەڵکو توخم دەتۆپێنێت!.

لە دوو ئایەتی تردا:

انما جزاء الذين يحاربون الله و الرسوله و يسعون فی الارض فسادا ان يقتلوا او يصلبوا او تقطع ايديهم و ارجلهم من خلاف او ينفقوا من الارض ذلک لهم خزی فی الدنيا و لهم فی الاخرة عذاب عظيم(مائده ٣٣) لأقطعن أيديكم و أرجلكم من خلاف ثم لأصلبنكم إجمعين(اعراف ١٢٤) جارێک لە لایەن خوای مەزن هەڕەشە دەکات لەو کەسانە کە دژایەتی دینی خوای مەزن دەکەن، جارێکی تر لە زوبانی فیرعەونەوە هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی کە لە خوایەتی فیرعەون گەڕاونەتەوە. بۆ من پرسیار و جێگەی سەیر لێ هاتن بوو کە بۆ خوای مەزن هەر ئەو ئەشکەنجە دیاری دەکات کە فیرعەون بۆ ساحیرەکان دیاری کردبوو!؟ وێنەسازی دروست کردنی

ئاوەها ئەشکەنجەیەک سەرەتا لە لایەن خوا بووە یان شەیتان و فیرعەون!؟ ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ببێتە شوێنی گت و مانەوەم لەسەر باوەڕم بۆ قورئان. ئەو دوو ڕستە وا دەکات کە فەقێ لەو پرسیارەوە نزیک بێتەوە کە ئایا قورئان لە لایەن خواوە هاتووە!؟ ئەگەر لە لایەن خواوە هاتووە، بۆ خوای مەزن لاسایی فیرعەون دەکات لە ئەشکەنجەدانی نەیارەکانی خۆی!؟.

ئەمانە نموونە بوون کە ڕستەکان و ئایەتەکان لە ناوخۆی دین دەبنە هۆی ئەوە کە فەقێ تووشی ئاژاوەی بیر و باوەڕ و بەدواداچوون بێت. خاڵی گرنگ سەبارەت بە من ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕم بە قورئان هەبوو، لەگەڵ ئەوەدا هەردەم سەر و سرنجەکانم ڕەخنەگرانە و بە پرس و ترسەوە قورئانی دەخوێند، وەک ئەوە کە دەیەویست شتانێک لە قورئان بدۆزێتەوە کە وەک نووسینی مرۆڤی لێ بکات!. جۆرێک بە گژدا چوونەوە و پرسیاری سەیر بوو، بۆ نموونە لە خۆم پرسیار دەکرد بۆ قورئان کە باسی خۆشی دەکات هەر باسی جنات تجری من تحت الانهار و حور عین دەکات!؟ ئایا خۆشی بەس ژن و سێبەری دار و ڕووبار و پاڵدانەوەیە!؟ بە شێوەیەک کە دەروونی من زۆر کلکەی[12] ڕستەکان و وێنەکانی دەدا. کلکەدانی وشەکان و ڕستەکان ئامازە بەوەیە کە بەشێک و لایەنێک یان شتێک لە دەروونم هەیە کە حەز و هەستی بۆ دژایەتی و گژایەتی قورئان تێدا هەیە. خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت کە شەیاتینی ئنس و جنمان بۆ پەیامهێنەرەکان دانیاوە. ئامازەش دەبێت بۆ ئەوە کە قورئان ژینگەی بۆ ئەوە خۆش کردووە و جۆرێک زینەتی ڕستەکانی دانیاوە کە خوێنەر بۆ دۆستی و دوژمنی خۆی ببات. لە بنەڕەتەوە قورئان زۆر خوێنەر هیلاک و ماندوو و لە خۆیەوە دووری دەکات. قورئان خۆی سەرچاوەی ئاشتی و ئاژاوەی ناو دڵ و دەروونی خوێنەرە. بۆیە خوای گەورە زۆر ئامازە بەوە دەکات کە ئەوە ئێمەین بە خواستی خۆمان دەستی مرۆڤەکان دەگرین!.

یەکێکی تر لە جۆرەکانی تری ئاژاوە، ئاژاوەی هاتوو لە دەرەوەی ڕستەکانی دینەوەیە. سادقی هیدایەت و فردریک نیچە بوونە هۆی ئەوە کە ئاژاوەیەکی کاتی و کوشندە لە بیر و باوەڕی من دروست بکەن. سادقی هیدایەت لە کتێبی (بوف کور) کە باسی کەسێکی قورئان خوێن دەکات، باسی پیرە پیاوێک دەکات کە چەند ددانی زەرد لە دەمی ماوە و جۆرێک باسی ئەو کابرا پیرە دەکات وەک ئەوە کە ئەو کابرا

---

[12] _ کلکە دان مەبەست ئەوەیە کە زۆر بە ناحەق بە شتێکەوە خەریک بیت، هەر لە خۆوە دەستی تێوەربدەیت.

پیره بەو ددانە زەردانە قورئان دەخوێنێت، بە جۆرێک کە ددانەکانی کابرای پیر لەق و شەقە و هەرکات بۆی هەیە کە لەگەڵ وشەکانی قورئان بێتە دەرەوە. خوێندنی قورئان لە لایەن پیاوێکی پیرەوە کە چەند ددانی زەردی لێ ماوەتەوە، دژایەتیەکی توندی وێنەی ئەو کەسانە دەکات کە قورئان دەخوێنن. ئیتر وێنەی قورئان خوێن لەبەر چاوی نەوەکان ڕەش دەکات. ئەو جۆرە وێنە و ڕستانە ئەو کاتە بۆ من وەک ئەو خشتەیە کە پێش ئەوەی کە خۆر لێ بدات و سفت بێت، ئاوی باران لێ بدات و بوەرێت و یەک نەگرێت. هەروەها ڕستەکان و ناوەکان و وێنەکان لە وەرز و کات و ساتێک منیان دەگرتەوە کە دەبوونە هۆی ئەوە کە من نەگیرێمەوە و ببم بە کلۆ و بوەرێمەوە.

هاتنی ئاژاوە لە ناکاوە لە ژیانی نەوەکان زۆر ئاساییە و دەبێتە هۆی ئەوە کە نەوەکان بەرەو ناوەکان بگیرێنەوە. ئاژاوە لە ئەزموون جیاوازی هەیە و دەبێت نەوەکان لەوە وریا بن و تێکەڵی نەکەن. ئاژاوەکان سەرچاوەیەکی سروشتی دەروونی هەیە و بۆ ئەوە دروست دەبێت کە نەوەکان تێک بدات. ئاژاوەکان زۆر بە ئاسانی کاریگەری خۆیان دەکەن و بە لێدانیان نەوەکان دەڕووخێنن. ئاژاوە وەک لافاوێکی ئاوە کە بۆ بردن و تێکدان لە ناکاوە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەستی خۆی دەوەشێنێت. ئاژاوەکان دەست و دەمی بەهێزیان لە پشتەوەیە و کەڵک لەو بەشانە وەردەگرن کە تەوانی ڕووخاندنی هەیە. ئاژاوەکان بەردەوام و بەدوای یەکدیدا دێن و وازناهێنن.

هەر وشە و وێنە و ڕستە و ناوێک دەتوانێت کە ببێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوەکان. ناوەکان و بە تایبەتی ڕوومەتەکان دەتوانن کە ببنە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوەکان و نەوەکان بە خۆیانەوە خەریک بکەن. ڕوومەتی مرۆڤ گەر تەوان و بەهرەی تێدا هەبوو، زۆر بە ئاسانی و کاریگەرتر و خێراتر کاریگەری لە نەوەکان دەکات. لە بەرەتاکانەوە ناوەکان و ڕوومەتەکان بوونە هۆی ئەوە کە ئاژاوە لە گیان و وشەکانی من بەربدەن و دەرد و نەخۆشی و تەنیایی بۆ من دروست بکەن.

ئاژاوەکان کە بۆ نەوەکان دروست دەبێت، دەستی ڕێکخراوی لە پشتەوەیە و بە پیلان و پلان هەوڵی وەشان دەدەن. یەکێک لەو ئاژاوانە کە دەمتوانی بە ئاسانی هەستی پێ بکەم، ئەوەیە کە دەسڵاتەکان و ناوەکان دەستیان لە پشتی کۆچی بە کۆمەڵی نەوەکان بۆ ڕۆژئاوا هەبووە و هەیە. زۆرێک لە قوتابی و فەقێکان و

گەنجەکان و نەوەکانی کورد، بە ئەو ڕێگەی کە دەسڵاتدارەکان بۆ نەوەکان خۆشیان کردبوو، کوردستانیان بە جێهێشت. دیارە ناوەکانی وەرگێڕ و پێگێڕەکان یەکەم دەستەکانن کە زمینەی ئەوە بۆ نەوەکان خۆش دەکەن کە نەوەکان بۆ ئەو سەرچاوانە بڕۆن کە خۆیان وەریدەگێڕن. وەرگێڕەکانی فارس و پێگێڕەکانی سیاسی کورد بە دەم و دەستیان بوونە هۆی ئەوە کە نەوەکانی فارس و کورد بەرەو ڕۆژئاواوە بڕۆن. چوون بەرەو ڕۆژئاوا بۆ ئەوە بوو کە نەوەکان دەم و دەستیان بە سەرچاوەکانی ناسین و ژیانی ڕۆژئاوا بگات. ئەمە گەورەترین ئاژاوەی لە ژیان و گیانی نەوەکانی کورد بەردا و زۆرێکیان کە پێیان لە رۆژئاوا نیا، ئیتر بۆ هەمیشە لەوێ مانەوە. سروشتی زۆربەی وەرگێڕەکان و پێگێڕەکان وەک داری بی یە.

زۆرینەی ئەو کوردانەی کە لە ڕۆژئاوا من بینیم بۆ کار و پارە و ژیانی نوێی ئابووری ڕوویان لە ڕۆژئاوا کردووە. سیاسیەکانی کورد کە دۆستی و نزیکیان لەگەڵ ڕۆژئاوا هەیە، بە ئامۆژگاری و قسەکانی موستەشارەکانیان زەمینەی ئەوەیان خۆش کردووە کە نەوەکانی کورد ڕوو لە ڕۆژئاوا بکەن. لەبەر ئەوەی کە پێیان وایە نەوەکان بە ژیان کردن لە ڕۆژئاوا، خوێن و وشەکانیان دەگۆڕێت. هەر بەو بیر و تیرە نەوەکانیان ڕەوانەی ڕۆژئاوا کرد و ناوی ناوەکانی ڕۆژئاوایان بۆ نەوەکانی کورد شیرین کرد.

ڕۆژئاواییەکان بە بیر و تیری بە هێز هەڵسوکەوت لەگەڵ نەوەکانی کورد و فارس و عەرەب دەکەن. هەربۆیە دەسڵاتدارانی سیاسی دەکەن بە دۆست و هاوسەنگەری سیاسی خۆیان. ڕۆژئاواییەکان جگە لەوەی کە دەیانەوێت نەوەکان و ئەو پێکهاتانەی کە نەوەکان تێیاندا ژیاوە بڕووخێنن، دەیانەوێت کە پێکهاتەکانی نوێی ژیانی نەوەکان بە دەست و دەمی خۆیان دامەزرێنن. ئەو ژینگە و زەمینە کە لە باشووری کوردستان بۆ پێکهاتەی نوێ دروست کرا، لە لایەن ڕۆژئاواییەکان زەمینەی بۆ خۆشکراوە.

ڕۆژئاوا کە کوردستانی بۆ نەوەکانی نوێ ئامادە کرد، زەمینەی ئەوەشی خۆش کرد کە دەسڵاتی کوردی ژینگە بۆ ناوەکانی گەڕاوە لە ڕۆژئاوا خۆش بکات وە ناوەکانی ماندەگار لە رۆژئاوا بهێنێتەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی کە ئەدەبی بیر و ژیری ڕۆژئاوا لە کوردستان گەشە پێ بدەن. یەکێک لەو کەسانەی کە لە هەولێر هات و هاواری دەکرد و دەست و سمێڵی هەردەم پەرێشان بوو، فەرهاد پیربال بوو. فەرهاد

پیربالٚ بە ناوێکی کوردی دەیناسم کە پێگەی وەرگێری هەیە. کەسێکە کە ئاژاوە گەشە پێ دەدات و بە ناحەق لەگەلٚ خاک و وشەکانی کورد تێکەلٚ بووە. وێنەی ناوی پیربالٚ و کەسانی وەک پیربالٚ لە کوردستان وەک ئەو تۆپەیە کە لەسەر خاکێک تەقیوە و پەلاشەکانی لەگەلٚ خاک کۆن و تێکەلٚ بووە.

فارسەکان زۆر ناویان هات و چۆی ڕۆژئاوای کرد و بوونە هەوێنی ئاژاوەی نەوەکانی فارس و کورد. یەکێک لەوانە عەبدولکەریمی سروشە کە پەرەی بە بەرەی بیری ڕۆژئاوایی داوە و نەوەکانی ئێرانی بۆ ڕۆژئاوا و بیری ئەوان هانداوە. تەوانی ئەوەی هەبووە کە بە شێوەیەکی وردتر و ژیرانەتر کاریگەری لە نەوەکانی ئێرانی بکات.

لێکچوونی پیربالٚ لەگەلٚ سروش لەوەیە کە هەردووکیان بوونە هۆی ئەوە کە ئاژاوە لە بیر و وشەکان بەربدەن و نەوەکانی فارس و کورد ڕووگەردان بکەن. پیربالٚم لە نزیکەوە بینیوە، هات و هاواری ناحەق زۆر دەکات و دەمی پاک نیە و وشە بە بێ ئەدەبی دێتەسەر زوبانیەوە. فەرەنسیەکان کەسی ئاوەها بۆ نەوەکانی کورد دروست دەکەن. پیربالٚ ئاژاوەیەکی بەرەلا و پووچ و پووچەلٚ لە نێو نەوەکانی کورد بەردەدات. سروش وەرگێڕە و دەست و دەمی لە ئاژاوە و ڕۆژئاوا گەورە بووە و خاوەن هیچ قسەیەکی تایبەتی نیە. بەلام سروش ئەوەی باشە کە وازی لە خزمەت کردنی دەسلاتی سیاسی کۆماری ئیسلامی هێنا. سروش بووە خزمەتکاری وشە و ڕستەکانی ڕۆژئاوا. پیربالٚ لەبەر ئەوەی کە پالٚی بە دەستە پێگێڕە سیاسیەکان داوە، بە خزمەتکاری وشەکانی ڕۆژئاوا و دەستەکانی سیاسی کورد دەیناسم. کەسێکی وەک پیربالٚ، بە دەم و پێنووسی وشەکانی کورد هیلاک و ماندوو دەکات. فەرهاد پیربالٚ سەرکردەیەکی ئانارشیست و نیهیلیستە. ئەو دوو وشەیە لە تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی فەرەنسی و شەیتان یان هەمان ئیبلیسی مەلعونە.

## ئاژاوەکانی دەروون وەک پرزەی باران نمە نم لێدەدەن.

لە بیرمە کە جارێک وازم لەوە هێنابوو کە دنکە دنکەش جگەرە بکێشم. شەوێک لە بیر و هزردا خەریک بە نووسین بووم. چەند پەلٚە وشەیەک دایان بە گۆمی دلٚمدا. وردە وردە هستم کرد کە دەستەیەک وشە و ڕستە و هەست وەک هەوری بێ بارانی

ڕەش، دەروونی منیان داگیر کردووە. ئەو هەست و ڕستانە یەک قسەیان دەکرد: تۆ لە بووندا هیچ بەهایەکت نیە، هەربۆیە ئاوەها خۆت هیلاک مەکە!

ئەو ڕستانە وەک پرزەی باران لە دەروونی منی دەدا. بەردەوام دووبارە دەبووەوە. هەستەکانیش وەک بایەکی بێگانە کە لە ئاو گیر دەکات و گەردەلوول لە ئاو دەخولقێنێت، ئاوەها خوێنی منیان گرتبوو و گەردەلوولێکیان دروست کردبوو و لە دەروونم دەسووڕانەوە. لەسەر مێزەکە لاچووم و دەستم بە پەنجەرەکەوە گرت. حەزم لە جگەرە کرد. جلەکانم لەبەر کرد و چوومە سەرجادە و لە دوکان پاکەتێک جگەرەم کڕی و گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم. لەسەر زەوی تەنیشتی پەنجەرەکە دانیشتم و سەیری دەرەوەم دەکرد. جگەرەم پێ کرد و هەستەکانم گڕێکی توندی تێدا بوو. لەوە نیگەران بووم کە ئەگەر هیچ بەهایەک بە من نەدرێت، منیش چیرۆک و بەسەرهاتی خۆم دەدۆڕێنم. لەشم قورس بوو و پاڵم دایەوە و سەیری بەز بوون و نزم بوونی سینگم دەکرد کە بە دەرچوون و هاتنی هەناسەکان بان و خواری دەکرد، وەک ئەو کەسەی کە کەسانێک بە چەکەوە دوای کەوتوون و ئەویش خۆی لە پەنایەک شاردووەتەوە، ئەو کەسە هەوڵ دەدات کە دەنگی لێوە بەدەرنەیەت، بەڵام هەناسە و سینگی خۆی دەنگ دروست دەکات. ئەو شەوە بووە هۆی ئەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر مێزەکەم دوور ببم و دەست لە نووسین بکێشمەوە.

ئەو شەوە تاکە شەو نەبوو کە من ئاوەها لە لایەن دەستە ڕستەیەک پرزە پرزە داگیر دەکرام، بەڵکو زۆرجار ئاوەها بە توندی و نەرمی لە لایەن دەستە هەست و ڕستەیەکەوە هێرش دەکرایە سەرم کە زۆر بەهێز و بە تەوانا بوون و خاوەنەکەی دیار نەبوو. ئەمزانی کە ئەو هەست و ڕستانە لە لایەن کەسێکەوە ئاوەها پەلاماری دەروونی من دەدات. زۆرجار دەچوومە دەروونی خۆمەوە و هەوڵی ئەوەم دەدا کە سەرچاوەی ئەو هەست و ڕستانە بناسم و ئاگادار ببم کە لە کوێوە دێن و دەوەشێنرێن؟. هەر بایەک لە کونێکەوە دێت، دۆزینەوەی ئەو کونە زۆر سەختە. هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی کان و کونی ئەو هەست و ڕستانە کارێکی ئاسان نیە. لە بەرەتاوە هەستم بەوە کرد کە بۆی هەیە ئەو هەست و ڕستانە هی سەردەمی شەڕی سادقی هیدایەت و فردریک نیچە بێت.

ناوەکان لەبەر ئەوەی کە بە پرزە و نمەی ڕستەیەکەوە یان پووی بایەک دەدۆڕێن، پەنا بۆ کارێک دەبەن کە ئاکاریە. دەروون وەک ئاو و زەویە، هەستەکان وەک

هەورێکە کە لە لایەن دەستە بایەکەوە دەنێردرێن. بۆ نموونە مێبازی فردریک نیچە و دەرمانخۆری سادقی هیدایەت و نێربازی فۆکۆ، دەبێت کە ئەو کاتانە سەریان هەڵدابێت کە لە ژێر هێرشی هەستەکانی دەرەوە و ڕستەکانی ناوخۆیی دەروونی خۆیان بووبن. ئەو جۆرە کارانە ئاکاریە و وێنەیەکی پەناگایی هەیە. من جگەرەم وەک پەناگایەک کێشا. ئنجا پرسیاری من ئەوەیە کە هەست و ڕستە هێرشبەرەکان و پەناگای وەک جگەرە و ژن و مەشرووب و دەرمان چ پەیوەندیەکی پێکەوە هەیە!؟ من دڵنیام کە ئەو کەسەی کە ناوەخت و لە ناکاوە ئاوەها توند هێرش دەکاتە دەروونی مرۆڤ، پیلان و پلانی ئەوەی دانیاوە کە نەوەکان و ناوەکان بۆ مەشرووب و جگەرە و دەرمان و مێبازی ببات. ئنجا دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین کە ئەم ئاژەگێڕ دەروونیە کێیە!؟.

تایبەتمەندی و وێنەکانی ئەو هێرش و ئاژە و داگیرکاریە، ئاکاریە. هەوڵی ئەوە دەدات کە نەوەکان لە بواری ئاکاری داگیر بکات. من ئەو کاتە کە چیرۆکم بە لاسایی سادقی هیدایەت نووسی، باسی جگەرە و دەرمان و مەشرووب و ژن و سەرخۆشی و بێهۆشی تێدا بوو. ڕەنگی ئەو سەرخۆشی و بێ هۆشیە زۆر زەق و توند بوو.

گەشەی نووسینەکانی تەنیایی و دەرمان و ژن و جگەرە و مەشرووب و خۆکوژی و خەم و مانەوە لە ئەدەبی ڕۆژئاوا گەشەیەکی فراوانی کردووە. ئەو نووسین و بەرهەمانە لە لایەن کەسێکەوە بە قەسد هێرش دەکرێت. هەڵوەشان و داڕمان و تێکدان و شێواندن و هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندن و تەنیا کردنی نەوەکان، تایبەتمەندی دیاری ئەو هێرشانەیە. بەوە من دەزانم کە کەسێک بە قەسد لە پشتەوەی دەروونی مرۆڤ، هەوڵی تووچاندن و هەڵوەشاندنی دەستە دەستەی نەوەکان دەدات. ئەو هێرشکەرە دەستەیەک لە ناوەکان گەورە دەکات کە خزمەتکاری ئەو ئەدەبە بن و گەشە و گەرا بەو ئەدەبە بدەن.

ناوەکان کاتێک کە هێز و تەوانی زۆریان هەبوو، دەبنە خزمەتکاری ڕاستینی شەیتان. سادقی هیدایەت بە نوسین و ژیانی خۆی قوربانی شەیتان و هەڕەشەکانی شەیتان بوو. زۆرێک لە نەوەکانی ئێران بە نووسینەکانی سادقی هیدایەت و کەسانێک کە کاریگەریان لە ئەو وەرگرتووە وەک داریوشی ئیقباڵی، نەوەکانی ئێرانیان فێری دەرمان و مەرگ کرد. ئایا ئەوە لە خواستەکانی شەیتان نیە!؟.

فردریک نیچە لە خزمەتکارە هەرە گەورەکانی شەیتانە کە نەوەکان بەرەو چێژی لەشی ژن و تەنیایی و مۆسیقا و دژایەتی خوا هان دەدات. ڕۆنی جێمز دیۆ لە کتێبی (بزگراه نیچە) کە کراوە بە فارسی، نیچە بە گەورەیەک دەناسێت کە دوژمنی قەبر و قەیامەت و خوا و دونیای ترە. نیچە کاریگەری لە ئەنتوان لاوی شەتیانپەرەست کرد و بووە هۆی ئەوە کە لاوی کتێبی (ئنجیلی شەیتانی) بنووسێت. ڕۆنی جێمز و ئەنتوان لاوی وەک شەیتاندۆستی بە ناوبانگی ئەمریکی مریلن منسۆن، لەو کەسانەن کە مۆسیقایان لە خزمەتی شەیتان بە گڕ خستووە و نەوەکان بە ناوی شەیتان دەناسێنن و دۆستیان دەکەن. هەرهەموو کاریگەریەکانی ئەو ناوانە لەسەر لایەنی ئاکاری مرۆڤە و دەبنە هۆی ئەوە کە مرۆڤ لادەر و خۆپەرەست و دژە خوا بژیت.

## با و بنچک

لە بیرمە لە پیشانگای نێودەوڵەتی کتێبی تاران لە ساڵۆنی کتێبە ناوخۆییەکان سەیری کتێبم دەکرد. چوومە ژوورێکەوە(ئەو کاتە دەیانەوت غورفە، هەر چاپخانەیەک غورفەی تایبەتی خۆی هەبوو) کەنیشکێکی جوانم بینی لەسەر کورسیەک دانیشتبوو. لە ناکاوە هەستێک وەک بایەک کە دێتە سەرزەوی و بنچکێک دڕک هەڵدەگرێت، ئاوەها منی هەڵگرت و منی لەو کەنیشکە نزیک کردەوە. کەنیشکەکە جلێکی سەوزی لەبەر بوو. سرنجم لە ڕوومەتی نەدا. ترس و شەرمم هەبوو. ئەو هەستە کە منی گرتبوو، حەزی لێ بوو کە سەیری ڕوومەتی ئەو کچە بکات. بە بیانۆی سەیر کردنی کتێبەکان لێیان نزیک بوومەوە. گوێم لە قسەکانی ئەو کەنیشکە گرت. بۆ ژنێکی تر باسی کتێبێکی شیعری دەکرد. زانیم کە کەنیشکەکە نووسەرێکی شاعیرە، کتێبێکی بڵاو کردووەتەوە و لە ژووری تایبەت بە چاپخانەکە لە پیشانگای کتێب دانیشتبوو کە خوێنەری کتێبەکانی کاتێک کە کتێبەکەی دەکڕن، بۆ خۆشی واژۆی بکات. لە چرکەیەک سەیری ڕوومەتی کەنیشکەکەم کرد، لە دڵی خۆم وتم: ئەوە پەریە، حۆریە، ئەوە چیە!؟ ئەسمەر و خاوەن دەم و ڕوومەت بوو، چاوی ڕەشی لە نیگا و مەکر و کل تێکەڵ بوو. وێنەی ڕوومەتی ئەو کچە دەروونی منی گرتەوە، وەک ئاگرێک کە لە کادان بەر دەبێت و کادان ناهێڵێت کە کا بسووتێت، ئاوەها ئاگر لە دەروونی من بوو و وردە وردە

دەسووتامەوە، هەستم کرد ئاگری دەروونم دەچێتە ئاسمانەوە، شیعرم بۆ دەهات:
قامەتت هەر قەوس و کەوانە .... ڕوومەتت مانگی شەوانە

هەست و بای دەروونم بە منیان وت : بەشی دووهەمی شیعرەکەت سۆفیانەیە و ڕۆحانی دەکەیتەوە، مەڕۆ بۆ ئەو بەشە کە حەزی لێ دەکەیت و دەستت پێی ناگات و ناچاری بە وشە ستایشی ڕوومەتی بکەیت، بڕۆ سەر تام و چێژێک کە شەرم لە کردنەوەی دەکەیت:

قامەتت هەر قەوسە و قەوسیش خاڵی هەیە ... من لە بیری خاڵ نیم، ئەزانم چاڵی هەیە

پێکەنینم بەو شیعرە هات. هەوەس گرتمی کە منیش کتێبەکەی بە دەست بگرم و بڕۆم بە بیانۆی کتێب تێر تامی نیگای بمژم و بچێژم. ڕاوەستام، ژنەکەی تر چوو و منیش سڵاوم لێ کرد. لێم تێکچوو کە باسی چی بکەم!؟ شەوقی نیگای منی بۆ خۆی بردبوو. وتم: ئەتوانی باسی کتێبەکەی خۆتم بۆ بکەیت!؟ وتی: باسی چی کتێبەکە!؟ هەوەس و هەستێک کە لە لەشم هەبوو وای کرد کە بە شێوەیەک پرسیاری لێ بکەم کە وەڵامەکەی دوور و درێژ بێت!. وتم: باسی ژیاننامە و هەست و شعیری خۆتم بۆ بکە!؟. کەنیشکەکە بزگەیەک گرتی و دەستی بۆ کتێبەکەی برد و قسەی دەکرد، من ئاگام لە قسەکانی نەبوو. ئەو قسەی بۆ من دەکرد و منیش لە دەروونی خۆم گوێم لەو قسانە بوو کە هەستەکانی دەروونم بۆمیان دەکرد، ئەو هەستانە کە وەک با منیان کردبووە بنچک، وێنەسازی و خەیاڵ و داڕشتنی زۆر قیزەون و جێگەی شەرمیان دروست دەکرد. ئیتر لە دەستی من نەبوو کە بەری بگرم. ئەو هەستانە دەیانەوت: ئەم کەنیشکە بەو دەم و ددانەوە چ مەمکێکی هەبێت!؟ چەندە ناڕاستی جوان لە لەش و کەمەر و دەروونی هەبێت!؟ ئەم جۆرە کەنیشکانە هی ئەوە نیە کە بڕۆیتە داوای، دەبێت کە بیدزیت و بیڕفێنیت. ئەم جۆرە کەنیشکانە هی ئەوە نیە کە پەردە و دوکمەکانی سەر سینگی بە دەست و نیگا و ناز لادەیت و بکەیتەوە، بەڵکو دەبێت بە لێدان و دڕاندن بکرێتەوە!!.

هەستەکانی ڕەسەنی دەروونم هاتنە قسە و وتیان: تۆ عەیب ناکەیت کە ئاوە ئەو کەنیشکەت خەریک کردووە!؟ خوات هەبێت، ئەو بۆ تۆ قسە دەکات و تۆش باسی لادانی پەردەی ڕوومەت و شەرمی دەکەیت!.

هاتمە خۆمدا و وتم: ببورە ئەتوانم کە پرسیارێکت لێ بکەم؟ کەنیشکەکە وتی: فەرموو!.

کە وتی فەرموو هەستەکان دیسان سەر و مێشکی منیان گرت. وێنەی ئەو نەقاشانەیان لە پێش چاوم دروست کرد کە وێنەی ژنێک بە ڕووتی دەکێشن.

هاتمە خۆمدا و وتم: حەزت لە شیعری کلاسیکە!؟

ئیتر گوێم لە کەنیشکە نەگرت، هەستەکان منیان گرتەوە: هەی خوایە... ئەم کەنیشکە دەبێت دانیشێت و کتێبی شیعری لەسەر بنووسرێت... ئێستە ئەم هاتووە کە شیعر بۆ ئەو عالەمە دەنووسێت!!.

هەستێک لە ناکاوە لە دەروونم ملی بەرز کرد و بە بێ ڕووخسەت وتی: موحەممەد چ نازێکی هەبووە کە خوا کتێبی بۆ دەنووسێت!؟.

ئەو هەستەی کە وەک با منی گرتبوو، وتی: واز بێنە لە موحەممەد، ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە مرۆڤ ئێژێت ڕەحەت بوون لە ژیان زۆر خۆشە، بەڵام ڕەحەت بوون لە جێگەی خەو لەگەڵ ئەم کەنیشکە زۆر ناخۆشە!!.

ژنێکی تر کە لە کارکەرەکانی ئەو چاپخانەیە بوو لێمان نزیک بووەوە، وەک ئەوە کە ئاوی سارد بەسەر ساجی گەرم بکەیت. هەمووی کوژاندەوە و منیش دەستخۆشیم کە کەنیشکەکە کرد و دوور کەوتمەوە. بە دەروونی خۆمم وت: ئاخر ئەوە قسە و هەست و هزر و خەیاڵە کە تۆ دەیکەیت، خەڵک لەسەر جێگەی خەوی خەونی ئاوەها دروست ناکات، ئێستە تۆ لە ڕۆژی ڕۆشن لە پێش چاوی کابرا پەرەمێز گەرم دەکەیت و باسی قەوس و قوزەح دەکەیت!؟.

ئەوە یەکێک لەو هەست و هزرانەیە کە دەتوانێت بە بێ ئەوەی کە مرۆڤ بیەوێت، دەروون و گیان بگرێت. زۆر وێنەی قیزەونتر لەوە لە ژیانم دروست بووە کە هی گێڕانەوەش نیە. لەم ئاژاوە ئەوە گرنگە کە بزانین لە دەروون و ڕەسەنایەتی مرۆڤەوە نیە، بەڵکو وەک بایەکە کە لە دەرەوە دێت و دەروون وەک بنچک هەڵدەگرێت و دەیبات. ئیتر مەگەر ئایەت ئەلکورسی ئەو بنچکە بهێنێتە خوارەوە، ئەگەر نە بە هیچ نایەتە خوارەوە هەتا ماندووی نەکات، کە ماندووی کرد لە ناکاوە لە ئاسمان بەرەڵای دەکات و دەیداتە زەویدا و وردی دەکات!.

دەتوانرێت کە باسی ئاژاوە لە چەند لاوە لێک بدرێتەوە:

یەکەم: ئاژاوە وەک باسێکی دەروونی ناوەکان و نەوەکان. هەروەک باسی خۆم کرد کە هەستەکان و ڕستەکانی دەرەوە دەروونی مرۆڤ داگیر دەکەن.

دووهەم: ئاژاوە وەک باسێکی نێوان ناوەکان و نەوەکان و ئەدەبەکان و پەروەردەکان. نموونەیەک بۆ ئەمە دەهێنمەوە:

پێش ئەوەی کە باسی نموونەکە بکەم، ئەو ڕستە فەرامۆش مەکەن کە: هەر لاپەڕێکی ئەم نووسینە بۆ خوێنەر وەک دۆڵ و یاڵی کێویکە کە دەبێت زۆر ئاگاتان لە پێ و ئەژنۆی خۆتان بێت لە چووندا.

نموونەی من بۆ جۆری دووهەمی ئاژاوە باسی نێوان خۆم و ناسری برا چکۆلەم دەکەم. ناسر کوڕێکی بێدەنگی ورد و هەستیارە کە بە بەردەوامی خەریکی خوێندنە و دەیەوێت کە لە ئەزموونی کونکور دەرچێت و نمرەی باش بهێنێتەوە.

چیرۆکی من و ناسر کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە دەمەویست ناسر بەسەر ئەو ئەزموونەی کە من پێدا تێپەڕیم، تێبپەڕێت و تووشی گێچەڵ و نیگەرانی نەبێت. کاتێک کە من لە حوجرە بووم ناسری برام تازە لە سەرەتایی یان دەبستان بوو، خەمی ئەوم بوو، ئەمزانی کە ناسریش دەبێت فێری کتێب و زانست بێت، بۆیە پرسیارم لە دەروونی خۆم دەکرد، ئایا پێت خۆشە کە ناسریش وەک خۆت گەشە بکات و کەسێک وەک گەورە و مامۆستای نەبێت کە کتێبی باش و شایستەی پێ بناسێنێت!؟. لە دەورانی حوجرە هەوڵی ئەوەمدا کە شێوەیەکی شایستە بۆ ناسر بدۆزمەوە کە وردە وردە فێری کتێب بە دەست گرتن بێت. لەبەر ئەوەی کە هەستم بە ڕەنج دەکرد کە من لە بەرەتاوە بە زوویی و زۆری قورئانیان پێم ناساندووە. هەستم دەکرد کە نابێت لەو تەمەنە قورئان بە دەستی منداڵەوە بدرێت. ئاوەها باوە کە هەر منداڵێک دەچوو بۆ مزگەوت، قورئانێکیان دەخستە باوەشی و دەبوو کە فێری خوێندنی قورئان بێت. لە ڕاستیدا من نەمدەزانی کە بە چ دەستە لە کتێبەکان خۆم و ناسری برام خەریک بکەم. ناسر وردە وردە پێی دەگەیی و سەردانی مزگەوتی دەکرد.

ڕۆژێک سەردانی ماڵی ئاغای لوڕستانیم کرد، مناڵێکی زۆر جوان و شیرینی هەبوو، وتی: بەیانان کاتێک کە دەمەوێت بڕۆم بۆ قوتابخانە بۆ سەر کار، پێنووس و

دەفتەرێک نزیک بە سەرین و پاڵشتەکەی دادەنێم، بۆ ئەوەی کە لە خەو هەڵسا یەکەم شت دەست بۆ ئەو پێنووس و دەفتەرە بەرێت و پێوە خەریک بێت.

دیارە هەروەک ئاغای لوڕستانی منیش خەم و خەیاڵی ئەوەم لەلادا هەبوو کە سەرەتای منداڵ دەبێت بەرنامەی هەبێت و کەسێکی گەورەتری دەستگری و چاودێری بکات و وەک خاوەن لەسەر سەری بێت.

ئەو کاتە کتێبێک بۆ منالّەکان هەبوو بە ناوی چیرۆکی پەیامهێنەرەکان کە لە نووسینی ئەبولحەسەنی نەدەوی بوو. کتێبێک کە دەیویست باسی ناوەکانی ئیسلام بە زمانی سادە بۆ منداڵەکان بگێڕێتەوە. منیش پێم وابوو کە دەتوانرێت هەر کتێب و بابەتێک بۆ منداڵەکان بە ڕەنگ و بۆنێکی تری جیاواز بوترێتەوە. ئەو بیرەم لە لادا دروست بوو کە باسەکانی دین بۆ منداڵەکان سووک و ئاسان بکرێتەوە.

پاش ماوەیەک کە بەسەر ئەو هەوڵ و هەستانە چوو، بە خۆمم وت: ئەم کارە ژنانەیە!.

هەر کات کە دەچوومەوە بۆ ماڵەوە کتێبە چیرۆکەکانی عەلی بابا و سەندباد و حەسەن کەچەڵم دەکڕی و دەمدا بە ناسر کە بۆ خۆی پێوەیان خەریک بێت و بیانخوێنێتەوە. هیچ ڕێگە و چارەیەکم نەبوو، ناچار بووم کە بە عەلی بابا و حەسەن کەچەڵ و چیرۆکەکانی لەو بابەتە کار لەگەڵ ناسر بکەم.

هۆی پەنا بردن بۆ عەلی بابا و سەند باد و حەسەن کەچەڵ دەگەڕایەوە بۆ ئەوە کە من نەمدەویست کە ناسر گوشاری لێ بکەوێت و بە چیرۆک و ڕستە خەسەکان و سەختەکان دەست و دەمی بکاتەوە و خەریکی بکات. دەمەویست کە کتێبێک بە ناسر بدەم کە هەم وشەی تێدا بێت، وە هەم وێنەی ڕەنگین!.

پاش ئەوەی کە من دەبیرستانم تەواو کرد، کاتی کونکور هات. کونکور ئەزموونێکە کە قوتابی لە ڕێگە دەرچوون لێیەوە دەتوانێت کە بچێتە زانکۆوە. ئەزموونێک کە سەخت و دژوارە. لە حوجرە دەستەیەک فەقێ هەبوون کە بەسەر کتێبەکانەوە خەویان لێ دەکەوت، دەیانەویست کە بە هەر شێوەیەک بووە لەو ئەزموونە سەربکەون. شەو و ڕۆژ سەریان لەسەر کتێبەکان بوو. چەند فەقێیەک لە ساڵی یەکەم دەرنەچوون و خستیانە ساڵی دووهەم. کەسانێک هەبوون کە دەیانخستە ساڵی سێهەم. سێ ساڵ بە بەردەوامی سەر و دەست و چاو لەسەر کتێبەکان دەبوو!.

لە ڕاستیدا ئەمە بۆ من هەرەس و هەراس و وەرسی دەهێنا. دەبوایە بە باشی بیری لێ بکەمەوە کە چی بکەم؟. کونکور لە ئێران ڕێگەیەکی دژواری چوونە نێو زانکۆیە. زانکۆکانی ئێران بۆ قوتابیەکان دەرفەتێکی خۆش و پڕ لە حەز و ئومێدە، هەر بۆیە فەقێکان دەیانەویست کە بە هەر شێوەیەک بێت بەسەر ئەزموونی کونکوردا سەرکەون.

من خولیا و شێتی خوێندن لە بواری کۆمەلناسی و دەروونناسی بووم، بە تایبەت خوێندن لە زانکۆی تاران و لەبەردەستی مامۆستا و وەرگێڕە بە تواناکانی ئێرانی. سەختی ئەزموونی کونکور کە بۆی هەیە چەند ساڵی هەست و هزری من بە تەواوی لە خۆی بگرێت و دەروونم هیلاک بکات، وە ئەگەری ئەوە کە بۆی هەیە من نەتوانم لە بابەتی کۆمەڵناسی بخوێنم و بابەتێکی ترم بۆ دەرچێت، بوونە هۆی ئەوە کە من خۆم لە ئەزموونی کونکور نەدەم و واز لە پەروەردەی کۆماری ئیسلامی بهێنم. ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە من ڕێگەی ژیانم بکەوێتە باشووری کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەدین خەریک بە خوێندن بم.

بەلام بە پێچەوانەوە، کاتێک کە ناسر دەبیرستانی تەواو کرد و کاتی ئەوەی گەیشت کە لە ئەزموونی کونکور بەشداری بکات، ناسر بە بێ ئەوەی کە لە بن و ڕیشەوە دژایەتی کونکور بکات، بڕیاری ئەوە بوو کە بەشداری لە کونکوری سەختی کۆماری ئیسلامی بکات. ناسر ساڵێک خەریک بە خوێندن بوو و لە ئەزموونەکە دەرنەچوو و نمرەی باشی نەهێنا. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ستەمی ئەزموونێک بە ناوی کونکور لە کۆماری ئیسلامی ئێران. ئێستە ناسر لە ساڵی دووهەمی خوێندنی بۆ کونکورە.

دایکم و براکەم باسی شێوەی ژیانی ناسر دەکەن و دەڵێن: ناسر بۆ دوو ساڵ دەچێت کە بە تەواوی لە ژیان گۆشەگیر بووە و بەردەوام سەرودەستی بە کتێبەکانەوە خەریکە و هیچ کات و ساتێکی بە فیڕەوە نادات و کاتی خواردن و خەوی بە تەواوی شێواوە. ناسر بە کەمی لەگەڵ خەڵک قسە دەکات و وەک ئەوە وایە کە لە دونیایەکی ترە!.

دەمەوێت لەوە وریا بن کە من چیم کرد و ناسر چی کرد!؟. کەسانی وەک ناسر زۆرن کە ئاوەها ژیانیان وشک بکەنەوە، بەلام کەسانی وەک من کەمن کە ئاوەها لەگەڵ تەواوی خۆشەویستیان بۆ ناسین واز لەوە بهێنن کە سەر بۆ کونکور دابنوێنن.

کونکور بۆ من ئاژاوەیەکی گەورە بوو، ڕەت کردنی و بە هیچ زانینی دیسان ژیانی منی دەخستە ترس و نیگەرانیەوە. ئەو ترس و نیگەرانیەم قبووڵ کرد تا ئەوەی کە مل و سەرم بۆ کونکور و پەروەردەی ئێران شۆڕ بکەم. ناسر وەک من نەبوو کە بە گژی کونکوردا بچێتەوە، وە کەم کەس ئاوەها بە گژی کونکوردا دەچێتەوە.

ئەو دووانە دیارترین شێوەکانی داگیرکاری و وەشاندنی وشەکان بووە کە من تێدا و پێدا گوزەرم کردووە و زۆر دەرد و برینم لێ بینیوە.

کەسانێک لە قوتابی و فەقێکان دەروونیان وەک ڕووبارێکە کە بە قەسد بەری دەبەستن و دەیکەن بە بەندێکی گەورە، نایانەوێت کە پرژ و بڵاو و بێخێر بڕۆن، بۆ ئەوەی کە تەوانی ئەوەیان هەبێت کە زەوی و زاری زۆر ئاو بدەن و خاوەنداری بکەن. زۆرێک لە قوتابی و فەقێکان ئاوەها خەریک بە ناوەکان و وشەکان دەبن، خۆیان دەخەنە تەنیایی و چۆڵەوانی و خەریکی دروست کردنی هەستەکان و هزرەکان دەبن. وەک خوری بەس گلۆڵە دەکەن و دەیپێچنەوە، لە ناکاوە یەکێکی تر دەیبات و دەیکات بە پۆشاک. یان وەک ئاوی بەند کۆ دەبێت، لە ناکاوە ئەو بەندە بە دەستێکی نادیار بە بێ ئەوەی کە قوتابی یان فەقێ بە خۆی بزانێت، لێیدەدرێت و کون و کەلی لێ دەکرێت و دەتەقێت و خۆی و نەوەکانی تر نابوود دەکات. من یەکێک لەو کەسانە بووم کە بەردەوام هەوڵ و هۆڵی ئەوەم بووە کە تەنیا بم و لەو تەنیاییە خۆم بگرمەوە، ئەو جۆرە کەسانە کە بە تەنیا خەریکی دروست کردنی هەست و هزر دەبن و شەو و ڕۆژ لە دووری و تەنیایی دەژین، دەتوانن کە ببنە وزە و هێز، ئەو کاتەیە کە خوا و شەیتان لەو کەسانە نزیک دەبنەوە و بۆ خواستەکانی خۆیان بەکاریان دەبەن. من دەتوانم بۆ کەسانێک وەک ئەو بەندە تەقاوە، پەلاماری دەروونیان بدەم و وەک لافاو بن و بنە و ڕەگ و ڕیشەیان تێک بدەم. ئەو کەسانەی کە لە تەنیایی و دووری و خۆپاراستن خۆیان حەشار دەدەن و دەرناکەون، بەندی گەورەیان بۆ خۆیان دروست کردووە و گەورەترین ئاژاوەکان لە لای ئەوانەیە. لە ئینگلیس کە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەستگرتن بەسەر کۆمەڵگا دەکەن، بۆ ئەوەیە کە ئەو کەسانە کە تەنیا دەبن و گۆشە و سووچ دەگرن، بیانناسن و دەستیان بەسەر سەریان بێت.

ئەوەی کە بۆ من بەهای هەیە و گرنگی پێ دەدەم، ئاژاوەکانی دەروونی نەوەکان و ناوەکانە، کە بە سەختی و دژواری دەکرێنەوە و دەزانرێن کە چۆن دەست لە

دەروونی نەوەکان دەوەشێنن. ئاژاوەکان دەستێکی لە پشتەوەیە کە نەوەکان و ناوەکان بە خۆیانەوە خەریک دەکات و دەرچوون لێیەوە زۆر سەختە و دژوارە، کەسانێک لێی دەردەچن کە هۆش و گیراییەکی بەرز و گەورەیان هەبێت.

باوکی گەورەی هەرهەموو ئاژاوەکان و گێژاوەکان ئیبلیسی مەلعونە. کەوایە زۆر بە ئاسانی دەتوانن کە بزانن من باسی قورئان و ڕووناکیەکانی قورئانی پیرۆز دەکەم. لە ئیسلامدا هاتووە کە ڕۆژێک پێنج جار بە کۆمەڵ لە مزگەوت نوێژ بخوێنن. ئەمە بۆ ئەوەیە کە شەیتان لە مرۆڤ دوور بێتەوە. شەیتان بوونەوەرێکی زیندووە کە مەلایین جنکۆکە و مرۆڤ بۆی کار دەکەن و زەمینە و ژینگەی ئەوە بۆ نەوەکانی مرۆڤ و جنۆکە خۆش دەکەن کە بترسێنرێن و بدۆڕێن و سەروبەریان لێ بشەوێت و ژیانیان پڕ لە گێژاو و ئاژاوە بێت. شەیتان و یاوەرەکانی شەیتان تەوانی ئەوەیان هەیە کە وشەکان و دەمی نەوەکان و ناوەکان خاوەنداری بکەن و ئەدەب دروست بکەن. بۆیە پەیامهێنەری خۆشەویستی ئیسلام زۆر ئاماژە دەکات کە قسە کەم بکەن و ئاگاتان لە دەمتان بێت. ئەو خۆشەویستە باش ئەزانێت و ئەبینێت کە ئیبلیس و شەیتانەکانی تر بەردەوام لە دەوری سەروسینگی مرۆڤ دەسووڕێنەوە.

هۆی باس کردنی ئەو وشەیە ئەوەیە کە مرۆڤە بەرزی خوازەکان بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی لێدان و ڕووخاندنن. هەرچی کە ناوت بەرز دەبێتەوە، خوەرک و فێڵ و هەڕەشەی گەورە گەورە بە دەستی شەیتانەکان لە مرۆڤ تاین دەبێت. ئەگەر یارمەتی خوای گەورە نەبێت، هیچ مرۆڤێک لە هەڕەشەکانی شەیتان دەربازی نابێت.

# مێخوسکە و کۆڵەکە بۆ بەستنەوە و ژەندن

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

بە ناوی خوای گەورە هەوڵی ئەوە دەدەم کە بونیادێکی ئەدەبی پایەدار دروست بکەم. لە ناونیشانی(بەرد لە کەڵەک و بنەوادا) باسی ئەوەم کرد کە بەرد دەتوانێت کە ببێتە بونیادێک بۆ ژیانی مار و مرۆڤ، کە دەتوانێت ژینگەی ترس و

ئاسایش بۆ مرۆڤ بێت. هەروەها لە ناونیشانی( بژێر و بژار لە دەست و پەرژیندا) لە بەشی دووهەمی نووسینەکان باسی ئەوەم کرد کە مامۆستای ئینشاء بابەتی دار و ڕۆژی دارکاری بۆ قوتابیەکان دیاری کرد و من بابەتی دار و قسەکانی یوسف قەرزاویم لەگەڵ وشەکانی خۆم تێکەڵ کرد و دام بە دەستی مامۆستا و بووە هۆی ئەوە کە من بدۆڕێم و لەو وانەیە بکەوم.

ئەوە دەبێت ئاگادار بین کە هەر کەڵەکێک کە مار لە بنی دەژی، ڕۆژێک بە دەستی مرۆڤ لە شوێنێک کۆ کراوەتەوە. خاوەن زەویەکان بەردەکان لە زەویەکانی خۆیان هەڵدەگرن و لە شوێنێک و گۆشەیەکی زەویەکانی خۆیان کۆی دەکەنەوە. بەردیش ئەم بێڕێزیە کە لایەن خاوەن زەوی پێی دەکرێت، پێی قبووڵ ناکرێت، لەبەر ئەوەی کە خاک و زەوی بە موڵکی خۆی دەزانێت. هەر ئەمە وا دەکات کە مار و مۆر بۆ دژایەتی خاوەن زەوی کۆ بکاتەوە. لەبەر ئەوەی کە بەرد خۆی قورس دەزانێت، وە دەزانێت کە بەهای هەیە و نابێت کە بێکەڵک لە کەڵەکێک کۆ بکرێتەوە.

دەستی مرۆڤ زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کە مار و ترس لە بن کەڵەکی کۆ کراوی دەست و زەوی خۆی، پەلاماری بدات. دەستێک کە بەردەکان کۆ دەکاتەوە و دەستێک کە کەڵەک هەڵدەوەشێنێتەوە، دەستێکە کە لە ترس و پەلامار نزیکە. بەرد لە تەنیایی خۆی بەردی بەرەڵا و بێ ترسە، دڵگەرمی و پشت بۆ خاکە و ناهێڵێت کە ئەو خاکە پرژ و بڵاو بێت. بەڵام کە دەستێک بەردەکانی کۆی کردەوە و لە کەڵەکێک دایمەزراند، ئەوە ئیتر لە بن دەست و لە کەڵەکێک لەبەر دەستی خاوەندارێکە.

وێنەکان و بەسەرهاتەکان و چیرۆک و ڕستە و وشەکان بە دەستی کەسێک کۆ دەبێتەوە و لە دەم و دەستی دێتە دەرەوە و لە بەرەڵایی و بێ خاوەنی دەری دەهێنێت. ئەو کەسە کە کۆیان دەکاتەوە بۆی هەیە کە بیکات بە کەڵەک یان بیکات بە بونیاد، بیکات بە شوێنی ترس یان بە شوێنی ئاسایش.

لە دەورانی ناوەندی کاتێک کە مامۆستا ناونیشانی بابەتێکی بە من دا و وتی لەسەری بنووسە، مەبەستی ئەوە بوو کە وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان خاوەنداری بکە و بیکە بە دەق و نووسینێک. ئەو کاتە مامۆستا هیچ دڵی خۆش نەبوو بە شێوەی تێکەڵ کردنەکەی من و منی لەو وانەیە خست. ئەو بەسەرهاتە ئاماژە بەوەیە کە من خواستێکی تازە زایراوم بۆ ئەوە هەیە کە وشەکان تێکەڵ بکەم. ئەو

کەوتن و خستنە خۆی ئاماژە بە سەرکەوتنێکە لە داهاتوودا کە خوای مەزن لە چارەنووسی من نووسیویەتی.

هەڵەیەکی گەورەی من لەو کاتە ئەوە بوو کە من بە قسە و بابەتەکانی ئەوانی تر دەچوومە پێشەوە. مرۆڤ بۆ ئەوەی کە لە ڕاستی و ناسین نزیک بێتەوە، دەبێت کە بە وێنەکانی خۆی بچێتە پێشەوە. فەرماندەکان بە سەربازەکانی خۆیان شەڕ دەکەن، هەروەها ئەوانەی کە دەیانەویست لە ئاوایی خانوو دروست بکەن، بەردی زەویەکانی خۆیان کۆ دەکرد و دەیانکرد بە خانوو و بونیاد. کەوایە ئەوە گرنگ و بەهادارە کە نەوەکان کەڵک لە سەرجەم وێنە و چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خۆیان وەربگرن و خاوەنداری بکەن.

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ناوەکان بە تایبەتی نووسەرەکان، شێوە یان سەبک و ستایلی نووسینە. وشەکان دەبێت کە لە چوارچێوەیەک بکرێت بۆ ئەوەی کە بونیادێک دروست بکات. وشەکان دەبێت کە بە دەستی نووسەرێکی خاوەن ستایل دابڕژێت و بچێنرێت. بۆ من بەهای هەبوو کە دەستم بە ستایلێکەوە ڕابێت و فێر بێت و بەو ستایلە بنووسێت و وشەکان بە کار بەرم. ئەو کاتە بۆ ئەوەی کە شێوەی خۆم هەبێت، پەنام بە شێوەی ستایلی نووسەرەکان دەبرد. لە وشەکان و وێنەکان و نووسینەکانی ئەوانی تر کەڵکم وەردەگرت. خواستی هەبوونی شێوەی تایبەتی کارێکی ئاسان نیە و هەرکەس بۆ خۆی شێوەی تایبەتی خۆی نیە. بۆ نموونە فردریک نیچە لاسایی شێوەی کتێبە ئاسمانیەکانی کردەوە. سادقی هیدایەت سەبکی فەرەنسی و سورڕیالیستی بۆ نووسینەکانی خۆی وەرگرت.

لە بەرەتاوە بۆ چیرۆکنووسین لاسایی شێوەی نووسینەکانی سادقی چووبەکم دەکردەوە. ئەوە بۆ من سەرکەوتنی نەبوو. پاش ئەوەی کە سادقی هیدایەتم ناسی لاسایی ئەوم دەکردەوە. سادق لە نووسینەکانی باسی شەراب و تەنیایی و گۆڕ و مەرگ و جگەرە دەکات. ئەو کاتە کە نووسینەکانی سادقم دەخوێندەوە، هیچ جۆرە ئاشناییم لەگەڵ ئەو وێنانە و وشانە نەبوو کە ئەو لەسەری دەینووسی. وێنەکانی سادقی هیدایەت وێنەی تاکەکەسی خۆی بوو کە بەس خۆی ئاگاهی لە چۆنیەتی ئەوانە هەبوو. پاش ماوەیەک شەراب و جگەرە و تەنیایی و ناڵەکانی سادق هاتن بۆ من و منیش ئەوانەم گرتەوە، بۆ ئەوەی کە تام و چامی کەش و هەوای ژینگەی سەرمێزی سادق بناسم!

سەبک و شێوەی نووسین نەبووە خواستی سەرەکی من. لەبەر ئەوەی کە هەستم بەوە کردبوو کە شتانێکی گەورەتر لەوە هەیە کە دەبێت بەهای پێ بدەم. یەکێک لەوانە سەبک و شێوەی وتاربێژیە، بە تایبەت بۆ ڕوومەتە زیندووەکان. ئەوەم دەزانی کە نووسەرەکان ڕوومەتی نەوەکان سارد و کوژاوە دەکەن. بەڵام ئەو کەسانەی ڕوومەتیان زیندووە، نەوەیەک دروست دەکەن کە ڕوومەتیان زیندوو بێت.

وردە وردە هەستم بەوە کرد کە من لەوە زیاترم دەوێت. پرس و کێشەی من زۆر لەوە گەورەترە. من شێوەیەکم دەوێت کە کار لەگەڵ وشەکان و ناوەکان بکەم و بە زاڵی و ڕەهایی و سەربەخۆیی دۆستی و هات و چۆی ناوەکان بکەم. مەبەستم ئەوەیە کە من دەمەویست وەک کنگر لە سەرەتاوە خۆم ئاودار بکەم و لە شاراوەیی و زەویدا ژینگە بۆ وشەکان لە دەروونی خۆم خۆش بکەم. ئیتر تەنیا شتێک کە بەهای هەیە ئەوەیە کە وشەکان لە دەروونی خۆم ئاودار و تامدار بکەم. ئەو کنگرەی کە باش خۆی لە بن خاک لە شاراوەیی ئاودار کردووە، لە دەرەوە لەسەر زەوی و لە پێش چاوی هەرکەس و پێیەک خۆی دەرناخات، بەڵکو دوو سێ پەلی چکۆلە لە خۆی بۆ ڕەوەندەی ورد و وریا دەردەخات!.

یەکێک لەو کارانە کردم بۆ ئەوەی کە خۆم وەک کنگر ئاودار بکەم، ئەوە بوو کە دەبێت پارێز لە وشە باوەکان و ڕستە باوەکان و وێنە باوەکان بکەم. دەبێت کە خوێنەر ورد و وردیا بێت کە وشە و وێنەی باو مەبەستم چیە؟ هەر بۆ ئەمەش چەند نموونە دێنمەوە:

**نموونەی یەکەم:** پاش ئەوە کە ساڵی یەکەمی خوێندنم لە حوجرە کۆتایی پێ هات، بە کارنامەیەکی خراپەوە تەواوم کرد. دەرئەنجامەکانی کۆتایی ساڵی من زۆر خراپ بوون. هەربۆیە مامۆستا حەبیب وتی کە پێویست دەکات باوکت بهێنیت بۆ ئەوەی کە سەبارەت بە تۆ قسەی لەگەڵ بکەم. منیش گەڕامەوە بۆ ئاوایی و باسی ئەوەم بۆ باوکم کرد کە لە حوجرە تۆیان دەوێت و دەیانەوێت کە قسەت لەگەڵ بکەن. لە بەرەتاکانی دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندن باوکم بە داماوی لەگەڵم هات بۆ شاری ڕوانسەر بۆ ئەوەی کە لەگەڵ مامۆستا حەبیب قسە بکات. مامۆستا حەبیب بە گەرمی و نەرمی باسی منی کرد و وتی کە دەرئەنجامەکانی خوێندنی ئەم کوڕەت باش نیە و دەمانەوێت کە ئاگاداری بیت و بزانیت بەو دۆخەی کوڕەکەت.

باوکم کە ئەو ڕێگە دوور و درێژی پێوابوو، بە هەواڵ و هەست و هەناسەیەکی ناخۆش لە حوجرە هاتە دەرەوە. لە ڕێگەی گەراژی شاری ڕوانسەر دوکانێکی دارتاشینم بینی، بە باوکمم وت: ئەگەر مێزێکی چکۆلەم هەبێت کە کتێبی لەسەر دابنێم و بیخوێنم، ئەوە بۆ من زۆر باشە! باوکم بە قسەی منی کرد و وتی: تۆ بڵێت کە بە مێزێک بتوانیت ببیتە کتێب خوێنێک!؟. چووینە دوکانەکە و باوکم وتی پێی بڵێ کە چ جۆرە مێزێکت دەوێت؟. منیش وتم کە مێزێکی چکۆلەم دەوێت کە چۆکمی لە بن دابنێم و دوو کتێب لەسەری جێی بێتەوە. ئەو کاتە جۆرە مێزێک باو بوو کە مەلا و فەقێ لەبەردەستی خۆیان دایاندەنیا و شوێنی زۆری نەدەگرت و بە ئاسانی جێبەجێ دەبوو. باوکم پارەکەی دا و کابرای دارتاش وتی کە پاش ماوەیەکی تر دروست دەبێت.

من و باوکم گەڕاینەوە بۆ دەشتی زەهاو و پاش بیست ڕۆژ گەڕامەوە بۆ شاری ڕوانسەر و سەردانی کابرای دارتاشم کرد. مێزێکی بۆ من دروست کردبوو کە تۆزێک گەورە بوو و سەرەکەی تەنک بوو. وتم بە کابرا کە ئەو کێشانەی هەیە، کابراش پاش هەفتەیەک مێزەکەی بۆ من ئامادە کرد و بردمەوە بۆ حوجرە. لە حوجرە لە گۆشەیەکی ژووری چەند کەسی دامنا و ئەو گۆشە و سووچە بۆ من بووە حاڵەتی کوولانە و هێلانەیەک، ئەو گۆشەیە بۆ من بووە شوێنێک بۆ کار کردن لەگەڵ وشەکان و شوێنی خەون و خەو و خوێندن و شوێنی ئاشنایەتی لەگەڵ ناوەکان. خێگە و مۆڵگە و کوانگەیەک بوو کە من بە جوانی تێدا لەش و هۆشم گەرم دەبوو.

## نموونەی دووهەم: جادەی ئەورێشەم

یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی کە لە دەورانی حوجرە و زانکۆ هەبوو و وەک پەتا و دەرد فەقێ و قوتابی گرتبووەوە، بڕینی پلەکانی خوێندن بوو. لە هەر ناوەند و حوجرە و زانکۆیەک کەسانێک پەیدا دەبن کە وەک یەکەم کەسەکان ڕوو لە شوێنانێک دەکەن بۆ ئەوەی کە پەرە بە خوێندن بدەن، بە تایبەت خوێندن لە وڵاتانی دەرەوە. لە هەر دەورەیەک خەڵک نان و عەقڵی خۆی لە شوێنێک یان دەرگەیەک وەردەگرێت. بۆ نموونە دەورەیەک خەڵک و نەوەکانی خەڵک کاری قاچاخی لە سنوورەکان دەکەن، یان دەورەیەک نەوەکان ڕوو لە مەلا و زانا و شۆڕشگێڕێک دەکەن. لە دەورەیەک فەقێکان ئاخیان بۆ مەکە و مەدینە هەڵدەکێشا، دەورەیەکی تر بووە قاهیرە. قوتابیەکان لە ئێران، چ کورد و فارس هەر تاوێک ڕوو

لە شوێنێک دەکەن، تاوێک مەکە ، تاوێکی تر لەندەن، تاوێکی تر مالزی، تاوێکی تر ڕووسیە، تاوێکی تر هیند.

شەیدایی و پەرێشانی وەک هەنگ و مێرووڵە لە ڕوومەتی مرۆڤەوە دیارە. زۆربەی فەقێ و قوتابیەکان لەبەر چاولێکەری و پەریشانی و هەستی ئەوە کە دواکەوتوون لە خەڵک، وە لەبەر بە دەستهێنانی پلە و پایەی دونیایی، هەر دەرگە و کون و کەلێکیان بۆ بکرێتەوە، خۆیانی تێدەکەن. جادەی ئەورێشەم لە کۆن بە جادەیەکی ئابووری ناسراو بوو. خەت و ڕێگەیەک کە کاسبان و بازرگانەکان و خاوەن ماڵەکان خۆیان دەخستە ئەو ڕێگەیە. ئێستە هەرکەس و ناکەس بە بێ ئەوەی کە دەروون و شەیدایی تێدابێت، بە پەرێشانیەک لە جۆری مێرووڵە دەیەوێت ماڵ یان وشە کۆ بکاتەوە. پەرێشانی مێرووڵە لەوە دەناسم کە دەیەوێت بڕوات، یەک جادە و ڕێگەی نیە، بەڵکو گت و پەلەی لە ناکاوەی هەیە، لەگەڵ ئەوەدا بە تەنیا دەچێت، لە ناکاوە ڕادەوەستێت، ڕێگەی دەگۆڕێت، ڕوو لە شوێنێکی تر دەکات. مێرووڵە بۆ جوانی و زینەت و شیفا(وەک هەنگ) لە زەوی ناسووڕێت، بەڵکو لەبەر برسیەتی و نەداری یان بە کورتی دەروونی تەنگ و هەژاری خۆیەتی کە ئاوەها بووە بە سیمبۆلی پەرێشانی. مێرووڵە لەو ترس و هەراسە کە هەیەتی کاتێک دانی دۆزیەوە لەتی دەکات، بۆ ئەوەی کە ئیتر تەوانی زایینی نەبێت. مێرووڵە تەوانی ئەوەی نیە کە زۆر هەڵگرێت و زۆر لەگەڵ خۆی بەرێت، بە پێچەوانەی هەنگ.

برایەکم هەیە ماوەیەک پەرێشانی لە جۆری مێرووڵە لە گیانی کەوتبوو. ئەم برایەم خوێندنی چوارساڵەی زانکۆی تەواو کرد، پاش ئەوە لەبەر کۆیەک هۆکار لەوانە، نەزانی لەوە کە چی  بکات؟ سەربازی و بێکاری و کۆیەک هەستی تر، هەر تاوێک باسی شوێنێکی دەکرد و دەیەوت کە ڕوو لەوێ دەکەم، تاوێک دەیەوت کە دەچم بۆ عێراق، تاوێکی تر دەیەوت دەچم بۆ ئەوروپا، تاوێکی تر وتی دەچم بۆ مالزی، ئیتر هەر هەستێکی هەبوو، ئومێد و نائومێدی وەک هەوری ڕەش و سپی سەر سەریان گرتبوو.

هەنگ خوا دەیبات و مێرووڵە خۆی دەچێت، ئەوە جیاوازی ئەدەبی پەرێشانی و شەیداییە. وتم بە براکەم: هەردوو دەستت بکەوە بزانە چەند مەترە!؟ سەیر بکە، ئەزانی کە دەستی مرۆڤ ئەوەندە درێژ و بەهێز نیە کە هەندێک کار بکات،

هەندێک جار دەبێت کە دەستێک هەبێت کە یارمەتیت بکات، ئەو دەستە خوای گەورە بۆتی دروست دەکات.

ئەم قسەیەی من وەک ئەوە بوو کە نایلۆن بخەیتە ناو ئاگری دڵیەوە، زۆر بێزار بوو لەو قسەیە. وتی مەبەستت ئەوەیە کە دانیشم و خوا یارمەتیم بدات!؟.

وتم: ئەزانی بۆچی خوا هەناسەی ساردی بە مرۆڤ داوە!؟.

وتی: بۆچی؟ بۆ ئەم قسەیە دەکەیت!؟.

وتم: هەناسەی سارد بۆ ئەو کاتەیە کە شتێکت لە دەست دەرچووە و ئیتر گەڕانەوەی نیە. تۆش گەنج و جوانی بەڵام لە دەست چوویت و هی ئەوە نیت قسەت بۆ بکەم!!.

کوڕێک هەبوو هەر کەسێک بیوتایەت دەچم بۆ فلان شوێن، ئەویش دەیەوت منیش دێم، ئیتر بە منیش دێم بەناوبانگ بوو. ئێستەش هەر فەقێ و قوتابی و مەلا و مامۆستا و نەوەیەک بووە بە منیش دێم.

لە کۆن خوای گەورە کەسێک یان چەند کەسی وەک کەسانی هەڵبژێردراو لەگەڵ خۆی هەڵیانیدەگرت و گەردش و سووڕانی زۆری پێیان دەکرد و وانە و پەند و حیکمەتی زۆری پێیان فێر دەکرد. فێرکردنی وانەکان و پەندەکان لە گەردش و سووڕان لە بنەڕەتەوە خوای گەورە دایمەزراندبوو. لە قورئانی پیرۆز باسی موسا لەگەڵ ناوێک[13] دەکات. موسا بۆ ئەوەی کە زانست و حیکمەت فێر بیت، لەگەڵ ئەو ناوە هاوڕێ بوو. چەند بەسەرهات و وانەی بۆ باس کرد و موسا ئیتر لێی دوور کەوتەوە و گەیشت بەو قەناعەتە کە ئەو هی ئەو جۆرە زانست و حیکمەتانە نیە. موسا لەو ناوە جیا بووەوە. یان کاتێک کە خوای گەورە کتێب(قورئان) بە موحەممەدی خۆشەویست دەبەخشێت، لە ماوەی کاتی بیست و سێ ساڵ بووە. ئەو جۆرە بەخشندەییە گوزەر لە خاک و شوێن نەبووە وەک موسا، بەڵکو بەخشندەیی لە کات بوو. ئەوەیە مامۆستایی خوای گەورە. زانکۆی ئۆکسفۆر و زانکۆکانی تری بریتانیا کاتێک کە کوردێکی داماو وەردەگرن، دەبێت کۆڵێک پارەیان پێ ببەخشێت

[13] _ لە قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (الکهف ٦٥_٨٢) ئاماژە بە چیرۆکی موسا لەگەڵ ناوێک دەکات. سەرچاوەکانی ئیسلامی ناوی ئەو کەسە کە لە قورئان ناو نابرێت، بە (خضر) دەناسن.

بۆ ئەوەی کە زانستیان پێ ببەخشێت. دەبێت باوکی داماوی ئەو کوڕە نەکبەتە هەناسەی سارد لە دوای کوڕەکەی هەڵکێشێت.

ئەو ئەدەبەی کە خوای گەورە لە سەرەتاوە دایمەزراند، کە نەوەکان لە گوزەری کات و شوێن فێر بکات، ئەدەب و شێوەی تایبەتی خوای گەورەیە. ئەو ئەدەبە لە لایەن زاناکان و حەکیمەکانەوە وەک شێوەیەک بۆ بەدەست هێنانی ناسین و خۆ پاک کردنەوە ناسرا. بۆ نموونە ئیمام موحەممەدی غەزالی لەو شێوە کەڵکی وەرگرت. زۆرێک کە فەیلەسووفەکان و چیرۆکنووسەکانی کۆن و نوێ کەڵک لە پەروەردە کردن بە دەم ڕێگەوە وەردەگرن و بە شێوەیەکی سەرکەوتووی پەروەردەیی دەیناسنەوە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات: ان یشاء یذهبکم و یات بخلق جدید( فاطر ١٦) لێدان و پێدانی خوای گەورە جۆرێکە کە ئەگەر ویستی بونیاد و خەلقی کەسێک بگۆڕێت، دەیبات. بۆ نموونە پەیامهێنەری خۆشەویست ئیبراهیم، بە خواستی خوای گەورە زۆر شوێنی کرد، لە زەوی گەڕا و خوای گەورە لە قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە مەلەکووتی خۆمان بە ئیبراهیم پیشاندا. هەروەها خوای گەورە ئیسرا و میعراج(الاسراء و المعراج) بە پەیامهێنەری خۆشەویست دەکات. ئەو بردنانە دەروون و سەروچاوی مرۆڤ دەگۆڕێت.

## حەج بە حوشترەوە

زۆرێک گەیشتن بە قیبلە و سووڕان بە دەوری کەعبە بە خۆشترین کاتەکانی حەج دەناسن. بە پێچەوانەوە، ڕێگەی حەج و مانەوە و چوون لەگەڵ خۆدا بەها و دەوری زۆر فرە و فراوانی هەیە. لە کۆن چوون بۆ حەج ڕێگەیەکی دوور و درێژ بووە و حاجیان لە چوون و گەڕانەوەیان جێژن و میوانداری خەڵکیان کردووە، لەبەر ئەوەی کە خۆیان دەخەنە ناو ڕێگەیەکی دوور و درێژەوە. ئەو ڕێگە بە ئاژەڵی وەک حوشتر و وڵاخ و جۆرە ئاژەڵگەلێک دەکرا کە نەرمی و لەخۆدا چوونیان تێدا بایەت. برای باپیرم کاتێک کە چوو بۆ حەج ماوەی نزیک بە شەش مانگی پێچوو. ئەو کاتە و ئەو چوون و سووڕانە بووە هۆی ئەوە کە بگۆڕدرێت. لەو چوونەدا کە هاتنەوە و نەهاتنەوە وەک یەک بوون، دەبووە هۆی ئەوە کە ئەو کەسە بیر بکات و تەنیایی و مانەوە لە خۆی بچێژێت و خۆی بگرێتەوە. ئەو چوون و گەڕان و گەردش و دونیابینینە بە هەموو شەو و ڕۆژەکان و سەختی و هات و نەهاتەکانی، مرۆڤ دەگۆڕێت.

ئەدەبی مرۆڤ لاسایی ئەم شێوەیەی کردەوە و لە چیرۆک و نووسینەکان باسی ئەو سەفەرانە دەکەن کە ماوەیەکی پێدەچێت و لەو ماوەیە ئەو مرۆڤە گۆڕانی بەسەردا دێت و کەسێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە سەرەتا لێوە چوو بوو. بۆ نموونە (آرش حجازی) نووسەری کتێبی (شاهدخت سرزمین ابدیت) کە ئەو ڕۆمانە دەنووسێت، لە ژێر کاریگەری هەست و چوونەکانی پائۆلۆ کۆئیلۆ دەینووسێت. باسی گوزەر کردن لە کات و شوێن و چەند کەس و چەند ڕووداو دەکات. بە شێوەیەک ئەویش دەریدەخات کە کەیفی دێت بە ناسین و پەروەردەی بە دەم چوونەوە!.

با مرۆڤ سەختی و تەنیایی و دڵەڕاوکێ و پەژارەیی زەوی بزانێت و بچێژێت، بۆ ئەوەی کە بزانێت لەگەڵ خوا بوون لە جنات تجری من تحتها الانهار چ مانایەکی هەیە!.

ئێستە حەج و سووڕان و گەردشی زەویان کردووە بە بازرگانی و پیشەسازی. لە کرماشان سواری فرۆکە دەبێت، لە مەکە دادەبەزێت. پیشەسازی خەیار گەورە دەکات، بەڵام بۆن و هەستی دەشت و خۆر و شنەی با بە بخۆری خۆی نادات.

ئەم هەست و هزرانە وای کرد کە دەروونی شەیدای خۆم بناسمەوە. زانیم کە من وەک مێروولە نیم کە بەس بمەوێت پێی بگەم و بە زوویی لەتی بکەم بۆ ئەوەی کە گەشە نەکات. زانیم کە شەیدایی لە مندا هەیە. ئیتر من ناکەومە ناو ئەو ڕێگانەی کە مێروولەکان دایانرشتووە.

ئێوە مەڕتان بینیوە کە بە دوای مەڕەکانی تر دەچێت!؟ مەڕ هەر ئەوە کە یەکێک بە شوێنێک چوو، ئیتر ئەوەکانی تر دوای ئەکەون. یەک لە دوای یەک بە شوێنی ئەو یەکەم کەسە دەکەون. ئیتر ئەو ڕێگە بە ناوی شوێنکەوتوانی یەکەم کەس دەناسرێت، تا ئەو کەسەی کە یەکەمجار ئەو ڕێگەیەی کردووەتەوە و پێداچووە!.

من ئاگاداری ئەوە بووم کە لە هەر دەورەیەک خەڵک و نەوەکان و ناوەکان شوێنێک بە ناوی ناوەندی ئابووری و زانست دەناسێنن. یان کۆیەک هەست و بیر دروست دەکەن و وا دەکەن کە نەوەکان و خەڵک بە دوای ئەو هەست و بیرانە بکەون.

کابرایکی داماو چووبوو کە ببێتە دەروێشی تەکیەیەک، کە چووە تەکیەکە وتبووی هاتووم کە ببمە دەروێش. دەروێشەکانی تر گەمە و گاڵتەیان پێ کردبوو. یەکێکیان وتی: ئەی پرچی دەروێشیت لە کوێیە!؟.

کابرای داماو وتی: ئەی مەگەر دەروێشی بە پرچە!؟.

دەروێشەکەی تر وتبووی: ئێمە شەو بە دەم و دڵ لە تەنیایی زکر دەکەین، ڕۆژیش بە دەم و پرچ لە کۆڕی دەف و دایرە زکری خۆمان دەکەین!.

کە نەزانی و نەزان لە خاک و زمانێک زۆر بوو، دەبێتە گەردەلوول و بە کەیفی خۆی وەک پەتای لەش هەرتاوێک ڕوو لە شوێنێک دەکات. ئایا ئێوە گەردەلوولتان لە موڵکی ئاوەدان و سەرسەوز بینیوە!؟. گەردەلوول ئەزانێت کە زەویەک ئاوەدان بێت، هیچی نیە گەمەی پێ بکات، هیچی تێدا نیە کە لەپڕا هەڵیگرێت و لەپڕا بیدات بە زەویدا!.

**نموونەی سێهەم:** لە گەورەترین کێشەکانی من ئەوە بوو کە مەلا و مامۆستا و کتێبەکان و نووسەرەکان سەریان لە ئێمە دەشێواند کە شوێن و کات و شێوەی کار کردن و خوێندنی کتێبەکان و ناوەکان چۆن بێت؟. لە قورئان هاتووە کە خوای مەزن ئامۆژگاری بە پەیامهێنەری خۆی دەکات: قم اللیل الا قلیلا(المزمل ٢) شەو بۆ هەڵسان، کە مەبەست پەرەستش و خەڵوەتە. بەڵام بە پێچەوانەوە مامۆستا ئەسعەدی نادری دەیەوت کە ئیمام فەخری ڕازی شەوی چل لاپەڕەی دەنووسی. ئەمە ئێمەی بۆ ئەوە هاندەدا کە لە شەو کتێب بخوێنین و بنووسین. وەرگێڕەکانی ڕنە دکارتی فەرەنسی دەگێڕنەوە کە دکارت تا نیوەڕوان لە خەودا بووە و سەرجەم بیر و هزرەکانی لە پاش نیوەڕوان بووە و زۆر ڕقی لەوە بووە کە بەیانان لە خەوی هەڵسێت.

زۆر قسە و باس سەبارەت بەوە هەیە کە ناوەکان لە کات و ساتی جۆراوجۆر و لە شوێنی تەنیا و لە ئاوارەیی هەست و هزرەکانیان ڕەنگ پێ داوە. هەر مەلا و مامۆستایەک پەند و قسە و ئامۆژگاری و چیرۆکی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە. ئەوەم دەزانی کە ئەو قسە و هەستانەی ئەو مەلا و مامۆستایانە بۆ ئێمە وەک فەقێ و قوتابی زۆر کاریگەر دەبێت. ئەمە بۆ من بووە گرفتێکی گەورە کە هەست و دەروونم لەگەڵی هیچ ئاسایش و ئارامشێکی نەبوو.

من لەو باوەڕەم کە هەرچی هەیە لە زانین و نەزانی پەیوەندی بە وشەکانەوە هەیە. وشە بنەڕەت و سەرچاوە و کان و کوانگەی هەر جۆرە هەوڵێکە. کەوایە من لەسەر ئەوە کە ڕێگەی من بە وشەیە گومانم نەبوو. هەراس و ترسی من لەوە بوو

کە چ سەبک و شێوەیەکم بۆ کار کردن لەگەڵ وشەکان هەبێت؟. ئایا دەبێت کە منیش بۆ تەنیایی و نووسین بڕۆم!؟ ناکرێت کە مرۆڤ بە بێ ئەوەی کە خۆی لە ماڵی باوکی دوور بکات و دەست بە کتێبەوە نەدات، ببێتە مامۆستای وشەکان!؟ ئەم پرسیارانە ئاماژەی بەوە دەکرد کە من و مێز و شەو و تەنیایی، دەستە وێنە و وشەیەکی باوە کە مەلا و مامۆستاکان بۆ نەوەکان دروستیان کردووە و دەبێت کە خۆم لەو جۆرە وێنە و وشانە دوور بکەم و ئاگادار بم.

لەو باوەڕەم کە وشەکان دەبێت وەک هەنگ لە کوولانە دوور ببنەوە و دەور لێبدەن و هەریەکەیان بە دوای وشەکان و ناوەکان بچێت و پاش ئەوەی کە تۆیان کۆ کردەوە، دێنەوە بۆ نێو کوولانە و هەنگوین دروست دەکەن. کەوایە وشەکان بۆ ئەوەی کە کار و گەشە بکەن، پێویست بەوە ناکات کە وەک سەرباز دەورەیەکی تایبەتی ڕابهێنرێن کە چۆن شەڕ بکەن و پاسەوانی بدەن و خزمەتی خۆیان بکەن. بەڵکو وشەکان بۆ خۆیان تەوانایی و ژیان و ئامادەیی خۆیان هەیە و بە خواستی خۆیان بەرهەم بە خاوەن دەبەخشن. لە قورئانی پیرزۆدا هاتووە کە خوای مەزن دەفەرمێت: الم تر کیف ضرب الله مثلا کلمة طیبة کشجرة طیبة اصلها ثابت و فرعها فی السماء(ابراهیم ٢٤) توءتی اکلها کل حین باذن ربها و یضرب الله الامثال للناس لعلهم یتذکرون (ابراهیم ٢٥) کەوایە وشەکان و بەرهەمی وشەکان لە دەستی نووسەرەکان نیە، بەلکو خوای مەزن دیاری دەکات کە بەری ئەو وشانە چۆن بێت و بە کێی ببەخشێت!؟.

ئەو دەستە وێنە و قسانە کە خواستیان ئەوە بوو فۆرم و شێوە بۆ ژیان و بیر و هەست و نووسین بە نەوەکان ببەخشن، بۆ من بوونە وشە و وێنەی باو کە دەبوو لێیان دووری بکەم. هەروەها من بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەڵسام و وازم لە مێز و کتێب و تەنیایی و شەو هێنا و خۆم بە دەستی خواوە داوە.

کەسانێک هەن کە بە دوای زێڕ دەگەڕێن و خۆیان خەریک بە خاک دەکەن و خاکی دەبن. کەسانێک دەیانەوێت کە گەنجێک بدۆزنەوە و لە ناکاوە خۆیانی پێ بەرز بکەنەوە. نەوەکان بۆ ئەوەی کە شێوەیەکی نووسین بدۆزنەوە، بە دەستی خۆیان خەریک بە ناوەکان و وشەکان و وێنەکان دەبن و خۆیان هیلاک دەکەن. کەسانێکیش وەک پائۆلۆ کۆئیلۆ و فردریک نیچە بۆ ئەوەی کە گەنجی وشەکان و

ڕستەکان بدۆزنەوە، سەری خۆیان هەڵدەگرن و سەردانی زۆر کەس و ناوی نائاسایی دەکەن.

ئەو کاتەی کە لاسایی سادقی چووبەک و سادقی هیدایەتم دەکرد، بۆ ئەوە لاسایی ئەوانم دەکرد کە وشەکان بنووسمەوە. ئەو کاتەش کە بۆ سەربەخۆیی شێوە و ستایل دەگەڕام، بۆ ئەوەم بوو کە وەک نووسەرێک شێوەیەکی تایبەتی خۆم هەبێت. هەر ئەم خواستانە بۆ من بووە وشە و وێنەیەکی باو. ئیتر من شێوەم بۆ ئەوە نەدەویست کە وشەکان بنووسم و کتێب بڵاو بکەمەوە، بەڵکو خواستی ئەوە لە گیانی من گەشەی کرد کە وشەکان و وێنەکان بۆ دەربازبوون و ڕزگاری خۆم لە زەوی و نەهامەتیەکانی زەوی و ژیان لەگەڵ مرۆڤ و جن و شەیتان بە کار بەرم. بۆیە کاری من ئەوە نیە کە زێڕ بدۆزمەوە و بیدەم بە زێڕنگەڕ یان بە دوای گەنجێک بکەوم کە لە ناکاوە ژیانم بگۆڕێت. لەبەر ئەوەی کە ئەزانم و دڵنیام کە کان و بانی وشەکان هەر هەموو لەبەر دەستی خوای مەزنە و بیەوێت بە هەرکەسی دەبەخشێت.

قورئان چەند سوورەتێکی بە پیتەکان دەست پێ دەکات. ئەلف لام میم، ئەلف لام ڕا، بۆ ئەو پیتانە ئاوەها دابەزیوە!؟ ساحیرەکان کە دۆستی و هاوکاریان لەگەڵ شەیتان هەیە، پیتەکان و ژمارەکان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی کە دەستی خۆیان بەکار بخەن و دەست بوەشێنن لە ژیان و گیانی خەڵک. سیحر لە لایەن شەیتانەوە بە مرۆڤ فێر کراوە، شەیتان لە بارەگای خوای مەزنەوە هاتووەتە خوارەوە، هەربۆیە شەیتان زانست و ژیرێکی هەیە کە زۆرە و خوای مەزن پێی بەخشیوە. شەیتان لەو تەوان و زانستە کەڵک وەردەگرێت. شەیتان ئاگاهی بەسەر وشەکان هەیە، هەر ئەوە وای کردووە کە بەرەیەک دروست بکات کە وشەکان بۆ خواستی ئاکاری بەکار بەرێت. لە قورئان یەکەم نمونەیەک بۆ فێر بوونی سیحر کە باسی دەکات: یعلمون الناس السحر... فیتعلمون منهما ما یفرقون بنی ألمرء و زوجە(البقره ١٠٢) وشەکان بۆ خواستی هەڵوەشانی ئاکاری بەکار دەبەن. شەیتان خواستی ئەوەیە کە مرۆڤ وشە پیرۆزەکانی خوای مەزن بە بێ ئاکاریەوە خەریک بکات. گرێ و گرفتێک بە وشەکان دورست دەکات کە جگە لە خوا نەبێت کەس پێی ناکرێتەوە. ناوە دیارەکان لێدان و پێدانی زۆر بە هێزیان هەیە.

" بۆیە پێموایە کە زەوی پرسێکی ئاکاریە، زەوی پرسێکی وشەکانە، زەوی بە کردە کردنی وشەکانە."

ئەم شەیتانناسیە بووە هۆی ئەوە کە ئاگاە ببم لەوەی کە بۆ قورئان و دینەکان ئەوەندە باسی ئاکار دەکەن. بۆ من و زۆرێک بووە کێشە کە بۆ دینەکان هەر باسی ئاکار دەکەن!؟. بە تایبەت فەلسەفەی ڕۆژئاوا و کەسێکی وەک فردریک نیچە ڕقی لە وشەی ئاکارە. شەیتان پرسێکی ئاکاریە و هەرهەموو ژیانی مرۆڤ بە ئاکار خەریک دەکات و دەیەوێت کە مرۆڤ وشەکان و لەش و هۆش و گیانیان بە بێ ئاکاریەوە خەریک بێت. شەیتان فێری نەوەکانی خۆی دەکات کە چۆن کەڵک لە پیتەکان وەربگرن، لەبەر ئەوەی کە ئەو زانستەی لە بارەگای خوای مەزنەوە هێناوە و تەوانێکی یەکجار زۆری هەیە بۆ بەکاربردنی پیتەکان و وشەکان. شەیتان دەیەوێت کە مرۆڤ وەک مانگا لێ بکات، لە کاتێک کە پووش و گیا دەخوات، سەنێریشی لێدەکەوێت. مانگا ڕوومەت و لەشی خاوی و شێتیەکی تێدایە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەنجی مانگا.

وێنەی ئەو ناوانەی کە شارەزاییان لە بواری پیتەکان و وشەکان هەیە وەک ئەو شوانەیە کە مێخوسکە بۆ خۆی هەڵدەگرێ بۆ ئەوی کە گای پێ بکوتێت و کۆڵەکە بە ژنی دەدات کە بەرەهەمی گاکەی پێ بژەنێت. بە پیتێک یان وشەیەک یان ڕستەیەک لە تەنیایی و یەکدانەیی دەتوانرێت کە کەسێک یان کۆمەڵێک کەس یان نەوەیەک دابکوترێت و ببەسترێتەوە. پیتەکان و وشەکان و ڕستەکان لە کۆدا و لە یەک گرتنەوەدا تەوانی ئەوەیان هەیە کە بە پێچەوانەی مێخوسکە، نەوەکان بژەنن. گەر سرنج لە سەرتاسەری ئەم نووسینە بدەن دەبینن کە وێنە و وشەی فراوان بەکار چووە. ئەمە خواستی ئەوەی هەیە کە کۆڵەکە بێت بۆ ئەدەبی کوردی. بەڵام باس و بابەت و وشە و وێنە و ڕستەی تێدایە کە لە تەنیایی و بە شێوەیەکی تاکانە هەوڵی کوتان و بەستنەوە دەدات. هەر بۆ ئەمە نموونەیەک دەهێنمەوە: لەم نووسینە باسی ناوی عەبدوڵا ئوجەلان و عەبدولڕەحمانی قاسملووم کرد، ئەم دوو ناوەم لە وێنەیەک دەربڕی و وتم: ناوی ئەوان بۆ کورد وەک ئەو زەویەیە کە مامم خاکی لەسەر کردبوو بۆ ئەوەی کە بیگرێتەوە و بیکات بە قوڕ بۆ بڕینەوەی خشت. پاش ئەوەی کە ئاوی لە خاکەکە بەردا، زەویەکەی بنی خاکەکە، ئاوەکەی هەڵمژی و زەویەکەی بنی خاکەکەش بوو بە قوڕێک کە بەردی تێکەڵی بوو. ئەو زەویە بۆ

ئەوە باش بوو کە یەکجار قوڕی تێدا بگیرێتەوە و ئیتر لە شوێنێکی تر گۆڕەپان بۆ گرتنەوەی قوڕ دامەزرێت!.

ئەو زەویە بۆ ئەوە باشە کە یەکجار قوڕی تێبگیرێتەوە.

ئەو زەویە بۆ ئەوە باشە کە یەکجار قوڕی تێبگیرێتەوە.

ئەو زەویە بۆ ئەوە باشە کە یەکجار قوڕی تێبگیرێتەوە.

مامۆستاکان و مەلاکان، وێنەکان و نموونەکان زۆر بەکار دەبەن و دەیلێنەوە بۆ نەوەکان، لەهەر دەورەیەک باس و بەسەرهاتێکیان بۆ دەگێڕنەوە، بۆ ئەوەی کە شارەزا ببن. ئەوانەی کە تەوانا بن بە پیتێک یان وشەیەک یان ڕستەیەک یان کتێبێک خواستی خۆیان دەبڕنەوە. لە قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە: و لقد صرفنا في هذا القران للناس من كل مثل و كان الانسان أكثر شيء جدلا(کهف٥٤) لە پشتەوەی ئەم ئایەتە ئەوە بۆ من دەردەکەوێت کە ئێمە(خوای گەورە) زۆرمان بۆ ئێوە باس کرد و لە ڕادەیەکی زۆر کەڵکمان لە وشەکان و وێنەکان وەرگرتووە، بە کەوانەیەکەوە(نەدەبوو کە ئەوەندەش بۆ ئێوە بکەین، ئیتر لەبەر خۆشەویستی بوو!).

مەلایەکی ئاوایییەک هەبووە کە ماوەی سی ساڵ مەلای مزگەوتێک بووە و دوو سێ نەوەی بە قسەکانی خۆی گەورە کردووە. ڕۆژێک ڕوو لە خەڵکەکە دەکات و دەڵێت: خەڵکینە سی ساڵە ڕووم لە ئێوەیە و ئەوەی کە لە قورئان و دین و دیانەت و ئەدەبی قسە کردن هەبوو بۆ ئێوە باسم کرد. ئیرادەی ئەو خوایە وایە کە ئێوە هێشتا لە بەرانبەر پێگەی مندا هەر ئەو خەڵکەی سی ساڵ پێش لە ئێستەن!.

قورئان بە باشترین شێوە دەزانم کە کەڵک لە وشەکان و وێنەکان وەردەگرێت بۆ ئەوەی کە نەوەکان و ناوەکان وەک مێخوسکە دابکوتێت یان وەک کۆڵەکە زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆش بکات کە بیانگرێتەوە. لە قورئان هاتووە کە خوای مەزن دەفەرمێت کە: فعال لما يريد(بروج ١٦) هەرچی کە بوێت، دەیکات. هەروەها ئەدەبی قورئان ئەوەندە تەوانی هەیە کە نەوەکان بە خواستی خۆی ببەستێت یان بە جۆرە جیاوازیەک بیانژەنێت و بیانگرێتەوە.

زۆرێک لە نەوەکان یان فەقێکان یان خەڵک لەبەر ئەوەی کە دڵ و دەروونیان بە قورئان خۆش و شاد نیە، پاش ئەوەی کە ماوەیەک دۆستی و هاونشینی قورئان دەکەن، دەبنە دوژمنی قورئان و دژایەتیەکی هزری و هەستی و ئاکاری قورئان دەکەن. خۆم یەکێک لەوانە بوو کە کاتێک کتێبی " موسوڵمانان لە گێژاوی مێژوودا"م نووسی، بە ناوی خوای مەزن دەستم پێ نەکردووە و وردە وردە بۆن و تامی ئەوە لەو نووسینە دەهات کە بیر و هەستم بەرەو لای دژەکانی ئیسلام دەچێت. ئیسلام دوژمنەکانی خۆی، خۆی دروستی دەکات.

زۆربەی خەڵک و نووسەران و خاوەن دەسڵاتەکان، دەستەیەک نووسەر و بیرمەندیان دەوێت کە بنووسێت بەڵام بیکات بە موڵکی گشتی. کتێبێکی چیرۆک و شیعریان دەوێت کە بکەوێتە دەم و دەستی خەڵک لە بازاڕ و چایخانەکان و شوێنە گشتیەکان. وەک کتێبی شعیر و چیرۆکێک کە بەس لایەنی جوانکاری تێدا هەبێت. دەیانەوێت کە ئەدەب و بونیادێک دروست بکەیت، خۆت تێدا نەژیت و خان و خاوەنی بەسەریەوە نەبێت، بەڵکو بیدەیت بە ئەو هەست و هزرەی کە ئێستە لە کوردستان باوە. من بۆ ئەوە وشەکان و وێنەکانی ژیانی خۆم کۆ ناکەمەوە کە وەک داری بی و داری هەنجیر، خەو و شیرینی و تامتان پێ ببەخشم و ئێوەش لە کۆتایی کە خوێندتانەوە بڵێن بارک اللە شل و شیرین بوو. نە، من ناهێڵم کە خەو و تامی شیرین لە من بچێژن. ڕەوان و دەروون و ڕۆحی من وەک شنە بایەکی بەسۆز و بە گڕ لەسەرجەم پیت و وشەکانی ئەم نووسینە هەیە. سروشتی من لە بەڕوو و گوێز و حوشتر و هەنگ و هەنجیر دەچێت، نەخۆشەکان و تەنیاکان دەبێت تاڵی و شیرینی بەڕوو و هەنگوین وەک دەرمان بناسن.

بەڵام بە داخ و پێچەوانەوە زۆرینەی ناوەکان بە تایبەت نووسەران کە دەیانەوێت بونیادێک لە وشەکان و وێنەکان دروست بکەن، بەس بۆ تام و چێژی دەم و دەستی خەڵک دەینووسن. کتێبەکانیان دەبێتە داری بی و هەنجیر، هەرکەس کە پێی دەگات، شیعر و پەخشانی بۆ خەو و خۆشی پێدەبەخشێت. کەسێکی وەک عەلائەدین سەجاددی کە خاوەنی کتێبی (ڕشتەی مرواری) یە، دارێکی بی لە ئەدەبی کوردی دروست کردووە کە هەر مەڕ و مرۆڤێک لە بنی خەو دەیباتەوە. دز و ماریش ڕاوی خۆیان لە دەوری داری بی دەکەن. کتێبی ڕشتەی مرواری، گێژی و خەو و وڕی

دەبەخشێت، ئەو بەخشندەییە ترس و لێدان و پێوەدان دروست دەکات، کەڵەکێکی ئەدەبیە کە مارومۆر دەروون و دەوری دەگرن و دەبێتە ژینگە بۆ ترس و هەراس!.

فیرعەون کە قەبرەکەی خۆی دروست کرد، هەزاران کەس لەسەر دروست کردنی قەبرەکەی مردن. هەمووی بە خزمەتکاری خۆی دەناسی. ئەوە جۆرێکی شکۆ و شەوکەتە. هەروەها کەسێک کە بونیادێکی ئەدەبی دروست دەکات، دەبێت خۆی بە خاوەنی بزانێت و هەردەم تێدا ئامادەیی هەبێت.

دەرئەنجامی بابەتی مێخوسکە و کۆڵەکە بۆ بەستنەوە و ژەندن:

لەم باسە دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە ناوەکان بە خواستی خۆیان وشەکان و وێنەکان بەکار دەبەن. بۆیە وریا بن و لە وشە و وێنەکانی ژیانی خۆتان بۆ ڕزگاری و ڕەهایی خۆتان کەڵک وەربگرن. وشەکان و وێنەکانی ئەوانی تر تەوانی زۆری هەیە کە وەک مێخوسکە نەوەکان ببەستێتەوە. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت منی بە ناوی خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەستەوە. فردریک نیچە ژیانی حەیدەری بە ناوی خۆی بەستەوە. هەروەها هاوڕێیەتی مامۆستا حەبیب و مامۆستا لوڕستانی و مامۆستا مەهدی تەوانی ئەوەی هەبوو کە وەک کۆڵەکەیەک من لە دەورەیەک دەرباز بکات.

" کارە گەورەکان لەلایەن ئەوانەوە دەکرێن کە مرۆڤ زۆر بە زەحمەت یادیان دەکات، لەبەر ئەوەی کە ئەوان بە بکەری ئەو کارە ناناسن!."

نەوەکان دەبێت ورد و وریا بن کە چ ناوێک و وشەیەک و وێنەیەک وەک مێخوسکەیە و کامەیان وەک کۆڵەکەیە؟. ئەو وریاییەش بەس خوای مەزن دەیبەخشێت و بەس.

# بەرگن و نەوگن

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

ژنەکان پێدەری شیر و وشەکانن. ژن بە باوەش و بێشکە و داوێن و ژینگە و هەست دەناسرێت. پیاو بە دەست و پشت و ڕوومەت دەناسرێتەوە. بۆ ئەوەی کە وێنە و نموونەی هاوشانی ژن و پیاو دەربخەم، باس لە دوو ناوی گورێس و نەوگن دەکەم. زۆربەی خەڵکی کورد ئەزانێت کە گورێس چیە، بەڵام بەس لادێییەکان دەزانن کە بەرگن و نەوگن لە ئاواییەکان بۆ چی بەکار دەچێت؟.

گورێس لە بەنی خوری بزن دروست دەبێت و بۆ بەستن و گرتن و ڕاگرتن و پێچاندن بە کار دەچێت. ئەو بەنەی کە لە خوری بزن دروست دەبێت، بۆ دەستەیەک لە بەرهەمەکان وەک تەنوور و چیخ و گورێس و تەیمانی کەپر و چۆخە و ڕانەکی کوردی و ئەو دەستە لە بەرهەمانە کە بۆ داپۆشین بەکار دەچێت و لەبەردەستە و زۆر بەکار دەچێت و زۆر گوشار و ڕاکێشانی لەسەرە. خوری بزن زۆر چڕ و چیڕ و نەوڕە و نابڕێت و ناوڕێت.

خوری بەرخی یەکساڵە، پێی ئێژن بەرگن. لە بەرگن دۆشەک و پاڵشت(سەرین) دروست دەکرێت. تەواو بە پێچەوانەی خوری بزنی پیرە. بەرگن بە هۆی تازەیی و پاکی و نەرمی دەکرێتە دۆشەک و پاڵشت، بۆ ئەوەی کە خەو و ئارامش و ئاسایش ببەخشێت.

نەوگن بە بەرهەمێک دەوترێت کە وەک جاجم و گڵێمە، لادێیەکان دەیخەنە ژێری خۆیان بۆ خەو و دانیشتن. نەوگن لە خوری مەڕ دروست دەبێت و زوو دادەخرێت و زووش کۆ دەبێتەوە. نەوگن لە بەر سێبەرەکانی دیوارەکانی لادێ دادەخرێت و لەسەری دادەنیشن. لە هاوین فێنکی بە خۆی دەگرێت و لە زستان گەرما بە خۆی کۆ دەکاتەوە. نەوگن بۆ ئازاری پشت باشە و زۆرێک لە لادییەکان بۆ خەوی شەویان بەکاری دەبەن، کە زۆر گونجاوە بۆ ئاسایشی پشت و لەشی مرۆڤ.

فەرەنجی بە بەرهەمێک دەوترێت کە وەک جلێکی تایبەتیە کە لادێیەکان لە زستان بۆ چوونە دەرەوە بە کاری دەبەن. بە تایبەتی بەرهەمێکە کە بە شوانەکانەوە بینراوە. شوانەکان فەرەنجی لە زستان بەکار دەبەن، لەبەر ئەوەی کە باشترین بەرگرە بۆ پاراستنی شوان لە سەرما و باران و هێرشی ئاژەڵەکان. فەرەنجی وەک پاڵتۆیە، بەڵام زۆر لە پاڵتۆ پتەوتر و گەورەتر و قورسترە. شوانەکان لەسەری دادەنیشن و بە خۆیانی دەدەن و لە سەرما و باران خۆیان دەپارێزن.

فەرەنجی دەتوانرێت کە بۆ پۆشاندن و شاردنەوە بە کار بچێت. کاتێک کە شوان فەرەنجی لەبەرە و لە نێو پەزوپۆڵەکان دانیشتووە، هەروەک مەڕ و مێیە!.

لەش و هۆشی پیاو لە ئەو بەرهەمانە دەچێت کە لە خوری بزن دروست دەکرێت و بەوە دەیناسمەوە. دەم و دەستی پیاو بۆ گرێدانی قورس و بۆ بەرهەمێکی ماندەگار و بۆ مانەوە بە کار دەچێت. هەروەها بۆ ئەو دەستە لەبەرهەمانە بەکار دەچێت کە زۆر و زوو بەکار دەبرێت.

" گورێس گەر گرێتدا زوو دەکرێتەوە. بەڵام گرێی گورێسی کۆن، زۆر زەحمەتە کە بکرێتەوە."

بە پێچەوانەی پیاو و خوری بزن، لەش و هۆشی ژن وەک ئەو بەرهەمانەیە کە لە بەرهەمی خوری مەڕ دروست دەبێت. مرۆڤ ئەو بەرهەمانە لەبەر دەکات و لەسەری دادەنیشێت و ئارامش و ئاسایش بە دەست دەهێنێت. لەش و هۆشی ژن وەک بەرهەمەکانی هاتوو لە خوری مەڕ بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ داپۆشێت، یان پان بێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە سەری دانیشێت. هەروەها دەبێت کە هەردەم دەستێک بەسەر ئەو بەرهەمانەوە بێت و داییخات و کۆی بکاتەوە.

کەنیشکی ئازەو بۆ پیاو یان کوڕێکی گەنج، وەک بەرگنە. لەشی کەنیشکی ئازەو وەک بەرگنی بەرخی یەکساڵە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاو و یان مێردی لەسەری ئاسایش و ئارامش بە دەست بهێنێت. دەبێت کە بدرێتە دەستی یەک پیاو و ناوی خوای لێبهێنێت، لەبەری ئەوەی کە ئەگەر کەنیشک کەوتە بن دەستی چەندەها پیاو و ئەم دەست و ئەو دەست کرا، وەک بەرگنی بەرخی یەکساڵەیە و بتەوێت کە بیکەیت بە گورێس و ئەم دەست و ئەو دەست بکرێت، ئەو بەرگنە زوو دەدڕێت و شی و شیتەڵ دەبێتەوە!.

سینگ و داوێنی ژن ئاماژە بە زایین و بەخشین و خاوەنداریە، وە ئەو ژنەی کە وشە وەک شیر بە گەرمی و لە باوەشی بە منداڵەکان بدات، لاسایی کاری خوای مەزن دەکاتەوە.

منداڵ کە گەورە دەبێت و دەچێت بۆ قوتابخانە، سەر و گوێ و چاوی بە ماملۆستایەکەوە خەریک دەبێت کە لێیەوە دوورە و نایناسێت و هات و چۆی ناکات.

ماموستا و قوتابی که له دڵ و ماڵی یەکدیدا دوور بن، له وشه و وێنەشدا له یەکدی دوور دبنەوه.

## ئاغای قەنبەری و ماموستا حەبیب

ماموستایەکمان هەبوو بە ناوی ئاغای قەنبەری کە ماموستای وانەی ئیملای ئێمە بوو. ڕۆژێک هات و وتی: ئەزموونتان لێ دەگرم، ئەو کەسەی کە نمرەی لە پانزدە لە خوارەوە بێت، بانسەری لەسەری دەکەم!.

قوتابیەکان دڵ و دەروونیان کەوتە هەراس، تاوێک خەمیان بوو و تاوێک گاڵتەیان بە یەکدی دەکرد و هەریەکە بەوەی تری دەوت ئەگەر بانسەری لەسەرت بکرێت ئاوەهات لێ دێت و حەیات دەچێت و ئیتر لەو قسانە. کوڕێک هەبوو بە ناوی ڕەحمان کە نەکبەتی پۆلەکەی ئێمە بوو. ئەم ڕەحمانە نانە وشکەی دەفرۆشت و بۆنی نانە وشکەی لێ دەهات. وتی: هەر حەزم ئەکەم بانسەری لەسەرم بکات بزانم کە قەیافەم چی لێ دێت!؟.

منداڵەکان پێدەکەنین و دەیانکردە هەرا و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە ماموستا ئەزموون بگرێت. ئەو ڕۆژە بە سەختی هات، لەبەر ئەوەی کە ئێمە نەماندەویست کە بانسەری لەسەرمان بکات. زۆر وانەکانم دەخوێند.

ئەو رۆژە هات و ماموستا وتی کە وریای خۆتان بن، لەبەر ئەوەی کە جارێکی تر هاتم بۆ قوتابخانە، بە بانسەریەوە دێم! ماموستا ئەزموونی گرت و لاپەڕەکانی کۆ کردەوە و قوتابیەکان کردیانە پچە پچ و هەرا و هەرکەسە باسی خۆی دەکرد کە چۆنی نووسیوە.

ئاغای قەنبەری کە ڕەحمانی دەناسی ڕووی لە ڕەحمان کرد و وتی: دیارە زۆرت حەز لێیە کە بانسەری لەسەرت بکەم... ها!؟ زۆر جوان دەبیت بەو دەم و چاوەت دەڵێت جنۆکەی!.

هەفتەی داهاتوو هات و هەرهەموو قوتابیەکان لە پۆل ئامادە و بێدەنگ و وسکت دانیشتبوون. ئاغای قەنبەری هات و وتی: بانسەریەکی جوانی کەنیشکانەم هێناوە... تۆزێکی تر چەند کەس لە ئێوە بانسەری لەسەر دەکەم و دەبێتە

کەنیشک...(سەیری ڕەحمانی کرد) ڕەحمان تۆ نمرەی کەمت هێناوە، ئێستە بەو بانسەریە جوانت دەکەم، دەتکەمە پەند و ژیرت دەکەم!.

ئاغای قەنبەری ناوی چەند لە قوتابیەکانی خوێندەوە کە نمرەکانیان لە پانزدە کەمتر بوو. ئەوانیش بە ترس چوونە خوارەوە. ئەوەی کە من هەستم پێ کرد، قوتابیەکان هەر هەموویان ئامادە بوون، وە هەستم بەوە نەکرد کە ترسێکی گەورە لە نێو قوتابیەکان بێت، لەبەر ئەوەی کە هەر هەموویان پێیان خۆش بوو بزانن کە ڕوومەتی هاوپۆلیەکانیان بە بانسەری چۆن چۆنی دەبێت؟. هەرهەموو سەیری دەستی مامۆستایان دەکرد و ئەو چەند کەسەش جۆرە شەرمێکی تامداریان پێوە دیار بوو کە بانسەریان لەسەر دەکرێت. ئەو کاتە تەمەنی من دوازدە ساڵ بوو.

یەکەم کەس بانسەری لەسەر ڕەحمان کرد، ڕوومەتی زۆر ناشیرین و ڕەش و نابوود بوو. مامۆستا سەیری ڕەحمانی دەکرد و بە دەستی بانسەریەکەی لە بن ملی گرێدا و گرێکەی بە دەستی بە دوای خۆی دەکێشا و لە پۆل دەیگەڕاند. بۆ ئەوەی بە قسەی خۆی ڕەحمان سووک و ڕسوا بکات. ڕەحمانیش فشەی بە مامۆستا و بانسەری و قوتابیەکان و قوتابخانە دەهات، دەمی دەکردەوە و ددانەکانی دەردەخست، وەک کەرێک کە پێدەکەنێت. مناڵەکانیش کردیانە هات و هەرا و پێدەکەنین. کاتێک کە مامۆستا لە پۆل ڕەحمانی دەسووڕاندەوە، ڕەحمان دەستی بە پشت قوونی دانابوو، وەک پیاوێکی پیر کە ڕێ دەکات. ئەو دەست لە پشت قوون نانەی ڕەحمانە جۆرێک فشەی تێدا بوو، لەبەر ئەوە ئەیزانی کە لە قوتابخانە دەچێتەوە بۆ ماڵ، عەرەبانەی نانە وشکەکەی بە پێش خۆی دەخات و لە کۆڵانەکان هات و هاوار دەکات!.

قوتابیەکان هەرهەموویان هات و هەرایان دەکرد، مامۆستاش بانسەری لەسەر ئەو چەند قوتابیەکەی تر کرد و جوان جوان پیشانی قوتابیەکانی تریدا. چەند دانە لە قوتابیەکان شەرمیان دەکرد و سەریان لە خوار دەگرت و ڕوومەتیان سوور سوور بووەوە.

ماوەی چەند ساڵێکی نەبرد کە ئاغای قەنبەری دوکانی بونگایەکی کردەوە و خەریکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو بوو. ڕەحمانیش عەرەبانەکەی کردە دوکان و دوکانێکی نانە وشکەی لە شاری سەرپێڵ لە تەنیشت دوکانەکەی مامۆستاکەی بۆ خۆی کردەوە و چەند کەسێک وەک بەردەست نانەوشکەیان بۆ کۆ دەکردەوە.

ڕەحمانی خاوەن دوکان و مامۆستای بوونە دۆست و هاوسێ و چاییان پێکەوە دەخوارد، زۆر جاریش ڕەحمان فشە و گاڵتەی بە مامۆستا کۆنەکەی دەکرد!.

هەر لەو دەورە کە ئاغای قەنبەری و مامۆستاکانی تری قوتابخانە گەمە و گاڵتەیان بە قوتابیەکان دەکرد، مامۆستا حەبیب مامۆستای وانەی تەفسیری ئێمە بوو. هەروەک پێشتر وتم، مامۆستا حەبیب یان دەهات بۆ ماڵی ئێمە یان ئێمەی بانگ دەکرد بۆ ماڵی خۆی. بە پێچەوانەی ئاغای قەنبەری، مامۆستا حەبیب تەفسیری دین و حورمەتی ژیانی زەوی و ئەو باسانەی بۆ ئێمە دەوت. لەگەڵ ئێمە نەرم و نیان بوو، هەردەم پێدەکەنی و ڕێز و هەستی زۆری بە ئێمە دەبەخشی.

حوجرە و مەلا وێنەیەکی باشە بۆ ئەوەی کە بێژین مەلا بە تەواوی ئاگای لە فەقێی خۆیە و لێی نزیک دەبێتەوە. مامۆستا کە لە قوتابی نزیک بووەوە و دڵ و ماڵی بۆ قوتابی کردەوە، تەوانی ئەوەی هەیە کە قوتابی بە ڕەوت و ڕووگە و جۆگەیەکی تایبەت بەرێت.

لە دەورانی سەرەتایی منداڵەکان زۆر بەیەکەوە خەریک دەبن و گەمە لەگەڵ یەکدی دەکەن. لە دەورەی ناوەندی و ئامادەیی زەمینەی ئەوە لە گیانی قوتابیەکان هەیە کە خێ بە کەسێک یان مامۆستایەک وەربگرن. لەو دەورە زۆر زەمینەی ئەوە خۆشە کە فەقێ یان قوتابی بە کەسێکەوە خێ بگرێت و لێی نزیک بێتەوە. من لە دەورەی پێش حوجرە لە ئاغای لوڕستانی نزیک بوومەوە و چوومە ماڵی و پیاسەمان دەکرد و قسەمان دەکرد. زۆر تامەزرۆی ئەوە بووم کە ئەو مامۆستایە لە تەنیایی تایبەت بە خۆم ببینم. ئەو هەست و خواستە کە لە تەنیایی کەسێکت دەوێت، هەست و خواستێکە کە ئەو کەسە دەیەوێت چێژی تەواو وەربگرێت، سرنج و هەست و بینین لەسەر یەک شت بێت. لە بیرمە ڕۆژێک ئاغای لوڕستانی هاتە پۆل و پاش ئەوەی کە وانەکەی تەواو کرد، ویستی باسی بیر و ڕای ماکس ڤیبەر و پرۆتستان و هۆکاری گەشەی سەرمایەداری بکات. من سەیری ڕوومەتی مامۆستام دەکرد، ڕوومەتی گرژی و نائومێدی تێکەوت، لەبەر ئەوەی کە قوتابیەکان هەرهەموویان حەزیان لە فشە و گەمە و گاڵتە بوو، ئاغای لوڕستانی بە خەمێکەوە سەیری منی کرد و وتی: دوایی بە تایبەتی باسی ئەو بابەتەت بۆ دەکەم!. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوە کە من و ئاغای لوڕستانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوانمان دروست بێت. خودی ئاغای لوڕستانی مامۆستایەکی تازەکار بوو، ئەوەندە

ئەزموون و بەسەرهاتی نەبوو کە بزانێت پۆلی قوتابخانەکانی شار هی ئەوە نیە هزر و هەستی تێدا ببەخشێت.

گەورەترین مامۆستا کە خوای مەزنە، هەردەم بەندەکانی دەگەیەنێتە ئەشکەوت و بیابان و تەنیایی و ئاوارەیی، ئەو کاتەیە کە پیت و پەند و وانە فێریان دەکات. بۆیە زۆربەی قوتابیەکان و خەڵک، کەسانی وەک ئاغای قەنبەریان شایستەیە کە گەمە و گاڵتە و سووکایەتی بە دەستەیەک بکات و دەستەیەکی تر سەیری ئەوانی تر بکەن و پێبکەنن، پێکەنینێک کە ترس و چکۆلەیی و گەمژەیی و حیزیەتی تێدایە.

لە دەورانی حوجرە لەبەر ئەوەی کە فەقێکان جیاوازی تەمەنی زۆریان هەبوو، دەستەیەک لە فەقێکان کە منداڵ بوون، خێیان بەو فەقێیانەوە دەگرت کە تەمەنیان گەورەتر بوو. ئەمە زۆر ئاساییە کە مرۆڤ هەردەم دەیەوێت کە لە کەسێکەوە یان کەسانێکەوە نزیک بێتەوە. مامۆستاکان هەستیان بە ترس و هەراسێک کرد لەوە کە کێشەیان بۆ دروست بێت، هەر بۆیە هەوڵی ئەوەیاندەدا کە بەرگری لە خێ گرتنی فەقێکان بە یەک بگرن. مامۆستاکان خۆیان زەمنیەی ئەوەیان خۆش نەدەکرد کە فەقێکان لە خۆیان نزیک ببنەوە.

قوتابخانەکان و حوجرەکان و زانکۆکان و ناوەندەکانی پەروەردەیی وەک بەرگن و نەوگن. دەبێت کە ژینگەیەک دروست بکات کە قوتابی یان فەقێ تێدا پاڵ بداتەوە و بحەسێتەوە. ئەو کارەش دەستەیەک مامۆستای دەوێت کە وەک ڕاگر و گورێسی لێهاتوو، بنە و بنەوای قوتابخانە ڕابگرێت و ژینگە بۆ دەستە مامۆستایەک خۆش بکات کە وەک بەرگن و نەوگن وشەکان و ڕستەکان و چیرۆکەکان و وێنەکان بۆ قوتابیەکان و فەقێکان ڕابخەن و تێدا ئاسایش بگرن.

لە بیرمە کە لە قوتابخانەی ناوەندی ئەبوزەڕی شاری سەرپێڵی زەهاو بووین، کاتێک کە کۆتایی ساڵ دەهات و دەچووین بۆ ئەزموونەکان. وێنەیەکی زۆر سەیر و جوان لێمان دروست بوو کە ئێستەش لە بیرم وەک بەڕووی سەر ئاگر جار و بار دەتەقێت. نیوەڕوان کە لە ماڵەوە دەچووین بۆ ئەزموونی قوتابخانە، لە ڕێگەدا کتێبەکەمان بە دەستەوە دەگرت و بە پەلەیەک دەمانخوێند و چاومان پێدا دەگەڕاند و دەورەمان دەکردەوە. ئەوەندە سەروچاوی ئێمەی بە خۆیەوە خەریک دەکرد کە ئاگامان لە ڕێگە نەبوو، کە دەگەیشتین و کاتی ئەزموون دەهات و

دەرگەی ساڵۆنەکان دەکرانەوە، هەرکەسە و کتێبەکەی لە شوێنێک دادەنیا و دەچووە ژوورەوە. پاش ئەوەی کە دەهاتینە دەرەوە چاوەڕوانی یەکدیمان دەکرد بۆ ئەوەی کە بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. هەموو جارێک پێکەوە هەر لە بەردەرگی قوتابخانە شەقمان لە کتێبەکان بەردەدا تا دەگەیشتینە ماڵەوە. شەقمان لێ دەدا بەرەو ئاسمانەوە، ئەوەندە شەقمان تێ هەڵدەدا تا دەگەیشتینە ماڵەوە کتێبەکەمان لەت و کوت دەکرد. ئەوەندە ڕق و قین لەو کتێبانە لە لای ئێمەدا کۆ بووەوە کە ئاوەها بەسەر پەروەردەی فارسی و قوتابخانەکاندا دەمانڕژاندە دەرەوە.

حوجرەی ئیقباڵی لاهوری دەستەیەک مامۆستای تێدا بوو کە کەسانێک بوون دەست و دەمیان بە زۆر ناو و کتێبەوە خەریک بوو و هات و چۆی زۆر شوێنانیان دەکرد. هەر بۆیە لە بواری پەروەردەی نوێوە شتانێکی بەنرخیان بۆ خۆیان لە لا بوو. مامۆستاکان کاری نەوگن و بەرگنیان بۆ فەقیکان دەکرد. هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ژینگە بۆ قوتابیەکان خۆش بکەن کە بە ئارامش خەریکی خوێندن بن. مامۆستا حەبیبی کەریمی دەوری ڕاگری دەبینی، بەڵام ڕوومەتی مامۆستا ئەسعەد لە ڕوومەتی کەسێک دەچوو کە ڕاگرێکی تەواوانایە. ئەوەم بەوەوە هەست پێ کرد کاتێک کە مامۆستا ئەسعەد دەهات بۆ حوجرە، فەقێکان خۆیان لێ کۆ دەکردەوە و پێوە دەئاڵان و باس و پرسیاری زۆریان لێی دەکرد. کاتێکیش کە مامۆستا حەبیب دەهات بۆ حوجرە فەقێکان خۆیان لێ دەدزیەوە و حەزیان نەدەکرد کە بیبینن و قسەی لەگەڵ بکەن. تۆزێک سامێکی وشکی هەبوو کە قورسی لەسەر گیانی فەقێکان دەکرد. سامێک کە تام و بۆنی ماندوویەتی و لێپرسینەوەی لەڕادە بەدەری لێدەهات.

هەر کات کە مامۆستا ئەسعەد دەهات بۆ حوجرە شاڵەکەی پشتی سفت بە پشتیەوە بەستبوو، ئەوە خۆی نیشانەی سفتی و سەختی دەروونی ئەو مامۆستا بۆ ڕاگری و بەڕێوبەری بوو.

مامۆستاکانی حوجرە لەبەر ئەوەی کە کاری بەرگن و نەوگنیان دەکرد، دەوری ڕاگریان دابووە کەسانی وەک ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە کە لە بواری ڕاگری و دامەزراندنی ڕستەکان و شێوەکانی پەروەردە باس و قسەی زۆریان لە لادا هەبوو. دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە گورێس و ڕاگری دەورێکی زۆر گرنگە کە هەر کەسێک و هەر مەلا و مامۆستایەک ناتوانێت پێی هەڵسێت. ڕاگر ئەو

کەسەیە کە شێوە و بەرنامە و وشەکان و چیرۆکەکان و مامۆستاکان و قوتابیەکان و هات و چۆکان و میوانەکان و پلانەکان و نەخشەکان دیاری دەکات و ئاگای لە هەرهەموویە. سەرجەم ناوەکان و وشەکان و نەوەکان بە خۆیەوە دەبەستێت و دەیانپێچێتەوە و خاوەنداریان دەکات.

ناسری سوبحانی بە کەسێکیان دەناساند کە زۆر پارێزی کردووە لە وەشاندنی دەم و دەستی. باسی چیرۆکێکیان دەکرد کە دۆستێکی دەبێتە میوانی و لەسەر سفرە دادەنیشن و نان دەخۆن. مامۆستا ناسر لە کاتی نان خواردن هیچ قسە ناکات و بەس دەنگی چمچە و چەتاڵ دێت. ئەو دۆستەی مامۆستا ناسر کە میوانیەتی، لەو دانیشتنە بێزار دەبێت و خوا خوای کردووە کە هەرچی زووترە لەسەر ئەو سفرەیە هەڵسێت. یان باسی جارێکی مامۆستا ناسریان دەکرد کە بووە بە میوانی ماڵێکی دۆستی و چەند شەو لەوێ بووە. ماڵەکە هەست بەوە دەکەن کە مامۆستا ناسر شەوان ناخەوێت. بۆ ئەوەی کە دڵنیا بن سنجاخێک لە بەتانی خەوی مامۆستا دەدەن بۆ ئەوەی کە بزانن ئەو بەتانیە شەو دەکرێتەوە یان نە**!؟** ئاوەها مامۆستا ناسریان بە فەقێکان دەناساند. دیارە کەسێک کە شەوان خەوی تەواوی نەبێت و قسەی کەم بێت و هات و چۆی لە شاراوەیی بێت، ئەوە ئیتر کەسێکی ئاسایی نیە. ڕاگرەکان کە تەوانی قسە و بەڕێوبەرایەتی نەوەکان و قوتابخانەکان و مامۆستاکانیان هەیە، دەبێت کە ئاوەها سەخت بن. بزن کە خوری خۆی سەخت دەکات، دەم بۆ ئەو گیان نابات کە مەڕ دەمی بۆ دەبات. بزن گیای بن بەرد دەخوات، بزن هەڵدەکاتە قەدی دارەکان و گەڵای دارەکان دەخوات، بزن حەزی لە گەڵای داری بەڕووە، ئەزانێت کە پێست و گۆشتی چێر دەکات. بزن دڕک و داڵ دەخوات و دەمی بۆی دەبات. ئاوەها بزن گۆشت و پێست و خوری خۆی تایبەت دەکات. ئیتر کاتێک کە بزن ئاوەها بێت، موی لە قوڕ دەکرێت و تەنووری لێ دروست دەکرێت. مەبەستم ئەوەیە کە ئەوانەی خۆیان لە سەختی و پارێز و وشکی دەدەن، بەر و بەرهەمیان بۆ ڕاگری و بەستنەوە دەبێت.

حوجرەی ئیقباڵی لاهوری خواستی ئەوەیان هەبوو کە بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ پەروەردە کردنی فەقێکان دامەزرێنن. کێشەی ئەوان ئەوە بوو کە دەستە ناوێکی تری وەک ناسری سوبحانی لە دەوریان نەبوو کە لە تەنیایی خۆیاندا بەرنامە و قسە و ڕستە بۆ مەلا و فەقێکان بخولقێنێت. مامۆستا ناسریش ئەوەندە تەوان و

لێهاتوویی نەبوو کە پەروەردەیەکی پتەوی گەورە دامەزرێنێت. دەستەیەک لە وانەکان کە لە حوجرەدا دەوترایەوە هەر ئەو وانانە بوو کە لە حوجرە کۆنەکان دەوترایەوە. وانەیەکمان بۆ فیر بوونی وشە عەرەبیەکان بە ناوی ئەحمەدی هەبوو کە وشەکانی عەرەبی بە شیعر کردبووە کوردی. ئەو جۆرە کتێبانە و ئەو جۆرە هەولآنە بۆ پان کردنی زمان و ئەدەبێکی تایبەتیە، کە خواستی ئەوەی لە پشتەوە نەبووە بەرنامەیەکی پەروەردەیی بە کوڕەکەی بگەیەنێت، بەڵکو خواستی ئەوەی هەبووە کە وشەکان بۆ کوڕەکەی تامدار بکات. ئەحمەدی و ئەو هەولآنەی وەک ئەحمەدیە، بەرگن کردن و ژینگە خۆش کردنە، ئەگەرنە ئەوە بە هەوڵێک ناناسم کە کوڕەکەی بە بەرنامەیەکی پەروەردەیی ئاشنا بکات. ناوەکانی وەک ئەحمەدی و ناسری سوبحانی دەتوانن کە کتێبێک دانێن یان خەت و نیشانێک بکێشن، بەڵام تەوانی ئەوەیان نەبوو کە باسی ئەوە بکەن کە دەستەیەک لە ناوەکان دەبنە نەوگن و دەستەیەکی کەمی تری ناوەکان دەبنە گورێس و ڕاگر.

لە درێژی ئەم ماوەیە کە ژیان لەگەڵ ناوەکان دەکەم، لە دۆستی و بەردەستی هەر دوو دەستە لە ناوەکان بووم. هەر خوێنەرێک کە بە زمانی فارسی کتێب دەخوێنێت، زۆر کتێب دەبینێت کە وەرگێڕدراونەتەوە زمانی فارسی کە لە گورێسەکان و نەوگنەکانن. هەردوو دەستەی ناوەکان لە ئەدەبی فارسی دەبینم. ئەو کاتەی کە کتێبی کیمیاگەری پائۆلۆ کۆئیلۆم دەخوێندەوە، دەچوومە نێو نووسینەکە و پاڵم دەدایەوە. ئەو نووسینە وەک بەرگن و نەوگن کە لە خوری بەرخ و مەڕە، ئاسایش بە مرۆڤ دەدات. سادقی هیدایەت و دۆستە چیرۆکنووسەکانی لەو کەسانە بوون کە داوێن و سینگێکی ژنانەیان بۆ من دەکردەوە کە من لە نێو نووسینەکانیان پاڵ بدەمەوە.

لە تەمەنی دەورانی ناوەندی و ئامادەیی حەزم لەو دەستە لە ناوانە بوو کە داوێن و ژینگە و بەرگن و نەوگنیان بۆ نەوەکان دروست دەکرد. ئەو کاتە بە تەواوی دژی تەفسیر و و قسە وشکەکان و ئەو دەستە لە ناوانە بووم کە ڕۆڵی ڕاگر و گورێسیان دەبینی. بەشکە ئەو جۆرە هەستە ناخۆشەی ئەو کاتەی من لە ناسری سوبحانی لەوەوە هاتبێت کە من کەیفم بە ئەو ناوانە دەهات کە دەروون و دڵی من بلاوێنن. کتێبی شیعرەکان و چیرۆکەکان و ژیاننامەکان و بەسەرهاتەکان و ئەو دەستە لە

کتێبانە کە وەک بەرگن و نەوگن و داوێن و سینگی ژن، نەوەکان بە چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان دەلاوێنن، بە لای منەوە خۆش بوو.

لە دەورانی کۆتایی زانکۆی سەڵاحەدین، لەو دەروون و ژینگە گوزەرم کرد کە ئیتر پاڵ بە پشتی ناوەکان و بەسەرهاتەکانیان بدەم. بە شێوەیەکی زۆر بیرمەندانە و ژیرانە ڕووم لەو ناوانە دەکرد کە وەک گورێس کاری ڕاگریان دەکرد. کەسێکی وەک فردریک نیچە لەو کەسانەیە کە بە تاقی تەنیا لە ڕێکخراوەیەکی ئەدەبی تێکەڵی مرۆڤی و دینی دەست و دەمی لە تەنیایی وشک ببوو. کەسێک کە حەز و کەیفی بە ناوی نیچە بێت و بەردەوام باسی بکات و باسی ئەو ناوانە بکات کە لە ناوی نیچە نزیکن، ئەوە بۆ من دەردەکەوێت کە ئەو کەسە دەروونێکی هەیە کە تەوانی ئەوەی هەیە کە ببێتە ڕاگر و گورێسێک کە نەوەکان و ناوەندەکان پێکەوە ببەستێتەوە.

زۆرێک لە نەوەکان و ناوەکان لە تەواوی دەورەکانی ژیانیان لە سەر بەرگن و نەوگن و سینگ و داوێنی ناوەکانی تر خۆیان پان دەکەنەوە. چیرۆکنووسەکان و ئەو کەسانەی کە چیرۆک دەخوێنن، فیلم دروستکەرەکان و ئەو کەسانەی کە سەیری فیلمەکان دەکەن، لەو کەسانەن کە دەم و دەستیان بە بەرگن و نەوگنەوە خەریکە. چیرۆک خولقاندن پێویستی بەوەیە کە ژینگەیەک دروست بکەیت و وشەکانی بۆ ئامادە بکەیت.

قورئان کتێبێکە کە دەستەیەک چیرۆکی تایبەتی تێدا هەیە، ئەو چیرۆکانە بەرەڵا و بێ خاوەن نەکراوە، بەڵکو دەستەیەک لە ڕستە خەسەکان لە دەوری ئەو چیرۆکانە دەسوورێتەوە. بەڵام زۆرێکی چیرۆکنووسە مرۆڤیەکان چیرۆک دەنووسن بە بێ ئەوەی کە ڕستە لە دەوری دابنێن. کەوایە قورئان وەک نەوگن و بەرگن، تەوانی ئەوەی هەیە کە نەوەکان لە داوێنی خۆی پان بکاتەوە و سەر و دەست و دەمیان گەرم بکات. لە لایەکی ترەوە قورئان بە ڕستە خەسەکانی وەک گورێس و ڕاگرێک، ئەو دەستە لە نەوانە بە خۆی خەریک دەکات کە تەوانی ئەوەیان هەیە کە دەستە ناوێک ڕاگر وەک گورێس دروست بکات. کەسانی وەک ئیبنی تەیمیە و سەید قوتب و ناسری سوبحانی لەو دەستە لە ناوانە بوون. کەسێکی وەک مەلا کرێکار بە تەنیا لەسەر ڕستەکان دەمێنێتەوە. مەلا کرێکار دەرهاتوو لەو ڕستانەیە کە وەک گورێس، موسوڵمانی ڕاگری نەوەکان دروست دەکات. بە پێچەوانەی مەلا

کرێکار، مەلا عەلی کەڵەک وەک نەوگن و بەرگن بۆ ئاسایش و ئارامشی خەڵک خەستەخانەیەکی کردووەتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نەوگن و بەرگن و فەرەنجی ئەوەیە کە ئەو خوریەی کە تێدا بەکار دەبرێت، تاڵەکانی پێکەوە نانوستێن و بە یەکەوە نالکێن، بەڵکو کراوەیی تێدا هەیە. بە پێچەوانەوە گورێس و ئەو بەنەی کە بۆ چیخ بە کار دەبرێت، تاڵەکانی بۆشایی لە نێوانیان نیە و بەیەکەوە لکاون.

کەسێکی وەک مەلا کرێکار ئەوەندە کە دەروونی وەک گورێس بە خۆی لکاوە و بەستراوە، بە دەوروبەریەکانی نەلکاوە. مەلا کرێکار لەگەڵ وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان لە تەنیایی لکاوە. مەلا کرێکار ناوی بە تەنیا بۆ خۆی گورز و گورێسێکە. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر نەخۆشێک نەبێت، ئەوە مەلا عەلی کەڵەکیش نیە!.

لە قورئان ئایەتێک هاتووە کە دەفەرمێت: و اعتصموا بحبل للە جمیعا و لا تفرقوا(آل عمران ١٠٣) ئەم ئایەتە زۆر دەتوانێت کە هاوکاری من بکات بۆ ئەوەی کە بزانن قورئان وەک گورێسێک کاری ڕاگری و خاوەنداری ناوەکان و نەوەکان دەکات و داوا دەکات کە دەم و دەستی پێوە بگرن و پێوە خەریک ببن. قورئان گورێسێکە کە خوای مەزن بە موحەممەدی پەیامهێنەر بەخشی. دەروونی موحەممەد درووی لێ بێت، ئەوەندە گەورە و فراوان و پان و بەرزە کە شێوە و ئەدەبی خاوەنداری گورێس فێری دەکرێت و ئەویش نەوەکان و ناوەکان بە ناوی خۆی خەریک دەکات و دەیانبەستێتەوە.

ناوەکان یەک پێگەیان نیە، ئەو تەنیایی و نیگەرانی و دەردە کە موحەممەد کێشای زۆر فراوان و گەورە بوو. ئیبنی تەیمیە و سەید قوتب و ناسری سوبحانی لەو کەسانە بوون کە من ناویان بە گورێس دەبەم، لەبەر ئەوەی کە نەوەکانیان بە دوای خۆیان خست. لە ڕاستیدا ئەو ناوانە خۆیان لە ژینگە و سینگ و داوێنی ناوی موحەممەد گەورە بوو. بۆیە ناوی موحەممەد زۆر گەورەیە.

ئیبراهیمی کوڕە خاڵم کە سەرەوەی دە ساڵە خەریک بە قورئان و نووسینەکانی دەوری قورئانە، لەو کەسانەی دەبینم کە هەوڵی نزیکی لەو ناوانە دەدات کە کاری ڕاگری و بەستنەوە و گورێسکاری دەکەن. ئیبراهیم دەیەوێت کە بە ئەدەب و

نەخشەی ڕستەکانی خۆی وەک گوریێسێک، نەوەیەک یان ناوەندێک بە خۆی ببەستێتەوە. سروشتی ئیبراهیم بە دوای یەکتایی ناوی خۆی دەگەڕێت.

ناوەکانی ئاڵمانی وەک کانت و هگڵ و شوپنهاور و نیچە و مارکس و هایدگر و هیتلەر بە دوای یەکتایی ناوی خۆیان دەگەڕان. کەسێکی وەک شوپنهاور بە تەنیا بە بێ ئەوەی کە پەیوەندەیەکی بەردەوام و دیاری لەگەڵ نەوەکان هەبێت، بۆ خۆی وەک بێمنەت و کەڵێک ژیا و بووە هۆی ئەوە کە بە فەلسەفەیەکی ئاڵمانی بناسرێت. نیچە بۆ خۆی گوریێسێکی قورس و قایم بوو. هگڵ و مارکس و کانت هەریەکەیان بۆ خۆیان گوریێس و ڕاگرێکی گەورە بوون کە هەزاران ناویان لە دەم و دەست و سینگ و داوێنی خۆیان دروست کرد.

مارتین لوتری ئاڵمانی بووە هۆی ئەوە کە دینی مەسیحی لە وەران و دڕان بپارێزێت. ژیانەوەیەکی بە مەسیحیەکان بەخشی. لە دوای لوتر، نیچە بە گورزی دەستیەوە هات و ئاوی بەردایە بن ئەو ئاگرەی کە لوتر گڕیدابوو. دوو ناو لە ئاڵمانەکان توانیان دەست لە دین و کتێبی مەسیحیەکان بەردەن. ئاڵمانەکان لە یەکتایی(وحدت) دەتوانن کە دەست و دەوریان بوەشێنن. کەسانێک کە وەک گوریێسن و دەوری ڕاگریان هەیە، دەبێت ژینگە و تەنیایی خۆی پێ ببەخشرێت و بپارێزرێت.

نەوەکان ئەگەر ژینگەیان هەبێت کە فێری ناوەکان ببن، بەڵام ڕاگر و گوریێسیان نەبێت کە لە لادان و کەچی و کەوتن ڕزگاریان بکات، ئەوە بە دەردی زۆر گەورە دووچار دەبن. لە کرماشان یارسانەکان یان کاکەی و ئەهلی حەقەکان بوونیان هەیە. ئەمانە چەند جۆرە ناوی جۆراوجۆر لە دەوریان هەیە کە بۆ من بووە پرسیار ئەمانە سەروبەریان چیە!؟. یارسانەکان بە باوا یادگار و حەزرەتی داوود و ئیمام عەلی و سەید نەسرەدین سوێندیان دەخوارد و باسی زەردەشت دەکەن و خۆیان بە زەردەشتی دەزانن. بۆ من پرسیار بوو کە ئیمام عەلی و سەید نەسرەدین و داوود و باوا یادگار چ پەیوەندیان پێکەوە هەیە!؟. گەورەی یارسانەکان کە ئێستە لە ژیاندایە و یارسانەکان وەک گەورەی خۆیان سەیری دەکەن، سەید نەسرەدینە. من بەس وێنەی سەید نەسرەدینم بینیوە، هیچی ترم لەم ناوە نەبینیوە و نەبیستووە. یارسانەکان باش سمێڵ دەپارێزن، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی خۆیان نەپاراستووە. یارسانەکان لەبەر ئەوەی کە ڕاگر و گوریێسیان نیە کە بە قسە و دەست و دەم پێکەوەیان ببەسێت و ئاگاهیان بکات، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو شیعە بوو دەچن. ئەوانە

بە زەردەشیعەکان دەناسم تا زەردەشتیەکان. ئەوەندە ئەو خەڵکە ئاگای لە خۆی نەماوە ناوەکان تێکەڵ دەکەن و بە ناوی عەلی و داوود سوێند دەخۆن و خۆشیان بە زەردەشتی دەزانن.

کەوایە نەوەکان پێویستیان بە دەستەیەک لە ناوەکانە کە وەک نەوگن و بەرگن و فەرەنجی لەسەری دانیشن و بەخۆیانیدا بدەن. هەروەها پێویستان بە دەستەیەکی ژیر و ئاگاە لە ناوەکانە کە وەک گورێس نەوەکان و وشەکان و بابەتەکان و چیرۆکەکان ڕاگری و ڕێبەری بکەن.

خوای مەزن بە خواستی پیرۆزی دەتوانێت کە نەوەکان خاوەنداری بکات و بەخێویان بکات. ئەوە کە ناوەکان وەک گورێس دەنێرێت و ئەدەبیان پێ دەبەخشێت، بۆ ئەوەی کە نەوەکان دەم و دەستیان پێیانەوە خەریک بێت و وەک یارسانەکان و مەسیحیەکانیان لێ نەیەت کە ناوەکان و خاوەندارەکانیان لێ تێکەڵ بێت.

## کۆشکی پاشا لە سەردەمی قەیراندا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

وشەکان و ڕستەکان وەک ئاوە، گەر نەچێت و لە چووندا نەبێت، وە ژیان نەبەخشێت و ژیان نەستێنێت، دەگەنێت و بۆن و پیسی لە خۆی کۆ دەکاتەوە.

سەردەمێک کە لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ سەردانیماڵەوە بە دزیەوە دەچوومەوە بۆ کرماشان و چەند مانگێک لەوێ دەبووم، خەریک بە کتێبەکان دەبووم. پاش ئەوەی کە دەچوومەوە بۆ هەولێر هەستم بەوە دەکرد کە کەسێکی تر دەچێتەوە. هەر دەورەیەک کە لە تەنیایی ئاواییدا دوور لە هەولێر لە بێ دەنگی دەشتی زەهاو خەریک بە کتێبەکان دەبووم، دەروونم گۆڕان و شێوان و هەڵوەشان و هەڵتەکان و دڕانی تێ دەکەوت. ئیتر ئەو قسەیەم بۆ دورست بوو کە من هەر ماوەیەک و دەورەیەک پێستێک دەخەم و نوێ دەبمەوە. ئنجا ئەوە گرنگە کە بزانن

ئەو کاتە من لە پێگەی خوێنەر و وەرگر و وەرگێڕ و بیسەر و هەڵگر و گوێڕایەڵێک بووم، کە بە پێچەوانەی پێگەی نووسەر و دانەر و بێژەر و پێدەرە.

من لە ئاوی ئەوانی تردا مەلێم دەکرد و لە نەخشەی نووسینەکانی ئەوانی تردا خۆم بە نووسین و نووسەرەکانەوە خەریک دەکرد و دەناساند. مەبەستم ئەوەیە کە من بە دەست و دەمی خۆم وشەکانم دانەدەڕشت، بەڵکو بە دەم و دەستی ئەوانی ترەوە خەریک دەبووم.

لەم بەندینخانەیە ڕۆژانە بە بەردەوامی خەریک بە داڕشتنی وشەکان بووم و هەر ڕۆژێک دەستەیەک لە ڕستەکان لە ڕێگەی دەستی منەوە دەردەهات و دەڕژرا. من لەم بەندینخانە لە پێگەی خوێنەری ئەوانی تر، بووم بە کەسێک کە دەیەوێت خۆی بە دەم و دەستی خۆی لەگەڵ وشەکان کار بکات. لە لاپەڕەیەکی ڕەشنووسەکانی ئەو نووسینانە نووسیومە: مرۆڤ بە وشەکان و لە ڕێگەی وشەکانەوە، وشەی ڕووناکی ناوێت، بەڵکو وشەی بەهێزی دەوێت!

هەر لەو لاپەڕەدا نووسیومە: ئیتر پێتان وانەبێت کە ئەو کەسە شمشێری دروست کرد، شەڕ بە شمشێر شارەزایە.

لەو لاپەڕە ئەو دوو ڕستەیەم هەڵبژاردووە و شایستەی ئەوەم زانیوە کە بەو دوو ڕستەیە کار بکەم. باش وایە کە خوێنەر وریا بکەم کە من چۆن دەستنووس و ڕەشنووسەکانی بەندینخانە بۆ دروست کردنی کتێبێک ئامادە دەکەم:

## ئەستێرە و ماسی و وشە لە ئاسمان و دەریا و کتێبدا

وشە و ڕستە گرنگەکان لە نێو لاپەڕەکان هەڵدەبژێرم و نووسینێکی نوێ دادەڕێژم و هەوڵی ئەوە دەدەم کە وشە و ڕستەی نوێی لێ بزێنم. ئەو وشە و نووسینانە بۆ من هێز و تەوانی زایینی زۆری هەیە. ئەو وشە و ڕستانە تەوانی ئەوەیان هەیە کە وشە و ڕستەی تر بۆ من بخولقێنن. کەوایە وا نەزانن کە من هەر لە یەکەم دەفتەر چیم نووسیوە ئەوە دەنووسمەوە. ئەو نووسینەی بەندینخانە وەک ئاوێکە کە کۆیەکی ماسی تێدایە. من ماسیەکانم لەو ئاوە دەرهێناوە و لە ئاوێکی ترم کردووە. بۆ ئەوەی کە ژیانەوە بە ئەو ماسیانە ببەخشم. هەر ماسیەک بۆ جۆرە ئاو و

ژینگەیەکە، هەروەها هەر جۆرە وشە و ڕستەیەک بۆ جۆرێکی تایبەتی چوونە. بەو ماسیانە تۆی تر دەگرمەوە.

## رتق و فتق

### اولم یر الذین کفروا ان السماوات و الارض کانتا رتقا ففتقناهما و جعلنا من الماء کل شیء حی افلا یوءمنون (الانبیاء ٣٠)

لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بە ڕەتق و فەتقی ئاسمانەکان و زەوی دەکات. زەوی کاتی خۆی یەک خاکی هاوبەش بووە. بە گوزەری کات لێک ترازاون یان لێک جیابوونەتەوە و تووچاون. هەروەها خوای گەورە ئاماژە بە ڕەتق و فەتقی ئاسمانەکان دەکات. بەو مانا کە لە سەرەتاوە پێکەوە بوون و یەک دانە بوون.

بە هاوکاری ئەو ئایەتە و ئاماژەی ئەو ئایەتە بە ئاسمانەکان و زەوی دەتوانین هەندێک مانا و دەوری تری ئەو دوو وشەیە دەربخەین. ڕەتق و فەتق دوو لە وشە دووانەییەکانی قورئانە، وەک (قبض و بسط ،عسر و یسر). هەرچۆن خوای گەورە زەوی و ئاسمانی ڕەتق و فەتق کردووە، هەروەها وشەکان و ناوەکانی لە زەوی ڕەتق و فەتق کردووە. تیرە و ئێڵەکان، زمانەکان و زاراوەکان جۆری تری ڕەتق و فەتقە. وشەکان وەک خاکە و ناوەکان وەک ئەو خەڵکەیە کە لەسەر ئەو خاکە ئەژین.

هەر ناو و وشەیەک گۆشە یان سووچێکی بۆ خۆی گرتووە و لە نێو یەک ڕێکخراوە دامەزراوە. مرۆڤ ناتەوانە کە لە فەتقدا بمێنێتەوە، بۆیە هەردەم هەوڵی ڕەتق یان یەکانگیری و یەککردن و یەک گرتنەوە دەدات. بۆ نموونە دەڵێین ڕاستی وەک شووشەیەکە کە شکاوە و هەرکەسە کوت یان بەشێکی ئەو شووشەیە بە دەستەوەیە. دەیانەوێت بگەیەنن کە شکاوە و بە شێوەیەک کە شێوەکەی نازانرێت، لێکترازاوە و لێک پرش و بڵاو بووەتەوە و تووچاوە. هەردەم کەسانی ڕاستیخواز لەوە هیلاک و ماندوو بوون کە ناسین و ڕاستی ئاوەهای لێ هاتووە. بە پێی قورئان ناسین و ڕاستی نەپرژاوە و نەڕژاوە و نەشکاوە و نەتووچاوە، بەڵکو لە زەوی تووشی فەتق بووەتەوە.

ئەو کەسانەی کە بە دوای زانست و ناسین کەوتوون، چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوا، خۆیان لە فەتقێکی گەورەدا بە دوای ناسین کەوتوون. لە فەتقێکی گەورە

دەیانەوێت بزانن کە بۆ ناسین و ڕاستی ئاوەها پرژ و بڵاو و شکاوەیە!؟. بۆ ئەوەی کە خوێنەر یان ناسینخواز لەو فەتق و پرژ و بڵاویە دەربێت، دەبێت ڕوو لە یەکگرتن و یەکانگیری و ڕەتق بکات، دەبێت دان بەوە بنێت کە لە ڕەتقێک ئەو فەتق و پرژ و بڵاویە دروست بووە. خوای گەورە دەفەرمێت ئێمە وامان کرد کە ئاسمانەکان و زەوی لە ڕەتق بۆ فەتق بڕۆن. بۆیە بە پێی ئەو قسەیە دەبێت وریا بین کە خوا خۆیەتی کە خاوەن شێوە و ڕەوشی ئەو ڕەتق و فەتقەیە. ئێستە من لەم بەندینخانەیە بۆ ماوەی چەند مانگە هەوڵ دەدەم کە ڕابردووی خۆم کە فەتقی کردووە، ڕەتقی بکەم و بیگرمەوە و یەکانگیری بکەم. بۆیە شەو و ڕۆژ و چیرۆک و وشە و ڕووداوەکان یەک بە دوای یەک دەخوێنمەوە و کاری لەسەر دەکەم و ڕاڤەی دەکەم. لە زەویەک کە مینی تێدایە دەبێت بە وردی و نەرمی پێی تێبخریت، هەروەها لە ڕەتق و فەتقدا دەبێت کە ڕەوەندە و کەسی ناسینخواز بە وردی و نەرمی و یەواشی بڕوات و هەر وشە و وێنەیەک لێکبداتەوە.

مانگا و گیای سەرزەوی و خاک و خۆر و ئاو، کۆیەک وشەی فەتق کراوە لە ڕەتقێکی سەرەتاییەوە. کاتێک کە مانگا دەلەوەڕێت و سەنێر دەکاتە سەر ئەو زەویە، ئەو خاک و زەویە بە سووکایەتی لە لایەن مانگا لێکی ناداتەوە، بەڵکو باش ئەزانێت کە سەنێری مانگا بۆ سەلامەتی زەوی باشەی هەیە. گەردش و سووڕانی ناوەکان و وشەکان لە ڕەتق و فەتقدا دەور و پێگەی ماناداری هەیە. هەروەها گەردش و سووڕانی وشەکان و چیرۆکەکان مانا و دەوری دیار و نادیاری پێکەوە پەیوەندیان هەیە. بۆی هەیە کە مرۆڤ بە ئاسانی دەوری ئەو وشە و وێنانە نەزانێت، لە گوزەری کات و دەرهاتەکانی تر زاناکان و ژیرەکان بە ڕاڤەی ڕووداوەکان لێکی دەدەنەوە و دەگەن بەوە کە چی لە چیەوە دەرهاتووە.

ڕەتق و فەتق شێوە و ڕەوشێکە بۆ ئەوەی کە کار بکەین بۆ دەرهێنانی ڕاستیەکان. بۆ نموونە قورئان کتێبێکە کە ئاماژە بە دایکی کتێبەکان(ام الکتاب) دەکات. پەرتووک یان کتێب، ڕەتقێکی دیاری وشەکانە. نووسەر هەوڵ دەدات کە کۆیەک وشە و هزر و هەستی فەتق بوو کۆ بکاتەوە. خوای گەورە کە دانەری دایکی کتێبەکانە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە خاوەنی هەموو ڕەتق و فەتقێکین. لەگەڵ ئەوەی کە خوای گەورە خاوەن شێوەکان و وێنەکانی ڕەتق و فەتقە، مەلاکان و زاناکانی دینی هەردەم و بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئایەتەکانی خوای

گەورە و وشەکان لە ڕەتقێک بۆ دەرخستنی ناسین و ڕاستی دەربنوێنن. بۆ نموونە مەلا و زاناکانی موسوڵمان لە ئینگلیس کەڵک لە ئایەتەکانی لێبووردەیی و پێکەوە ژیانی قورئان وەردەگرن، وە مەلاکانی ئێران کەڵک لەئایەتەکانی دژایەتی و شەڕ وەردەگرن. ئیتر مەلاکان و زاناکان و نەزانەکان بە خواست و مەبەستی خۆیان ئایەتەکان دەدۆشن و دەگرنەوە و دەیبەخشن. ئەمە خۆی فەتقێکی دیاری زاناکان و مەلا و مامۆستاکانی دینیە.

مرۆڤە گەورەکان هەردەم کاری ڕەتق دەکەن، بۆ نموونە پەیامهێنەرکان و فەیلەسووفەکان و کەسایەتیە سەربازی و سیاسیە گەورەکان کاتێک ناویان بەرز دەبێتەوە کە نەوە یان نەتەوەیەک یەکگیر و یەکانگیر بکەن و لە رەتقێکی دیار و ڕوون دەریان بخەن.

کاتێک کە هەنگ تۆی گوڵەکان دەگرێتەوە، ئەوە جۆرێک فەتق و ڕەتقە. گەر هەنگ لەوێ نەبێت، ئەوە پەپوولە سەر دەکاتە کونی گوڵ و کەڵکی لێوەردەگرێت و ڕەنگی بۆ خۆی لێدەگرێتەوە. کەوایە دەبێت لەوە ورد و وریا بین کە کێیە ئەو کەسەی کە کاری ڕەتق لە فەتق دەکات؟ چ فەتقێکە و چ ڕەتقێکی لێ دیار دەبێت؟. ناوەکان لە دەروونیان وەحیێکی دەروونی هەیە کە تا چەند دەتوانن بگرنەوە و تا کوێ و چەندە دەتوانن کە بڕۆن و کۆ بکەنەوە و دانەری بکەن؟. بەخشەری ئەو وەحی و دەروونە خوای گەورەیە.

بۆ نموونە مەلا ئیبراهیمی کوڕە خاڵم لەگەڵ سروش و زاناکانی ئێرانی کە کتێبەکانی ڕۆژئاوایان خوێندووە، هەوڵی ئەوە دەدەن کە دەروونی شێواو و پەرێشان و پرژ و بڵاوی خۆیان کە جۆرێکی دیاری فەتقی دەروونیە، بگەیەنن بە ڕەتق یان کتێبێکی دیار و ڕوون. بۆ نموونە من لە فەتقێکی دەروونی کە ئاماژە بە شێواوی و پەڕۆش و پەرێشانی و پەژارەیی بوو، هەوڵمداوە کە بگەم بە ڕەتق یان ڕێکخراوەیەکی دیار و ڕوونی ناسین و ڕاستی. هەوڵمداوە کە بە ڕاڤە و لێکدانی ڕابردوو و دەروونی فەتق بوو و پەرێشان و پژراوی خۆم بکەم و بگەم بەوە کە چیم بەسەر هاتووە و چۆن خۆم دەرباز بکەم لەم بارودۆخە فەتقکراوە؟.

کەوایە دەبێت بزانین هەر بارودۆخێک هەرچەند کە شپرزە و شێواو و پەرێشان بێت، لە فەتقێکە کە لە ڕەتقێکەوە هاتووە، وە بەرەو ڕەتقێک دەچێت. بۆ نموونە من لە سەرەتاوە لە ڕەتقێک بووم(مەبەستم ئەوەیە کە شەیدایی و پەرێشانیم تێدا

نەبوو) بەڵام پاش ئەوەی کە کتێبم خوێند و سەعدی و سادق و سارتر و ناوەکانی ترم ناسی و لە شاران و وڵاتان گەڕام و ژیانی سەرزەویم کرد، تووشی فەتقی دەروونی بووم، دەروونم پەرێشانی و شەیدایی وەک نەخۆشی تەو و لەرزی تێکەوت، ئێستەش هەوڵی ئەوە دەدەم کە بەرەو ڕەتق یان یەکگرتنەوەیەکی دیار و ئاگاهانەی دەروونی بڕۆم.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا زۆربەی هەرە زۆری ناوەکان و زاناکان باوەڕیان بەوە هەیە کە مرۆڤ هەردەم تا کۆتایی لە فەتقدایە و هەروەهاش دەمرێت و دەچێت و کەس بە ڕەتق ناگات و یەکگیر و یەکانگیر نابێت. خوا سیمبۆلی ڕەتقە، فردریک نیچە سیمبۆلی فەتقە. نیچە هەوڵیدا کە وەک هەڵۆ بفرێت و بگات بەوە ڕادە کەبەسەر هەرهەموودا زاڵ بێت و ڕەتقێکی تایبەتی دروست بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە تووشی شێتی و نەخۆشی و داڕمان بوو و ئەوەندەی تر فەتقی کردەوە. نیچە دەیەویست کە بگات بە یەکتایی، بەڵام نەیزانی کە یەک یەکتا هەیە، ئەوەش خوای گەورەیە. هەموو مرۆڤ و ئاژەڵ و زەوی و ئاسمان لە فەتقداین. گەر بمانەوێت کە لەو فەتق و پرژ و بڵاوەییە دەربێین و ئاگاهانە و وشیارانە بگەین بە ڕەتق، دەبێت داوا لە یەکتای گەورە بکەین، کە تەنیا ئەو لە ڕەتقدایە. کاتێک کە کەسێک لە خوای گەورە داوای ڕەتقی کرد، وە خوای گەورە وەڵامی دایەوە بە باشی، ئەوە دەیخاتە ڕێکخراوەیەکی دیاری ناوە جێگیرەکان، وک ئەستێرەکان. لە پێگەیەک و شوێنێک جێگیری دەکات و دایدەمەزرێنێت.

ئەدەبی خوای گەورە ڕەتق و ڕاستە، بەڵام هێزەکانی شەڕ و شەیتان هەردەم مرۆڤ و وشەکان بۆ فەتق و شێواوی دەبەن. هەر فەتقێک ڕێی هەیە بۆ ڕەتقێک، هەر فەتقێک شێوە و ڕەوشی تایبەتی هەیە بۆ ناسینی ئەو فەتقە، وە هەم بۆ دەرچوون بۆ ڕەتق. کەوایە شێواویەکان و شپرزەییەکان و پەرێشانیەکانی دەروون و ناوەوەی مرۆڤ و وشەکان و ئەدەبی مرۆڤ نابێت ئەو کەسە دڵسارد و نیگەران بکات. بەڵکو دەبێت ئومێدەوار بێت کە سەرەوەی هەر فەتق و شێواویەک، ڕەتق و ڕاستیەک هەیە.

نموونەیەک دێنمەوە کە بزانن هەناسەم بردووە چ قووڵاییەکەوە:

قورئان ڕەتق و فەتقێکی دیاری وشەکان و ماناکانە. سەرچاوەی زانا کردن و نەزان کردنی مرۆڤە. مەلایان و فەقێکان زۆر هەوڵ دەدەن کە لە کاتی قسە کردن و

نووسین بە ڕاستی و دروستی فەتوا بدەن یان قسەیەکی ڕاست بکەن یان نووسینێک بە دروستی و ڕاستی بنووسن. ئەم کارە گەلێک سەختە، هەندێک لە مەلاکان و زاناکان بۆ ئەوەی کە بەو پێگە بگەن، هەوڵ دەدەن کە زۆر بخوێنن و لێکۆڵینەوە بکەن، وەک کاکە ئیبراهیمی کوڕە خاڵم. دەستەیەکی کەمی تر ئەوە دەزانن کە ڕێگەی چارەسەری ئەو کێشەیە بە تەزکیە و خۆ پاک کردنی دەروونیە. قورئان وەک هەنگوینە، دەبێت کە کەسێک بە مەبەست بە کەسێکی بسپێرێت، ئەگەر نە دەرمانی هیچ دەردێک ناکات. قورئان و هەنگوین دەبێت کە بیسپێریت، وەک ئەو کارەی کە مەلا عەلی کەڵەک دەیکات.

قورئان کتێبێکە کە لە سوورەتی فاتیحە دەست پێ دەکات و لە سوورەتی ناس تەواو دەبێت. کاتێک کە وەحی بۆ پەیامهێنەری خۆشەویست هات، لە سوورەتی فاتیحەوە دەستی پێنەکرد وە بە سوورەتی ناس تەواو نەبوو. بەڵکو لە ئایەتەکانی سوورەتی عەلەق کە لە جوزئی کۆتایی قورئانە دەستی پێ کردووە وە ئایەتی سێی سوورەتی مائیدە بە ئایەتی کۆتایی دەناسرێت، کە لە سوورەتە یەکەمەکانی کتێبی قورئانە!.

کەوایە کتێب بۆ پەیامهێنەر جیاوازە لە کتێبێک کە بۆ خەڵکە. کتێبی پەیامهێنەر سەرەتایەکی جیاوازی لە سەرەتای کتێبی خەڵک هەیە. قورئان لە نێو ئەو دەورە کە دێتە خوارەوە، شێوەی دامەزراندنی قورئان دادەڕێژێت و فاتیحە بە سەرەتا دیاری دەکات. فاتیحە وەک فەرماندەیەکە و سوورەتەکانی تر وەک سەربازەکانی ئەو فەرماندەیە ئامادە دانراون.

قورئان جۆرێک دامەزراوە کە خوێنەر یان وەرگر دەتوانێت کە بە ناوی خوای خاوەن کتێب، دەستی بۆ هەر ئایەت و وشەیەک ببات کە دەیەوێت. مامۆستایەک دەتوانێت کە چەند ئایەت لە سوورەتە جیاوازەکان هەڵبژێرێت و وتەیەکی خۆی ئامادە بکات یان نووسینێک دابڕێژێت، یان هەست و هزرێک دامەزرێنێت. دەستە مەلایەک بە ئایەتەکانی شیفا کار دەکەن و دەستەیەکی تر بە ئایەتەکانی شەڕ و قیتال کار دەکەن و دەستەیەکی تر بە ئایەتەکانی (سلم و تسامح و موعظة) کاری خۆیان دەکەن. وەک کەسانێک لە ئەفریقا دەژین و کەسانی تر لە چین و کەسانی تر لە هیند، هەروەها هەر دەستەیەک لە مەلاکان لە ناوچەیەکی ئایەتەکانی کتێبی خوا دەژین. ئەمە دەستە و کۆمەڵانە خۆیان پەرە بە فەتق و تووچاندنی قورئان دەدەن،

بۆیە هەردەم بە کێشە و گرفتێکی گەورەی ناوخۆیی زاناکانی ئیسلامی لێک دەدرێتەوە.

فەقێکان و مەلاکان دەیانەوێت کە بە شێوەیەکی ورد لە سەر قورئان کار بکەن، بۆیە دەیانەوێت کە ئەسبابی نزوڵی ئایەتەکان بزانن. دەیانەوێت کە بزانن ڕستەکان وەک ماسیەکان لە چ ژینگەیەک گەورە بووە و پێگەیشتووە. دیارە قورئان و ژیانی پەیامهێنەری ئیسلام ئەوەندە گەورە و پیرۆزە کە شایستەیی ئەوەی هەیە کە مرۆڤ گرنگی بەو ژینگە بدات کە ڕستەکان تێدا زایراوە و بەخشراوە.

ئەو نموونەی سەرەوە کە باسی پێکهاتەی قورئانم کرد، نموونەیەک بوو بۆ ئەوەی کە خوێنەر ورد و وریا بێت کە دەستەیەک لە نووسینەکان و ناوەکان لە پشتەوەی هەر ڕستەیەک ژینگەیەکی بۆ زایین هەیە کە زۆر گرنگە کە خوێنەر پێی بزانێت و ئاگاداری بێت.

وشەکان و نووسینەکان وەک ئەستێرەکانی ئاسمان بە بێ ئەوەی کە لە یەکدی بدەن و کێشەیان لەگەڵ یەکدی هەبێت، لە یەک لاپەڕە هاوکاری دەکەن کە خوێنەر ڕێی خۆی بگرێت و بدۆزێتەوە. هەربۆیە نووسەری وریا ڕستەکان وەک گۆزەی زێڕ لە کا دەشارێتەوە، ڕستە بەهادارەکان لە کۆی دەستە ڕستەیەکی تر کە وەک کایە دەیشارێتەوە. خوێنەری وریا چاوی لەسەر لاپەڕە نیە، بەڵکو چاوی لەسەر ڕستەکان و وشەکانە. بۆیە گەر بێت و خوێنەر ژیر و ئاگاه بێت، ئەزانێت کە نووسەر چۆن کار لەگەڵ وشەکان و رستەکان دەکات و دایدەڕێژێت.

یەکێک لە گەمەکانی منداڵەکان، جۆرە گەمەیەکە کە تێدا وێنەکان تیکە تیکە کراوە. وێنە تیکە کراوەکان دەشێوێنن و بە شێوەیەک کە تێکەڵ و پێکەڵ بێت بە منداڵ دەدرێت. کاری منداڵ ئەوەیە کە ئەو وێنە تیکانە بە دروستی لە تەنیشتی یەکدی بنێت. هەروەها هەموو وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان و مرۆڤەکان لە یەک ڕەتق و یەک شێوە، بە شێوەیەکی بە مەبەست لە لایەن خواوە شێواوە و تێکەڵ بووە، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بەوە هەست و هزری بۆ ناسین بجووڵێت. خوای گەورە لە قورئان دەفەرمێت: یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم ان الله علیم خبیر(الحجرات ١٣) دوو شت زۆر گرنگە، یەکەم ئەوە کە شتەکان کراوە یان لە لایەن کەسێکەوە (خلق و جعل) کراوە. مرۆڤ و زمانەکان بە مەبەست خەلق و جیا کراون. دووهەم

ئەوە کە بۆ ناسین و جووڵاندنی هەست و هزری ناسین ئەو کارە کراوە. بە دڵنیایی ئەگەر شێواوی و پەرێشانی و پرش و پژری وشەکان و مرۆڤەکان نەبێت، ناسین و گەڕان دروست نابێت.

لە بیرمە کە زۆر بیرم لەوە دەکرد کە وشەکان و وێنەکانی تێکەڵی ژیانم پێکەوە بە دروستی پێکەوە بلکێنم. وام دەزانی کە وێنە تێکەڵەکان یەک شێوەی هەیە کە گەورەیەک وێنەی کێشاوە و دەبێت کە ئەو وێنەیە دروست بکەم کە خوا وێنەی کێشاوە. بەڵام پاشان زانیم کە مرۆڤ بە خواست و ویستی خۆی دەتوانێت کە وێنەکان و وشەکان پێکەوە بنێت و وێنەیەکی گەورەی لێ بگرێتەوە. ڕاستی و ناسین لای ئەو کەسەیە کە وێنەکان و وشەکان بە جوانی و ڕێکی لە تەنیشتی یەکدی دەچنێت و دەچێنێت. هەر وێنە و وشەیەک خەت و نیشانێکی پێوەیە و تێدایە کە ئەگەر سەیری بکەیت ئەزانیت کە ئەم وێنەیە بۆ کامە وێنە و وشە دەبێت. وەک وێنە تیکەکانی منداڵ کە ئەگەر سەیری وێنە تیکەکراوەکان بکەیت دەزانیت کە کامە بۆ تەنیشتی کامەیان دەبێت. بۆ نموونە ئەو کەسەی کە دەیەوێت چاوی تیژ بێت، باش وایە کە چاوی مەڕ بخوات. کەسێک کە بە ئەدەبی ( باب) دەستی بە ناسین کردبێت، ئەوە لەسەر پایە و پێگەیەکی پایەدار خۆی دامەزراندووە. ئەو کەسە دەتوانێت کە بەسەر ئەدەبی ویندۆز زاڵ بێت. یان کەسێک کە هەنجیر و ئەدەبی هەنجیر بناسێت نابێت سەیری لێ بێت کە بۆچی هەنجیر بۆ مایەسیری باشە!؟. لەبەر ئەوەی کە هەنجیر شەرم ناکات کە دەرمان بێت بۆ ئەو بەشانەی لەش کە گوێز خۆی لێ نادات و حاشای لێدەکات!.

وێنەی ئاسمان بێننە پێش چاوتان کە ئەستێرەی تێدا نیە، وێنەی دەریا بێننە پێش چاوتان کە ماسی تێدا نیە، وێنەی کتێبێک بێننە پێش چاوتان کە وشەی تێدا نیە!.

ئەستێرەکان لە ئاسمان پێگە و دەوری جێگیر و پایەداریان هەیە. ماسیەکان لە دەریان و هەردەم لە گەردش و سووڕان و بادانەوەن. ئەستێرەکان بە چاو دەبینرێت و ماسیەکان بە دەست دەگیرێت. لە سوورەتی ملک خوای عەزیز دەفەرمێت: و لقد زينا السماء الدنيا بمصابيح و جعلنها رجوما للشياطين و اعتدنا لهم عذاب السعير(ملک ٥) ئەستێرەکان وەک چران و زینەتی ئاسمانن. هەروەها ئەستێرەکان وەک بەردن و بۆ لێدانی شەیاتین بە کار دەچێت. ئەستێرە لە ئاسمان دوو پێگەی هەیە، پێگەی یەکەم وەک جوانی و چرایە و بۆ پێدانی ڕووناکی و نیشاندانی

ڕێگەی مرۆڤە، پێگەی دووهەم وەک بەردە بۆ ڕەجمی شەیاتینی جن. کاتێک کە چرایە و بۆ ڕێنمایی بە کار دەچێت، لە شوێنی خۆیەتی. بەڵام کاتێک کە بەردە ئیتر لە شوێنی خۆی نیە و دەردەچێت و لێدەر دەبێت.

کاتێک کە خوای مەزن دەفەرمێت کە کتاب و ئاسمانی من ڕووناکیە، ئاماژە بەوەیە کە خوای مەزن بە خواستی خۆی دەستی زاڵە بەسەر ئەستێرەکان و وشەکانەوە. کەسانی کەم لە مرۆڤەکان هاوکاری ڕێگەیان لە ئەستێرەکان وەردەگرن، هەروەها کەسانی کەم ڕێنمایی ڕێگەی خۆیان لە وشەکانی کتێبی خوای مەزن وەردەگرن.

کەسانێک کە شەوان سەیری ئاسمان و ئەستێرەکان دەکەن، خەو دەیانبات. کەسانێکیش کە سەیری ئاسمان دەکەن، بیر و بێداری دەیانگرێت. هەروەها کەسانێک کە سەریان دەگرنە سەر کتێب خەو دەیانگرێت، کەسانێکیش وردی و وریاییان زۆرتر و فرەتر دەبێت.

دەستەیەک لە جنۆکەکان دەچن ئاسمانەوە و تەوانی هات و چۆی هەوایی و ئاسمانیان هەیە. ئاسمان و ئەستێرەکان دروستە کە تاریکی و تەنیایی و بێ جووڵەیی تێدایە، بەڵام ستەم و لێدانی تێدا نیە. جنۆکەکان کە دەچن و بە خواستی خۆیان گەردش دەکەن و خواستی پیس و پۆخڵیان هەیە، زەمینەی ئەوە خۆش دەکەن کە چرایان لێ ببێتە بەرد و ئاگر بۆ لێدان. هەروەها دەستەیەک لە مرۆڤەکان کاتێک کە خەریک بە کتانی خوای مەزن دەبن، دەیانەوێت کە بە خواستی پیس و پۆخڵەوە زۆر و فراوان تەشەنە بکەنە وشەکانی خوای گەورەوە. هەربۆیە وشەکان وەک ئەستێرە لێیان دەبێتە بەرد و ئاگر! وشەکان و ئەستێرەکانی خوای گەورە دەستی بە هێزی لە پشتەوەیە.

بە پێچەوانەی کتێب و ئاسمانی خوای مەزن، کتێبەکان و دەریاکانی زەوی جم و جۆڵ و هات و هەرا و داو و ڕاوی زۆری تێدایە. وشەکانی دەروون، وەک گیانلەبەرەکانی دەریا هات و چۆ و گەردش و سووڕان و بادانەوە و ترس و پرس و هەراس و تەنیایی و مانەوەی زۆری تێدایە. کەسانێکی کەم لە ناوەکان دەروونیان وەک ئاسمان و ئەستێرەیە، کە بێدەنگ بەڵام هەردەم خۆی وەک ڕێنما دەربخات.

خوای مەزن داوا لە پەیامهێنەری خۆی دەکات: قم اللیل الا قلیلا(مزمل ٢) خواستی خوای گەورە ئەوەیە کە موحەممەدی پەیامهێنەر شەوان بۆ پەرەستش ڕوو لە خوا

بکات، بۆ ئەوەی کە ڕوومەتی وەک ئەستێرە پایەدار بکات. نوێژ کردن و ڕاوەستان لە شەودا بێ جووڵە کردن و ڕوودار کردنی نوێژکەرە، بۆ ئەوەی کە لە سووڕان و گەردشی ناحەق و بەرەڵا دوور بێت. کەم کەس ئەزانێت بە بەهای ئەو ڕستەیە.

بوونەوەرەکانی دەریا ڕوومەتیان لەگەڵ لەشیان لکاوە و پان بووەتەوە، هی ئەو ترس و بادانەوە و هەڵات هەڵات و داو و ڕاوانەیە کە هەردەم لێی دەترسێن. گەردش و سووڕانی زۆر، ڕوومەت دەفەوتێنێت. زۆربەی نووسەرەکان و بیرمەندەکان خۆیان وەک بوونەوەرێکن لە دەروونی خۆیان. لە دەروونی خۆیان هەردەم دەترسێن و لە بیرکردن و مانەوە و خەم و خەیاڵاتی دەروونی خۆیانن. بیرمەندەکان و نووسەرەکان کە دەبینی لە گۆشەیەک تەنیا یان لە نێو کۆیەک بێدەنگن یان لە کتێبخانە خەریکی خوێندنن. دەست و ڕوومەتیان کپ و ماتە، بەڵام دەروونیان یەک هات و هاوار و بگرە و بەریدەیەکە کە لە باس و گێڕانەوە نیە.

چەند جۆرەی جیاوازی ڕستەکان لە چەند وێنە و ناو دادەڕێژم  بۆ ئەوەی کە بزانن وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان دەتوانن کە وەک ئەستێرەکان بە بێ ئەوەی کە لە یەکدی بدەن ڕێگە و گاڕێگە بە ڕێبواری ژێر پیشان بدەن و نیشان بکەن:

**وێنەی یەکەم:** گەر وشە بووە خنجەرێک و خاوەنەکەی لە بەندینخانە بێت و بەردەوام بە دەستی بێت. گەر بەردەوام لەبەر دەست و دەم و چاوی بوو، لە کۆتایی خۆی دەکوژێت یان کەسێکی پێ دەکوژێت!.

بۆ ئەوەی کە نموونەیەک بۆ بە خنجەر کردنی وشەکان بهێنم باسی خۆم دەکەم. لە ئینگلیس چووم بۆ دادگا و لە پێش دادەوەر دانیشتم و بە چەند هۆیەک منیان تووڕە کرد و منیش وتم: ئەوە لەو فاشیستانە، ئەوەش لە ئێوە!.

دیارە کە دادگا ئاوەهای لێکدایەوە کە مەبەستم ئەوەیە: ئەوە لە حکومەتی فاشیستی ئێران و ئەوە لە حکومەتی فاشیستی ئینگلیس!. ئەم قسە بووە هۆی ئەوە کە پەروەندەی من ڕەت بێت و بەردەوام ئەو قسە وەک هێمایەک بۆ ناسینی من بە کار بەرن. بەردەوام ئەو قسەیانە دەوتەوە کە تۆ بە دادەوەری ئینگلیست وتووە فاشیست. لە بنکەکانی خێرخوازی بگرە تا بگات بە کۆمپانی پارێزەرەکان ئەوەیان بە من دەوت کە تۆ هەڵەی گەورەت کردووە کە بە دادەوەرت وتووە فاشیست!.

وشەی فاشیست بوو وشەیەک کە لە دڵ و هەناوی پەروەندەی من سوورِی دەخواردەوە. وەک قرشێک کە لە دەریایەکی بێ ماسی و برسی دەسوورِێتەوە. کاتێک لە ئاوەها ژینگەیەک وشەیەک لە من نزیک دەبێتەوە و چەند ساڵ من بەو پەروەندە و کەیسەوە خەریک دەکەن، ئەو وشەیە وەک بوونێکی زیندوو لە گیان دەمێنێت و کاریگەری خۆی دەکات. ئیتر بەو وشە منیان دەناسیەوە. ئەو وشە گوشاری زۆر لە گیانی من دروست دەکرد. من زۆر سرنجم لە چالاکیەکانی ئەو وشەیە لە گیانمداوە. زۆر جار لەم بەندینخانەیە ئەو وشەیە هاتووەتە سەر دەمم بۆ ئەوەی کە بە نوێنەرەکانی وەزارەتی هۆم ئۆفیسی بڵێمەوە، لە دەمم دەرمنەکردووە دەرەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەمزانی ئەو جۆرە هاتنانە ئاسایی نیە. ئەمزانی کە ئەو ژینگە وا دەکات کە من بەرانبەر بە ئینگلیس لەو وشە کەڵک وەربگرم و کار بەو وشە بکەم. بەردەوام خۆم لە بە کاربردنی ئەو وشەیە دوور دەگرت.

چۆنیەتی ئەوە کە من هەستم بەم شێوەی کارکردنی وشە کرد، لە چەند ئایەتێک لە قورئانەوە پێم گەیشت. لە قورئان هاتووە کە خوای گەورە دەفەرمێت: و لقد صرفنا في هذا القرآن ليذكروا و ما يزيدهم إلا نفورا(ألإسراء ٤١).

خوای مەزن دەفەرمێت کە ئایەتی زۆر لەم قورئانە هاتووە، بەڵام جگە لە نەفرەت لەم ئایەتانە هیچی لێ ناکەوێتەوە. ئاماژە بەوەیە کە خوای مەزن خۆی دەستی لە پشتەوەی ئەوە هەیە کە کێ شادمان یان توورەی بکات؟. لە تەنیایی و لە ناکاوە وشەکان و رِستەکان پەلاماری مرۆڤ دەدەن و دەبنە هۆی ئەوە کە ژیانیان بەخش و بەختی ئەو وشە و رِستانە بکەن.

**وێنەی دووهەم:** دۆستی کۆنی من، خاڵە حەیدەر، تانە و تەشەری لە چەند ناوێکدا کە بۆ من ئاماژە و نیشانە بوون. باسی رِۆسۆ فەیلەسوفی فەرەنسی کرد کە بە هۆی ئەوە کە لە منداڵی جوان بووە، لێیان خشاندووە! هەرئەمە وای کردووە کە بەرەو پەروەردە کردنی منداڵ بچێت!.

سەرچاوەی فشە و قسەکەی حەیدەر دیار نیە و نازانم لە کوێوە ئەو قسەیە وەرگرتووە و لە کوێوە ئاوەها هەست و قسەیەکی سەبارەت بە رِۆسۆ بیستووە!؟. ئەمە ئاماژە بەوەیە کە حەیدەر کاری لەگەڵ ناوەکان کردووە و ئاگاداری زۆر لە

شاراوەکانی ناوەکان بووە، نەک بۆ سووک کردنیان، بەڵکو بۆ ئەوەی کە دەری بخات کە ئەوانە بۆ بە توندی گرنگیان بە بابەتێک داوە!؟. حەیدەر باسی شکسپیری دەکرد و دەیەوت کە دەرمانخۆر بووە. ئەو جۆرە قسانە لە حەیدەر جۆرێک فشە کردن بە ئینگلیز و فەرەنسیەکان بوو.

ئەو قسەیە کە حەیدەر سەبارەت بە ڕۆسۆ کردی، قسەیەکە کە کەسانی کەم دەتوانن شارەزای وردەکاریەکانی ناوەڕۆکی ببنەوە. ئەو قسە دەتوانێت هی کەسێکی تر بێت کە حەیدەر وەریگرتبێت. گرنگ ئەوەیە کە لە نێوان ڕۆسۆ و منداڵ و پەروەردە شتێک هەیە کە بووەتە هۆی ئەوە کە ئاوەها بە توندی پەروەردەی منداڵ لە لای ڕۆسۆ گرنگی هەبێت.

من لەوە دڵنیام کە زۆربەی کڕ و دڕان و برینە گەورەکانی ژیانی مرۆڤ لە دەورانی منداڵیەوە لێی دەکرێت و لێی دەکەوێت.

ئەو وێنەیە دەتوانێت کە ببێتە سەرچاوەیەک کە بەخشەری زۆر قسە و وێنەی تر بێت. بۆ نموونە دەتوانین پرسی ئەوە باس بکەین کە بۆ دەستە کەسانێک ئەو تەوانەیان تێدایە کە نەوەکان بۆ شەڕ ئامادە بکەن!؟ بۆ دەستەیەک لە ناوەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە نەوەکان بۆ سەقامگیری و ئاشتی بەرن!؟. جاری وا وشەیەک یان ڕستەیەک مرۆڤ دەگرێت و دەم و دەستی دەبەستێتەوە. کابرایەکم دەناسی کە دەمی بە وشەیەک خێی گرتبوو. هەرکات کە قسەی دەکرد، لەهەر چەند ڕستەیەکی دەیەوت (خوێن). خەڵک بەو جۆرە قسە کردنەوەی ئەو کابرا پێدەکەنین. دیارە کەسانێک بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەناسن، وە کەسانێک بە خێگرتن دەیناسنەوە. من باسی هۆکارەکەی ناکەم، باسی بەخت و ئیقباڵی دەکەم کە ئەو وشەیە ژیان و دەمی گرتووەتەوە. مەلا عەلی کەڵەک وشەی شیفا دەم و دەستی گرتووەتەوە. کەسانێک دەیانەوێت کە خۆیان بە خواستی خۆیان بە دەستە وشە یان ڕستەیەکەوە ببەستنەوە، وە کەسانێک بە بێ ئەوەی حەز و خواستیان هەبێت، دەستە وشە یان ڕستەیەک دەیانبەستێتەوە.

## لە ڕاو تا داو، لە داویش تا قەفەس

ڕۆژێک لەگەڵ چەند منداڵێکی ئاوایی چووین بۆ ڕاوی پەلەوەرە ڕەنگینەکان. لە کەژی چەرمگسوار نزیک بووینەوە و تەڵەیەکی دارینمان پێ بوو. لەسەر تەپکێکی

بەرز جێگیرمان کرد و لێی دوور کەوتینەوە. لە پشتەوەی کەژەکەی ئاوایی کلاشی شایی تۆتیاوە خۆمان لە ئاوایی غەڵخانچەک[14] نزیک کردەوە. لەگەڵ کوڕەکانی دۆستم دەستمان بەرز دەکرد و هوش و هشمان دەکرد بۆ ئەوەی کە پەلەوەرەکان بەرەو داو و تەڵەکەی ئێمەوە بڕۆن. چەند جارێک ئاوەها لە شوێنی دوورەوە دەستمان بەزر دەکرد و خۆمان لە داوەکە نزیک دەکردەوە، بەڵام بە داخەوا هیچ پەلەوەرێک لەسەر داوەکەمان نەدەنیشتەوە. دۆستەکانم ماندوو و هیلاک و برسی وتیان کە با بڕۆینەوە، هیچمان دەستگیر نابێت. وتم: نایەمەوە، هەتا خۆر لە بێشکان[15] نەچێتە خوارەوە، دەست هەڵناگرم!.

دۆستەکانم چوونەوە و منیش بە تەنیا لەو دەرودەشتە مامەوە. خۆم بۆ خۆم دەستم هەڵدەبڕی و لە دوورەوە هویکە و فیکە و بەرەڕاوم[16] دەکرد. جارێک کە دەمەویست بەرەڕاو دەست پێبکەم، ئیتر ماندوو و هیلاک ببووم، وتم ئەمە ئیتر ئاخر جاری من دەبێت. دەستم کردەوە و دەنگم بەرز کردەوە. پەلەوەڕێکم لێ بەدەرکەوت، بە شوێنی پەلەوەرکە کەوتم، پەلەوەرە داماوەکەش هەرتاوێک لە شوێنێک سەرگەردان دەنیشتەوە. بە شوێنی کەوتم و لە داوەکەم نزیک بووەوە. سەری دەگەڕاند و دەسووڕایەوە. لە ناکاوە هەڵپەڕی و لەسەر داوەکەی من نیشتەوە!. بە خۆشی و پەلە هەڕام کرد و خۆم گەیاندە داوەکە.

ئەو داوانە جۆرێک بوو کاتێک کە پەلەوەر دەگرێت، سەرەوخوار بە بەنی تەڵەکە دەیبەستەوە، ئیتر هەرچی باڵی لێبدات ناتوانێت کە دەرچێت.

---

[14] _ غەڵخانچەک ناوی ئاواییەکە لە ئاواییەکانی دەشتی زەهاو کە لە نێوان دوو ئاوایی کلاشی شایی تۆتیا و قەڵەمەیە.

[15] _ بێشکان ناوی ملەیەکەی مینئاویە لە سنووری دەشتی زەهاوە، کە لەو ملە دەچیتە ئەودیودا ئیتر دەبێتە باشووری کوردستان.

[16] _ بەرەڕاو وشەیەکی ناو دەمی خەڵکە. ئەو وشەیە بۆ چەند مەبەست بەکار دەچێت. خودی وشەکە بۆ ئەو کەسانە بەکار دەچێت کە بۆ ئەوەی نێچیری خۆیان بننەنە سەر داو و تەڵەکەی خۆیانەوە، لە دوور و دەوری تەڵەکەوە دەست و دەم هەڵدەوەشێنن و کارێک دەکەن کە نێچیر لەسەر داوەکە بنیشێتەوە. ئەو جۆرە کار کردنە بۆ داو کردنی نێچیرەکان جوانی و قورسی تێدایە، بە جۆرێک کە دەتوانێت بۆ نموونە و خۆدەربڕینی تر بەکار ببرێت. بۆیە خەڵک بۆ مەبەستی تر بەکاری دەبات، بۆ نموونە کاتێک کە کەسێک دەیەوێت بە خواست و مەبەستێکی نهێنی یان شاراوەی خۆی بگات، بە قسە و کردەی تر وا دەکات کە دەوروبەریەکانی خواستەکەی لەسەر دواەکەی بنیشێننەوە. کەسێک بەوە دەزانێت و ئێژێت: ئەوە بەرەڕاو دێنێت. وشەی بەڕەڕاو لە منداڵ و ژنەوە نزیکە، لەبەر ئەوەی کە منداڵ و ژن بە بەرەڕاو بە خواست و مەبەستەکانی خۆیان دەگەن. لەبەر ئەوەی کە ناتوانن دەستیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە خواستەکان و ویستەکانیان بگەیەنن. وڕک و وڕێنە و بەڕەڕاو نزیکیان لەگەڵ یەکدی هەیە.

ناوی ئەو جۆرە پەلەوەرانەم نەدەزانی، بە ئەسپایی دەستم بۆی برد، وەک ئەوە یەکەمجارە کە مرۆڤ و ئاژەڵێک ئاوەها لێی نزیک دەبێتەوە، لە شەرم و ترسەوە دەلەرزی و سەیری دەوروبەری دەکرد. جۆرێک سەیری دەکرد، وەک ئەوە کە داوای یارمەتی دەکرد، وەک ئەوە کە لە دەستی کەسێکی تر هەڵاتووە و هاتووە بۆ دەشتی زەهاو، وەک ئەوە کە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە ببێتە داوی مرۆڤەوە. لە داوەکە کردمەوە و داو و تەڵەکەم لە خاک دەرهێنا و بە خۆشیەوە ڕووم لە ئاوایی کرد.

لە ڕێگەی چوونەوە بیرم لەو کاتە کرد کە من و دۆستەکانم پێکەوە بەرەڕاومان دەکرد، بیرم چوو بۆ ئەو کاتە کە دۆستەکانم بڕیاریاندا کە بڕۆنەوە. بیرم چوو بۆ ئەو کاتە کە بە تەنیا لە زەردەی ئێوارەی دەشتی زەهاو دەستم هەڵدەوەشاند. سەیری ڕوومەتی پەلەوەرەکەم کرد، بزگەیەک منی گرتەوە، لە دەروونی خۆم وتم: لەم دەشت و ئاسمانە گەورەیە، لەم هەموو پەلەوەرە کە لە دونیا هەیە، لەم هەموو نێچیرە فرە کە لە زەهاو هەیە، تۆ هاتی و لەسەر داوی من نیشتیتەوە. لە دڵی خۆم وتم: بە خوا ناتکوژم، سەرت نابڕم، مەترسە من دەستی سەربڕینم نیە، بەس دەتبەم بۆ ئاوایی و پیشانی مناڵەکانت دەدەم، مەترسە، من قەفەسم نیە کە پەلەوەری تێدا ڕاگرم!

فرمێسکێک وەک ئاو و خوێ چاوی منی گرت و بینینی دونیای لێم لێڵ کرد. سەری پەلەوەرەکەم ماچ کرد و چوومەوە بۆ ئاوایی.

## داوا کردن و داو کردن

نەوەکان و ناوەکان وەک منداڵ بە شوێنی ئەوە دەکەون کە وشەکان و هەستەکان و هزرەکان ڕاو بکەن. ڕاو کردن جیاوازە لەوەی کە خۆی بێت، گرتن و نێچیر کردن جیاوازە لەوە کە بە مرۆڤ ببەخشرێت.

مرۆڤ لە ژیانی چەند نەخۆشی و دەردی سووک و قورس دەگرێت، هەروەها لە ژیانی چەند ناو و وشە و هەست و چیرۆکی قورس ژیانی دەگرێتەوە. ئەو وشە و دەرد و چیرۆکانە لە دەرەوەی زانست و بینینی مرۆڤە، تەنیا خوا ئەزانێت کە مرۆڤ بە کام لە وشەکان و چیرۆکەکان و دەردەکانەوە داو دەکرێت، یان داویانی دەکات. زۆر جار نەخۆشی بۆ مرۆڤ نایەت، بەڵکو ئەوە مرۆڤە کە بۆ نەخۆشی دەچێت.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە نێچیرگەر و نێچیروانە، چ پەلەوەرەکان چ وشەکان. مرۆڤ پێی خۆشە بە دەستی خۆی بەرەڕاو بکات و ماندوو بێت و نێچیر بگرێت، تا ئەوە کە کەسێک بە گرتوویی پێی ببەخشێت. زۆرجار مرۆڤ نێچیرێک دەگرێت، پێیوایە کە خۆی گرتوویە، نازانێت کە خوا بۆی ناردووە و وەحیی بەو پەلەوەرە کردووە کە بڕۆ لەسەر داوەکەی بنیشەوە. مرۆڤ نەزانە لە هێزی پێدان و لێدانی خوای گەورەوە. داوا کردن و داو کردنی نێچیرەکان و وشەکان پەیوەند بە دڵی مرۆڤەوەیە. خوای گەورە بە دڵ ئەنواڕێت و بە دەست ئەبەخشێت. ئیتر مرۆڤی لە خۆ بایی پێی وایە کە خۆی بە دەستی هێناوە. خوای گەورە کار و بێکاریەکی سەیری هەیە، وەک جەزر و مەدی دەریا دووری و نزیکیەکی زۆر تایبەتی لە مرۆڤەوە هەیە. ناخۆشترین وشکیەکان لەو شوێنانە دروست دەبێت کە ڕۆژێک و ڕۆژگارێک ئاودان و ئاوەدان بووە.

دروستە کە ئێژن مرۆڤ باش وایە هەوڵ و هۆڵ بدات و کۆڵ نەدات، لەگەڵ ئەوەدا وە لەوە گرنگتر چۆنیەتی جووڵەی هەست و دەروونی ئەو مرۆڤەیە لە کاتی بەرەڕاو کردن و نێچیر کردن. ئەو کاتەیە کە خوا گەورە پێدان و لێدانی لێ نزیک دەکاتەوە. کاتی ماندوویەتی و گوشاری زۆر و دڵساردی و بێزاری و تووڕەیی و هەستی تەنیایی و خەمۆکی، دەوری زۆری هەیە بۆ ئەوەی کە خوای گەورە پێدان و لێدان لە مرۆڤەوە نزیک بکاتەوە.

کەسانێک شەو داوا دەکەن و ڕۆژ داوی دەکەن، کە دەگەنە خەڵک و خەڵک پرسیاری لێ ئەکات ئەوە لە کوێت بوو!؟ ئەو کەسە ناڵێت کە شەو داوام کرد و ڕۆژ خوا کردیە نێچیرێک و ناردی و من گرتم. هەتا ئەم باس و چیرۆکە بۆ خەڵک باس بکەیت، زۆر دەبات و هەستی ناخۆش و دژ لە لای خەڵک دروست دەبێت، بۆیە ئەو کەسە ئێژێت: دەست و نیشانم زۆر بەهێزە!. ئەو کەسە لە دڵیشەوە ڕوو لە خوا دەکات و ئێژێت: خوایە لێم ببوورە ئەی خاوەنی مەلەکووتی هەوت ئاسمان، گوێی ئەم خەڵکە وەک گوێی کەرە، بە کات و کەیفی خۆیان بەرز و هەڵساوە و نزم و شۆڕی دەکەنەوە، خەڵک ڕاستیان ناوێت!.

**وێنەی سێهەم:** لە بەندینخانە لە کوڕێکی پاکستانی پرسیارم کرد: بۆ زمانی ئێوە پێی ئێژن ئوردوو؟ وتی: ئوردو بە مانای لەشکرە.

لەشکرێک لە وشەکان و ناوەکان. پاشان لە پاکستانیەکی تر هەر ئەو پرسیارەم کرد، وتی: کاتی خۆی چەند لەشکری تورک و فارس و عەرەب لەو ناوچە بوون و ماونەتەوە و بووەتە هۆی ئەوە کە بە زمانی لەشکر یان ئوردوو بناسرێت.

ئەم وێنەیە لەگەڵ وێنەیەکی تر تێکەڵ دەکەم: لە ئاواییماڵەکان مەڕەکانیان تێکەڵ دەکرد و دەیانبرد بۆ لەوەڕ. ماڵەکان لەبەر ئەوە مەڕەکانیان کەم بوون، تێکەڵی یەکدیان دەکرد و کە یەکیان دەگرت، یەک کەس دەیبرد بۆ لەوەڕ. هەر ڕۆژێک ماڵێک دەیانیبرد بۆ لەوەڕ. بەرەبەیانان مەڕەکان تێکەڵ دەبوون و ئێواران مەڕەکان دەهاتنەوە. مەڕوماڵاتەکان تۆیان یەکی دەگرت و لەیەکدی دەپەڕین و کەڵیان دەگرت. کاتێک کە مێکان لە جادەی پێش ئاوایی دەهاتنە نێو ئاوایی، هەر مەڕێک دەیزانی کە لە چ ماڵێک و دەرگەیەک بچێتەوە ناوەوە. لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنەکان مەڕەکانی خۆیان دەناسی و ئەیانزانی کە مەڕەکان بۆ خۆیان گەلەخانی خۆیان دەناسنەوە، مەڕەکانی خۆیان ڕەنگ دەکرد. هەر ماڵێک ڕەنگێکی لە مەڕەکانی خۆی دەدا.

هەندێک جار سرنجم دەدا کە دنکە دنکە بزن هەبوو کە خۆی لە حەوشی گەلەخانی ماڵێکی تردا دەکرد. هەڵچوونێک بوو کە بە ڕەنگ جیا دەبووەوە و بەس!.

زمانی ئوردوو لە لەشکری سەربازە جیاوازەکان دروست بووە. ئەو زمانە لە لەشکری وشەکانی تورک و فارس و عەرەب و ئینگلیز و چەند زمانێکی تر یەکی گرتووەتەوە. دینی پاکستان ئیسلامە و پەروەردەی پاکستان بە بەرنامەکانی ئینگلیز دەکرێت. ئوردوو وەک گەلەی مەڕەکان هەر ڕۆژێک کەسێک دەیلەوەڕێنێت، بەڵام هەریەکیان خاوەنی خۆی هەیە. وشە و ڕستەکان کە ئاوەها وەک مەڕوماڵات تێکەڵ دەبن، لە یەکدی دەپەڕن و یەکدی کەڵ دەدەن. ئەمە هاوکاری بەرنامەی ئینگلیز دەکات و نەوەکان بە زمانی ئینگلیزی ئاشنا دەکەن و لە زمانی عەرەب و فارس و تورک دوور دەبنەوە. پاکستانیەکان زایینی نەوەکان و ناوەکان تێیاندا زۆر سەخت و دژوارە، بە هۆی ئەو پێکهاتە زمانیە کە لە زمانی ئوردوو دامەزراوە.

**وێنەی چووارەم:** چووارەم وێنە کە بەهایەکی زۆر فراوانی بۆ من هەیە، وێنە و بارودۆخی کۆشکی پاشاکانە لە کاتی قەیراندا. کۆشکی پاشاکان لە سەردەمی قەیرانەکاندا جموجۆڵ و هات و چۆیەکی زۆر سەیر و نامۆی تێ دەکرێت کە بۆ کەم

کەس دیار و گرنگە. هەست و هات و چۆکانی کۆشکنشینەکان بەرانبەر بە پێگەی خۆیان لە ترس و لەرز و هەراسێکی گەورەیە.

سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم بابەت و وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ هۆگۆ چاوز، کاتێک کە لە دژی ئەو کودتایەکی سیاسی کرا و بۆ ماوەیەکی کەم لە کۆشک دوور خرایەوە و دیسان گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی.

کۆشکی چاوز و پەلاماری لە ناکاوە و گەڕانەوەی لە ناکاوە، هێزی ئەوەی هەیە کە سەرچاوەی وێنەیەکی زۆر نادیار و گرنگ بۆ من بێت. هۆی گرنگی لابردنی پاشا یان لە مەترسی بوونی پاشا ئەوەیە کە ئاماژە بەوە دەکات کەسانێک دژی پاشان و زۆر نزیک لە کۆشکی پاشان و تەوانی لابردنی پاشایان هەیە و تەوانی ئەوەیان هەیە کە پاشایەکی جێگیر دامەزرێنن. ئەوە ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەی کۆشک ئاماژە و نیشانەی کێشەی ئەو خاکەیە کە پاشا بەسەریدا دەسڵاتی هەیە. ئەگەر دژەکانی پاشا سەرکەون، کار و بەرنامەکانیان تەواو دژ بە پاشای پێشووتر دەبێت. هەروەها ئەوە ئاماژە بەوەش دەبێت کە ئەو کەسانەی کە لەسەر کۆشک شەڕ دەکەن، دوو دەستە یان چەند دەستەی کەمن.

سەرچاوەیەکی تری گرنگی کۆشکی پاشا لە کاتی قەیراندا، دەگەڕێتەوە بۆ بارەگای خوای مەزن و لادانی شەیتان لە فرمانی خوای گەورە. دیارە کە شەیتان لە کەسانی نزیک بە خوای مەزن بووە و لە کۆشک و بارەگای خوای گەورە دەژیا. شەیتان زانست و تەوان و دەسڵاتێکی زۆر فراوانی هەیە. شەیتان بارەگای خوای مەزنی تووشی قەیران و شڵەژاوی کرد، وە هەتاوەکو ئەمڕۆ کێشەی ئەو بارەگایە بەردەوامی هەیە.

نموونەیەکی تر کە دەتوانێت هاوکاری بکات بۆ ئەوەی هەستی پشت ئەم ڕستانە بخوێننەوە، باسی دووانەی ئاوی چاو و گونە کە لە پەیکەرێک دێنە دەرەوە. کاتێک کە ئاوی چاو کە ئاماژە بە گریانە دێتە دەرەوە، باسی هەستی ئەو مرۆڤە دەکات. هەروەها کاتێک کە مرۆڤ ئاوی گونی دێتەوە، ئاماژە بە دەستە هەستێکی ترە کە بەسەر کۆی لەشی ئەو مرۆڤە زاڵ دەبێت کە بە پێچەوانەی هەستەکانی کاتی هاتنەوەی ئاوی چاوە!.

کاتیک کە کۆشک و بارەگا لە هەرەشە و شڵەژاوی بێت و دەنگە دەنگ بکەوێتە ناوەوەی، ئیتر هات و چۆکان و ناوەکان و فرمانەکان و ڕووداوەکان زۆر لەناکاو و سەیر و شاراوە و لێڵ و نامۆ دەبێت.

سرنجتان لەو کاتە داوە کە کوڕ و کەنیشکێک کە خۆشەویستی یەکدین، نێوانیان ڕەشی و گرژی دەیگرت!؟ کە یەک دەبینن دەم و دەست بە توورەیی لە یەکدی نزیک دەکەنەوە و قسەی ناشیرین بە یەکدی دەڵێن. کوڕەکە لە کەنیشکەکە نزیک دەبێت و نزیکتر دەبێت. شەپۆلی هەست و نەستی کۆن و نوێ دێتە هاواری هەردووکیانەوە، مات و بێدەنگ دەبن، باوەش بە یەکدا دەکەن و یەکدی ماچ دەکەن، ماچێک کە چاو دەبەسێت، ماچێک بە بێدەنگی و کوژانەوەی هەستەکان، کە دەبێتە هۆی ئەوە نێوانیان بکەوێتە شێوەیەک دژ بە دوژمنی و هەستی ڕق لە یەکدی!. دووانەکان لە دەوری یەکن، تاو تاو دۆست و تاو تاو دوژمن!.

کۆشکی پاشا لە سەدەمی قەیراندا، ئاماژە بە دەروونی خۆمە لە کاتە جیاوازەکان بەرانبەر بە ئەو دەستە لە ناوانە کە خاوەنداری هۆش و دەروونی منیان کردووە. ئەوە ڕاستە کە بیڵێم وشەکان و ناوەکان لە دەروونی من گۆڕەپانێکی گەورەیان دروست کردووە بۆ ئەوەی کە خاوەنداری من و هۆش و لەشی من وەربگرن. شەڕێک کە بەردەوام هەستم بەوە کردووە کە ناوەکان و ڕستەکان لە دەروونی من شەڕێکی گەورەیان بەرپا کردووە. هەر دەورەیەک دەستەیەک لە ناوەکان خاوەنداری دەروونی منیان لە ئەستۆ وەرگرتووە و خاوەنداری منیان کردووە. دەروونی من بەردەوام جێگە و شوێنی پەلامار و شەڕی ناوەکان و وشەکان بووە. زۆر جار لە حوجرە و زانکۆ و ئەو شوێنانە کە نەوەکان تێدا بەخێو دەبن پرسیاری ئەوەم لە خۆم کردووە کە بۆ وشەکان و ناوەکان ئەم شەڕەیان لە دەروونی من بەرپا کردووە؟ بۆ ئەو هەموو مرۆڤە، ئەم شەڕ و پەلامارەیان تێدا نیە!؟ بۆ دەروونی من هەردەم شوێنی شەڕ و پەلامار و ئاژاوەی ناوەکان و نەوەکان بووە!؟.

ئەوە جۆرێکی پرسیارە کە داواکاری لە پشتەوەیە، داواکاری لە خوای مەزن کە ناوی خۆی لە دەروونی من زاڵ و خاوەندار بکات و سەرجەم ناوەکانی تر کە شەڕ بە دڵ و دەروونی من دەفرۆشن، لە من دوور بخاتەوە.

## نموونەیەکی سادەتر

کوڕێکم لە شاری سەپێڵی زەهاو دەناسی کە زۆر بێدەنگ و بە ڕەفتاری ئارام و نەرم و نیان بوو. ڕۆژێک بیستم کە ئەو کوڕە گیراوە و لە زیندانی دێزڵ ئاوای کرماشانە. زۆر بە لای منەوە سەیر بوو. پاش ئەوەی کە پرسم کرد، هۆکاری گرتنەکەیم بۆ دەرکەوت. ئەو کوڕە لە ڕێگەی چوونی بۆ ئەفغانستان لە خاکی ئەفغانستان دەگیرێت و زیندانی دەکرێت. ئەو کوڕە لەبەر بیر و باوەڕی جیهادی خواستی ئەوەی هەبووە کە بچێت بۆ ڕیزەکانی تاڵیبان و دژی ئەمریکا شەڕ بکات.

پاش ئەوەی کە دەگیرێت و بەردەدرێت، لە شار دەمێنێت و ماوەیەک بەسەر ئەوەدا دەچێت. ڕۆژێک پاش ماوەیەک بیستم کە ئەو کوڕە باسی ئەوەی کردووە کە بچێت بۆ عێراق و مەشرووب بە قاچاخی بهێنێت بۆ ئێران!!.

ئەو کەسەی کە باسی ئەوە کوڕەی بۆ من کرد، بە زەردەخەنەیەکەوە دەیەویست باسی ئەوە بکات کە ئەو کوڕە چی بەسەر هاتووە و چۆن گۆڕاوە!؟.

ژیان کردن لەگەڵ ڕستەکان و وشەکانی دۆستان و دوژمنانی ئیسلام و قورئان گەلێک سەخت و دژوارە!.

ئەو جۆرە وێنانە کە گەنجێک دەچێت بۆ ئەفغانستان بۆ شەڕ و لە دیمەنێکی تر باسی مەشرووبی قاچاخ لە عێراق دەکات، ئاماژە بە کودتای دەروونی ئەو کەسەیە. لە پڕا موجاهیدە و بۆ ڕستەکان شەڕ دەکات، لە ناکاوە دەبێتە کەسێک کە بۆ مەشرووب گیانی خۆی لە مەترسی مین و سەرباز دەخات!. ئەمە کودتای دەروونی پێ ئێژن، ئاماژە بەوەیە کە فەرماندەکانی کودتاگێڕ لە سەر و مێشک و کۆشک نزیکن و لە دەرفەت و فورسەت دەگەڕێن بۆ ئەوەی کە گۆڕان و وەرچەرخان لە ڕوومەت و بۆچوونی دروست بکەن.

دەبێت باسی ئەوە بکەم کە کۆشکی پاشا لە کاتی قەیراندا وەک بابەتێکی هەستیار و سەرچاوەی ئەم بابەتە کە کۆشکەکەی هۆگۆ چاوزە، ئەوە بە دەردەخەن کە سەرچاوەی بابەت و خودی بابەت لە یەکدی زۆر دوورن. ئەوە منم کە وێنەی کۆشکی چاوز بە بابەتێکی ئاوەها نزیک دەکەمەوە. ئەو کەسانەی کە دژی چاوز بوون لە سەرمایەدارەکان بوون کە دۆستی ئەمریکا بوون. گەر ئەوان دەسڵاتیان بە دەست بگرتبایەت بە تەواوی وڵات ڕووی لە لایەکی تر دەکرد.

خوێنەر و دانەر دەبێت کە لەوە وریا بێت زایینی وێنەکان و ڕستەکان پەیوەند بەو کەسەیە کە خاوەنداری دەکات. بۆ نموونە لە قورئان ئایەتێک هاتووە: إن يشأ يذهبكم و يأت بخلق جديد(فاطر ١٦) ئەم ئایەتە هیچی لێ نازانم، نازانم کە کەی دابەزیوە وە بە چ بۆنێک دابەزیوە وە چەندە قسەی لەسەر هەیە؟. من کە ئەو ئایەتەم لە قورئانی پیرۆز خوێندەوە، قسەی تایبەتی خۆم لەسەری کرد. هەروەها هەر وشە و ڕستە و وێنە و بەسەرهاتێک زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە کە مرۆڤ بە ناوی خوای مەزن کەڵکی تایبەتی خۆی لێ وەربگرێت و زەمینە بۆ ئەوەکانی تر تەنگ یان کراوە بکات کە دەست و دەم لە وشەکان بخەن. کەسانێک تەوانی ئەوەیان هەیە کە زمانێک بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، کەسێکی وەک شکسپیر و چارڵز دیکنز، وشەکانی ئینگلیزیان بە دەست و دەمی خۆیان قۆرخ کرد. کەسیش لەوە ئاگاه نیە کە مرۆڤ تەوانی ئەوەی هەیە کە بچێتە وشەکانی ئەو سەردەمە و ئەدەبی ئەو سەردەمە بە ئەدەبێکی تر لاواز و بێ ڕەنگ بکات. مرۆڤ وشە بە چەند پیت دەناسێتەوە، نازانێت کە ئەو چەند پیتە چی لە پشتەوەیە!؟.

مرۆڤ هەرچی ژیر و زانا دەبێت، ئیتر نەوەکان بە ئاسان ناتوانن کە وانەکانیان لێ وەربگرن. ڕستە و بەرهەمێک کە بە سەختی بە دەست و دەم گەیشت، بە ئاسان لە دەست و دەمەوە ناچێتە دەرەوە. نەوەکان دەبێت کە ملەی زۆر ببڕن تا پلەی زۆر بە دەست بهێنن.

بۆی هەیە کەسێک کە شمشێر بۆ شەڕکەرەکان دروست دەکات، خۆی شەڕ بە شمشێر نەزانێت. بۆی هەیە ئەو کەسە کە شمشێر دروست دەکات، بۆ دوو کەسی دروست بکات کە بیانەوێت لە گۆڕەپانێک دژی یەکدی شەڕ بکەن. بۆی هەیە دەستەیەک شمشێر دروست بکات کە بە دەستی دەستە سەربازێکی بدات کە قەت شەڕی پێ نەکەن، بەڵکو بەس بۆ پاسەوانی بە کاری بەرن. بۆیە وریا بن کە ئەم نووسینە وەک شمشێرە، من دروستی دەکەم و تیژی دەکەم و دایدەنێم و کۆی دەکەمەوە. هەرکەس دەتوانێت کە دەست بۆ ڕستەیەک بەرێت و شەڕی خۆی پێ بکات.

کەوایە لەم بابەتە سەربەخۆیی بە سەرجەم وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان و بابەتەکان و چیرۆکەکان دەدەم. دەتوانن کە پێکەوەیان بنێت و دەتوانیت کە لێکیان جیا بکەیتەوە.

# ئاوارە و سواڵکەر و کۆچەر لە چوون و ڕێگەدا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

## لە پێگەی ئاوارەدا

لە درێژی ئەم ماوەیە کە لەم بەندینخانە دەست و ڕوومەتم بە وشەکان و لاپەڕەکانەوە خەریکە، چەند وشەیەک بەردەوام وەک ناو لەسەر منە و نە کەس بەوە من دەناسێت و نە کەسیش بەو ناوانە بانگی منی کردووە. وشەی ئاوارە و زایین لە ئاوارەیی یەکەم وشەیەک بوو کە لە کەمپی ئاڵتاشەوە بە منەوە هەبووە و بەردەوام لەش و هۆشی منی گرتبووەوە. بەڵام بە کار بردنی وشەی ئاوارە وەک نووسەرێک لە نووسین و بیر و هزر و هەستەکانم، لە ڕێگەی نووسینەکانی تۆڕی ناوەکان بە من گەیشت و بە شێوەیەکی ئاگاهانە ئەو وشەیەم بە کار دەبرد. وشەی ئاوارە کەی لە من نزیک بووەوە؟ ئەو کاتەی کە کتێبی کیمیاگەری پائۆلۆ کۆئیلۆم خوێندەوە، باسی کوڕێکی گەنجی دەکرد کە بە دوای گەنجێک سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە ئیسپانیا دەچێت بۆ باکووری ئەفریقا و زۆر بە سەرهات دەخولقێنێت. کۆئیلۆ زەمینەیەک دروست دەکات کە ئەو گەنجە مەڕەکانی بفرۆشێت و دەستی لە ژیان کردن لە ئەندەلۆس بشۆرێت. ئەو گەنجە لە نووسینی کۆئیلۆ بووە هەوێن و چەشنی ئەوە کە من وردە وردە خۆم بۆ دەرچوونێکی نادیار خۆش و خۆشە بکەم.

سادقی هیدایەت بە ژیانی خۆی لە دەرەوەی نووسینەکانی، ناوی ئاوارەیەکی بە من ناساند کە کۆتاییەکی تاڵ و دەردناکی بۆ خۆی و ڕستەکانی هەبووە. ئاوارەیەک کە دەچێت بۆ هیندستان و پاشان ڕووی لە فەرەنسە دەکات و ئیتر بۆ خۆی دوور دەکەوێتەوە. ژیانی خۆی و وشەکانی سادقی هیدایەت لە پاش کۆئیلۆ ئەوەندەی تر زەمینەی ئەوەی خۆش کرد کە من بەرەو ئاوارەیی بڕۆمەوە و ئاگاهانە ئاوارەیی خۆم بە فەرمی لە ناوی ئەوانەوە بناسمەوە.

من پێشتر و پێش ئەوەی کە ئاشنا بە ناوی پائۆلۆ کۆئیلۆ و سادقی هیدایەت ببم، بە ناوی سەعدی و حافز تامی ڕاستی ئاوارەییەکی گەورەم کێشا بوو. کەوایە من بەرەتای سەرهەڵدانی ژیانی ئاوارەیی خۆم و وشەکانم بۆ سەعدی و حافز دەگەڕێنمەوە تا ئەوەی کە پائۆلۆ کۆئیلۆ و سادقی هیدایەت بە کاریگەرە بەرەتاییەکان بناسێنم.

من پێشتر و پێش ئەوەی کە ئاشنا بە ناوی سەعدی و حافز ببم و کتێبەکانی ئەوان بە دەستەوە بگرم، باسی ئەوەم کرد کە لە کەمپی ئاڵتاش لە بیابانەکانی عێراق لە دایک بووم. کەوایە نابێت کە سەعدی و حافز بە ناوەکانی بەرەتای ئاوارەیی خۆم بناسمەوە.

ئاوارەیی بە لەش و وشە بە بێ ئەوەی کە بزانی چیت بەسەر دێت و دەورەکانی ژیانت چی بەسەر دێت، دەردناک و پڕ لە هەراسە. زۆرێک لە نووسەرەکان لە وشەی ئاوارەیی وەک هێمایەکی مرۆڤە خوازیارەکان یاد دەکەنەوە و ئەو پێگە بەرز دەنوێنن. بۆ من جێگەی بەها بوو کە لە تەنیایی لەسەر ئەو بابەتە بیر بکەمەوە. ئەوەش بۆ من زۆر بەتامە کە خۆم لە تەنیایی لەگەڵ بابەتێک خەریک بکەم. من دەست و دەمم لەسەر ئەوە دانیا کە ئاوارە خولقاوم و ئاوارەش بە ڕێی خۆم دەچم. ئەمە بۆ من سەخت بوو. سەیری ئاسمانم دەکرد و ئەستێرەکانم دەبینی، ئەمزانی کە لە سروشت هەر مرۆڤێک دەتوانێت کە بە ناوی خوای مەزن ڕێگەی خۆی بناسێت و ئاگاهی لێی هەبێت. من بەوە فەخرم دەکرد کە وەک کوڕە گەنجەکەی پائۆلۆ کۆئیلۆ یان وەک خودی سادق ئاوارە ببم و تامێکی خۆشی تێدا بوو کە خۆم لەو پێگەوە نزیک بزانم. وردە وردە بەرەتای خۆم بۆم کرایەوە کە ئەوە خوای مەزنە کە سەرەتای سەرنوشتی منی ئاوەها ئاوارە خولقاندووە. بۆ من بەهای هەبوو کە بە ڕاستی لەگەڵ وشەکان کار بکەم و وشەی ڕاست لە شوێنی خۆی دامەزرێنم. هەر بۆیە وتم بە خۆم: وەک ئەو کابرا مەبە کە حەزی لە ماسیە، بۆ ئەمەش ماسیە چکۆلەکەی حەوزیماڵەکەی خۆی دەگرێت و دەیخوات!.

من دەبوو کە دەستم بۆ وشە و ماسیەک نەچێت کە لەبەر دەستە و ڕاست نیە. هەر بۆیە وتم بە خۆم: گەر دەتەوێت کە بە ناوی خوای مەزن ئاگاە بیتەوە، دەبێت کە ناوی خوا لە پشتەوەی زایین و خولقانی خۆم بزانم.

ئیتر گێلانە لێکی نادەمەوە کە من لەبەر ئەوە ئاوارە بووم کە سەدام و خومەینی شەڕیان هێنایە خاکی کوردستان و یەخەی ناوی ئەوان بگرم بۆ ئەوەی کە ناوێک بە بەرپرسیاری زاییینی ناوی خۆم لە کەمپ بزانم! ئەوەم زانی کە مرۆڤ شتە گەورەکان و چکۆلەکانی لێ تێکەڵ دەبێت و لێی تێک دەچێت و تێدا دەمێنێتەوە. هەر مرۆڤێک کە بیەوێت ماسی پەروەردە بکات و قازانجی لێ بکات، لە ئاوی بەستراو بە خێویان دەکات. لە ئاوی ڕووباردا ماسی دان نادرێت و خاوەنداری ناکرێت. ئەمەیە کە هەردەم دەمەویست ناوەکان و ڕووداوەکان و وێنەکان و وشەکان وەک ماسی لە ئاوێکی بەستراو بەسەریاندا زاڵ بم. کەسێک کە گێل بێت دەتوانێت بڵێت کە سەدام بووە هۆی ئەوە کە زۆر نیگەرانی لە ژیانی من دروست بێت! کەسێکی تر دەڵێت کە سەعدی و حافز ناوەکانی یەکەمن، وە کەسێکی تر بە دڵنیایی دەڵێت کە پائۆلۆ کۆئیلۆ و سادقی هیدایەت ئەو دوو ناوە بوون کە بە شێوەیەکی فەرمی لەش و وشەکانی منیان بە ئاوارەیی ڕاهێناوە.

من ئاگاە بووم لەوە کە ژیان بریتیە لە وشەکان و ناوەکان و ڕستەکان و وێنەکان، وەک ماسیەکانی ڕووبارێکە کە کەسانی تر دەتوانن دەستی تێ بخەن وە ماسیەکانیش دەتوانن کە خۆیان بکەن بە داوی ئەوانی تردا وە یان بڕۆن بۆ ژینگەیەکی تر. بۆیە من بە ناوی خوای مەزن ئەوەم لەبەر دەم بوو کە دەبێت هونەری ئەوە بە دەست بهێنم کە ماسیەکانی ڕووبارێک کە ئازاد و ڕەهایە، دەستی خۆم بکەم و بەرەو خۆم کۆیان بکەمەوە. ئەم کارەش کارێکە کە بە مرۆڤ ناکرێت مەگەر ئەوە کە خوای مەزن خواستی لەسەری هەبێت. پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم. لەبەر ئەوەی کە وشەکان وەک ماسی دەریا و ڕووبارن و هەر دەم و دەستێک بۆی هەیە پەلاماری بدات و بیکات بە دەستی خۆی و خاوەنداری بکات.

## لە پێگەی سواڵکەردا

من لە بازنەی وشەی ئاوارە دەرچووم بۆ ئەوەی کە چەند وشەیەک لە دوای یەک دابنێم بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی کاتی خۆمی پێ بناسێنمەوە. یەکەم وشەیەک کە خۆی دەردەخات، وشەی سواڵکەریە. من وەک سواڵکەرێک بۆ وشەکان و ناسین لە خاکەکان دەگەڕام. سواڵکەر دەرگایەکی دەوێت کە لێی بکرێتەوە. سواڵکەر سەروچاوی لەسەر وردەکاریەکانی ڕێگەی خۆی فراوان نیە. بۆ نموونە ئەو کاتەی کە من و ئیبراهیم لە کرماشان سەفەری ناسینی دونیامان دەست پێ کرد، لە

ڕێگەکان و شوێنەکان سەروچاومان ورد نەبوو. هەر بە دوای ئەوە بووین کە لە ئەو برسیەتی و نیگەرانی و دەربەدەریە دەربێن و ڕزگاریمان بێت. لە شاری ڕوانسەر کە خەریکی خوێندن بووین، زۆر هات و چۆی شارەکانی تری کرماشانمان دەکرد و پێیاندا هات و چۆمان دەکرد، بەڵام هەرگیز سەروچاومان بۆ وردە ناوەکانی ئەو ناوچانە نەدەچوو. من لە نێوان شارەکانی کرماشان و هەولێر زۆر هات و چۆم کردووە و بە شارە گەورەکانی وەک سنە و سلێمانی و کەرکووک گوزەرم کردووە، بەڵام کەم بوو ئەو کاتانە کە بە وردی سرنج لە دەوروبەری خۆم بدەم و بزانم کە ئەم شار و دیهاتانە چین و چۆنن؟. دڵەڕاوکێی من ئەوە بوو کە بە زوویی بە کان و سەرچاوەیەکی ناسین و وشەکان بگەم، بۆ ئەوەی کە ئاسایش بە دڵ و دەروونم ببەخشێت.

## طالب و مطلوب

ڕۆژێک لەگەڵ دۆستێک لە ماڵی ئەو دانیشتبووین. وتی وەرە با پێکەوە پیاسەیەک بکەین. لە ماڵ چووینە دەرەوە. لە کۆڵان گوزەرمان کرد، کوڕەکەی ڕەفیقم سەری بەرز کرد و وتی: شتێک بێژم باوەڕ دەکەیت!؟ وتم چیە؟ وتی: یەکەم جارە کە ئەو باڵاخانەیە لێرە دەبینم، لە کاتێک ئەوە دە ساڵە لەم کۆڵان و گەڕەکە ژیان دەکەم!.

ئەو قسەی کە ئەو کوڕەی دۆستم کردی، وردە خاڵێکی چکۆلەیە، وردە خاڵێک کە ئەگەر لەسەر پێست بێت، کەس حیسابی بۆ ناکات، لەبەر ئەوەی کە زۆر ڕەش و زەق نیە، بەڵام بە پێچەوانەوە، زۆرێک لە خاڵە گرنگەکان وردە خاڵی زۆر چکۆلەن.

کە ئەو قسەیە کرد، زۆر گرنگیم بەو هەستە کە دەم و چاوی گرتبوو نەدا. بزگەیەک منی گرت، لە دڵی خۆم وتم: چەند ساڵە کە ئەوە یەکێکە لە باس و بابەتە سەرەکیەکانی من!. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە هەردەم وەک داواکەر و داواکراو(طالب و مطلوب) دەژی. هەر ئەمە وا دەکات کە هەست و هزری دەروونی لە دەوری ئەو داواکراوە بێت. ئیتر ئاگای لە شتەکانی دەوری بە باشی نیە، بۆ نموونە کاتێک کە دەچوومەوە بۆ ئاوایی بۆ سەردانی ماڵەوەمان، کەم پرسیاری زەوی و زارەکانم دەکرد، کەم سەردانی زەویەکانم دەکرد، لەبەر ئەوەی کە بیر و هەستم لەسەر داواکراوی خۆم بوو.

ڕۆژێک لەگەڵ کوڕێک لە نزیک بە ماڵی ئەو کوڕە پیاسەمان دەکرد، لە ناکاوە دەستی درێژ کرد و کۆڵانێکی بە من پیشاندا و وتی: سێزدە ساڵە هەر ئەمڕۆ و بەیانی دەکەم کە بزانم ئەو کۆڵانە چۆنە!؟ بە هەموو کۆڵانەکانی نزیک بە ماڵەکەم هات و چۆم کردووە، جگە لەوە نەبێت!.

منیش وتم: کێشە نیە، دەڕۆین!.

لە کاتێک کە مرۆڤ لە پشووە یان دەستی بەتاڵە یان لە بەند و دووری و ئاوارەییە، یان لە نەخۆشی و تەنیاییە، ئەو کاتانەیە کە هەست و نەستی بۆ ئەو شتانە دەجووڵێت کە لە کاتی ئاسایی ژیانی گوێی لێنادات. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: قل عسى ان يكون ردف لكم بعض الذى تستعجلون(النمل ٧٢) ئەو شتانەی کە سواڵکەری بۆ دەکەیت و دەست و دەمی بۆ پان دەکەیتەوە و بۆی دەگریت، لە نزیکی خۆت بە فراوانی هەیە و هەتە!.

مرۆڤە گەورەکان بۆ ئەوەی کە بزانن و بناسن، ورد دەبنەوە. ورد بوونەوەیەک کە وەک منداڵ لە شتەکان چکۆلە دەبێتەوە. منداڵ لە داوا کردن و کاتی بەدواداچوون ئاگای لە کەس نیە، جگە لە داواکراوەکەی نەبێت. لەگەڵ ئەوەی کە منداڵ شەیدایی و پەریشانی زۆر بە هێزی تێدایە، زۆر زووش دەتوانرێت بخەڵێتێنرێت. منداڵ وڕک دەگرێت، کە وڕکی گرت، ئیتر لە خۆی دەدات یان دەست و پێ لە زەوی دەدات، دەگری و ماندوو دەبێت، کە ماندوو بوو، خەو دەیباتەوە، کاتێک کە خەو بردیەوە، لە بیری دەچێت، کە لە بیری چوو و لە خەو هەڵسا ئیتر ئەو داواکراوەی لە بیر نیە!.

ڕۆژێک لەبەر مزگەوتی ئاوایی ڕێم دەکرد، کوڕەکەی میمکمم بینی، دەگریا و لە بن دیواری مزگەوتەکەوە ڕێی دەکرد. گریان بە ڕێکردن نەختێک قورس و دژوارە. بانگم کرد، سەیری منی کرد و دەگریا. وتم ئیدریس گیان ئەوە بۆ دەگریت!؟ ئیدریس بە دەم و چاوی بە گریانەوە وتی: باوکم ئومێدی برد بۆ شار منی نەبرد!. دیسان دەستی بە گریان کرد و چووە ناو دارەکانی مزگەوتەکەوە. دڵم بۆی سووتا و هەستم بەو تەنیایی و غەریبیەی کرد. چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان و دووچەرخەیەکی(پاسکیل) براکەم لە ماڵ بوو، هەڵمگرت و چووم بۆ نزیک دارەکان. ئیدریس لە بن دارێک دارێکی چکۆلەی بە دەست گرتبوو و گیراندبوویە زەوی و دەگریا. بانگم کرد: ئیدریس، هۆی ئیدریس!. لە یەک چرکە سەری هەڵبڕی و لە

گریان ڕاوەستا. بە پێکەنین وتم: تێت(دێت) بچین بۆ گردەنوو[17]!. هەرکە وتم بچین، ئەو کوڕە لە شوێنی خۆی هەڵسا و بە باڵی کراسەکەی چڵمی لووتی سڕی و شەواڵەکەی هەڵکێشا و بەرەو منەوە هات، ئیتر باوک و براکەی لە بیر کرد و وازی لە گریان هێنا. سواری تەرکەی پاسکیلم کرد و پێکەوە چووین بۆ گردەنوو و گریان و ناڕەحەتیم لە دڵی لابرد.

جارێک لە بیرمە کە کەرێکی داماو ڕێی کەوتبووە ئاوایی ئێمە و مناڵەکانی ئاواییش لەبەر ئەوەی کەریان نەبینیبوو، هەوسارەکەیان دەگرت و بە خۆشی و هەوەس و شەوقەوە دەیانەویست کە سواری کەر ببن و تام و چێژ لەو سوار بوونە وەربگرن. هەر کەسیان تاوێک سوار دەبوو و ئەم دەست و ئەو دەستیان پێدەکرد. ئەو کەرەیان بۆ ئەوە نەبوو کە سواری بن و فێری سوارکاری ببن، بەڵکو بەس بۆ ئەوەیان بوو کە تاوێک و ساتێکی ژیانی ئاواییان پێوە بگوزەرێنن.

مناڵەکان زۆر بە کەرەستەی گەمەی یەکدی گەمە دەکەن و هەرتاوێک بە دەستێکەوەیە و هەرتاوێک کەرەستەکان دەگۆڕن و دەست بۆ یەکێکی تر دەبەن. منداڵ خواستەکان و کەرەستەکانی گەمەی و خەونەکانی وەک یەکن، بۆی دەگری و کاتێکیش بەدەستی هێنا هەربەو دەستە دەیشکێنێت. زوو تووڕە دەبێت و یەکێکی تری دەوێت. من کە لەسەر شوێنی خەونەکانم و شوێنی یاریەکانم گوزەرم کرد، بە خۆمم وت وە لەوە دڵنیگەران و دڵپڕ لە مەترسی بووم کە ئایا خەون بۆ ناسین و زانست وەک خەون بە بوون بە یاریچی و گەیشتن بە کەنیشکی چاو سەوزە!؟. خواستەکان و خەونەکان و گەمەکان و داواکانی مرۆڤی بە تایبەتی فەقێکان و قوتابیەکان و گەنجەکان، وەک هی منداڵە، لەگەڵ یەکدی دەست بە دەست و دەم بە دەمی دەکەن. خەون و خواست و داوا و گەمەی زۆربەیان وەک یەکە.

گەیشتم بەوە کە دەبێت لە گریانی منداڵی و داوای منداڵی دەرچم، ئەگەرنە بۆی هەیە بە هات و شتێکی تر لە لایەن کەسێکی ترەوە فریو بدرێم و وەک کوڕەکەی میمکم منیش لەسەر تەرکەی کەسێکی تر، ڕوو لە شوێنێکی تر بکرێم. منداڵ تا چکۆلەیە دەتوانرێت کە ژینگە و زەمینەی بۆ دروست بکەیت بۆ ئەوەی کە خەونەکان و خواستەکانی بگۆڕیت یان دەستکاری بکەیت و ئەوەی کە خاوەنی دەیەوێت، پێی ببەخشێت. بەڵام ئەگەر منداڵ وردە وردە گەورە بوو، ئەوە ئیتر

[17] _ گردەنوو ناوی ئاواییەکە نزیک بە کەژی چەرمگسوار و بەمۆ.

خواستێک یان چەند خواستی نزیک لە یەکدی دەوری سەر و سینگی دەگرێت و ئیتر ئەو منداڵە وزە و هێز و سەروچاوی خۆی بۆ ئەو خواست و خەونانەی تەرخان و خەریک دەکات. منداڵ کە زۆر پرسیاری شتەکان دەکات و ورد دەبێت و زۆر دەسووڕێت و لا دەکاتەوە، کە گەورە بوو و خەون و خەیاڵی بە چەند شتەوە خەریک بوو، ئەوە تایبەتمەندی پرسیارکەری و سووڕان و لاکردن و گریانی بۆ ئەو خەون و خواستە دەبێت کە وەک ئێسک لە گیان و ژیانی دروست بووە.

کاتێک کە مامۆستا حەبیب تێکەڵی ژیانی ئێمە بوو، لە ڕاستیدا بووە هۆی ئەوە کە خەون و خەیاڵەکانم بگۆڕێن و لەسەر ئیسلام و قورئان پایە و بنە دامەزرێنین. مامۆستا حەبیب دەستی وەشاند، وشەی وەشاند و ئێمەی بۆ هەمیشە لەسەر قورئان گەردان و لە گەردش دامەزراند.

مرۆڤ وەک منداڵ و سواڵکەر، دەتوانرێت کە شتێکی پێ بدەیت و بێدەنگ و ڕازی بکەیت. سەری گەرم دەبێت و هیچ قسەیەک ناکات. بۆیە ناسینی سەرچاوەیەکی وشەکان کە من لەسەری ئارام ببم و خۆمی پێ بڕازێنمەوە بە سواڵکەرێک ناکرێت. لەبەر ئەوەی کە سواڵکەر دەرگی ئەو شوێنانە لێ دەدات کە خاوەنی هەیە و بەخشەندەییەکانی فراوان نیە. بۆیە قوتابی بوون یان فەقێ بوون بۆ من وەک سواڵی سواڵکەرێکە کە بەر دەرگی ماڵانێک لێ دەدات کە خۆیشیان هەژارن. زیادەی خۆیان کە بە کەڵکی نایەت دەیبەخشێت. من بە هیچ شێوەیەک تاقەتی ئەوەم نیە کە ڕوومەتم لە بەرانبەر بە مرۆڤ ناتەوان و نەزان بناسێنم.

جاری وا لە بیرمە لە کاتی منداڵی لەگەڵ منداڵەکان لە ناو شار و کۆڵانەکان بەرەڵا پیاسەمان دەکرد، لە ناکاوە یەکێکمان پارەیەکی کەمی دەبینی، یەکسەر بۆی دەچوو، بە جۆرێک بۆی دەچوو وەک ئەوە کە ئەوەکانی تریش دەیبینن و هەرکامەیان پێی بگات ئەوە هی ئەوەیانە. پاش ئەوەی کە پارەکەی بەو هەستە هەڵدەگرت، خۆی جیا دەکرد و هات و هاواری دەکرد و پێدەکەنی: ئەرێ وەڵا ئەوە هی خۆمە و بەشی کەستان نادەم!.

خوا کە منداڵی وا دەبینێت، ئاوەها پارەیەک دەدۆزێتەوە هەڵدەپەڕێت، ئاوەها خۆی جیا دەکاتەوە و ئێژێت کە هی خۆمە، ئەزانێت کە لە داهاتوو گەر زیاتری پێ ببەخشرێت، ئەوە وەک فیرعەون قەبرەکەشی لە خەڵک جیا دەکاتەوە.

هەندێک کەس بە پێچەوانەی ئەو منداڵە، بۆ پارەیەکی کەم یان شتێکی کەم ئاوەها هەڵناپەڕن و خۆیان جیا ناکەنەوە، بەڵکو لەو کاتە زۆر هەستیارە سرنجی خوا ڕائەکێشن و بە نەرمی و نتمی و قورسیەکەوە دەستی بۆ دەبەن و شوکری خوا دەکەن و بۆ خاوەنی ئەیپارێزن نەک بۆ خۆیان! من هەستم بەوە کرد هەندێک هەستی قورس و گران لە منداڵیەوە لەگەڵم هەیە، هەرگیز لەو منداڵانە نەبووم کە بۆ شتێکی کەم بەها هەڵدەپەڕن و خۆیان جیا دەکەنەوە.

من شارەزاییم لە ناسینی هەستەکانی مرۆڤ هەیە، ئەو کاتە کە دەپارێتەوە یان خواستێکی تایبەتی خۆی بە کەسێکی تر دەگەیەنێت. من بەردەوام لە درێژی ئەو چەند دەورە ڕوومەتم ڕووی لە دەستەیەک لە ناوەکان کردووە کە زانست بە من ببەخشن. باسی دوو وێنە دەکەم:

وێنەی یەکەم، جارێک ئیبراهم تەلەفۆنی بۆ من کرد و وتی: دەمەوێت کە لە ڕۆژئاوا پەرە بە خوێندنی خۆم بدەم. بۆ ئەمەش لەگەڵ چەند ناوێک لە ڕۆژئاوا قسەم کردووە( ئیبراهیم لە بەردەوامی قسەکانی زۆر گتی دەکرد) ئەوان گوێیان نەدەگرت، هەر قسەی خۆیان دەکرد و بەهایان بە قسەکانی من نەدەدا!.

کێشەی ئیبراهیم لەگەڵ ئەو چەند کەسە ئەوە بووە کە لە کاتی قسە کردن ئەو کەسانە کە چەند زانای ئێرانی بوون، بەهایان بە هەست و دەروونی ئیبراهیم نەداوە. ئیبراهیم دانی لەوە چیڕ دەبوو کە ئەوان هەستەکانی لە دوورەوە ناخوێننەوە.

وێنەی دووهەم، من زۆر جار لە تەنیایی ڕووم لە خوای مەزن دەکرد و وەک گەورەیەک لە پێشگای دادەنیشتم و هەستەکان و هزرەکانی خۆم بە دەم دەڕشتە نێو دوو دەستی دۆعاکەرەوە، بۆ ئەوەی کە بگەیەنم چیم لە دەروون هەیە. زۆر وێنەم بەو دانیشتنانە دەخولقاند و ئاگاهیم لە چۆنیەتی ئەو دانیشتنانە هەبوو. مرۆڤ کە لەگەڵ خوا تەنیا دەبێت وەک هیچ کەسی تر نیە، ڕوومەت و دەروونی بە تەواوی دەکاتەوە و شلی دەکات وە ئەزانێت کە خوای مەزن ئاگای لە سەرجەم وردەکاریەکانی دەروونی مرۆڤ هەیە و زاڵە بەسەر هەرهەمووی هەست و هەناسەکانی مرۆڤەوە. بۆیە کاتێک کە لە قورئان هاتووە: و علم ادم الاسماء کلها(بقرة ٣١) خوای مەزن ناوەکانی فێری ئادەم کردووە. لە قورئان زۆر باسی پەیامهێنەران دەکات کە خوای مەزن فێری زانستیانی کردووە. ناوێک و

تایبەتمەندیەکی خوای مەزن (محیط) ە کە ئاماژە بەوە دەکات زاڵە بەسەر هەر هەموودا. ئەزانێت کە لە هەر دەورەیەک مرۆڤ بە چ شێوەیەک و وشەیەک ئاگاه بکات یان چی فێر بکات یان بە چیەوە خەریکیان بکات، و چ ناوێکیان بۆ ڕەوانە بکات؟. لە قورئانی پیرۆز دوو چیرۆک لە میسر باس دەکات و ناوی یوسف و موسا بۆ دوو دەسلات دەنێرێت و بە ناوی یوسف کۆشکی شا ئاوەدان دەکات و بە ناوی موسا کۆشکی فیرعەون وێران دەکات!. خوای مەزن زانستی بژێردنی خەو بە یوسف دەبەخشێت و گۆچانی مار بە موسا دەبەخشێت!. خوای گەورە لە هەر دەورە و پاشا و ژینگەیەک، بە مەکر و زانینێکی تایبەت دەچێت، کە ئەوە بەس لە زانست و حیکمەت و مەکری پیرۆزی خۆیەتی!.

من لە بەرانبەر زۆر مامۆستا و کەسی زانا و ژیر دانیشتووم، بەڵام ئەوان نەیانتوانی کە زاڵ بن بەسەر مندا وە بزانن کە من چ وشە و ناوێکم شایستەیە؟. سرنجم لەو کاتانە دەدا کە سواڵکەرەکان دەیاندا لە دەرگی ماڵەوەمان، دایکم دەیەوت: ها ڕۆڵە گیان بڕێک برنج و شەکەر و چایی بۆ بەرن!. زۆرجار خاوەن ماڵەکان هەرچیان لێ زیادە بێت، ئەوە بە سواڵەکەرەکان دەبەخشن.

لە بیرمە کە شەوێک لە باکووری ئێرانەوە بۆ کرماشان دەچوومەوە. کاتژمێر چواری بەیانی گەیشتینە ترمینالی شەهید کاویانی شاری کرماشان. هەوا سارد بوو، تەکسی نەبوو کە بڕۆینە ناوشار، مزگەوتی ترمینالەکەش بەسترابوو. لە ناچاری لەگەڵ دەستەیەکی نەفەرەکان، لەبەردەرگی مزگەوتەکە ڕاوەستاین. زۆرم خەو دەهات، گیانم سڕ و کاس بوو، گوێم کپ و دەمم تاڵ بوو. هەر ئەوەندەم زانی کوڕێکی جوانی گەنج بە جانتایەکەوە لە بەردەمم ڕاوەستا و باسی خۆی کرد، وتی: من قوتابیم(دانشجو) و پارەکەمیان لێ دەزیوە و ئێستەش کەس شک نابەم، تکات لێ دەکەم کە یارمەتی من بدەیت، ماڵمان کە خوڕەم ئابادە(خرم آباد).

لەو جۆرە کاتانە لە کرماشان یەکەم شت کە دێتە بیر و هزری مرۆڤدا ئەوەیە کە ئەم کابرا بەم شێوە سواڵ دەکات بۆ ئەوەی کە سقەی پێ بکرێت، ئەم کابرا خەڵکی کرماشانە و دەرمانخۆرە و بۆ دەرمان پارەی دوێت.

لەسەر ئەو هزر و هەستانەوە لێکۆڵینەوەی خۆم دەست پێ کرد!.

وتم: ماڵتان ژمارە تەلەفۆنی هەیە؟

وتی: بەڵێ.

وتم: باشە کە ڕۆژ بووەوە تەلەفۆنیان بۆ دەکەم، گەر ڕاستت کرد، ئەوە پارەی کرێکەت پێ دەدەم.

کوڕەکە تۆزێک هەراسان بوو: نە، ماڵەوەمان ژمارەی نیە، دوکانەکەمان هەیەتی، براکەم دوکانی گوڵ فرۆشی هەیە!.

وتم: دەی باشە سبەی تەلەفۆن بۆ براکەت دەکەین.

کوڕەکە دیسان هەراسان بوو: براکەم تازە ژنی هێناوە، تا درەنگان نایەتە سەر کارەکەی!.

زانیم کە دەیەوێت لەو پرس و باسەی ژمارە و ماڵەوەیان دەرچم. گتێکم کرد و وتم: دەی باشە تۆ لە زانکۆی کوێ دەخوێنیت!؟.

وتی: زانکۆی کوردستان لە سنە.

وتم: دەی باشە تۆ چی ئەخوێنیت!؟.

یەکڕاست وتی: بەڕیوەبەری بازرگانی(مدیریت بازرگانی).

وتم: چ مادەگەلێکی دەرسیتان هەیە لە بەڕێوەبەری بازرگانی!؟.

کوڕەکەش وەک ئەوە کە گەیشتبێتە پرسیار و وەڵامی کۆتاییەوە: خو چە نەیریم( جا چیمان نیە) ئملا دیریم، نەقاشی دیریم، ئنشا دیریم، ڕیازی دیریم...

ئیتر زانیم کە درۆ دەکات، بەڕیوەبەری بازرگانی کەی ئیملا و نەقاشی و ئینشای هەیە!؟.

سواڵکەری ئاوەهایە، کابرا سووک و ڕسوا، ئاوەها دەبێتە گەمە و ورد و شکاوە دەبێت. خۆ پان کردن و کردنەوە و شکاندنەوە و لاواز کردنە. خەمی من بۆ ئەو کوڕە ئەوە بوو کە بەو جوانی و ڕێک و پێکی و گرانیە، ئاوەها بۆ پارەیەکی کەم و بێبەها خۆی دەشکێنێتەوە. هەروەها زۆرێک لە مرۆڤەکان کە جوان و ڕێک و پێکن، کە خواست و خەون و خەیاڵ و داوایان دەردەخەن، شتێکی چکۆلە و کەم بەهایە!.

هەرچۆن پێشتر باسم کرد، لە دووی ناوەندی ئەزموونی وانەیەکمان بە ناوی ئینشا هەبوو. ئینشا(انشاء) وشەیەکی عەرەبیە کە لە پەروەردەی ئێرانی بەو وانە دەیانەوت کە فێری قوتابیەکان بکەن چۆن سەبارەت بە ناوێک ڕستەکان کۆ بکاتەوە و چەند لاپەڕە بنووسێت. شەوی پێش ڕۆژی ئەزموون من لە ماڵەوە خەریکی خوێندنی کتێبێکی دکتۆر یوسف قەرزاوی بووم کە باسی عیلم و ئیمانی دەکرد. دکتۆر یوسف لەو کتێبە بە گژی زاناکانی ڕۆژئاوا چووەتەوە و باسی ئەوەی کردووە کە ئەوان چوونە سەر مانگ و خاکی سەرمانگیان وەک دیاری هێناوە، بەڵام نەیانتوانیوە کە کێشە و گرفتەکانی خۆیان چارەسەر بکەن.

ڕۆژی دوای ئەوشەوە کە کتێبەکەم خوێندەوە، چووم بۆ قوتابخانە و مامۆستا ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵی لێمان وەردەگرت. قوتابیەکانی ئامادە کرد کە لەسەر لاپەڕەکانیان ئامادە بن بۆ ئەوەی کە ناوی ئەو بابەتەیان پێ بدات کە دەبێت ئینشای لەسەر بنووسن. وتی لەسەر دار و ڕۆژی دارکاڵی بنووسن.

بابەتی دار و دارکاڵی و گرنگی بە ئەو بابەتە لە پەروەردەی ئێران لە بابەتە نوێکانی نێو کۆمەڵگەی ئێرانی بوو کە لە رۆژئاواوە هاتبوو بۆ ئێران، لەبەر ئەوەی کە ئەو باسە پەیوەندە بە بابەتی تری وەک کەشی سەوز و پاسەوانی لە دارستانەکان و گروپەکانی پشتیوانیکەر لە کەشی سەوز و پارتە سیاسیەکان کە پشتگیریان لەو بابەتانە دەکرد. ئەو بابەتە لە ڕەگەوە هاوردە بوو.

کاتێک کە بیرم کرد چی بنووسم؟. هەستێکی بێزارم هەبوو، لەبەر ئەوە کە باسی دارکاری وەک بابەتێکی ئینشایی زۆریان بە کار دەبرد. مامۆستاکانیش بۆ ئەوەی کە کێشەیان لە ئەزموونەکان بۆ دروست نەبێت و قوتابیەکان هەر هەموویان دەربچن و سەرکەتوو بن، بابەتێکان هەڵدەبژارد کە بەردەوام قوتابیەکان لەسەری بیانووسیبایەت و ئامادەیی ئەوەیان هەبایەت.

باسی شەوی پێشترم لەگەڵ باسی دارکاری تێکەڵ کرد. قسەکانی قەرزاویم لەگەڵ ناوی دار و باسەکانی دار تێکەڵ کرد. خۆمیش نەمزانی چۆن ئەوانەم تێکەڵ کردووە و باسم کردووە. پاش ئەوەی کە نووسیم دا بە دەستی مامۆستاوە. پاش چەند مانگ کە دەرئەنجامی ئەزموون هاتەوە، من لەوانە بووم کە دەرنەچووبووم. زانیم کە باسی بابەتی دار و قسەکانی قەرزاوی سەبارەت بە مانگ و زاناکان بووەتە هۆی ئەوە کە من لەو ئەزموونە بدۆڕێم!.

قەرزاوی لە پەروەردەی دینی ڕستەکان کۆ دەکاتەوە، وە بابەتی دارکاری باسێکی نوێیە لە قوتابخانەکان کە لە ئەدەبی مرۆڤی و ڕۆژئاوایی گەشەی کردووە و تێکەڵ کردنی ئەو دوو باسە یەک ناگرێتەوە. ئەو جۆرە کێشە و گرفتانەی کە ئەدەبی دین و مرۆڤ بۆ من دروستی دەکرد، بوونە هۆی ئەوە کە بەوە ئاشنا ببم کە پەروەردەی دینی و مرۆڤی ناتوانن کە لە دەروونی من یەک بگرن و لە ناوەخت و بە ناحەق تێکەڵیان دەکەم و بووە هۆی ئەوە کە لە دەروونی خۆم هەست بە ترس بکەم. ژینگەی پەروەردەکان ناتەوان و نەزان بوون لەوە کە چ باس و بابەتێک بۆ من دیاری بکەن و بە منی ببەخشن؟. لەگەڵ ئەوەی کە مێژوویان هەیە و خاک و ئاو و وشە و ناو و خاوەنیان هەیە، لەگەڵ ئەوەدا لە برسیەتی نان و دۆ پێکەوە دەخۆن!!. ئەمە سواڵکەریە.

من پەروەردەیەکم دەویست کە خاوەنداری من بکات. ئەو مامۆستا کە منی لە وانەی ئینشا خست، بە منی نەوت کە بۆ ئەو دوو باسەت تێکەڵ کردووە!؟. کەسێک لە ماڵەوەی ئێمە یان دەوروبەری من نەبوو کە بەها بە ئەو بابەتانە بدات کە من لەگەڵ یەک تێکەڵی دەکەم و دەیانگرمەوە.

خاڵێکی بەهاداری تر کە بۆم کرایەوە، ئەوە بوو کە نەخشەی ئەدەبی ڕستەکان وەک لەش، ئێسک و خوێنی هەیە، ناوەکان ئێسکی ئەدەبن و ئەو نەوانەی کە لەو ناوانە ئاگادار بن، دەبنە خوێنی ئەو ئەدەبە. کەوایە ناوەکان و نەوەکانی بەردەستی ناوەکان، لە پەیکەرێکدا یەک دەگرنەوە. من وەک خوێنێک بووم کە لە دەوری ئێسکی پەیکەرەکاندا دەسووڕامەوە و لە بەستراوەییدا بە ناوەکان و نەوەکانی تر گیر و بەند بووم. لە لایەکەوە باسی دار و دارکاڵی و بابەتەکانی کەشی سەوز و بابەتەکانی نزیک لەوە و هاوردە لە ڕۆژئاوا دەکرا و لە لایەکی ترەوە دین و وەرگێڕانی دینی، گەشەیان بە ئەدەبی دینی و ناوەکانی خۆیان دەدا. لە سەرجەم دەورەکان و ژینگەکان، نەوەکان قوربانی دەستە دەستەی ناوەکان دەبن و وەک خوێن لە دەوری ئێسکی خۆیان کۆیان دەکەنەوە و دەیانبەستن و دەیانسووڕێنن. نەخۆشیەکانی خوێن لە ئێسکەوە دێت، لەبەر ئەوەی کە نەوەکان بە دەوری ناوەکان و گیراوەکان دەسووڕێنەوە. لەبەر ئەوەی کە یوسف قەرزاوی بە تەواوی باوەڕی بەوە بوو کە مرۆڤ چووە سەرمانگ، بەڵام نەزان لەوە کە چوون بۆ سەر مانگ وەک سیناریۆ و فیلمێکی هۆلیوودی ئاشکرا کرا. قەرزاوی دڵی لەوە توند

بوو کە چۆن دەبێت مرۆڤ بچێتە سەرمانگ بەڵام نەتوانێت کە دڵ و بوونی خۆی بناسێت!؟. نەیزانی کە مرۆڤ نە چووەتە سەرمانگ وە نە چووەتە نێو دڵ و دەروونی خۆیەوە. نەیزانی کە مەلائیکەتی خوای مەزن ڕاست و جوانیان فەرمووە کە: قالوا أتجعل فیها من تفسد فیها و یسفک الدماء(بقرة ٣٠) مرۆڤ هەر بۆ گەندەڵی و خوێن مژی و خوێن ڕشتن ئازایە و دەستی دەچێت!.

هەژاری و سواڵکەری، وەک من کە باسی مانگ و دار تێکەڵ دەکەم، وەک مامۆستا هەژار کە چێشتی مجێور دەنووسێت، وە وەک هەژاری کورد کە دۆ و نان تێکەڵ دەکات!.

## لە پێگەی کۆچەردا

وشەی ئاوارەیی لە وشانە بوو کە لە مرۆڤەوە بە من گەیشت و بە هۆی مرۆڤەوە ئەو ئاوارەییانەم کێشا. وشەی سەرەوەی ئاوارەیی و سواڵکەری بووە وشە و پێگەی کۆچەری. کۆچەر ناوێکی کوردیە وە بۆ ئێڵ و تیرەکان بە کار دەچێت کە بە شوێنی مەڕوماڵاتەکانیان ژیانیان لە سووڕانێکی دیار و ئاگاهانەیە، یان بۆ پەلەوەرەکان بە کار دەچێت. من وەک کۆچەرێک، وشەکان وەک گەلەی مەڕەکان لە چەند بنە و زەویەک هات و چۆ پێ دەکەم. ئیتر من وەک سادقی هیدایەت و فردریک نیچە نیم کە لە ئاوارەییەکی دەردناک گیان لە دەست بدەم، بەڵکو من بە ناوی خوای مەزن ئاگادار بوومەوە کە گەلەی وشەکانی من بەرەو کوێوە دەچن و بۆ کوێوە دەگەڕێنەوە؟. مرۆڤی کۆچەر شارەزا و خاوەنداری ڕێگەکان و بنەکان و شوێنەکان و ژینگەکانە. کۆچەر بوون وەک بەرەکەت و گەورەییەک دەزانم کە خوای گەورە بە کەم کەسی دەدات.

لە ئەدەبی کوردی و فارسی و ئیسلامیدا دەستەیەک وێنەیان لە زانست خوازەکان دەرکردووە، کە گوایە ئەو کەسانەی بە دوای زانست و ناسین دەکەون، ژیانیان پڕە لە برسیەتی و نەداری و هیلاکی و تەنیایی و ئاوارەیی و سواڵ و سواڵکەری زانست، بە شێوەیەک کە نازانن ڕێگەیان بەرەو کوێوەیە!؟. ئەم جۆرە ئەدەبە هی ئەدەبی شەیتانە کە دەیەوێت نەوەکان لە زەوی هەردەم بە برسی و تەنیا و ئاوارە و بەرەڵا و گەڕاڵ و بێکەس بنوێنێت. ئەمەیان کرد بە ئەدەبێکی سەرکەوتوو کە

ناوەکانی ڕۆژئاوا زۆر چیرۆک و حەکایەتیان لەسەری نووسی. گەشەیەکی دیارە بە ئەدەبی شەیتان.

ئەدەبی ڕاست وەک ناوەکانی دینی ئیسلامە، وەک یوسف کە لە منداڵیەوە خوای مەزن بە خەونێک پێ دەگەیەنێت کە لە داهاتوو دەبێتە پاشایەکی گەورە و ناوی بۆ هەمیشە بەرز دەبێتەوە. کۆچەری ئەوەیە کە ناوەکان بە ناوی خوای مەزن دەخولقێن و بە ناوی خوای مەزن چیرۆکیان لە زەوی کۆتایی پێ دێت. بۆیە وریا بن لەو کەسانە کە باسی سروشتی ناوەکان دەکەن، گەر وتیان ناوەکان هەژار و نەدار و ئاوارە و بێکەس و بەرەڵا و بێخاوەن بوون و نەیاندەزانی کە چیان بەسەر دێت و ناوی خوایان نەدەبرد، ئەوە بزانە کە ئەو کەسە ئاگاهانە یان نائاگاهانە گەشە و پەرە و گەرا بە ئەدەبی شەیتان دەدا و نەوەکان گێژ و ئاوارە و بەرەڵا دەکات. عیسای کوڕی مریەم، کە لە بێشکە دەبێت تا گەورەیی، وەک حەکیم و پەیامهێنەر و خاوەن ئەدەبێک قسە دەکات. کۆچەری ڕاستەقینە عیسای کوڕی مریەم بوو. ئەیزانی کە لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێت.

باسی فردریک نیچە و کارڵ مارکس دەکەم کە هەردووکیان خەڵکی ئاڵمان بوون، هەردووکیان لە شار و وڵاتی خۆیان ئاوارە بوون. هەردووکیان لە زنجیرە و تۆڕی ناوەکانەوە دەستیان بە خوێندن کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە دەستەی ناوە دانراوەکان بوون، مارکس ڕووی لە ئینگلیس کرد و نیچە ڕووی لە کەژەکانی ئاڵپ کرد. مارکس گەشەی بە ئەدەبی سۆسیالیزمی فەرەنسی و ناوەکانی فەرەنسیدا، بەڵام نیچە دژی سروشتی بەرانبەری مرۆڤەکان بوو و دەیەوت کە سروشت، مرۆڤ جیاواز و جودا دەهێڵێتەوە. نیچە لە لایەن ناوەکانی فەرەنسە کاری تێنەکرا و ئەدەبی لە ڕێگەی ناوەکانی فەرەنسە گەشە پێنەدا، بەڵکو بە دژی هەژاردۆستی ئینجیل و فەرەنسیەکاندا چووەوە و ڕووی لە زەردەشت کرد. نیچە کاری زۆری لە ئەدەبی فەرەنسیەکان کرد، ناوەکانی فەرەنسە بوون بە بەردەستەکانی ڕستەکانی نیچە. نووسینەکانی نیچە، مرۆڤ بۆ دەروون و سووچ و تەنیایی دەباتەوە و نووسینەکانی مارکس مرۆڤ لە کۆ و دەستەکانی خەڵک نزیک دەکات و مرۆڤ لە تەنیایی دەردەهێنێت. مارکس و نیچە دوو ناون کە لەسەر کوانگێک هاتوون و دوو ڕێگەی جیاوازی لەش و وشەیان دامەزراند. هیچ یەک لەو دوو ناوە کۆتاییان بە پرۆژەکانی هزری و ئەندیشەیی خۆیان نەهێنا و لە ئاوارەییدا مردن.

بۆیە پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لەوە کە لە پێگەی ناوەکانی دانراوەکان نزیک ببمەوە و هەردەم ورد و وریا پەنا بە ناوی خوا مەزن دەبەم و داواکاری(مخرج صدق) لە خوای مەزن دەکەم.

## دەست و دەهۆ

پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

زانایی بەرەی لە داوێنی نەزانی دەزێت و دەست پێ دەکات. نەزانی لە داوێنی زانایی دەزێت و دەست پێ دەکات. زانایی و نەزانی دوو بەرەن کە هەردوو لە بەرەکەیاندا وشەکان بە کار دەبەن.

بەرەکانی زانایی و نەزانی لەسەر وشەکانی زمانی کوردی دەست دەوەشێنن. چەند کەسێک دەست و دەمیان لە یەکدی نزیکە و یەک بەرەیان گرتووەتەبەر و کەسانی تر بەرەیەکی هاوبەش دەگرنەبەر.

کاتێک کە مامۆستایەک قسە دەکات، دەستەیەک ڕستە بەکار دەبات کە هەندێکی وەرگرتووە و هەندێکی بە شێوەی ئاسایی لە دەمی خەڵک هەیە و هەندێک لە وشەکان لە ڕستە بە دەمی خۆی دەچنێت. ئەو کەسە بۆی هەیە کە بەو قسانە دەیکات لە گیانی کەسانێک تا ڕادەیەکی دیار بچێت. بۆ نموونە، لە بیرمە کاتێک کە لە سەرپێڵ بووین و دەچووین بۆ مزگەوتی قادری، ناوی دو کەس وەک مەلای خاوەن قسە بەرز بووەوە. مامۆستا کرێکار لەو کەسانە بوو کە تەوانی ئەوەی هەبوو کە کاریگەری لە دەروونی گەنجەکانی مزگەوت بکات. گەنجێکم دەناسی کە تازە بە تازە گوێی لە قسەکانی مەلا کرێکار دەبوو. ڕۆژێک چووم بۆ ماڵیان و دایکی هات و بە پێکەنین وتی: ئەم کوڕە هەرچی وێنە بە دیوارەکانی ماڵەوە هەبووە، کەندوویەتیەوە... قسەکانی ئەم مەلا ئاوەهای لەم کوڕە کردووە!.

دایکی پێکەنی و بە دەستی هەوڵیدا دەمی کراوەی دەرنەکەوێت: نازانم ئەم بەزمە چیە فێری بووە!؟.

دایکی ئەو کوڕە گەنجە پێکەنینی بە کوڕەکەی دەهات. من زۆر شتم لە ڕوومەت و پێکەنینی ئەو دایکە خوێندەوە. ئەو دایکە جۆرێک پێکەنی و جۆرێک بۆ من قسەی

دەکرد، وەک ئەوە دەیەویست شتێک بە من بگەیەنێت کە کوڕەکەی و دەوروبەریەکانی ئەوە تێناگەن. جۆرێک پێکەنی مەبەستی ئەوە بوو کە بە من بگەیەنێت کە من ئەو کوڕەم دروست کردووە و لە منەوە زایراوە، ئەزانم کە چییە و چۆنە؟ ئیتر بۆ ئاوەها باسی دین دەکات!؟.

ئەو دایکە جۆرێک پێکەنی و بۆ من قسەی دەکرد، وەک ئەوە کە لەگەڵ کوڕەکەی قسە دەکات: من پێیم وت مەڕۆ... تۆ هی مەلێ کردن لەو ئاوە نیت... بە قسەمی نەکرد و ڕۆیشت... ئەژنۆی تەڕ نابێت و دەگەڕێتەوە... لەوە دڵنیام!!.

ئەو کوڕەم پاش ماوەیەک بینی کە چووەوە سەر ئەو بەزمەی کە پێشتر لەسەری بوو. قسە و پێکەنینەکانی دایکی ڕاست دەرچوو. پرسیارم لە خۆم کرد کە قسەکانی مەلا کرێکار لە چ جۆرەیەک لە قسەکانە کە ئەوەندە خێرا دەچێت و ئەوەندە زووش دەستی لێ هەڵدەگرن!؟.

دووهەم کەس: هەر ئەو سەردەمە کە مەلا کرێکار دەم و دەستی بۆ ئیرشادی خەڵک باڵا دەبرد، مەلایەکی تر بە ناوی مامۆستا موحەممەدی پوردڵ هەبوو کە نەواری قسەکانی لە کوردستان لە دەستی خەڵک دەست بە دەست دەبووەوە. گەنجەکان زۆر بەهایان بە قسەکانی ئەو مامۆستایە دەدا و خۆیان بە قسەکانی ئەو مەلایە هەڵدەسەنگاند.

کاتێک کە من و ئیبراهیم لە شارەکانی ئێران بە بێکەس و تەنیا و ماندوو و شەکەت و هیلاک ماینەوە، گەیشتین بەوە کە دەبێت ڕوومان لە شوێنێک بکەین بۆ ئەوەی کە خۆمان لەو مەینەتە دەرباز بکەین. بڕیارماندا کە ڕوو لە مامۆستا پوردڵ بکەین و بڕۆین بۆ شاری بەندەرعەباس. من و ئیبراهیم چووین بۆ بەندەر عەباس و دەرگی ماڵی پوردڵمان گرت و خۆمان کردە میوان و هەوڵی ئەوەماندا کە ئەو چوونە بەرز و مانادار بکەین.

مامۆستا پوردڵ کەسێکە کە بەس بە قسە ئاکاریەکانی دەیەوێت کە گەنجەکان بە ئاکار بکات، قسەکانی هەر هەمووی ئاکاریە و شێوەی قسە کردنی بە لای خەڵکەوە خۆش بوو و قسەکانی هەر هەمووی بەسەرهات و چیرۆک بوو. ئەوەی کە لە پوردڵ یارمەتی منیدا، ئەوە بوو کە بە ماڵی خۆی لە بەندەرعەباس کۆتایی چیرۆکی

ئێمەی خۆش کرد. مامۆستا پوردڵ خۆی لە دەرەوەی قسەکانی و نەوارەکانی یارمەتی ئێمەیدا.

پاش ئەوەی کە گەڕاینەوە، بۆ خەڵک زۆر بەهای هەبوو کە من و ئیبراهیم ئاوەها بە بێ قسە چووین بۆ دیداری مامۆستا پوردڵ. من و ئیبراهیم گەورەترین کەڵکمان لە ناوی پوردڵ وەرگرت.

گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ ئاگاداری ئەوە بێت کە لە دەوری چەند ناو و چ جۆرەیەک لە ناوەکان هەیە؟. بە دەروونی مرۆڤ کەوتووە کە چەندە ئازایە کە لە ناوەکانی دەوری کەڵک وەردەگرێت. سەعدی و حافز ئێمەیان برد و بوونە هۆی ئەوە کە لە ماڵ بدەینەدەر و مامۆستا پوردڵ ئێمەی بە خۆیەوە گرت. بۆیە وریا بن کە ناوەکان لە ژیان و دەمی مرۆڤەکان یەک دەگرێتەوە. ئەوە بەهای هەیە کە مرۆڤ چەندە وریایە لە ناوەکانی دەوروبەری.

زانایی ئەوەیە کە وەک من و ئیبراهیم لە تەنگانە و نەهامەتی ڕوومان لە شوێنێک کرد کە دروست بوو. شێوەی گەیشتن بەو زانابییە لە ژیانی خودی مرۆڤ هەیە. هەر مرۆڤێک لە ژیانی دەستەیەک لە ناوەکان و وشەکانی پێگەیشتووە کە تەوانی ئەوەی هەیە کە لە تەنگانەکان دەربازی بکات. بۆیە وریا بن لەوەی کە لە دەوروبەرتان ڕوو دەدات. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە نەزانی و زانایی لە گیانی تێکەڵە. زانایی خەس و تەواو هی خوای مەزنە و بەس. ئەوە کە بەسەر هەر هەموو شتدا زاڵە و سەرکەوتووە.

## لە وشەی شەهادەت تا نهیلیسم

## خۆت چی دەنووسیت و ناوەکان چیت بۆ دەنووسن!؟

ئەو کەسانەی کە توانیان لە هەر کات و تەنگانەیەک کەڵک لە ناوەکان وەربگرن و ورد و وریا بن لە کەڵک وەرگرتنیان، ئەوانە بە زانا و ژیر دەناسمەوە. پاڵدان بە ناوی سادقی هیدایەت و خەوتن لەسەر چیرۆکەکانی زەمینەی ئەوەی دروست دەکرد کە من بکات بە یەکێک لە ناوەکانی نووسینەکانی خۆی. من هیچ ئاگام لەوە نەبوو کە نووسین ئەوەندە تەوانی ئەوەی هەیە کە نەوەکان بخاتەبەر کاریگەری خۆی.

پێش ئەوەی کە سادقی هیدایەت بناسم و سەرم بچێتە نێو ئەدەبی ئێرانی و فارسیدا، مزگەوت و کتێب و وتارە دینیەکان، وشەی شەهادەتیان بۆ من گەورە و پیرۆز کرد. ئەو کاتە بۆ من گرنگ بوو  و باسی ئەوەم دەکرد کە لە داهاتوو ببمە شەهیدی ڕێگەی ئیسلام. لە کوێوە ئەو وشەیە سەرچاوەی گرتبوو!؟.

پەلەوەر لەسەر لق و پۆی داری سێو دادەنیشێت، لە سێوی گەیوو ناخوات.

ئەو هاوینەی کە چیرۆکی (آورگان) م بە وشەکانی فارسی نووسی، بە جوانی ڕێ و شوێنی شەهادەتی خۆمم تێدا داڕشتووە. باسی گەنجێک دەکات کە نازانێت ئیسلام چیە، کە ئیسلام دەناسێت، شۆڕش دەکات و شەهید دەبێت.

لە ژیانی هەر مرۆڤێک، دەمێک و دەورەیەک هەیە کە ئەگەر بتەوێت دەتوانیت کە تێدا کتابی خۆت بە دەستی خۆت بنووسیت و هەر ئەوە لە داهاتووی مرۆڤ جێبەجێ بێت و ڕووبدات. بە ناوی خوای مەزن.

پاش ئەوەی کە لەو هاوینە کتێبی (آوارگان) م نووسی، ماوەیەکی نەبرد و من سەرم کردە سەر نووسینەکانی فارسی و ئیتر وشەی شەهادەتی ڕەش کردەوە و وشەی نیهیلیسم لە جۆری فارسی لە گیانم گەشەی کرد.

من و ئیبراهیم کە بەو ژیریە ڕێگەمان بۆ بەندەرعەباس گۆڕی، ئەوە هەر من بووم کە پاش دوو ساڵ ڕووم لە ناوی سادقی هیدایەت کرد. لەوەوە هەستم بەوە کرد کە تەنگانەی لەش و هۆش لەیەکدی جیاوازە. هەرچیش کە سەرم دەکرد نێو کتێبەکان و نووسینەکان ئەوەندەی تر لق و پۆ و ڕەگ و ڕیشەی جۆراوجۆری بۆ من دروست دەکرد و منی گێژ و وڕ و گێڕ دەکرد.

پرسیارم لە خۆم دەکرد کە بۆ من دەبێت قورئان بەردەوام تەلاوەت بکەم، ئەو ڕستانە چی لە خۆدا هەیە کە ئاوەها بەهای هەیە!؟.

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە: و لو لا فضل الله علیکم و رحمته ما زکی منکم من أحد أبدا و لکن الله یزکی من یشاء و الله سمیع علیم(نور٢١)

لەو ئایەتە ئاماژە بە بارودۆخێکی زۆر خراپ و نائاسایی دەکات. گەر یارمەتی خوا نەبێت ئەوە هەرهەمووتان بە بێ ئەوەی کە کەستان ڕزگاری بێت، ئیتر پەیامهێنەر

و زانا و فەقێ و خەڵک و هەموو دەگرێتەوە و تێدا دەچن. پرسیار ئەوەیە کە بۆ خوای مەزن ئاوەها زەوی و ژیانی زەوی بۆ مرۆڤ پڕ لە مەترسی دەناسێنێت!؟.

ئەو جۆرە ئایەتانە ئەوەندەی تر من دەباتە ناوخۆی خۆم و بێ دەنگ و ورد و لە ترس و لە مەترسی خۆم دەبینمەوە. من بەو ئایەتەوە دەزانم کە شەیتان زۆر لە منەوە نزیکە و پلانی ئەوەی هەیە کە تێکم بشکێنێت و ڕسوام بکات. شوێنی هەستەکان و وشەکانی خۆم دەکەومەوە. ئێوەش بە وردی لەگەڵ من هەنگاو بنێن.

ئەدەبی سادقی هیدایەت و نیهیلیسم و ئگزیستنسیالیزم و چیرۆکی ڕۆژئاوایی و ڕووسی، بونیادی سروشتی دەروونی مرۆڤ خۆش دەکەن. ئیتر هەتا کۆتایی ژیان ئەو کەش و هەوا لە ژیانی مرۆڤ جێگیر دەبێت و دەروونی مرۆڤ بە ئەو پێڕەو و پێوانە کە مرۆڤ دروستی کردووە، هەموو شتەکانی ژیانی دەخوێنێتەوە، بە کورتی جیهانبینی بۆ دروست دەکات. کاتێک کە باسی ئەدەبێکی تر بۆ ئەو مرۆڤە دەکەیت، پێش هەموو شت دەروونی ئەو مرۆڤە هەر قسەیەک کە بە شێوەی ئەو ئەدەبە نەبێت کە لە دەروونی دامەزراوە، ئەوە دەیتوێنێتەوە و لەناوی دەبات.

لەشی من بەرانبەر ئەو قسانە کە باسی هەڵوەشان و پووچی و شکانەوە دەکات، ئاسوودەیە و خۆی شل دەکات. لەشی مرۆڤ بەرانبەر بە ئەو قسانەی کە لە گیانیەتی کەش و هەوایەکی تایبەت بەو وشانە دروست دەکات و بەردەوام پارێزگاری دەکات.

ڕستەکان و وشەکان وەک جگەرەیە، کە چەند ساڵ بە دەستەیەک لە وشەکان و ناوەکان و ڕستەکان خەریک بوویت، ئەوە ئیتر دەروونی مرۆڤ بە خۆیانەوە دەرمانخۆر دەکەن و دەرچوونی زۆر سەختە. ئەگەر کەسێک کە جگەرەی تەرک کردبێت، گەر کەسێک ببینێت کە جگەرە دەکێشێت، ئەوە بەرانبەر بەو کەسە و جگەرەکەی، دەروونی و لەشی جووڵەی هەیە و سرنجێکی سەیر و شاراوەی لێ دەدات. هەروەها کاتێک کە کەسێک چەند دەورەیەک بە دەستەیەک لە وشەکانەوە خەریک بووە، ئەوە ئیتر بە ئاسان لێی دوور نابێت و ئەگەریش لێی دوور بکەوێتەوە، ئەوە هەست و دەروونی بەرانبەر بەو ڕستە و وشانە دەجووڵێتەوە.

چیرۆکێک دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کە ماندوویەتیان دەرچێت و وزەیەکتان بۆ دروست بێت، وە بە دەمی ئیسراحەتیشەوە سەیری دوای خۆتان بکەن بۆ ئەوەی کە بزانن چەندە ڕێگە و گارێگەتان بڕیوە:

کوڕێکی خوێنەوارم لە شاری مەنچستەر ناسی، دەرچووی زانکۆ بوو، بێدەنگ و شەرمن و ژیر بوو. ڕۆژێک هات بۆ لای من و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. زانیم کە ئەو هەناسە ناڵەی پێوەیە، هێشتا هەناسەکەی نەدابووە دەرەوە، وتم: دۆستی باش کێشەت چیە؟ بۆ ئاوەها نیگەرانی و هەناسە هەڵدەکێشی!؟. وتی: دەتوانی لەگەڵ هەستەکانم و وشەکانم ڕێ بکەیت!؟. مەبەستی ئەوە بوو کە تکایە بە وردی و نەرمی و وریایی قسەکانم ببیسە. جۆرێک تکای بیستنی لە من کرد، وەک ئەو شوانە کە مەڕەکانی لە ڕووبارێک دەپەڕێنێتە ئەوبەری ڕووبارەکەوە. ئەو شوانە دەبێت لەگەڵ مەڕەکانی بڕوات و دەست و چاوی لێیان بەرنەدات. هەروەها دەبوو کە منیش دەست و چاو و هەستم بە وشەکان و هەستەکانیەوە بگرم و لەگەڵی بڕۆم.

منیش پێکەنیم و وتم: سەرەی کەر بێهۆ نیە، چ بگات بە دەردی سینگی تۆ، بێژە بزانم!.

سەیری منی کرد و بزگەیەک گرتی و بە جۆرێک دەمی کردەوە وەک ئەوە کە هەست و قسەی زۆری پێیە، وتی: ماوەیەک سیگارم دەکێشا، ئەو ماوەیە ئەوەندە بوو کە ئیتر تۆزێک سەخت بوو کە واز لە سیگار بهێنم. زۆر هەوڵمدا کە وازی لێبهێنم، دەکرا بەڵام ماوەیەکی نەدەبرد، دیسان دەستم بە سیگار کێشان دەکردەوە. هۆکارەکانی دەستپێکردنەوە زۆر بە لامەوە دژوار و سەخت بوو. جارێک کوڕێکم بینی کە سیگار دەکێشێت، لەشم گڕی تێکەوت، دووکەڵ و بۆنی سیگارەکە منی گرتبووەوە. ئەو کوڕە باسی بابەتێکی تری دەکرد، بەڵام من هەرهەموو بیر و هەستم لەلای دووکەڵ و بۆنی سیگارەکە بوو.

کوڕەکەی دۆستم بەردەوام بوو: زۆرم بیر دەکردەوە و خۆم دەخواردەوە، بیرم لەوە دەکرد و بە خۆم دەوت کە ئاخر ئەوە بارودۆخە کە من تێی کەوتووم!؟ سیگار خۆشە بەڵام خراپە... شێرپەنجە دەهێنێت، خۆشە بەڵام کە دەست پێدەکەمەوە ئیتر وازهێنان لێی سەخت و دژوارە... بە خۆم وت کە بۆ من ئەوەندە دەرگیری ئەم باسەم و خۆم دەخۆمەوە!؟ زۆر لێکم دەدایەوە کە ئەم باس و بابەتە چۆن لێک بدەمەوە، جارێک بە خۆمم وت: وێنەی من و هەست و بیرکردنی سیگار لە لەش و

دەروونی من وەک زەردەواڵەیەکە کە بە دوای کەسێک دەکەوێت و دەیەوێت پێیەوە بدات، من کەسەکە، وە هەست و بیر کردن لە سیگار ئەو زەردەواڵەیە بوو. بە ڕاستی منی ئازار دەدا و دەبوو کە لێی هەڵێم و نە بۆنی بکەم و نە کەسیش ببینم کە دەیکێشێت. ئەمە بۆ من زۆر سەخت بوو. بە خۆمم وت: خوایە ئایا دەتوانم کە وەک ئەو ڕۆژانە بم کە کەسانێک سیگاریان دەکێشا و بە لای منەوە زۆر ئاسایی و خوێن و هەستم ئارام بوو!؟ ماوەیەک دەمەویست کە بە دوای ئەو جۆرە هەست و بیرکردنانە بڕۆم بۆ ئەوەی کە دەسکەوتێک بە دەست بهێنم. ڕۆژێکی هاوینی پاش ئەوەی کە بۆ کاتژمێرێک خەوتبووم، لە خەو هەڵسام. باوک و دایکم خەوتبوون، تەنیا براکەم بێدار بوو. مێشوولەکوژێکی بە دەستەوە گرتبوو و خەریکی ڕاوی مێشوولە بوو. ئەو سرنجی لەسەر من نەبوو، بەڵام من بە تەواوی سرنج و بیرم لای ئەو برایەم بوو. مێشوولەکان بۆ دەوری سەروملی براکەم نەدەچوون، لەبەرئەوەی کە ڕاوی مێشوولەی دەکرد. مێشوولەکان بۆ دایک و باوکم دەچوون، لەبەر ئەوەی کە لە خەودا بوون. بیرم چوو بۆ ئەوە کە منیش دەبێت بە دژی سیگار بڕۆمەوە، لەبەر ئەوەی کە وەک میشوولە بۆ دەوری سەری ئەوانە دێت کە لەخەودان!. ماوەیەکی نەبرد چووم بۆ ڕێکخراوێک کە کاری بۆ ناساندنی خراپی و ئەنجامەکانی سیگارکێشانیان دەکرد. پاش ئەوەی کە ماوەیەک وەک کەسێکی خۆبەخش لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بووم، بڕیارمدا کە وەک ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە کاری ناساندنی سیگار لە نێو خەڵک بکەم. ماوەیەک خەریک بووم و وەک ئەوە وابوو کە لە شەڕێکی گەورەدام. ماوەیەکی نەخایاند، لەو گۆڕەپان و شەڕ و هات و هاوارە وەرەس بووم و هیلاک کەوتم. هەستم بە هیلاکەتی زۆر کرد، ماندوو بووم، چووم بۆ پارکێک و لە بن دارێک بە تەنیا دانیشتم. کابرایەک هات و لە تەنیشتم دانیشت، هەستم بە وەرەسی دەکرد. کابرا پاکەتێک سیگاری لە گیرفان دەرهێنا و سیگارێکی داگیرسان. لەو تەنیاییە و لەو کۆمەڵە هەستە ماندووکەرە ڕووم لە کابرا کرد: بێ زەحمەت سیگارێکم پێدەدەیت!!.

کوڕەکە بێدەنگ بوو. گتێکی درێژی کرد و هاتە قسە، وەک ئەوە کە کورت و پوخت شتێکم پێبێژێت: شەڕ و هەرایەکە کە تێکەوتووم، چارەسەر ئەوەیە کە بۆی بچیت و دژی شەڕ بکەیت، ئەگەرنە وەک زەردەواڵە بەدووی مرۆڤ دەکەوێت و ئەو دژی مرۆڤ شەڕ دەکات!.

کوڕەکە جۆرێک قسەی بۆ من کرد، وەک ئەوە کە بیەوێت دڵنەوایی بکەم و دەرد و ناڵەکەی لێوەربگرم و هاوخەمی بم. بە بزگەیەکەوە وتم: ئەو مێشوولە سەوزانەت بینیوە کە بەس لەسەر گوو دەنیشنەوە!؟. کوڕەکە بزگەیەک گرتی و وتی: ئا بۆ!؟. وتم: ئەو مێشوولانە کە پێگەی نێردراوی هەنگیان بینی، بەرانبەر بە هەنگ حەسوود بوون، خۆیان سەوز کرد وەک ئەوە کە لاسایی هەنگ دەکەنەوە، بەڵام خوا سەری لێیان تێکدا، لە جیاتی ئەوەی کە بڕۆنە سەر گوڵ، چوونە سەر گوو!.

کوڕەکە وتی: جا مەبەستت چیە!؟.

وتم: لە هونەری بیناسازی بڕێک بونیاد و بینا بۆ ئەوەی کە لە نوێوە دروست بکرێنەوە، دەبێت نەک بنەوا و بناغەکەی، بەڵکو بۆ چەند مەتر زەویەکەی بنیشی بکەنرێت و لە بنەوەش دەستی تێبچێت.

کوڕەکە وتی: جا مەبەستت چیە!؟.

وتم: ئەوەی کە لە وێنەکەت وتت وەک زەردەواڵەیە و بۆت دێت، ئەوە زەردەواڵە نەبوو، بەڵکو ئەوە ئەو مێشوولە سەوزانە بوو!. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ ئیتر بە دەست و خواستی خۆت نیە کە دەربازت بێت، بەڵکو دەبێت وەک بینا و بونیادە نوێکان بکەنرێت، لەبەر ئەوەی کە بونیاد و بناغە دروست کردن لەسەر تۆ هەڵەیە. دوای ئەوە، کەسێک کە ئەوەندە وتی جا مەبەستت چیە، ئەوە هی ئەوە نیە قسەی بۆ بکرێت!!.

ئاڵمانەکان وەک مارتین لوتر و فردریک نیچە و کارڵ مارکس لەو کەسانە بوون کە لە نزیک بوونەوەیان لە ڕستەکانی ئنجیل، هەستەکان و هزرەکانیان زۆر زاییبنی بە دوای خۆیەوە هێنا و رێگە و ڕێبازی مەسیحیەتیان دەستکاری کرد و دەستی خۆیان لە ڕستەکانی ئنجیل و دین وەشاند. پرسیار ئەوەیە کە ئەو ناوانە چۆن لە ڕستەکانەوە نزیک دەبوون کە ئاوەها بە دژ و گژی ڕێبازی مەسیحیەتدا دەچوونەوە!؟.

ئەمە دەمبات بۆ باسێکی گرنگی تر کە باسی خاوەندارانی ڕستەکان و وشەکان و ناوەکانە. خاوەندارانی دینی مەسیحیەت کێن؟ دوژمنانی عیسا و کلیسا، نزیکترین کەسەکان بوون لە ڕستەکانی ئنجیل!.

خاوەندارەکان ڕێگەکانی داڕشتنی هەستەکان و هزرەکان دادەڕێژن و نەوەکان بە خۆیانەوە خەریک دەکەن و هەر هەموو ڕێگەکان و ژینگە و زەمینەکانی چوون بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن. قۆرخ کردنی ژینگەی هەستەکان و هزرەکان زۆر فراوانە و دەرچوون تێدا مانایەکی نیە.

ناوەکان و ئەدەبەکان دەتوانن کە خاوەنداری وشەکان بکەن. بۆ نموونە، میسریەکان زەمینەی ئەوەیان تێدا بوو کە گەشە بە بیر و باوەڕی سۆڤییەت و سەلەفیەت بدەن. ئەوە دوو جۆری زۆر جودا و جیاوازی وێنەکانە، نەوەیەک لەیەک کاتدا دەستەیەکی بەرەو سۆڤییەت و دەستەیەکی تری بەرەو سەلەفیەت دەڕوات. ڕیشەی ئەو جۆرە چوونانە تازە نیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە یوسف چوو بۆ میسر، وە ئەو کاتە کە بەسەرهاتی فیرعەون و موسا خولقا. فیرعەون وتی من خوام و موسا بە گژی ئەوەدا چووەوە. نەوەکان هەردەم لە میسر تووشی دووانەیەک دەبن کە لە یەکدی جودا و جیاوازن و دژ بەیەکدین. ئەو دوو ئەدەبە بەردەوام لە درێژی مێژوودا لە شەڕ و بەربەرەکانی بوون و هەرسەردەمێک یەکێک لەوانە ناوی خۆی بەرزەوە کردووەتەوە.

خوای مەزن لە کۆشکی پاشاکانەوە بنەڕەتی چیرۆکەکانی دامەزراندووە، وە بە وشەکان و پێدانی وشەکان، ئەو چیرۆکانەی هۆشیارانە بەرەوپێش بردووە. وشەکان هەردەم لە کەسێکەوە دەردەکەوێت و دەکرێتەوە. بۆیە من پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە ڕستەکان لە ناوێکەوە و لە ڕوومەتی کەسێک یان کەسانێکی تایبەت دەردەکەوێت و وردە وردە بە ناوی خوای مەزن جێگیر دەبێت. خوای مەزن بە موسا دەفەرمێت: واصطنعتك لنفسى(طه ٤١) خوای مەزن نەوەیەک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و بە تەوان و هێزێک کە هەیەتی، زەمینەی ئەوەی بۆ خۆش دەکات کە کۆشکەکان بڕوخێنێت. بۆیە ئامۆژگاری من ئەوەیە کە نەوەکان ڕوو لە خوا بکەن، بەشکە بە ناوی پیرۆزی خوای بەخشندەوە، ناوی بەرز و بڵندی لە نێو کورد خستەوە.

کوردەکان لە باشووری کوردستان لە پاش ڕزگاری و سەربەخۆیی خواستی ئەوەیان تێدایە کە ئەدەبێک و پەروەردەیەک لە کوردستان دامەزرێنن، ئەوان لەبەر ئەوەی کە ناوی بەرز و پیرۆزی خاوەن ڕوومەتیان تێدا نیە، تەوانی ئەوەیان نیە کە بە وشەکانی کورد، ڕستەکان بزێنن. هەربۆیە وەرگێڕان و پێگێڕان وەک سەرچاوەی

سەرەکی بۆ ئەدەبی نەوەکان ناسراوە. وەرگێڕ و پێگێڕە سیاسیەکانی کورد، ئەدەبی گەورەکانی خۆیان بۆ نەوەکانی کورد باس دەکەن و دەیگێڕنەوە.

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە: قل لو كان ألبحر مدادا لكلمات ربی لنفذ ألبحر قبل أن تنفذ كلمات ربی و لو جئنا بمثله مدادا(كهف ١٠٩)

خوای مەزن بە ئاشکرا دەفەرمێت کە سەرجەم وشەکان هی منە و ئەوە ئێمەین کە دەیبەخشین و دەیکەینەوە و کۆتایی بۆ ئەو وشانە نیە. ئەمە دەریدەخات کە خوای گەورە خاوەن ئەدەبی باڵایە و باشترین ناوە بۆ ئەوەی کە داوای لێ بکەین کە ئەدەب بە وشەکانی کورد ببەخشێت و ناوەکان لە نێو کورد گەشە پێ بدات.

کێشەی گەورەیەک کە لە ناوەکان دەبینرێت، ئەوەیە کە زایینی ئەدەبەکان و ڕستەکان و شێوەکانی نوێ لە زایین لە ژینگەیەکی دەروونی ناخۆش یان نائاسایی بووە، بۆ نموونە تاها حسێنی میسری، کوێر بوونی چاوی کتێبی (الایام) ی بەهادار دەکات. سەید قوتب لە بەندینخانە کتێبی (معالم في الطريق) دادەڕێژێت. نیچە بە هۆی ئاوارەیی و کەژەکانی ئالْپ توانی کتێبی بەناوبانگی خۆی بنووسێت. بەند کردنی ناسری سوبحانی ئەوەندەی تر بەهای بە نووسینەکان و ناوی داوە. ژینگەی زایینی ناوەکان، ژینگەیەکە کە هەر کەسێک و هەر قوتابی و فەقێیەک خۆی لێ نادات و ناوێرێت.

دوو ناوی دیاری غەیری عەرەبی وەک شەهابەدین سوهرەوەردی و ئیبنی تەیمیە، بە دوو ناو لە مێژووی موسوڵمانەکان دەناسرێن کە ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامیان لە ژێر کاریگەری خۆیان خستووە. ناوەکان بە ئەدەبی خۆیان دەتوانن کە زمانەکانی تر بە ئەو ڕێباز و عەقارە کە خۆیان دەیانەوێت ببەن و نەوەکان لەبەر دەستی خۆیان بخەنەوە. ئەدەبەکان و وشەکانی زمان بە خواستی ناوەکان دەردەکەوێت و ناوەکان دەتوانن کە زنجیرە و تۆڕی ناوەکان خاوەنداری بکەن.

شێوەی ڕاستەقینەی جووڵە لەگەڵ وشەکان وێنەی هەیە و دەبێت نەوەکان لەو وێنانە ئاگاە بن. وێنەی ئاسان: کەسێک بەسەر جادەیەکی ساف و قیرکراو ڕێ دەکات، ئەژنۆ و قاچی لەسەر یەک شێوەی چوون ڕادێت، وە چاوی سەیری شوێنێکی تر دەکات. بەڵام کەسێکی تر لە سەر کێوێک هەنگاو دەنێت، هیچ هەنگاوێک وەک یەک نیە و هەر هەنگاوێک قاچ و ئەژنۆ لە گوشار و چوونێکی تایبەتی دادەنێت، لە

هەر هەنگاو و جووڵەیەک دەبێت چاو و قاچ و ئەژنۆ ئاگاداری یەکدی بن. هەستەکان و ڕستەکانی ئەم نووسینە وەک زنجیرە کێوێکە کە ئەژنۆ و قاچێکی ئامادەی دەوێت کە چاوێکی تیژ ئاگاداریان بێت، لەبەر ئەوەی کە هەنگاو بەسەر هیچ شوێنێک و هیچ ڕستەیەک دووبار نانێتەوە. ئەمە شێوەیەکی تایبەتیە کە خوێنەر تەوانی ئەوەی نیە کە بەردەوام بێت و هەنگاو بەسەر تەواوی هەست و هەناسەکانی من بنێت. یەک ڕستە شل و شپرزە بخوێنە، ئیتر ناتوانیت لە خوێندنی ئەو نووسینە بەردەوام بیت.

هەڵەی گەورەی من ئەوە بوو کە بە تایبەتی و بە وردی بەهام بە ناوەکان دەدا و ڕێزێکی یەکجار زۆرم لە ناوەکان دەگرت و ئەدەبی ناوەکان بۆ من جێگەی ڕێز بوو. لەبەر ئەوەی کە هەستم بە چکۆلەیی دەکرد. لە بیرمە یەکەم جار کە لەگەڵ ئاغای لوڕستانی باسی ناوەکانی کۆمەڵناسیم دەکرد، وتم: ئاغای ئۆگۆست کۆنت! دەستەیەک لە ژنەکان مریشکیان لە هومار لەسەر هێلکە دادەنیا. هۆی ئەوە بوو کە هومار شوێنی گەنم و دانە، لە شوێنێک مریشکیان دادەنیا کە مریشک دڵی ئارام بێت لە شوێنێکە کە ئیتر پێویستی بەوە نیە کە بۆ دان نیگەران بێت و سەرەگرە بکات. هەروەها ژینگەیەکیان دروست دەکرد کە نەوەکان لەسەر کتێبخانەیەک کە خۆیان دروستیان کردبوو، زایین بکەن.

بە خۆم وت: ئیتر بەسە کە ئەوانی تر کتێبم بۆ بنووسن. دەبێت کە ئیتر خۆم بۆ خۆم بنووسم!.

## دەست و دەهۆ

زستانێک لە ئاوایی کا کەم بوو و خەڵک مایەوە کە کای ئەو زستانەیان دابین بکەن. ماڵێک لە ئاوایی کایان هەبوو و خەڵک ڕۆژانە بە گونیە دەچوون و کایان لەو ماڵە وەردەگرت. ڕۆژێک من بە گونیەیەکەوە لە بەردەمی کادانی ماڵەکە ڕاوەستابووم. منداڵێکی دراوسێمانیش هاتبوو کە کا بەرێت. خاوەن ماڵەکە گونیەکەی لە منداڵەکە وەرگرت و بردیە کادان کە کای تێبکات. دەنگی لێبەرز بووەوە و وتی: کوڕی باش ئەمە کەی گونیەیە، ئەمە دەهۆیە کە تۆ هێناوتە، لە زستان کا دەکەیتە دەهۆ!؟ ئاخر تۆ نازانی کە دەهۆ چیە کە هێناوتە!؟ بڕۆ بیبەوە ماڵەوە و بە دایکت بڵێ کە گونیەیەکت پێ بدات.

منداڵەکە وتی: هەرچیە تێیکە دەیبەم!.

خاوەن ماڵ دەهۆکەی کردەوە و وتی: تۆ داوتە بن دەستت و وادەزانی کە گونیەیە، ئەمە دەهۆیە، دە بیست گونیە کا لە خۆی جێ دەگرێتەوە، لە خۆتەوە داوتە بن دەستت و نازانی کە چیە!؟(بە گاڵتە پێ کردن دیسان دەهۆکەی پێچایەوە) بڕۆ دەی!.

منداڵەکە لە کابرا تێ نەدەگەیشت: بە خوا پڕیشی بکەیت، دەتوانم کە هەڵیبگرم و بیبەمەوە!؟.

کابرا تووڕە بوو: نێسم، کای دەهۆی تۆم نیە... بڕۆ... ئەمە بە من پڕ نابێت.

منداڵەکە بە ترسێکەوە ڕووی کە کۆڵانەکەی ئاوایی کرد و چوو.

کابرای خاوەن ماڵ بە بزگەیەک سەیری منی کرد: بە خوا ئەمە کەرە بۆیە ئەوەندە حەزی لە دەهۆیە!!.

" دەهۆ بە دەست ناچێت."

منداڵەکە لە ناکاوە لە دەرگەوە هاتە حەوشی ماڵەکەوە و سەیری ئێمەی کرد: هەرچەند کە کام پێ ئەدەیت، بیکە ناو ئەم دەهۆ، هەرچی بێت!.

خاوەن ماڵ پێکەنی: تۆ کەری بۆیە ئەوەندە حەزت لە باری دەهۆیە!.

بەشی گونیەیەکی بۆی پڕ کرد و کوڕەکەش هەڵیگرت و ڕۆیشت.

هەروەها وەک ئەو منداڵە کە دەهۆیەکی داوەتە بن دەستی و نازانێ کە دەهۆ و گونیە جیاوازی چیە؟ زۆرێک لە نەوەکان وشە و ڕستەی وا دەدەنە بن دەستیان کە تەوانی ئەوەیان نیە هەڵیبگرن و بۆ ئەوان نابێت. ئەمە کێشەی گەورەی من بوو. هەستم بەوە نەدەکرد کە وشەکان و ڕستەکان وەک دەهۆ ئەگەر بکرێنەوە بە ئاسان پڕ نابن و بە ئاسان بە هەر کەسێکیش هەڵناگیرێت. زۆر کەسان دەبینم کە بە ناوێک یان کتێبێک یان ئەدەبێک خەریک دەبن و بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان پێوە ماندووە دەکەن. وێنەی ئەوانە وەک ئەو کەسەیە کە دەهۆیەک بە دەستی خۆیان پڕ دەکەن، بەڵام ئەوە ئیتر بەو دەستە ناچێت و هەڵناگیرێت. دەست دەهۆ پڕ دەکات، بەڵام بە سەختی جووڵەی پێ دەکات.

زۆر جار کە دەمەویست لەگەڵ ناوەکان ئاشنا ببم و دۆستی ئەوانم دەکرد، بە دەست و دەروونێکەوە وەک دەهۆ دەچووم بۆ دۆستی ناوەکانەوە. دەروونم ئەوەندە فراوان و گەورە بوو کە زۆری لە خۆی دەگرت. بەڵام ئەوە کێشەی گەورەی ناوەکان بوو کە تەوانی ئەوەیان نەبوو کە پڕم بکەنەوە و تێرم بکەن و بە حەزی خۆم لێیان وەربگرم. وەک ئەو منداڵە کە بە دەهۆیەک هات و بە کای گونیەیەک چووەوە، هەروەها من بە دەروونێکی گەورە دەچووم و ئەوان نەدار و ناتەوان بوون.

لە نێو هەر دەستە و پۆل و چین و توێژێک لە قوتابی و فەقێکان، کەسانێک پەیدا دەبن کە دەروونیان وەک دەهۆ دێتە دونیاوە، گەورەیە و فرە لە خۆی دەگرێت و لە ژیانی ئەوە بەدەردەخات کە وەک دەهۆیە. بە کتێبی دەستی فەقێ یان قوتابی دەتوانرێت بزانرێت کە دەروونی گونیەیە یان دەهۆیە!؟. لە بیرمە کاتێک کە لە ئامادەیی یان دەبیرستان بووم، کتێبی زل زلم بە دەستەوە دەگرت، زۆر جاریش ئەو کتێبانەم نەدەخوێندەوە.

لە بیرمە لە حوجرەدا شەوان بە چۆخەوڕانەکەوە لە کاتێک کە شاڵ بە پشتمەوە بوو، دەخەوتم!.

لە بیرمە کە لەگەڵ قوتابیەکی زانکۆ پێکەوە دانیشتبووین. لەگەڵ یەکدی قسەمان دەکرد. وتی: ئەو کاتە کە من و تۆ ئاشنایەتی زۆرمان پێکەوە نەبوو، زۆرم رق لێت بوو، کە سەیری تۆم دەکرد بە کۆیەک کتێب و نووسینەوە دێت و دەڕۆیت، بۆ من وێنەیەکی جوان نەبوو، ئاخر لەو تەمەنە و بەو وشکی و ساردی و سڕیەوە، زۆر کەیفم پێت نەدەهات!!.

لە بیرمە کە پاش ماوەیەکی زۆر یەکێک لە قوتابیەکانی بەشی کۆمەڵناسیم بینی، ئەو کوڕە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. وتی: ئەمشەو وەک جاران، وەک عومەری خەیام دادەنیشین و خەریک بە خواردنەوە دەبین!.

لە دیمەنێکی تر یەکێک لە قوتابیەکان هات بۆ لام و ڕۆژێک لەگەڵ من بوو، لە کاتی چوون وتی: تۆ ژیان دەکەیت یان شەڕ دەکەیت لەگەڵ ئەو دونیایە!؟.

ئەو وێنانەی سەرەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوروبەر هەردەم کەیفیان بە دەروون و خواستی سەختی من نەدەهات. من یەکێک لەو کەسانەم کە دەروونم وەک دەهۆیە.

بە کتێبی دەست و قسەی دەمی قوتابی یان فەقێ دەتوانرێت کە بزانرێت دەروونی گونیەیە یان دەهۆیە؟. ئەو کەسانەی کە دەروونیان وەک گونیە بێت ئەوە زۆر زوو واز دەهێنن لە وشە و دەست دەکەن بە فشە. ئەو جۆرە کەسانە زۆر زۆرن لە نێو منداڵەکان کە دەبنە قوتابی یان فەقێ. بەڵام ئەو کەسانەی کە دەروونیان وەک دەهۆیە دنکە و کەمن. بۆ نموونە لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین سێ یان چوار قوتابی هەبوو کە دەروونیان زۆری دەویست. زۆربەی ئەو دنکانەش بە شتی کەم بەها پڕی دەکەنەوە. قوتابی دەناسم کە وزە و هێزی زۆری تێدایە، بەڵام ئەو وزە و هەستەی بە شیعر و ڕۆمان خەریک کردووە. لە ڕاستیدا ئەوە جۆرێک خۆکوژیە.

قوتابی یان فەقێ بە یەکەم هەنگاوەکانی و خۆدەرخستنەکانی دەریدەبڕێت کە چی بە دەستەوەیە!؟. گەر دەهۆ بوو ئیتر هەتا پڕی نەکات هەست و هزری ئارام نابێت.

لێرەیە کە باسی ئەوە دێتە ئاراوە کە مامۆستای تایبەتی بۆ قوتابی تایبەتی چ دەور و بەهایەکی هەیە؟. بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی ئەمڕۆژی، حوجرەکان لە بواری ڕێژەی فەقێ و مامۆستاوە زۆر تەوانا و ژیر بوون. مامۆستا وانەکانی بە تایبەتی بۆ چەند فەقێ دەوتەوە. ڕوومەتی مامۆستا ئەگەر ڕووی لە پێنج قوتابی بێت، زۆر جیاوازە لەوە کە ڕووی لە پەنجا قوتابی بێت. سەروچاوی قوتابی کاریگەری هەیە لە وزە و هێزی وشەکان و ڕستەکان. مامۆستایە کە ژینگەیەک لە وێنەکان دروست دەکات و قوتابی و فەقێ بە خۆیەوە خەریک دەکات. مامۆستایەک کە بیەوێت لەش و هۆشی قوتابی یان فەقێ بە وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان ڕابهێنێت، لێدانی بۆ ڕاهێنا لێ دەدات، بەو لێدانە تا لێوارەی مەرگی دەبات و دەیگرێتەوە. بەو لێدانانە قوتابی و فەقێ ئەزموونێک دەکرێت کە گەڕانەوە تێدا زۆر سەخت و نیگەرانکەرە. بە شێوەیەکی سروشتی نەوەکان و قوتابی و فەقێکان، کەسی وایان لەبەر دەست نیە کە لە نزیکەوە چاودێریان بکات و دەروونی ئەوانە ڕابهێنێت و گەورەیان بکات. لێرەیە کە من ئامۆژگاری بەوە دەکەم کە هەر نەوەیەک لە تەنیایی خۆیدا خوایەکی هەیە کە دەتوانێت وەک مامۆستایەکی ئاگاە و پاسەوان و ژیر و زانا یارمەتیان بدات. کەسێکی وەک سەید قوتب و ناسری سوبحانی و ناوەکانی تری موسوڵمانەکان، مامۆستایەکی تایبەتیان لە نزیک نەبوو. ئەوان دەروونی خۆیان کردە شوێن و گۆڕەپانی هات و چۆی بیرەکان و هەستەکان.

ئێستە ئەگەر ئێوە ورد و وریا بن، ئەزانن کە من لە درێژی ئەم چەند مانگە لەم بەندینخانە دونیایەکم لە هات و چۆی وێنەکان و باسەکان دروست کردووە کە لە خەیاڵی کەم کەسدا دێت. بەردەوام داوام لە خوای مەزن کردووە کە خاوەنداری من بکات و یارمەتیم بدات و ئەو دۆعایەم بە گیان خوێندووەتەوە: و قل رب ادخلنی مدخل صدق و اخرجنی مخرج صدق و اجعل لی من لدنک سلطانا نصیرا (أسراء ٨٠) لە ئایەتی پێش ئەوە هاتووە کە: و من اللیل فتهجدبه نافلة لک عسی ان یبعثک ربک مقاما محمودا (اسراء ٧٩) دەریدەخات کە ناوی بەرز و شایستە و دەربازبوون بە سەرکەوتوویی بەوەوە پەیوەندە کە ئەو مرۆڤە لە شەودا چەند لە دەروونی خۆی یادی خوا دەکات، دیارە یادی خوا لە شەو ئەوە گرنگ دەکات کە ناوەکان دەبێت دەروونی خۆیان بکەن بە کارزار و کانزای چیرۆکەکان.

پاش ئەم هەموو ساڵە کە بە دەهۆ یەخەی مامۆستا و زاناکان و گەورەکانم دەگرت، ئەوەم بۆ کرایەوە کە تەنیا خوای گەورەیە کە دەتوانێت دەهۆی دەستی من پڕ بکات و لە وشەکان و ڕستەکان و هەستەکان و هزرەکان تێرم بکات. ئەم نووسینە کە لە پێش دەستی ئێوەیە، وەک دەهۆیەکە پڕ لە هەستەکان و وشەکان، کە بە دەستی هەر کەسێک هەڵناگیرێت.

## بۆشایی و بەستنەوە

هەر مرۆڤێک کە لە دایک دەبێت بۆشاییەک لە دەروونی هەیە. ئەو بۆشاییە وا دەکات کە منداڵ بە گریانەوە بێتە دونیا، هەست و هاتێکی گەورە و گرانە. منداڵی کورد هەردەم بە بێشکەوە دەبەسترێتەوە و ئەجووێنرێت، جوواندن یان جووڵاندن بۆ ئەوەی کە حاڵەتێکی فرەتر لە لەرزین و زیڕان بە منداڵ ببەخشێت، ئەو لەرزە و جووانە وا دەکات کە منداڵ ئاسوودەییەکی لە ناکاوە بیگرێت و بیخەوێنێت.

یەکێک لەو حاڵەتانەی کە من لە کاتی خەو و ئاسایش بەسەرم هاتووە، بەستنەوەی دەستی چەپ بە سینگمەوە بووە. بۆ نموونە زۆر جار هەبووە کە ویستوومە بخەوم، ڕووم لە زەوی کردووە و دەستم لە بن سینگم نیاوە و خەوتووم، خۆ بەستنەوەیە. نەک تەنیا لە من بەڵکو زۆر کەسم بینیوە کە ویستوویانە بخەون دەستیان لە بن سینگیان نیاوە، یان خۆیان خڕ و گلۆڵە کردووە کە دەخەوتن. دیارە کە نیشانەی ترس و دڵەڕاوکێی تێدایە.

منداڵ لە منداڵی ناچیتە خۆیدا، هیچی نیە کە تێدا بچێت. وردە وردە کە گەورە دەبێت، فرەتر دەبێت. کاتێک کە منداڵ پێ دەگرێت گەردش و سووڕانی زۆر دەبێت، ئەوە چوونە ناوەوەی ئەوانی ترە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دەورانی منداڵی گەمەیەکە بە ناوی (کۆلارە). دیارە زۆربەی منالەکان کۆلارەیان خستووە هەوا و حەزیان کردووە کە فرەتر بچێت هەواوە، بە جۆرێک کە بتوانرێت لە زەوی کۆنترۆڵ بکرێت. کۆلارە چەند وشەی تری لەگەڵدایە وەک بۆشایی، چوون، لەرزین، خواستی چوون لە منداڵی. ناتەوانی لەوەیە کە منداڵ ناتوانێت خۆی بچێت، بۆیە شتێکی تر دەنێرێت. مرۆڤ بە زەویەوە بەستراوە، بۆیە هەردەم بۆ دەرچوون و گەردشێکی فرە و فراوان دەگەڕێت.

## لە دەستی بوون تا دەمی بوون

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی منداڵ و مرۆڤ و ئاژەل ئەوەیە کە دەستی دەبێتەوە. کاتیک کە کەسێک دەستی کەسێک بووەوە، مانای ئەوەیە کە ئەو دەستە ڕایدەهێنێت. بۆ نموونە سەگ کە دەستی کەسێک بوو هەستی لە لادا دروست دەبێت، ئیتر خاوەن دەست دیاری دەکات کوێ شوێنی پاسەوانی و گەمە و هات و چۆی سەگە. هەروەها مرۆڤ و منداڵ کە دەستی کرانەوە، ڕادەهێنرێن و کەشێکی دیاریکراوی پڕ یان بۆش بەو منداڵە یان مرۆڤە دەستی بووە پیشان دەدەن. ئیتر ئەو کەسە دەستی بووە ئەزانێت لە چ کەش و بۆشاییەک دەژی. منداڵەکان لەگەڵ ئەوەی کە خۆیان لە دەست و داوێنی کەسانی تر گەورە دەبن، یەکەم خواستەکانیان کە دەریدەخەن ئەوەیە کە حەزیان لە دەستی بوونی شتەکانە، بۆیە هەردەم دەست بۆ شتەکان دەبەن. دەستی بوونی شتەکان بۆ منداڵ، مانای لێخوڕینیش دەگرێت. منداڵ شتێکی دەوێت کە دەستی بێت، شتێک کە بە خواستی خۆی لێی بخوڕێت. خواست و هێزی دەستی بوون لە منداڵ زۆر زۆرە، زوو زوو دەست بۆ شتەکان دەبات و دەیگرێت و بە زووییش بەرەڵای دەکات و بە زۆری شکاوە بە جێی دەهێڵێت. منداڵەکان زانست و نەزانیان نیە، سنوور و کرانەوەی نیە، بۆیە ئەو کەسەی کە خاوەنداری دەکات دەتوانێت دەروونی بە خواستی خۆی دیاری بکات و بیکاتەوە. ئەوکەسە کە دەستی بۆ دەبات و دەستی دەگرێت، دەروونی وەک گونیە یان دەهۆ، وێنە دەکێشێت. منداڵەکان دیکتاتۆرێکن کە بۆ گەیشتن بە خواستەکانی خۆیان لە بەردەمی خەڵک هات و هاوار دەکەن و دەگرین. بەڵام وردە وردە دەستی

دەبێت و خۆی چکۆلە و ناتەوان دەناسێتەوە. بەرخ کە دێتە دونیا، جوان و سپی و خۆشەویستە، بەڵام هەر ئەوەی کە دوو هاوینی سەخت و گەرمی لە گەلەخانی دایکی گوزەراند و چەند جار تێکەڵی کۆی مەڕەکان بوو، وردە وردە گەنە و کرم و حەشەراتی پەزەکان بۆی دەچێت. هەروەها هەرچی منداڵ گەورە دەبێت، هەست و هەناسە و دەرد و نەخۆشیەکانی دەوروبەر دەیگرێتەوە.

مرۆڤ و منداڵ جگە لەوەی کە وەک ئاژەڵ دەستی دەبنەوە، دەمی دەبنەوە. مرۆڤ و منداڵ لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕێگەی دەستەکانی یەکەمەوە دەستی دەبێت، دەمیش دەبێتەوە. دەمی بوون بە مانای ئەوە کە وشەکان لە یەکەم کەسەکان پێیدەبەخشرێت یان تێیدەکرێت و نەخشەیەک لە دەروونی دادەڕژرێت. منداڵ زۆر تووشی " مەکە و بکەی" دەوروبەریەکانی دەبێت. ئێستە پرسیار ئەوەیە کە چۆن منداڵ لە دەستی بوون کە یەکەم دەورەی منداڵە، بۆ دەمی بوون بچێت!؟ هەندێک شت لە سروشت بەخششە. هەندێک دەورە و حاڵەت و خوو و خێ کە بە مرۆڤ دەدرێت، بەخششە کە لە دەرەوە بە مرۆڤ یان منداڵ دەبەخشرێت. هەندێک لە گوزەرەکانی مرۆڤ و منداڵ بەخششە کە لە دەرەوە پێی دەکرێت، ئەگەر نە، خودی ئەو منداڵە هەرگیز تەوانی ئەوەی نیە کە لە دەستی بوون بۆ دەمی بوون بچێت. بۆیە دەوروبەری دلسۆز و خاوەن دەروون زۆر پێویستە کە منداڵ بۆ دەمی بوون ببەن. ئەو سەردەمەی کە من و ئیبراهیم لە زەویەکانی تۆپان خەریک بە تۆپ بووین، ئەوە جۆرێک ژیانێکی دەستی بوو، دەست و پێی ئێمە خەریک بە تۆپ و گەمە و هات و هەرایەک بوو کە هیچ وشە و ڕستەیەکی تێدا بە کار نەدەچوو و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست نەماندەزانی کە چۆک و چناکە لە بەرانبەر بە مامۆستا یان گەورەیەک ڕاگرین و دانیشین. کاتێک کە مامۆستا حەبیب هاتە ژیانی ئێمەوە و ئێمەی بە قورئان ئاشنا کرد، ئەوە یەکەم هەوڵ و هەناسەیەکی مرۆڤی بوو بۆ ئەوەی کە من و ئیبراهیم دەمی بکاتەوە، ئەو دەمی کردنە، کەش و کرانەوەی فرەی لە دەروونی ئێمە کردەوە، بووە هۆی ئەوە کە هەڵهاتن و نیشتنەوە(طلوع و غروب) ی فرە لە ژیانی ئێمە دروست بێت، بووە هۆی ئەوە کە ئاسۆ و ملەکان فروان بێت. مامۆستا حەبیب بەخششی خوای گەورە بوو لە ژیانی ئێمە، ئاسۆی زۆری بە ئێمە پیشاندا، دەروونی ئێمەی وەک دەهۆ فرە و فروان کرد. بەخششەکان دەبێت بەردەوام بێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە دەورەکانی مێژوویی و پەروەردەیی گوزەر

بکات. هەندێک جار باوکەکان یان خاوەنەکان، مامۆستایەک بۆ نەوەکانی خۆیان دەهێنن. ئەوە هێنانە، بە شێوەیەک تەنگانە بۆ کردنەوە و گەشە دروست دەکات.

منداڵ کە دێتە دونیا بە پەرێشانی دێتە دونیاوە، ئەو پەرێشانیە چەند ساڵی یەکەمی ژیانی دەگرێتەوە. پەرێشانی لە جۆری مێروولە لە منداڵ هەیە، لەبەر ئەوەی کە چوون و خواستەکانی زۆر زوو دەگۆڕدرێت، یان کەسەکانی دەوری دەتوانن گەمە بە چوون و خواستەکانی بکەن. منداڵ کە لە دایک دەبێت، دەزیرِێنێت و دەگری و دەستی دەکاتە چنگ و دەم و چاوی خۆی بریندار دەکات. منداڵ ئەگەر دەست و دەم بەسەر لەشیەوە نەبێت، بە دەستی خۆی، خۆی بە کوشت دەدات. منداڵ زۆر دەستی بۆ شتەکان دەبات. دەست هێمای کوێری بۆ منداڵ و شێتە. دەبێت کە خاوەن ئەو دەستە لە چوونی خۆکوژ بپارێزێت. زۆرجار منداڵم بینیوە کە دەستیان بۆ سەماوەر و سۆبە و ئاوی گەرم بردووە. دەستێک دەبێت کە مرۆڤ و منداڵ دەستی بکاتەوە.

دەست و دەمەکانی یەکەم کە مرۆڤ و منداڵ یان ئاژەڵ دەستی دەکەنەوە، دەور و دەستی باڵا و یەکەمیان هەیە لەوە کە مرۆڤ لە وێنەی دەهۆ یان گونیە دەربخەن. بەو مانا کە ئەو دەست و دەمانەی کە وشەکان بە منداڵ دەبەخشن، شێوە و وێنەی بوونی ئەو کەسە وێنە دەکێشن و دروستی دەکەن. ئەو کەسە یان ناوە کە یەکەمجار هەست و هەناسە بە مرۆڤ دەبەخشێت، دەست و دەوری یەکەمی هەیە. خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: فاذا سویتە و نفخت فیە من روحی فقعوا لە ساجدین(ص ٧٢ ) یەکەمجار کە مرۆڤ دروست کراوە، دەم و دەمینی خوای مەزنی تێدایە، بۆیە هەردەم یان لە شەڕە یان لە ئاشتیە، یان شێخە یان شێتە. کاتێک کە مرۆڤ ئەو هەست و هەناسەیە چووە دەروونیەوە، ئیتر خۆی بە دوای ئەو هزر و حاڵەتانە دەچێت کە ئەو دەم و هەناسەی یەکەمە تێدا دەمیوە. کاتێک کە دەوروبەری منداڵ بۆ منداڵ قسە دەکات، تەنیا قسە نیە، بەڵکو هەناسە و هەست بەو منداڵە دەبەخشێت.

بە خوستی خوای مەزن مرۆڤ دەتوانێت کە (کتاب) ی خۆی بنووسێت. خوای گەورە کیتابی مرۆڤی کردووەتەوە و داویە بە بن دەستیەوە. ئەوە مرۆڤ خۆیەتی کە بۆشاییەکانی ئەو کتێبە پڕ دەکاتەوە. هەروەها مرۆڤ خۆیەتی کە کیتابی خۆی بە دەستی خۆی دەبەستێتەوە.

باسی حاڵەتێک دەکەم و دڵنیام کە ئێوەش دەڵێن وایە ئەو حاڵەتەمان زۆر لە ژیانمان بینیوە!. زۆرجار لە شوێنە جیاوازەکان ئەو هەستەم لە لادا دروست بووە کە ئەو شوێن و کاتەم پێشتر چێشتووە. بۆ نموونە لە ناکاوە لە هۆڵی دانیشتنی ماڵەوەتان دەچیتە ناوەوە، کە وێنەی هۆڵەکە دەبینی، یەکسەر هەست بەوە دەکەیت کە ئەو حاڵەتەتان پێشتر چێشتووە. چەند هەست و هزر لە لای من دروست بووە، یەکەم ئەوە کە من دیسان هاتوومەوە دونیاوە، دووهەم ئەوە کە من کەسێکی تایبەتیم، سێهەم ئەوە کە من لە خەون و خەیاڵێکی ون و قورس و سەیر و نامۆدام، چووارەم ئەوە کە من وەک بووکەڵەیەکی گەمەی بەن و بووکەڵە[18] بە دەستی کەسێک یان کەسانێکەوە گەمەم پێدەکرێت، پێنجەم ئەوە کە من لە مەترسیدام و شتێکی گرنگ و گەورە هەیە کە لێم نزیکە و من نایزانم، شەشەم ئەوە... هەفتەم ئەوە کە.... ئیتر ئەو هەست و هزرانە یەکە لەسەر یەک لەسەرم دروست دەبن تا ئەوە کە مرۆڤ مێشکی خەریک بە شتێکی تر دەبێت و وێنەی هۆڵەکەی لە بیر دەچێت!.

لە بیرمە جارێک لەسەر کورسیەکی پارکێک دانیشتبووم، هەوا خۆش بوو، دەنگی پەلەوەر دەهات و تیشکی خۆر دەیدا بە ڕوومەتمدا، نەختێک چاوم بەست و کردمەوە، هەستێک دای بەسەر سینگمدا، لە دڵی خۆم وتم: " تۆ گەڕاویتەوە دواوە بۆ ئەوەی کە هەڵە و کەم و کوڕیەکان و خەونەکانت بە جێ بگەیەنیت." لە دڵی خۆمدا هەستم بە ترس دەکرد، یەکسەر مێشکم بۆ ئەوە دەچوو کە هەمووی ئەم بیر و هەست و خەیاڵانە وەهم و تەمێکە کە سەری منی گرتووە، بە خۆمم وت: ئاخر نەزان، چ گەڕانەوەیەک و چ هەڵەیەک!؟.

مرۆڤ حەزی لێیە کە بەرودوا بە چیرۆک و بەسەرهاتی خۆی بکات، حەزی لێیە کە بزانێت بە شێوەیەکی سروشتی چی دەبێت!؟ وە پاش ئەوەی کە زانی بە خواستی خۆی دەستکاری بکات!. لە قورئان هاتووە کە ئەگەر ئەمانە بگەڕێنینەوە بۆ ژیانی پێشووتریان، هەر ئەوە دەکەن کە کردوویانە. زۆرجار لە قورئان باسی قەیامەت دەکات، وەک ئەوە کە چیرۆکەکە تەواو بووە!!. ئەی ئێمە لە زەوی چی دەکەین!؟ ئیتر پرسی کات و شوێن و هەست و هزر و زانست و حیکمەتی خوای مەزن وا دەکات

[18] _ گەمەی بەن و بووکەڵە یان هونەری بەن و بووکەڵە، وەک ناو بۆ گەمە یان هونەرێک هەڵمبژاردووە کە لە فارسی پێی ئێژن(خیمە شب بازی).

سەری سوجدە دابنێم و بڵێم خوایە ئەو بۆشاییەی کە بە منت بەخشیوە، بە نووری خۆت ڕووناکی بکەرەوە!.

مرۆڤ کە زوو و زۆر لە دەوری خۆی دەسووڕێتەوە، لە ناکاوە ئەو گەردش و سووڕانە دەیدات بە زەویدا. مرۆڤ بۆشە، سووڕانی بۆش لە دەوری بۆش مانا و وێنەیەکی نیە. منداڵ لە دەوری خۆی زۆر دەسووڕێت، زۆر گەردشی دەوری خۆی دەکات. هەرچی گەورەتر دەبێت، گەردشی دەخاتە دەوری ناوەکانی تر. منداڵ کە لە دەوری خۆی دەسووڕێتەوە، دەستی خۆی دەکاتە ستوون و کۆڵەکەیەک و لە دەوری دەسووڕێتەوە. کاتێک کە برا چکۆلەکەم لە دەورانی منداڵی بوو، پرسیاری زۆری دەکرد، ئەوە چیە!؟ ئەم پرسیارە لەسەر دەم و دەستی بوو. کاتێک کە پرسیاری بە دەم دەکرد، دەست و پەنجەی بۆ شتەکە درێژ دەکردەوە، بە مانای بەها و گرنگی بۆ شتەکان. پرسیاری براکەی من جۆرە تینوویەتیەکی تێدا بوو، شێتانە دەم و دەستی بۆ پرسی شتەکان دەسووڕاند. منداڵ زۆر کەیفی بەو شتانە دێت کە گەردش و سووڕانی و چوونی خێرایان هەیە. منداڵ سەبری نیە، بۆیە گریانی زۆرە.

دەستە منداڵێکم دەناسی کە پێکەوە هەردەم گەمەیان دەکرد و پێکەوە دەسووڕانەوە و دەخولانەوە. یەکێک لەو منداڵانە کوڕێک بوو کە ماڵی باوکی زۆر حەوش و دەری فروانی هەبوو، بەڵام ئەو کوڕە هەموو گەمە و خۆشیەکانی لە ماڵ و حاڵی ئەو ڕەفیقەکانی دەکرد. ئەمە لە کاتێکە کە ئەو ماڵەی کە مۆڵگە و خێگەی بەردەوامی ئەوان بوو، ماڵێکی چکۆلەی هەژار بوو. ئەو کوڕە کە ماڵی باوکی فرە و فراوان بوو، لەسەر بۆشایی ئەوانی تر ژیانی دەکرد، لە کاتێک کە ماڵی گەورەی باوکی ئەوەندە سارد بوو، مێشوولەش بۆی نەدەچوو، چ بگات بە منداڵ!. سەرجەم منداڵەکانی تورک و فارس و عەرەب و کوردی ئێران لەسەر کوان و گوانی فارسەکان گەشەیان کرد، لەبەر ئەوەی کە ماڵی فارس گەرمی تێدایە و دەتوانێت کە وەک مۆڵگە و خێگە بێت. وەرگێڕان و نووسەرەکانی فارس بوونە هۆی ئەوە کە وەک کان و گوانی هەست و هەناسە بۆ نەوەکانی کوردی ئێران بناسرێن. بە بەخششی ئەو هەست و هەناسانە، ڕۆح و دەروونی فارسیان بە کورد بەخشی.

تیشکی خۆر، دانە سەوز دەکات و زەردی دەکات، پێیدەدات و لێیدەدات. تیشکی زەوی خۆر، وێنەکێشی(مصور) ی دانەیە. لە کاتێک کە تۆ لە زەویە و کانی تیشک لە دەرەوەیە. هەروەها ئیرادە و وزەی کرانەوە و گەشەی هەر تۆ و نەوە و ناوێک لە

دەرەوەی ئەو تۆ و نەوە و ناوە وەک تیشکی خۆر لێیدەدات و دەیکاتەوە. کەوایە زۆر لووتبەرز مەبن و سەری سوجدە بۆ خاوەن هەرچی ڕووناکیە دابنوێنن.

فەقێ کە ساڵەها زانستی باب و دەرگە و هات و چۆ بە دەرگەی سەرف ونەحو و حەدیس و ئایەتەکانی خوای مەزن فێر دەبێت، لەسەر چۆکدان فێر دەبێت. ئیتر پاش ئەوەی کە ڕەگ و بنەچەقی کێشە و هەراکەی زانی، دەبێت هەڵسێت و قەیام بکات، هەڵسانێک کە ئیتر دانانیشێتەوە!.

ئەم نووسینە وەک کانیە لە کەندا، ناهێڵێت کە بە ئاسوودەیی و بێ ترس ئاوی کانی لە گەرووتان بچێتە خوارەوە.

## کڵاو و جامانە و بۆین باخ لە سەروملدا

جلەکانی ژیانی من بووە هۆی ئەوە کە خۆم لە قوربانیانی دەستە سیاسیەکان بناسمەوە. مەڵبەند و ناوەندەکان لەگەڵ ئەوەی کە بانگەشە بۆ ئەدەبی خۆیان دەکەن، ئەدەبێکی سیاسی بۆ دەستێکی سیاسی دروست دەکەن و گەورەیان دەکەن.

کڵاو لەسەر کردن بۆ فەقێکان بووە فرمانێک کە دەبوو هەر فەقێیەک بەو کڵاوەوە پیشان بدات کە فەقێیە و خەریکی دەرس خوێندنە. ئێمە لە شاری ڕوانسەر بووین، بە جلی کوردیەوە دەگەڕاین و خەڵک ئێمەی دەناسی و دەبوو کە پێمانەوە دیار بێت کە خەریک بە ڕستەکانی دینین. خەریک بوون بە ڕستەکان جۆرە ڕوومەتێک دروست دەکات کە ئاماژە بە وشەکان و ڕستەکانی ئەو دینەیە. فەقێکان لە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری تۆزێک فرمانەکانیان شل دەگرت و جێبەجێیان نەدەکرد. لەبەر ئەو بەزەیی و دۆستی و خۆشەویستیە بوو کە مامۆستاکان بۆ فەقێکان هەیانبوو. مامۆستاکان دۆستی ئەدەبی ئیخوان بوون و هەر بۆ ئەمەش زۆر کرانەوەیان دەکرد و سەختی و نیگەرانیان بۆ فەقێکان دروست نەدەکرد.

وێنەی ناسری سوبحانی بە ڕیشێکی خاو و جوان لەسەر ڕوومەتێکی ساف و بێگەرد، ئاماژەی بەوە دەکرد کە ڕستەکان ڕوومەت دروست دەکەن و شێوەیەکی تایبەت بە ڕوومەتی فەقێ دەبەخشن. من زۆر بەهام بە جلی کوردی دەدا و لەم دواییەش

کڵاوی سپیم لەسەر دەکرد و خۆم پاک پاک دەجەڕاند و ڕوومەتی کەسێکی خوازیارم بۆ خۆم دروست دەکرد.

لە زانکۆی سەلاحەدین چیرۆکی من و کڵا و چۆخەکەم بەسەر چوو. سمێڵم تاشی و پاڵتۆیەکم لە سلێمانی کڕی و ئیتر من هەوڵی ئەوەم دەدا کە لە وێنەی سادقی هیدایەت و ئالبر کامۆ نزیک ببمەوە. لە زانکۆ و خوێندنەکان بوو کە بۆین باخ و قات، جۆرە ڕوومەتێکی تری تایبەتی لە مندا دروست کرد.

ئەوەی کە من لە دەورانی کڵاو و چۆخە و ڕانەک و بۆین باخ و قات هەستم پێ کرد کە ماوەتەوە و بەردەوام لەگەڵ مندایە، ئەوە بوو کە خواستی ناسین و هەوڵی لێکۆڵینەوە بەردەام دەروونی منیان گرتبوو. داپۆشراوی و ئامادەیی فەقێ و قوتابیەکی خاوەن بیر و ژیر لە سەروچاوی بەدەر دەکەوێت. من هەستم بەوە کرد کە وشەکان و ڕستەکان دەبنە هۆی ئەوە کە هۆشی مرۆڤ هەروەک لەشی مرۆڤ ببەستێتەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئامادەیی و وریاییەکی تایبەتی و هەردەم لە مندا دروست بێت.

لە دەورانی کۆتایی زانکۆی سەلاحەدین وردە وردە جلەکانی من لە بەستراوەیی گۆڕا بۆ جلێکی کراوەی شێواو و شپرزە کە دەیتوانی ئاماژە بە دەروونێکی لە گرفت و کێشە بێت. دیارە ئەوە نیشانەی دەورەیەکی تری درێژ بوو کە هێشتا ڕەنجی لێ دەبەم. لە ئینگلیس جلەکانی من بووە ئەو جلانە کە لە شوێنە خێرخوازیەکان بە پارەیەکی کەم دەفرۆشران. چەند ساڵ لەبەر بارودۆخی خراپ و نەخۆشی و بێ شوێنی نەمتوانی کە بە دڵی خۆم جل لەبەر بکەم. جلەکانی من بەردەوام جلی نەخۆشخانە و کەمپ و بەندینخانە و ئاوارەیی بوو. ئەم دەورە کە من لێرە لەم بەندینخانەیە تێدا دەژیم، لە دەورەی حوجرە و زانکۆ جودام دەکات و لە دەورەی منداڵیم لە کەمپی ئاڵتاش نزیکم دەکاتەوە. لە بیرمە کە لە کەمپی ئاڵتاش دەکەوتینە دوای ئەو لۆریانە کە زبڵەکانیان کۆ دەکردە، دەچووینە نێو ئەو لۆریانە و بۆ جل و پێڵاو دەگەڕاین. دەورەیەک کە بەستراو و نەدار و گیرۆدە بووین.

لە وڵاتی ئینگلیس چیرۆک و وێنەی زۆر سەیر و سەمەرەم لێ ڕوویدا کە بۆ خۆمیش جێگەی پرسیار و سەیر لێ هاتن بوو. لە بیرمە کە لە شاری مەنچستەر بێ شوێن و ماڵ بووم، پارەشم بۆ کڕینی خوارن پێ نەبوو. ئێوارەم لێ هات و کیسە خەوەکەم بردە نێو پارکێک و لە بن کۆمەڵێک دار شوێنێکم بۆ خۆم دۆزیەوە بۆ ئەوەی کە شەو

لەوێ بمێنمەوە. خەم و نەخۆشی و دەردی دەروون منی گرتبوو، هەربۆیە خەوم لێ نەدەکەوت و لە بن دارەکان لەو تاریکی و ساردیە لە بن کیسە خەوەکە کۆرپەم کردبوو. هەرچیم کرد لەبەر دەرد و سەرما خەوم لێ نەکەوت. کاتژمێر گەیشتە چواری بەیانی و دەنگە دەنگە دەوری منی گرتەوە. دەنگی چەقەڵ و ڕێوی بوو. تاریک بوو، هیچ شوێنێکم نەدەبینی. لە ترسدا خۆم پێچایەوە و چوومە بەر دەرگی پارکەکە لەسەر تەختێک پاڵم دایەوە، زۆر سارد بوو، سەر و دەستم دەلەرزا. سەبرم گرت، وردە وردە ڕۆژ بووەوە. کیسە خەوەکەم ڕچا بوو. سەرم دەرهێنا و سەیری ئاسمانم کرد. دەنگە دەنگ کەوتە دەوروبەرم. دەنگی چەند منداڵ بوو کە بەوێدا گوزەریان دەکرد. ڕاوەستان و جنێویان بە من دەدا. یەکێکیان بتڵێکی هەڵگرت و وەشاندی و دای بە پشتمدا و هەڵاتن. سەرم دەرهێنا و هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا و کەوتمە بیری ئەو ڕۆژانە کە بە چۆخەوڕانەک و کڵای سپی لەسەر مێزی خوێندن بە کتێبەوە خەریک دەبووم. بیری ئەو ڕۆژانەم کردەوە کە بە پاڵتۆ و قات و بۆین باخی سوور و کراسی سپی جوان دەچووم بۆ زانکۆ! بیرم لەو ڕۆژە کرد کە چووین بۆ ئاواییەکی نزیک بە شاری ڕوانسەر کە خوتبەی ڕۆژی جومعە بخوێنین. من خوتبەی ئەو ڕۆژەم خوێند و باسی بەهای پێگەی خوام کرد. پاش نوێژ یەکێک لە پیاوەکان ئێمەی برد بۆ ماڵی خۆیان و پیاوەکانی تریش لەبەر ڕێزی ئێمە لەگەڵمان هاتن. خواردنمان خوارد و بە ڕێزەوە گەڕاینەوە بۆ حوجرە.

ئەو بەرەبەیانە لەسەر ئەو تەختە بیرم لەو جۆرە بیرەوەریانە دەکرد، دەروونم بە پێکەنینێک بە منی دەوت: بۆ نەبووی بە مەلایەک لە یەکێک لەو ئاواییانە و ژیانی خۆت مسۆگر بکردبایەت؟ یان بۆ لە کوردستان خۆت نەکرد بە مامۆستا و ژیانی خۆت دابین نەکرد!؟ دەروونم فشەی بەو بەرەبەیانە دەهات کە ئاوەها داماو و ڕچاو و تەنیا کەوتبووم. ئەمزانی کە ڕێگەی من زۆر سەخت و دژوارە، ئەمزانی کە من زۆر بەسەرهاتی ترم ماوە کە بەسەرم بێت، تا ئەوەی کە ئێستە ئەوە بۆ ماوەی چەند مانگە لەم بەندینخانە لە هەوای تازەش دوور کەوتوومەتەوە. لە بیرمە کە پێش ماوەیەک لەم بەندینخانە، بەرەبەیانێک خەوم لێ نەدەکەوت، لە پەنجەرەی بەستراوی ژوورەکە سەیری دەرەوەم دەکرد. شنە بایەکی بەیانان دیار بوو، حەزم دەکرد کە بڕۆمە دەرەوە و ئەو شنە بایە لە ڕوومەتم بدات، یەکسەر بیرم چوو بۆ شاری ڕوانسەر. بەرەبەیانان پاش نوێژی بەیانی لە حوجرە دەچووینە دەرەوە، لە بهاردا، لە کاتێک کە شنە بای بەهاری دەیدا لە زەوی گەنمەکان و بۆنێکی تایبەتی

دروست دەکرد، لەسەر ڕێگەی ئاواییەک دەچووم بۆ دەرودەشتەکان و دەنگی بۆق و تیشکی ڕووناکی خۆر و بیر کردن، منی بە خۆیەوە خەریک دەکرد. لەم بەندینخانە بە خۆم وتم: لە بیرتە کە لە کوردستان لەسەر زەوی ڕێت دەکرد، وەک بیرمەند و خوازیارێک هەنگاوت هەڵدەگرت، ئێستە لە ئینگلیس لە بەند و نەخۆشی و ماندوویەتی هەناسەی سارد هەڵدەکێشی!.

لە بیرمە کە شەوێک لە بەردەرگی پۆلیسخانەی شاری دۆبلین، پێتەختی ئیرلەندی باشوور، لە بن دیوار پاڵم دابووەوە، باران دەباری و سارد بوو. چەند دەرمانخۆر و مەشرووبخۆر دەوری سەری منیان گرت و منیان لە خۆیان دەزانی و دەبەی بیرەی سایدریان[19] دەخواردەوە. منیش چۆکم دابوو، چاوم ماندوو بوو، سەرم بەرز کردەوە، کابرایەک لەبەر بەزەیی پەتاتەی سوورۆ کراوی دانیا و بۆ من بەجێیهێشت. ئەوەکانی تر لەبەر برسیەتی دەستیان بۆی برد و خواردیان. کە دەستیان هێنا و پەتاتەکەیان برد، بیرم چوو بۆ ئەو ڕۆژانە کە لەگەڵ فەقێکان و قوتابیەکان خواردنمان دەخوارد و باسی ئایەتەکانی خوای گەورەمان دەکرد!.

## شاڵ لەسەر بەندوخوێن(دۆخین)

پاش هەموو لێکدان و بیرکردنەوەکان ئەوەم بۆ دەرکەوت کە من تۆ و توخمێکی والا و بڵندم هەیە. زۆر سرنجم لە وردە ڕووداوەکانی ژیانمداوە، بەو وردە ڕووداوانەوە زانیومە کە من بەرزیخواز و پاکخوازم. لە بیرمە کە ڕۆژێک لە شاری ڕوانسەر چووم بۆ سەرتاشخانە پرچم چاک بکەم. کابرای وەستا وتی وەرە دانیشە. ڕووم لە کابرا کرد و وتم: کاکە تکات لێدەکەم کە ئاگاداری پرچم بە، نامەوێت کە مۆدڵی لێبدەیت. کابرایەکی بە تەمەن لە دوکانەکە بوو، لێم نزیک بووەوە و وتی: تۆ خەڵکی کوێت!؟. بەو پرسیارە هەستم بەوە کرد کە ئەو کابرایە کەیفی بەو قسەی منە هاتووە کە وتم پرچم سادە چاک بکە!.

هەردەم کە جلم لەبەر دەکرد، حەزم لەوە دەکرد کە یەخەی کراسەکەم هەڵپێکم و شاڵی چۆخەکەم بە قایمی ببەستم و لە شلی و شێواوی بێزار بووم. لە زانکۆی سەلاحەدین پاڵتۆم لەبەر دەکرد و دەمەویست کە هەردەم لەشم بە شێوەیەکی

[19] _ سایدر ناوی خواردنەوەیەکە. کەسێک کە پارەی کەم پێ بێت و حەزی لە سەرخۆشی بێت، ئەوە سایدر دەخوات. سایدر تایبەت بە دەرمانخۆر و پاتاڵەکانە!.

جوان و ڕێک و پیاوانە داپۆشراو بێت. هەستم بەوە دەکرد کە مرۆڤ دەبێت جلێکی والا و پاک لەبەری بکات.

لە زانکۆی سەلاحەدین، لە کۆتاییەکانی خوێندن وردە وردە جلەکانم شلی و شێواوی تێکەوت. بە تیشرتەوە دەگەڕام و پەنتۆڵی کابۆم لە پێ دەکرد. شلی و شپرزەیی وردە وردە منی دەگرتەوە. لە ڕێگەی ژیان و ناسینی ڕۆژئاوا ئیتر بە تەواوی منی لە شکۆ و شەرم دوور خست. لە بیرمە کاتێک کە لە یۆنان لە کەناری دەریایەک گوزەرم دەکرد، کۆیەکی زۆر ژنم بینی کە بە جلی بیکێنی و دەرپێ و ستیانەوە هات و چۆیان دەکرد، پیاوەکانیش بە پەنتۆڵی سێچارەک و ژێرکراسێک یان بە ڕووتی خەریکی خواردنەوە بوون. کەوتمە بیری ئەو ئایەتەی قورئان کە خوای مەزن دەفەرمێت لە زەوی بگەڕێن و دواڕۆژی تاوانبارەکان ببینن. هەستم کرد کە من وردە وردە بەرەو لایەنی ژیان و فەرهەنگی ڕۆژئاوا دەچم. هەستم بەوە کرد کە منیش وەک ڕۆژئاواییەکان کەناری دەریاکان و شوێنەوارەکانی کۆن بۆم دەبێتە شوێنی بەسەربردنی کات و گەڕان و سەیران و خۆشگوزەرانی.

جلی کوردی بۆ پیاو کە دەبێتە چۆخەوڕانەک، بۆ بۆنەکان و یادەکان نەبووە و نیە، بەڵکو بۆ ژیان کردن بووە. جلی کوردی بۆ پیاوان بە بەندوخوێن و شاڵەوە ئەوەم بۆ دەردەخات کە کورد چەند ورد و ژیر بووە لە ناسینی شێوەی ژیان کردن لەسەر زەوی.

پرسیارکەرێک بە تووڕەیی یەخەم دەگرێت و ئێژێت: دەتەوێت بێژیت چی!؟.

منیش دەڵێم: هەی نەزان... چیت لەگەڵ بڵێم!.

شەیاتین هەردەم من بەرەو شلی و شپرزەیی دەبەن و لە خۆگورج کردن و خۆبەستنەوەی من هەراسیان هەیە. ئەوەی کە لە تەواوی دەورەکانی ژیانم سرنجم لێدا، ئەوەیە کە هەوڵ و تەقالایەکی فرە و فراوان لە لایەن ئیبلیس و شەیاتینی جن و ئنسەوە هەیە بۆ ئەوەی کە من لە جل و داپۆشین و بەندوخوێن و شاڵی کوردی دوور بکەنەوە. زۆر کەس دەربیبڕیوە کە لە هەڵپێکانی یەخەی کراسەکەم وەڕەسە، زۆرکەس لە ڕوومەتی بە هەست و پرسی من، ڕوومەتی گرژ و تاڵ بووە. زۆر هەوڵ و پەلامار دراوم کە خۆم و لەش و داوێن و هەستەکانم بکەمەوە و خۆم بەرەڵا بکەم. پەلامار دراوم کە سەرخۆش و بێشەرم لە زەوی بژیم، دەیانەویست کە

شاخی شکۆی من بشکێنن، زۆر پەلامار دراوم و منیان ئازاردا، بەڵام ئەگەر خوای گەورە خواستی هەبێت، ئەگەریش شاخ و شەوکەتم بشکێنن، دیسان دەگەڕێمەوە بۆ خۆبەستنەوە و خۆپارێزیەک کە لە سروشت و دەروونم هەیە.

ئایا هەستت بەوە کردووە کە کەسێک هەردەم چاودێریت دەکات و ئاگای لێتە**!؟** کەسێک کە هەردەم خواستی شەڕی هەیە و کەسێک کە هەردەم خواستی چاکەی هەیە**!؟**. من هەست دەکەم چاودێرم هەیە**!**. ئاوەها لە زەوی دەژیم**!**.

لە ڕاستیدا بە هیچ جل و ڕوومەتێک دڵم خۆش نەبوو، ئیتر خواستی ئەوە لە مندا نیە کە بگەڕێمەوە بۆ جلەکانی دەورەیەکی تایبەت لە ژیانی خۆم، لەبەر ئەوەی کە هەستم بەوە کرد دەبێت دەروون و ناوەوەی خۆم لە بنەوەی جلەکان گورج و ئامادە بکەم، وەک سەرباز و کەسێکی لە شەڕ کە هەرچرکە سەروچاوی بە ناوی خوای مەزن ورد و وریایە. ئیتر کەسێکی ئاوەها هەرگیز بە دەرپێوە ناچێتە کەناری دەریا و بە خۆش خەیاڵیەوە لەگەڵ ژنێک ناخولێتەوە کە بە بیکێنی پیاسە دەکات.

پاش ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ کۆیەک بیرەوەری لەگەڵ گورج و گۆڵی و سفتی و سەختی جل و شاڵ و بۆین باخەوە هەستم بەوە کرد کە دەبێت دەروون و ناوەوەی خۆم بۆ قەیران و کارەساتەکان و پەلامارەکان ئامادە بکەم. ئەم هەموو وێنە و بەرەبەیانە کە لە زەویدا لەگەڵ مرۆڤ چێشتم و بەسەرم برد، هەر ئەوەی شایستەیە کە لە ڕێگەی خۆمدا بەردەوام بم و بزانم کە چ جۆرەیەک لە بەرەبەیانەکانی تر لە ژیانی من دەخولقێت. چێشتنی بەرەبەیانەکان لە زەوی لە وێنەی هەژار و لە مەترسیدا منی خۆشە دەکرد و ئەوەندەی تر منی ژەند و منی گرتەوە. ئەوەی کە لە پاش ئەو هەموو وێنە و بەسەرهاتە بۆ من دەرکەوت، ئەوەیە کە من گوزەر بەسەر زۆر وێنە و بەسەرهات دەکەم و بە ناوی خوای مەزن دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی شایستە لەو جۆرە دیمەن و وێنانە هەستەکانم و هەناسەکانم بۆ زایین و بەر ئامادە و وەرزاو بکەم.

## نۆک و کژمیژ

زۆربەی ئێمە نۆکی برژاو و کژمیژی[20] پێکەوە خواردووە. کاتێک کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووین، خواردنی ناو زەنگی پشووەکانیان دەدا. یەکێک لەو خواردنانە نۆک و کژمیژ بوو. نۆکی برژاو و کژمیژ پێکەوە تام و بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە. بابەتی سامیەکان و سامریەکان وەک نۆکی نەبرژاو و کژمیژە، نەرم و سەخت تێکەڵی یەکدیە. هەروەها ئەم باسە هەست و هزری ڕاست و ناڕاست، دژ و دۆست، یار و نەیاری تێکەڵ بووە. زۆر بە وردی و وریایی دەست و دەمی بۆ بەرن.

# سامیەکان و سامریەکان

## نەفرەت و ڕق لە یاران و نەیارانی دینی ئیبراهیمی

لە ئەدەبی مندا دوو خاڵ و چاڵ بەهای هەیە کە نەک بە دەست بەڵکو بە ددانیش دانم پێدا نیاوە:

خاڵی یەکەم، هەر جۆرە هەڵسووکەوتێکم لەگەڵ وشەکان کردبێت، لە ژینگەی ئیسلامدا کراوە. لە بنەماڵەیەکی موسوڵمان، لە حوجرەیەک کە وانەی دینی ئیسلامم تێدا خوێندووە، وە لە زانکۆی سەلاحەدین زانکۆم تەواو کردووە کە بە ناوەکەی دیارە کە چیە!؟. لە ساڵی هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆی زایینیەوە من لە بەر دەستی مەلا و مامۆستا و بنکەکان هات و چۆم کردووە، لە بەر دەستی مامۆستا حەبیب تا گەیشتە مامۆستا حەمید عەزیز کە ئەویش باسی لەوە دەکرد کە دین و ڕستەکانی ئیسلام خۆماڵی بکرێتەوە.

من ڕووم لە هەر شوێن و کەسێک کە کردووە، ناوەکان و ڕستەکانی ئیسلامی یاد کردووەتەوە، بە شەڕ و بە خێر. دکتۆر حەمید عەزیز کە مامۆستای بواری کۆمەڵناسی و فەلسەفە بوو، لە پۆلی زانکۆ ئەم ئایەتەی لە قورئان هێنایەوە: الذین یستمعون القول فیتبعون أحسنە(الزمر ١٨) خۆیشی تەفسیرێکی بۆ کردەوە و وتی: " لە قورئاندا هاتووە لە گوێ لە قسەکان بگرە و شوێنی باشەکەی بکەوە." مەبەستی ئەوە بوو کە شوێنی هەموو ڕستەکانی قورئان نەکەون و هەندێکی شایستەی ئەوە نیە کە بە دوای و داوی بکەویت. ئەو قسەیە منی تووڕە کرد کە بۆ

---

[20] _ کژمیژ، کشمیش

ماموستایەک ئاوەها خەریکە بە تۆزە ڕستەیەک کە لە سەر دەمیەتی خەریکی فرت و فێڵە لەگەڵ دەستە قوتابیەک کە ئەو ڕستانەیان نەبسیتووە، وە نازانن کە چ هەستێک لە پشتەوەی ئەو هەناسەی ماموستا حەمیدە کە لەگەڵ ئەو ڕستانە دێتە دەرەوە!؟

مەبەستم لە خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ئیسلام بە ناوەکان و ڕستەکان، دۆستەکان و دوژمنەکان، عێراق و ئێران، حوجرە و زانکۆ، ژینگەیەک بوو بۆ هات و چۆکردنی من و وشەکان.

چاڵی دووهەم (لێرە حەز دەکەم خاڵ بە چاڵ بناسێنم) پاش ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتم بە جێ هێشت و سەرم کرد بە ڕۆژئاوادا، خاڵ لێم بووە چاڵ. لە ماوەی چوار ساڵە کە لە ئینگلیس دەژیم، هیچم نەکرد جگە لەوە نەبێت کە ناوەکان و ڕستەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان یاد بکەمەوە. گەر من ئەو دەمەی کە هاتم جوابم وەربگرتبایەت، ژینگەی ئەوە خۆش دەبوو لە پەرە بە خوێندن بدەم. بەڵام بە خواستی خوای مەزن جوابم وەر نەگرت و لە چاڵێک کەوتم کە کارێکی کرد تووشی زۆر ژینگەی سەخت و دژوار ببمەوە کە تەنیا و دەردەدار بمێنێمەوە، وەک خەستەخانە و بەندینخانە و کەمپ، کە لە تەنیایی و ئازاردا بوو. من ئەو دەورە بە چاڵێک دەزانم کە خوای گەورە بۆ منی کەندبوو، بۆ ئەوەی کە دەورەیەک کە ئێستەش بەردەوامە تێدا بمێنم و ناوەکان و وشەکان و چیرۆکەکان یاد بکەمەوە. ڕستەکانی ئیسلام وەک پردێک بوو بۆ من، هەر ئەو ڕستانە لەم چاڵە یارمەتی منیدا کە کرانەوە بۆ هۆشی من بکرێت. هەر ڕۆژ و هەر شەو لە خەو و بێداری لەش و هۆشمدا، وشەکان و ناوەکان کار و گەمەی لەگەڵ دەکرا.

لەم دەورەدا کە ئێستەش تێدام بە ناوی خوای مەزن ئەگەر شمشاڵم بە دەستەوە بایەت، دەبوومە شمشاڵژەن، ئەگەر تەزوێم بە دەستەوە بایەت، ئیتر ڕستەیەک لە سەر دەمی من نەدەهاتە دەرەوە. بە ناوی خوای مەزن پێنووس لە هەر دەورەیەک بە دەستمەوە بوو، ئیتر کار و گەمە لەگەڵ وشەکان منی بە خۆیەوە خەریک دەکرد. لە هەر دەورەیەک کە خەریک دەبووم، نیگەرانی من ئەوە بوو کە لەوە دەرچم کە من وەک ئەدیب یان ئەو ناوانەی کە لە نێو مرۆڤ باوە بمناسنەوە، زۆر هەراسم لەوە هەبوو کە لە داهاتوو لە نێو کورددا وەک ناوێکی ناسراو وەک ناوەکانی تر بمناسنەوە. ئەوەی کە من لەگەڵ وشەکان دەمکرد، لە گەمە دەرچوو بوو. بە ئەو

دەستە وشەیە کە بە کارم دەبرد، هەستم دەکرد کە گەمە نیە. کاتێک دەورەیەکی چوار ساڵە کە من تێدا دەژیم لێم دەبێتە چاڵێک، کاتێک کە پیت و نوقتە بۆ من دەبووە پەند و نوتفە، وای دەکرد کە وریا و ئاگا بم، لەوەی کە بۆی هەیە لە داهاتوودا بێتە دی!

لەم چاڵەی کە تێدام، نەمکردە شوێنێک بۆ ئەوەی کە خوای مەزن لێبووردنم لێ بکات، نەمویست کە ئەم دەورە ببێتە دەورەیەک بۆ ئەوەی کە چاوەڕوان بم کە مرۆڤ یان مرۆڤێک من دەربهێنێت. ئەم چاڵە بووە بەرەتای نووسینێک کە هەر کەس شایستەیی ئەوەی نیە کە بچێتە ناوەوەی. لەم چاڵەدا بە هەستەکانی خۆمدا چوومەوە و ڕەگ و ڕیشەی هەست و نەستی خۆمم دەرهێنا و خۆم شل و شیکاری کردەوە.

لەم چاڵە بوو کە بۆ من دەرکەوت، ئەوەی کە بەرگری لە کرانەوە بۆ مرۆڤ دەکات، نەزانی نیە. بەڵکو ئاکاری مرۆڤە کە دەبێتە هۆی ئەو بەسترانەوەیە. نەزانی کوێرە و گەر لە شوێنی خۆی دابنێت، لە شوێنی خۆی جووڵە ناکات. بە پێچەوانەوە ئاکار لە مرۆڤدا زیندووە، وەک ساج و پەرەمێزی نان کردنە، تا پێ نەبێت و گەرم نەبێت، هەویر بە نان ناکات. ناسین و مەعریفەت لەسەر ساجی ئاکار دەبرژێت، ئەو هەست و ژینگە کە ئاکار دروستی دەکات، وشەکان لە گیان دەکاتەوە. ئاکارە کە زاناکان و نەزانەکان دروست دەکات، ئاکار دەوری لەوە هەیە کە ڕستەکان و ناوەکان لە دەوری مرۆڤ کۆ بێتەوە یان دوور بکەوێتەوە.

دینەکان لەسەر بەها ئاکاریەکان پێداگریان کردووە. ئەو بەها ئاکاریانە وەک چەند ماسی کە بەری ئاویان لێ بووبێتە گۆم، ماونەتەوە و لەو گۆمەدا تۆپیو دەرهاتوون. ڕۆژئاواییەکان وەک فردریک نیچە وشەی ئاکاری لە لای مرۆڤدا قیزەون کرد، هەر ئەو بوو کارێکی کرد گەنجەکانی ئێران بیانەوێت کە سنوورەکانی ئاکار بدڕێنن. مار خۆی گۆشتی مەڕی بۆ دەرنایەت کە بیخوات، بە ژەهری پێوەی دەدات. ئەوانەش کە دژایەتی ئاکاریان کرد، وەک ئەو مارەیە کە پێیان ناخورێت.

لە چاڵی ڕەحمەتی خۆمدا بوو کە بۆم بەدەرکەوت: بۆ ئەوەی کە مرۆڤ شایستەی ناوەکان و ڕستەکان بێت، دەبێت کە ئاکاری بەرز و پیرۆز بکاتەوە. ناوەکانی خوای گەورە هەر هەموویان ناوی ئاکارین. بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە پێگەی ناوی خوای مەزن نزیک بێتەوە، دەبێت کە لەو ناوانەوە نزیک بێتەوە. زانست و ناسین وەک

ئارەزوو و ئاوات نیە کە مرۆڤ پێی بگات، بەڵکو ناسین و زانست وەک چاڵێکی سەر ڕێگایە، داکوتراوە کە مرۆڤ ئەو ڕێگەیە بە سەلامەتی گوزەر پێبدات. ئیتر من وریا بوومەوە کە من سەرەوەی دە ساڵە بە شوێنی زانست کەوتووم، وە دەمەوێت کە لە ئینگلیس بە شوێنی زانست بکەوم، ئەمە چ زانستێکە کە هەر هەمووی ژیانی منی لە نەزانی هێشتەوە!؟.

## یەک و زیاتر لە یەکدانە

مامۆستا مەنسووری کۆیکی[21] کە لە تازە مامۆستاکانی حوجرە ئیقباڵی لاهوری بوو، بە قسەیەک کە ئەو کاتە کردی تەرەکێکی بۆ من بەدەر خست کە وەک درزێکی چکۆلە لە داهاتوویدا بووە هۆی ئەوە کە پەیکەری ڕستەکانی خۆی پەلامار بدات. مامۆستا مەنسوور وتی: بەشکە خوای گەورە کەسێکی وەک غەزالی لە نێو ئێوەدا بخاتەوە.

لە بیرمە ڕۆژێک لە ساڵۆنی نوێژی حوجرە فەقێکان لە دەوری مامۆستا مەنسوور کۆ بوونەوە و باس و خواسی دینیان دەکرد. مامۆستا مەنسوور مەلایەکی تازە پێگەیشتووی خاوەن وزە و هەست بوو. بە دەم و ڕوویەکی بە داوا و خواستەوە وتی: " بەشکە خوای گەورە کەسێکی وەک غەزالی لە نێو ئێوەدا بخاتەوە." مەبەستی موحەممەد غەزالی میسری بوو.

" قسەکان دەری دەخات کە دامەزراوەکان بەرەو کوێوە دەچن."

کاتێک مامۆستا مەنسوور ئەو قسەیە لە نێوان پەنجا فەقێدا دەکرد، بەو قسەیە دەریدەخست کە فەقێکانی لە داهاتوو دەوری چۆڵ دەکەن و زەحمەتە کە ناوێکی گەورە لە نێو ئەو پەنجا فەقێ بخولقێت.

سەرچاوەی ئەو قسەی مامۆستا مەنسوورە لە خۆیەوە نیە، بەڵکو لە سامیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. سامیەکان کە بە شەجرەی باوک و منداڵەکانی بەنی ئیسرائیل دەوترێت، نەخشەیەکیان دامەزراند لە زەویدا کە مرۆڤ بەسەر ئەو نەخشەدا ڕێ و ڕێبازەکانی دامەزراندووە. یەکێک لەو نەخشانە ئەوە بووە کە ناو و پێگەی پەیامهێنەریان بۆ مرۆڤ دامەزراند.

---

[21] _ کۆیک ناوی یەکێک لە ئاواییە گەورەکانی دەشتی زەهاوە.

سامیەکان لە سەرەتاوە لە لادێکان بوون، ڕێژەی لادێکان ئەو کاتە زۆر نەبووە. خوای گەورە کەسێکی بۆیان دەنارد کە وەک مامۆستا و زانا، وانەکان و ناوەکانیان بۆ بکاتەوە. ئیتر هەرچی لە پاش ئەوانەوە هات، بەو ڕێ و ڕەوشە، کەسێکیان بۆ دەچوو بۆ ئەوەی کە وانەکان و ناوەکانیان بۆ بکاتەوە. ئەوان بەو نەخشە کە بۆیان داڕژا بوو، نەوەکان و ناوەکانی داهاتوویان گەشە پێدا. بۆ نموونە دۆستی و دوژمنی دین وای کرد کە نیچە بزێت. فرۆید و ئەنیشتەین لەو یەهوودیانە بوون کە لە ئاوارەیی و گەڕان( کە لە تایبەتمەندیەکانی خوێنی یەهوودە) توانیان بەری بیریان بگرنەوە. هەروەها زۆرێک لە ناوەکانی کۆن و نوێ لە ئیسلام و یەهوود و مەسیحیەکان بە دۆستی و دوژمنیەکانیان، گەشەیان بە ئەدەبی وشەکان و تۆڕی ناوەکان داوە. ڕینسانس و دەورەی ڕۆشنگەری و مودڕنیت و پۆست مودڕنیت و سەرجەم ناوەکانی ئەو دەورانانە، لەسەر هەست و هەناسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دامەزراوە، کە پڕ لە ڕق و تووڕەیی لە دین و ئایین بووە. دین و ئایینیش لەسەر دەستی سامیەکان دامەزراوە و دەخولێتەوە.

هەستەکان و ڕستەکان و چۆنیەتی ژیانی ئەوانە کاری لە نەوەکانی داهاتوو کردووە. یەکێک لەو جۆرە کردار و ڕەوشتە بەهێزانەی کە کردوویانە، ئەو کاتە بووە کە کابرایەک بە ناوی سامری گوێرەکەیەکی زێر دروست دەکات و پێیان دەڵێت کە ئەوە خوایە. لە کاتێک کە موسا پێش ئەوەی بە جێیان بهێڵێت، باسی خوای کردبوو کە چیە و چۆنە؟. بەڵام ئەوان گوێرەکەی زێڕینیان بە خوای مرۆڤ ناساندووە. ئیتر ئاوەها ڕەفتارێک کە گوێرەکە بکەیت بە خوا، کاری خودی مرۆڤ نیە، بەڵکو شەیتان لە پشتەوەی ئەم کارەوەیە. لەبەر ئەوەی کە فرت و فێڵەکانی شەیتان زۆر کرمی هەیە، جار بە جار دێنە دەروە و من دەتوانم کە کرمەکانی ببینم!.

لە دەورانی نوێدا، نەوەکانی سامری بانگەشەی ئەوەیان کرد کە مرۆڤ لە مەیموون دروست کراوە. ئەوانە لە ڕووی زانست ئاوەها ناڵێن، بەڵکو لە ڕووی ئاکاری چڵکن و چەپەڵیان باسی گوێرەکە و مەیموون دەکەن، لەبەر ئەوەی کە ترسنۆک و قیزەون و غروری ناحەقیان هەیە. بۆیە وریا ببنەوە کە سامیەکان دامەزرێنەری ناوەکان و ڕستەکان بوون. هەر ئەو ڕستە و ناوانە بوون کە وانەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتوو نەخشە ڕشت، هەر ئەوانە بوون کە مرۆڤیان لە سەر ڕێگە پەرت کردە دەرەوە.

ناوەند و سەرەوە و سەروەر کردنی ئاژەڵ لە دین و ڕێبازەکانی مرۆڤی کۆنە، بۆ نموونە فیل لە هیندوستان، هەڵۆ لە دینی زەردەشتی، ماری کوبرا لە میسری کۆن، ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە سیمبۆلی گەورەیی و سەرەوەی لە پەیکەری ئاژەڵ بینیوە. لە ئەدەبی مرۆڤی ئەو قسەیە باوە کە بە کەسێک ئێژن وەک شێرە، بە کەسێکی تر ئێژن وەک ڕێویە، بە کەسێکی تر ئێژن وەک گورگە، یان کەسێکی تر وەک مارە. ئەو جۆرە لێچوونانە و خواستی ئەوە کە مرۆڤ وەک ئەو ئاژەڵانە بێت، لە مرۆڤ هەیە. ئەمە ڕەوتێکی دژ و نەیاری ئایینی ئیبراهیمیە. مرۆڤ ئاژەڵ دەکاتە هێما یان خوا. لە قورئان باسی مانگا و گوێرەکە دەکات و ناوێک لە فیل و هەڵۆ و مار وەک خوا و هێمای گەورەیی باس ناکات. بەشکە بۆ کەسێک پرسیار بێت کە ئەگەر فیل هێمای وزە و هێز و بێمنەتی و پتەویە، وە هەڵۆ هێمای بەرزەفڕی و سەروەریە، ئەی گوێرەکە و مانگا هێمای چیە!؟ خوێنی مانگا و گوێرەکە دوو تایبەتمەندی تێدایە، یەکەم حۆلی و گێژیە، دووهەم شێتی و جنوونە. کاتێک کە مانگا دەلەوەڕێت و کلکی دەلەقێنێت، بە دەوروبەری دەگەیەنێت کە ژینگەی لێ تێک نەدەن و بە خۆیەوە بیهێڵن. باوەڕداری هێمای گێژیە، وەک ئیماندارەکان بە مەسیح، وە بێباوەڕی و دوژمنی مەسیح هێمای گرژی و شێتیە، وەک نیچە. هەردوو حاڵەتەکە لە باوەڕداران و بێباوەڕان بە مەسیح هەیە. ساردەمەنیەکیان بە ناوی رد بووڵ(گای نێری سوور) دروست کردووە، کە بە ناو و ناوەڕکی گەردش و سووڕانی زوو و زۆر بە بخۆری دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی کە کافئینی زۆری تێدایە. گای نێر وەک هێمایەک بۆ لێدان و دڕان لە فەرهەنگ و هونەر شوێنی خۆی کردووەتەوە.

کاتێک کە موسا بە قەومەکەی ئێژێت ئەچم بۆ چلە، قەومەکەی لە دڵەوە تووڕە و بێزار دەبن، بۆ خوا بەس موسای دەوێت؟ ئیتر ئەمە وەک ئەو دوو منداڵەی لێ دێت کە باوکیان دەستی یەکێکیان دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیبات، ئەوەکەی تر تووڕە دەبێت و کارێکی ناشایستە دەکات، بۆ ئەوەی کە تووڕەیی باوکی هەڵسێنێت.

لە بیرمە ساڵی هەزار و سێسەد و هەفتاو سێی هەتاوی کە خەڵک گەڕایەوە بۆ دەشتی زەهاو، دەستیان بە دروست کردنی خانوو کرد. یەکەم کەس کە باپیری من بوو، خانوویەکی دوو ژووری و بەرتارمێکی دروست کرد. ئەو شێوە و نموونە بۆ دروست کردنی خانوو، بووە نموونەیەک بۆ هەموو ئەو خەڵکە کە دەهاتنەوە. ئیتر

هەموویان لاسایی یەکەم نەخشەیان دەکردەوە. هەروەها یەکەم نەخشە و دارشتنە دینی و ئەدەبیەکان لە بەرەتاکانەوە بوونە هۆی ئەوە کە مرۆڤ لاسایی ئەو نەخشە بکاتەوە و بەسەر ئەو بونیادە گوزەر بکات. بۆ نموونە نیچە و مارکس و زۆرێک لە ناوەکان لەسەر ئەو بونیادەی کە ئیبراهیم دایڕشتووە، گوزەریان کردووە. نەقاشێکی وەک میکل ئانژ وێنەی ئرمیا یان (عزیر) ی پەیامێنەر، وە تابلۆی خولقانی ئادەم دەکێشێت. داوینچی تابلۆی تەعمیدی مەسیح و شامی کۆتایی مەسیح دەکێشێت.

مامۆستا مەنسوور کێشەکەی بۆ من ئەوە بوو کە لە نێوان ئەو هەموو ناوە کە شایستەیی فراوانتریان لە غەزالی میسری هەیە، ناوی غەزالی دەهێنێت. لەگەڵ ئەوەدا ئەو قسەیە ئاماژە بەوەیە کە مامۆستا مەنسوور لەسەر ڕێ و ڕێگەی سامیەکان ماوەتەوە. لەبەر ئەوەی کە ئەو بڕوای بەوە هەیە کە کەسێک و ناوێک دەبێت بزێت. یەکێک کە زیندووکەر و بڵندکەر بێت، یەکێک کە بەس بێت بۆ هەمووان. بە پێچەوانەی مامۆستا مەنسوور، ڕۆژئاواییەکان دژایەتی ئەوە دەکەن کە ناوێک بێت و بزێت. قەومەکەی موسا یەکیان ناوێت، پرس و ترسیان ئەوەیە کە بۆ بەس موسا دەبێت بەخشندەیی فرەی پێ بکرێت!؟.

گەر تیشکی ڕووناکی نەبێت، ئەوە تاریکی بڵاو دەبێتەوە. گەر موسا نەبیت ئەوە دڵنیا بن کە کەسێکی وەک سامری خۆی قیت دەکاتەوە. ئەمە لەو ڕێ و شێوانە بووە کە سامیەکان لە بەرەتاکانەوە بۆ نەوەکانی مرۆڤ دایانمەزراندووە. هەردەم کارە گەورەکان بە یەکێک کراوە و هەردەم چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە یەکێک بێت!.

ئەدەبی ئیسلام یان دینی ئیبراهیمی هەردەم بە یەک کەس یان یەک ناو لە دەورەکان دیار بووە و دەرکەوتووە. هەردەم یەکێک هاتووە و باسی یەکێکی گەورەی کردووە. لە کاتێک کە مرۆڤ و ئەدەبی مرۆڤ هەردەم بە کۆ بوون و باسی کۆیەکیان کردووە. بوتەکانی ناو کەعبەی پێش ئیسلام سەرەوەی سێسەد دانە بووە، خواکانی یۆنان زیاتر لە دە بووە. ناوەکان لە ئەدەبی مرۆڤی هەردەم هەوڵی ئەوەی داوە کە پیرۆزی یەکدانە بشکێنێت و پیرۆزی کۆیەک یان گەورەیی و هاوشانی کۆیەکی جیا و جودا دەربخات، بە شێوەیەک گەورەیەک بێت کە بتوانێت بان و خوار و گەمەی لەگەڵ بکات، وەک منداڵ بۆی بگری و بە دەستی بهێنێت و لە کۆتایی بە دەستی خۆی بیشکێنێت!.

لە دەورانی حوجرەدا وانەیەکی حەدیسمان بە ناوی ئەربەعینی نەوەوی دەخوێند کە چل حەدیسی پەیامهێنەری ئیسلام بۆ فەقێکان دەوترایەوە. لە حەدیسی دووهەمدا جبرەئیل لە پەیامهێنەری ئیسلام پرسیار دەکات کە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت چیە!؟.

پەیامهێنەری خوا دەفەرمێت: أن یلد ألامة ربتها، و أن تری ألحفاة ألعراة ألعالة رعاء ألشاء یتطاولون فی ألبنیان.

ئایا ئەوە ڕستەیەکە کە وەک هەواڵ بەس لە دەمێک هاتووەتە دەرەوە، یان ئەوە ڕستەیەکە کە لە دەستێکەوە خولقاوە!؟ ئەو ڕستە لە ڕستە سامیەکانە کە گەشە بە ئەدەبی سامری دەدات. ڕستەیەکە کە دەستی هەیە لە دامەزراندی ئەو دیمەنەی کە باسی لێوە دەکات. گەر ئەو ڕستە بە ناوی خوای مەزن ڕاست بێت، نابێت کە لە سەر ئاوەها وتەیەک، ئەدەبی کوردی کە لە ئەدەبی سامیەکان نیە، گەشەی پێ بدەین. ئاوەها ڕستەیەک بەرەو ئاوەها دیمەنێک دەمانبات کە لە ئەدەبی ئیسلامدا داڕژراوە. مرۆڤ لەو لێدانە کە هۆشی یەهوود لە زەوی داوە، دەمبات بۆ ڕستەیەک کە دڵی دەوێت کە بیڵێت: خوا ئاوارە لە نێو مرۆڤ گەڕا، گەیشتە موحەممەد، ئەدەبی پێ بەخشی!.

چ مانایەکی هەیە کە خوای شکۆ و فێڵ و حیکمەت ئاوارە بێت؟ ئەو ڕستەیە هەوڵی شکاندنی شکۆی خوا نیە، بەڵکو لە جێگەیەک دەدات کە ئێسکی پتەوی پێوەیە.

گەر ئاوەها توند و تیژ دەدوێم، لەبەر ئەوەیە کە دەمەوێت خۆم لە ڕستە سامیەکان بشۆرمەوە. من گەر ئەم هەموو ڕستەیەم نەنووسیبایەت، دەمردم. ڕشامەوە و پاش ئەوەی کە ڕشامەوە هەستم بە سووکی و ئاسایش و ئارامش کرد. چ زوڵمێکی گەورە لە ئاستی بووندا کرا کە منی لە ناوەکانی سامی و سامری ڕشاندەوە، ئەوانەی کە ناو و پێگەی خوای مەزنیان لە زەوی پیس و پەست کرد.

منێک و بوونێک بوونی هەیە کە نە دەیەوێت کەس بە شوێنی بکەوێت وە نە دەیەوێت کە شوێنی کەس بکەوێت، نە دەیەوێت پشتی لەکەس بێت وە نە دەیەوێت ڕوو لە کەس بکات. سەرەتا و کۆتایی نیە، قیبلە و قیامەتێک نیە. من و دەروونێکی شەیدا و پەرێشان. من دڵم بەو شێخ و دەروێشیە کە دینەکان و ڕێبازەکان دروستیان کردووە خۆش نەبووە. بوونێک کە دۆستی ناوەکان دەکات و توند و بە

هەست و سۆز دۆستیان دەکات و پاش ماوەیەک لێیان گوزەر دەکات. دەروونێک کە دەچێت هەر خوێندنگە و قوتابخانەیەک، بەگژیان دەچێت و بە جێیان دەهێڵێت و لە دڵەوە ئەزانێت کە ڕۆژێک بۆیان دەگەڕێتەوە و یەخەیان دەگرێت.

دەرگی ماڵەوەت پێ دەگرن و شەڕی ڕستەکانت پێ دەفرۆش. ئەو ڕستە سامیانە لە کوردستان بنکە و بنەوای بۆ دامەزرا کە فێری نەوەکانی کوردی بکەن. لە بناری کێوەکانی شاهۆ لە هەوای ساف و خاوێنی کوردستان و هەورامان، لە زەویەک کە پان و جوانە و دڵبەری مرۆڤ دەکات، گەشە بە ڕستەیەک دەدرێت کە باسی بونیادی خانووە بەرزەکان دەکاتەوە. ئەو مامۆستایانە کە ئەو جۆرە حەدیسانەیان لە هەورامان دەوت، ناتەوان بوون لەوەی کە بزانن نابێت کە هەر ڕاستیەک و ڕستەیەک بۆ نەوەکان بوترێت. وشەی ڕستە لە وشەی ڕاستی جودایە، ڕاستی بە نوورەوەیە و ڕستە بە خوێنەوەیە. ئەوانە نەزان بوون لەوەی کە ڕاستی بە نووریان کردە ڕاستی بە خوێنەوە!.

مرۆڤەکان و موسوڵمانەکان بە تایبەتی هزر و هەستیان بەرانبەر بەم قسانەی من زۆر شل و شپرزەویە، لەبەر ئەوەی کە نەزانن. وەک کەسێک کە سەردانی ئەشکەوتێکی گەورە دەکات و شنە بایەکی سارد بەر لەشی دەکەوێت. لە خۆی پرسیار دەکات، ئەرێ ئەم شنە بایە لە کوێ دێت؟ نەزانە و سەری سوورماوە کە ئەو بایە چۆن لە بنەوەی کێوێک دێتە دەرەوە!؟ بەشکە بە ناوی خوای مەزن بە نموونەی مەیموون و باسی باپیرانی مرۆڤ، زانیتان ئەو بایە لە کوێوە دێتە دەرەوە!؟.

## مرۆڤ و مەیموون

لە سەرەدەمی نوێدا باس و باو ئەوە بوو کە تیۆر و بابەتی گەشە و پەرەی مرۆڤ لە مەیموونەوە لە تیۆری توخمەگەشە[22]، لە هەر ناوەند و دەربەندێک و گۆڤەندێکی مرۆڤی باس بکرێت. بە بابەتێکی زانستی و نوێ و پڕ لە بەڵگە و پشتگیری، کارێکی کرد کە تەشەنە لە هەر هزر و دین و ڕێبازێک بکات. لە بەرانبەر ئەمەوە موسوڵمانەکان بە بەڵگە و ڕستەی خۆیانەوە دژایەتی باسی تیۆری توخمەگەشەیان دەکرد. وێنەی بەرەی شەڕی ئەوانە وەک دوو بەرە بوون کە لە دوژمنایەتی یەکدی،

---

22 _ توخمەگەشە، evolution ، هاوشانی وشەی ئێڤلۆشنم لە زمانی کوردی لە ویکی پدیا وەرگرتووە.

**لە بەرانبەری یەکدی تەقە لە یەکدی دەکەن. ڕوونتر مەبەستم ئەوەیە کە ئەو دوو بەرە وەک دوو دوژمن لە بەرانبەر یەکدی بوون و تەوانی ئەوەیان هەبووە کە دەم و دەستی یەکدی بە قسە و کتێب پەلامار بدەن، بالانس لە وزەکان و سەربازەکانیان هەیە.**

**ڕستەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە داهاتوو بخولقێنن. ڕستەیەک کە دەستێکی زانا نووسیبێتی، تەوانی ئەوەی هەیە کە لە داهاتوو لە بووندا گەشە بکات. لە کتێبی قورئاندا هاتووە: فقلنا لهم کونوا قردة خاسئین(البقرة ٦٥)**

**قورئان لە پێشتردا دایمەزراندبوو کە لە داهاتوو مرۆڤ باسی ئەوە دەکات کە لە مەیموونەوە هاتووە. ئێوە چیتان بەرانبەر بەو قسە هەیە!؟.**

## زینەت و ڕازاندنەوە

**خوای مەزن لە زۆرێک لە ڕستەکانی قورئاندا ئاماژە بە وشەی زینەت دەکات.**

**فقضهن سبع سموات فی یومین و أوحی فی کل سماء أمرها و زینا السماء الدنیا بمصابیح و حفظا ذلک تقدیر العزیز العلیم(فصلت ١٢)**

خوای مەزن بە خواستی خۆی زینەت بە ناوەکان و ڕستەکان دەدات. خوای مەزن لە ئایەتێک لە سوورەتی فوسیلەت دەفەرمێت کە ئاسمانی دونیامان بە ئەستێرەکان ڕازاندەوە و خاوەنداریمان کرد. خوای مەزن دەستێکی تەوانای هەیە لەوە کە زینەت بدات، جوان بکات، فێڵ بکات، بیپرژێنێت، کۆی بکاتەوە، کونی بکاتەوە، بیڕازێنێتەوە بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت، بەو جۆرەی کە مرۆڤ هەرگیز لێ ئاگاه نابێت. ئەوە کە فرمان دەدات کە چ ناوێک لە چ دەورەیەک بێت و بچێت، هەروەها ئەوە کە بە خواستی خۆی فێڵ و مەکری خۆی دژی مرۆڤ دادەمەزرێنێت: **والله خیر الماکرین(الانفال ٣٠)** لە ڕاستیدا هەروەها کە دەڵێن مرۆڤ ڕەچەڵەکی لە مەیموونە، ئەوە قسەیەکی تەواو ڕاستە، هەڵبەت بەو زیادەوە کە دەستەک لە مرۆڤەکان هەر بە ڕاستی لە مویموونەوە هاتوون وە لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەکات. ئەوانەی کە بڕوایان بەوە هەیە کە لە مەیموونەوە هاتوون، ئەوانە قسەیان ڕاستە، ئەوانە لە ڕەگ و ڕیشەی ئەو کەسانەوە هاتوون کە خوای مەزن لە قورئان زەمینە و ژینگەی ئەو تیۆر و هزرەی بۆیان خۆش کردووە. خوای مەزن جۆرێک باسی

تیۆری توخمەگەشە زینەت دەدات کە بەڵگە و ڕاستی لە زەوی هەبێت کە بسەلمێنێت مرۆڤ لە مەیموونەوە هاتووە. خوای مەزن بە خواستی خۆی زینەت بە وشەکان و ناوەکان دەدات. خوای مەزن دەستە ناوێک دەخولقێنێت کە بەرگری لەوە بکەن کە مرۆڤ لە مەیموونەوە هاتووە، بۆ ئەوەی کە ئەوەندەی تر وەک زەڕافە سەر و لەشیان لێک دوور بێتەوە. ئەوە کە ئەازنێت مرۆڤ پێ خۆشە پێی بڵێت لە مویموونەوە هاتوویت. هەروەهایە، دەستەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان پێیان خۆشە کە پێیان بڵێت کە سەرچاوەی هەر هەموومان لە هیچەوەیە، لە ئاژەڵەکان هاتووین، لە بێ مانایی هاتووین. خوای مەزن وەڵامی خواستی ئەوانە بە جوانی دەداتەوە کە حەزیان لێیە کە لە ئاژەڵەوە هاتبن. بۆیە: **مرۆڤ لە دەورەکان، وەک ئەو مریشکەیە کە لە سەر ئەو هێلکانە دادەنیشێت کە پێشتر مریشکی تر کردوویە یان خۆی کردوویەتی!.**

**أو كالذي مر على قرية وهي خاوية على عروشها قال أنى يحيي هذه الله بعد موتها فأماته الله مائة عام ثم بعثه قال كم لبثت قال لبثت يوما أو بعض يوم قال بل لبثت مائة عام فانظر إلى طعامك وشرابك لم يتسنه وانظر إلى حمارك ولنجعلك آية للناس وانظر إلى العظام كيف ننشزها ثم نكسوها لحما فلما تبين له قال أعلم أن الله على كل شيء قدير(البقرة ٢٥٩)**

**لەو ئایەتەی سەرەوە خوای گەورە باسی عوزەیری پەیامهێنەر دەکات. ئەو پەیامهێنەرە بە کەرێکەوە لە تەنیشت ئاواییەک گوزەر دەکات و پرسی ئەوە لە دەروونی دروست دەبێت کە خوای گەورە چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە!؟. خوای گەورە عوزەیر دەمرێنێت و پاش سەد ساڵ زیندووی دەکاتەوە. لێی دەپرسێت: چەندەت پێ چوو!؟ عوزەیر دەفەرمێت: ڕۆژێک یان کەمێک لە ڕۆژ!. خوای گەورە دەفەرمێت سەد ساڵ خەوتی، سەیری خواردن و خواردنەوەکەت بکە، هەر وەک خۆیە، سەیری کەرەکەت بکە، دەیکەین بە ئایەت بۆ خەڵک، سەیری ئێسکی بکە کە چۆن پێکەوەی دەنێین و گۆشتی پێوە دەنێین. پاش ئەوەی کە عوزەیر ئەوەی بینی، وتی ئەزانم کە خوا(الله) بەسەر هەموو شت زاڵ و بە توانایە.**

**لەو ئایەتە ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە خوای گەورە بە خواستی خۆی کەر دەمرێنێت و خواردن بە شێوەیەک ڕادەگرێت کە پاش سەد ساڵ هەروەک خۆیەتی. ئەمە هێز و دەست و زانستێکە کە لە توانای خوایە، دەست و هێزێک کە بە خواستی**

خۆی دەڕازێنێتەوە و بە خواستی خۆی بە هەرکەس کە بیەوێت دەیبەخشێت یان سەری لێدەشەوێنێت. مەبەست و خواستم ئەوەیە کە خوای گەورە گەر بیەوێت جۆرێک لە زەوی دەکات و ئەوەندە بەڵگە و شوێنەواری تێدەخات وەک ئەوە کە زەوی ملیۆن ساڵە هەیە، جۆرێک کە کەس خاوەنی نیە، جۆرێک کە مرۆڤ لە حەشەرە و ئاژەڵەوە هاتووە، جۆرێک کە مرۆڤ بەڵگە بە دەست بگرێت کە مرۆڤ ئاژەڵە و هیچی تر. بە شێوەیەک کە مرۆڤ گومڕاە بکات و سەری لێبشەوێنێت. خوا منەتی بە کەس نیە، بۆیە باش وایە مرۆڤ نازی بە خوا نفرۆشێت!!.

زینەت وشەیەکە کە وەک ناو بە کار دەچێت، بۆ نموونە ناوی دایکی باوکی من زینەتە. زینەت وشەیەکی عەرەبیە کە هاوشانەکەی لە زمانی کوردی دەبێتە ڕازاندنەوە. بۆ نموونە براکەی من پێش ڕۆژی شاییەکەی هەرهەموو شتەکان ئامادە دەکات و دەیڕازێنێتەوە. ڕازاندنەوە بە مانای ئەوە کە جگە لەوەی خاوەن بەزم و شاییەکەیە، هەرهەموو هات و چۆکان و خواردن و دەنگ و هەرا و ڕەنگەکان لە ژێر دەستی خاوەندارێکە.

کاتێک کە منداڵ دەچێت بۆ قوتابخانە، دەبێت بە هاوکاری قوتابخانە و مامۆستا و وانە و بەرنامەی قوتابخانە خەریکی خوێندن بێت. لە یەکەمی سەرەتایی تا دوا پلەکانی خوێندن، خاوەنێک خاوەنداری بەرنامەکان دەکات. ئەو بەرنامەیە پێویستی بە دەست و دەمێک هەیە کە ژینگە بۆ قوتابی یان خوێندەوان بڕازێنێتەوە. ناوەکان و وشەکان و پەندەکان و شیعرەکان و خواستەکان و جیهانبینیەکان بە قوتابی دەوترێت. هەر بەرنامە و پەروەردەیەک بەرنامە و زینەت و ڕازاندنەوەی تایبەتی خۆی هەیە.

کاتێک کە خوای مەزن دەفەرمێت ئەستێرەکانم لە ئاسمان بۆ زینەت دامەزراند، مەبەست ئەوەیە کە وەک شایی بۆ بەزم و مەزاتێک هەموو شت لە بن دەستێکە. کاتێک کە خوای مەزن ئیرادە و خواستی دەچێتە سەر وشەکانی عەرەبی و بە خواستی خۆی بە ئەدەبی (باب و ابواب) کتابێک دەنێرێت، ئەوە بە دڵنیایی ئەوەی کە دروست دەبێت، ئەدەبی ویندۆز و پەنجەرەیە. کاتێک کە خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت: و التین و الزیتون(التین ١) لە زەوی ئیتر هەنجیر و زەیتون پێکەوە نین، بەڵکو هەنجیر و گوێز پێکەوەن. شێوەی زینەتی خوای گەورە زانست و ژیری دەوێت.

لقد سمع الله قول الذين قالوا ان الله فقير و نحن اغنياء سنكتب ما قالوا و قتلهم الانبياء بغير حق و نقول ذوقوا عذاب الحريق(آل عمران ١٨١)

لەو ئایەتە پیرۆزە دەفەرمێت کە خوای گەورە بیستی قسەی ئەو کەسانەی کە وتیان خوا هەژارە و ئێمە دەوڵەمەندین، ئەو قسەی ئەوانە دەنووسین!. کاتێک کە دەفەرمێت (سنکتب) مانا و بەهای زۆری تێدایە، وەک ئەوە کەسێک لە دژی کەسێک قسەیەک دەکات و بەرانبەرەیەکی ئێژێت: ئەو قسەتە هەڵدەگرم، یان بۆتی دەنووسم، یان بۆتم داناوە، یان بۆتی دیاری دەکەم، یان ئێژم بۆت، یان ئەو قسەی خۆتە لە بیر بێت. لە کوردی ئەو قسەمانە هەیە کە کاتێک کەسێک قسەیەک دەکات و بەرانبەرەکەی تووڕە دەبێت، پێی دەڵێت: تەڕکەم بۆت لە ئاو ناوە!. تەڕکە مەبەست چێوێکە کە کەسێک بۆ کەسێکی لە ئاو دەنات کە پێی لێی بدات. زۆر ئەوەمان بیستووە کە مامۆستاکان شەوان تووڵی داری هەنار لە ئاو دەنێن بۆ ئەوەی کە بەیانان لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ قوتابخانە.

هەروەها خوای گەورە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو قسەی کە کردتان دەینووسین، لە بیرتان بێت و لە ئاومان ناوە بۆتان!.

لە قورئانی پیرۆز باسی قەومەکەی موسا دەکات، کاتێک کە خوای گەورە خواردنیان بۆ دەنێرێت.

و ظللنا عليكم الغمام و انزلنا عليكم المن و السلوى كلوا من الطيبت ما رزقنكم و ما ظلمونا و لكن كانوا انفسهم يظلمون( البقرة ٥٧)

لەم ئایەتە خوای گەورە خواردنی باشیان بۆ دەنێرێت و سەهەڕ و سێبەریان بۆ دابین دەکات. بەڵام ئەو قەومە بە دژی ئەو خواردنە دەچنەوە:

و اذا قلتم يا موسى لن نصبر على طعام واحد فادع لنا ربك يخرج لنا مما تنبت الارض من بقلها و قثائها و فومها و عدسها و بصلها(البقرة ٦١)

بە موسا دەڵێن بە خواکەت( بە شێویەک بە خوای خۆیان نایناسن) بڵێ ئێمە سەبرمان نیە بە یەک جۆر خواردنەوە، بڵێ کە سەوزە و خەیار و سیر و نیسک و پیازمان بۆ بڕوێنێت!.

هە قوڕم بەسەر لەو قەومە!.

خوای گەورە داوای هەرچیان کرد بۆیانی نارد، لەگەڵ ئەو پێدانە، تووڕەیی و لێدانی خوا گرتیانیەوە. هەر لەو ئایەتە خوای گەورە پرسیاریان لێ دەکات و دەفەرمێت بۆ شتی بەرز بە شتی پەست دەگۆڕنەوە!؟ خوای گەورە دەفەرمێت: قال اتستبدلون الذى هو ادنى بالذى هو خير(البقرة ٦١) ئەو خواردنەی کە خوای گەورە دابینی کردبوو، زۆر باشتر بووە تا نیسک و سەوزە و پیاز و سیر!!.

خوای گەورە بە خواستی پیرۆزی کردە دەکات. کەس بۆی نیە دیاری بکات کە چی دەبێت؟ یان چی دەوێت؟ مەگەر ئەوە کە بگری و بپاڕێتەوە. وەکی دایکی مریەم یان ژنەکەی عیمران کە چاوەڕوانی منداڵێکی کوڕی دەکرد و بەوە دڵی خۆش بووە، بەڵام خوای گەورە کەنیشکێکی پێ بەخشی. بۆیە باش وایە مرۆڤ دەمەدەم و ملەملە و چاوەچاو نەکات بۆ شتەکان.

شێوە و زانستی زینەتی ئەستێرەکان بۆ هەموو کەس دەرناخرێت، مەگەر ئەو کەسانەی کە شەو دۆست و شەوگارنشین بن.(مەبەستم ئەوەیە کە زۆر هەست و هزریان بۆ ناسین بە گڕ خستبێت.) هەروەها شێوە و ناسینی زینەتی وشەکان بۆ هەرکەس دەرناکەوێت، مەگەر ئەو کەسانەی کە زۆر لەسەر وشەکان بیر و هەستیان بە گڕ خستبێت.

لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات کە زینەتی ئەستیرەکان بۆ دوو کارە، بۆ پێدان و لێدان: و لقد زينا السماء الدنيا بمصابيح و جعلنها رجوما للشياطين و اعتدنا لهم عذاب السعير(الملک ٥)

شنە بایەک جووڵەیەک بە گەڵای وشک و وەریوی دارێک دەدات و لە شوێنێک بە جێی دەهێڵێت. شنە بایەکی تر دێت و جووڵەیەکی تری پێ دەکات و بەجێی دەهێڵێت. هەروەها هەر وشە و ناوێک دەبێت کە ئیرادە و خواستێک لەسەری بێت بۆ ئەوەی کە جووڵەی پێ بدات و جێبەجێی بکات، ئەگەرنە لە شوێنێک بۆ خۆی دەمێنێتەوە. من خواستێک لە گیانمە کە ئاوەها چەند نووسینم لەم گرتووخانەیە نووسیوە، شنە با لە پشت سەری یەکدی دەدەن لەم دەروونە و ڕێگەی بۆ هەموار دەکەن. زینەت بە شێوەیەکە کە کەسانی ژیر لە شێوەی داڕشتنی دەزانن. زینەت بە مەکر و فرت و فێڵی زۆرەوە دەکرێت. بۆ نموونە ساردەمەنیەک بە ناوی (سڤن ئاپ) بەرهەم دەهێنن. هەفت ئاماژە بە هەفتی ئاسمانی خوایە، ئاپ یان بەرزتر و سەرەوەتر ئاماژە بە چوون لە سەرەوەی خوا دێت(خوای گەورە لە ئاسمانی هەفتەم

لەسەر عەرشە). خەڵک ئەو ساردەمەنیە دەخوات، لە کاتێک کە نازانێت چ مانا و پەیامێکی تێدایە!؟. مرۆڤ فێری ئەوە بووە کە بە دەست و خواستی خۆی نەخشە و بیناکان زینەت بدات، بە خواست و فێڵی خۆی بەرنامەی بۆ دادەڕێژێت. خوای گەورە وشەکان و ناوەکان بۆ مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ئەوە مرۆڤە کە مەکر و فرت و فێڵ لەگەڵ خوا و مرۆڤەکانی تر دەکات. مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤ وا دەکات کە خوای گەورە تێی هەڵبدات و سەری لێی بشەوێنێت. کاتێک کە مرۆڤ ئەدەبی ویندۆز دادەنێت، ئەمە خۆی نیشانەیەکی نەزانی مرۆڤە کە ئەدەبی دەرگا چەندە گەورەترە لە ئەدەبی پەنجەرە. خوا لەگەڵ مرۆڤ ڕاست و ڕوون بووە، ئەوە مرۆڤە کە ناڕاست و ناڕوون و شاراوە و نهێنی نەخشە دادەڕێژێت، وەک نەخشە و داڕشتنەکانی فریماسۆنەکان.

لە سەرەتای ئەم نووسنیە بە ناوی خوای فێڵباز دەستم بە نووسینی ڕستەکان کردووە. هۆی ئەوە بوو کە ئاگادار بوومەوە کە خوای مەزن گەر بیەوێت کە بەڵگە و زەمینە بۆ گێل کردن و هەرەس هێنانی نەوەیەک و سەردەمێک و مرۆڤانێک خۆش بکات، زۆر بە ئاسانی بەو پەڕی فێڵەوە ئەو کارە دەکات، جۆرێک کە مرۆڤەکان بە سەدان ساڵ و بۆ هەمیشە لەبەرانبەری نەزان بن، مەگەر خوای مەزن بیەوێت کە بۆیانی بکاتەوە. سامیەکان و سامریەکان لە ئادەمەوە تا پەیامهێنەری ئیسلام، نەخشە و پەیکەری ئەوەیان داڕشت کە ڕێ و ڕێبازی مرۆڤ چۆن دەچێت و چۆن بچێت؟. مرۆڤ لە بەرانبەر خوای مەزن پێی وایە کە خوایەکە وەک شوان دوای مەڕ کەوتووە، کاتی بەرەبەیانان شوان مەڕەکان دەداتەبەر و دەمەوئێواران مەڕەکان شوان دەدەنەبەرەوە. مرۆڤ نەزانە کە خوای مەزن چەندە فرت و فێڵ و ناوی لە دەورە کە ئامادەی ئەوەن هەر کارێکی بۆ بکەن.

لە قورئان هاتووە: فقلنا لهم كونوا قردة خاسئين، لە پاش سەدان ساڵ مرۆڤ گەیشت بەوە کە لە مەیموونەوە توخمی گەشەی کردووە. ئایا بەم شێوە کە من لێکی دەدەمەوە ئێوە ناترسێنێت!؟ ئایا ئێوە بە ڕاستی ئاگاتان لێیە کە من باسی چی دەکەم!؟ ئایا بە ناوی خوای مەزن ترسی ئەوەتان نیە کە لەوە ترسناکتر بۆ ئێوە بکرێتەوە!؟.

## منداڵ و گەمە بە قوڕ

و لو نشاء لمسناخهم على مكانتهم فما استطاعوا مضيا و لا يرجعون(ياسين ٦٧)

ما ننسخ من اية او ننسها نات بخير منها او مثلها الم تعلم ان الله على كل شيء قدير(البقرة ١٠٦)

لە ئەدەبی قورئان باسی لە دوو وشەی (نسخ و مسخ) کردووە. وشەی مەسخ ئاماژە بە گۆڕینی لەش و وێنەیە بۆ لەش و وێنەیەکی تر. گۆڕین بۆ لەش و وێنەیەکی تر زۆر مانا و بەها لە خۆی دەگرێت، یەکەم ئەوە کە دەستێک بەسەر هەموودا زاڵە، دووهەم بەستنەوەی هەر ناوێک بە وێنەیەک یان چەند وێنەوەیە، سێهەم ئەوە کە هەر بوونێک زەمینەی گۆڕینی لەش و هۆشی تێدایە. کاتێک کە خوای گەورە فرمان دەکات (کونوا قردة خاسئین) ئەوە ویستی خوا بوو بۆ ئەوەی کە کەسانێک لە یەهوودەکان بکاتە مەیموون.

لە درێژی ئەم نووسینانە ئاماژەم بە چەند ناو کردووە کە خوای گەورە ئەو ناوانەی بەستووەتەوە، وەک کەڵەشێر و جووجەڵەکان، گوڵی گوڵەبەڕۆژە لە دەورانی تەڕی و پڕیدا. لەو نموونانە ئاماژەم بەوە کردووە کە خوای گەورە دەستەیەک لە ناوەکان وشک دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کە بیکات بە پەند و وانە. هەر ناوێک چ مرۆڤ وە چ غەیری مرۆڤ، بەسەر کۆیەک نەسخ و مەسخ گوزەر دەکات. من لە درێژی ژیانم زۆر تووشی نەسخ و مەسخی دەروون و لەش بووم و زۆر هەڕەشە و هێرشم لەسەر بووە، بۆ ئەوەی کە بگۆڕێم یان بڕووخێم. کاتێک کە لە حوجرە لە کۆڕ و تۆڕی فەقێکان بووم، قورئانم دەخوێند و گت و هەست و هەناسەم بە وشەکانی خوای گەورە تێکەڵ بوو. دەورەیەکی بەسەردا هات کە لە هەولێر لەگەڵ دۆستان و هاوڕێیانی سۆسیالیست لەسەر مێزی مەزە و ویسکی دادەنیشتین. ئەوە مەسخ لە وێنەکانی ژیانی من بوو. یەکەمجار بۆ ناسین و گەیشتن بە ڕاستی ڕووم لە خوا و قورئان کرد، پاشان وای لێهات کە بۆ ناسینی ڕاستی ڕووم لە سادق و فۆکۆ و کامۆ و کافکا بکەم، ئەو ناوانە و وەرچەرخانانە بە کەیف و تووڕەییەوە، زۆر دەوریان لەوە هەبوو لە من و نەوەکان تووشی مەسخی دەروونی بکەن.

خوای گەورە لە قورئان جۆرێک باسی ئایەتەکان و مەسخ و نەسخیان دەکات، وەک ئەوە کە دەست و چاوی بەردەوام بەسەر زەوی و مرۆڤە و بە کەیف و خواستی خۆی دەور و کاری ناوەکان دەستکاری دەکات، بۆ نموونە خوای گەورە پێش ئەوەی کە مرۆڤ ئەدەبی ویندۆز دامەزرێنێت، پێشدەستی کرد و ئەدەبی باب و دەرگەی

دامەزراند. گەر مرۆڤ بیەوێت فرت و فێڵێکی تر بکات، ئەوە خوای گەورە لەسەرەوەی ئەو فێڵەی مرۆڤ، دەستێکی گەورەتر دەوەشێنێت. خوای گەورە بە شێوەیەک دەفەرمێت (الم تعلم ان اللـه علی کل شیء قدیر) دەیەوێت بگەیەنێت کە مرۆڤ هەرچی بکات، هەر لە بن دەستی خوایە و بەسەریدا زاڵە و دەرچوونی نیە و خوێنراوەتەوە.

ژیانی دانەکان و نەوەکان لە وێنەیەک دەست پێ دەکات، وەک گوڵی گوڵەبەرۆژە. ئەو دانە کە دەکرێتەوە بە زوویی گەشە دەکات و دەیەوێت کە خۆی لە زەوی وەک خۆر لێ بکات. ئەو جۆرە وێنانە کە وەک دانی گوڵی گوڵەبەڕۆژە بن، لە زەوی وشک دەبن و دەبنە پەند و وانە بۆ نەوەکانی تر. کەسێکی وەک نیچە پەندی زەمانە بوو، کەسێکی وەک سادق پەند بوو. پەند بەو مانا کە کەسێک بە کەسێک ئێژێت فلان کەس بووە پەندی زەمانە، بەو مانا کە وانەی لێوەربگرە با وەک ئەوت لێ نەیەت! هەروەها ئەو کەسانە بوونە پەندێکی دۆڕاو و شکاوە کە شایستەی ئەوە بوون وشک ببنەوە و وەک کەسێکی ئیعدامی یان وەک گوڵی گوڵبەڕۆژە سەر بەرەوخوار هەڵواسرێن و بوەسرێنەوە.

دەستەیەکی کەم لە ناوەکان بە سەرکەوتوویی دەمرن و وشک دەبنەوە، وەک پەیامهێنەری ئیسلام و عیسای کوڕی مریەم. ئەو دوو ناوە کاری خۆیان کرد و دەستی خۆیان وەشاند و دونیایان بە ناوی خۆیان بەستەوە و وشک کردەوە. دونیا و زەوی ئەوانی مەسخ و نەسخ نەکرد، بەڵکو ئەوان دونیایان مەسخ کرد بە خۆیانەوە، دونیایان بە خۆیانەوە بەستەوە.

کاری سەرەکی من لە دەورەکانی ژیانم ئەوە بووە کە ئاگام لە خۆم بێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ من بە شێوەیەکی ناشایستە وشکم نەکاتەوە. هەرکەسێک شتێکی دەوت، یەکێک دەهات و دەیەوت وەرە بە بخۆینەوە و لەگەڵ کەنیشکدا سەما بکەین، یەکێکی تر دەهات و دەیەوت وەرە با بخۆینەوە و جگەرە بکێشین و شیعر بڵێن، یەکێکی تر دەهات و دەیەوت وەرە ببە بە مەسیحی ئیقامەت پێدەدەن و ژیانت خۆش دەبێت... هەرکەس بە شێوەیەک و لە جل و پۆشاک و ئەدەبێک خواستی ئەوەی هەبووە کە من بە شار و وڵاتێکەوە ببەستێتەوە. کاری من ئەوە بوو کە کەڵک لە هەڵچوون وەربگرم و بە ناوی خوای گەورە دژایەتی ئەو هاتانە بکەم.

لە درێژی مێژوو مرۆڤ پێی خۆش بووە کە لەشی بگۆڕێت و بچێتە پەیکەری ترەوە. بۆ نموونە زەردەشت سەری خۆی دەخاتە جێگەی سەری هەڵۆ، بۆ ئەوەی کە جۆرە وێنەیەک بە خواستی خۆی دروست بکات. وێنەیەک کە پێیان ڕاست و دروست بووە.

لە بەرهەمە فەرهەنگیە نوێکانی ڕۆژئاوا ئەوە بووە کە مرۆڤ لەگەڵ ژاڵژاڵۆکە تێکەڵ بێت و سپایدرمەن(Spiderman) دروست بکەن.

مرۆڤ باش ئەزانێت کە ئەو لەشەی کە هەیەتی لاواز و ناتەوانە بۆ ژیانی سەرزەوی. هەر بۆیە خواست و ویستی ئەوە لە دەروونی هەیە کە لەش و پەیکەری بگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ ئەزانێت وە هەست بەوە دەکات کە دەروون یان ڕۆحی ئەتوانێت ئەو گۆڕانە دروست بکات.

مرۆڤ هەردەم سەرچاوەی ئیلهام یان وێنەکانی بۆ گۆڕان لە ئاژەڵەکانەوە وەردەگرێت، هەر لە زەردەشت تا سپایدرمەنەوە. مرۆڤ بە هاوکاری وێنە و زانست لە ئاژەڵەکانەوە توانیوە کە زۆر گۆڕان لە ژیانی دروست بکات.

پێشتر باسی جێگەی خەو و خەونەکانی خۆم کرد، کە ئاماژە بە دەوری گرنگی خەون و جێگەی خەوی منداڵە. خەون هەردەم لە ئارامش نیە، بەڵکو سەرچاوەی لە ترس و هەڕەشە و مانەوە و گرفت و کێشەیەکە کە مرۆڤ تووشی بووە. مرۆڤ چ لە دەورانی منداڵی وە چ گەورەتر، زۆر خەون و خەیاڵ پێکەوە تێکەڵ دەکات. زۆرجار بۆمان پێش هاتووە پاش ئەوەی تووشی کێشەیەک بووبین، حەزمان کردووە کە ببین بە بوون یان وێنەیەکی تر، بۆ نموونە تێکەڵێک لە مرۆڤ و ئاژەڵ یان بوونەوەرێک کە خۆمان لە سەرمان دروستی دەکەین. زۆرجار ئەوەم بۆ پێش هاتووە کە لە کێشە و گرفتێک حەزم کردووە بۆ ماوەیەکی کورت ببم بە بوونەوەرێک، وێنە و کار و هێزی ئەوە بوونەوەرەم لەسەرم دروست دەکرد. پاش ئەوەی کە کاری خۆم بەو بوونەوەرە دەکرد، دەگەڕامەوە بۆ وێنەی ئاسایی خۆم!.

## منداڵ و گەمە بە قوڕ

لە بیرمە ئەو کاتەی کە کەمپی ئاڵتاش بووین، منداڵەکان هیچ کەرەستە و بووکەڵەیەکیان نەبوو کە گەمەی پێ بکەن. ڕۆژانە لە سێبەری دیوارێک کۆ دەبووینەوە و قوڕمان دەگرتەوە و بە ئەو قوڕە بە کەیف و خواستی خۆمان ئاژەڵ و

مرۆڤ و هەرچیمان کە بوسیتایەت دروستمان دەکرد. دوو شتمان زۆر دروست دەکرد، یەکەم کەر و ئەسپ، دووهەم سەرباز بوو. بە هاوکاری ئەو وێنەیە زانیم کە مرۆڤ هەردەم حەزی لە گۆڕەپانی شەڕ و سەرباز و شتێکە کە سواری بێت. شەڕ و لێدان ڕیشەی کۆن و قورسی لە ژیانی مرۆڤ لە سەرزەوی هەیە. بە قوڕەکان سەرباز و کەر و ئەسپمان دروست دەکرد، پاش ئەوەی کە دروستمان دەکرد، لە پێش نوور و گەرمای خۆرمان دادەنیا بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی سفت و سەخت وشک بێتەوە. پاش ئەوەی کە وشک دەبووەوە، گۆڕەپانێکمان بۆ هەردوو دەستەکە دروست دەکرد و شەڕمان پێیان دەکرد. ئیتر هەر ڕۆژە دەستە سەربازێکمان بە شەڕدەدا و بە کوشتمان دەدا و ئێواران بە گۆڕەپانێک لە سەربازە لەت و کوتەکانەوە دەچووینەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو خاکەی کە گیراوە و بووە بە کەر و سەرباز، ئیتر هی ئەوە نیە کە بۆ جارێکی تر شل بکرێت و بگیرێتەوە و بکرێتە سەرباز و بچێت بۆ شەڕ. سەربازە لەت و کوتەکانمان فڕێدەدا و بەرەبەیانەکەی تر، قوڕی تازەمان دەگرتەوە.

ئەوەی کە لەو گۆڕەپانە گرنگ بوو، ئەوەی بوو کە دەروون و ڕۆحی من لەسەر هەموو سەربازەکان هەبوو، ڕۆحی من لە ڕێگەی دەستمەوە لەسەر هەموویان بوو. من بۆ شەڕ ڕۆحم پێیان دابوو. شەڕی خۆمم پێیان دەکرد و لەت و کوت و کوژراوی خواستی خۆمیانم دەکرد.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک قوڕمان دەگرتەوە و سەرباز و کەرمان دروست دەکرد، ماندوو بووین، ماندوو لە گۆڕەپانەکان و سەربازەکان، ماندوو لەوە کە بە سەربازە بەستراو و وشکەکان شەڕی خۆمان بکەین. ئەو سەربازانە بەستراو و وشکن، ئەو دڵ و دەروونەیان پێوە نیە کە فەرماندە یان گەورەکەیان هەیەتی، بۆیە ئەو ژەهر و تیژیەی کە گەورەکەیان هەیەتی بە سەربازەکان ناڕژێت و ئارام نابێتەوە. هەر ئەمە وای کرد کە لەو دەورەیە دەربچین و دەورەیەکی تر لە ژیانمان دەست پێ بکات، ئەوەش شەڕ بە دەست و دەروونی خۆمان بوو. منداڵەکان ئیتر لە جیاتی ئەوەی کە سەربازی قوڕی دروست بکەن و شەڕیان بە سەربازەکان بکەن، چەک و کەرەستەی شەڕیان لە دار و ئاسن دروست دەکرد و بە دەستی خۆیان شەڕیان دەکرد. لە گەمە و شەڕی منداڵەکان کەس نامرێت، لەبەر ئەوەی کەس نابێت کە بمرێت، ئێمە شەڕ و گۆڕەپان و گەمەیەکمان دەویست کە مەرگی تێدا نەبایەت.

دەستە دەستە دەبووین و شەڕمان دەکرد و دەمردین و بۆ گەمەیەکی تر زیندوو دەبووینەوە.

پاش ئەوەی کە گەورەتر بووم، زانیم کە شەڕەکان و گۆڕەپانەکانی ڕاستینی پیاوەکان یەکجار بە خوێن و دەستەوە شەڕی تێ دەکرێت و ئیتر ئەوەی کە مرد و کوژرا، بۆ هەمیشە ڕۆیشتووە. ئەمە بۆ من ترس بوو، ترس لەوە کە من چۆن دەبێت بە دەستێک و لە یەک گۆڕەپان بمرم و ئیتر زیندوو نەبمەوە!؟. من لە منداڵی پێم خۆش بوو کە ڕۆح و دەروون بە سەربازەکان ببەخشم. بەڵام لە گەورەیی زانیم کە من یەک پوو پێمدا کراوە، من یەک ڕۆحم هەیە، نە دەتوانم بیبەخشم و وە نە دەتوانم کە گیان بە کەسێکیش بدەم. زانیم ئەوەی کە من دەتوانم لە ئاستی ئەوەکانی تر بیکەم، ئەوەیە کە ورە ببەخشم یان زاور بتەقێنم. مەبەستم ئەوەیە کە بەس دەتوانم وزە بە ورەی کەسانێک ببەخشم و ترس لە دەست و دەمی کەسانی تر بوەشێنم.

زانیم کە مرۆڤ بە دەست و دەمی ناتوانێت هیچ بکات، ئەوەی کە دەتوانێت بیکات بە ڕۆحیەتی، ڕۆحیش لە ژێر دەست و دەسڵاتی خودی مرۆڤ نیە، خوای مەزن خاوەنە. ئێستەش کەس نازانێت کە ئەو ڕۆحە لە دڵە یان مێشکە یان لە سەرجەم بەشەکانە!؟.

ژیان لەم لەشە بۆ خۆی بە سزایەک دەیناسم. من زۆرجار هەستم بە وەرەسی لەم لەشە و بونیادە کردووە، نەک تەنیا خۆم، بەڵکو زۆرێک لە مرۆڤەکان شێوە و وێنەی لەشیان پێ لاواز بووە. بۆیە حەزیان لەوە کردووە کە لەم لەش و وێنەیە دەرچن و بونیادێکی تر دروست بکەن، وەک سوپرمەن(**superman**) و ئەوەی کە سەرەوە بێت!.

منداڵ کە حەزی لە چوونە، ناتوانێت کە بچێت، بۆیە کۆلارەکەی دەنێرێت. ئەوە هەست بە وەرەسی و بیزاری دروست دەکات. کاتێک کە منداڵ شتێکی ویست و پێی نەگەیشت، تووڕەی دەکات. ئەو تووڕەییە وا دەکات کە شەق و تەرەک لە دەروونی دروست بێت، بۆ هەمیشە تووڕەی دەکات. ئەمە وا دەکات کە تووڕەیی و شەڕخوازی لە دڵ و دەروونی مرۆڤ بکەوێت. منداڵ و مرۆڤ پێی ناخۆشە کە بۆ بەدەست هێنانی شتێک، دەبێت لە پێش باوکی یان خوایەک بگری و بپاڕێتەوە!!.

## دڵ و گون بۆ هەڵچوون و داچوون لە ژیانی زەوی

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمیت: یقول الانسن یومئذ این المفر(القیامة ١٠) مرۆڤ هەردەم چ لەم دونیا و وە چ لە دونیای تر ویست و خواستی ئەوەی هەیە کە دەرچێت و خۆی بشارێتەوە، بۆ ئەوەی کە بە زاڵی بگەڕێتەوە. خوای گەورە ئەو ئایەتە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بگەیەنێت هیچ شوێنتان نیە کە بۆی بڕۆن. هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤ ناتوانێت بەسەر خوادا زاڵ بێت!. ئەمە مانای ئەوەیە کە لەم دونیا و لەو دونیاش، هەرچی لە وزە و هێزی خۆتان و جن و ئنس بخەنەسەریەک ناتوانن کە لە بن دەست و خواستی خوای مەزن دەربچن!!. ئەم دەست بەسەردا زاڵبوونەی خوای گەورە مرۆڤی تووڕە و نیگەران کردووە. بۆیە هەردەم دەیەوێت دەرچێت و زاڵ بێت.

فیتنە و شۆڕشە گەورەکان یەک یان چەند کەسی کەم دروستیان کردووە. ئەو هەموو کێشە و گرفتەی کە لە زەوی هەیە، چەند کەس لە دڵەوە خەمی دەخۆن و کاری بۆ دەکەن. ئەگەرنە کورد چی لە کێشە و گرفتەکانی زەوی دەزانێت!؟ هەر خەریکی گەدە و گونی خۆیانن!. گەدە و گون داچوونە، ئەمە دەریدەخات کە ڕۆژێک و ڕۆژگارێک کورد یان باوکانی کورد لە ناوچەکانی کوردستان بە دڵەوە بە دوای زانین و ڕاستی کەوتوون، بوون بە هەڵۆی بەرزەفڕ، بەڵام پێی نەگەیشتوون، ئەم نەگەیشتنە تووڕەیان دەکات، بۆیە ناچاری ئیتر لە دڵ واز دەهێنن و دەست بە گونەوە دەگرن!.

## هەڵپەڕین

کورد کە لە هەڵچوون و داچوون بە دڵ و گونەوە تێر نابێت، دەیەوێت لەو دوو وشەیە و جادووی ئەو دوو وشەیە دەربچێت، بۆیە پەنا بە وشەی هەڵپەڕین و هەڵپەڕکێ دەبات. کورد لە دووانەکانی وشەکانی خۆی شادمان نیە، بۆیە کۆ دەبن و وەک گلەیی و گازندە و ڕەخنەی توند و پەتی پێکەوە هەڵدەپەڕن، بۆ ئەوەی کە بێزاری و وەڕەسی خۆیان بە خوای گەورە بگەیەنن. کورد ئاگر دەکاتەوە و لە دەوری هەڵدەپەڕێت، ئەوە گلەیی لە خوای گەورەیە!.

هەڵچوون و داچوون بۆ دەرچوون لە وێنە و لەشێکی ناتەوان و لاواز، لە گۆشە و کەناری زەوی بەردەوام دەبێت و تاق و تەرا کەسانێکی وەک زەردەشت و سپایدرمەن دەردەکەون و وێنەیەکی نوێ و خواستێکی نوێ دروست دەکەن و دەیکەن

بە هێما و نیشانە، کە وەک شێوەیەکی تێکەڵ بە تووڕەیی و گلەیی بە خوای گەورە دەگات. زەردەشت هەڵچوون بوو، هەڵۆ هێمای نائارامی و تەنیایی و هەڵچوون و لەخۆداچوون و بەخۆداچوونە. بەڵام سپایدرمەن داچوونە، هێمای تەنیایی و لە ئەوانی تردا چوون و بە ئەوانی تردا چوونە.

بە ناوی خوای گەورە ڕشامەوە لە ئەو ئەدبەی کە مرۆڤ بۆ پەروەردە کردن بەڵاوی دەکاتەوە. ئەوانە لە شەوی مانگەشەو کە گیان لە ئاسایشە، خەریکن کە دەهۆڵ و زووڕنا لێ دەدەن. کەسێک نەبوو کە بەوانە بڵێت کە ئەو دەنگە کە ئێوە بەرزتان کردووەتەوە، هی پێش خەو نیە بەڵکو هی دوای خەوە، هی بەرەبەیانانە. پەنا بە خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکانی سامی و لە شەڕی ئەو ناوانەی کە وەک سامری لە ئەدەبی مرۆڤیدا ڕۆڵ دەگێڕنەوە.

هاوار دەکەمە ناو بارەگای خوای گەورە کە لە شەڕی ناوەکان دوورم بکاتەوە و لە ژێر کەپر و پەنای خۆی ناوی من بەرز بکاتەوە. لەبەر ئەوەی کە لە مەترسی و هەڕەشەی ناوەکان ئاسایش بدرێم.

گەر خوێنەر لە درێژی ئەم نووسینە سەر و سرنجی دابێت، دەتوانێت کە ورد و وریا بێتەوە کە من ناوەکانی پەیامهێنەرانی خوا وەک شکۆ و شانازیەک یاد دەکەمەوە وە بە ڕاستی بڕوام بەوە هەیە کە ئەوانە لە ئادەم تا ناوی موحەممەد نێردراوەی خوای مەزنن و بۆ هیدایەت و ڕێ نوێنی مرۆڤ هاتوون. لەگەڵ ئەوەی کە پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم کە لە هەڕەشە دەربازم بکات، من نامەوێت کە پەرە بە ئەدەبی سامیەکان بدەم. بە ناوی خوای مەزن دەمەوێت کە ئاگر لە ئەدەبی سامی بەر بدەم بۆ ئەوەی کە سووکایەتی بە ناوی خوا و وشەکانی خوای مەزن نەکەن. بە ناوی خوای مەزن نامەوێت کە ناویان یاد بکەمەوە، بۆ ئەوەی کە باس و یادی ئەوانە لە سەرزەوی، ئاکاری مرۆڤ خاوەنداری نەکات. بە ناوی خوای مەزن خواستی ئەوە لە لای مندا هەیە کە چیرۆکەکانی سامیەکان(لە ئادەم تا خاتەم) باس نەکەم و لە نەخشەی وشەکانی کوردی بیانپارێزم. ئەوانە ستەمیان لە ناوی خوای مەزن کرد. خواستی ئەوەم هەیە کە بونیادێکی نوێ و سەرەتایەکی نوێ لە بوون دامەزرێنین.

پەنا بە ناوی خوای مەزن وە بەناوی خوای مەزن، لە باسی سامیەکان و سامریەکان خواستی ئەوەم هەیە کە نەوەی کورد لە ئەدەبێک کە سامیەکان و

سامریەکان(دینی ئیبراهیمی و نەیارانی دینی ئیبراهیمی) لە کوردستان گەشە و گەرای پێ دەدەن، بپارێزم. هەر هەمووی ناوەکان لە بەر دەستی خوای مەزن بەستراو و ئامادەن. دڵنیا بن کە پارێزەر و پشتگری تەوانا خوای مەزنە.

## کۆشکنشینەکان و بەندنشینەکان

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

ڕستەکانی من و ئەو وێنانەی کە بۆ دەرخستنی وێنەی ڕستەکان، باسی لێ دەکەم، جۆرە هەڵچوون و داچوونێکی تێدایە کە هەست و هەناسەکانی من خەریک بە خۆی دەکات و دڵم شادمان نیە بەو جۆرە ڕستانە و ئەو جۆرە وێنانەوە. ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە ناشادمانیە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی حوجرە و ئەو کاتەی کە کتێبی قورئانم بە دەستەوە دەگرت. کاتێک کە خوای مەزن دەیەوێت باسی پاکی و پاکیزەیی بکات، نموونەی قەومی لووت دەهێنێت، ئەوانەی کە نێربازی و پیسیان لە بوون گەشە پێداوە. لەوە ناڕەحەت بووم کە خوایەک بەو گەورەییە تووشی قەومێکی نێرباز بووە! خوای مەزن بە کبر و گەورەیی خۆی، باسی ئەو قەومە بە گرنگ دەزانێت و وەک نموونە و وێنە باسیان لێوە ەکات. ئەو جۆرە ڕستانە و ئەو جۆرە وێنانە بە لای منەوە هەڵچوون و داچوونی تێدایە.

ئنجا من لە ڕێگەی ڕستەیەک کە بۆ من بەهای هەیە دەمەوێت کە وێنە و نموونەیەکی کوردی بهێنمەوە. ڕستەکە ئەمەیە کە: کۆشکنشینان و بەندنشینان، ئەدەبی هەردووکیان، سەرجەم ناوەکان بە خۆیانەوە خەریک دەکەن.

لەم باسە دەمەوێت کە باسی کۆشکنشینەکان و بەندنشینەکان و پەیوەندی ئەو دوو دەستە پێکەوە بکەم. بۆ کردنەوەی ئەم باسە دەبێت هەناسە و پرتەی چاوی خوێنەر نەرم و بە ئەسپایی بێت.

کۆشکنشینەکان و بەندنشینەکان لە نێو خەڵکی کورد باشووری کوردستان کێیە؟

یەکێتی و پارتی دوو حیزبن کە کۆشکەکانیان بە دەم و دەستی خۆیان خەریک کردووە. بەندنشینەکانی بەندی ئەو دوو حیزبە، دەستە ناوێکە کە دۆستی و دوژمنی کۆن و تازەیان لەگەڵ یەکێتی و پارتی هەبووە.

گەورەترین بەرەیەک کە دەستەکانی چەپ و ڕاستی پێکەوە خەریک کرد، بەرەی گۆڕان بوو کە پەیکەرێک و نەخشەیەکی ئەدەبی دروست کرد کە بەندنشینی پارتی و یەکێتی ناسرایەوە. من دەمەوێت کە باسی وشەی گۆڕان و سەرچاوەی ئەو وشەیە و ئەوەی کە لەو وشەیە دەکەوێتەوە بکەم، بۆ ئەوەی کە بزانن کۆپان کە تەڕ بێت بە ئاسان وشک نابێتەوە و کەر بە بارێکی قورسی دەزانێت. گۆڕان وشەیەکی دەستکردی دەرەکیە کە زۆرێک لە ناوەکان و نەوەکان بەو وشەوە دەست و دەمیان خەریک بووە. سەرچاوەی ئەو وشەیە لە ئەدەبی سیاسیەوە دەرکەوتووە و ڕۆژئاواییەکان بۆ گەشەی سیاسی ئەو وشەیانە دامەزراندووە کە بووەتە وشەیەکی فرەکار و فرەبەر.

پاش ئەوەی کە لە تەنیایی خۆمدا بۆنی وشەی گۆڕانم کرد، زانیم وشەیەکە کە سەرچاوەی ئابووری هەیە و بەها بە خەڵک دەدات. من وشەکان لە دەمەوە دەناسم و ئەو دەمەی کە بە خۆیەوە خەریکی دەکات و دایدەمەزرێنێت بە گرنگی دەزانم. وشەی گۆڕان لە کۆشکی یەکێتیەوە هاتووەتە دەرەوە. گۆڕان وشەیەکی شاری و جادەییە و ئەدەندە کە بەها بە شەقامەکانی هات و چۆ دەدات، ئەوەندە بەها بە دەرودەشتی دەروونی خاک و خوێن و زمانی کوردی نادات.

من پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لەو وشە و ئەوانەی کە ئەو وشە بۆ ژیان و ڕووناکی بەکار دەبەن.

ئەدەبی قورئان کە باسی چیرۆکەکان دەکات، کۆشکنشینەکان و بەندنشینەکان لە دوو بەرەی خاوەنداری جیا و جیاواز دەریاندەخات. بۆ نموونە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسف و موسا، باسی ئەوە دەکات کە یوسف و موسا لە کۆشکی پاشاوە گەورە بوون و لە دواڕۆژدا بە گژی ئەو کۆشکەدا چوونەوە و دەسڵاتی ئەو کۆشکەیان لە دەستی خۆیان گرت. خوای مەزن خاوەنداری ئەو دوو ناوەی کردووە، هەر لە منداڵیەوە تا ئەو ڕۆژەی کە باسی ئەوان بۆ پەیامهێنەری ئیسلام دەگێڕێتەوە. لێرە گرنگ ئەوەیە کە کۆشکی میسر کە یوسف و موسا تێدا گەورە دەبن، نائاگاهن لەوە کە منداڵێک لە کۆشکەوە پاشایەتی ئەوان دەڕووخێنێت. کەوایە وریا بن لەوە کە

کۆشکی دوژمنانی خوا ئاگای لەو ناوانە نیە کە کۆشکەکانی ئەوان دەڕووخێنێت. ئەمە ئەدەبی خوای گەورەیە بۆ لێدانی پاشاکان.

وشەی گۆڕان ئاماژە بە پەروەردەیەکە لە کۆشکی یەکێتیەوە بۆ نەوەی کوردی باشوور دێتە دەرەوە. ئەوان نەوەیەک گەورە دەکەن کە لە تۆی وشەکانی خۆیان زێنرابێت. ئەوان ئەوەیان بۆ گرنگە کە ئەدەبی نەوەی خاوەنداری داهاتوو لە ئەدەبی ناوەکانی یەکێتی نزیک بێت و دەسڵاتیان بەسەر سەرجەم ئەو کۆرپانەوە بێت کە لە کوردستان دەزێن.

لە باسی کۆشکنشینەکان دەمەوێت وریا بین لەوە کە تۆی نەوەکان لە تۆی ناوەکان دەگیرێنەوە.

لە سەرتاسەری دەورەکانی ژیانم لەگەڵ زۆرێک لە ناوەکان ئاشنا بووم و هەوڵی ئەوەمدا کە ئەدەبی ناوەکانی کۆشکنشینەکان و بەندنشینەکان بناسمەوە. دەورەیەک کە لەگەڵ ناوەکانی ڕۆژئاوا دۆستی و هات و چۆم دەکرد، من لە کەسانێک نزیک بوومەوە کە هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەن کە خۆیان لە ئەدەبی ناوەکان دەرباز بکەن. زۆرجار و زۆر بە سەختی هەوڵی ئەوەمداوە کە خۆم لە ناوەکان و ئەدەبەکان و بەندەکان و کۆشکەکان دوور بکەمەوە. " دەموت: من مرۆڤێکم کە پشتم لەکەس نەکردووە و ڕووم لەکەس نەکردووە."

هەردەم کەیفم بەو ناوانە هاتووە کە لە تەنیایی و خەڵوەتی خۆیان دوور لە هەرای خەڵک و کۆی ناوەکان تر دەژین و بیر دەکەن. خوێنەر دەبێت بۆی ڕوون بێت کە من باسی سادقی هیدایەت و نیچە و چەند ناوێکی تر دەکەم. ئەمە ئاماژە بەوەیە کە من لە بەرەتاوە کەیفم بە دەستەیەک لە ناوەکان هاتووە کە خەڵوەت و تەنیایی و دووری لە کۆشک و بەندی گەورەکان بۆیان بەهای هەبووە. نیچە زۆر کەیفی بە مار و هەڵۆیەک هاتووە کە لەگەڵ زەردەشت باسیان لێوە دەکات، ئەوە دەگەیەنێت خۆشی لە تەنیایی و مانەوە لە تەنیایی هاتووە. ئەمە ئاماژە بەوەیە کە نیچە و سادق و ئەو دەستە ناوانە وەرەس و بێزار بوون لە کۆشک و بەندی ناوەکان. ئەوانە نەیانەویست کە ببنە سەربازی بن دەستی فەرماندەیەک کە دیوەخانی کۆشکی پاشای خۆیشی نەبینیوە!!.

زۆر هەوڵی ئەوەمدا کە خۆم لە ئەدەبی ئیسلام دوور بکەمەوە، لەبەر ئەوەی کە دوژمنەکانی ئیسلام دەستە ناوێکن کە کۆنن و تەوانێکی زۆریان هەیە و زۆر ڕوون نیە کارەکانیان. بۆ نموونە لە قورئان هاتووە کە شەیتان بۆ مرۆڤ دوژمنێکی دیارە و ئاشکرایە، وە خوای گەورە داوا دەکات بە دوژمنی خۆتان بیناسن. بۆ من گرنگ بوو کە ئەگەر شەیتان دیار و ئاشکرایە بۆ جارێک من نەمبینی و نەمزانی ئەم کابرا چ جۆرە ڕوومەت و شێوەیەکی قسە کردنی هەیە!؟ شتێکی تریش کە بەهای هەیە ئەوەیە کە ئەگەر خۆت لە دەستەیەک لە ناوەکان نزیک دەکەیتەوە، دەبێت کە دوژمنی دەستەیەکی تر بکەیت و خۆت بۆ شەڕ و کێشە ئامادە بکەیت، بە تایبەت شەڕی شەیتان کە زۆر گەورە و سەیر و نادیارە.

لە حوجرەوە هەوڵی ئەوەمدا کە خۆم دوور بخەمەوە لە ئەدەبی دووبەرەیی و دوو دەستەیی. هەوڵی ئەوەمدەدا کە بە بیر کردن و خوێندن و لێکۆڵینەوە بگەم بەو ڕادە کە لە دووبەرەیی و دوو دەستەیی هەستەکان و ڕستەکان دەربچم و دەربازم بێت. هەرچی کە لە ناوەکان نزیک دەبوومەوە، دەردەکەوت کە هەریەک لە ناوەکان پەرەیان بە بەرە و ئەدەبێک داوە و لە کۆشکی پاشایەک و بەندی پاشایەکی تردا بوون. کەسێکم نەناسی کە لە دووبەرەییەکدا نەبایەت. ئەوەم بۆ دەرکەوت کە مرۆڤ لە زەویدا لەهەر دۆخێک دەبێت، دۆستی و دوژمنی ناوکان دەکات، لەبەر ئەوەی کە بە خۆتەوە ناتهێڵن و لێتناگەڕێن. لەهەر دۆخێک کە ناوەکان و نەوەکانم دەبینی، دووبەرەیی و چەند بەرەییەک هەبوو کە ناوەکان و نەوەکان پێیانەوە خەریک بوون. لە بیرمە ئەو کاتەی کە لە کرماشان، هێزەکانی ئیتلاعات منیان گرت و پاش لێپرسینەوە و کردنەوەی چیرۆکی من، داوایان لە من کرد کە هاوکاریان بکەم. هەروەها لە کوردستانی باشوور زۆرجار داوایان لە من دەکرد کە هات و چۆی بنە و بارەگای حیزبەکان بکەم. بەشی کۆمەڵناسی کە بەشێکی زانستیە، گەشە بە دەستەیەک لە میتۆدی زانستی دەدات کە تەواو بە پێچەوانەی دین و کۆشک و بارەگای دین و حوجرەکانە. ئیتر بۆ من دیار بوو کە بەرەکان لەهەر کوێ بن، کاری خۆیان دەکەن و مرۆڤ بە ڕێبازی خۆیان خەریک دەکەن.

گۆڕان وەک بەرەیەکی سیاسی، دەستە کەسانێکی لە دەورە کە گەشە بە ئەدەبی گۆڕان دەدەن. یەکێک لەوانە ناوی فاروق ڕەفیقە کە باسەکان و هەستەکانی لە ڕاگەیاندنەکانی گۆڕان بڵاو دەکاتەوە. گەشە بە ناوەکانی یۆنان و ڕۆژئاوا دەدات.

ئەمە دروست کردنی بەرەیەکی دیارە، بە تەواوی ناوی خوا و پەیامهێنەرانی خوا لە ئەدەبی دوور و پەرت و شاردراوەیە. ئەوان دەیانەوێت کە گەشە بە ناوەکانی ڕۆژئاوا بدەن. ئەوان خاوەنداری ڕۆژئاوایان پێ باشە.

کە سەیری دەروونی خۆم دەکەم، سەرجەم ناوەکانی دەروونی من لە دووبەرەیی و دوو دەستەیی و دژایەتی و گژایەتی و بژایەتی یەکدی کار دەکەن و دەم و دەستیان دەوەشێنن.

وردە خاڵێک کە شایستەی باس کردنە، کەسانێک دەڵێن دەستەیەک لە ناوەکان بۆ مرۆڤ کاریان کردووە و بەس بۆ مرۆڤ بووە، وەک گاندی و ماندلا. ئاگاداری ئەوە بووم کە دەستەیەک لە نەوەکان باسی مرۆڤ دەکەن. ئەدەبی ڕۆژئاوا و مودرڕنیت گەشەی بەو جۆرە هاتانە داوە. ئەوانە لە دووبەرەکی و دوو دەستەیی دەرناچن، بەڵکو هەر ئەو کەسانە باوەڕیان بەسەرجەم قسەکانی تر هەیە کە رۆژئاوا باسی لێوە دەکات.

ئەو پرسیارە لە لای مندا دروست بوو کە ڕەگی ئەو دوو بەرەکیە لە کوێوە؟ وەڵام وەک کلکی بزن قوت و کورت و دیارە، ئیبلیس!.

لێرەوەیە کە من باس لە ناوی ئیسلام دەکەم و خوێنەر ئەوە لە لای دەردەکەوێت کە من چوومەتە نێو ئەدەبی ئیسلام و ئەو دووبەرەییە کە لەو ئەدەبە ڕوونکراوەتەوە. شەیتان خاوەنداری سەرجەم هەڵوەشانەکان و دووبەرەکیەکانە وە هەوڵی ئەوەشدەدا کە بەردەوام دوو بەرەیی و دژایەتی و گژایەتی گەشە پێ بدات.

هەر مرۆڤێک لەهەر دووبەرەییەک بە دۆستی و دوژمنیەک سەردەردەهێنێت و سەردەناتەوە. هەر ناوێک کە باسی لێوە بکەیت و بیناسیت، لە چەند بەرەییەکدا ژیاوە و گەشەی بەو دووبەرەییە داوە. ناوەکانی کورد، کەسانێکی وەک عەبدوڵا ئوجەڵان و قاسملوو گەشەیان بە یەک ئەدەب داوە. ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادەش یەک ئەدەب بڵاو دەکەنەوە. هەر کەس کە لە ئەدەبی ئەو ناوانە نزیک بێتەوە، خۆی لە دوو بەرەیی و چەند بەرەییەک دەبینێت.

ئنجا بۆ من بەهای هەیە کە ئەگەر مرۆڤ دەیەوێت بەرەیەک و ناوێک گەشە پێ بدات، دەبێت کە یاد و ناویان زۆر بە دەم و دەستیەوە خەریک بکات. هەروەها ئەگەر دەیەوێت کە دوو بەرەییەک و چەند بەرەییەک بسڕێتەوە، دەبێت کە پارێز

بکات لە هێنانی ناوی ئەوانە یان یاد کردنیان. ئەو کەسەی کە ئیماندار بە ئیسلامە، نابێت کە بچێتە نێو بەرەی دۆستان و دوژمنانی گۆڕانەوە، لەبەر ئەوەی کە گۆڕان بەرەیەک گەشە پێ دەدات کە بەها بە ناوەکانی قورئان نادات و لێی دوور و بەدەرە. گۆڕان و دەست و دەمەکانی گۆڕان ئاگاهانە یان نائاگاهانە گەشە بە ئەدەبی فریماسۆنەکان دەدەن. دەیانەوێت کە ناوێکی ناوەوەی خۆیان بکەن بە ستوون و لە دەوری بسووڕێنەوە.

## فریماسۆن یان پشت و ڕوو لە کەس نەبێت

یەکێک لە شیکاریەکان یان ماناکان وشەی فریماسۆن یان فراماسۆن بە بینا و بونیادی ئازاد وەردەگێڕێت و مانای دەکاتەوە. کەسانێک هەوڵی ئەوەیانداوە کە بونیادی ڕەها و سەربەخۆ و ئازاد دروست بکەن. ئەو کەسانە و مێژووی دەرکەوتنی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی تازەی ڕۆژئاوا، بە تایبەت لە ڕنسانس و دەورەکانی نوێوە.

ئەم باسە چ پەیوەندیەکی بە دووانەکان و باس و ناوی من هەیە!؟. جاری وا حاڵەتگەل و هەست و نەستەکانی دەورەیەکی مێژوویی لە دەروونی یەک کەسدا دەبینرێت. بۆ نموونە سەمفۆنیەکی بتهۆڤن کە بیست تا سی خولەکە، هەست و وێنە و تامی چەند سەدە دەگرێت و دەیگێڕێتەوە. هەروەها دەورەکانی ژیانی هزر و هەستی من، وەک دەورەکانی مێژوویی سەد ساڵەیی بووە. بۆ نموونە هەست کردن بە بێزاری لە دووانەکانی خوا و شەیتان، وە دووانەکانی سیاسی و مێژوویی لە لای مندا زۆر دیار و ڕوون بوو. زۆر هەستم بە بێزاری لە چیرۆک و باس و بابەتەکانی داڕژراو یان دروستکراوی کۆن کردووە و هەردەم بە نەفرەت و قیزەوە سەیریانم دەکرد. لە بابەت و ناونیشانی (سامیەکان و سامریەکان) باسی ئەوەم کردووە کە نەوەکان واز بهێنن لە کۆی ئەو چیرۆکانەی کە لە سەرەتاوە دایانمەزراندووە، دووری کردن لەسەرجەم ئەو باس و بابەتانەی کە پەیوەند بە یەهوود و عەرەبە. لەو بابەتە نووسیومە کە ئیتر باسیان نەکەین، نە پشتیان بۆ دوژمنی تێیان بکەین، وە نە ڕوویان بۆ دۆستی تێیان بکەین. لە سامیەکان و سامریەکان هاتووە:

" منێک و بوونێک بوونی هەیە کە نە دەیەوێت کەس بە شوێنی بکەوێت وە نە دەیەوێت کە شوێنی کەس بکەوێت. نە دەیەوێت پشتی لەکەس بێت وە نە دەیەوێت

ڕوو لە کەس بکات. سەرەتا و کۆتایی نیە، قیبلە و قیامەتێک نیە. من و دەروونێکی شەیدا و پەرێشان. من دڵم بەو شێخ و دەروێشیە کە دینەکان و ڕێبازەکان دروستیان کردووە خۆش نەبووە. بوونێک کە دۆستی ناوەکان دەکات و توند و بە هەست و سۆز دۆستیان دەکات و پاش ماوەیەک لێیان گوزەر دەکات. دەروونێک کە دەچێت هەر خوێندنگە و قوتابخانەیەک، بەگژیان دەچێت و بە جێیان دەهێڵێت و لە دڵەوە ئەزانێت کە ڕۆژێک بۆیان دەگەڕێتەوە و یەخەیان دەگرێت."

زۆرێک لە بیرمەند و نووسەر و خاوەن ناوەکانی مێژوو، ئیتر وەڕەس بوون لە باس کردنی ناوی ئادەم و حەوا و ئەو چیرۆکەی کە لە سەرەتاوە قەوماوە. هەرهەموویان یەکەم چیرۆک کە پێیاندراوە، چیرۆکی ئادەم و حەوا بووە. هەروەها زۆربەیان لەو بەرەتا و سەرەتا وەڕەس و بێزار بوون. بۆ نموونە سادقی هیدایەت چیرۆکێکی هەیە بە ناوی ( راز آفرینش) ئەم چیرۆکە بەس فشە کردن و سووک کردنی ناو و باسی ئادەم و حەوایە. بە درۆ و گاڵتە زانینی چیرۆکی داری حەرام و گوناهی یەکەم و ئیبلیس و ناوی خوایە. دیارە سادق ئیتر کاری لەوە نیە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر دین بکات، بەڵکو نەک تەنیا ڕاستی نازانێت، بێدەنگ نابێت و بە درۆ و خۆخەڵەفاندن باسی لێوە دەکات. سادق ئەو هەست و بێزاری و نیگەرانیانەی خۆی دەکاتە وشە و کتێب و بە نەوەکانی دەبەخشێت. ئیتر کەسێکی وەک من کە دەیخوێنێت، ئەو هەست و بێزاریەی سادق لە گیان و خوێنی دەنیشێت و منیش فشەم بە چیرۆکی ئادەم و حەوا دێت.

ڕیشەکانی بێزاری فریماسۆنەکان و من و سادق لە دووانەکان دەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟ وە لە چ ژینگەیەک سەری دەرهێناوە!؟. من باسی خۆم وەک نموونە دەکەم:

هەستەکانی دەروونی مرۆڤ کە زۆر بە دەگمەن دەبێتە وشە و دێتە سەر دەست و دەم، وە هەردەم لە سینگ لە قەفەسە و بۆ ئەوە نیە بەریدەیت، زۆر گرنگ و بەهادارە. ڕیشەکانی بێزاری و وەڕەسی من لە دین لە سادقەوە نەهات، بەڵکو سادق هۆیەک و سەبەبێک بوو، ئەگەر سادقیش نەبایەت من هەر دەچووم بەرەو بێدینی و دژایەتی دینەوە. لەبەر ئەوەی کە خوێن و دەروونی من لاری و دژایەتی تێدا زۆر بە هێزترە. کێشەکانی من زۆر بوون بۆ ئەوەی کە لە دین و سەرجەم دین پەروەران وەڕەس بم و ئەو وەڕەسیە ببێتە دوژمنی. دەچمە ناو ئەو هەست و هزرانەی کە هەرگیز نەمکردە وشە و لە قەفەسەی سینگم مایەوە. ئەو هەست و

نەستانە دەبێت بە وەرەسی و بێزاری و ڕوومەتی گرژەوە بیبینیت، بەس بۆ ئەوەی ڕیشەکانی لادان لە دەروون بناسیت، وە نابێت سقە بە هیچیان بکەیت.

## هەستی یەکەم

زۆربەی بێزاری و وەرەسیەکان لە دەروونی چەند کەسەوە دروست بووە و ئەو چەند کەسە وەک پەتا یان هەناسە و هەست بڵاویان کردووەتەوە. بۆ نموونە ژن و لەشی ژن و ژنەکانی کورد و ژنەکانی یۆنان و ڕۆمی کۆن، وەک دووانەیەکی دژ و پێچەوانەی یەکدی بوون. زۆر سەیری فیلم و بەسەرهاتەکانی یۆنانی کۆن و ڕۆمم کردووە، وە زۆرم لەسەریان بیستووە و خوێندووە. شێوەی ژیان و خەیاڵ و خەونی ئەوانە بۆ خۆشگوزەرانی و ڕابواردن تەواو بە پێچەوانەی کەواو و سەلتە و چارەکەی ژنی کوردە. ژنێکی یۆنانی یەک دونیا خەون و خەیاڵی بۆ ژیان هەیە، بەڵام ژنەکانی کورد بۆنی پشقڵ و سەنێری مانگایان لێ دێت. لە دڵی خۆم دەمەوت کە گرنگیدان بە پەیکەرتاشی و جوانی لەش و خۆشگوزەرانی شتێکی جوانە. لە خۆم پرسیارم دەکرد کە بۆ ئیسلام ئاوەها ژنی بەستووەتەوە و ناهێڵێت کە لەشیان بکەنەوە و خەریک بە جوانی و نواندنی لەشیان بن**!؟**. هونەری شانۆ و فیلم و پەیکەرتاشی و نەقاشی و گۆرانی و سەما و... هەموو بە ژنەوە جوانن، بە لەشی ڕووت و بەرەڵای ژنەوە جوانە. ئەو ژنانەی کە مەکر و نازیان تێکەڵی یەکدی کردووە و وەک شەرابی کۆن بە بخوازەکانی خۆیان دەیفرۆشن**!**.

## هەستی دووهەم

هەستێکی تر کە منی دەخواردەوە و هەردەم وەک چەقۆ جەرگی منی لەت دەکرد، مەلاکان و زاناکان بوون. من زۆر ڕق و نەفەرەتم لەو کەسانە هەیە کە دەمیان بۆ هەندێک قسە و باس نیە و خۆیانی پێوە خەریک دەکەن. لە کۆیەک مەلا و فەقێ و زانا کە هەر خەریکی دەستنوێژ و هات و چۆی بەردەرگی مزگەوتن. لە سەد نەوە و نۆی مەلاکان و فەقێکان گەشەیان بە گێژی و گەمژەیی و گێلی داوە و خەریکی باسی زەکاتی خەڵک و مارە کردنی ژن بۆ خەڵک و ئەو جۆرە کارانە بوون. کۆیەک خەڵکی گەمژە و گێلیان بە دەوری خۆیان کۆ کردووەتەوە. کاتێک کە ئەو مەلا و نەزانانە دەبینم ئیتر هی ئەوە نین لێکۆڵینەوە و دانیشتنیان لەگەڵ بکەیت،

ئەوەندە پەرت و گێژ و گەمژەن دەبێت سەد جار تف لە خاک بکەیت کە پێ و هەنگاوی ئەمانە لەسەر خۆی قبووڵ دەکات.

" تف لە خاک کردن سیمبۆلێکی شەڕ و شەیتانیە، دژایەتی خۆ و خاک و خوایە."

ئەو جۆرە هەست و نەستانە هی وتن نیە، کەسێک کە ژیر بێت دەتوانێت بزانێت کە ئەو هەست و وەرەسیەکانی تر کامەیە کە لە سینگی مرۆڤە و بە دەم باسی ناکات. کە مرۆڤ ئەم هەستانە دەیگرێت، ئیتر لە دەروونی خۆی بەو باوەڕە دەگات کە فەرهەنگی کوردی و فەرهەنگی ئیسلامی ناتوانن کە مرۆڤی والا و بڵند و مەزن دروست بکەن. دەروونم هاواری دەکرد کە ئەو کەسانەش کە دروستی کردووە کەسانی بێکەڵک و لە دونیا وەرەس بوون.

کۆی هەستەکان و بیرکردنەوەکان و خەم و خەیاڵەکان و خەونەکان، منی بۆ ئەوە دەبرد کە نە دژایەتی وە نە دۆستی دین بکەم. بە خۆمم دەوت کە ئیتر نە دەبێت پشت لە دین بکەم، وە نە دەبێت ڕوو لە دین بکەم. بە خۆمم وت کە دەبێت بونیادێکی ڕەها و ئازاد( فریماسۆن) لەهەر دۆستی و دوژمنیەکی کۆن لە دەروونی خۆم دروست بکەم. بۆ ئەوەی کە هەرچی لە تۆ و توخم و هەست و بیر و خەون و خەیاڵ کە لە کۆنەوە هەیە بچێتە ژێر خاک و گڵەوە. ئەمە فریماسۆن یان چوون بۆ بونیادی نوێیەک دروست دەکات کە نە دۆستی وە نە دوژمنی دین دەکات. بۆ نموونە زۆربەی سکۆلارەکان و لیبراڵەکان و ئەوانەی کە باوەڕیان بە میدیتەیشنی هیندی و چینی هەیە، وەک گاندی و دەلایلاما و ماندلا، ئەوانە هەرهەموویان بۆ دروست کردنی بینا و بونیادی ڕەها دەچن. دژی دین نین، بەڵکو دەڵێن دەتوانیت کە کەڵک لە دین وەربگریت، بە شێوەیەک دین بە کار بەریت. زۆرکەس هەیە کە پێی خۆشە کە زانستی پزیشکی مرۆڤی سەرکەوێت، لەبەر ئەوەی کە پێیان ناخۆشە کە بچن بۆ لای مەلای عەلی کەڵەک دۆعایان بۆ بکات. پزیشکی مرۆڤی چوون بۆ دروست کردنی بونیادێکی ڕەها و ئازادە، کە مرۆڤ خۆی خاوەنی خۆیەتی و باس لە خوایەکی دروستکەری هەفت ئاسمان ناکات. کاتێک کە باسی مافی مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە و ئەو قسە و باسانە دەکەن، هەرهەمووی هاتوو لە ئیرادە و خواستێکە کە دەیەوێت بینا و بونیادی ڕەها لەسەر زەوی دروست بکات، ئیتر باسێک لە دینی حەنیفی ئیبراهیمی تێدا نیە. باسی بونیادی نوێ و جیهانی نوێ و لەو قسانە گەشە پێدەدەن و دەگەن بەو ڕادە کە مرۆڤ خۆی خوای خۆیەتی، مرۆڤ خودی خوایە، وەک

فیرعەون کە دەیەوت من خوای جیهانم!. باسی زانستی مرۆڤی دەکەن و مرۆڤ بە دانەری زانستەکانی دەناسن، وە باسی حوکم و دەسڵاتی مرۆڤی دەکەن.

زۆربەی قوتابیەکان و فەقێکان و مەلاکان و مامۆستاکان ئاگاهیان لە ڕوومەت و ڕەوتی فریماسۆن و دەستی دانەرەکانی نیە، لەبەر ئەوەی کە فراماسۆنەکان هەرگیز نایانەوێت کە کەسێک بیانناسێت. ئەوان ئەزانن کە زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان گەمژە و گێژن، خواکان و دانەرەکان و خاوەن وزە و تەواناکان زۆر کەم و دنکەن. ئەوان ئەو دنکانەیان دەوێت. ئەو دنکانە وەک گۆرانیبێژەکان و نووسەرەکان، وەک سادقی هیدایەت و داریوشی ئیقبالی، هەست و خەم و گرژی و تالی ڕۆژگار بلاو دەکەنەوە و باسی دەردی بێدەرمان یان دەرمانێک بۆ هەرچی دەردە دەکەن، وە نەوەکان خۆکوژ و دەرمانخۆر و بەرەڵا و ناتەوان دەکەن. هەستەکانی بێزاری لە دین، وە چوون بۆ بونیادی ڕەها و ئازاد بە شەپۆل دەچێت. شەپۆل(موج) کەسێک دەینێرێت بۆ کەسانی تر. ئەو هەستانە وەک شەپۆل دەنێردرێت بۆ کەسانی زۆر. سەرچاوەی شەپۆلەکانی فریماسۆنی و چوون بۆ بونیادی ڕەها و ئازاد بە ناوی مرۆڤەوە کراوە. واتە کەسێک و لایەنێک بە فەرمی خۆی بە خاوەنی نازانێت. هەندێک لە زاناکانی موسوڵمان ئێژن کە فریماسۆنی گەشە بە ئەدەبی شەیتان و دەجاڵە، وە ئەو چوونە بۆ بینا و بونیادی ئازاد بە چوونێکی شەیتانی ترسناک و کوشندە دەناسێنن، کە زۆربەی خەڵک و زاناکان و خاوەندارەکان ئاگاهیان لەو شەپۆل و نەخشەیە نیە!.

هەرچۆن لە بەرەتای ئەم بەشەی نووسینەکان باسی خەوی زۆر و میزی ترسم کرد، وە باسی شلی و شپرزەیی جلەکانی خۆم کرد، وە لە بەشی یەکەمی نووسینەکان باسی فارسەکان و فەرەنسیەکانم کرد، وە زۆر ئاماژە و نیشانەی هێرش و هەڕەشەم باس کرد، خۆم لە مەترسی و کێشەیەکی گەورە دەبینم. من هەر لە بەرەتاوە کە دەستم بۆ کتێبەکانی فارسی و فەرەنسی برد، بە دوای بینای ئازاد و ڕەها و ژیانێکی ئاسوودە لە دەرەوەی دین بووم. پاش ئەم هەموو ساڵە کە پڕ بووە کە بیر و هەست و هزر و ئاخ و هەناسە و تووڕەیی و گریان، لە خۆم پرسیار دەکەم کە چ بونیادێکی ئازاد و ڕەهات بونیاد نا!؟. دەروونی شەیدا و پەرێشانی من بە ڕاستی دان و ددان لەسەر ئەوە دەنێت کە بونیادێک کە شەڕ و خێر لەسەر و بنی نەبێت، بوونی نیە!!. هەست بە ترس و نیگەرانی و شەیدایی و پەرێشانی فردریک نیچە لە

ئاکار ئەوە بوو کە بۆ بونیاد و بینایەک لە دەرەوەی ئاکار و پرسی ئاکار نیە!؟. نیچە بە لایەکەوە حەزی لە ژنەکان و ئاکاری یۆنان بوو، لە لایەکی ترەوە باسی ناوی زەردەشتی دەکرد. پیاوەکانی دین و ئایین زەردەشتی ژن پارێز بوون، بۆیە کەوا و سەلتە و چارەکەیان بۆ ژنەکانی کورد دووری. بە پێچەوانەی شەونشینیەکانی یۆنانی کە ژنە جوانەکان و پیاوە خۆش ئەندامەکان شەرابیان بەسەر لەشی یەکدی دەکرد زوبانیان پێدەهێنا و پێکەوە ڕایاندەبوارد. نیچە لە لایەک پیاویەتی و سمێڵی خۆشدەویست، لە لایەکی تر ژنە بەڕەڵا و لەش جوانەکانیشی لە خەم و خەیاڵ بوو. نیچە مایەوە، لەوە مایەوە کە نە دەتوانێت سمێڵ و شاڵی پیاو فەرامۆش بکات، وە نە دەتوانێت کە لەش و پەیکەری ژنە جوان و ناسکەکانی یۆنان لە بیر و خەیاڵ دەربکات. نووسەران و بیرمەندان و خاوەن قسەکان بە باس و بابەتی ناڕاست کە وەک پەردە و سەرپۆش کاری پێ دەکەن، دەیانەوێت کە ڕاستیەکە بشارنەوە. گەر پرسیار لەو بیرمەند و نووسەرانە بکەم، بۆ کەیفتان بە یۆنان دێت!؟ بۆ لە دڵەوە نەفرەتتان لە مەکە و مەدینە هەیە!؟ ئێژن یۆنان سەرزەوی گفتۆگۆ و پەیکەرتاشی و مۆسیقا و سەرجەم هونەرەکان و پیاویەتی و حیزیەتی و خواکان و ژنە جوانەکان و فەیلەسۆفەکان و خەون و خەیاڵەکان بووە، یۆنان مەجالی بە مرۆڤ داوە کە خۆی لە خۆیدا و بە خۆیەوە و دوور لە هەر چاوی خوایەکی ئاگاە و خاوەن دەست و دەسڵات، بە دوای خەون و خەیاڵەکانی خۆی لە دەرەوەی ناوی خوای ( بيت المقدس و مكه) بێت.

لە سروشت دووانە هەیە، خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز ئاماژە پێ کردووە. ئەگەر یۆنان سەرزەوی فەیلەسۆفەکان بووە، بيت المقدس قیبلەی پەیامهێنەرەکان بووە. ئەم دوو بەرەیە دەسڵاتیان هەیە، مرۆڤ دەکەنە بەندە و کۆیلەی خۆیان، بە خۆتەوە ناتهێڵن. ئەمە کێشە و گرفتی سەرەکی منە. یان دەبێت ڕوو لە مەکە بکەیت یان دەبێت ڕوو لە یۆنان بکەیت. بینا و بونیادی ڕەها و ئازاد ئەوەیە کە ڕوو لە هیچ یەک لەوانە نەکەیت و لە زەوی بژیت. کەسێکی وەک سادق و نیچە ئەوەندە بێزار بوون لە دین، ڕوویان لە دوژمنانی خوا و مەکە کرد.

پاش ئەو هەموو دەرد و ڕەنج و برین و نەزانیە، گەیشتم بە دەرمان و چارەسەر و ڕێگەیەک کە من دەبێت هەنگاوی تێبنێم. ئەم ڕێگە قورئانە. ئیتر دەبێت کە دۆستایەتی و خزمایەتی هەرچی پەیوەندی خۆمە هەڵبیوەشێنم و بڕۆمە بەرەی ئەو

کەسانە کە قورئان وەک تاکە کتێب بۆ ڕووشد(پەروەدە) وە هیدایەت(پەروەردە یان تەزکیەیەک کە خوا دەیکات) بە دەست و دەمەوە دەگرن. ئیتر ئەزانم هیچ بونیادێکی ڕەها و ئازاد بوونی نیە. بە ناوی خوای گەورە دەبمە دۆستی بەندە دنکەکانی خوای گەورە. ئەم هەست و هزرانە بۆ زۆرێک لە دۆستان و خزمان و ئاشناکان دەبێتە هۆی سەرسووڕمان و سەیر لێهاتن. قەیامەت نزیکە، ناتوانم لەگەڵ کەنیشکێک کە جلی بیکینی لەبەرە لە کەناری دەریای یۆنان بخۆمەوە و ڕابوێرم!.

## کەلاوەکان و کەلاکەکان

پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دست و گیان پێ دەکەم.

### لە پیت تا چیرۆک

### لە چیرۆک تا پیت

پرسێک کە بەهای زۆری هەیە، ئەوەیە کە نەوە یان خوێنەری وەرزاو دەروازەی ناسین لە ناوەکان بزانێت یان لە ڕستەکانەوە؟.

ناوەکان پێش ڕستەکان بۆ من بەها و دەورێکی گرنگی هەبووە. من پێش ئەوەی کە ڕستەکان بە بەهادار بناسمەوە، گرنگیم بە ناوەکان و ڕوومەتەکان داوە. چەند شتێک لە ئارادایە کە خوێنەر ئاگای لێ بێت بەهای زۆری هەیە:

پیتەکان بۆ دەستەیەک بەهای زۆری هەیە. پیتەکان جودا و نەکراو بە وشە و ڕستە بە بێ ئەوەی کە خاوەنداری هەبێت یان ناوێک لەسەری زاڵ بێت، بۆ کەسانێک بەهای هەیە، وەک ئەلف ب پ ت... تا دوایی.

دەستەیەک لە ناوەکان بەها بە وشەکان دەدەن بە بێ ئەوەی کە لە ڕستەدا بێت و بە بێ ئەوەی کە خاوەنی هەبێت و لە ئەدەبێک دەربخرێت.

دەستەیەک لە ناوەکان بەها بە وشەکان دەدەن کە بە ڕستە کرابێت و خاوەنی هەبێت. بۆ نموونە بەها بە ئەدەبی ئیسلام یان مەسیحیەت دەدەن.

من بۆ خۆم چەند جۆرەی جیاوازی بیر و ژیری تایبەتیم هەبوو:

لە دەورەیەک دەمەوت کە ئەگەر من ئەم چەند ساڵە لە ڕوانسەر و هەولێر و ئینگلیس بە ناوەکان و وشەکانی ئیسلام و پەروەردەی مرۆڤی ئاشنا نەبایەم نەدەگەیشتم بەو ڕادە کە ئێستە ناوەکان لێک دەدەمەوە.

لە دەورەیەکی تر دەمەوت کە ناوەکان و ئەدەبەکان گەورەترین لێدانیان لە هۆشی منداوە.

لە دەورەیەکی تر دەمەوت کە مرۆڤ دەبێت لەگەڵ ناوە بەرزەکان و ڕستە بەهێزەکان ئاشنا بێت و بیخوێنێتەوە.

منداڵێک کە وردە وردە گەورە دەبێت و بە شیعر ئاشنا دەبێت، هەوا و هەستی شیعرەکان دەیگرێت، بۆ نموونە منداڵێک کە لە کۆڕێک بێت ئەم شیعرانە سەعدی تێدا بخوێنرێتەوە:

به غنیمت شمر ای دوست، دەم عیسی صبح تا دل مرده مگر زنده کنی، کاین دم از وست

یان:

ای ساربان آهسته رو کارام جانم می رود وان دل که با خود داشتم با دلستانم می رود

ئەو شیعرە شێوەیەکی هەست و هەناسە و گڕی و ساردی و ژیر و بیر لە ژیانی ئەم منداڵە دروست دەکات.

یان ئەگەر منداڵ بەو ئایەتەی قورئانەوە کە دەفەرمێت: و ما خلقت الجن و الانس الا لیعبدون(الذاریات ٥٦) و ما خلقنا السماوات و الارض و ما بینهما لاعبین(الدخان ٣٨) دەست و دەمی بکرێتەوە، نیگا و نیگارێکی تایبەتی لە جیهان بۆ دەکاتەوە. ئەم دوو ئایەتە گەر بە مندالێک بدرێت دونیایەکی تری بۆ دروست دەکات.

چەند سوورەتی کتێبی قورئان بە پیتەوە دەست پێ دەکات. ئەو پیتانە بۆ بارهێنان و ڕاهێنان نیە. بۆ نموونە لە کتێبی سەرەتای فارسی لە پیتی (ا آ ب) منداڵەکانیان بە پیتەکان ئاشنا دەکرد. پاش ئەوە وردە وردە زەمینەی ئەوەیان دروست دەکرد کە

منداڵ فێری خوێندنی چیرۆک بێت. پەروەدەی مرۆڤی لە پیتەکانەوە منداڵ بە زانستی کیتابی ئاشنا دەکات. بەڵام لە قورئان شێوەیەکی تری هەیە. پیتەکان بۆ ئەوە نیە کە منداڵی موسوڵمان ئاشنا بە خوێندن و نووسین بێت، بەڵکو (ئەلف لام میم) بە پەیام و هەواڵ یان بەستنەوە و هێما و وشداری و مانا و بەهایەک دەناسم کە بە لایەنێک دەدرێت. کیتابی خوا بەس بۆ یەک کەس نیە، بەڵکو بۆ هەمووە، ئەو هەمووە بە چاو و بیر و هەستێکەوە گوێ لە قورئان دەگرن، کەسانێک لەوانە دۆستان یان دوژمنیانی کۆنی دینی حەنیفی ئیبراهیمن. قورئان و ئیسلام وەک کاروانێکە کە لە کۆنەوە هاتووە، گەیشتووە من، بە من ئێژیت: عەباس ئێمە لەسەر ڕێگە و چوونی خۆمانین، گەر دێت، وەرە، ئەگەریش نایەیت یان بە لایەکی تر دەچیت، کەیفی خۆت، دەینی خۆت بە ملی خۆت!. بە شێوەیەک قورئان خۆی لەوە گەورەتر دەزانێت کە وەک (بابا آب داد) ی یەکەمی سەرەتای فارسی، باسی ئەلف و بێ بکات.

پێکهاتەی کتێبی قورئان بۆ مرۆڤ لە پیت بۆ چیرۆک نیە. بۆ نموونە کەسێک کە لە داهاتوو دەبێتە دکتۆر، وە کەسێک کە دەبێتە سیاسیەک، دەبێت لە ئەلف و بێوە دەست بە فێربوون بکەن. بەڵام قورئان وانیە، ئەو منداڵانەی کە دەچوونە مزگەوتەکان فێری خوێندن بن، یەکڕاست بە حنجە کردنی ئایەتی یەکەمی قورئان(بسم الله الرحمان الرحیم) دەست و دەم دەکەنەوە. وێنەی ئەمە وەک ئەو قوتابیانەیە بۆ ئەوەی کە فێری زانستی لەش و پزیشکی بن، یەکسەر بیبەیتە سەر لەشێکی مردوو وە یان زیندوو فێری بکەیت. لەیەکەم هەنگاو منداڵ لە مزگەوت دەبرێتەسەر ڕستە زیندووەکانی قورئان. نموونەیەکی تر: بۆ ئەوەی کە منداڵێک فێری شەڕ و نێچیر کردن بکەیت، بیبە نێو دارستان و گۆڕەپانی شەڕ و نێچیر کردنەوە. قورئان وەک هێمای ویبسایتی ئامازۆن، لە A بۆZ مەبەست ئەوەیە کە زۆر شتی تێدایە، کەمی دەزانن و زۆری نازانن. مرۆڤ پێش ئەوەی کە بچێتە ئامازۆنەوە، وێنە و هەستێکی سەبارەت بە ئامازۆن پێی بەخشراوە، خۆی بۆ ئامادە دەکات. قورئان وەک ئامازۆنە، لەوە کە زۆری تێدایە، وە لەوە لە ئامازۆن ناچێت کە خاوەنی نەبێت، قورئان خاوەنی هەیە، بە خواستی خۆی بە خوێنەری دەبەخشێت. کەسانێک کە قورئان دەخوێنن بەس بۆ ئەوەیە کە شەڕی شەیتان لە خۆیان دوور بکەنەوە، وە کەسانێک بۆ ئەوە دەیخوێنن کە پێگە و ڕووناکی بە سەرودڵیان ببەخشرێت، خوای گەورە بە خواستی خۆی بەو دوو کەسە دەبەخشێت.

لە دەورەیەک دەمەوت کە مرۆڤ و نەوەکان باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ناوەکان پێش ڕستەکان بناسێت و لەگەڵیان ئاشنا بێت. یەکەم کەسێک کە کاریگەری زۆری لە من و ئیبراهیم کرد و ئەزموونێکی گەورەی بە ئێمە بەخشی، سەعدی و حافزی شیرازی بوو. دوو کەس کە بەس چەند شیعرمان لەوان لەبەر بوو، لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەو شاعیرانە ئاشنا نەبووین. بەس چیرۆکی ژیانی ئەوانە کاری لە من و ئیبراهیم کرد و ئێمەی ئاوارەی شارەکان کرد. ئەوە بووە ئەزموونێک کە ئەگەر مرۆڤ زۆر لە بەر و بەرهەمەکانی ناوەکان نزیک نەبێتەوە، بەرهەمی فراوانتر وەردەگرێت.

سادقی هیدایەت بە پێچەوانەی سەعدی و حافز منیان گۆشەگیر و ڕماو کرد. ماوەی دوو ساڵ بە ناوی سادقەوە خەریک بووم، منی بە خوێندن و تەنیایی و تەم و تاریکی نزیک دەکردەوە. منی بە جگەوە و مەشروب و دەستە وشەیەکی ڕووخێنەر و هیچ و پووچ ئاشنا دەکرد. کە دۆستی ئەو ناوانە دەکەیت ئیتر دەستنوێژ گرتن و خۆ پێچانەوە بە شاڵی کوردی تۆزێک سەخت دەبێت! سادقی هیدایەت لە قەمی فەرەنسیەکان ئاوی خواردووە. فەرەنسیەکان دەستە ڕێبازێک گەشە پێدەدەن کە کەسانی وەک سادق و پیرباڵ گەورە دەکەن. دادائیسم و نیهیلیسم و سوورڕیالیسم و ئکسپرسیونیسم و ئگزیستەنسیالیسم، یان بەس باسی یەک لایەن دەکەن و یەک لایەن بە گرنگ دەزانن و ڕەنگی تۆخی لێ دەدەن، یان هەموو لایەنەکان دەشەوێنن و تێکەڵی دەکەن. لاوازی و شێتی و نەزانی و تووڕەی لە جۆری شەیتانی لەو ڕێبازانە دەبینرێت. سادق ئاگاهانە یان نائاگاهانە شێوەی سورڕیالستی لە (بوف کور) دەخات. شێ و شێواندن و شێواوی و شیوەن و بێشەرمی و شەلەقان و شکاندن و شپرزەیی لەو کتێبەی سادق دەبینرێت. ئەو وشانە کە هەمووی شێ و شینی پێوەیە، وا دەکات کە خوێنەر لە خۆی بگرێت و داگیری بکات.

پاش ئەوەی کە دەور و دەورەیەکی ناخۆش و لە ئازارم لەگەڵ ناوەکان و ڕستەکان بەسەر برد،ماندوو و هیلاک و شەکەت کەوتم و ڕمام، ئیتر تەوانی ئەوەم تێدا نەبوو کە بڕۆم. ڕووم لە خوا کرد و داوای ئەوەم کرد کە لەو شەڵەقان و شێواویە کە ڕئالیسمی ڕۆژهەڵات و سورڕیالیسمی ڕۆژئاوا منی گرتووەتەوە دەربازم بکات. ئیتر وردە وردە پاش ئەو دۆعایە زەمینەی پارێزم لە دەروونی خۆم خۆش کرد. خوای گەورە لە قورئان دەفەرمێت: و من یتق اللە یجعل لە مخرجا (الطلاق ٢) ئیتر دەستم لەوە شۆرد کە نووسینی دەستی مرۆڤ بخوێنمەوە. لە ڕاستیدا من لە پەرتگایەکی

گەورە بووم و کەوتمە خوارەوە، بەڵام پەرتگاکەی من وشک نەبوو، بەڵکو لە تاڤگەیەکی ئاوەوە کەوتمە خوارەوە و کەوتمە گۆم و دەریاچەیەکی گەورەوە، لەو کەوتنە لە پەلکەزێڕینە و هاڤ و تافی ئاوی خرۆشان گوزەرم کرد و بە خۆشی و هەستێکی خۆشەوە کەوتمە خوارەوە، کەوتمە نێو ژیان و ژینگەیەکی تر!.

ئەدەبی فەرەنسی دوو ڕێبازی دیاری هەبوو بە ناوی دادائیسم و سورڕئالیسم. ئەو دوو وشەیە لە نووسین ئەوە بە نووسەر دەگەیەنن کە ئەوەی دێتە سەردەم و دەستت بیدە دەرەوە. هەرچی هاتەسەر هەست و هزرت ئەوە بنووسە، ئەوە بۆ خۆی ئەدەب و شێوەیەکی دەربڕینە. قورئان وێنەیەکی سورڕئالیستیە، بەڵام بە پێچەوانەی فەرەنسیەکان، هەرچی تێدا وتراوە و هاتووە، مانا و بەهای هەیە. ئیتر مانای ئەوەیە کە هەر لە خۆیەوە نایەتە سەر دەست و دەمەوە، بەڵکو ئیرادە و خواستێکی گەورەی لە پشتەوەیە. کەوایە جیاوازی سورڕئالیسمی قورئان و فەرەنسیەکان ئەوەیە کە فەرەنسیەکان هەر لە خۆیانەوە، بە با و هەوای سک و گەدە و گونیان ئێژن و ئەنووسن، لە کاتێک کە قورئان لە هەوا و هەستی گەدە و گونەوە نیە، بەڵکو تامدار و مانادار و بەهادار و کاریگەرە.

ناسری سوبحانی و فردریک نیچە دوو ناو بوون، بە بێ ئەوەی کە بەرهەمەکانیان بخوێنمەوە، بەس بە ناویان کاریگەری زۆریان لە من کرد.

کەسانێکی کەم پەند لە پیت وەردەگرن. کەسانی کەم پەند لە وشەیەک یان یەک ڕستە وەردەگرن. کەسانی زۆر بە چیرۆکی سەدان ڕستەیی پەند وەردەگرن. لە ڕاستیدا ئیتر ئەوە پەند وەرگرتن نیە، بەڵکو ئەو چیرۆکە بە خۆیەوە دەیبەستێتەوە. بەڵام کەسێک کە پەند لە یەک پیت یان یەک وشە یان یەک ڕستە وەردەگرێت، ئەوە نەیبەستووەتەوە، بەڵکو ڕێگەی بۆ کردووەتەوە و ئازادی هێشتووە. قورئان زۆر بە وردی و گتەوە دەخوێنرێت، بەشێویەەک کە مرۆڤ پێویستی بە زۆر نەبێت و بە وشەیەک یان ڕستەیەک پەند و وانە و هەست و هزر وەربگرێت.

# إن يشأ يذهبكم و يأت بخلق جديد[23]

---

[23] _ ( فاطر ١٦)

پرسیاری سەیر و گەورە ئەوەیە کە چۆن بە بێ ئەوەی کە کتێبی کەسێک بخوێنیت دەتوانیت لە دەروونی ناوی ئەو کەسە ئاشنا بیت!؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەک دووگی مەڕە، پان و قورس و پڕ لە چەوریە. خوێنەر دەتوانێت کە لە ڕێگەی یەک ڕستەوە بچێتە نێو دەروونی سەخت و تاریک و گیراوی نووسەرەوە. دەم و دەرگەی ئەشکەوتێک دەرفەت بۆ مرۆڤ خۆش دەکات کە بچێتە ناوەوە. کەژەکان کون و کەل و ئەشکەوتیان وەک یەک نیە، زۆر کەم لە کەژەکان ئەشکەوتی قووڵ و دوور و درێژیان هەیە. هەروەها نووسەرەکان بە ڕستەکانیان کون و کەل و کەورگ[24] دروست دەکەن بۆ ئەوەی کە خوێنەر تێدا گوزەر بکات و لەگەڵ دەروون و بەشە پۆشراوەکانی مرۆڤ ئاشنا بێت. کەم لە نووسەرەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە زەمینەی ئەوە بۆ خوێنەرەکان خۆش بکەن کە بە دەرگێکی چکۆلە، ناوەڕۆکی کەورگی دەروونی خۆیان بە خوێنەر پیشان بدەن. زۆربەی نووسەرەکان لەبەر ئەوەی کە تەوانی ئەوەیان  نیە کە دەروونی خۆیان بکەنەوە و پێدا و تێدا بچن، ناتوانن کە بە ڕستەکان بۆ خوێنەری بکەنەوە. زۆرێکیش لە نووسەرەکان دەستە ڕستەیەکیان هەیە کە وەک کەورگێکی لێ هاتووە کە دزەکان و گورگان و بێ پەناکان خۆیانی تێ دەخەن و خۆیانی تێدا دەشارنەوە، بنی قووڵ و گەورە نیە.

من ئەوەم بۆ کرایەوە کە ئەوە خواستی خوای مەزنە کە مرۆڤ ڕستەکانی بۆ بکرێتەوە و بتوانێت کە ناوەکان و ناوەڕۆکی ناوەکان بناسێتەوە. خواستی خوای مەزن زۆر گرنگە. باش وایە کە ئەمە بزانن:

ڕۆژێک لەگەڵ ئیبراهیم قسەم دەکرد. وتم: ئیبراهیم خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: إن یشأ یذهبکم و یأت بخلق جدید(فاطر ١٦). دەتوانێت کە مرۆڤ ببات و بە بونیادێکی نوێوە بیهێنێتەوە. من کاتێک کە ئەو ڕستەیەم خوێندەوە ناوی سەید قوتب بە دوای ئەو ڕستەیەدا هات بە سەرمدا. خوای گەورە سەید قوتبی برد بۆ ئەمریکا و لە ڕێی ئەمریکا بوو کە بونیادی قوتب گۆڕانی بەسەرهات. لە قورئان بە ڕوونی ئەوە باس دەکات. خوای مەزن بە خواستی خۆی نەوەکان هەڵدەگرێت و بە خواستی خۆی دەیانگەڕێنێتەوە. لەبەر ئەوەی هەرهەموو کەون و کائینات هی خوایە. ئنجا خوای مەزن کام لە نەوەکان هەڵدەبژێرێت و کامەیان هەڵدەگرێت!؟. باس لە ناوی ئیبراهیمی دۆستی خوا دەکەم:

---

[24] _ کەورگ،ئەشکەوت

ئایا ناوەکانی خوای گەورە گەمەی بەن و بووکەڵەن[25] یان پێچەوانەیەتی!؟. باسی موسام کرد کە خوای مەزن دەفەرمێت کە بۆ نەفسی خۆم دروستم کردووە. پەیامهێنەری خوای مەزن موحەممەدی موستەفا لە حەدیسێک باسی خۆی دەکات کە خوای گەورە ڕەحمی پێ کردووە. مەبەست شەقی سینگی لە منداڵیە. لە قورئان خوای گەورە باسی ئیبراهیم دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئیبراهیم بە پرسیار یەخەی خەڵکەکەی گرتووە و وتوویە ئەم خوایانە چیە کە ئێوە دەیپەرەستن!؟. داڕشتنی ڕستەکان لە قورئان شێوەیەکی هەیە کە بە خۆی ئەو ڕستانە ناتوانرێت کە بزانرێت کامەیان پێشترە و کامەیان دواتر ڕووی داوە!. کاتێک کە ئیبراهیم ئەستێرە و مانگ و خۆری بۆ خوایی خۆی تاقی دەکردەوە، بۆ ئەوە بوو کە خوای ئیسلام بە خەڵکەکەی بناسێنێت یان ئەوە کە خۆیشی دەور و پێگەی خواکانی تاقی دەکردەوە؟. من نامەوێت کە باسی شێوەی داڕشتنی ڕستەکانی قورئان بکەم، بەڵکو دەمەوێت کە باسی یەک شت بکەم: ئیبراهیم لێکۆڵەر و خاوەن پرسیار و بەدواداچوونی خۆی بووە. کاتێک کە خوای مەزن دەفەرمێت کە مەلەکووتی خۆمان بە ئیبراهیم پیشاندا، بۆ ئەوە بوو کە باوەڕ بکات.

" ئەوانەی کە ژیر و بیر بۆ کاری خوا بە کاربەرن، توێڵیان لەسەر خاک دادەنێن و یەک شت دەڵێن: خوایە ستایشی ناو و پێگەت دەکەین!."

خوای مەزن ئەو نەوانە لەگەڵ خۆی دەبات و هەڵیاندەگرێت کە خاوەن پرسیار و لێکۆڵینەوە و هەست و سرنج و بیر و مانەوە بن. خوای گەورە ناوەکان لە نێو نەوەکانی هەر ئەو خەڵکە هەڵدەبژێرێت کە دواتر دوژمنی دەکەن.

خوای گەورە نەوەکان لەگەڵ خۆی دەبات و بە خواستی خۆی دەستیان لێ دەوەشێتنێت. هەرکام لە ناوەکان چ کورد چ فارس چ ئاڵمان چ عەرەب و خەڵکی هەر کوێ بێت و تەنیا چووبێت و لە شار و خاکی خۆی دوور کەوتبێت، ئەوە دەستی خوای لەپشتەوەیە.

ئیبراهیمی دۆستی من وتی: بۆی هەیە کە بە بیر کردن بەو قسە گەیشتبیت!.

ئیبراهیم دەیەویست کە بیر کردن بە سەرچاوەی کردنەوە بناسێنێت. ئەی ئەگەر بیر کردنە، بۆ کەس بەوە نەگەیشتووە. من بە خواستی خوای گەورەی دەزانم کە

[25] ــ بەن و بووکەڵە، لە ئەدەبی فارسی پێی ئێژن(خیمە شب بازی)

ئەو ئایەتەم بە ناوی سەید قوتب پەیوەند داوە. لێرەیە کە خواستی خوای گەورە یان ئەو ڕۆشناییە کە خوای گەورە بە مرۆڤی دەبەخشێت بە گرنگی دەزانم، بۆ ئەوەی کە ناوەکان و ڕستەکان و وشەکان بناسێت. گرنگ ئەوە نیە کە نەوەکان لە چ باروودۆخێک بن و چەند کتێب و ناویان خوێندووە یان چەند زانکۆ و دەورەیان بڕیوە؟ ئەوەی کە بەهای هەیە ناوی خوای مەزنە کە بە مرۆڤی ببەخشێت و بیکاتەوە. یادی ناوەکان تەوانی ئەوەی هەیە کە مرۆڤ بە ناسین و زانستی ناوەکان بگەیەنێت.

## رشد

وشەی ڕووشد لە زمانی عەرەبی و ئەدەبی قورئان مانا و دەور و پێگەی جۆراوجۆری هەیە. ئەتوانرێت کە بە زۆر شێوە ڕستە بەو وشەوە دابڕژرێت، بۆ نموونە بڵێین ئەو منداڵە ڕووشد دەکات یان ڕووشدی کردووە. مەبەست لێرە زۆر شتی ئەو منداڵە دەگرێت، باسی ئەوە دەکات کە ڕوومەتی وردە وردە دەکرێتەوە، وردە وردە ئێسک دەگرێت، دەم و چاوی دەکرێتەوە، ددانی دەردێت. وەک دارێک ناوقەدی دامەزراندووە و وردە وردە لق و پۆکانی دەردێت.

لە ئەدەبی ئیسلامی کوڕێک کە بە تەمەنی ڕووشد گەیشتبێت، یان کچ کە گەیشتە تەمەنی ڕووشد، بە شێوەیەکی تر کاتێک کە کوڕ و کچ لق و پۆیان گەشەی کرد، مەمک و دەست و پێیان گەورەتر بوو، ئەوە ڕووشدی کردووە و دەبێت دەست بە نوێژ و ڕۆژوو بکات.

هەر دان و تۆ و توخم و ناو و ناونراوێک، ڕووشد و گەشەی تایابەتی خۆی هەیە. هەر ناو و تۆ و توخمێک، پەیام و ئەرکێکی لەسەر شانە. هەر هەڵسان و (قیام) ێک سەرەتای هەیە و هەر هەڵسانێک و (قیام) ێک شێوە و گەشەی بەرنامەبۆداڕژراوی خۆی هەیە کە خوای مەزن هیدایەتی دەکات و دەستی بەسەری زاڵە. ناوەکانی خوای گەورە لە یەک کات گەشە و ڕووشد ناکەن، بۆ نموونە عیسای کوڕی مریەم لە منداڵی حوکم و پەیامی پێدەدرێت و قسە دەکات. ئیبراهیمی دۆستی خوای گەورە لە دەورانی گەنجی پەیامی خۆی دەست پێ دەکات. موحەممەدی پەیامهێنەری خوای گەورە کە تەمەنی دەگاتە چل ساڵی پەیام دەکەوێتە سەرشانی. لێرە ڕووشد مەبەست پێدانی پەیام بە خەڵکە، مەبەست ئەوەیە کە ئەو سێ ناوە بوونەتە

ماموستا و لە ناو خەڵک هەڵساون و (قیام) یان کردووە و ڕووشد بە خەڵک دەدەن. وەک دارێک لق و پۆی دەرکردووە و چەند جار گەڵای وەریوە و ئامادە بووە کە بەر بە سروشت ببەخشێت.

ئەی باشە پرسیار ئەوەیە کە ڕووشد و گەشەی دان و تۆی ناوەکی ئەوان چۆن بووە!؟. مرۆڤ کاتێک کەوتە پرسیار و سەیر لێهاتن و گریا و چۆکی دا و دۆعای کرد و گەڕا و خەمی خوارد و هەناسەی ساردی هەڵکێشا، ئەوە شایستەیی ئەوەی تێدایە کە هەڵسێت و (قیام) بکات.

من و ئیبراهیم سەرەتای گەشەیەکی زۆر زوو و خێرامان هەبوو. کاتێک کە تەمەنی ئێمە سێزدە ساڵ بوو، هێشتا بە تەمەنی (بلوغ) نەگەیشتبووین، هەڵچوون و هەڵسان و (قیام) ێکی گەورەمان کرد. کاتێک ئێمە هەڵساین کە هیچ بار و ئەرکێکمان لەسەر شان نەبوو.

خوای گەورە لە قورئان باسی ئیبراهیم دەکات: و لقد ءاتینا ابراهیم رشده من قبل و کنا به عالمین(أنبیاء ٥١) لەم ئایەتە پیرۆزە جۆرێک باسی ڕووشد و شێوەی ڕووشد دەکات، وێنە لە بیری من دروست دەکات. ڕووشدی ئیبراهیم وەک دارێک نیە کە خوای گەورە لەتەنیشتی دانیشێت و ئاوی بدات و چاوەڕێ بێت کە گەشە بکات، بەڵکو لە هەر کات و ساتێک کە دیاری کراوە، خوای گەورە پووی پێدادەکات. وشەی (ءاتینا) دەتوانرێت وەک ئەوە بێت کە کەسێک شتێک بە دەستی بە کەسێکی تر دەدات. (ءاتینا ابراهیم رشده) دەتوانێت کە ئاوەهاش سەیری بکەین( ءاتینا ابراهیم کتابه). پاشان خوای گەورە دەفەرمێت (من قبل) مەبەست کەیە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە بگەیەنێت کە وەک عیسای کوڕی مریەم لە کۆرپەیی پەیاممان پێدا، یان مەبەستی ئەوەیە کە لە منداڵی لە تەمەنی پێنج تا دە ساڵی پەیاممان پێدا!؟.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: سیقولون ثلاثة رابعهم کلبهم و یقولون خمسة سادسم کلبهم رجما بالغیب و یقولون سبعة و ثامنهم کلبهم قل ربهم اعلم بعدتهم ما یعلمهم الا قلیل فلا تمار فیهم الا مراء ظاهرا و لا تستفت فیهم منهم احدا(کهف ٢٢)

لە سوورەتی کەهف باس لەوە دەکات کە خەڵک لە ناو خۆیاندا ئێژن سێ بوون و چووارەمی سەگەکەیان بوو، یان پێنج بوون و شەشەمی سەگەکەیان بوو، یان ئێژن هەفت بوون و هەشتەمی سەگەکەیان بوو. خوای گەورە ئەفەرمێت بەس خوا و کەسانێکی کەم ئەزانن کە چەندە بوون، مەبەستی ئەوەیە کە ئەوە ئەوەندە گرنگ نیە کە ئێوە باسی لێوە دەکەن، بەڵکو ئەو چیرۆک و پەیام و هەواڵەی کە پێی بووە گرنگی هەیە. لەم ئایەتە خوای مەزن دەیەوێت بگەیەنێت کە خەڵک لە دەوری بابەت و پرسە گرنگەکان کۆ دەبنەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی کە بە خاڵ و چاڵی سەرەکی خەریک بن و باسی لێوە بکەن، بە شتانێک خۆیان خەریک دەکەن کە جگە لە خوا و دەستەیەکی کەم نەبێت، کەس لێی نازانێت. هەروەها گەر بێت و پرسیار لەوە بکەم کە کەی تەمەنی ڕووشد و گەشەیە؟ وە چ دەورەیەک گرنگە و چ ژینگە و داوێنێک بۆ زایین و کردنەوە و کرانەوە، دەوری بنەڕەتی و سەرەکی هەیە!؟ وەک ئەوەیە کە منیش وەک ئەو کەسانەی دەیانەویست چەندیەتی ئەسحابی کەهف بزانن، شتێکی بێبەها و دوور لە ڕاستیە!. ئێستە زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە تەمەنی منداڵی گرنگە و لە دەروونناسی و کۆمەڵناسی باسی تەمەنی منداڵی دەکەن. نە چووارە وە نە پێنجە وە نە شەشە وە نە هەفتە، ئەوەی کە ڕاستە لە زانستی خوای مەزنە. بۆی هەیە ئەگەر خوای گەورە خواستی هەبێت، منداڵێک کە هێشتا تۆ و توخمی لە ڕەحم نەکراوە، وەک (یحیی و عیسی درودیان لێ بێت) خوای مەزن موژدەی هاتن و گەورەییان دەبەخشێت، یان وەک ئیبراهیم لە تەمەنی گەنجی دەم دەکاتەوە و یەخەی خەڵکەکەی خۆی دەگرێت، یان وەک پەیامهێنەری خوای گەورە موحەممەدی موستەفا لە تەمەنی چل ساڵی دەم و گیانی بۆ خەڵکەکەی خۆی دەکاتەوە. کەوایە کات و شوێنی ڕووشد و گەشەی مرۆڤ بۆ خۆی و بۆ خەڵکی تر وەک زایینە و لە دەستی کەس نیە. خوای گەورە لەو ئایەتە دەفەرمێت (ما یعلمهم الا قلیل) کەسانێک کە زانست و حیکمەتی چەندیەتی و چۆنیەتیان هەبێت، کەمن. هاتنی(الا قلیل) مەبەست ئەوە دەبێت کە بە ناو زاناکان دەمی خۆیان ماندوو دەکەن. جۆرێکیش دەفەرمێت(الا قلیل) وەک ئەوە کە کەسێک لەو قەلیلە لەو سەردەمە بوونی نیە!!.

زۆرجار خوای مەزن لەو شوێنەوە بە مرۆڤ نابەخشێت کە مرۆڤ لەو شوێنە چاوەڕوانی بەخشندەیی دەکات. بۆیە ئەوەندە دەست و دەم و باس لەسەر دەورەیەکی منداڵ و مرۆڤ نەگرین باشترە. دەتوانرێت کە ژینگە بۆ زایین خۆش

بكريت، بەڵام گەر زۆر دەستكاری تۆ و توخمێك بكرێت و زۆر دەست و چاوی لەسەر هەبێت، دەور و بەهای نابێت. زۆر پاشا و سەرۆك هەبوون، بۆ ئەوەی كە كەسانی وەك خۆیان بخەنەوە، شەوی خەوتن و تۆ خستنی خۆیان ڕازاندووەتەوە و دەهۆڵ و زوورنای زۆریان لێداوە، بەڵام بە پێچەوانەكەی دەرچووە!.

ئەو تۆ و توخم و ناوانەی كە خوای مەزن دەیانینارد، شوان بوون و كەس ئاگای لە زایینیان نەبووە. هەر ئەو دەستە لە ناوانە لە بوون درەوشاونەتەوە.

ڕووشد مانای ئەوەیە كە ئەو كەسەی كە بڕیارە ڕووشد بدرێت، لە دەورەكان خاوەنداری دەكرێت. كاتێك كە باس و پرسی یارانی ئەشكەت لە پەیامهێنەری ئیسلام پرسیار دەكرێت، دەفەرمێت سبەی وەڵامتان دەدەمەوە. پاشان خوای مەزن ئەم ئایەتە دەنێرێت: و لا تقولن لشیء انی فاعل ذلک غدا(الكهف ٢٣) چیرۆكی قورئان و موحەممەد و خەڵك وك كەسێكە كە خەریكە فیلمێك دروست دەكات و خۆی تێدا نیە، لەگەڵ ئەوەدا كەسێك بە كامێرایەك ئەو دەرهێنەر و ئەكتەرەكان دەكاتە فیلمێكی تر. كامێرا لەسەر كامێرا. قورئانیش ئاوەهایە، كاتێك كە فێری پەیامهێنەر دەكات كە چۆن ڕووشد بە خەڵك بدە، خۆیشی ڕووشد پێدەدات. لەگەڵ ئەوەی كە ئەو كاتە دابەزیووە، ئایەتەكانی بۆ دەستەیەك لە مرۆڤەكانی ئەمڕۆژی دیسان دادەبەزێتەوە!!.

لە بەشی سێهەمی نووسینەكان باسی ئەوەم كرد كە ئەم نووسینە بە هەموو بەشەكانی شوێنی بارهێنان و ڕاهێنان و داهێنانی منە. بە مانایەك كە بەخۆداچوونەوە و پاك كردن و خۆ خاوێن كردنی خۆمە. من لەم نووسینە زۆر هەڵەم هەیە، بۆ نموونە من زۆر گلەیی لە دایكم دەكەم كە وشەكان و ناوەكان دەشكێنێت و خزمەتی شەیتان دەكات. من خۆم لەم نووسینە بە نائاگاهی و نەزانی زۆر ناو و وشەم شكاندووە و ناتەواو نووسیوومە. ئەم نووسینە بە سەرجەم باسەكانیەوە گۆڕەپان و شوێنێك بۆ ڕووشد و كردنەوەی من بووە. ئەم نووسینە بە پێی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز: و الذین جاهدوا فینا لنهدینهم سبلنا و ان الله لمع المحسنین(العنكبوت ٦٩) شوێنی هەوڵ و هۆڵ یان (جهاد) ی من بووە. خوای مەزن كە دەفەرمێت: لنهدینهم سبلنا، باسی ڕێگەكان دەكات. سبل یان ڕێگەكان بۆ ڕووشد، یەكدانە نیە. بۆ نموونە خوای گەورە جۆرێك گوڵی گوڵەبەڕۆژە دەخولقێنێت، بەری دەخاتە سەری، وە جۆرێك گێزەر و پەتاتە دەخولقێنێت، بەری

دەخاتە بنی گیاکە. خوای گەورە جۆرێک تەماتە ڕووشد دەدات، ڕەنگی بەر و گیاکەی جیا دەکاتەوە، بەڵام جۆرێک خەیار ڕووشد پێدەدات، ڕەنگی گیا و بەر وەک یەک دەبێت. هەروەها هەر ناوێک جۆرێکی تایبەت خۆی و بەری داڕژراوە.

لە کوردی ئەو قسەیانە بڵاو کردووەتەوە: کەس هیچ لە سکی دایکی لەگەڵ خۆی ناهێنێتە دونیاوە!. ئەو قسەیە ڕاست نیە. کاتێک کە عیسا و یحیا نەخولقابوون، خوای مەزن ناو و دەور و پەیامی بۆیان دیاری کردبوو و باسیانی لە زەوی بۆ دایک و باوکیان کردبوو.

ڕۆژێک خەم و خەیاڵ و هەستێک منی گرت و گریام. کەس نەبوو پێم بێژێت بۆ ئەگریت!؟. لە خۆم پرسیارم کرد: بۆ دەگریت بە قوربانی ئەو فرمێسکانەت بم کە لەسەر ئەو گۆنایەت دێتە خوارەوە!؟.

بزگەیەک منی گرت و گۆنام لە نێوان ئەوە مایەوە کە بۆ خەندە بەرەوسەرەوە بچێت یان بۆ گریان بەرەو خوارەوە بێت!. وتم: لەسەرەتاوە کە خوا مرۆڤی خولقاند، هەموو ناوەکانی بە مرۆڤ فێر کرد و باسی پێگەی بەرزی مرۆڤی کرد و ستایشی کرد. ئەو کاتە ڕێگە یان (سبل و سبیل) ێک نەبوو، هەرهەموو لە نزیک یەکدی بوون، بەڵام بە داخەوا کە ئەمڕۆژ، کەسێکی وەک من دەبێت کە ساڵەها هەوڵ بدات و لە پێناو زانست و ڕاستی جیهاد بکات و هەردەم چاو و چۆکی لەسەر یەک بێت و چاوەڕوان بێت. ئەم جیهاد و کۆششەی من لە کارەسات و قەیرانەوە دەستی پێکرد، بۆ ئەوە بوو کە خۆم لە ئاژەڵ بوون دەربهێنم. ئێمە قەدر و قیمەتی نزیکی خوامان نەزانی بۆیە ئاوەهامان لێهات. ئەمەیە هۆی گریانەکەی من!.

## ڕوومەتی زیندوو:

من بەهایەکی زۆر بە ناوەکان دەدەم و بە گرنگی دەزانم کە ناوەکان دەوری زۆریان هەیە بۆ کردنەوەی ڕستەکان و وشەکان و ئەدەبەکان. ئەوەی کە لە ناوەکان بە گرنگی دەزانم، ڕوومەتی ناوەکانە لە زیندوویی. کاتێک کە ناوێکی پرسیارکەر و خاوەن لێکۆڵینەوە و هەست و هزر و پرس و ترس لە نێو نەوەکان بێت، دەوری لێدەر و پێدەری ئەبێت. دیارە کە ئەگەر مرۆڤ مامۆستایەکی هەبێت کە بە دەمی ڕستەکان باس بکات بۆ ئەوەی کە نەوەکان زانا یان نەزان بکات، دەورێکی زۆری هەیە. هەر هەمووی ئەو کەسانەی کە بۆ من بەهایان هەبوو، کەسانێک بوون کە لە

ژیان نەمابوون و دەنگ و هەناسەی ئەوانەم نەبیستووە. ئەمە بۆ نەوەکان زۆر گرنگە کە مامۆستای زیندوویان هەبێت. نانێک کە لە سەر ساج هەڵبیگریت و بیخۆیت، زۆر جیاوازە لەو نانە کە ماوەتەوە. ئەوانەی کە نان بە گەرمی دەخۆن، شێوەی گرتنەوەی هەویر و دەست و ساج و ئاگر دەبینن، هەروەها ئەگەر نەوەکان ناوی زیندوویان لەبەر دەست بێت، ئەوە دەتوانن کە ئەو ژینگە و زەمینە کە ڕستەکان و بیر و ژیرەکان تێدا دەخولقێت، بناسن و بزانن کە چۆن خۆیان بگەیەنن و بڕەسێنن.

## مامۆستا مەنسوور و مامۆستا حەمید

هەرچۆن پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لە حوجرە ئەوەیان کردە بەرنامە کە شەوان یەکێک لە فەقێکان لە هۆڵی دانیشتن قسە بکات و فەقێکانی تر گوێ بگرن. من کە ئەوەم بیست چووم بۆ لای مامۆستا مەنسوور و وتم: دەمەوێت کە هەفتەی داهاتوو قسە بکەم.

مامۆستا مەنسوور وتی: نابێت کە تۆ قسە بکەیت، لەبەر ئەوەی کە ئەوە بۆ ئەو فەقێیانەیە کە ساڵی چووارەمن و دەمانەویت کە شەرمیان بشکێنین و فێری ئەوە بن کە قسە بۆ خەڵک بکەن.

ئەوەی کە لە ڕوومەتی مامۆستا مەنسوور خوێندمەوە ئەوە بوو کە بە منی وت، تۆ چیت کە قسە بکەیت!؟ چیت پێیە کە بیڵێیتەوە!؟ هیچی ترم نەوت و وازم لەوە هێنا کە قسە بکەم. بۆ من زۆر گرنگ بوو کە قسە بکەم، لەبەر ئەوە کە قسەکەری و وتن بۆ من بەهایەکی زۆری هەبوو. بەهای ناوی زیندوو و کەسی تەوانا لە ڕوومەتیەتی. مامۆستا مەنسوور بەو بەرگری کردنە و نەهێشتنە، بەری منی بەستەوە. ئەو گوشاری بۆ فەقێکانی تر دەهێنا کە قسە بکەن، فەقێکان شەرمیان دەکرد و خۆیان دەدزیەوە. لە کاتێک کە من خۆم دەرخست بۆ ئەوەی کە قسە بکەم. نەک بۆ ئەوەی کە فێری قسە کردن ببم، بەڵکو هەستم بەوە کرد کە من قسە لە گیانم هەیە و تەوانی ئەوەم هەیە کە بۆ فەقێکان قسە بکەم.

لە بیرمە کە لە زانکۆ چووم بۆ لای مامۆستا حەمید عەزیز و ئامادەیی خۆمم دەربڕی بۆ ئەوەی کە قسە لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بکەم. مامۆستا حەمید پێشوازی لە من کرد و حەزی لەوە دەهات کە من قسە بکەم. مامۆستا پیاوێک بوو

کە هەستەکانی لەگەڵ من نزیکی هەبوو. پێیخۆش بوو کە من قسە بکەم. ئیتر هەر هەفتە بانگی منی دەکرد و دەیەوت کە وەرە قسە بکە. مامۆستا حەمید بە پێچەوانەی مامۆستا مەنسوور کە بەری منی گرتەوە، دەرفەتی بۆ من خۆش کرد کە بێشتر خۆم بکەمەوە و قسەکانم بۆ دەستەیەک لە قوتابیەکان باس بکەم. قوتابیەکان لە زانکۆی سەلاحەدین خەویان دەهات و زۆریان پێیان ناخۆش بوو کە قسە دەکەم، حەزیان لەوە دەبوو کە بڕۆنە دەرەوە کە چا بخۆن و جگەرە بکێشن. جگە لە چەند قوتابیەک نەبێت، هەر هەموویان وەڕەس و بێزار بوون.

پاش ئەوەی کە بۆ چەندجار لە پۆل بۆ قوتابیەکان قسەم کرد، ڕۆژێک مامۆستا حەمید هاتە پۆل و سەیری منی کرد و وتی: وەرە قسە بکە؟. سەیری مامۆستام کرد و وتم: زۆر سپاس مامۆستا، نایەم!. مامۆستا پێکەنی و وتی: ها چیە تۆش وەڕەس بوویت لەوە کە قسە بکەیت!؟.

ڕێگری کردنی مامۆستا مەنسوور و نەبوونی دەرفەت بۆ ئەوەی کە بەشداری لە دەروونی حوجرە بکەم، یەکێک لە هۆکارەکان بوو کە منی بەرەو بەستنەوە و پێنووس برد. ئیتر هەستم بەوە کرد کە من باش وایە کە لە پەراوێز و دوور لە بۆنەکانی ئەوان ژیان بکەم. هەر ئەوەش کاری زۆر کرد بۆ ئەوەی کە من لە دەورەکانی تری ژیانم و لە شوێنەکانی تر سەر و دەمم دابخەم. چوون بۆ پێنووس و نووسین لە تەنیایی، تەواو پێچەوانەی ئەو کەسەیە کە دەیەوێت بە دەمیەوە بە وشەکانەوە خەریک بێت. بەڵام کاتێک کە دکتۆر حەمید دەرفەتی بۆ من کردەوە و مەجالی خۆش کرد، ئاماژە بە ژیری و دڵی فرە و فراوان خۆی دەکرد. من قۆناغێک چوومە پێشەوە. یەکەم هەوڵم ئەوە بوو کە بتوانم بە ئاسایی و ئازادی قسە بکەم. لە دەورانی حوجرە ئەو مەجالە بۆ من خۆش نەدەبوو.

داخێکی زۆر بۆ من ئەوە بوو کە ئەدەبەکان بۆ من وەک کەلاوە بوو و کتێبەکان وەک لاکی ئاژەڵەکان بوو. نەگەیشتم بە دەورەی ژیان و ئاودانی ئەو ئەدەب و کتێبانە. بۆیە ئاوەها بە ترسەوە پەنام بە خوای مەزن بردووە.

حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری کەلاوەیەکی ئەدەبی بوو کە ڕوومەتی مامۆستایەکی تێدا نەبوو کە بە قسە و هەست و هەناسەکانی ژینگەیەک بۆ دروست کردنی نەوەکان بخولقێنێت. ئەدەبی ناسری سوبحانی پرژ و بڵاو و لە نە ناسراوی بە فەقێکان دەگەیشت. لەگەڵ ئەوەی کە ناسری سوبحانی ناوی نزیک لە ناوی

ئەحمەی موفتی زادە بوو، باسیان لە ناوی موفتی زادە نەدەکرد، لەبەر  ئەوەی کە لەگەڵ ناسری سوبحانی کێشەی ئەندیشەیی هەبووە.

کتێبەکان بۆ من وەک لاکی ئاژەڵێک بوو، بە بێ ئەوەی کە خاوەنی هەبێت، مردوو لە کتێبخانەکان کەوتبوون. کەس نەبوو کە ئەو کتێبانە بۆ ئێمە بکاتەوە. ڕووم لە هەرکوێ دەکرد، بۆ من کەلاوەیەک بوو کە نە خاوەنی هەبوو وە هەر کتێبێکم بە دەستەوە دەگرت وەک لاکی ئاژەڵێک بوو کە تۆپی بوو و بۆنی منی دەگرتەوە. بۆنی دەم و دەستی ناوەکان بە سەر و چاوی من دەگەیشت، ئەو دەم و دەستەی کە سارتر و هیدایەت جگەرەیان پێ دەکێشا و ئەو مەشرووبە کە داستایوفسکی و ئدگار ئالن پوو دەیانخوارد، وێنەی ئەو دەم و دەستانەیە. ناوەکان زەمینەی ئەوەیان بۆ من دروست دەکرد کە ژیان و دەروونی مرۆڤ وەک کەلاوە و لاکێکی لێ بێت کە بۆن بگرێت. زۆرێک لە بیرمەندان و نووسەرەکان دەرگیر و بەستراو بە جگەرە و دەرمان و قومار و مێبازی و نێربازی بوون. فۆکۆی فەرانسەوی و تۆماس مانی ئاڵمانی نێرباز بوون، نیچە لە شوێنی لەشفرۆشەکان زۆر لەگەڵ ژنەکان دەخەوت و دەمایەوە. چەند نووسەرێکی ئینگلیسی لە ڕێگەی دەرمان هەوڵیاندەدا کە بە ڕستەکان بگەن. زۆرێک لە ناوەکان دەست و دەم و داوێنیان بە ئەو جۆرە کارانەوە خەریک دەبێت، وە بەردەوام لە ڕێگەی ئەو کارانەوە لەسەر مێزی نووسینەکانیان دادەنیشن.

مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێور ئاماژە بەوە دەکات کە جگەرە وەک کێشەیەک لەگەڵیدا ماوەتەوە. فرۆید زانای بەناوبانگی دەروونناسی چەند جار دەمی نەشتەرگەری کراوە، لەبەر نەخۆشیەک کە جگەرە بۆی دروستی کردبوو. عەلی شەریعەتی موسوڵمانی ئێرانی جگەرە کێش بووە و بە هۆی مردنی دەیناسنەوە.

دەرمان و مەشرووب و جگەرە و هەندێکی تر لەو جۆرە کارە ئاکاریانە، بۆن لە دەم و دەست و گیان و لەش و هۆشی نووسەران و بیرمەندان بەردەدات و خۆیان و قسە و نووسینەکانیان بۆنی تێبەردەبێت و خوێنەری ژیر دەزانێت کە ئەو نووسینە لەسەر مێزی چ جۆرە نووسەرێک نووسراوە. ئاوەها ناوەکان و نووسەرەکان بۆن بەردەدەنە گیان و ژیانی نەوەکانەوە. مەشرووبخۆر و جگەرەکێش باریان دەهێنن و مێزەکانیان

بە مەشرووبەوە دەکرێتەوە. من ئەدەبی ئەوانە وەک کەلاوە و نووسینی ئەوانە وەک لاکی ئاژەڵی تۆپیوە دەناسمەوە.

ناوەکان و ئەدەبەکان و مێژەکانی نووسینەکانیان منیان وەرەس کرد و دەستم لەوە شۆرد کە سقە بە کەلاوە ئەدەبیەکان و دەستە ناوێک بکەم کە تەوانی ئەوەیان نیە کە من لە خەم و دەرد دەربهێنن. گەورەترین هەراس و شەرم و دەردی من ئەوە بوو کە چۆن شەرم نەمگرێت کە باسی سادقی هیدایەت و نیچە دەکەم؟ ناوی ئەوانە لە ژیانی من بووە هۆی ئەوە کە هەست بە شەرم و سووکی و قیز لە ژیان و ڕابردووی خۆم بکەم. ئەو ناوانە بوونە هۆی ئەوە کە ناو و باسی ئەوانە لە دەروونی خۆم وەک کەلاکێکی تۆپیو ببینم کە بۆنی ناخۆشیان منی داگیر کردووە. چۆن دەستە ناوێک کە منیان ئاوەها دەردەدار و نەخۆش کردووە، بسڕمەوە و ناویان بۆ هەمیشە خامۆش بکەمەوە؟ زۆرێک لە ناوەکان کە دەهاتنە دەروونی من، ئەدەبیان فرە زوو دەبووە کەلاوە و پاش ماوەیەک خۆشیان دەبوونە کەلاکی تۆپیو. کاتێک کە کتێبی (توپ مرواری) سادقی هیدایەتم خوێندەوە، هەستم بەوە کرد کە سادق پێش ئەوەی کە خۆی بکوژێت و بمرێت، لەشی و دەروونی وەک کەلاکێکی لێ هاتبووە. ئەو شێوە نووسین و داڕشتنە کە ئەو بە ڕستەکانی داوە، ئاماژە و نیشانەی دەروونێکی ڕزیوی ماندوو و لە سەرە مەرگە. کاتێک کە دەست بە سەرجەم کتێبەکانی ئەوە دەدرێت، هەستی ئەوە دروست دەبێت کە ئەمە کەلاوەیەکی ئەدەبی ڕووخاوی فارسیە!.

## دەستی سیاسی

ناوەکان بە نووسینەکانیان ئەدەبێک جێگیر دەکەن کە دەمێنێتەوە و ئەو وشە و ڕستانەی کە ئەوان نووسیویانە وەک شوێنەوارێک لە زمان و وشەکاندا خۆی جێگیر دەکات. بە کار بردنی وشەکان لە ئەدەبەکان دەورێکی زۆری هەیە، ئەو دەستە لە ڕستە و وشانە کە ناوەکان لە ئەدەبیان بە کاری دەبەن، بەهایەکی زۆری هەیە. وشەکان کەش و وێنەیەک دروست دەکەن کە نەوەکان دەگرێتەوە. بۆ نموونە گۆڕان[26] و ناوەکانی گۆڕان و ئەو ئەدەبەی کە گۆڕان گەشەی پێ دەدات، وەک بونیاد و نەخشەیەکی ئەدەبی لە لای مندا دیارە. من بە هیچ شێوەیەک ناتوانم کە لەو بونیادە ناوی خۆم و ئەدەبی خۆم گەشە پێ بدەم. ئەوان بە وشەکانی کوردی ئەدەبێکی بیر کردن دروست دەکەن کە دەیانەوێت لە باشووری کوردستان جێگیری

[26] _ حیزبی گۆڕان بە سەرکردایەتی نەوشیروان موستەفا

بکەن. دەم و دەستی ئەوانە بەردەوام وشەکانی کوردی بە خۆیەوە خەریک دەکات. من باش ئەزانم کە قسەی دەستەیەکی زۆر لە ناوەکانی کورد وەک ئەو مێشوولەیە کە لەسەر ڕوومەتی کەسێک دەنیشێت کە دەیەوێت بخەوێت، ژەهری بۆ پێوەدان نیە، بەڵکو بەس ناهێڵێت بە ئارامش بخەوێت. کاتێک کە ناوەکانی ئیسلامی و چەپ و نەتەوەیی کۆ بوونەوە و پشتگیری بەرەی گۆڕانیان کرد، ئەوە دەبنە دەستەیەکی فراوان لە ناوەکان کە بزووتنەوەیەکی ڕیشەدار دروست دەکەن. ئەوانە بە نووسین و قسە و هات و هاوارەکانیان تەوانی ئەوەیان نیە کە بە ڕوونی بڵێن کە گۆڕان، پرسی ئەدەبی دڵ و دەستە نەک ئەدەبی وشەکان. کێشەی لایەنە سیاسیەکان لەسەر دەستەکانە کە دەسڵاتداری دەکات، نەک ئەدەبە زمانیەکان. دەستی سیاسی وەک پرس باسی لێوە ناکەن. کێشەی ئەوان دەستە نەک وشەکان. ئەوان دەستێکیان دوێت کە لە گەندەڵی دوور بێت. گۆڕان لە وشەی گەندەڵیەوە نزیکە. ئەو وشە و دەستانە سەرومێشکی ئەو خەلکە بە خۆیەوە خەریک دەکات.

ئەوانە وشەکانی کوردی دەکەنە بونیاد و نەخشەیەک کە من قیز دەکەم لەوە کە تێدا ژیان بکەم و پێوەی پاڵ بدەمەوە. ئەو بونیادەی کە ئەوان گەشەی پێ دەدەن زوو دەبێتە کەلاوە، وە ژینگە بۆ بەرپا کردنی بزووتنەوەکانی تر و شۆڕشە ئەدەبیەکانی تر دەکوژێت. لەهەر دەورەیەک و کاتێکدا وشەکانی هەر خەڵکێک تەوانی ئەوەی هەیە کە زایینی هەبێت و بەروبۆمی فەرهەنگی بخولقێنێت. کاتێک کە وشەکانی کوردی لەبەر دەستی گۆڕان بووە بونیاد و ناوەکانی گۆڕان بوونە خاوەن نەوەکان، ئەوە دڵنیا بن لەوە کە کەلاک و کەلاوە لە ئەدەبی کوردی ئەوەندەی تر گەشە دەکات. هەروەها کوردە موسوڵمانەکان، ڕستەکانی دینی لە گەنان و شەڵەقان نزیک دەکەنەوە.

نەوشیروان موستەفا و کتێبی بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین:

خوێنەر بە هەستە شاراوەکانی خۆم ئاشنا دەکەم بۆ ئەوەی کە هەوڵی ئەوە دەربخەم کە سەرچاوەی بیرەکان و ژیرەکان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ هەوڵی کردنەوە و ئاشکرا کردن دەدەم.

ژنێک هەیە کە نەخۆشە و هەرڕۆژ و هەرهەفتە سەردانی دکتۆر دەکات و دەردەکەی ناناسرێت و بەس حەبی عەساب دەخوات. من ئەو ژنە بۆ ماوەی بیست ساڵە دەناسم و شایەتم لەوە کە تەمەنێکە نەخۆشە. دایکی ئەو ژنە بەسەرهاتێکی

ئەو ژنەی بۆ من گێڕایەوە، وتی: " کاتێک کە کچەکەم مارە بڕا و چووە ماڵی شووەکەی، دەنگ و هەرا و مەرافەیان کەوتە نێوان. ئاگادار بووم کە دوو ژنی نزیک لە بنەماڵەی شووەکەی چوون بۆ لای جادووگەر و داوایان لێ کردووە کە نێوانیان بشەوێت و جیا ببنەوە. پاش ئەوەی کە لە یەکدی جیا بوونەوە، ماوەیەکی نەبرد کە شووەکەی ون بوو و ئیتر هەواڵی نەما و ئاگاداربووین کە مردووە و پرسەیان بۆ گرت، لە پاش ئەو ڕووداوانە کچەکەمیش بەردەوام نەخۆش و هیلاک بوو."

پاش ئەوەی کە سەردەمی ئیسلامیەکان لە کرماشان دروست بوو، ئەو باوەڕە بڵاو بووەوە کە هەمووی ئەو قسانە کە باسی سیحر و جادوو دەکات، درۆیە و هیچ بنەیەکی نیە و موسوڵمانەکان دەبێت کە دژایەتی بکەن و باوەڕی پێنەکەن. ڕۆژێک بە ژنەکەم وت: بۆ ناچی بۆ لای شێخێک کە یارمەتیت بدات؟ وتی: براکانم موسوڵمانن و باوەڕیان بە شێخ نیە و نایانەوێت کە ئەو قسانە لە ماڵەوەمان باس بکرێت، لەو ڕۆژەوە کە باسی ئیسلامیەکان بڵاو بووەتەوە ئەوان گوێ لە قسەکانی ئەوان دەگرن و دژایەتی زۆری شێخەکان دەکەن.

دەروونی من دەیەوت کە سەرچاوەی هەرهەمووی ناخۆشی و نەخۆشی ئەو ژنە بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو جادووە کە لێی کراوە. ئەو جادووە کاریگەری و دەوری لە سەر هەموو ژیان و کردەکانی ئەو ژنە کردووە. ئەو جادووە بەشێکی کاریگەر و شاراوەی ژیانی ئەو ژنەیە و کەسیش هەستی پێ ناکات.

ئەم بەسەرهاتە وەک تەوشێیەکە کە دەمەوێت شەکری پێ بشکێنم، شەکرەکە ناشکێنێت، بەڵکو وردی دەکات. براکانی ئەو ژنە چەند کێشەیان هەیە، یەکەم ئەوەیە کە ئەوان نە جادووگەریان بینیوە وە نە باوەڕیان بەو کارانە هەیە. دووهەم ئەوەیە کە ئاگاداری ئەوە نین کە چ کەسانێک دەستیان لەو جادووە هەبووە؟. سێهەم ئەوەیە کە نازانن لەوە کە جادوو چۆن کاریگەری لە ژیانی ئەو ژنە دەکات؟. کاتێک کەسێک باوەڕی بەوە نیە کە جادوو کاریگەری هەیە، ئیتر بە هیچ شێوەیەک چارەسەری ئەو نەخۆشیە نابێت. براکانی ئەو ژنە بە دەردێکی لەشی ژنەکە دەیناسن و لە ڕێگەی خەستەخانە دەیانەوێت کە چارەسەری بکەن. سەروچاوی براکانی ئەو ژنە ئەوەندە گێل و نەزان و گەمژەن کە هی ئەوەش نین کە ڕێ و شوێنی چارەسەری کێشەی خوشکەکەیان بۆیان باس بکرێت. لە ڕیشەوە براکانی ئەو ژنە هەر هی ئەوە نین کە قسەیان لەگەڵ بکرێت.

من له ڕێگەی ناوی کتێبەکەی نەوشیروان موستەفاوە دەچمە نێو بەشە داپۆشراوەکانی دەروونی کاک نەوشیروان کە ئیتر بە پاسەوانەکانی دەوری ناتوانرێت پاسەوانی بکرێت. بە دەم ڕێگاوە گوڵ چنین ناوێکە کە هەروەک هەر ناوێکی تر لە دووانەدایە. بەشکە کەم کەس بتوانێت کە هەست بەو دووانانە بکات کە ناوەکان پێکەوە دەناسێنێت. بەدەم ڕێگاوە پیاو کوشتن(جاش کوشتن) ناوی تری ئەو کتێبەیە!.

نەوشیروان موستەفا و هاوڕێکانی بۆ پرسی کورد وەک براکانی ئەو ژنەن کە جادووی لێ کراوە. ئاگایان لە سەروبەری سەرچاوەی ناخۆشی و نەخۆشی خۆشکەکەیان نیە. هەروەک براکانی ئەو ژنە لە سەردەمێک دەژین کە باوەڕ بە جادوو نیە، لە کاتێک کە جادوو لە سەردەمی کۆن کراوە. ساحیرەکان پێیان خۆشە کە خەڵک بە تایبەت پیاوەکان باوەڕیان بە جادوو نەبێت. ئەو بزووتنەوە ئەوەندە لە سەرچاوەی کێشەی کورد دوور و دوورکراو و پەرتە کە هی ئەوەش نین باسی بۆیان بکرێتەوە. نەوشیروان موستەفا بە نووسینی ئەو کتێبە خۆی دەیەوێت کە ڕابردووی خۆی مەسخ یان نەسخ بکات، بیشارێتەوە یان ڕەنگ و جووڵەی بۆ نواندن و دەرخستنی نوێ بگۆڕێت. نەوشیروان لە سەرەتای نووسینەکە دەفەرمێت: کجا مرحبا!؟. ئەوانە لەگەڵ دەروونی خۆیان کێشەیان هەیە، ئیتر چۆن دەیانەوێت کە جادوو لە نەوەکانی کورد بە ئاوی داری سیدر پاک بکەنەوە!؟.

# هەڵچوون و داچوون

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

دەروونی کورد لەو دوو وشەیە دەناسرێت. کورد گەر هەڵچوو شاخ دەسەنێت، وە ئەگەر داچوو بەرەو دەشتایی دەڕوات. ناوی هەڵۆ باشترین نموونەیە بۆ ئاژەڵی هەڵچوو، وە ناوی گوێدرێژ نموونەی ئاژەڵی داچووە. ئەم دوو ئاژەڵە لە نێو کورد زۆر باسیان لێ کراوە و بە هێمای بەرزەفڕی و نەزانی ناسراون. هەروەها بزن و مێ دوو ئاژەڵن کە لە کوردستان هەیە و نیشانەی باشی هەڵچوون و داچوون پێکەوەیە.

کورد لە بواری خولقاندنی پەیکەر و پێکهاتەی ڕستەکان هەڵچوونی تێ نابینم. بەڵام لە بواری داچوون، کورد خاوەن زۆر بەرهەمی هاوردە و هێنراوە. کوردێک نەبوو کە بە هاوکاری سروشتی خاکی کورد بەرانبەر بە دوژمنانی هەڵچێت. بە پێچەوانەوە بە داچوون لە بەرانبەر ئەوانی تر بەرگری لە خاک و زمانی کوردی کردووە. بۆ نموونە وەرگێڕانی ڕۆمانی (کلیدر) لە نووسینی (محمود دولت آبادی) لە فارسی بۆ کوردی ئاماژە بە داچوونی وەرگێڕ دەکات. کاتێک کە وەرگێڕێک هەزاران لاپەڕە لە فارسیەوە دەکاتە کوردی، ئاماژە و نیشانەی داچوونی کوردیە، نەک خودی وەرگێڕ، بەڵکو وشەکانی کوردیش تووشی داچوون دەکات. هەروەها کاتێک کە نەوەکان و ناوەکانی کورد کەڵک لە ڕۆژووە سیاسیەکانی گاندی وەردەگرن وە بۆ گەیشتن بە خواستە سیاسیەکان بە کاریان دەبەن، جۆرێکی تری داچوونی کوردیە.

پرسی هەڵچوون و داچوون لەبەر ئەوە گرنگە کە کورد بە هاوکاری داچوون لە سەر خاک و زمانی کورد سەرکەوتوو نابێت. گەشەی فەرهەنگی عەرەبی و فارسی و ئنگلیزی لە نێو کورددا جۆرێکی ئاشکرای داچوونە.

گوێدرێژ لە نێو کورددا کاری کوتان و بارکێشی و ئەو شتانەیە. هەروەها کاری کوتان و بارکێشی ڕستەکان بە کورد دەکرێت. داچوون نەک تەنیا مرۆڤ بێ بەها دەکات، بەڵکو لە بواری ئاکاریەوە ڕووخان دروست دەکات. کورد بە هۆی ئەوەی کە سەردەمێکە داچوون گرتوویە، لە فارسەکان لاوازتر و بێ بەهاتر دەست بۆ کتێب و بەرهەمی ئەوانی تر دەبات. وەرگێڕەکانی کورد چەلاوخۆری بەر دەستی فارسەکان و عەرەبەکان و ئنگلیزەکانن.

## کەر و کەڵ

هەڵچوون قۆناخی دوای داچوونە، مەبەستم ئەوەیە کە لە پاش دەورەی داچوون دەورەی هەڵچوونە. ئەمە یاسایەکی سروشتیە کە دوو وشە هەردەم لەگەڵ یەکدیدا بێنەوە و هاوکاری یەکدی بکەن، لەبەر ئەوەی کە خوای مەزن هەرگیز مرۆڤ و سروشت و وشەکان لە یەک دەورە ڕاناگرێت. لە قورئان خوای مەزن ئاماژە بەوە دەکات: و من کل شیء خلقنا زوجین لعلکم تذکرون(الذاریات ٤٩) بۆ نموونە خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت: ان مع العسر یسرا(الشرح٦) هەرهەموو وشەکان دووانەی هەیە، لە ناوە نێرداوەکان وەک یوسف و موسا، لە ناوە دانراوەکان وەک

نیچە و مارکس، لە وشە کوردیەکان وەک داری بی و بەڕوو لە سەر خاکی کوردستان، لە ئاژەڵەکان وەک هەنگ و ژاڵژاڵۆکە، بزن و مێ. هەر هەموو وشەکان دوو ناوەیی هەیە کە نێر و مێ و دژ و دۆست و دوور و نزیک و کۆیەکی تری تایبەتمەندیەکان لە خۆی دەگرێت. هەر ناوێک لە دووانەدایە، هەر وشەیەک لە دووانەدایە، بۆ نموونە من باسی ئەوەم کرد کە کتێبی (بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین) لە نووسینی نەوشیروان موستەفا ناوێکی تری هەیە بە ناوی (بە دەم ڕێگاوە جاش کوشتن) ئەم ناوەی باسی ئەو ناوەکەی تری دەکات. گوڵچنین بە دەم ڕێگاوە و بە دەستی نەوشیروان وێنەیەکە کە بزگە بۆ من دروست دەکات. نەوشیروانێک کە هەردەم لە ژیانی سەخت و شاراوە و نهێنی ژیاوە. ژیانی نەوشیروان ڕێگایەکی تێدا نەبووە کە گوڵی بۆ چنین تێدا بێت، بەڵکو جاشی بۆ کوشتن تێدا بووە، ئەم کوشتنە وەک چنینی گوڵ بە ئاشکرایی نەبووە، بەڵکو هەردەم لە شاراوەیی بووە. زۆرم لە خەڵکی کوردستان بینیوە کە باسی جاشکوژی و نەیارکوژی نەوشیروانیان کردووە، ڕێگایەک کە جاشکوژی و نەیارکوژی بێت، دیارە بەرانبەر و پێچەوانەکەی گوڵ چنینە! بۆیە هەر دانەرێک دەبێت کە ئاگاداری وشەکان و ناوەکان بێت کە بۆ نووسینەکانی هەڵیدەبژێرێت. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە قسانە تەنیا زاناکان و ژیرەکان لێی دەزانن و لێی ئاگاە دەبن. هەڵچوون و داچوون دوو لەو وشانەن و نیشانە و ئاماژەن بە بارودۆخی مرۆڤ و وشەکان و خاک و خوێنی کورد. سروشتی مرۆڤی کورد داچوون و هەڵچوونی زۆر سەیری هەیە. کورد دەتوانێت کە ببێتە باشترین جاش وە دەتوانێت کە ببێتە باشترین مرۆڤی ڕەها، دەتوانێت کە ببێتە کەر و بەس پشتی بە کار بچێت، وە دەتوانێت کە ببێتە کەڵ و بەس بۆ کەڵکدان و پەڕین بە کار ببرێت. ئەدەبی خاک و خوێن و وشەکانی کوردی دووانەی زۆر دیار و ئاشکرای تێدایە، بۆیە گەر لەو دووانەییە وریا بین، زۆر هاوکاری نەوەکان و ناوەکان دەکات. هەر بۆیە ئەوەندە بە دڵنیایی باس لە ئومێد و ئاسۆکان لە داهاتووی کورد دەکەم. گەر کورد تووشی هەڵچوون بێت بە گژی ستەم و لێدانی ئەوانی تردا دەچێتەوە، بە تایبەت دژ بەوانە کە بە پێکهاتە و پەیکەری ڕستەکان لە کورد وەک بارکێش و بارکوت کەڵک وەر دەگرن.

ئەو ناوانەی کە سەختە بە سەریاندا زاڵ بیت، خۆی زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کە بەسەریاندا زاڵ بیت. بەم ڕستە دەتوانرێت کە زۆر کەل و کون و خاڵ و چاڵ دەربێنین و نهێنی باسی هەڵچوون و داچوون بکەینەوە. من نموونەیەکی زۆر ئاسان

باس دەکەم بۆ ئەوەی کە خوێنەر هاوکاری من بکات و بزانێت ئەو ڕستەی سەرەوە چ کرانەوەیەک دەکات!.

بزن و مەڕ دوو ئاژەڵی دەستی و بەرماڵین کە زۆربەی خەڵک لە نزیکەوە بینیویانە و سرنجیان لە لەشی ئەو دوو ئاژەڵە داوە. مەڕ دەمی بە لەوەڕەوەیە، بەڵام بزن خەتەکانی لەشی یەک ڕێ و یەکچوونی نیە. پێچ و لاری و خواری و بەرزی و نزمی زۆری تێدایە. بزن زۆر سەرەڕەوە و ئەو سەرەڕەویە زەمینەی تووڕەیی شوان دروست دەکات. بزن کە سەرەڕەوە و مل زۆر قوت دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەدا لەشی زۆر بۆ دەست و گرتن و لێدان ئامادەیە. بزن ئاژەڵێکە کە ئێسکیە و ئەوەش ڕوونە کە ئێسک دەردی زۆرە. لاق و ڕیش و شاخ و پشت و کلک، ئەو شوێنانەی لەشی بزنە کە بە ئاسان بە دەست و گۆچانەوە بەن و بەند و بەست دەبێت و دەگیرێت.

بزن و مەڕ وێنەیەکی هاوبەشی ژیانی هەڵچوون و داچوونە. هەروەها ناوەکان دووانەیەکیان تێدا هەیە کە وێنەی هەڵچوون و داچوونە. نموونەیەک دەهێنم و باسی ناوی پەیامهێنەری ئیسلام دەکەم. موحەممەد دەستە ڕستەیەکی بە مرۆڤ بەخشی و گەورەیی ناوەڕۆکی ئەو ڕستانەی گەیاند. موحەممەد یەکێک لەو باسانەی کە لێیەوە نزیکە، باسی ژن و خۆشەویستی ژنە. زۆر قسەیان لەسەری دروست کرد و بە کردەیەکی ناشایست لێکیان داوەتەوە، گوایە ژن و کەنیشکی زۆری بۆ خۆی حەڵاڵ کردووە و وتوویە کە ئەمە فرمانی خوایە!.

باوەشی ڕستەکان و باوەشی ژنەکان، دوو باوەش بە دوو هەست و گەرمای جیاوازە. سینگی ژن و پانایی مانا و بەهای وشەکان لە ژیانی موحەممەد بەهای زۆری پێدراوە و خوای مەزن ڕستەکان و ژنەکانی بۆی حەڵاڵ کردووە. ڕستەکان هێمای هەڵچوونی موحەممەدە لە زمانی عەرەب و خەڵکی عەرەب، وە ژن هێمای داچوونی موحەممەدە بۆ ژیان کردن لە نێو عەرەب و وشەکانی عەرەب. خوای مەزن هەڵچوون و داچوون لە دەروونی ناوەکان دادەمەزرێنێت. باسی ژنەکانی موحەممەد بووە هۆی ئەوە کە بە ئاسانی بتوانرێت بە دەم و دەستی مرۆڤەوە بگیردرێت و لێبدرێت و قسەی لەسەر بکرێت.

ئەو کاتەی کە کتێبی (آوارگان) م بە فارسی نووسی ئەوپەڕی هەڵچوونی من بوو لە ئەو بارودۆخەی کە دەمبینی. ئەو کاتەش کە سادقی هیدایەتم ناسی، لاسایی ئەوم

کرد و دەستنووسێکم نووسی و باسی مەشرووب و جگەرەم تێدا کردووە. ئەو نووسینە ئەوپەڕی داچوونی منە.

کە ڕێ و شوێنی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆم دەگرم، هەڵچوون و داچوونی زۆر مەترسیدار لە ژیانی من هەبووە و لە خوێن و گیانی من تەشەنەی کردووە. هەوڵی ئەوەمدا کە باشترین وشەکان لە باسی هەڵچوون و داچوون نزیک بکەمەوە و بۆ خوێنەری بکەمەوە، بەڵام ئەم باسە وەک باسەکانی تر نیە کە خوێنەر تێدا بە ئاسان گوزەر بکات. ئەم باسە وەک ئەو بەرەبەیانە کە لە باسی گوێرەکەی سامری باسم لێوە کرد. لە تەم و لێڵی بەرەبەیانێک دەمەویست کە بە تەنیا بڕۆم بۆسەر کانی ئاو بهێنم. ڕێگە لە نێوان ماڵی باپیرم و کانی بۆ من بووە ڕێگەیەک کە ترس و هەراس منی گرتبوو، چاوم بەردەوام سەیری دەوروبەری دەکرد و گوێم ئاگای لە دەنگەکان بوو و ئەوەی کە سرنجم لێ دەدا دەوروبەرم بوو. ئەو ڕێگە کە ئەو بەرەبەیانە بەو ترس و هەراسە تێدا گوزەرم کرد، پاش چەند کاتژمێر کە خۆر دەداتەوە، دەبێتە ڕێگەیەک کە ئەو هەستی ترسە تێدا نیە. ترس وەک تەم بە چەند تیشک ون دەبێت. باسی من لەسەر ئەوەیە کە ڕێیەک دەتوانێت چەند جۆر هەستی جیاواز لە یەک کەسدا دروست بکات. هەروەها باسی هەڵچوون و داچوون دەتوانرێت کە دوو وشە بێت و زۆر وێنەی جیاواز و دژ بەیەک دروست بکات.

" دژە گەورەکان لە یەکدی نزیکن."

ئەم ڕستەی سەرەوە باس لە دووانەی ناوەکان دەکات، وەک هەڵچوون و داچوون، باس لەوەیە دەتوانرێت کە بە ناسینی ناوێک ناوی بەرانبەری  و سەرجەم وێنەکان کە لەو دووانە دەکەوێتەوە، بناسرێتەوە. بە خواستی خوای گەورە. بۆ نموونە من هەستێکی زۆر چکۆلەم هەبوو کە بۆی هەیە زۆرێک لە ئێوەش هەتانبێت. هەستەکەم ئەوە بوو کە جاروبار شتێک وەک وێنەیەک یان ناوێک و وشەیەک دەهات بەسەرمدا و من زۆرم پێخۆش بوو کە لەلامدا بمینێت تا ئەوەندە کە پێنووسێک دەدۆزمەوە و دەینووسم و لە ون بوون و لە بیرچوون ڕزگاری بکەم. زۆر جار لەبیرم دەچوو و هەرچیم دەکرد کە دیسان بیدۆزمەوە و بە بیرمی بهێنمیەوە، نەدەهات و بۆ هەمیشە فەرامۆشم دەکرد. ئەو فەرامۆش کردنە بۆ من دەرد و گرفتێکی گەورە بوو، بە خۆم دەوت کە بۆ من ناتوانم تا دەستم بە پێنووسێک دەگات، ئەو وشەیە یان وێنەیە لە سەرم ڕاگرم!؟ یان هەر بۆ من ناتوانم کە

وشەکان و وێنەکان لەسەرم بە بێ لە بیرچوونەوە بپارێزم!؟ پاش ئەوەی کە زۆر لێکم دایەوە و بیرم لەو بابەتە کرد، ڕستەیەک لە لایەن من بونیادنرا:

" ئەوەی کە بە ئاسان نایەت، با نەیەت. ئەوەی کە دەبێت بۆ من بێت، خۆی دێت. ئەوەی کە دێت و دەچێت، باش وابووە کە بچێت. ئەوەی کە گاڵتەم پێ دەکات و دێت و دەچێت، دەیدەم بە ناوی خوای مەزنەوە."

پاش ئەوە ئیتر سەرومیشکی من گۆڕا و هەر وشەیەک و وێنەیەک کە بهاتبایەت، من نەمدەنووسی و گرنگیم پێ نەدەدا، ئەو وشەیە یان وێنەیە خۆی وازی لە من نەدەهێنا و خۆی بە ئاسان دەدا بە دەستی منەوە. ئیتر بە ناوی خوای مەزن سەرم ئاسوودە بوو کە ئیتر هیچم لێ نافەوتێت و ئەوەی کە شایستەی منە بۆ خۆی لە دەروونی من جێی دەبێتەوە. وێنەکان و وشەکان هاوارێک لە دەروونی مرۆڤ دەکەن و سرنجی مرۆڤ بۆ خۆیان ڕادەکێشن.

## سادیسم و مازوخیسم

سادیسم و مازوخیسم دوو وشەی نزیک لە هەڵچوون و داچوونە. سەر و بنی سادیسم و مازوخیسم لە سکس و لەش و چێژ و کەسی لێدەر و کەسی لێدراو دروست بووە، کە چەند وشەی وەک سووک کردن و چکۆلە کردن و چکۆلە زانین و بێڕێزی کردن و لێدانی بە دەرد و چێژ و لە قیز و بە قیز بوون لە خۆی دەگرێت. ئەو دوو وشەیە لە نووسینەکانی ئرۆتیک و سکسی تەشەنەی کردە زانستی دەروونناسی و سیاسەت و ڕەفتارناسی و وردە وردە کەوتە دەم و قسە و نووسینەکانی زۆربەی خەڵکەوە. بۆ نموونە ئەوە دەڵێن کە هیتلەر سادیستی هەبووە، یان لە دەمی خەڵک دەبیسین کە فڵان کەس سادیسمی هەیە.

هەرچۆن کە سادیسم و مازوخیسم دوو وشەی ئاسایی نیە و باس لە حاڵەتی ئاسایی ژیان ناکات، هەروەها دوو وشەی هەڵچوون و داچوون، ئاماژە بە باری نائاسایی دەکەن. بۆ نموونە شاخ سەندن و هەڵۆ بوون لە ئەدەبی سیاسی کوردی، وە دەشت سەندن و کەربوون(حیزیەتی و جاشی) دوو حاڵەتی نائاسایی لە ژیانی کورد بووە.

نزیکی و دووری یان تێکەڵی ئەو دوو وشەیە لە گیانی ناونراو(مسمی) ڕادەی و وێنەی جیا و جۆراوجۆری هەیە. بۆ نموونە چەند دانە لە دۆستانم کە قسەی دەمی

منیان بیستووە، ئاماژەیان بەوە کردووە کە من هەردەم دەمەوێت بەسەر دەوروبەری خۆمدا زاڵ بم و حاڵەتی مۆنۆلۆگ و تاکانە بە خۆم ببەخشم، بە شێوەیەک کە دەوروبەری خۆم بێدەنگ و سەرشۆڕ و گوێڕایەڵ بکەم.

شی کردنی ئەو قسەیە و ئەو کەسە کە ئەو قسەیە کردووە، لەگەڵ خۆم و بیر و هزری خۆم، ژیری و وردی و نەرمی و سەبری دەوێت. زۆرجار هەوڵی ئەوەم داوە کە بە شێوەیەکی ئاگاهانە و نەرم ئاگام بەسەر خۆمدا بێت و دەمم بپارێزم لەو حاڵەتە کە دۆستەکانم باسیان کردووە. لەگەڵ ئەو ئاگاهی و چاودێری کردنی خۆمە، گەیشتم بەو ڕادە کە ئەو شێوە قسە کردنە، هات و دەرهاتێکی سروشتیە و من خۆم بۆ خۆم دروستم نەکردووە. کاتێک کە من لە درێژی ژیانم هەودا و شەیدای ئەوە بووم مامۆستایەکی خاوەن دەم و قسەم هەبێت، نەمبوو، ئەوە ئیتر هەست و بیر دەروونی من دەگرێت و من بەرەو ئەو حاڵەتە دەبات کە خۆم قسەکەر بم. ئەو کاتە ئیتر توندی و تووڕەیی لە من دروست دەبێت و ئەوەندە هەست و بیر من دەگرێت، بە شێوەیەکی سروشتی دەوروبەریەکان دەمیان دەبەسترێت و بێدەنگ دەبن. لە باسی (هاوەکان و ڕێکان) باسی ئەوەم کرد کە کاتێک هاوڕێ و هاوبیرت نیە، ئەوە مرۆڤ بۆ ڕێبەری و ڕێگری و ڕێکان دەچێت. ئەمە سروشتیە و لە سروشت زۆر ڕوو نادات. ئەو زایینە سروشتیانە، دژ و دوژمن و نەیاری زۆریان دەبێت.

من کە ئێستە گوێ لە هەر کەسێک ناگرم، لە بەرەتاوە کەسێکی گوێگر و بێدەنگ و بێدەم بووە. ئەمە جۆرێکی داچوون و مازوخیسمە. من ئەو کاتەی کە گوێم دەگرت، حەزم لێ بوو کە کەسێک بە قسەکانی دەمی و هەناسەکانی سینگی ئارامش بە دڵ و دەروونی من ببەخشێت و وەک دەروێش و مورید، لە دەوری بژیم. پاش ئەوەی کە کەسم نەدۆزیەوە، وردە وردە هەستی ڕق و قین و قیز منی گرت و خۆم بەرەو ئەو پێگەوە چووم. ئەو چوونە سادیسم و هەڵچوونێکی دیارە. ئەو جۆرە چوونانە کێشە و گرفتی زۆر سەیر و گەورە دروست دەکات. بۆ نموونە من حەزم لێ بوو گوێ لە کەسێک بگرم و ئارامم بکاتەوە، نەبوو، ئەم نەبوونە منی تووڕە و بەرەڵا دەکرد، ئەو کاتەیە کە گەرایش یان چوون بۆ کامۆ و کافکا و سادق لە گیان دروست دەبێت. کاتێک کە منداڵ دایکی دەمرێت، دەگری، زۆر دەگری، بۆ ئەوەی کە دایکی زیندوو بێتەوە، سەروچاوی لە فرمێسک پڕ دەبێت. کاتێک کە زانی هاتنەوە و زیندوو بوونەوەی دایکی نیە، چاوی وشک دەبێت و دەمی دەبەسترێت، بە شێوەیەک کە

وشکی و بێدەنگی سەر و دەم و چاوی دەگرێت. کاتێک کە پیاو تووڕە دەبێت، ئەوە هەڵچوونە، وە کاتێک کە ژن دەتۆرێت، ئەوە داچوونە. زیندانی کە مان دەگرێت، ئەوە هەڵچوونێکە بە داچوون دەیکات. خواردن نەخواردن و ڕۆژوو گرتنی گاندی هەڵچوونێک بوو کە بە داچوون کردی. ژن و کچ هەیە کە بە هۆی ستەم و لێدانەکانی باوکی هەڵچوون دەیگرێت و خۆی وەک پیاو دەردەخات. هیچ یەک لەم حاڵەت و نموونانەی سەرەوە ئاسایی نیە و دەبێت کە تایبەت بخوێنرێتەوە.

## هەڵچوون و داچوونی لە دووری و نزیکی، وە تێکەڵیدا

## پێگەیشتن و تێگەیشتن

پێگەیشتن و تێگەیشتن دوو لەو وشانەیە کە لە پشتەوەی هەڵچوون و داچوون دەوریان هەیە. کاتێک کە سادقی هیدایەت بە ناسین ناگات، تووڕە دەبێت و لە گۆشە و سووچدا لە کۆمەڵگا واز دەهێنێت. کاتێک کە نیچە لە زانکۆ و ناوشار تێناگات و پێیناگات، دەچێت بۆ کەژەکان. وەک منداڵ کاتێک کە داوای شتێک دەکات، وە بۆ گەیشتن بەو شتە گوشار لە دەوروبەری دەخات، بۆ نموونە کەرەستەکانی گەمەی خۆی لە پێش چاوی باوکی دەشکێنێت، بۆ ئەوەی کە باوکی ڕازی بە کارێک بکات. کابرایەکم دەناسی دایکی نەخۆش بوو، ئەو کابرا و برا و خوشکەکانی تری هەردەم پەنایان بە خوا دەبرد و دەپاڕانەوە و داوایان لە خوا دەکرد کە یارمەتیان بدات. ماوەیەکی نەخایاند و دکتۆرەکان وتیان دایکت شێرپەنجەی هەیە، ئەو کابرا کە پیاوێکی گەنج بوو، تووڕەیی گرتی و کفر و کوفرانی خوای دەکرد و ئیتر هەرچی لە دەمی بهیاتبایەت بە خوا و ئاسمانی دەوت. ئەمە وێنە و نموونەیەکی دیار و ڕوونی داچوون و هەڵچوونە. کاتێک کە کوڕێکی گەنج خەریکی خوێندنی وانەکانی دین دەبێت و تین و تینوویەتی دڵ و دەروونی ناشکێت، پەنا بە دژەکانی دین دەبات. کەسێک کە لە مەکە چارەی نابێت، ڕوو لە مەیکەدە دەکات، یان بە پێچەوانەوە، کەسێک لە مەیکەدە چارەی نابێت، ڕوو لە مەکە دەکات. هەڵچوون و داچوونی تێکەڵ دەبێت. کودتای سیاسی جۆرێکی هەڵچوونە. وشەی (قلب و انقلاب) لە زمانی عەرەبی ئاماژەیەکی دیار و ڕوونە بە هەڵچوون و داچوونی تێکەڵ. لە ڕاستیدا دەتوانم ڕوونتر دوو شێوەی هەڵچوون و داچوون جیا بکەمەوە، یەکەم هەڵچوون و داچوون لە دووری و نزیکی

یەکدی، بەو مانا کە تێکەڵی یەکدی نەبوون. بۆ نموونە کەر و هەڵۆ، دوو ناوی هەڵچوو و داچووی دوورە، وە بزن و مەڕ دوو ناوی ئاژەڵی هەڵچوو و داچووی نزیک لە یەکدیە. دووهەم هەڵچوون و داچوونی تێکەڵ، مانای ئەوەیە کە زۆر تێکەڵی یەکدی بوون. بۆ نموونە کەسێک زۆر حەزی لە لەشی ژنە، بەڵام پێی ناگات و تێری لێناخوات، هەڵدەچێت و وەک نیچە ژنی لە جۆری لەشفرۆش دەوێت، کە ئیتر زەمینەی هۆمۆسکشواڵ بۆ پیاو دروست دەکات، یان دەیکاتە مافیا و جنایەتکارێک، فۆکۆ دەبێتە نێرباز و هیتلەر نێربازەکان دەکوژێت. هەروەها کاتێک کە نیچە بە پێگە و ناوی خوا ناگات، بە مانای ئەوپەڕی ناسین و ژیری، وەرەس و تووڕە و تینوو بۆ ئەوەی کە تۆڵەی بکاتەوە، خۆی دەکاتە خوا و دەڵێت من خوام!. ئەمە دەریدەخات کاتێک کە نیچە یان هەر خوازیارێک بە کان و کوانی ناسین و هەستەکان و هزرەکان ناگات و سەری لێدەشەوێت، هەڵدەچێت.

ژیانی من پڕ بووە کە هەڵچوون و داچوونی دوور و نزیک و تێکەڵ. جارێک کوڕێکی خزممان بە منی وت: من رقم لە تۆیە!. وتم: بۆ رقت لە منە!؟ وتی: تۆ دەورەیەک کە لە ڕوانسەر بوویت، فەقێ بوویت. کاتێک کە چوویتە هەولێر، نێوانت لەگەڵ دین خۆش نەبوو و لێی دوور کەوتیتە. کاتێکیش لە ئینگلیس ژیایت ڕووت لە دین کرد، ئەمانە بۆ من قیز و پرس و ترس لە تۆ دروست دەکات!!.

وتم: حەزم لەو هەستەتە، بەڵام شێوەی دارشتنی وشەکانت کێشەی تێدایە. من لە سەرجەم دەورەکانی ژیانم وەک لێکۆڵەر و بەدواداچوویەک ڕۆڵم گێڕاوە. من هەرچی سەفەر و گەڕانم کردووە، بۆ ناسین بووە نەک بۆ چێژ و ڕابواردن. من هەردەم بە دەست و دەمی نەرم و نیانەوە بیرم کردووە و دەبێت بزانیت کە من خۆشەویستی ناسین و زانست لە گیانم هەبووە. تۆ کێشەت لە دەروونی خۆت هەیە کە سەبارەت بە من قسە دەکەیت، تۆ کەیفت بە ڕوو و ڕوومەتی من نایەت، تۆ پێت وایە لە هەولێر و لەندەن چ جۆرە ژیانێکم هەبوو!؟ هەرهەمووی لە بیر و هەست و گۆشەگیری و تەنیاییەکی سەخت و دژوار بووە. انه علیم بذات الصدور(زمر٧) خوای گەورە ئاگای لە سەرجەم کاتەکانی من بووە، من شەیدای ناسین بووم، من بۆ لەشی ژن و نەرگەلە و ڕابواردن لە هەولێر و لەندەن ژیانم نەکرد. هەڵچوون و داچوونەکانی من کۆتایی هەیە، بە ناوی خوای گەورە لەو پرژی و تووچانە کۆی دەکەمەوە و یەک ڕوو و ڕێگە دیار دەکەم.

## قوشقانە لەسەر سەری ژن

لە ئاواییدا زۆر دەچووم بۆ سەر کانی و زۆر وێنەم بە لاوە دروست بوو کە بۆ من بەهای زۆری هەبوو. یەکێک لەو وێنانە سەری ژنەکان و قوشقانەکان[27] بوون. ژنەکانم دەبینی کە قوشقانەی زۆر گەورە و پڕ لە ئاویان لەسەر سەر دەنیا و بەو قورسیە و ئەو ڕێگە خوار و لاری کانیەوە دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە. ڕۆژێک ئەختەر خانمم بینی کە چاکی کراسەکەی بە دەم گرتبوو و بە دەستێکی قوشقانەکەی گرتبوو و بە دەستەکەی تری دبەیەکی ئاوی گرتبوو. سەیری دەم و چاوی ئەختەر خانمم کرد. للّپی ئاوی قوشقانەکە دەم و چاوی تەڕ کردبوو. سەیری باڵایم کرد. لەشی لاواز و قوشقانەکەی زۆر گەورە بوو. ئەو وێنەیە لە لای مندا مایەوە. پاش ئەوە کە هاتم بۆ ئینگلیس چەند جار ئەو وێنەیە هاتووەتە سەرمدا و خۆی لە من نزیک کردووە. بە بێ ئەوەی کە من نووسیبێتم یان گرنگی پێبدەم، لە بیری خۆم بردووە. لە دەورەیەک کە لەسەر ژن باسم دەنووسی، ئەو وێنەیە دیسان خۆی لە من نزیک کردەوە و خۆی بۆ من دەردەخست. شێوەی دەرکەوتنی وێنەکان تەنیا لە سەری خودی مرۆڤ نیە. بەڵکو جاری وا هەیە کە زۆر سەیرە، بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیم بینی کە باسی زمانی مرۆڤی دەکرد. باسی زمانەکانی جامایکایی دەکرد. وێنەی دەستەیەک ژنی پیشاند. ژنێکی پیشاندا کە قوشقانەیەکی ئاوی لەسەر سەری بوو. ئەو وێنەیە هاواری لە من کرد کە هەتا مرۆڤ کەڵکی لە من وەرنەگرتووە تۆ کەڵ لە من وەربگرە!!. ئەو هاوارەم لە گیانم هەست پێ دەکرد. مەبەستی چی بوو لەوە کە پێش ئەوەی مرۆڤ کەڵ و کەڵکم لێ وەربگرت تۆ کەڵ و کەڵکم لێ وەربگرە!؟.

سەری ژن و قوشقانەی قورس بە چ شێوەیەک دەبێت ڕستەی لەسەر بنووسم؟. من بە تەواوی ئەزانم کە ئەو وێنەیە چی لە من دەوێت. دەیەوێت کە بە ڕوونی بنووسم کە لەش و هۆشی ژن جۆرە هەڵچوون و داچوونێکی زۆر سەیر و ئالۆزی تێدایە. ژن دەکرێت کە گوشاری پێ بهێنی و لەگەڵی بژیت. هەروەها سەر و گیانی ژن دەتوانرێت کە جۆرێکی لێ بێت کە بە هیچ شێوەیەک نەبەسترێت و هەوڵی ئەوەش بدات کە هەرهەموو کەسەکانی تر ببەستێتەوە. بۆ ئەوەی کە بە دەروونی ژن و

[27] _ قوشقانە، مەنجەڵ، قابلەمە.

ناوەڕۆکی ژن تەشەنە بکەیت، دەبێت کە چکۆلە بیت. وەک گوڵ و هەنگ، کونەکانی هۆشی ژن، مەجال بە هەرکەسێک نادات کە بچێتە ناوەوەی.

ژن بوونەوەرێکە کە تەوانی ئەوەی هەیە هەڵبچێت و وەک ئاگر گڕ لە کۆمەڵی مرۆڤەکان بەر بدات. هەروەها ژن دەتوانێت کە داچێت و چکۆلە بێت و چێژ وەربگرێت کە قوشقانە لەسەر سەری بنێت. ژنەکانی کورد دەورەیەکی داچوونی سەخت و قورسیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بەسەر برد. ژنی کورد ئەگەر هەڵبچێت، قوشقانە لەسەر سەری پیاو دەنێت!.

هەروەها ناوەکان لەوپەڕی نزیکی و دۆستی لە ناوێکەوە، لێیان هەڵدەچن. فردریک نیچە بەانبەر بە ڕستەکانی ئینجیل داچوونی زۆری پیشاندا و بە فرمێسکی چاوی لەسەر ئەو ڕستانە گریا و پاڕایەوە. ئەوە بزانن ئەوانەی کە ئاوەها لەسەر ڕستەکان دەگرین، ڕۆژێک دێت کە بە تەواوی دژی دەچنەوە و هەڵچوون وەردەگرنەوە. نیچە پاشان وتی ئینجیل ئەوەندە گڵاوە کە دەبێت دەستکێش لە دەست بکەیت بۆ ئەوەی کە بە دەستەوە بیگریت. بە پێچەوانەوە نیچە لە بەرانبەر بە ژن هەڵچوو.

شەیتان کە لە بارەگای خوای مەزن بوو، ستایشگەر و بەندەیەکی بەرز بووە. لە ناکاوە پاش دروستبوونی ئادەم بە گژ و دژی ئەو بارەگا دەچێت کە سەری بۆ دادەنواند. هەڵچوونێک کە زۆر سەیر و گەورە بوو.

هەڵچوون و داچوون وێنەی تری هەیە، ئەو کاتە کە لە حوجرە و بەشە ناوخۆییەکانی هەولێر بووم، ئەگەر هەڵچووبایەم و گڕ لە گیانم هەبایەت، سەر و دەستم بە کتێبەوە خەریک دەکرد و هیچ کاتێکم لێ بە بێ کتێب نەدەفەوتا. ئەو کاتانەش کە دادەچووم و نائومێدی و ڕشانەوەیەکی هزری منی دەگرت، گۆشەگیر دەبووم و زۆر دەخەوتم و لە خۆمدا دەپێچامەوە و پاڵ دەکەوتم، وەک نەخۆشێک. هەڵچوون و داچوون ئاماژە بە نیگەرانی و مانەوەیەکە کە وێنەی دژ بەیەک دەخولقێنێت. سادقی هیدایەت لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ بووندا هەڵچوو و پرسەکانی پێ چارەسەر نەدەبوو، بەرانبەر بە پرسی ژن داچوو و ژنی نەهێنا. فردریک نیچە کە مامۆستای زانکۆ بوو، وە زانکۆ ئاماژە بە شارستانیەت و هات و چۆی مرۆڤ و دەنگە دەنگە، لەپڕا پەنای بردە کێوەکانی ئاڵپ و تەنیا و بێ دەنگ مایەوە.

بەسەرهاتی من پاش سەکتەی مێشک و مانەوەم لە بارودۆخیک کە بێمیهری مرۆڤ و ستەمی مرۆڤ لەگەڵ نەزانی و نادانیەکانی خۆم و خۆشەویستی ناسین و پاکی یەک دەگرێت و دەروونی من دەخواتەوە و تێکەڵ دەبێت، لە دەروونی من بڕیاری تری دروست کرد. من کە باوەڕم بەوە بوو کتێب خوێندن ڕێگەیەکی پتەو و ژیرانەیە بۆ ناسین، وام لێهات کە ڕێگەی پتەو و ژیرانەم بۆ ناسین کردە واز هێنان لە کتێب بە دەستەوە گرتن، تەواو پێچەوانەی یەکدی!.

ناوەکان کاتێک کە هەڵدەچن، کار لە ناوەکانی تر دەکەن بۆ ئەوەی کە داچوون بیانگرێت. توخم و تۆیەک کە هەڵچوو بێت، توخم و تۆی داچوو دەبەخشێت. داچوونی ئیماندار بە پەیامهێنەرێک وەک داچوونی ژنێکە کە خۆی بە دەستی پیاوێکەوە داوە. پیاو کە لەسەر ژنە، سەختی و سفتی و توندی تێدایە، بە پێچەوانەوە ژن شل و شۆڕ و شی دەبێت. ئیماندار لە داوێن و دەستی ناوێکە کە لە باوەشی گرتووە. شاعیرەکان بە باڵای پەیامهێنەر شعیر دەڵێن و وشەکان وەک گوڵ بە ناوی ئەودا دەپژێنن. ئەوە جۆرە داچوونێکی دیارە. ئەو کەسانەی کە بە باڵای ناوەکانی تر شیعر دەڵێن و دەیپژێنن، قسەی ئەوانە شایستەی ئەوە نیە کە بۆ پەروەردەی نەوەکان بەکار ببرێت.

ئەحمەدی موفتی زادە کە کەسێک بوو هاواری دەکرد و هەڵچوو و پەیام و وتەی ئاگرینی بڵاو دەکردەوە، نەوەکانی و پەیڕەوەکانی بوونە کەسانێک کە لە سیاسەت و بەشداری سیاسی خۆیان دەپارێزن. پارێز و دووری کردنی پەیڕەوان، داچوونی پەیڕەوان دەگەیەنێت.

یوسفی پەیامهێنەر لە دەورەی منداڵی تا گەورە بوو، خزمەتی کۆشکی پاشای میسری کرد، ئەوە داچوون بوو. بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێک کە موسا بە گۆچانەکەیەوە لە بیابانەکان بەر بووەوە، تەخت و بەختی فیرعەونی تێکدا، ئەوە هەڵچوونێکی زۆر دیارە.

" هەڵچوون و داچوون بە پشت و توێڵەوە دەردەکەوێت."

شێوەی نووسین و باس کردن و دەربڕین و کردنەوەی ناوەکان و باسەکان دەتوانێت کە هەڵچوون و داچوون بگەیەنێت. بۆ نموونە دەستەیەک لە نووسینەکان کە زۆر شل و شیکاری تێدا کراوە و زۆر هەوڵدراوە کە وەک هەویری نانی ساجی پانی

بکاتەوە بۆ ئەوەی کە ئاگر بەر هەموو شوێنێکی بکەوێت، وێنەی داچوون بەرانبەر بە خوێنەر دەگەیەنێت. هەروەها دەستەیەکی تر لە نووسینەکان ئەوپەڕی هەڵچوونیان هەیا بەرانبەر بە خوێنەر، بۆ نموونە نووسینی وەک قورئان نووسینێکە کە بۆ کەسانێک ئەوپەڕی هەڵچوونە و بۆ کەسانێک ئەوپەڕی داچوونە. زۆرێک لە مەلا و فەقێکان لە مانا و ڕستەکانی قورئان ئاشنا نابن و بۆیان ناکرێتەوە. ئەو مەلا و فەقێیانە قورئان بە نووسینێک دەناسن کە بۆ ئەوەی بیکەنەوە دەبێت داچوونیان هەبێت و ساڵەها پێوە خەریک ببن. کەسانێکی دنکە و ورد و ژیر ئاگاە دەبن لەوە کە چۆن قورئان دەکرێتەوە. ئەو کەسانە دەزانن کە کردنەوەی قورئان بە خواستی خوای گەورەیە وە ئەوەش دەزانن کە هەر بارانێک هەفت کەوانۆ(پەلکەزێڕینە) دروست ناکات. هەفت کەوانۆ ئەو کاتە دروست دەبێت کە پرزەکانی ئاو و نوور لە هەوا یەک دەگرن. هەروەها دەبێت نووری خوا لە ڕستەکان بدات، ئەو کاتە لە دەروونی مرۆڤ دەکرێتەوە.

وشەکان و پیتەکانی کورد وەک خوێنی کورد، زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە کە بۆ هەڵچوونی گەورە و داچوونی گەورە بڕازێنرێتەوە. بە بێ لەش وشەکان کاری پێ ناکرێت. پەروەردەی مرۆڤی و ئەدەبی ویندۆز وشەکان لە هەرهەمووی لەش جێناکاتەوە، بەڵکو دەست و چاو بە زۆری لە باسەکان بەردەدات و دەرگیریان دەکات. ئەدەبی ویندۆز و مرۆڤی هەرهەموو وشەکانی کورد بەکار نابەن و هەرهەموو وشەکان لە لەش جێگیر ناکەن. ئەمە داچوونێکی گەورەیە کە نەوەکانی کورد بە ئەدەبی ویندۆز پەروەردە دەبن. ئەدەبی ویندۆز دەست بەر دەداتە باسەکان، لە کاتێک کە ئەدەبی ئەبواب دەست و پێی مرۆڤ لەگەڵ باسەکان و وشەکان تێکەڵ دەکات.

وشەکان و مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدی جەزر و مەدێکیان پێکەوە هەیە کە دەتوانێت هەڵبێت و هەڵبچێت، وە دەتوانێت کە دابچێت و وشکیەکی زۆر پڕ لە شەق و تەرەک بە خاک ببەخشێت. من لەم نووسینە تووشی ئەو وێنەیە بووم کە جەزر و مەدێکی تایبەتم لەگەڵ وێنەکان و وشەکان هەیە. دوو وێنەی سروشتیە کە لە سروشتەوە هەیە و بەردەوام لەگەڵ وشەکان و خوێن و بیر و ژیر و هەستەکانی مرۆڤ دەجووڵێت. من باسی زۆر وێنە و کورتە باس و ئەمسەروئەوسەرم کرد، بۆ ئەوەی کە بزانن هەڵچوون و داچوون دوو وشەن و جیهانێکی تێکەڵ و ئاڵۆز لە وێنەکان و

وشەکان بە خۆیانەوە خەریک دەکەن. لە ئەدەبی قورئاندا هاتووە کە کتێبێک هەیە بە ناوی دایکی کتێبەکان. کە هەموو کتێبەکان لە نێو ئەو کتێبە جێی بووەتەوە. هەروەها وشەکان و وێنەکان تەوانای ئەوەی هەیە کە دایکی زۆر وشە و وێنە بێت و بتوانێت کە زۆرێک لە باس و بابەتەکان لە دەروونی خۆی جێگیر بکات. هەڵچوون و داچوون لەو وشانەن کە تەوانی ئەوەیان هەیە کە تەشەنە بکەن لە زۆر ناو و ناوەکانی تر بکەن بە نموونەی خۆیان. ناوی ژن و ناوی قورئان و زۆرێک لە ناوەکانی ترم کردە نموونەی ئەم باسە. بۆیە ورد و وریا بن لەوە کە وشەکان و وێنەکان دەتوانن کە وەک مۆرەکانی پشت بە یەک بەن، ببەسترێنەوە و قامەت بە پەیکەرێک ڕاست بکەنەوە، یان دەتوانن کە وەک دنگەکانی سینگ بن و پارێزگاری لە دڵێک بکەن. هەرهەمووی ئەم قسە و باسانە لە بنەڕەتەوە بەو کەسەوە بەند و بەستە کە بە دەم و دەستی دەیانهێنێت و ئەویش دەم و دەستی من و بوونێکە کە پەنای بە ناوی خوای مەزن بردووە.

کابرایەک دەیویست کە بەرانێک قوربانی بکات و بە دوای کەسێک دەگەڕا کە دەستی پێست کەندنی هەبێت. لە ئاوایی گەڕا و کوڕێکی گەنجی ئاوایی کە بڕێک شارەزایی لە سەربڕین و پێست کەندن هەبووە، دۆزیەوە و بردی بۆ حەوشی ماڵەکەی خۆی. کوڕی گەنج بەرانی دا بەزەویدا و سەری بڕی و دەستی بە کەندنی پێستی بەرانەکە خەریک کرد. کابرای خاوەن بەران وتی: خوای گەورە جوان دەیخولقێنێت و ئێسک و گۆشتی پێکەوە دەگرێتەوە و تۆ ئاوەها ناڕێک دەیدڕیت و لەت لەتی دەکەیت!.

کوڕە گەنجەکە کە پێستی دەکەند وتی: بە دڵت نیە!؟.

کابرای خاوەن بەران وتی: ئەمە بەرانە بۆ قوربانی کردنە، ئەمە بۆ خەڵکی هەژارە، کۆ کۆی دەکەم و دابەشی دەکەم، ئەمە ئەو بەرانە نیە کە بۆ شێخ و کوێخا سەر دەبڕدرێت!؟.

ئەم نووسینە لە لای مندا نووسینێکە کە وەک بەرانێک زیندوو و قوت و بەهێزی دەناسم. کەسانێک ئەم بەرانە وەک ئەو کابرا بۆ قوربانی کردنی خەڵکی هەژار بەکار دەبەن، وە کەسانێک هەیە کە بۆ میوانی شێخەکان بە کاری دەبەن. هەروەها کەسێک دێت و دەیەوێت کە ئەم نووسینە بخوێنێتەوە و وەک لەشی بەرانێک لەت لەتی بکات و کۆ کۆ و بەش بەشی بکاتەوە. خوێنەر هەروەک ئەو

کەسە کە پێستی بەران دەگرێتەوە، دەبێت کە شارەزا لە لەت لەت کردنی بونیاد و ئەدبێکی زیندوو بێت. خوێنەر دەبێت کە وریا بێت لەوە کە نووسین بۆ قوربانیە یان بۆ میوانی شێخە؟ بۆ دەروونێکی داچووە یان دەروونێکی هەڵچووە؟ خوێنەر دەبێت کە وەک پێستکەن، شارەزا بێت لە سەربڕین، دەبێت بزانێت و وریا بێت کە زاوری لەشی ئاژەڵەکە بەسەر گۆشتەکەیدا نەتەقێنێت!.

خاڵی کۆتایی:

گرنگترین وێنەیەک کە لە باس کردنی هەڵچوون و داچوون بۆ من بەهای هەیە، ئەوەیە کە دەستەیەک لە نەوەکان و ناوەکان هۆشیان وەک لەشی ژنی لەشفرۆشی لێ دێت. ئەو ژنە هەرجارێک دەستێکی نائاشنا بە پێستی لەشیەوە دەدرێت. پاشان دەستێکی نائاشنا لە دەستی پێشتر بەو لەشەوە دەدرێت. پێستەکان و دەستەکان یەکدی ناناسنەوە. ئەو دەستە جۆراوجۆرانە هەڵچوون و داچوون لەیەکدی نزیک دەکەنەوە و ئاکاری ژنی لەشفرۆش دروست دەکەن. ئایا ئێوە سرنجتان لە ڕوومەتی ژنی لەشفرۆش داوە!؟.

نزیکی و تێکەڵی هەڵچوون و داچوون وەک نەخۆشی تەوولەرز(لەرزەتا) کە سەرما و گەرما، لەش سارد و گەرم دەکات. ئەمە ئیتر ئەوپەڕی وێنەکانە. کاتێک کە دەروونێک هەڵچوون و داچوون تێکەڵی یەکدی دەکات، کاتێک کە سەرما و گەرما یەک دەگرنەوە. ئەم نووسینە هەڵچوون و داچوون لە یەکدی تێکەڵ دەکات و لەیەکدی نزیکیان دەکاتەوە. خوێنەر وریا دەکەمەوە کە بەرانبەر بە ئێمە سەبر و ژیری تێکەڵ بێت. کێ لە لەرزەتا تێگەیشت؟ چ دکتۆرێک توانی لێکی بداتەوە!؟ هەروەها ئەم نووسینە وەک لەرزەتا جۆرێکە کە کەم کەس دەتوانێت تێدا هەناسە بە لووت هەڵکێشێت، دەبێت خوێنەر دەمی بۆ خوێندن بکاتەوە!!.

# ئەدەبی تاج و گۆچان

پەنا دەبەم بە ناوی خوای گەورە لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

لەبەر دەستشۆری حەوشەکەمان خەریکی دەست شۆردن بووم، کوڕێکی خزممان لەوێ بوو. لەبن چاوەوە سەیرم کرد و گۆرانیەکی مەزهەری خالقیم بە ئەسپایی خوێند، بە شێوەیەک کە من بۆ خۆمی دەخوێنم:

زولفت بە قەتدا کە پەرێشان و بڵاوە... ئەمڕۆ لە منی ئاڵۆز و بەداوە....

ئەو کوڕەش بە بێ ئەوەی کە ئاگای لە من بێت، دەمی کرد بە خوێندنی ئەودوای گۆرانیەکە: بۆچی نەگریم سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی... بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە!.

ڕۆژێکی تر لەگەڵ چەند دۆستێک بووم، یەکێک لەوانە گۆرانی چەندی گەڕام لە شارانی خوێند: چەندی گەڕام لە شاران، نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێت. کە ئەو کوڕەی هاوڕێم ئەو تۆزەی خوێند، ئەو کوڕەکانی تر پێکەوە دەمیان کردەوە: ئەی کیژۆڵە نەشمیلانەکەی جاران، چۆن دەبێت کە نێوانمان وابێت، بەیادی سەیرانی ناوداران، بریندارم بریندارم...

وشەکان و ڕستەکان بدە و بڕۆ، خۆی کاری خۆی دەکات. گەر جۆ بە کەر بدەیت بۆ قایم کردنی ئەژنۆی بەکاری دەبات، وە ئەگەر جۆ بە بزن بدەیت بۆ گرتنەوە و وشک کردنی ئێسک و موی بە کاری دەبات. هەروەها گەر مرۆڤێک وشەیەکی وەک دانێک پێ ببەخشیت، لە شوێنێکی خۆی جێگیری دەکات و بە کاری دەبات. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ناوەکان چۆن وە بە چ ئەدەبێک وشەکان دەبەخشن!؟.

هیپنۆتیزم وشەیەک کە لێیەوە نزیکە، شل کردنی ڕەگ و ڕیشەی دەروونی مرۆڤە. دەبێت کە خۆت شل بکەیت بۆ ئەوەی کە دەست بچێتە ناوەوە. خۆ بە دەستدان و خۆخستنی ئێسکە. بۆ نموونە کەسێک کە لە دەشتێک ڕاو دەکات و نێچیرێکی بینیوە، دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە نێچیرەکەی هەست بە تیر و چاو و نیشانی ئەو نێچیرڤانە نەکات، کاتێک کە نێچیر هەست بە نێچیرڤان ناکات، ئەوە شل و ئامادەیە. بەڵام ئەگەر کە زانی نێچیرڤانێک تیری بۆی ئامادە کردووە، ئەوە خۆی گورج و تیژ دەکات بۆ ئەوەی کە دەرچێت. دەستەیەک لە نێچیرەکان دەبێت کە تەپڵ و دەهۆڵیان بۆ بەکار بەریت، بۆ ئەوەی کە بەو دەنگە دەربێن. لەبەر ئەوەی کە نێچیرڤان لەهەر حاڵەتێک دەست و چاو و تیری زاڵە بەسەر ئەو ناوچەدا، ئیتر ئەوە باشە کە خۆی دەربخات و بزانێت کە نێچیر لە کوێوەیە.

بۆ گەورەکان لە قسەی منداڵەکان دەترسێن!؟ منداڵ ڕاستگۆیە. منداڵ نازانێت کە ئاکار چییە، منداڵ لەشێکی شلە کە هاتووە دونیاوە. ئەو لەشە دەبێت کە بە دوو دەست لە باوەش بگیرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە مامۆستای زانکۆ دەروونێکی شل نیە، کاتێک کە لە پۆل قسە دەکات، دەروونی سفت و ئامادە و ئاگاهە. تەواو بە پێچەوانەی منداڵ.

بۆچی لە هیپنۆتیزم بۆ دەرمان کەڵک وەردەگرن؟ لەبەر ئەوەی کە نەخۆش خۆی شل دەکات. وەک پەلەوەرێک کە نازانێت نێچرڤانێک تیری بۆی ئامادە کردووە. نازانێت کە نێچیرڤان لە کوێوە تیر و چاوی لەسەرە!.

ئاوێنە لە شەو ترس دروست دەکات و ئاوێنە لە ڕۆژ ئارامشی لەگەڵدایە. لە شەو وێنەی ترسناکی مرۆڤ خۆیەتی کە ترسی پێ دەبەخشێت، بەڵام لە ڕۆژ وێنەی خودی مرۆڤە کە ئارامشی پێ دەبەخشێت.

منداڵ و مامۆستای زانکۆ وەک ئاوێنەی شەو و ڕۆژ، یان بەسەریدا زاڵی یان بەسەرت زاڵە. هەردەم هەوڵی ئەوەمداوە کە لەو کەسانە کەڵک وەربگرم کە دەروون و دەم و ڕوومەتیان شل بووە. ئەو کاتەیە کە دەتوانیت قسەی ڕاست ببیسیت. جارێک کوڕێک خەڵکی دەربەندیخان بە منی وت ئەوە خەریکی چیت؟ وتم دەنووسم. وتی: نووسین چیە؟ تەرسی کەر لە نووسین بە قیمەتترە!!!.

کە سەیری دەمی ئەو کوڕەم کرد، هەستم کرد کە ئەوە خۆی نیە کە ئەو قسە دەکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە باش ئەزانێت نووسینی من بە پێچەوانەی تەرسی کەر، شتێکی گرانبەهایە و بەهای زۆری هەیە!. ئەو کوڕە حەسوود بوو کە من ئاوەها لەگەڵ تەنیایی، وەک ژن و شوو، پێکەوە خۆشین و حەز ناکەین کە کەس لێمان نزیک بێتەوە. من لەو قسەی ئەو کوڕە هەستم بە چەند وشەی بەهادار کرد، هەستم کرد کە نووسینی من شتانێکی گرنگی تێدایە، هەروەها هەستم بەوە کرد کە من نەیارم هەیە!.

گەر ژیر بیت، لە هەرکوێ بیت و نەزانیت کە بەرەو کوێوە بڕۆیت؟ گەر سەیری ئەستێرەکان بکەیت دەتوانیت کە ڕێ و شوێنی خۆت بدۆزیتەوە. ڕێ و ڕێنماکان لەسەر سەری خودی مرۆڤە!. لە ئاسمانە و بۆ مرۆڤی خوازیار ئامادەیە و لە هەرکوێ بیت، دەتوانێت کە بە سەیر کردنێک ڕێ و شوێنی خۆت بگریتەبەر.

هەروەها قسەی دەمی دەوروبەریەکان وەک ئەستێرەکانی ئاسمانە، ئامادەیە و هەردەم لە خزمەتە بۆ ئەو کەسانەی کە ژێر بن. قسەکانی کەسانی دەوروبەر چ دۆست و دوژمن و مامۆستا و قوتابی و هەرچی بن، دەتوانێت کە ڕێ و شوێن و چوون و ئاسۆ بۆ مرۆڤ دیار و ڕوون بکات.

لە دەورانێک کە لە قوتابخانەی ئامادەیی مەلا سەدرا بووم، چەند قوتابی لە قوتابییەکان بوونە دۆستی من و نێوانمان زۆر خۆش بوو. هۆی دۆستی ئەوان دەگەڕایەوە بۆ چەند قسەیەک کە لە دەمی ئەوان هاتە دەرەوە و بووە هۆی ئەوە کە سرنج لەسەر قسەکانیان بدەم. یەکێک لەوانە بە هۆی ئەوە کە پەرۆشی باسەکان و بابەتەکان بوو، پێ خۆش بوو کە من لە پۆلدا دەمەدەم لەگەڵ مامۆستاکان دەکەم و لەسەر بابەتەکان قسەی خۆم هەیە و دەستم و دەمم بەرز دەکەمەوە. ڕۆژێک یەکێک لەوانە بە منی وت: تۆ دەبیتە فەیلەسووفێک!.

لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین چەند قوتابی کۆپی ئەو قوتابیانە لە قوتابخانەی مەلا سەدرا بوونە دۆستم و یەکێک لەوانە بەردەوام ئەوەی بە من دەوت کە تۆ لە داهاتوو، دەبیتە کەسێکی بیرمەند.

لە دەورەیەک کە لە شاری بۆڵتۆنی وڵاتی ئینگلیس بووم، ڕۆژانە دەچووم بۆ کتێبخانەی شاری بۆڵتۆن و کاتەکانم لەوێ بەسەر دەبرد. کوڕێکی گەنجی کورد کە ئەویش دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین بوو، سەردانی ئەو کتێبخانەی دەکرد و منی دەبینی. ڕۆژێک هات و لەسەر ئەو مێزەی کە من دانیشتبووم، دانیشت و وتی: تۆ لەو بارودۆخە پەنابەریە کە زۆر ناخۆشە بۆ ژیان و هەناسە کێشان، تۆ خەریک بە ئەم کتێبە قورسانەی، من سەیرم لێ دێت!.

لە دەورەیەک کە ئاوارەی کەمپێکی وڵاتی ئیرلەندی باشوور بووم، بۆ ماوەی دوو مانگ لە ئیرلەند مامەوە. منیان لە کەمپێکی پەنابەری نیشتەجێ کرد. من هەردەم دەستنووسەکانی خۆمم لەگەڵم بوو. دەستنووسەکان تەنیا شتێک بوو کە بەردەوام باری خۆم دەکرد. سەرەتا کە چوومە کەمپەکە چەند ئێرانیەک لەوێ بوون، کاتێک کە بەسەرهاتی منیان زانی و دەستنووسەکانیان بینی، سەیریان لێ هات. یەکێکیان وتی: ئەمانە چیە کە لەم بارودۆخە ناخۆشە باری خۆت کردووە، فڕەی بدە!.

پاش ئەوەی کە منیان ناردەوە بۆ ئینگلیس و منیان لە بەندینخانە خست، فەرمانبەرێکی بەندینخانەکە بە ناوی سباستیەن، شوێنەکانی بەندینخانەکەی بە من پیشاندا و سەیری نووسینەکانی منی کرد. سەیری لێ هات. ڕۆژی پاش ئەوە منی بینی کە خەریکی نووسینم. وتی: شوێنێکی خۆش نیە بۆ نووسین! پاش پێنج مانگ ئەو فەرمانبەرە سەردانی منی کرد و منی بینی کە لە سەر تەختی خەوەکەم خەریک بە نووسینم. سەیری لێ هات. بە کوردی چۆن کەسێک دەستی بەرز دەکات و لەبەر سەیر لێ هاتن دەیدات بەسەریدا، ئاوەها دەستی برد بۆ سەری و وتی: هێشتا لەم بارودۆخە خەریک بە نووسینی!؟.

ئەوانە دەستەیەک وێنەیە کە لە دەورەکانی ژیانی من ڕوویداوە و من وەک نیشانە و ئاماژە ئاگاهیم لێیان هەبووە.

دەستەیەک وێنە هەیە کە زۆر ڕۆژانەیە و ئاساییە، بەڵام گەر ئەوانە لەگەڵت بمێنێتەوە و قورسی و بەهایەکی هەبێت، ئەوە بزانن شتێک لەو وێنەوە نزیکە. وەک ئەم دوو نموونەی خوارەوە:

کوڕێکی سنەییم بینی و لەگەڵی بوومە دۆست و پرسیارم لێ کرد: تۆ چێت دەوێت لە دونیا؟ کوڕە سنەییەکە وتی: من دەمەوێت کە پاش ئەوەی کە مردم، خەڵک بڵێن کە مرۆڤێکی باش بووە و کاری باشی کردووە.

من زۆر پێکەنیم بەو قسەیە و لە لای مندا بووە قسەیەک کە زۆر هەژار و هەتیوە. زۆر هەوڵی ئەوەمدا کە بە کورتی بە خۆم بڵێم کە من شتێک لەو وێنەیە دەزانم کە بەهای هەیە. ئەویش ئەوەیە کە دەروونی من ناوێکی دەوێت کە لەگەڵ لەشدا بێت!.

کوڕێکی مەسیحیم بینی و لەگەڵی بوومە دۆست و لەگەڵ یەکدی قسەمان دەکرد و باسی زۆرمان دەکرد. ئەویش زۆر باسی عیسای کوڕی مریەمی بۆ من دەکرد و منی بۆ دینی مەسیحی بانگەهێشت دەکرد. ڕۆژێک بینیم و لە دوورەوە وتی: بیر لە چیرۆکی گەورە بکەوە!؟ بۆ من سەیر بوو کە بۆ دەڵێت بیر لە چیرۆکی گەورە بکەوە!؟ مەبەستی چی بوو لە چیرۆکی گەورە؟ ئاە زانیم، چەند چرکە ڕوومەتم مات بووو، زانیم کە مەبەستی لە چیرۆکی گەورە، چیرۆکی عیسای کوڕی مریەمە. من پێکەنیم و هەستم کرد کە ئەو پێکەنینە وەک قسەی کوڕە سنەییەکە، مانا و

بەهایەکی هەیە. من یەکڕاست وەک ڕاوچیەکی تیژ لێمدا و زانیم کە بۆ پێکەنیوم. پێکەنینەکەی من لەوەوە بوو کە چیرۆکی خۆم گەورەتر لە چیرۆکی عیسای کوڕی مریەم دەناسی. لەبەر ئەوەی باوەڕم هەبوو کە چیرۆکەکەی من بەهای زۆرتری هەیە. نەچووم کە یەخەی ئەو کوڕە بگرم و پێی بڵێم کە چیرۆکەکەی من بەهای هەیە. ئەو کوڕەش وتی: بۆ پێدەکەنی و بێدەنگی!؟ وتم: هیچ نیە، بە دەروونی خۆم پێدەکەنم!.

نموونەی تر زۆرە کە بە هاوکاری وێنەکانی ئاسایی ڕۆژانە بزانی کە چۆن خۆت بناسیتەوە یان بزانی کە ڕێگەی ژیانت بە کوێوە دەچێت؟. هەڵبەت بە ناوی خوای مەزن و بە خواستی خوای مەزن. ناوی خوای مەزن لەهەرچی شتە زاڵتر و گەورەترە.

لە دەورەی بەندینخانە کە دەستم بۆ نووسینێکی یازدە دەفتەری کرد. لە چەند لاپەڕەیەک ئاماژە بە چەند بەسەرهات دەکەم و لەگەڵ یەکیان دەناسێنمەوە و یەکانگیریان دەکەم و هەرسێکیان پێکەوە تێکەڵ دەکەم:

## بەسەرهاتی یەکەم:

لە بیرمە کاتێک کەماڵی باوکم لە شاری سەرپێڵی زەهاو بوو، نیوەڕوانێک لە ماڵ چوومە دەرەوە. لە کۆڵانەکە چەند کوڕێک تۆپانیان دەکرد. لە دوورەوە تۆپەکەیان فڕێدا بەرەو لایەک کە لەوان و لە منەوە دوور بوو. یەکێک لەوانە کە کوڕێک بوو منداڵەکان لێ دەترسان، دەستی بەرز کرد و لە دوورەوە بە منی وت: بڕۆ ئەو تۆپەمان بۆ بهێنە!. بۆ من زۆر قورس بوو کە کەسێک ئاوەهام پێ بڵێت. گوێم نەدا و ڕێ خۆم گرتەبەر. ئەو کوڕە هات و ڕێی لە من گرت و وتی بۆ تۆپەکەت بۆمان نەهێناوە!؟. وتم: تۆپی خۆتە و زۆر لە منەوە دوورە و ...

قسەکانم تەواو نەبوو کە زللەیەکی دابە بناگوێمدا و دەم و چاومی گەرم کرد و ترنگەی لە گوێم ڕاست کردەوە. ئەوەندە زللەکە توند بوو کە ئاگام لە خۆم نەما و دەم و چاوم گەرم و سوور هەڵگەڕابوو. کوڕەکە وتی: بڕۆ بیهێنە!؟ وتم: نە، نایهێنم. دەیەویست کە دیسان دەستی لێم بەرز بکاتەوە. کوڕەکانی تر نەیانهێشت و منیان بەجێهێشت و منیش بە دەرد و گەرمای ڕوومەتەوە هەر نەمزانی بۆ کوێ دەڕۆم؟.

پاش ئەوە کە لە شاری سەرپێڵی زەهاو نەمام و چووم بۆ حوجرە ببم بە مەلا، هەر ماوەیەک سەردانیماڵەوەمان دەکرد و لە شاری سەرپێڵ دەگەڕام و پیاسەم دەکرد. دوای چەند ساڵ ڕۆژێک لە نێو بازاڕی شاری سەرپێڵ بووم، ئەو کوڕەم بینی، قوپا بوو، ڕزا بوو، ببووە دەرمانخۆر و سەروچاوی ڕەش و لاواز و بێهێز ببوو. لە دڵی خۆمدا وتم: ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە ئەو زڵلە توندەی لە مندا!.

## بەسەرهاتی دووهەم:

لە لادێ دەمەویست کە بڕۆم بۆ زەوی تۆپان یاری و گەمە بکەم. سەگێک کە یەکێک لە سەگە فرەگەفەکانی ئاوایی بوو، گەفەی لە من کرد و بەرەو منەوە هات، منیش ترسام و هەڵاتم و هەڕام کرد. سەگەکە هات و یەکڕاست قەپی بە پێمدا کرد و خۆی دوور خستەوە. خەڵکی ئاوایی هاتن و منیان بردەوە بۆ ماڵی باپیرم و برینەکەیان پێچایەوە.

پاش ئەوەی کە چووم بۆ حوجرە و لە لادێ دوور کەوتمەوە، هەرماوەیەک جارێک بۆ سەردان دەگەڕامەوە. جارێک کە چوومەوە، سەگەکەم نەبینی. لە پوورم پرسیارم کرد کە ئەو سەگە چی بەسەر هاتووە؟. پوورم وتی: ئەو سەگە هار بوو و ون بوو. کەس نەیبینوە، سەگ لە ناکاوە هار دەبێت و ون دەبێت، ئەو سەگەش ئاوەهای بەسەرهات!.

## بەسەرهاتی سێهەم:

کاتێک کە ئەو دوو وێنەیەم لە بەندینخانە دەنووسی. ڕووداوێک لە شارەکانی ئینگلیس ڕوویدا کە منداڵەکان دوکان و بازاڕەکانیان ڕووت دەکردەوە و ئاگر و ئاژاوەیان دروست دەکرد. من ئەو دوو وێنەیەم بەو ڕووداوەوە پەیوەند داوە.

کاتێک کە گەنجەکان و منداڵەکان دوکان و بازاڕەکانی شارەکانی ئینگلیسیان ڕووت دەکردەوە. چەند کەسێک لەو کوڕە کوردانە کە لە ئینگلیس بوون تەلەفۆنیان بۆ من کرد و هەر یەکیان ئەو ڕووداوەی پەیوەند بە خۆیەوە دەدا.

حەیدەر تەلەفۆنی بۆ کرد و وتی: خاڵە بینیت کە خوای من و خوای تۆ چی لە ئینگلیس کرد، ئابڕوویان چوو!.

کوڕێکی تر لە دەرەوەی بەندینخانە پەیوەندی بە منەوە کرد و وتی: ئەوە خوای من بوو کە وای لە ئینگلیس کرد.

کوڕێکی تر لە دەرەوەی بەندینخانە پەیوەندی بە منەوە کرد و وتی: سەیر بکە کە خوای من چۆن ئاوەهای لەم ئینگلیزانە کردووە!.

سەیرم لێ هات کە هەریەک لەوانە ئەو ڕووداوەیان بە کێشەی خۆیان پەیوەند دەدا و هەریەک لەوانە دەیانەویست کە بڵێن خوای ئەوان ئاوەهای لە ئینگلیس کردووە.

هەر دەستەیەک لە مرۆڤەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەهرەگری لە ناوەکان بکەن. بۆ نموونە کەسانێک بەهرەگری لە بەرد دەکەن، لە هەر شوێنێک بەردی بەهادار ببینن بۆی دەچن و بۆ کاری خۆیان هەڵیدەگرن. کەسانێکیش بەهرەگری لە چێو و دار دەکەن، لەهەر کوێ دار و چێو ببینن، بە کاری دەبەن.

کابرایەک هات بۆ سەر ڕووباری ئەڵوەن و وتی: ئەم ڕووبارە کەڵکی زۆری هەیە!. کابرایەک کە ماڵی نزیک لە ڕووباری ئەڵوەن بوو وتی: ئەم ئاوە چ کەڵکێکی هەیە!؟.

کابرای تر وتی: تۆ نانزانیت کە چۆن کەڵکی لێوەربگریت!.

بەسەرهاتەکانی ژیان بە دەستی کەسانێکەوە دەکرێنە پەند و ڕستە. ئەو کەسانە کە کەڵک لە بەسەرهاتەکانی ژیان وەردەگرن، کەسانێکی زۆر ژیر و وردن. کەسێک هەیە کە زۆر لە ژیانی وێنە و وشە و چیرۆک قەوماوە، بەڵام ناتوانێت کە بیکات بە پەند و ڕستە. ژیانی ئەمڕۆژی مرۆڤ وەک ژیانی سەرزەوی ئەمڕۆژیە، هیچ بەشێکی زەوی نیە کە خاوەنی نەبێت و ئەو خاوەنە دەستی تێنەخستبێت. کەوایە دڵنیا بن کە ئەگەر خۆتان کەڵک لە بەسەرهات و چیرۆکەکانی ژیانی خۆتان وەرنەگرن، بە دڵنیایی کەسانی تر هەوڵی ئەوە دەدەن کە بۆ زانست و فەرهەنگ لە هەر شێوەیەک بێت کەڵکی لێ وەربگرن. بۆ نموونە زیگمۆند فرۆید کەسێکی ژیر بوو، دەچووە ناو دەروونی چەند کەسێکەوە، بەو چوونە توانی کە بە زانست و بیری پتەو بگات. پاش ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی تەواو کرد، زانستگاکان بە ناوی فرۆید ناسیان نەک ئەو کەسانەی کە نموونەی بەردەستی ئەو بوون. بۆیە کەسانێک لە ڕێگەی چوونە ناوەوەی چیرۆکەکان و باسەکان و بیرەوەریەکان و هەستەکانەوە زۆر

کەڵک وەردەگرن و بە زۆر شت دەگەن. مرۆڤ دەتوانێت کە ببێتە پەند یان کەسانی تر بکات بە پەند.

چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان ئەگەر دە وشەش بێت، وەک بەردێکە کە کەوتووە، ئەو بەردە زۆر کەس پێی دەزانێت، لەبەر دەستە و لەسەر ڕێگەی خەڵکە، هەرکەس دەتوانێت دەستی بۆ بەرێت و بەکاری بەرێت. ئەو کەسەی کە یەکەمجار بەکاری برد، ئەوە کردوویە بە موڵکی خۆی. بۆ نموونە ئەو سەگەی کە هار بوو، کەس باسی ناکات، جگە لە من نەبێت، یان کەسێکی تر باسی دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر کوت و پڕ و هەڕەمەکی دەیگرێتەوە و بەکاری دەبات. کەسێک برسیە و گەنم بۆ ئارد و نان بەکار دەبات. کەسێکی تر تێرە و گەنم بۆ کەیک و شیرینی بەکار دەبات. مەلاکان و مامۆستاکانی دینی وزە و هێزی زۆریان هەیە لە دروست کردن پەند و بەسەرهات و چیرۆک و گێڕانەوە. ئەو ئەدەبەیان لە قورئان وەرگرتووە. قورئان باسی هەنگ و مانگ و مانگا و زۆر باسی تر دەکات. نیشانەی ئەوەیە کە زۆر بەسەر زەوی و ژیانی زەوی دەستی زاڵی هەیە. مەلاکان و زاناکان و حەکیمەکانی ئیسلام وەک یەک کەڵک لە بەسەرهات و چیرۆکەکانی خەڵک وەرناگرن، کەسانێکیان هێز و وزەی زۆری تێدایە، وە کەسانێکیان کەمتر. کەسانێکیان زۆر تایبەت و مەزن کەڵک لە بەسەرهات و وێنەکان وەردەگرن. من ڕابردووی خۆم نووسیوەتەوە، وەک ئەوەیە کە پەرژینم بە دەوری زەویەک کێشا بێت، ئەگەریش هێشتا دەستم بۆ نەبردبێتە ناوەوە کاری لەسەر بکەم. من خاوەنی ڕابردووی خۆمم، هەرچەند ژەهرین و پڕ لە مین و مەترسیە.

دەروونێک کە نایەویت تاج لەسەر بنێت و پاشایەتی بۆ خەڵکێک بکات کە ساڵەهای ساڵ لەو خەڵکە هەڵدەهات و لێیان دووری دەگرت و خۆی دەشاردەوە لە ئەو بازاڕانەی کە خەڵک تێدا هات و هاوار دەکەن. دەروونێک کە نایەوێت گۆچانیش بە دەست بگرێت و شوانی ئەو خەڵکە بکات و بە قسەی دەمی کە ڕۆڵی گۆچان ببینێت، ئەو خەڵکە خاوەنداری بکات و بەخێویان بکات. دەروونێک کە تەنیا پەناگا و پشتی بووەتە ناوی خوا، لەبەر ئەوەی کە ئەزانێت لە قورئان هاتووە، ان ربک هو الخلاق العلیم(حجر٨٦) ئەزانم کە خوای مەزن خاوەنداری ناوەکان دەکات. دەروونێک کە بۆ ئەوەی دەربازی بێت و لەم دەرد و کێشە ڕزگاری بێت، سەرجەم بەسەرهات و وێنەکانی کورت و وردی ژیانی کۆ دەکاتەوە و

دەیەوێت کە (مخرج صدق) و کون و کەلێک بۆ دەربازبوون بدۆزێتەوە. ڕابردووی من داگیر کراوە، وەک دەشتی زەهاو پڕ بووە لە مین، دەبێت کە خاوەنداری بکرێت. ڕابردووی من وەک خاکی کوردستان و زمانی کوردی، پڕە لە سەرباز و ڕابەری دژبەیەک و مین و پژراوەیی و پەژارەیی و نەزانی و تا دەگاتە نەخۆشیەکانی لەشی من و هەڕەشەکانی جن!.

بە ناوی خوای گەورە لە باسی ئەدەبی تاج و گۆچان دەمەوێت باس لە بوونی خۆم بکەم کە چۆن دەمەوێت وێنەکان و بەسەرهاتەکانی ژیان بۆ خۆم و بە کەڵکی دەروونی خۆم بە کاربەرم. ئەم کارەی من وەک ئەو کەسەیە کە کاری دەرهێنانی مین دەکات و مینەکان لە بیابانێکی دوور دەردەهێنێت. ئەو کەسە مینەکان کە دەردەهێنێت، پووچەڵیان ناکات، بەڵکو دەریاندەهێنێت و بۆ پاراستنی خۆی و لێدانی دوژمنان و نەیارانی خۆی بەکاری دەبات و لە چاڵێکی تری دەنێت!.

لە وێنەیەکی تردا ئەدەبی تاج و گۆچان دەیەوێت باسی ئەوە بکات کە دەستەیەک لە وێنەکان و بەسەرهاتەکان و ناوەکان و بابەتەکان کە لە نووسینەکانی من هەیە، وەک فەرماندەیەکە کە دەستەیەک فەرماندە و سەربازی بۆ شەڕ هەیە و بەو لەشکرە دەیەوێت کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەو سەربازانە هەرکامەیان چیرۆک و تەوان و دەروونێکی تایبەتی خۆی هەیە کە زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکەن کە بەو دەروون و تەوان و دەست و هێزەی کە هەیانە، گەشە بە خاوەنداری خۆیان بدەن. بۆ نموونە، ئەوە بزانن کە ناوی چیرۆک و چیرۆکنووسەکان و چیرۆکنووسین، دەورێکی فراوانی لە ژیانی من هەبووە. گەورەترین هەڵاتنێک کە من و ئیبراهیم کردمان، لە شارەکانی ئێران گەڕاین و کۆمەڵ و کۆڵێک هەست و بیرەوەریمان کۆ کردەوە و بووە پایەیەک کە چوونەکانی داهاتوومان لەسەری بونیاد بنێین، ئەو هەڵاتنە بوو بە چیرۆک. چیرۆکی سەعدی و حافز ئێمەی بەرەو ئەو هەڵاتنە برد. بۆیە وشەی چیرۆک، ئیتر هەرچی وشە کە لە دەوری هەیە، تەوانی ئەوەی هەیە کە زایەر و زێنەر بێت. وشەی چیرۆک یەکێک لە فەرماندە بەهێزەکانی لەشکری شەڕی ئەدەبی خۆم دەزانم.

وێنەیەک کە کوڕێک لە شاری روانسەر دروستی کردووە و ناوی لە لای من ماوە و قسەیەکی کردووە کە لە لای من بەهای هەبووە، تەوانی ئەوەی هەبووە کە وێنەکانی تر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەو کوڕە بە من وتی: تۆ دەبیتە

فەیلەسووف. بووە هۆی ئەوە کە ئەو وێنەکانی تر کۆ بکەمەوە و خڕیان بکەم و بیانناسمەوە.

هەندێک لە وێنەکان کە لە ژیانی کەسێک دەخولقێت، وەک سەربازێک بۆ جارێک، شەڕ دەکات و دەکوژرێت. بەڵام وێنە هەیە کە لە تەواوی ژیانی مرۆڤ وەک فەرماندە و خاوەندارێک بونیاد و دەروون دەپارێزێت و لەشکر و کۆیەکی تر لە وێنەکان ئامادە و پەروەردە دەکات و دەیکاتە خزمەتکاری مرۆڤ.

من لە ڕادەبەدەر ورد دەبمەوە، وەک کەسێک کە بە ئەسپایی مینی ناو زەویەک دەردەهێنێت، یان وەک کەسێک کە دەیەوێت لە ڕێگەی خاڵەکانی سەر پێست و ئەستێرەکانی ئاسمان، ڕێ و شوێنی خۆی بدۆزێتەوە. من لە ڕادە بەدەر ناوەندگەری دەکەم. سەرجەم وێنەکان و وشەکان و پیتەکان بۆ خۆم و دەروونی خۆم بە کار دەبەم.

## خۆویستی و خۆشەویستی لای منداڵ

لە بیرمە هاوینێک لە ئاوایی لەگەڵ منداڵەکان نیوەڕوانێک لە قوڵەی گەرما لە بن دیوارێکی گەلەخانەکەی ماڵی خاڵۆ وەلی دانیشتبووین. زۆربەی خەڵک هاوینان لە خەوی نیوەڕوان دەبن، بە تایبەت خەڵکێک کە کار دەکات. بەڵام منداڵەکان لە هاوین خەویان نیە و بۆ ئەوە دەگەڕێن کە دەرچن. ئێمەش هاتبووینە دەرەوە و وڕە وڕمان بوو و هەر تاوێک وەک بزن لە بن سێبەرێک سەری خۆمان بە شتی هیچەوە وەک بەرد و چێو و قسە و باسی هەلەق بەلەق خەریک دەکرد. یەکێک لە ڕەفیقەکانم وتی: با بچین بۆ چەمەکەی ڕژدەیی و لەوێ مەلێ بکەین!؟

کوڕەکەی خاڵۆ عەلی وتی: وەڵا با بچین بۆ بۆیسانەکەی ماڵی کاک ئەشرەف و بە دزیەوە کاڵەک بهێنین!.

هەموومان لە بن سێبەرەکە دەرهاتین و پێکەوە ڕوومان لە زەویەکانی خواری ئاوایی کرد. شەپۆلی گەرما دیار بوو. کراسەکانمان لەبەر دەرهێنا و دامان بەسەر سەرماندا. گەیشتین بە زەوی تۆپانەکەی ئاوایی و لە بن خەرمانێکی سرووت ڕاوەستاین. کوڕەکەی کاک شەریف وتی: برا بە خوا ئەگەر کاڵەک بدزین و بزانن پێمان بە ماڵەوەمان ئێژن و باوکی من دەمکوژێت، من نایەم بۆ کاڵەک دزی!.

لە بن سێبەری خەرمانی سرووتەکە لاچووم و سەیری خەرمانێک نۆکی کوتروام کرد. سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا. کەنیشکەکەی حاجی مەحموود خەریکی شتێک بوو. منیش بە یەواشی نزیکی بوومەوە. دەستم بۆ سێبەر کردە کەپر بۆ نێوچاوم و وتم: ئەوە چی ئەکەی تاتی ئسمەت؟

تاتی ئسمەت(عصمت) سەری بەرز کرد و بزگەیەک گرتی و وتی: نۆک کۆ ئەکەمەوە... تۆش بێ و بۆ خۆت نۆک کۆ بکەوە!.

نزیکی بوومەوە، سەیرم  کرد کە دەستی دەخاتە ناو خەرمانی کای نۆک و ئەو نۆکانەی کە پاش شەن کردن ماونەتەوە کۆی دەکاتەوە. وتم: ئەی ئەمە ئەگەر هەمووی کۆ بکەیتەوە مەنێک نۆکی تێدا نیە!؟.

تاتی ئسمەت بزگەیەک گرتی و وتی: بەشی دوو چێشتیش بێت هەر باشە!.

منیش دانیشتم و منداڵەکانی تریش هاتن و هەرکەسەمان بە پەلە و پەرۆشەوە خەریکی کۆ کردنی نۆک بوو. ئەوەندە نۆکی تێ نەبوو. بەڵام سەرگەرمی و گەمەیەک بوو کە هەستی تەماح و پەلەی لە ئێمە گرِدابوو.

تا دەمەوئێوارە خۆمان لەگەڵ تاتی ئسمەت خەریک کرد و نۆکمان کۆ کردەوە. نیوەی نایلۆنێکم نۆک کۆ کردەوە و دڵم بەوە خۆش بوو کە داپیرم دڵی خۆش دەبێت. ئێوارە پاش مەلا بانگدان چوومەوە بۆماڵی باپیرم و نایلۆنەکەم دابە دەستی داپیرمەوە. پێکەنی و وتی: ئەمە چی وە قوروان!؟ وتم: نخەس، خوەم خرِم کردگەسۆ.

داپیرم وتی: باشە بچۆ بیخە ناو هومارەکە لەسەر گونیەکانی گەنمەکان دایبنێ.

پێم ناخۆش بوو کە وتی بیخە ناو هومارەکە، وتم: ئەی نایکەیتە چێشت!؟. داپیرم: بەم تاوسانە(هاوینە) بیکەمە چێشت، ئەوە بۆ زمسان(زستان) باشە.

سەرم کردە خوار و نارِەحەت بووم، دەرگەی هومارەکەم کردەوە و لەسەر گونیەی گەنمەکان دامنیا و دەرگەکەم داخست و چوومە سەر سەکۆکەی بەرماڵی باوام و لەگەڵ باوام دانیشتم. مانگە شەو بوو، باوام خەریکی کێشانی سیگار بوو. میمکم چرا نەوتیەکەی هێنا و داپیرم سفرەی بە دەستەوە هێنا و دایخست. هەتا درەنگانی شەو بیر و خەیاڵی نۆکەکە لەسەرم بوو. بیرم لەوە بوو کە ئەو نۆکە لە زمسان کێ دەیکاتە چێشت و کێ دەیخوات!؟.

چەند ڕۆژی دوای ئەوە چەندجار سەردانی هومارەکەم کرد بزانم نۆکەکە لەسەر جێی خۆی ماوە!؟. پاش ئەوەی کە چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان لەشار، ئەو کاتە نۆکەکەم لە بیر چوو.

منداڵ کەرەستەیەکی گەمەی پێ بدە، یەکسەر ئەو کەسەی خۆش دەوێت کە بەخششی پێدەکات. ڕق و خۆشەویستی لای دروست دەبێت ئەگەر شتێکی لێ بستێنیت یان شتێکی پێ ببەخشیت. لە بیرمە ئەو کاتەی کە لە کەمپی ئاڵتاش یان کاتێک کە لە شاری سەرپێڵ بووین، لەبەر ئەوەی کە کەرەستەی گەمەمان نەبوو و حەزمان لە گەمە بوو، بە هەرشتێک کە بهاتبایەتە بەردەستمان گەمەمان پێ دەکرد. لە بیرمە بە پەڕۆی کۆن و دار بووکەڵەمان دروست دەکرد، یان بە ئاجووڕێک کە خەڵک بۆ خانوو دروست کردن دەیهێنا، ئێمە دەمانشکاند و ماشینمان لێ دروست دەکرد. هەروەها لە گەمەکانمان شتەکانمان تێکەڵی یەکدی دەکرد. ئاژەڵ و سەرباز و ئاجووڕ و ئۆتۆمۆبیل و ئاسن و بەرد و دار و پلاستیک و هەرشتێک کە بهاتبایەتە بەردەستمان، لە گەمەی خۆمان بەشدار و تێکەڵمان دەکرد. ئەو کاتە کەس خۆشەویستی لە مندا دروست نەکرد، لەبەر ئەوەی کە کەس بەخششی بە من نەکرد!.

هەرچۆن لە بەشی یەکەمی نووسینەکان باسی تایبەتمەندی کۆکەری مرۆڤم کرد، وە لەم نووسینە باسی تایبەتمەندی ناوەندگەری و بۆخۆ کۆ کردن و بۆخۆ قوربانی بوونی وێنەکان و چیرۆکەکان دەکەم، دەتوانن کە هەست بە هەژاری و هەوڵ و هۆڵی من بۆ دەرباز بوون لە قەیرانێک بکەن. دەتوانن کە هەست بە زۆر شتی من بکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە من وەک منداڵ هەوڵی ئەوەمداوە کە وێنەکان و وشەکان بۆ شەڕ و گەمەی خۆم بەکار بەرم. هەوڵمداوە کە ژینگەی ژیان و هەست و هزری خۆمی پێ بڕازێنمەوە. ئەگەرچی ئەمە مافی منە، لەگەڵ ئەوەدا دەتوانن هەست بەوە بکەن کە من لە درێژی ژیانم لە منداڵیەوە و لە ژینگەی گەمە و کەرەستەکانی گەمەم هەژاری و نەداری زەق و فرەم چێشتووە. منداڵ تینووی گەمەیە، بۆیە پەلە لە بەکاربردنی کەرەستەکان و هەرچی شتە دەکات کە دێتە بەردەستی. بە خواستی خوای گەورە دەتوانرێت کە لە پشتەوەی بەردی گەورە ئاوی سارد و شیرین بێتە دەرەوە، بەڵام کێشە و گرفتی گەورەی من ئەوەیە کە چۆن ئەو هەستە هەژار و چکۆلانەی ژیانم کە لە دەوروبەرم پێم گەیشتووە، بەسەریان زاڵ

بم. من لە منداڵی بە سەمفۆنی بتهۆڤن گەورە نەبووم و سەروگوێم نەکراوەتەوە، بەڵکو بە برسیەتی و ئاژاوە و نیگەرانی و هەڵات هەڵات و ئاوارەیی کراومەتەوە. لە هەژاری و نەداری و نەخۆشی و کەم خوێنی بێدار بوومەتەوە. من بە چیرۆکەکانی ئەم و ئەو وەک چیرۆکی سەعدی و حافز تووشی ئاوارەیی و گرفت بووم، بۆیە وتم ئیتر من نابێت لە بەسەرهات و کەرەستەکان و هەستەکان و هزرەکانی ئەم و ئەو بۆ گۆڕەپانی شەڕ و گەمە و نووسین و بیر و هەستی خۆم کەڵک وەرگرم.

دەستەیەک لە نووسەران و بیرمەندان لەبەر ئەوەی کە دەست و دەمیان ناچێتە ناو ژیانی خۆیانەوە و دەوروبەریانەوە، باسی چیرۆکی پەرت و دوور دەکەن، وەک کۆشکی پاشا و کەسی گەدا و ئەو جۆرە چیرۆکە دەستکردانەی کە قیزەون و هەژار و هەتیون.

لەم نووسینە من گەیشتم بەوە کە کەڵک لە چیرۆک و هەست و هزری ئەوانی تر یان دروستکراوی دەست و دەمی ئەوانی تر وەرنەگرم. دوای ئەوە وەک منداڵێکی چاوەچنۆک و هەتیو و نەدار بۆ گەمە و شەڕەکانم هەرشتێک تێکەڵ نەکەم و بە ئەدەب و نەرمی و ئارامی لەوە دڵنیا بم کە ژیان و دەوروبەرم کە بریتیە لە وشەکانی کوردی و وێنە و چیرۆکەکانی کوردی، کان و سەرچاوەیەکی پڕ و پتەوە بۆ ئەوەی کە ئەدەب و ژینگەی گەمە و شەڕی خۆمی پێ برازێنمەوە.

کێشەی من وەک کەسێکە کە لە دەرودەشتێک ون بووە و بە دوای ڕێ و چارەسەر و دەربازبوون دەگەڕێت. ئەوکەسە تەنیا نیە و کۆیەک نەزان یان زانا لە بوارێکی تر کە یارمەتی ئەو دۆخە نادات، دەوری ئەو کەسەیان گرتووە. من ئەگەر بەس خۆم بم و کێشە و خەمی کورد و کوردستان و موسوڵمانم لەسەر سەر و گیان نەبێت، دەتوانم بە حیساب و کیتابی خۆم لە تەنیایی شتێک بۆ خۆم بکەم. بەڵام کێشەی من ئەوەیە کە من تەنیام و کۆیەک خەڵکی ناتەوان و نالایق دەوری منیان گرتووە و تەوانی ئەوەیان نیە کە یارمەتی من بدەن یان بمهێڵن بە خۆمەوە. بۆیە پەلە و پەرۆشی و هەوڵ و هۆڵ و پەرێشانی و شەیدایی و هەستی تووڕەیی و خەمۆکی دەور و دەروونی منی گرتووەتەوە. هەستم وایە ئەگەر من دەربازم بێت، سەرکەوتنێکی گەورە بۆ مرۆڤ بە تایبەتی بۆ کوردە.

# سوخمە و سنجاخ

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیانم پێ دەکەم.

## ترس و چێژ

من و ئەو دووانین. ئەو من دەناسێت و من ئەو ناناسم. ئەو لە ناو من خۆی شاردووتەوە و من نازانم لە کوێی منە!؟. بە ڕاستی ئەو کێیە!؟.

یەکێک لە مندایە، یەکێک کە هەردەم ڕەش و پیس و چکۆلە و بە نەفرەتە. یەکێک کە منی داگیر نەکردووە، بەڵام لە مندا دەژی و جاربەجار بە بیانۆ و هۆی جۆراوجۆرەوە دێتە دەرەوە و لە سەرودەمی منەوە قسە دەکات. گەر دکتۆرێک یان شێخێک لە من پرسیار بکات ئەوە کێیە!؟ من نازانم. چۆن بزانم کە ئەوە کەسێکی جیا و جودا لە منەوەیە!؟. وەڵامی ئەمە منی بۆ ماوەیەک بە خۆیەوە خەریک کرد. لەو پرسیارەوە دەست پێدەکەم: ئەوە کە لە دەروونی منە چی دەکات و چی لە من دەوێت!؟.

برین بۆ ئەوەی دەرمان بکرێت، دەبێت دەوری پاک بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە نەگەنێت و ئامادەیی ئەوەی تێدا هەبێت کە خۆش بێتەوە. من لە تەنیایی و خەڵوەتی زۆر ڕاڤەی دەروونی و ناوەوەی خۆمم کرد، دەوری دەروونم وەک برین پاک کردەوە، ئەوەی کە دەرهات و خۆی ئاشکرا کرد، بوونەوەر یان یەکێکە کە دەیەوێت من بڕووخێنێت، دەیەوێت من کاری قیزەون بکەم، خۆم چکۆلە و سووک بکەم، دەیەوێت کە من شکۆ و شەوکەت و حورمەتی دەروونیم بشکێت.

لەو دێو و لەو دیوی من شەیتانێک هەیە.

ئێوە مەترسێن لەم قسانە، مەترسێن لەوەی کە ئەو جۆرە باسە نهێنیانەی خۆمتان بۆ دەکەم. من سوێندم خواردووە کە هیچی شاراوە لە دەروونم نەبێت. لەبەر ئەوەی کاتێک کە خوا بە دەروونی من ئەزانێت، ئیتر خەڵک کێیە کە بیزانێت یان نەیزانێت!؟. من کە ئەم قسە و باسە دەنووسم بۆ ئەوەیە کە نەوەکانی مرۆڤ بە تایبەت کەسانی لێکۆڵەر وەک دکتۆرەکان و ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت نهێنی و نەکراوەکان بزانن، لێی ئاگادار ببنەوە. دکتۆرێک بە منی وت: تۆ نەخۆشێکی زۆر

باشی، لەبەر ئەوەی کە نیشانەکان و ناڕەحەتیەکانی خۆت بە جوانی باس دەکەیت، خۆزگە نەخۆشەکان هەموویان وەک تۆ بایەن!.

قورئان نەکراوەی زۆری تێدایە، یەکێک لەو نەکراوانە باسی( قرین) لە ئەدەبی قورئانە. تا ئەو جێگەی کە من لەسەر قسە و باسەکانی زاناکانی دین بزانم، بە شێوەیەکی باش و ڕوون نازانن کە قەرین لە قورئان چ پێناسە و کارێکی ڕوونی هەیە؟. قورئان بە شێوەیەکی ئەدەبی باسی وشەی قەرین[28] دەکات. بۆ نموونە من و براکانم و کوڕەکانی خزممان دەچین بۆ سەیران و پاش ئەوەی کە هاتینەوە باسی دەکەم بۆ باوکم. باوکم ناوی هەموو کوڕەکانی خزممان دەزانێت. من بەس باسی چیرۆکی ئەو ڕۆژە لەگەڵ کوڕەکانی خزممان دەکەم. قورئانیش کاتێک کە وشەکان بە کار دەبات، جۆرێک باسی دەکات وەک ئەوە کە ئەو کەسەی کە بۆی باس دەکرێت، ناوەکان دەزانێت.

موسوڵمانەکان و مەلاکان و فەقێکان لەبەر ئەوەی کە ناوەکان نازانن، چیرۆک و پەیوەندی و شێوەی پەیوەندی ناوەکانیش بۆیان دەبێتە کێشە. کاتێک باوکم کوڕێکی ڕەفیقم ناناسێت کە لە هەولێر لەگەڵی ئاشنا بووم، ئەوە ئیتر دەبێت پێش ئەوەی کە باسی چیرۆکی ئەو کوڕەی بۆ بکەم، دەبێت پێناسەی ئەو کوڕە بکەم. قورئان پێناسەی ناوەکان و وشەکان ناکات. یەکێک لەو وشانە وشەی قەرینە لە ئەدەبی قورئان. قەرین بە یەکێکی تێکەڵ لەگەڵ مرۆڤ دەڵێن. ئیتر ئەوە دیار و ڕوون نیە کە ئەو کەسە جنۆکەیە، مرۆڤە، وشەکانە یان شتێکی تر؟.

ئەو جۆرە قسە و باسانە لەبەر ئەوەی کە بەڵگەی دەستی لەبەردەست نیە، لە نێو قسە و باسەکانی مەلا و زاناکان سڕاوەتەوە. وردە وردە باسی جنۆکەش لە ئەدەبی دەستەیەک لە ڕێبازە ئیسلامیەکان داپۆشراوە. لە کاتێک کە جنۆکە لە قورئان بە شێوەیەکی ڕوون ناو براوە.

---

[28] _ لە قورئانی پیرۆز هاتووە:
و قال قرینه هذا ما لدی عتید(ق ٢٣) قال قرینه ربنا ما اطغیته و لکن کان فی ضلال بعید(ق ٢٧) قال قائل منهم انی کان لی قرین(الصافات ٥١) ومن یعش عن ذکر الرحمن نقیض له شیطانا فهو له قرین(الزحرف٣٦)

ئەو یەکە یان کەسەی کە تێکەڵی من بووە و لە دەروونم دەسوورێتەوە، خواست و مەبەستی دیاری لە من هەیە. دەیەوێت کە ژن دۆست و دژە دین بم. ئەو یەکە یان کەسە هەردەم من بۆ تەنیایی دەبات. ئەو یەکە یان کەسە نایەوێت بخەوێت، حەزی لە تام و خۆشی هەیە. ئەو یەکە یان کەسە دژێکی دیار و ڕوونی کەسانی گەورە وەک شێخەکان و پیاوە بە ئەدەبەکانە!.

ئەمە وێنەیەکی سەرەتاییە بۆ ئەوەی کە کاری لێکۆڵینەوەی خۆم بکەم. ئەم وێنەیە دەتوانێت کە بەڵگە بۆ کەسانی وەک مەلا عەلی کەڵەک بێت. من نامەوێت کە ئەو نەیار و دوژمنە لە دەروونم دەرچێت. بەڵکو دەمەوێت کە لە ڕێگەی ئەو نەیارەوە تەشەنە بکەمە دونیا و دیوێک کە بە چاو نابینرێت!.

من کەسێکم کە زۆر ورد و تیژ و نەرم لەگەڵ وشەکان و وێنەکان کار دەکەم. من شەو و ڕۆژ لە نائارامی بەردەوام خەریکم. من سەبرم نیە. من هەڵچوون و داچوونێکی سەیر و گەورەم تێدایە. من ئاگرێک لە گیانمە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی من ئەوەیە کە زۆر لەسەر ناوەکان و وشەکان ورد دەبمەوە. ئەو تایبەتمەندیە هی خۆم نیە. یەکێک هەردەم هەوڵ دەدات(تەنیا هەوڵ دەدات) خەت و نیشان بۆ من بکێشێت. یەکێک هەردەم بە چاوی ڕەش و پیس و لێڵەوە سەیری دەوروبەر و دۆستان و ژیان دەکات. ئەو یەکە دەرهات و ئەنجامی پیس و پۆخڵ بە دڵ و دەستی منەوە دەدات. دڵپیس و نیگەرانم دەکات. ئەو یەکە لەبەر ئەوەی کە خۆی ورد و نەرم و لەسەر هەڵچوونە، بە پەلە و ڕق و کۆیەک هەستی فیرعەونی[29] من بۆ شتەکان دەبات. بیر و ژیرم دەگەڕێنێت و دەسوورێنێت.

ئەدەبی قورئانی بە شێوەیەکی ڕوون بۆ منی دەرنەخستووە کە ئایا هەر مرۆڤێک ئەو قەرینە یان تێکەڵەی هەیە یان تەنیا دەستەیەک لە مرۆڤەکان هەیانە؟ یان تەنیا بۆ نەخۆشەکانە؟. گوڵ بە پەڕی نەرمەوە، دڕکی تیژ لە ساقەکەیەوە دڕوێنێت. ئەمە نموونەیەکی سروشتیە کە هەر جوان و گوڵ و گەوهەرێک، دڕک و نەیار و دژێکی سروشتی بۆی دەچێت. بەو مانا کە هەموو کەسێک ئەو نەیارە

[29] _ هەستی فیرعەونی چیە؟ من لە ژیانم دەستە هەستێکم هەبووە وەک خۆویستی و خۆپەرەستی و هەموو شت بە قوربانیکردن بۆ خۆ، وە دژایەتی ئەوانەی کە لە من ژیرتر و وردتر و ئازاترن، وە ڕماندنی ئەوانەی کە لە من سەرەوەترن، وە خواستی زاڵ بوون بەسەر ئەوەکانی تر، وە گەڕانەوە و لێدانی ئەوانەی کە منیان ئازارداوە، کەسێک کە نە دۆست و هاوشانی دەوێت، نە دوژمن... وە کۆیەک هەستی تر کە لەسەر ڕق و کینە و دوژمنیەوە بۆ یەکتایی و زاڵیەتی دەچێت. من ئەو جۆرە هەستانەی خۆم بە هەستی فیرعەونی ناو دەبەم.

چالاک و لێدەر و دژەی نیە، بەڵکو دەستەیەک ناو وەک گوڵ و کەنیشکە جوانەکان، کوڕە ڕێک و پێکەکان، پەیامهێنەرکان، فەیلەسووفەکان وە دەستە ناوێکی تر دژی خۆیان بۆیان دەچێت.

سەری من بۆ سەرەوری و گەورەیی و شێخی و پیاوەتی دەچێت، بەڵام دژ و نەیار و ناحەزی ئەو سەرە، کەنیشکێکی بەرەڵا و هیچ و سووک و بێشەرمە کە دەیەوێت من و لەشی من بڕمێنێت.

شوێن و شێوەی ئەو نەیار و دژە دیار نیە. دەستەیەک لە زاناکان دەڵێن لە بەشی چەپی مرۆڤدایە. هەروەها دەڵێن لە هەندێک کات و سات لە لەش دەسووڕێت و دێتە سەر دەم و ڕوومەتی مرۆڤەوە.

کە منداڵ بووم و لەسەر سفرە دەستم بە خواردن کرد، باوکم یەکەم شتێک کە فێری منی کرد ئەوە بوو کە هەر کات ویستت بخۆیت بسم اللە بکە. وتم: بۆ؟ باوکم وتی: بۆ ئەوەی کە شەیتان لەگەڵت خواردن نەخوات!.

ئیتر هیچیان نەوت، منیش شەرمم دەکرد کە پرسیار بکەم ئەو شەیتانە لە کوێیە؟ خۆ لەسەر سفرە نیە، ئەی لە کوێیە!؟. منیش وەک پرسیار و سرنجەکانی ترم لەسەر ئامۆژگاریەکانی ئیسلام، هیچم نەوت و خامۆش بووم. ئەمزانی کە باوک و دایکی من خۆیشیان نازانن کە چی دەڵێن!.

کوڕێکی گەنج، دڵ و گونە. زەمینەی ئەوەی تێدایە کە بە هەست و سۆز چەک بە دەست بگرێت و ڕێڕەوی شێخ و گەورەیەکی شۆڕشگێڕ بێت. بە پێچەوانەشەوە دەتوانێت کە خزمەتی گونی بکات. گەنج لە دووانەیەکی پڕ لە گڕ و تینە.

لە ئەدەبی ئیسلامی خاڵێکی تریان کە باس کردووە ئەوەیە کە ئەو یار یان نەیارە دەروونیە، شێوەیەکی پێچەوانەی مرۆڤی هەیە. بۆ نموونە گەر ژن بێت، پیاوی بۆ دەچێت، وە ئەگەر پیاو بێت، ژنی بۆ دەچێت. من زۆر ژنم بینیوە کە حەزیان کردووە کە ببنە پیاو، وە زۆر پیاوم بینیوە حەزیان کردووە ببنە ژن. یەکێک لە پڕوپاگندەکانی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتی ئینگلیس، گۆڕینی نێر بۆ مێ و مێ بۆ نێرە. کەسانی زۆر ڕەگەزی خۆیان گۆڕیوە. ئێستە وردە وردە لە پرسیارەکانی فۆرمەکانی ناو دەزگاکان پرسیاری نێر و مێ بوونیان فرەتر کردووە، بۆ نموونە دەپرسن کە نێری یان مێ؟ لە کاتی لە دایک بوون مێ بووی یان نێر؟. بە

مەبەست دەیانەوێت کە شوێن و شێوە بدەن بەو گۆرانکاریانە کە لە کۆمەڵگەی ئینگلیسی دەکرێت.

هەرچۆن پێشتر باسم کرد کە هەڵوەشاندن و شکاندنەوە لە کارەکانی شەیاتنیە، لە کارەکانی تریان ئەوەیە کە بونیادی هەر ناو و وشەیەک بۆ پێچەوانەکەی بەرن. بە تەشەنە کردن لە لەشی مرۆڤ، حەز و خۆشی و چیژی ژن یان پیاو لە گیان دروست دەکەن. ژن حەز دەکات وەک پیاو بکەر بێت، وە پیاو حەز دەکات وەک ژن کراو بێت!.

لێرە بە پێ ئەم کۆمەڵە سرنج و تێبینی و لێکدانەوە و شیکاریە، دەتوانم بێژم کە من وەک گەنجێک کە دڵ و گون هەر کامەیان ئەو گەنجە بۆ خۆی دەبات، هەروەها پیاوێکی پیر و ژنێکی بەرەڵا دەیانەوێت کە سەرودڵی من داگیر بکەن. ئەو دوو بەشە وەک گون و دڵ کە لە لەشدایە، هەروەها تێکەڵی بونیادی من بوون و یەخە و بەرۆکی منیان گرتووە. دیو و دێوە دژەکان لە نزیکی یەکدی، تێکەڵ و قەرینی یەکدین.

## ترس و چێژ

لە درێژی ژیانم هەردەم و بەردەوام لەگەڵ ترسدەر و ترسێنەرێکی دەروونی شەڕم کردووە. یەکێک کە هەردەم لە دەوروبەری مرۆڤ دەسووڕێت و هەردەم دەیەوێت کە زاور و ورەی مرۆڤ بڕمێنێت و بتەقێنێت. یەکێک کە ترسراوە و ترسێنەرە.

لە دەورانی منداڵی یەکەم وشەیەک کە بۆ پەروەردەی منداڵ بەکار دەبرێت، وشەی ترساندن و کار کردن لەسەر ترسە. لە ئەدەبی دینی یەکەم وشەیەک کە لەسەر پەروەردەی مرۆڤ کار دەکات، ترساندنی مرۆڤە. من لە دەورانی منداڵی زۆر بە ئاگر و جنۆکە و بوونەوەری ناشیرین و ترسناک ترسێنراوم. زۆربەی منداڵەکان لە ڕێگەی دایکیان کە خۆشەویسترین کەسە بۆ ئەو منداڵە، بە ناشیرینترین و ترسناکترین بوونەوەرەکان ترسێنراون. مرۆڤ لەسەر ترس گەورە بووە.

لە دەورانی منداڵی منداڵ هەردەم لە یەکێک کە لە دەروونی دەیترسێنێت، ترسی هەیە. یەکێک دەپچێنێت بە دەروونیەوە. لە بیرمە کاتێک کە میزم دەکرد، لە دەروونمەوە پێم دەوترا کە یەکێکی ناشیرین لەپشتی سەری منەوەیە. یەکسەر بە

پەلە میزم دەکرد. جاربەجار پرشی میز لە جلەکانمی دەدا. ئەو قسەکەرە یان وەسوەسەکەر دەروونیە نەک لە ئاوایی و شار، بەڵکو لەهەر شوێنێک کە من تەنیا بایەم دەهاتە قسە و دروست کردنی وەسوەسە.

پاش ئەوەی کە ژیانی حوجرە و زانکۆم دەست پێ کرد، بە خۆمم وت بەشکە ئەو جۆرە وتە و قسە دەروونیانە هی دەورانی ئاوارەیی و لادێ و کۆمەڵگەی دیهاتی و دینی و کۆن بێت. بەڵام ئەو وەسوەسەگەرە دەروونیە لەهەر کات و لەهەر چیرۆک و ڕووداوێک بە شێوەیەک ویستوویە کە تێکدەری بکات. یەکێک واز ناهێنێت و هەرکات کە مرۆڤ تەنیا دەبێت، دەوری سەری دەگرێت و بە تەم و لێڵی و شێواوی و شپرزەیی، دەروونی لە هەست و ئەندیشەی ئاکاری (وەک ترس و قیز) پڕ دەکاتەوە. ئەو کەسە هەردەم خاوەنکاری دروست کردنی وێنەکان و خەیاڵەکان و جۆرەکانی داتاشینی وێنەکانە لە دەروونی مرۆڤ. لەگەڵ مرۆڤ گەمە دەکات، مرۆڤ هیلاک دەکات، مرۆڤ وەڕەس دەکات، مرۆڤ تێکەڵ دەکات. ئەم یەکە وەک ئەوەیە کە ڕایانسپاردبێت بۆ ئەوەی کە ئەو مرۆڤە تێکبدات.

ئەو کەسە یان یەکە هەردەم بە دوای چێژ وەرگرتن دەگەڕێت. هەردەم دەیەوێت کە چێژ وەرگرێت. لە درێژی گەڕانەکانم لە تاران و هەولێر و لەندەن، ئەو یەکە منی هانداوە کە لە تەنیایی چێژ لە خۆشیەکانی وەک ژن و مەشرووب و جگەرە و وێڵگەڕی و خۆشگوزەرانی وەربگرم.

ئەو کەسە یان یەکە هەردەم هەوڵی داوە کە نووسینەکانی من بکات بە شوێنێک بۆ داڕشتنی وێنەکانی چێژ و خۆشی، وەک شەراب و ژن و دەرمان و ڕابواردن و سەرخۆشی، وەک نووسینەکانی کامۆ و سادق. ئەو کەسە جاربەجار وەک با کە بنچکی وشک و زەرد هەڵدەگرێت، ئاوەها من هەڵدەگرێت و گەمەم پێدەکات. دەڵێت خوایەک نیە، کە من دەڵێم باشە نیە، ئەو کەسە دێتە قسە و ئێژێت، ئەی ناترسیت لە خوایەک کە لە هەموو شوێن هەیە!؟ من دەڵێم ئەی تۆ ناڵێت نیە!؟ دەڵێت هەیە و زۆر لێتەوە نزیکە! ڕوو لە خوا دەکەم و پەشیمان دەبم. لە ناکاوە بە بیانۆی ژنێک یان سەرخۆشی و ڕستەیەکی نیچە، یان شیعرێکی خەیامم بۆ دەهێنێت و لەسەر دڵ و دەروونم دەیەوێت دیسان گەمە بە دەروونم بکات. دیسان دەڵێت خوایەک نیە، ئەم بوونە پووچە و هیچی بەهاداری تێدا نیە، بۆیە خۆت هیلاک مەکە. دیسان سەر دڵ و دەروونی من دەگرێت، بە من دەڵێت وەرە ئیهانەی قورئان

بکە!. یەکسەر بە گژیدا دەچمەوە و دەست بۆ قورئان دەبەم و ماچی قورئان دەکەم. واز ناهێنێت، لە کاتێک کە قورئانم بە دەستم گرتووە و ماچی دەکەم، وێنەی ئەوە لەسەرم دروست دەکات کە من قورئان دەدەم بە دیواردا و لەتی دەکەم. هەر ئەمە وا دەکات کە من لە کاتی قورئان ماچ کردن، سفت و سەخت قورئانەکە بە دەست و سینگمەوە بگرم. هەردەم خەریکی شێواندن و شاخ شکاندن و شپرزە کردن و وەرەس کردن و قیزەون کردنی منە. دەیەوێت هەتا وزەم پێیە، ئەو وزەیە لە گەمە و گۆڕەپانی خۆی خەریک بکات و بیرێژێت. دەیەوێت نەک تەنیا گومڕاهی دروست بکات، بەڵکو دەیەوێت بیباتە قۆناغی دژایەتی ڕووبەڕوو، وە لەوەش سەرەوە دەیەوێت کە مرۆڤ بە خواست و مەبەست شتەکان قیزەون بکات. بە شێوەیەک کە ئیتر کات و هەست و هەناوی ئەوەم پێنەبێت لەگەڵ کۆمەڵگەی دەوروبەرم پەیوەندی بەردەوامم هەبێت.

من و هەوڵ و هۆڵەکانی من ناگات بە ئەنجام تا ئەو ڕۆژەی کە خوای مەزن بیەوێت کە بیکاتەوە و خواستی هەبێت کە زانستی ڕاستینی دەروون و ڕۆح بە مرۆڤ ببەخشێت. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: یسئلونک عن الروح قل الروح من امر ربی(الاسراء ٨٥). مرۆڤ هەر لە کۆنەوە دەیەوێت بزانێت ئەوەی کە دڵ و سینگ دەخاتە هەست و هەناسە چیە و چۆنە!؟. مرۆڤ نازانێت و نەزان و لە نەزانی دەروون و ئەوەی کە بیر ئەکات و هەست دروست ئەکات، ماوەتەوە.

نووسینەکانی من ناتوانێت ڕاستی دەرخات، بەڵکو دەتوانێت کە ببێتە هەوێن یان هۆی هەڵخزاندن و سەرەوەخستن و هێنانە گۆڕی وشەکان و ڕستەکان. کیتابی خوا و ئەم نووسینەی من دەیەوێت کە مرۆڤ و بیری مرۆڤ جووڵان و گەردان بکات. تا چاو نەکەیتەوە و یار و نیگای یار نەبینیت، عەشق و خۆشەویستی دروست نابێت. دەبێت ئەرکی کردنەوەی پلک و پەردەی چاو لە ئەستۆ بگرین.

## سنجاخ بۆ دەرهێنانی دڕک یان داو و داگیرکاری جنۆکە؟

دەشتی زەهاو ناوچەیەکی گەرمەسێر و گەرمیانە، زەردی و وشکی بەشێکی زۆرتر لە ساڵ بە خۆیەوە خەریک دەکات. لەگەڵ ئەو وشکی و زەردیە دڕک و داڵەکان لە دەرودەشت و زەوی و زارەکان بە زۆری دەبینرێت و زۆر کێشە و دەرد بۆ دەست و پێی خەڵک دروست دەکەن. زۆرجار گەڕاومەتەوە بۆ ئاوایی و لە داپیرم داوای

سنجاخم کردووە کە دڕکی پێم دەربهێنم. جاربەجاریش داپیرم و باپیرم کە چاوانیان کزتر بوو، داوایان لە من دەکرد کە بە سنجاخ دڕکی دەستیان دەربهێنم.

ژنەکانی کرماشانیم زۆر بە سنجاخەوە بینیوە، ئەم سنجاخە نەبووە پرسیار بۆ من کە بۆ لە پەڕی سوخمەکانیان دەیبەستن و پێیانەوە دیارە؟ لەبەر ئەوەی کە بۆ دڕک دەرهێنان و بەستنی شتەکان بەکار دەچوو. لە ڕاستیدا من تەوانی ئەوەم نەبوو کە ئەو پرسیارە دروست بکەم و زۆرتر سەروسرنجی لێ بدەم.

وریا بن کە ئەم باسەی سەرەوە دەبەستم بە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

## دیو و دێو

شتەکان دیو و دێوی هەیە، مەبەستم وەک ئەوە نیە کە کەسێک ئێژێت ئەو دیوی دیوارەکە یان ئەوێوی کەژەکە، کە نابینرێت. لە کوردی وشەی ئەمبەر و ئەوبەر هەیە، ئەمبەر و ئەوبەر بە کەسێک دەبینرێت، وەک ئەمبەر و ئەوبەری ڕووبارێک. بەڵام ئەمدیو و ئەودیو بە چاو نابینرێت. زۆر جار بۆ ئەوەی کە کەسێک ورد و وریا بکەین، ئێژین ئەودیوی شتەکان بخوێنەوە. ئەمدیو و ئەودێو، ئەمبەر و ئەوبەر، ئاماژە بە باسی دووانەی ناوەکان و وشەکانە. ناوەکان دیوی هەیە کە بەهەرکەس نابینرێت. زۆر نموونە هەیە کە ئەمدیو و ئەودیو پێکەوەیە و دیارە، وەک بزن و مەڕ. زۆرجاریش پێکەوە نیە و دیاریش نیە، وەک بزن و حوشتر. کەوایە هەر ناوێک دیو یان دێوی زۆری هەیە، باسی کتێبەکەی نوشیروان مستەفام کرد، (بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین) دیوی تری ئەو کتێبە دەبێتە ( بە دەم ڕێگاوە جاش کوشتن). من دیو و دێوم زۆرە، هەندێکی دەبینرێت و هەندێکی نابینرێت، بۆ نموونە جوانی و ناشیرینیەک لە ڕوومەتم هەیە، پاکی و پیسیەک لە دڵم هەیە، ترس و ورە لە زاور و ورگم هەیە.

بە داخەوا کورد و ئەدەبی کوردی هەردەم یەک دیوی بۆ دیارە و گرنگە، بۆ نموونە دیوەخان دیوێکە کە لە ماڵەکانی کوردی دیوێکی بەهادارە و شوێنی پیاوەکانە، لە کاتێک بەها و دەوری دیوی ژنەکان باس و سەر و سرنجی لەسەر نیە. لە ئاواییەکەی ئێمە دوو کانی ئاوی لێ نزیکە، ئەو کانیەی کە لەو دیوی ئاواییە و کەژێک بەری گرتووە، پێی ئێژن (ئەو دێوە). بە کار بردنی وشەی دیو و دێو لەئەدەبی کوردیدا بۆ یەک دوو شت بەکار دەبرێت، دیو و دێو بۆ ئەولاوە یان

ئەوبەر و پشتەوەی شتێک و شوێنێک دەڵێن، وەک ئەو دیوی لاپەڕەیەک یان ئەو دێوی کەژەکە. هەروەها وشەی دێو بۆ بوونەوەرێکی تر دەوترێت کە لە ئەدەبی دینیدا پێ دەڵێن جن. جن لە ئەدەبی کورددا بە جنۆکە و دێو دەڵێن.

باپیرم بەسەرهاتێکی بەسەر هاتبوو کە هەرگیز لێیم پرسیار نەکرد کە بۆ منی بگێڕێتەوە، لەبەر ئەوەی کە هەندێک قسە و باس یان ناو و تەویر هەیە کە نابێت بە زوبان لەسەری بچیت، لەبەر ئەوەی کە شتێکی تایبەت بە کەسێکە. بە قسەی مامم: باپیرم لەسەر کانیەکەی ئەو دیوی ئاوایی خەریکی دەستنوێژ بووە، لە ناکاوە دێو یان جنۆکەیەک لە لەشی مرۆڤێک هاتووە و وتوویە کە لەبەر ئەو تەزوێ کە بە دەستتەوەیە ناتکوژم. پاشان جنۆکەکە ون بووە و نەماوە.

سەرکانیەکەی ئەو دێوی ئاوایی بە شوێنی دێوەکان و جنۆکەکان دەناسن و کەم کەس لە تاریکی شەودا ئەیوێرا کە خۆی لێ بدات. شەوێک مامم و برا چکۆلەکەم بووە قسە و باسیان و مامم بە براکەمی دەوت کە تۆ ترسنۆکی و دڵت نیە و براکەمیش لەو قسەیە تووڕە و دەیەوت کە من ترسنۆک نیم. مامم وتی ئەگەر تۆ توانیت کە بە تەنیایی بەم شەوە بچیت بۆ سەر کانیەکەی ئەو دیوی ئاوایی، من پاداشێکی گەورەت پێ دەدەم. مامم بەو قسەیە دەیەویست کە براکەم ئەوەندەی تر بترسێنێت، لەبەر ئەوەی کە ئەیزانی براکەم ناوێرێت خۆی لە کانیەکەی ئەو دێوی ئاوایی بدات. سەرکانیەکەی ئەودیو ئاوایی لەشەودا شوێنێک بۆ جنۆکەکان دەناسرایەوە.

جنۆکە و دێو بە ناوێک بۆ ترساندنی منداڵەکان بەکار دەبرا و زۆرێک لە دایکەکان بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان بۆ کردن یان نەکردنی کارێک ناچار بکردبایەت، لە ترساندنی منداڵ کەڵکیان وەردەگرت و یەکێک لەو ناوانە کە بۆ منداڵەکان ترس و هەراسێکی گەورەی تێدا بوو، جنۆکە و دێو بوو.

## مێردزمە

بەسەرهاتێکی کۆنی خاڵم لە ئاوایی بووە یەکێک لە چیرۆکەکانی ناسراوی دەمی ژنەکان بۆ منداڵەکان، کە لە شەوان ژنەکان بیگێڕنەوە و منداڵەکان لە دەوری ژنەکان بە ترس و سرنجەوە خپ و کۆرپە بکەن و بیبیسن. دیارە قسە و باسی ژن و منداڵ و پرسیارەکانی منداڵ تام و خۆشیەکی تێدایە. من دوو خاڵم هەیە، خاڵە

گەورەکەم بە ناوی نادر، کەسێکی کاسب و بەتەوان و ورد و ژیر ناسراوە، هەر لە منداڵیەوە خەریک بە کار و کەسابەت و هات و چۆی ناوبازاڕ بووە. لە منداڵیدا خاڵم کوڕێکی ئازا و نەترس بووە و توانیوە کە بە قاچاخ بچێت بۆ باشووری کوردستان کە ئەو کاتە بە عێراق دەناسرا و سنوورێکی بەستراوی خەمۆش و تاریکی هەبوو. خاڵم بە کەژەکان و کێوەکاندا دەچوو بۆ عێراق و لە شارەکانی ئەوێ سابون و خەنە و چا و پێداویستیەکانی تری خەڵکی بە قاچاخی هێناوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەفەرەکانی لەگەڵ خەڵکی تردا کە هەر هەموویان پیاوی گەورە بوون، چووە و بە تەنیا نەچووە. باسی شەوێکی خۆی بۆ من کرد کە سوتفە ئەو شەوە لێی تێکچوو بوو و وایزانی بوو کە پیاوەکان بەرێ کەوتوون و ئەو بەجێماوەتەوە. خاڵم وتی بەپەلە خۆم پێچایەوە و خۆم لە ڕێدا و هەرچی دەچووم نەدەگەیشتم، تاریکی شەویش لە جیاتی ئەوە کە بچێت و ڕۆژ بێتەوە، فرە زۆرتر بنی قووڵ دەبوو. جاربەجار هەستم دەکرد کە من زوو هاتووم و هێشتا شەوە و من لێم تێکچووە.

پاش ئەوەی کە خاڵم دەگاتە سەرقزڵ[30] و لەو شەوەدا دەدات لە دەرگی ماڵی ناسیاوێک، ئەزانیت کە کات و شەوی بە تەواوی لێ تێک چووە و بە تەنیا و بەپەلە هاتووە. پیاوی ماڵی ناسیاو کە دەرگە دەکاتەوە، خاڵم تەنیا و ڕەنگ پەڕیو دەبینێت، بە پەلە ئاوی بۆ دەهێنێت و ئارامی دەکاتەوە و سەیری لێ دێت کە لەو شەوە بۆ بە زوویی و لە تاریکی و تەنیایی هاتووە بۆ عێراق!؟.

خاڵم لە پاش گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە تەزوێکەی دەستی دانا و چایەکی خوارد، ئێمەش سەیریمان دەکرد، چایەکەی دانا و وتی: ئەمە جارێ باسی هیچم نەکردووە!.

خاڵم لە چیرۆکێکی تر ئەو شەوەی پەیوەند بە شەوێکی تری خۆیدا کە لە ڕێی سەرقزڵەوە هاتووەتەوە بۆ ئێران و لە ڕێدا تووشی ڕووداێکی زۆر سەیر و گەورە بووە. گێڕایەوە بۆمان و وتی: ئەو شەوە سندوقێک چام بە قاچاخ بۆ ئێران دەهێنایەوە، تەنیا بووم و نەدەترسام. سوتفە لە ڕێمدا مێردزمەیەک لە پێشم خۆی لە وێنەی هەڵۆیەک دەرخست. هەرچی بەڕێدا دەچووم ئەویش وازی نەدەهێنا و دەچووە قاڵبی ئاژەڵی ترەوە، خۆی گۆڕی و بووە بایەقوشێک، پاشان بووە بزنێک و

---

[30] _ سەرقزڵ ناوی ئاواییەکی سەربە باشووری کوردستان، نزیک بە کەلار و خانەقینە.

دەیقاڕاند بۆ ئەوەی کە من نزیکی ببمەوە. ترس و هەراس منی گرتبوو و بەو سندوقە چاپییەوە نەمدەتوانی کە هەڵبێم و هەڕا بکەم.

خاڵم ئەو چیرۆکەی بە تام و چامی زۆر بۆ ئێمە دەگێڕایەوە، ئێمەش سەرمان لەسەر مل دانابوو و دەممان کراوەبوو و بەس چاومان دەپرتاند، وتی: چووە قاڵبی کەرێک و دەیزەڕاند و دڵی من بەوەدا دەچوو کە بڕۆم سندوقەکە باری ئەو بکەم. ئەمزانی کە مێردزمەیە و بۆی هەیە کە بمکوژێت، خۆم لێ دوور دەگرت و ڕووم تێ نەدەکرد.

خاڵم وتی: مێردزمە گەر سواری بیت، دەتبات و لە کەنێک فڕێت دەداتەوە خوارەوە، ئەوەی دەوێت کە باوەڕ بە قاڵبی بکەیت.

خاڵم وتی: هەتا گەیشتم بە ئاوایی ئەو ڕێگە و ئەو شەوە لێم بووە ناخۆشترین شەو و ڕێگەی ژیانم. خوا بەزەیی بە مندا هات، ئەگەرنە ئەو مێردزمە منی دەکوشت و کەسیش نەدەهاتە هاوارمەوە.

مێردزمە چیە!؟.

مێردزمە ناوی بوونەوەرێکە کە ترسناکە و جۆرێکی شەیتان و جنۆکەیە کە دەتوانێت کێشە و گرفت بۆ مرۆڤ دروست بکات. شەیاتین و جنۆکە لە تەنیایی بۆ مرۆڤ دەرۆن. ئەو ناوەم بەس لە ناوچەکەی ئێمەدا بیستوومە و لە سەفەرەکانم بۆ شارەکانی کوردستان ناوی مێردزمەم لێیان نەبیستووە. لە ئەدەبی فارسی باسی ناوێکیان هاوشێوەی ئەو وشەیە کردووە (مردآزما) وەرگێڕانی ئەو وشەیە دەبێتە (تاقی کەرەوەی پیاو). وشەی مێرد لە ئەدەبی کوردی سۆرانی بە پیاوێک ئێژن کە ژنی هێنا بێت. لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وشەی مەرد، وەک (مرد) لە زمانی فارسی بە کار دەچێت، بە پیاو ئێژن. بە قسەی فارسەکان (مردآزما) بە جۆرێکی جنۆکە دەڵێن کە تایبەت پیاوەتی پیاو تاقی دەکاتەوە، لە مەترسی دەخات بۆ ئەوەی کە پیاوەتی بڕووخێنێت یان بیگرێتەوە.

## شەوە یان شبح

جگە لەوەی کە خاڵم باسی مێردزمەی بۆ ئێمە باس کردبوو، دایکم زۆر باسی وشەی شەوەی دەکرد. بۆ نموونە دایکم دەیەوت کە شەوە لێیداوە یان شەوە گرتوویە! من

نەمدەزانی کە مەبەستی چیە!؟. هەندێک جار مرۆڤ لە خەودا دەکەوێتە حاڵەتێکەوە کە دەڵێت لە خەو نیە و بە ڕوونی ڕوودەدات و مرۆڤ خۆی شایەت و بینەریەتی. زۆرجار لە خەو بووم و هەستم بەوە کردووە کە دەمەوێت بخنکێم، یان گیانم دەیەویست کە دەربچێت، یان دەست و دەم و دەروونم دەگیرا. لەو کاتانە لە ترس و هەراسی مەرگ و خنکان و گیرانی لەش دەمەویست کە هات و هاوار بکەم، بەڵام نەمدەتوانی، لەو کاتە مرۆڤ شایەتی ئەوەیە کە دەمرێت و گیانی دەردەچێت، ترس و هەراس گیان دەگرێت، هیچیش بە خودی مرۆڤ ناکرێت، وەک ئەوە کە بەستراوەتەوە و یەکێک بەسەرت زاڵە. بۆ چەند چرکە ئەو حاڵەتە منی دەگرت و یەکسەر بە بێداری و کردنەوەی چاوم ئەو حاڵەتەم لەسەر دەردەچوو. نیوەڕوانێک لە ماڵی خاڵم بووم و ئەو حاڵەتەم بەسەر هات، لە خەودا هاوارێکم کرد و هەڵسام، سەیری دەوروبەری خۆم کرد بۆ ئەوەی بزانم بە ڕاستی هاوارم کردووە یان نە!؟. پاش ئەوەی کە ئەو حاڵەتەم لەسەر دەردەچوو، ئیتر خەو منی نەدەبردەوە. ئەو جۆرە حاڵەتانە زۆر ترسناک و مەترسیدارە!.

لە ڕاستیدا هەردەم ئەوەم وەک شتێک نزیک لە خەون لێکدەدایەوە، نە خەون و نە ڕاستی. هەردەم بۆ من پرسیار بوو کە ئەو جۆرە حاڵەتانە بۆ لە لەشی من ڕوو دەدات؟.

دایکم هەرگیز باسی ئەوەی نەکرد مەبەستی لە شەوە چیە و بە چی ئێژن شەوە؟. وشەی شەوە لە شەو هاتووە، شتێک یان ڕووداوێک یان بوونێک لە شەوەوە ناوی گیراوەتەوە. ئەمە بنەما و سەرەتای لێکۆڵینەوەی من سەبارەت بەم وشە بوو. من هەردەم کە دەمەوێت بە دوای وشەیەک بکەوم و لەسەری بڕۆم و ڕەگ و ڕیشەی لێک بدەمەوە، ئەوەم لە بیرە کە نابێت هەر وشەیەک لە دایکم بە خۆش خەیاڵی وەربگرم، لەبەر ئەوەی کە دایکم سەرچاوەی شکاندن و شەل و کوت و کوێر کردنی وشەکان بووە!.

بۆ ئەوەی کە بزانم شەوە چیە؟ دەبوو کە بزانم ئەم وشەیە لە زمانەکانی تر هەیە یان نە؟ ئەدەبی فارسی وشەیەکی هەیە (بختک) کە ڕێک هاوشانی وشەی شەوەیە. فارسەکان وێنە و مانای ڕوونتریان سەبارەت بە شەوە هەیە. وێنەی گیانلەبەرێک کە لەسەر جێگەی خەو خۆی دەدات بەسەر سینگی مرۆڤدا و دەیەوێت کە بیخنکێنێت و بیکوژێت.

زمانی فارسی لەبەر ئەوەی کە سەرچاوەی وەرگێڕان و هاورد و بردی وشەکانیان زۆرە، وشەی (شبح) ی لە زمانی عەرەبی بە من ناساند. مەبەستم ئەوەیە کە لە وەرگێڕانەکانیان سەبارەت بە (بختک) وشەی (شبح) لە زمانی عەرەبی باس دەکەن، بۆ ئەوەی کە باشتر بیکەنەوە. لە زمانی عەرەبی وشەی هاوشانی شەوە یان (بختک) وشەی شەبەحە. مانا و ناوێکی تایبەت بە (شبح) لە زمانی عەرەبی نیە، هەروەک زمانی کوردی و فارسی وێنە و خەیاڵێکی هاوشێوەیان سەبارەت بە شەوە هەیە. ئەدەبی عەرەبی و فارسی و کوردی شەوە یان (بختک) یان (شبح) بە بوونەوەرێکی زیندوو وەک جنۆکە و دێو دەناسێنن و پێیان وایە کە تەوانی گرتن و داگیرکاری دەروون و بیرونی لەشی مرۆڤی هەیە.

لە ئەدەبی زانستی پزیشکی مرۆڤی، شەوە یان بەختەک یان شەبەح بە حاڵەتێکی پەیوەند بە دەمارەکانی لەش و مێشک دەناسێتەوە. پێی ئێژن فەلەج یان شەلەلی خەو. ئەدەبی پزیشکی مرۆڤی بە تەواوی دژی ئەو وێنە و خەیاڵانە دەچێت کە هۆکاری شەوە یان بەختەک یان گیانلەبەرێکی دەرەوەی لەشی مرۆڤ بێت، بەڵکو پەیوەندی دەدا بە ترس و دڵەڕاوکێ و کەمخەوی و چەند هۆیەکی ترەوە.

بە پێچەوانەی ئەدەبی پزیشکی مرۆڤی، ئەدەبی دینی زۆر بە وردی مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە کە ئیبلیس و شەیتان دوژمنی دیار و چالاکی مرۆڤن و لەهەر کات و سات بۆیان بکرێت، پەلاماری مرۆڤ دەدەن. بۆ نموونە لە ئەدەبی دینی باسی ئەوە دەکات کە شەیاتین بە تایبەت جنۆکەکان لە دوو شوێن خۆیان زۆر لە مرۆڤ نزیک دەکەنەوە و دەرفەتی هێرش و هەڕەشەیان هەیە، یەکەم شوێنی خەو و دووهەم حەمامە. هەربۆیە گەورەکانی دین دۆعا و زکریان دانیاوە بۆ ئەوەی کاتێک کە دەتانەوێت بخەون یان خۆتان بشۆرن، دۆعا بکەن و بە دەستنوێژ بخەون و ئایەت ئەلکورسی بخوێنن. ئەم شێوەی ژیان کردنە کە ئیسلام دایڕشتووە ئاماژە بەوەیە کە مرۆڤ و موسوڵمان بە تایبەتی لە ژێر هەڕەشەیە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت هەر کات ویستتان قورئان بخوێنن پەنا بە خوا بەرن لە شەیتان. بە شێوەیەک کە خوای گەورە دەیەوێت بگەیەنێت کە قورئان پەناگایەکە.

لێرە باش وایە گرنگی بەوە بدەین کە بۆ شوێنی خەو شوێنی هەڕەشەیە!؟ پێشتر باسی منداڵی خۆم و خەون و خەیاڵەکانی خۆم لەسەر جێگەی خەوم کرد. شوێنی

خەو شوێنی ئارامش و هەسانەوەی مرۆڤە. لەو شوێنە خەیاڵ و خەون بەسەرەوە دەچێتە نێو خەودا. لە شوێنی خەو مرۆڤ لەشی شل دەکات، کە لەش شل بوو، زەمینەی چوونە ناوەوە و داگیرکاری بوونی هەیە.

چووار ژنی وەک دایکی من وشە شکاوەکانیان هێناوەتە نێو ئەدەبی کوردیەوە و داویانە بە نەوەکانی خۆیان. شکاندنەوەی وشەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دایک و باوکانە کەسانێک نەبوون کە ڕەگ و ڕیشەی وشەکان و ماناکان بپارێزن و بە پەرۆش و پەرژینەوە وشەکان خزمەت بکەن و بیدەن بە دەست و دەمی نەوەکانی خۆیانەوە. وشەی شەوە دەتوانێت کە ببێتە شەوەح و شەبەح. هەروەک تەزوێ کە لە ڕیشەوە لە تسبیح هاتووە، بەڵام لە دەم و دەستی خەڵک بووە بە تەزوێ. تەزوێ، تەزبیح، تەسبیح.

## خەو و خانوو

بە کۆ خەوتن لە ناو کورد شتێکی دیار و ڕوونە. خێزانەکانی کورد هەموویان بە کۆ لە ژوورێک یان دوو ژوور بە دەستەیەک یان دوو دەستە دەخەوتن و ئێستەش ئەو نزیکی و پێکەوە خەوتنە کەم تا کوت هەر هەیە. بۆ من پرسیار و سەیرلێهاتن بوو کە بۆ کەسەکانی ناوماڵێک ئەوەندە لەیەکدی نزیک دەخەون!؟. وەڵامەکانی من وەک وەڵامەکانی تری خەڵک بوو. هۆکەیم دەگەڕاندەوە بۆ ئەوە کە خێزانی کوردی لەبەر ئاوارەیی و ڕەو ڕەو و هەژاری و نەداری و کۆچ کردن، ناچار بوون کە بۆ پاراستن و ئارامش پێکەوە بخەون. ئەمە وەڵامێکی کورت و پوختی من بوو.

لە فەرهەنگ و ئادابی ژیانی کوردی کاتێک کە دایک منداڵی دەبێت، هەردەم دەست و چاوی لەسەر منداڵەکەیە. کاتێک کە گەورە دەبێت، ئەو منداڵە لە دایکی دوور نابێتەوە. من لە بیرمە کە من و براکانم هەردەم پێکەوە جێگەی خەومان بۆ دادەخرا. کاتێکیش دەچووم بۆ ماڵی باپیرم هەردەم منیان لە نێوان خۆیان دەخست، یان داپیرم و پوورم منیان لە نێوان خۆیان دەخەواند.

زۆر جار کاتی خەوتن و خۆ ئامادە کردن بۆ خەو سەیری داپیرم و مامم و میمکم دەکرد، هەموو شەوێک پێش خەویان ئایەت ئەلکورسیان دەخوێند و پوویەکیان بە دەست و سینگی خۆیان دەکرد!؟. پوو کردنی مامم بۆ من پرسیار و سرنجی دروست کرد. پوو چ دەورێکی لەگەڵ وتنی وشەکان هەیە!؟.

کاتێک کە من یەکەمجار چوومە دەشتی و زەهاو و سەیری خانووەکان و شێوەی دروست کردنی خانووەکانم کرد، ژوورەکان زۆر نەبووە و لە کۆنیش خێزانەکان پێکەوە دەخەوتن. پرسیار و گلەییم لە باوک و باپیرم دەکرد کە بۆچی خانووی گەورەتان دروست نەکردووە؟. بۆچی حەمام و ئاودەست هەردەم لە خانووی خەوتنەوە دوور دەکرا؟ بۆ لە بیناسازی نوێ ئاودەست و حەمام لە ژوورەکانی خەوتن نزیک دەبێتەوە!؟.

کاتێک کە لە ئاوایی بووم، شتێک کە هەردەم منی دەترساند و خۆم لێیەوە دەپاراست، سەگەکانی ناو و دەوروبەری ئاودەستەکان بوو. زۆر جار دەچوومە ئاودەستی خەڵکەوە سەیرم دەکرد سەگی تێدایە!؟ بۆ من پرسیار بوو کە سەگ بۆچی ئەوەندە حەزی لە ئاودەستە!؟.

تەشت و جامی حەمام بووە پرسیار و مانەوەیەکی تر. یەکەمجار ئاوەهام داناوبوو کە لەبەر ئەوەی کەرەستەکانی خۆشۆردنی نوێ نەبووە، ناچار بوون کە کەڵک لە تەشت و جام وەربگرن. پاش ماوەیەک ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە بەکار بردنی جام بۆ ئەوە بووە کە ئاوی گەرم بەس بە لەشی ئەو کەسە بکەوێت کە خۆی دەشۆرێت. ژنەکانم زۆر دەبینی کە منداڵەکانیان دەشۆرد، ئەو ژنانە منداڵەکانیان لە تەشت دەنا، وە بە ئەسپایی بسم اللە یان دەکرد و ئاویان بە لەشی منداڵە دەکرد. هەستم بەوە کرد کە ترسێک هەردەم لە ئاوی گەرم و جام و تەشت و حەمام نزیکە، بەڵام کەس نەبوو کە ئەو پرسەی من کە باسی ترسێکە شی بکاتەوە!.

بەڵام بە پێچەوانەی خانووسازی و ئەدەب و فەرهەنگی ئێمە لە کۆندا، لە بونیادسازی و خانووسازی ڕۆژئاوا و لە بونیادەکانی نوێی ڕۆژهەڵات بە تایبەت کرماشان و کوردستان ئەو شێوە و ئەدەبە نەماوە، ئێستە منداڵ ژووری تایبەتی خۆی هەیە و هەرکەس ژوورێکی بۆ دابین دەکرێت. ئێستە باس و بابەتی تاکگەرایی و تاکخوازی و تاکانە ژیان کردن و ئەو جۆرە قسانە دەکرێت. ژوورەکانیان زۆر کردووە و ئاودەست و حەمامیان لە ژوورەکانی خەوتن نزیک کردووەتەوە. ئێستە نەوەکان و خەڵک حەزیان لێیە کە بە تەنیا سەفەر بکەن و تاکانە گەشت و گوزاری دونیا بکەن.

لە درێژی ژیانم جارەها تووشی شەوە یان بە عەرەبی (شبح) یان بە فارسی (بختک) بووم. سرنجم لەوە داوە کە ئەو کاتانەی کە من بە تەنیا دەخەوتم و کەسم

لەگەڵ نەبووە، من تووشی شەوە دەبووم. جنۆکە و مرۆڤ کاتێک کە بیانەوێت پەلاماری کەسێک بدەن، لە کاتی تەنیایی بۆی دەچن.

یەکێکی تر لەو شتانەی کە کردوومە و دەوروبەر پێی ناخۆش بووە، فیکەکێشان بووە. زۆرجار منداڵان بە دەم و دەستیان دەنگ و فیکە دروست دەکەن. جۆرە فیکەیەک هەیە کە دوو لێوە خڕ دەکەیت و هەناسە دەدرێتە دەرەوە، ئنجا دەنگێک دروست دەبێت وەک دەنگی با. زۆرجار ئەم فیکەیەم کردووە و کەسانی دەوروبەرم پێیان ناخۆش بووە، لە بیرمە کە بە منیان دەوت: ئەو دەنگە لە شەو دەرمەکە، یان بە تووڕەیی و نابەدڵی وتوویانە: دەتەوێت کە دێو بە کوندا بکەیت!؟. دێو بە کوندا کردن بۆخۆی قسە و باسی زۆری لەسەرە.

تەشت و جام و بسم اللە ی ژنەکان و ئایەت ئەلکورسی خوێندنی مامم و پوو کردن بە سەر و دەست و سینگیدا، فیکەی شەو، لەگەڵ شەوە و بە کۆ خەوتن و پێچاندنی منداڵێک کە تازە لە دایک بووە دەتوانێت کە قسە و باسی زۆری تێدا بێت، بەڵام باوک و باپیرانی من و زۆرێک لە باوکانی کورد لیاقەت و شارەزایی و تەوان و ژیر و دەست و بردی ئەوەیان نەبوو کە وشەکان و چیرۆکەکان و ڕەسەنایەتی باس و قسەکانی ئەدەبی ژیان بۆ نەوەکان ڕابگرن و بیانپارێزن و بە پەرۆش و پەرژینەوە بیناسێنن و بیبەخشن. نەیانتوانی کە وشەکان و وێنەکان و شێوەکانی ژیان تۆمار بکەن.

سنجاخ کە لە سوخمەی ژنەکانی کورد دەبینرێت بۆ گرتنی جنۆکە بووە نەک بۆ دەرهێنانی دڕک و داڵەکان. جنۆکە کێشە و گرفتێکی لەگەڵ ئاسن هەیە، خوای مەزن هەرکات لە ئاسمان هێرش دەکاتە سەر جنۆکەکان، بە شیهابی ئاسنی لێیان دەدات. لە سەردەمی پەیامهێنەری گەورە سولەیمان، جنۆکەکان لەبەر دەستی ئەو کاریان کردووە و بەردەستی سولەیمان بوون، کاری ئەوانە لە کانگەی ئاسن بووە. ئەو کار کردنە بە خواستی لە دڵەوەی خۆیان نەبوو، بەڵکو بە خواستی خوای گەورە بوو. بۆیە جنۆکەکان پاش مەرگی سولەیمان کێشەیان بۆ دروست کرد و ویستان بەدناو و سووکی بکەن.

ئنجا پرسیار ئەوەیە کە بۆ ژنەکان سنجاخ بە سوخمەوە دەبەستن، ئایا لەوەیە کە جنۆکە لێیان نزیک نەبێتەوە یان ئەوە کە جنۆکە بگرن و خواستەکانی ئەوان جێبەجی بکات!؟.

سنجاخی ژنەکانی کورد نیشانە و هێمای ئەوەیە کە ژنەکان و جنەکان نزیکی و پەیوەندیەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە کە بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی کوردستان و زانکۆکانی جیهان لێیەوە خافڵ و خەڵەفاون. ژنەکان لە ناوەندی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەدان، گەورەترین سەرچاوەی دروست کردنی کێشەکان جنەکان و ژنەکانن. لەبەر ئەوەی کە لەشی ژن وەک لەشی پیاو نیە کە بەستراو بێت، بەڵکو لەشی ژن وەک ژینگەیەکە کە بوونەکانی تر دەتوانن بە ئاسانی تەشەنەی تێدا بکەن.

هەر هەمووی ئەو بەسەرهات و ڕستانەی سەرەوە لە دەستێک بگرە بۆ ئەوەی کە ئەم باسەی خوارەوەی پێوە بونیاد بنێین:

سوخمە و سنجاخ، ژنەکان و جنەکان، گێڕانەوەی چیرۆکی جنۆکە لە شەودا، جنۆکە و تاریکی، ئاوایی و دێوەکان، دیو و دێو، دین و مرۆڤ و جن، ژنەکان و جنەکان و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و زانستی کۆمەڵناسی، سیحر و جن و ژن و کۆمەڵگا، منداڵ و جن و ترساندن، جن و ترس، جن و ئاسن، جن و تەشەنەی نەرم و نهێنی، جن و چۆلەوانی و تەنیایی، جن و ژن و ژینگە، ژن و جن و شێخەکان، ئەم ناوانە کە لە تەنیشتی یەکدی دەنێت قسە و باسی زۆر فراوان دەخەنەوە و مرۆڤ دەبەنە نێو دونیایەک و دیوێکی ترەوە کە تەواو دوور و نامۆ و بێگانەیە لە دونیایەک کە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری و زانکۆی سەلاحەدین بۆ فەقێ و قوتابیەکان دروستیان کردووە.

حوجرەی ئیقباڵی لاهوری کە وەک کان و سەرچاوەیەک بۆ ناساندنی ئیسلام بوو، ژینگەیەکیان دروست کردبوو کە باسی جن وەک بوونێکی بە تەوان بۆ دروست کردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵی خەڵک باس نەدەکرا و نەدەزانرا. مامۆستاکان بەو بابەت و وانانە کە بۆ ئێمەیان دەوتەوە، ژینگەیەکیان دروست نەدەکرد کە ناوەکان بە ڕاستی و دروستی بناسین و بزانین.

ناوەندەکانی فێرکردنی ئیسلام دەبێت کە ناوەکان و چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان وەک نموونەی شەوانی ژن و منداڵ و چۆنەیتی گێڕانەوەی چیرۆک لە یەکدی نزیک بکەنەوە. باسەکانی ئاوایی ئێمە هەر لە سنجاخی ژنەکان بگرە تا بگاتە ناوی مێردزمە و شەوە، هاوکاری ئەوە دەکەن کە ژنەکان و خێزانەکان و منداڵەکان لەسەر ئەدەبێک و هەست و ترسێک گەورە ببن. لە کاتێک کە حوجرەی ئیقباڵی

لاهوری سەر و دەمیان بەدەستەیەک لە ناوەکان خەریک بوو کە نەیدەتوانی ژینگەیەکی پەروەردەیی بۆ نەوەکان و فەقێکان دروست بکات. فەقێکان خەریک بە قوتابخانەی فارسی بوون و دەستەیەکی تر لە فەقێکان خەریک بە ئەزموونی ئیلاهیات و مەدارکی دینی لە تاران بوون. جۆرە کەش و هەوایەکیان دروست کردبوو کە تەوانی ئەوەی نەبوو ناوەکان و بابەتەکان و بەسەرهاتەکان بۆ فەقێکان بڕازێنێتەوە.

زانکۆی سەڵاحەدین دەستەیەک بابەتی تێدا دەوترایەوە کە بە تەواوی دوور و جیاواز بوو. باسی مرۆڤ و کۆمەلگە و کێشەکانی کۆمەڵگە و بابەتەکانی پەروەردە و بەسەرهاتەکان و چیرۆکەکان بە تەواوی تایبەت بە ئەدەبی و پەروەردەی مرۆڤیەوەیە. زانکۆ زەمینەی ئەوەی خۆش دەکرد کە مرۆڤ بوونێک بە ناوی جن و ناوەکانی تر کە نابینرێن بە ناوی ناڕاست و درۆ و بێ بونیاد و لادێیی و دینی بناسرێن. من ئەوە بە ئێوە دەڵێم کە شەیتان و شەیتانەکان زەمینەی ئەوە خۆش دەکەن کە مرۆڤەکان بڵێن نین و بوونیان نیە، بۆ ئەوەی کە ئەوان لە ئەوپەڕی ئاسایش کاری خۆیان بکەن و دەستی خۆیان بوەشێنن. هەروەها شەیتانەکان و جنەکان و ئەو ناوانەی کە دژی مرۆڤ کار دەکەن، بۆ ئەوەی کە سەرکەوتوو بن، خۆیان بێ ناونیشان دەکەن و ڕێ و شوێنی خۆیان دەشارنەوە.

ئەدەبەکان و پەروەردەکان باسی ئەو ناو و بابەتانە دەکەن کە باوەڕیان پێی هەیە و بە گرنگی دەزانن. هەر ئەدبێک گەشە بە دەستەیەک لە ناوەکان دەدات و باسیان دەکات و لە جیهاندا بە گرنگ و بەهاداریان دەناسێت. بۆیە من خۆم و دەم و دەستم لە ئەدەبی زانستە مرۆڤیەکان خاوێن و دوور و دوژمن دەناسم و بە سەرچاوەیەک دەیانناسم کە مرۆڤ و زەوی نشینەکان لە ڕاستی و پاکی دوور دەکەنەوە. ناوی خوای مەزن و ئەدەب و ئەو ناوانەی کە خوای مەزن لە کتێبی پیرۆزیدا ئاماژەیان پێ دەکات و بە گرنگیان دەناسێتەوە، بە باس و بابەتی ڕاست و دروست دەزانم و بانگەشە بۆ ئەو باسانە دەکەم کە ئیسلام لەسەریان قسە دەکات و ئەوەکانی تر هەر هەموویان زەمینەی ئەوە خۆش دەکەن کە ڕاستیەکان و دروستیەکان بشارنەوە و لێی دوور و دوژمن بمێننەوە.

هەر ئەدەبێک بۆ خۆی باس و ناو و خاوەنی خۆی هەیە، خەڵک ئێستە نازانێت کە بۆ ژنەکان سنجاخ بە سوخمەکانیانەوە دەکەن!؟ ئەوەندە سەریان لێ شێواوە و

ماندوو و هیلاک بوون، پێیان وایە کە لەبەر دڕک و داڵ بە خۆیانەوە هەڵیدەواسن، یان بۆ ئەوەی کە سوخمەکانیان بەیەکەوە ببەستن، یان بۆ ئەوەی کە دۆعاکان و نووسراوەکان بە سوخمەکانیانەوە ببەستنەوە. خاوەندارانی بنەماڵە و خێزانەکانی کورد، دەستە ناو و کەسانێکیان بەسەردا زاڵ بووە کە بانگەشە بۆ ئەدەبی کۆمەڵناسی و تاواننناسی و خەڵکناسی و مرۆڤناسی و ئابووری و زانستە مرۆڤیەکانی تر دەکەن. دەستە ناوێک بەسەر نەوەکانی کورد زاڵ بوون کە بە تەواوی دەیانەوێت کە بەسەرهات و چیرۆکی تر بۆ نەوەکان بگێڕنەوە، باسی ڕۆژئاوا دەکەن کە چۆن بەسەر دیندا زاڵ بوون و دینیان بە زۆر خستە نێو دڵی مرۆڤەوە و بە دڵەوە بەستیانەوە. سیاسیەکان کە خۆیان زانکۆکانیان دامەزراندووە، دۆستی ئیسلامیەکان دەکەن و ناچاریان دەکەن کە ئەوانیش باسی ئەو بەسەرهات و چیرۆک و ناوانە بکەن کە زانکۆکان و ناوەندەکانی سیاسیەکان باوەڕیان پێی هەیە. هەر بۆیە ئیسلامیەکانیش باسی ئەرەستۆ و سوقرات دەکەن و دەڵێن ئەو زانا بەڕێزە ئاوەهای وتووە و ئاوەهای نەوتووە! ئەو ئیسلامیانە بەشداری لە گێڕانەوەیەک دەکەن کە وەردە وردە نەوەکانی کورد تێکەڵی ئەدەب و چیرۆکی دوژمنانی کۆنی ئیسلام دەکات. هەندێک لەو نەزانانە لە دڵەوە خەمیان هەیە و پێیان وایە کە ئەو ئەدەب و گێڕانەوەی کە ئەوانە باسی لێوە دەکەن ڕاستە و بە فرمێسکی چاویانەوە چیرۆکەکان دەگێڕنەوە، لە کاتێک کە ئەوانە لە گۆمێک ئاو مەلێ دەکەن، هەر هەمووی چڵک و دەرد و نەخۆشیە. ئەو ئەدەبەی کە ئەوان باسی دەکەن، وردە وردە سوخمە و سنجاخ لەبەر و بەرۆکی ژنەکانی کورد دەکەنێت.

## زێڕ لە ملی ژن و دەستی دزدا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

لە باسی سوخمە و سنجاخ باسی بەسەرهاتی خاڵم کرد کە لە شەوی تاریک تووشی بوونەوەرێک دەبێت و ئەو بەسەرهاتە تەوانی ئەوەی هەبوو کە ناوی مێردزمە لە ئەدەبی ئەو خەڵک بەردەوام زیندوو ڕابگرێت.

بە ناوی خوای مەزن دەچم بۆ ئەو شەوە کە خاڵم ئەو بەسەرهاتەی بەسەرهات و کردیە چیرۆکێک کە بەسەر خۆی هات و بەس خۆی شایەتی بوو و تەنیا خۆیشی ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە و خۆیەتی کە ئەرکی هەر هەمووی لە ئەستۆی وەرگرتووە.

شەو و ترس و تەنیایی لەگەڵ سروشت تەوانی ئەوەیان هەیە کە هەر بوونەوەرێک دروست بکەن و لە لای مرۆڤدا بە ڕاستی بنوێنن. بۆ نموونە کاتێک کە منداڵ بووم و لەگەڵ بەرگەل شوانیم دەکرد و لە تەنیایی ڕۆژانی بەهاردا لەسەر سەوزاییەکان لەگەڵ منداڵەکانی تر پاڵ دەکەوتین و سەیری ئاسمانمان دەکرد. هەورەکان دەهاتن و دەڕۆیشتن و ئێمە سەیرمان دەکرد. هەریەک لە ئێمە هەوری لە وێنەیەک دەبینی. دەستم بۆ ئاسمان ڕاکێشا و وتم: ئەو هەورە وەک مەڕە. ڕەفیقەکەم وتی: ئەو هەورەش وەک کەروێشکە. هەرتاوێک هەورێک دەهات و هەریەک لە ئێمە هەر هەورێکمان بە ناوێکەوە نزیک دەکرد.

لە ئاواییدا یەکێک لە کێشە گەورەکانی منداڵەکان ئاودەستە، منداڵەکان بە ئاسوودەیی لە ئاودەستەکان کاری خۆیان ناکەن و ترس و هەراسێک هەردەم دەیانگرێتەوە. ئاوەدستەکان لە شەو پڕ لە ترس و هەراسە و میز بە ئاسان بۆ ئێمە نەدەکرا، دەبوو کە کەسێک لەگەڵ خۆمان بەرین. جارێک وتم بە کچەکەی پوورم کە بمبات بۆ ئاودەست، ئەو گتێکی کرد و لە شوێنی خۆی هەڵسا و ڕووی لە مامم کرد و وتی: تۆش لەگەڵ من بێ، کاتێک کە ئەم دەچێت بۆ ئاودەست من بە تەنیا دەبم و دەترسێم!. مامم پێکەنی و وتی: هەی لەم ترسنۆکانە...!.

خاڵم لەو شەوەدا لە تاریکی و تەنیایی و لەخۆدامانەوەیەکی زۆر کوشندە و کاریگەر بووە. ئەو کاتانە کە مرۆڤ دەست و دەمی لە یارمەتی کورتە و هیچی پێ ناکرێت و لە خۆی دەمێنێتەوە، دەچێتە خۆیدا و بە دوای ئاسایش دەگەڕێت. سەرجەم چیرۆک و بەسەرهاتەکانی و ئەوەی کە لە ڕابردووی بیستوویە یەکدەگرێت، وە بە شێوەیەک کە خاڵم دەسڵاتی بەسەردا نیە، کار دەکەن بۆ ئەوەی کە دەروونی خاڵم بڕووخێنن، بۆ ئەوەی کە کاولی بکەن و تێکی بدەن. هۆی ئەوە کە من ناوی خوای مەزن لە سەروبەری نووسینەکانم دەبەم، ئەوەیە کە قسەکان و باسەکان تەوانی ئەوەی هەیە کە سەربەخۆ کاریگەری خۆی لەسەر مرۆڤ بنێت. بۆ نموونە کوڕێکم بینی کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو، تازە بە تازە وازی لە جگەرە هێنا بوو. کاتێک کە سەیری دەم و چاوی ئەو کوڕەم دەکرد، ترسێکی لەوە

هەبوو کە وازی لە جگەرە هێناوە. وتی: چووم بۆ لای دکتۆر و لە دکتۆرم پرسیار کرد کە ئەگەر کەسێک واز لە جگەرە بهێنێت، بۆی هەیە کە سەکتەی مێشک بکات!؟ دکتۆر بە منی وت: نە گوێ لەو قسانە مەگرە!.

ئەو کوڕە پێش ئەوەی کە پرسیار لە دکتۆرەکەی بکات، لە کابرایەکی بیستبوو کە ئەگەر کەسێک واز لە جگەرە بهێنێت، سەکتەی مێشک دەکات. سقەی بە قسەی دکتۆر کەم بوو، زوو زوو باسی قسەی کابرای تری دەکرد و دەیگێڕایەوە. جۆرێک باسی قسەکانی ئەو کابرایە دەکرد کە من هەست بەوە نەکەم کە چ دڵەڕاوکێیەکی لە دڵ و دەروونی هەیە!.

" یەکەم قسەکان و هەستەکان و هزرەکان کە مرۆڤ دەیبیسێت یان پێی دەدرێت، کاریگەری فرە و فراوانی هەیە."

مرۆڤەکان کە قسە دەکەن، دەبنە سەرچاوەی ترس بۆ دەستەیەک و دەبنە سەرچاوەی ئومێد بۆ دەستەیەکی تر. ئەو وردە و نەرمە قسانە کە خەڵک دەیکات و بەهای پێ نادات، گرفت و دەردی زۆر دروست دەکات. سادقی هیدایەت لە کتێبی (بوف کور) ئاماژە بە دەردەکانی خۆی دەکات و باسی ئەو دەردانە دەکات و دەڵێت کە دەستەیەک لە دەردەکان ئەگەر نووسەرێک لەسەری بنووسێت و باسی لێوە بکات، خەڵک وەک ڕووداوەکانی ڕۆژانە و ئاسایی ناوی لێ دەبەن و بە بزگەیەک دایدەپۆشن و دەیشارنەوە. گرفتی بنەڕەتی سادق ئەو وردە و نەرمە دەردانەیە کە ئەوی بە خۆیانەوە هیلاک کردووە.

جارێک دۆستێکم بە پەلە وتی پشتم بخورێنە. منیش بە دەستم لای چەپی ئەو کوڕەم خوراند و دەستم لابرد. وتی: تو خوا ئەو لاکەش. وتم: بۆ؟ وتی: دەی تو خوا!. هەستم کرد کە کێشەکەی چیە!؟. وتم: نە. وتی: تو خوا بەس هەر دەستت بۆ چرکەیەک. وتم: نە!. هاواری کرد و وتی: دەی بووە کرم!.

مرۆڤ ئەوەی بۆ پێش هاتووە کە دەست بە لایەکی دەدەیت، دەبێت دەست بەو لاکەشەوە بدات. یان سەیری سەرەوە دەکات، دەبێت کە سەیری خوارەوەش بکات. یان کاتێک پەنجەی دەدات لە کونێک، دەبێت کە پەنجەی ئەو دەستەکەشی لەو کونە بدات. سەیر ئەوە بوو کە لەو کوڕە پرسیارم کرد ئایا دەتوانیت بڵێت کە بۆ

دەیەویست ببێتە کرم!؟ وتی: نازانم کە ئەو هەستە چیە، لە دەروونمە، دەبێت کە بکرێت!.

دیارە کە مرۆڤ زۆرێک لەو جۆرە هەست و دەردانەی هەیە کە لە دەروونی مرۆڤ دەمێنێتەوە و مرۆڤ هەرگیز دانی پێنانێت و خۆی لێ دەشارێتەوە یان دەیشارێتەوە. وێنەی ئەم جۆرە قسانە وەک زێڕە لە لای ژن و دزدا. ژن زێڕ بە خۆیەوە هەڵدەواسێت بۆ ئەوەی کە جوانی خۆی دەربخات و پیشانی بدات. بەڵام دز زێڕ لە نهێنی دەهێڵێتەوە و لە نهێنیدا دەیفرۆشێت. مرۆڤەکان وێنەکان و باسەکان بە خۆیانەوە هەڵدەواسن و بە وێنەی خۆیان پێناسەی دەکەن، یان وەک دز، وێنەکان و بەسەرهاتەکان لە شاراوەیی دەهێڵنەوە و بە خواستی خۆیان لە بازاڕدا مامەڵەی پێوە دەکەن.

من بەسەرهاتێک و وێنەیەکی گرنگ لە ژیانی خۆمتان بۆ باس دەکەم و هیوادارم کە بە نەرمی و وردی لەگەڵ مندا هەنگاو هەڵبگرن:

هاوین بوو و من لە حوجرەوە گەڕابوومەوە بۆ ماڵی باوکم لە ئاوایی بۆ ئەوەی کە پشوویەک بدەم. ڕۆژێک لەگەڵ برا چکۆلەکەم چووین بۆ بۆیسان. بۆیسانەکەی ماڵی باپیرم بەروبوومی زۆری تێدا کێڵرابوو، وەک تەماتە و خەیار و باینجان و فلفل و کاڵەک و شووتی و گوڵەبەڕۆژە و... ئەو وەرزە خەیاری زۆریان کێڵابوو و کرێکاری زۆر لەسەر بۆیسانەکە خەریکی کار بوون. دەستەیەک کە هەرهەموویان ژنەکان بوون، خەیاریان دەچنیەوە. ئەو ژنانە بۆ کرێکاری و بژێوی ژیانیان کاریان دەکرد و چەند کەسێکی تر کە پیاوەکان بوون، لە نێو کەپرێک کە بۆ خەیار چنین دروست کرابوو، خەیارەکانیان دەکردە پلاستیک و دەیانچنیەوە و ئامادەیان دەکرد کە بیبەن بۆ شار. گەیشتمە سەر زەویەکە و بە لێوارەی جۆگەی ئاوی چاڵئاوەکە چووم بەرەو کەپرەکەوە. چوومە نێو کەپرەکەوە و چاک و چۆنیم کرد و لە نزیک بە کۆگای خەیارەکە دانیشتم، دەنگی منداڵێکم بیست. دەنگەکە منی بەرەو خۆیەوە ڕاکێشا. پیاوەکان خەریک بە قسە و باسەکانی خۆیان بوون. ئاگام لێ بوو کە سەروچاوم لەبەر گریانی منداڵەکە و گوێ نەدانی پیاوەکان ئەوەندەی تر گرژ بوو، لە جێگەی خۆم هەڵسام و بەرەو گریانی منداڵەکەوە چووم. لە پشتەوەی کەپرەکە لە سێبەرێک، گونیە و پەتوویەکی کۆن بۆ منداڵێک داخرابوو و منداڵەکە ئەوەندە گریا بوو، ڕوومەتی ڕەشی عارەق بوو و ئەوەندە پەنجەکانی لە دەم و چاوی دابوو و

زریکاندبووی، خۆڵ و تۆز و عارەقی وشکبوو دەیسووتاندەوە. سەیری بنی منداڵەکەم کرد، خۆی پیس کردبوو. بۆنی پیسی لێ دەهات. منداڵەکەم هەڵگرت، عارەق هەموو لەشی گرتبوو. بردمە ئەوبەری کەپرەکە و هاوارم کرد: ئەمە منداڵی کام لە ئێوەیە، ها !؟.

ژنێکی هەژاری کرێکار کە گیانی لە عارەق بوو و دەم و چاوی سووتابووەوە، سەری لەسەر گیای خەیارەکان هەڵگرت و وتی: باوانەکەم ئەوە منداڵی منە، دەستم گیرە، بە خوا کەس نەبوو کە ئاگای لێ بێت و ئاگاداری بێت، هێنام بۆ ئێرە.

تێگەیشتم کە ئەو ژنە بۆ کرێکاری هاتووە، ئەمزانی کە ئەو ژنە کە هێشتا منداڵەکەی دووساڵی تێپەڕنەکردووە، لەبەر کرێکاری هاتووە بۆ ئەوەی کە بژێوی ژیانی دابین بکات. زانیم کە هیچی پێ ناکریت و زانیم کە هیچ بە من ناکرێت و زانیم کە هیچ بە مامەکانم ناکرێت. منداڵەکم دانیا و کەپر و بۆیسانم بە جێهێشت، گریان دڵمی گرتبوو، دەمەویست هاوار بکەم و دەنگی هاوارەکەم لە زەوی بچێتە دەرەوە. هەتا لە کەپرەکە دوور کەوتمەوە، دەنگی گریانم وەک ڕشانەوە لە دەروونم هاتە دەرەوە. ژنەکان سەیری منیان دەکرد. گریام و گریام، هاوارم کرد، ئاخر خوایە ئەوە وێنەیە کە بە منی دەبەخشیت، هیچ وەڵامێک نەبوو، گریام و دەردێک بە دڵمدا چووا!.

چوومە سەر شێری ئاوی کانیەکە، ڕووم لە مزگەوتەکە بوو، ئاوی ساردم دا بە دەم وچاومدا و گریان منی بەرنەدەدا، ئاوی کانی و ئاوی چاوم تێکەڵی یەکدی بوون. سەیری مزگەوتەکەم کرد و ددانەکانم یەکدیان دەخواردەوە. هەستم دەکرد بیرەوەری و هۆشی خۆمم لە دەست داوە!!.

وێنە و بەسەرهاتی ئاوەها و تاڵتر لەوە بەسەر زۆر کەس هاتووە و بوونەتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ بە هاوکاری ئەو وێنانە زۆر هەست و هزر و کردەی لێ بکەوێتەوە. ئەو وێنانە کە لەسەر یەکدی کەڵەکە دەکەن یان بە کەسانێک دەوترێنەوە، لە لەش و هۆشی هەرکەسێک وەک یەک نیە. بەسەرهاتی خاڵم لەو تەنیاییە لەو شەوەدا پەیوەندیەکی نزیکی بە ئەم تەنیاییەوە هەیە کە من لەم بەندینخانە دەیکێشم. بۆیە وریا بن کە ئەگەر وانە بە قوتابیەک دەڵێن و دەتانەوێت کە ببێتە ناوێک، وشەی تێگەیشتن و پێگەیشتنی بۆ بەکار مەبەن. ئەوانەی کە ژیرن پاش ئەوەی کە باسێک بۆ قوتابیەک دەکەن، وشەی تێگەیشتن و پێگەیشتن بە کار

نابەن. لەبەر ئەوەی کە وشەکان و ناسینەکان وەک شووتی نیە کە لەسەر جادە لەسەر عەرەبانەیەک دابنرێت و دیار بێت و هەڵەڵای بۆ بکرێت. ئەگەر فرمێسکی چاو و چۆکی ئەژنۆ لە زەوی نەدات، وشەکان خۆیان ناکەنەوە. بۆیە ئاگاهتان دەکەم لەوە کە وشەکان و ڕستەکان وەک تیشکی خۆرە، دەوری گیراوە و دەنگ و جووڵەی زۆر دروست دەکات، وە مانا وەک مانگە، دەوری کراوە و بێ جووڵەیە. مرۆڤەکان ئەوەندە بە ڕستەکانەوە خەریکن، ئەوەندە لە ماناکانەوە دوورن.

زۆرێک لە باسەکان و چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان و وتەکان و ڕستەکان دزراوە یان هەڵگیراوە و خوێنەر لە جیاتی ئەوەی کە بە دوای نیشانەی ڕاست بگەڕێت بۆ ئەوەی کە بزانێت و بناسێت، دەم و دەستی بە خاڵ و نیشانەی هەڵەکەرەوە دەگرێت. کەسانێک لە بازاڕی ڕەشی وشەکان و ڕستەکان کار دەکەن وە ئەدەبی خۆیان لەو بازاڕەوە داڕشتووە و خەڵک و خوێنەران وا دەزانن کە ئەوانە لە گۆشەیەک لە ژیر و بیرەوە دایانڕشتووە.

باسی زێڕ لە ملی ژن و دەستی دزدا چەند باس و بابەتی گرنگی تێدایە کە خوێنەر دەبێت لێی ئاگادار بێت و وێنەکان و ڕستەکان بە خۆیانەوە خەریکی نەکەن و وەک زێراب و سەیلاب لەگەڵ خۆیاندا نەیبەن و کوێری نەکەنەوە. لە خوێندنەوەدا زۆر ناوی خوا بهێنن و هەرگیز لە خۆتانەوە دەم و دەستتان بە ڕستەکانەوە خەریک مەکەن و ترس و هەراستان لەوە هەبێت کە وشەیەک و ناوێک کە چاوەڕوانتان نەکردووە، لە ناکاوە بچێتە ناو چاوتان و ئاگر لە دڵ و دەروون و بوونتان بەر بدات یان کێشە و گرفت و نیگەرانیتان بۆ دروست بکات. سولەیمانی پەیامهینەر کە نامەیەک بۆ بلقیسی پاشا دەنێرێت، ئاوەها دەنووسێت: ئەمە لە لایەن سولەیمانە، ئەمە بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبانە. لوتبەرز مەبن و موسوڵمان وەرن بۆ لای من.

سولەیمان ژیر و زانا بوو، بە ناوی خوای مەزن دەستی پێ کرد. ئەوەی کە بە ناوی خوای مەزن دەستی پێ بکرێت، خێر و خۆشی دەبێت. ژن بۆ ناوی خوا زێر لە ملی ناکات و دز بۆ ناوی خوا زێڕ نادزێت! بۆیە گەر دەتانەوێت نیشان بدەن کە نەدزراوە، جار بە جار دەریبخەن، جۆرێک دەریبخەن کە چاو بۆ خۆی بەرێت!

# شێخ و ژن

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

لە کوردستان و لە نێو خەڵکدا هەردەم کەسانێک وەک جادووگەر و ساحیر دەور و کاراییان هەبووە. ئەو کەسانە هەردەم لە شاراوەیی و نەبووندا خۆیان حەشارداوە و کەس پێیان نازانێت جگە لە ژنەکان نەبێت. لە دەوروبەری هەریەک لە ئێمە باس و ناوی ئەو جۆرە کەسانە وتراوە. بەڵام کەم لە ئێمە سەروسرنجی خۆمان بۆ ئەو قسانە شل کردووە. ساحیرەکان ئەو کەسانەن کە دەستە کارێک دەکەن کە لە نێو کۆمەڵگە و خەڵک خۆشنەویستراوە، ئەوانیش هەردەم خۆیان لە شاراوەیی دەهێڵنەوە. کەسانی کەم کەیفیان بەوە دێت کە لە جادووگەرەکان نزیک ببنەوە، لەبەر ئەوەی کە ژیان و کاری ئەوانە کۆیەک ترس و هەراس دروست دەکات.

ژنەکان و پیرەژنەکان زۆرترینی ئەو دەستە لە مرۆڤانەن کە سەردانی جادووگەرەکان دەکەن و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خواستەکان و مەرامەکانیان پەنا بەو کەسانە دەبەن. من چیرۆکی ژنانێک دەزانم کە بۆ بە جێ گەیاندنی خواستەکانی خۆیان بە شاراوەیی پەنایان بۆ جادووگەرەکان بردووە. ئەو ژنانە هەردەم ئەو کارانەی خۆیان دەشارنەوە و لە شاراوەیی دەیهێڵنەوە. بۆ ئەوەی کە کەس ئاگای لێ نەبێت و کەسیش باوەڕی پێ نەکات.

بە پێچەوانەوە لە کوردستان هەردەم کەسانێک بوونیان هەیە کە وەک شێخ دەور و کاراییان هەیە. شێخەکان بە پێچەوانەی جادووگەرەکان ناویان ناسراوە و خەڵک وەک گەورە و ناسراو دەیانناسنەوە. شێخەکان کاریگەری و دەوری زۆریان لە کۆمەڵگەی کوردی هەبووە. دۆستی پیاوە کوێخاکان بوون و گەورەی دەروێشەکان و پزیشک و شیفا بۆ ژنەکان و نەخۆشەکان بوون.

ژنەکان و شێخەکان جۆرە پەیوەندی و سام و تام و چامێکیان لە نێوان هەیە. زۆربەی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی شێخەکان دەکەن ژنەکانن. ژن کە شێخ دەبینێت، ڕوومەتی شێوە و هەست و بارێکی تری تێدەکەوێت. شێخ و ژن چەند تایبەتمەندی دژی یەک و هاوشێوەی یەکیان هەیە:

## تەنیایی

هەرکەس بۆ ئەوەی کە ببێتە شێخ، دەبێت کە ماوەیەک و چەند دەورەی سەختی تەنیایی و لە خۆدا بوون و یاد و زکری خوای گەورە بگوزەرێنێت. تەنیایی و خەڵوەتی کەسێک، بارێکی قورسە. ئەو کەسە کاتێک کە لە شەودا تەنیایە و بێ قسەیە، لە دەروونی هەست و قسە و باسی زۆر دێت و دەچێت. ئەو کەسە دەبێت کە بەسەر ئەو هەست و قسانە زاڵ بێت. بۆ نموونە کەسێک لە تەمدا دەچێت و دەترسێت کە لە ناکاوە شتێک یان ئاژەڵێک پەلاماری بدات، بە ترس دەچێت و سەیری دەورەبەری خۆی دەکات. هەردەم پێیوایە کە شتێک بۆی دێت. هەست دەکات شتێک بە خێرایی بۆی دێت، خۆیشی بە ئەسپایی دەچێت. هەروەها شێخ لە تەمێک بە تەنیایی و ئەسپایی دەچێت. ئەو تەنیاییە قورسە و کەم کەس دەتوانێت خۆی لێبدات، مەگەر دەستەیەکی تایبەت لە ناوەکان و پیاوە گەورەکان نەبێت.

زۆربەی ژنەکان و دەستەیەکی زۆر لە پیاوەکان ناتوانن کە خۆیان لەو تەنیاییە بدەن و تێیدا گوزەر بکەن. ژن کە سەیری ڕوومەتی شێخ دەکات، ئەوەی تێدا ئەبینرێت کە دەیەوێت سەیری ڕوومەتی مرۆڤێک بکات کە توانیوە بە سەرکەوتن لە تەنیایی دەربێت!.

لە ئەدەبی کوردی کاتێک کە دەیانەوێت باسی کەسێک بکەن کە لە خەڵوەتدایە، ئێژن خەڵوەت ئەکێشێت، وەک ژنێک کە جل لە ئاو دەکێشێت، جلێکی باش لە ئاو شۆردووە و دەیەوێت کە دەریبهێنێت. یان برنج لە ئاو ئەکێشن، مەبەست پاک کردن و نەرم کردنی دانەکانە. کێشان مەبەست ئەوەیە کە بار و گوشارێکی سەخت و قورس دەگوزەرێنێت.

## ڕوومەت

کاری سەرەکی کێشانی خەڵوەت ئەوەیە کە ڕوومەتی مرۆڤ لە سووڕان و گەردشی زۆر ڕاوەستێت. خوای گەورە بۆ پەیامهێنەری ئیسلام دیاری دەکات کە شەوان نوێژ و عیبادەت بکات، ئەوە بۆ ئەوەیە کە ڕوومەت وەک ئەستێرە ڕووناک و ڕاوەستاو بێت. لە ڕادە بۆ ژن سەختە کە بتوانێت ڕوومەتی لە شوێنێک بکات و ڕاوەستێت و خەڵوەت بکێشێت. لە ئەدەبی ناو خەڵکی کوردی ئێژن ژن و تەشی، ژن و غەیبەت،

ژن و کانی، ژن و خاوەن، بەستنەوەی ژنە بە شتانێک کە پێناسەی ژن دەکات یان ژن دەبەستێتەوە.

شێخ کە لە خەڵوەتە، دەبێت کە دەم و قسەی خۆی بپارێزێت. دەبێت هەردەم بە وردی و نەرمی و ئەسپایی و بە بێ ئەوەی کە خێرا سەروملی بسوورێنێت، قسە بکات. وشە و قسەکانی شێخ زۆر قورس و گرانە، بە ئاسانی لە سینگ و دەمی نایەتە دەرەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ژنەکان بۆیان سەختە کە بتوانن لەو خەڵوەتە کە دەم و قسە ئەبەسترێت، گوزەر بکەن. بۆ ژن سەختە کە سەروملی وەک شێخ کەم جووڵە و نتم بێت.

## خۆشی و نەخۆشی

خۆشی و ناخۆشی ژنەکان بە جلەکانیان بە دەردەکەوێت، بەڵام بۆ شێخ وا نیە، زۆر بە سەختی باری دەرد و ناڵەی شێخ دەگاتە دەرەوە. کاتێک کە شێخ لە خەڵوەت گوزەری کردووە و توانیوە پێناسەی خۆی بکات و بێتە ناو خەڵکەوە، نیشانەی ئەوەیە کە نەخۆشی و دەردی لەش لە شێخ دوورە. شێخەکان خۆیان تەوانی ئەوەیان هەیە کە وەک سەبەب یارمەتی خەڵک بدەن کە شیفا بسەنن. بە پێچەوانەوە، ژنەکان لەش و دەروونیان هەردەم هەڕەشەی نەخۆشی و دەرد و برینی لەسەرە. ژنەکان بە هۆی فیزیۆلۆژی لەشیان، زۆرتر و زووتر تووشی نەخۆشی دەبن. نەخۆشیەکانی لەش و دەروونی ژن پەیوەند بە ڕەحمی ژنەوە هەیە. ژن نەخۆشیەکانی سەرچاوەیەکی دەروونی هەیە، ئەو سەرچاوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەحم و نەفرەتێک کە لە دەروونی ژن هەیە.

شێخ هەردەم شنە بایەکی یەکسان و ئارام و لەسەرخۆ لەسەر سینگ و دەروونی هەیە. بەڵام سینگی ژن بە پێچەوانەوە کاتێک کە هەناسەیەک دەباتە ناوەوە هەستێکی هەیە و کاتێک کە دەریدەکات هەستێکی تری هەیە. زوو و زۆر هەست و هەناسەکانی بەرزی و نزمی و بان و خوار دەکات.

## ابلیس و تلبیس

پیاوێک باسی ناسینی ژنێکی بۆ من کرد، وتی: ژنێکی کوردم ناسی، بێوەژن بوو، یەکەمجار کاتێک کە باسی خۆی کرد، کۆیەک قسەی کرد و منیش لە لای خۆم

ڕامگرت تا ئەو ڕۆژەی کە ڕاستیەکانم بۆ دەرکەوت. ئەو ژنە وتی من لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە دەستدرێژیم پێ کراوە و پەردەی کچێنیم لابراوە، بەعس سیخیان بە بن مەمکمدا کردووە، پارەیەکی زۆرم هەبووە و لێمیان دزیوە، بە ناحەق تانە و تەشەری نامووس و شەرەفیان لە منداوە، دکتۆرام هەیە، براکەم کۆمپانیای گەورەی هەیە...

پیاوەکە بەردەوام بوو: پاش ئەوەی کە بۆ ماوەیەک هات و چۆی ئەو ژنەم کرد، هەستم بەوە کرد کە زۆربەی قسەکانی درۆ و دەلەسەیە. زانیم کە یەک قسەی بە ڕاست بە دەمیدا نەهاتووە. ئەو ژنە لە یەکەم دیدار ئاوەها ئەو کۆمەڵە درۆیە بۆ من کرد و من لە درێژی چەند ساڵ زانیم کە ئەو قسانە ڕاست نەبووە کە ئەو وتوویە!.

ئەو ژنە کە تووشی ئەو پیاوە بووە، هەردەم سەری درۆ بە درۆ دەبەستێت و قسەکانی یەک بە دوای یەک ناڕاست و هەڵیت و پڵیتە. هەتا بۆی بکرێت هەر درۆ دەکات، بە شێوەیەک کە چێژ لە درۆ و پۆشاندنی ڕاستیەکان وەردەگرێت.

ژنەکان لەشی خۆیان باش ناپۆشێنن و پێیان خۆشە کە ناڕاستیەکانی لەشیان دەربخەن، بەڵام ڕاستیەکانی ژیان و دەروونی خۆیان بە جوانی دەپۆشێنن. ڕاست بە درۆ و درۆ بە ڕاست و درۆ بە درۆ و ئیتر ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن، هیلاکەتی دروست دەکەن. لە شەرعی ئیسلامدا شایەتی دوو ژن وەک شایەتی یەک پیاوە. نیشانەی ناسینی دەروونی ژنە!.

گەورەترین و گرنگترین جۆرەکانی فرت و فێڵ و مەکر و لێدان و گومڕاهی کە لە زەوی دروست دەبێت، ئەو جۆرەی پۆشانەوەی ڕاستیە کە ژنەکان زۆری پێ دڵخۆشن، کە مەبەستم (تلبیس) ە. دیارە کە ئەو جۆرە گومڕاهیە لە لایەن ئیبلیسەوە دامەزراوە و دەیەوێت کە ژنەکان بەو ڕێیەدا بەردەام و چالاک بن. شێخەکان بە پێچەوانەی ژنەکان و ئیبلیس بۆ تەلبیس و پۆشاندن، هەردەم دەیانەوێت کە ڕوومەت و ڕاستی بنوێنن و بە کراوەیی و ئاشکرا قسەی خۆیان بکەن و ڕاستیەکان وەک ڕوومەتی کراوەی خۆیان دەربخەن. شێخەکان لە گەورەترین دوژمنەکانی ئیبلیس دەناسرێن، لەبەر ئەوەی کە سەربازەکانی ئیبلیس کە جنۆکەکانن، لە بەردەست و بن دەستی شێخەکان هیلاک دەبن و دەکوژرێن.

کاتێک کە ژن دەچێت بۆ لای شێخ، خۆی شل دەکات و خۆی دەخات و سەرجەم باس و نهێنیەکانی دەروونی دەردەبڕێت. لەبەر ئەوەی کە ئەزانێت ئەگەر بۆ شێخ باسی نەکات، ئەوە شێخ خۆی هەستی پێ دەخات و ئەیخوێنێتەوە. شێخەکان هێز و دەسڵاتێکی زۆریان بەسەر ژنەکانەوە هەیە.

تەلبیس و هەردەم پۆشانی ڕاستیەکان بە درۆ، تایبەت بە ژن نیە، بەڵکو فرت و فێڵێکی شەیتانە کە زۆربەی مرۆڤەکان کەڵکی لێوەردەگرن و بەوە خۆیان ڕاست دەکەنەوە. من هەردەم و بەردەوام بە ناوی خوای مەزن پێم دروست و ڕاست بووە کە دەروونی خۆم لە تەلبیس و پۆشاندن و هەردەم پۆشینی ڕاستیەکان دوور بکەم و بەردەوام ئەوەی کە لە دەروونم هەیە بە ڕێکی و بە بێ هیچ پۆشینێک دەریببڕم. نەفرەتم لەوانەیە کە تەلبیس دەکەن و ڕاست و درۆ تێکەڵ دەکەن و هەردەم درۆ بە درۆ دەپێچنەوە.

ژن یان مێخەک و دۆعا و نوشتە بە خۆی هەڵدەواسێت، یان خۆی بە کەسێکەوە هەڵدەواسێت، یان شیری مانگا و مێ دەدۆشێت، یان شیری خۆی دەدات بە منداڵ، یان خەریکی تەنووری قوڕی و ماڵ و منداڵە و شەرواڵی پیاو لەپێ دەکات یان خەریکی تەنووری ناوگەڵیە و دەبێتە لەشفرۆش، یان جلی ڕەنگین لەبەر دەکات یان جلەکانی شین و مۆن و مۆر دەکات، یان دەبێتە دەروێشی شێخ یان دەچێت بۆ لای جادووگەر، ژن یان لەگەڵ ژنێکی ترە یان خەریکی تەشی ڕێسانە، یان خۆشە و هەڵدەپەڕێت و خۆی با دەدات یان نەخۆشە و خوێنی لێ دەچێت.... ئەمەیە ژن!.

لە ڕاستیدا کاری من کوێر کردنی پێگە و ناوی ژن نیە، بەڵکو دەمەوێت باسی پێگە و دەوری پاک و خاوێنی شێخ بکەم. مەبەستم ئەو شێخانە نیە کە خەریکی دەف و دایرەن، بەڵکو ئەو مرۆڤانەی کە هەردەم بە دوای ڕاست کردن و پاک کردن و خاوێن کردنی دەروونیانن و هەردەم تەلبیس و ئیبلیس و دۆر و پۆشینەوە دەسڕنەوە. ئەدەبی کوردی و نەوەکانی کوردی پێویستیان بە دەستە مرۆڤێکە کە وەک شێخ بە دوای ڕاستی و پاک کردن و خاوێن کردنی خاک و خوێن و وشەکان بڕۆن. ئەو ئەدەبی کە لە کوردستان بە ناوی ئەدەبی ڕۆژئاوایی گەشە دەسەنێت، ئەدەبی پێگەی ژن بۆ داپۆشین و تەلبیس خۆش دەکات و نەوەکان ئیتر چ ئیماندار و بێ ئیمان لەو تەلبیس و پۆشاندنەوە دەکەون. ئەمە مەترسی بۆ دوارۆژی نەوەکان و وشەکان و خاک و خوێنی کورد دروست دەکات. من بەس بە بیرتان دێنمەوە. خوای

مەزن دەفەرمێت: لە ملک السماوات و الارض و الی اللە ترجع الامور(الحدید٥) لەهەر پێگە و دەورێک بین، گەڕانەوەی هەمووومان چ شێخ و چ ژن بۆ لای خوای مەزنە!.

عەباس موحەممەدی

مانگی سپتەمبری ساڵی ٢٠١١

بەندینخانەی تینسلی هاوس لە لەندەن